RAMAN

167


مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ نیسانی ٢٠١١



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **سەروتار**

- بەرەو بە پیشەیی کردنی چاپی کتێبەکانمان/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- سێوێک بۆ هەڵدان.. دەستێک بۆ گرتنەوە/ موحسین ئاوارە/ 6
- لە تووتی تووتیتر و سی و نۆ تاکدێڕی تر/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 8
- هەیڤ/ ئەحمەد قەرەنی/ 10
- پیاسە و پیاسە تا حەوتەم چینی وڕێنە/ حەمە عەباس/ 11
- شیعری دەسپێک/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 13
- تاپۆیەک لە تاریکیدا/ سەعید سلێمانی/ 14
- ئاوات/ کامەران حامیدیان/ 19
- جار لەگەڵ جار چووکەتر دەبێتەوە/ ناسر فەتحی/ 22
- کەمبەرۆک/ لۆرین س. دۆغان/ 25
- دوو منداڵە جمکەکە/ لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ 27
- جارێکی تریش کالیگولا/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 34

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەرو ڕەخنەگر (حەمەساڵح سووزەنی)/ ئا: غەمگین بۆڵی/ 38
- دیمانەیەک لەگەڵ شاعیری نوێخوازی فارس (ئەحمەد شاملوو)/ لە فارسییەوە: ک. ج. هەڵوەدا/ 49

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- دەقە کوردییەکانی ئالبێرت فۆن لوکۆک/ د. ئامر طاهر/ 57
- میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا/ ڕێبین خەلیل قادر/ 64
- ڕووداو لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا/ ئاری عوسمان خەیات/ 71
- سیمۆن دوبۆڤوار لە ئاوێنەی ڕۆمانەکانیدا/ لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی/ 84

● **هزر و فەلسەفە**

- دێڤید هیوم.. فەلسەفەی ئەگەری ڕێبازی هۆیەکی/ د. حەمید عەزیز/ 91

● **ڕۆژنامەنووسی**

- سەرچاوەی چیرۆکەهەواڵە باشەکان/ لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری/ 103

● **زمانناسی**

- پێوەندییە واتاییەکان/ کارزان هەمەوەند/ 112

● **مێژوو**

- گۆڕدەخمەکانی میدیا و زەردەشتیان و../ عەباس سلێمان سمایل/ 121

● **وتار**

- گەشتێک بەنێو گوڵجاڕی هەژاردا/ سەلاح نیساری/ 127
- بێلا ئەخمەدوڵینا/ لە ڕووسییەوە: د. حوسێن حەبەش/ 130
- لیڤ تۆلستۆی، نووسەر و بیرمەند و مرۆڤ/ لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر سەعید/ 133

● **هونەر**

- وێنەی ئەمریکا لە خولی سی و چوارەمی فیستیڤاڵی قاهیرە/ موحسین محەمەد/ 136
- هۆرامان لە گۆرانی هۆرامیدا/ نەبەز هۆرامی/ 141

● **خوێندنەوەی کتێب**

- شیعر «پۆیەتیکا»/ هاشم سەڕاج/ 147
- بەدواداچوونێک بۆ کتێبی ئاسۆیەکی تری زمانەوانی/ تاریق ساڵح/ 150

● **نرخاندن**

- شازدە ساڵ ڕامان لە (ڕامان)/ جەلیل عەباسی/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- گەڕانەوە بۆ کورتە چیرۆک/ کاکەمەم بۆتانی/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# بەرەو بە پیشەیی کردنی چاپی کتێبەکانمان

**سەرنووسەر**

*مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە کە لە سەرەتای سەدەی دووەمی پێش زایینیدا، نووسین لەسەر پێستەی ئاژەڵان دەستی پێکردووە و بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستاودەستی پێکراوەو بڵاو بووەتەوە. هەر بەم شێوەیەش بەردەوام بووە تا سەردەمی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئیسلام و دەست بەسەرداگرتنی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکانی جیهان و حوکمڕانی کردنی (تورکمانستان) و (سەمەرقەند) لە ساڵی ٧١٢ی زایینیدا، کە لەو کاتەدا کارگەیەکی دروستکردنی کاغەز لەو ناوچەیەدا هەبووەو لەسەر دەستی چینییەکان دروستکراوە، هەر لەوێشەوە پیشەسازی کاغەز دروست کردن گەیشتووەتە شاری بەغداو پاشان لەوێوە پیشەسازییەکە گەیشتووەتە ئەوروپا. لەپاش پیشەسازی دروستکردنی کاغەز، داهێنانی ئامێری چاپیش بە شێوەی پیتی جووڵاو، لەلایەن زانای ئەڵمانی (گوتنبێرگ) لەناوەڕاستی سەدەی پازدەوە بۆ خۆی وەرچەرخانێک بوو، ئیدی لە ئەڵمانیاوە پیشەسازی چاپکردن بە هەموو ئەوروپاو جیهاندا بڵاوبووەوە. سەرەتای دۆزینەوەی چاپ، یان شێوەی چاپکردنی کتێب دوو ڕووداوی گەورە بوون، ئەوە بوو ئامێرەکان پێشکەوتن و گۆڕانکارییان بەسەردا هات، بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا کە ئامێری چاپی میکانیکی و ڕەنگاوڕەنگ داهات. پاشان چاپکردن کاریگەریی گەورەی لەسەر پێشکەوتنی نووسین و زۆربوونی بەرهەمهێنانی چاپکراوەکاندا هەبوو، کە ئەوەش لەلای خۆیەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە گەشەکردنی جۆر و شێوەی چاپ و پیشەسازی کتێبدا گێڕاو بووە هۆی زیادبوونی جۆرەکانی لە سەراپای جیهاندا.

*ئیتر لەوساوە پیشەسازی چاپکردن بووە هۆیەکی گرنگ لەو دەرەتان و هۆیانەی دەستخستنی کتێبی ئاسان و زۆر کرد، بۆ ئەوەی بە ژمارەو تیراژی زۆر و کوالیتی بەرز و جوان بگاتە دەستی خوێنەرانییەوە، بۆیە لەمڕۆکەدا بە پیشەیی کردنی چاپی کتێبە چاپکراوەکانمان و دەرهێنانیان بە شێوەیەکی هونەریی پڕۆفیشناڵ، یان دەرهێنانی چاپی کتێبی کوردی لە چەقین و شێوەی تەقلیدیی باو، وا دەخوازێ دەرهێنانی هونەری و پرۆسەی جوداکردنەوەی ڕەنگەکان (فرز الألوان) و بایەخدانی تەواو بەهونەری دیزاین و نەخشەسازیی، زۆر بەهەند وەربگرین، بەڵام لە تەکیدا هەوڵ بدرێت خۆ لە قوتابخانەی دیزایینی عەرەبی و فارسی دوور بخەینەوە و بۆ ڕەنگڕشتنی سیما و ڕەنگ و ڕووی دیزاینێکی تایبەتمەند بە خۆمان هەبێت و هەوڵ بدەین لە پاڵ ئەوەشەوە وەک هەموو گەلانی دنیا خەتێکی تایبەت بە کورد هەبێت، چونکە لە پاش زۆربوونی چاپخانەکان لە کوردستان و لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و وەرگێڕ و دانەرەکان و ژمارەی تێزەکانی ماستەر و دکتۆرانامەکان، دەکرێ لە ئێستا بەولاوە بیرێک لە چاکتر و جوانترکردنی چاپی کتێبەکانمان بکەینەوە و بۆ لەمەولا چاپی کتێب لە ڕووی هونەرییەوە لە هەڕەمەیی بوون دەربکرێت و لەباتی چاپکردنی کتێب بە کوالیتی خراپ، بەرەو چاپکردنی جۆرەکی و جێگەی سەرنج ببەین و لە ئاستی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاری و تەکنۆلۆژیایەی سەردەمەکەدا بێت کە پێویستە بیبێت، بۆ ئەو

مەبەستەش پێش هەموو شتێک دەبێ چاپخانەی مۆدێل بەرز، بە تەکنیک و مواسەفاتی سەردەم و دوور لە فرۆفێڵ و گزی و فزی بهێنرێنە کوردستان و دایانمەزرێنین، هەروەها هەوڵ بدرێ کرێکار و تەکنیکارانی چاپخانە شان بەشانی ئەوانەی هەن زۆرتر بکرێن، ئەو کرێکارانەش بە تەواوی مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابێت و خولی جۆراجۆریان سەبارەت بە هەموو بوارەکانی چاپخانە دیتبێ، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوە، یان لەناوەوە خولی مەشق و ڕاهێنان دەبینن، پێویستە پیشەکە بە تەنیا بۆ خۆیان قۆرخ نەکەن و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە کەسانی دیکە فێر بکەن.

* دەزگایەکانی چاپکردنی کتێبی کوردییش پێویستە لەنێوان خۆیاندا کێبەرکێ بکەن و بۆ چاپی باشترین کتێب خەڵات دابنرێت کە لە ڕووی چاپ کردن و دیزاین و ناوەرۆکەوە، یان لە هەموو ڕووەکانەوە باشترین کتێبی ساڵ دەردەچێت، لەوەشدا دەبێت پشت بە لیژنەیەکی کارامە و لێهاتوو ببەسترێت، تا لە کاری میزاجیانە قورتارمان ببێ و کەس لەخۆڕا قوت نەکرێتەوە، بەمەش نووسەران تووشی دڕدۆنگی و زویربوون بکرێن. لەو ڕووەوە دەبێ خەڵات بدرێتە ئەو نووسەرەی شایانی خەڵاتەکەیە و کارێکی گرنگی کردووە، هەروەها بدرێتە ئەو دەزگایەی لە ڕووی چاپ و جوانیی دیزاینەوە، کتێبەکەی بە شێوازێکی هونەریانە دەرهێناوە، ئەو کتێبانەش بەسەر بکرێنەوە کە ژمارەی پێوانەیی دەشکێنن و فرۆتەنییان زۆرە و بەرهەمێنن، بەڵام لەو قسەیەماندا مەبەست کتێبی فاڵ و قاوە گرتنەوە و کەلووەکان و لێکدانەوەی خەونەکان نییە، مەبەستمان لەو کتێبانەیە کە خزمەتی بەرچاویان بە تاکی کورد و کۆمەڵی کوردەواری و کتێبخانە و خوێنەرانی کورد کردووە و کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە. هەر بەهۆی سازدانی پێشانگایەکانیشەوە، یان بەهۆی دروستبوونی کێبەرکێی نێوان ئەو داوودەزگا کولتوورییانەی بەهۆی چاپی کتێبەکانیانەوە دەبنە مایەی جوانتر و بەهێزترکردنی (جۆر)ی کتێبە چاپکراوەکانمان، نەک زۆر کردنی ژمارەی چاپکراوی (بۆر) و بێ کەڵک و هەر بۆ ڕایی کردن و ڕازی کردنی دڵی نووسەرەکان و ڕاکێشانیان بۆ لای خۆیان ئەو کارە بکەن.

* بۆ لەمەولا دەبێ بایەخێکی گەورە و فراوانتر بە ڕۆژی جیهانیی کتێب بدرێت و ئەو ڕۆژە بکرێتە بۆنەیەک بۆ وەستان و بەخۆداچوونەوە و هەوڵ بدرێت لەو ڕۆژەدا هەموو ئەو داوودەزگا و سەنتەرانەی بایەخ بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دەدەن، کتێبە چاپکراوەکانیان بەنرخێکی گونجاو بخەنە بەردەستی خوێنەرانەوە و بیگەیەننە دوورترین شوێنی ئەو کوردستانەوە و بەردەوامی بە کردنەوەی پیشانگایەکانی کتێب بدرێت. دەکرێ هەر لە دامێن و پەراوێزی ئەو پیشانگای کتێبانەشەوە بانگهێشتی نووسەران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان بکرێن تا لە هۆڵی ئەو پیشانگایانەدا موحازەرە بڵێنەوە و سەبارەت بە کتێبە چاپکراوەکانیان، یان کتێبە لە چاپدراوە نوێیەکەیان قسە بکەن و هەر لەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەران تەماس بگرن و تێکەڵیان بن و ڕوو بە ڕوو ببنەوە و کتێبی نوێی خۆیان بۆ خوێنەران ئیمزا بکەن و پێوەندیی گەرموگوڕیان لەگەڵدا دابمەزرێنن. هەر لەو پێشانگا جۆراوجۆرانەشدا کە دەکرێ ژمارەیان زۆر بکرێت، دەبێ کێبەرکێی نێوان ئەو داوودەزگایانەی چاپ کردن بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە و دیزاین کتێبەکانیان بخەنە بەردەستی خوێنەرانی کوردەوە. دەتوانین هەر لەو پێشانگایانەدا کە بۆ چاپکراوی کوردی تەرخان کراون نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و داهێنەرانی گەورەی وڵاتانی دەرودراوسێ و دنیایان بۆ بانگهێشت بکەین و ئەوانیش باسی ئەزموونی خۆیان بکەن و ڕووبەڕوو لەگەڵ خوێنەرەکانیان بکەونە گفتوگۆ و یەکدی بناسن.

* بە پێویستی دەزانم لە هۆیەلەکانی ڕاگەیاندندا هەر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بگرە، تا دەگاتە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان، تەنانەت بەباشی دەزانم سەرەتا بڵاوکراوەیەکی وەرزانە بۆ کتێبی تازە چاپکراو تەرخان بکرێت، تا بە تێروتەسەلی لەو کتێبانە بدوێین کە لەو ماوەیەدا دەرچوون و تێیدا باسی ناوەرۆک و ناواخنی ئەو کتێبانە بکرێن، هەروەها ڕیکلام بۆ کتێب و نامیلکە و سیپارەکان بکرێن و بەردەوام ئەو چاپەمەنییانە بەسەر بکرێنەوە و بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە و سەرنج و تێبینی لە بارەیانەوە بنووسرێن. هەر لێرەوە دەڵێم پێویستە بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی لە سەرەتای سەرەتاوە تا نهۆ، بە وردی لە چەند بەرگێکدا لە چاپ بدرێن و هەر ئەوانەش بخرێنە سەر سایتی ئینتەرنێتەوە، پاشان ساڵانە بیبلیۆگرافیا بۆ کتێبی کوردیی چاپکراو سازبکرێت، تا نووسەران و باسکاران و وەرگێڕەکان ئاگایان لەپێش خۆیان و لەیەکتر بێ و بزانن چی کراوە و چیتر ماوە بکرێت. پێم وایە ئەو کارە ڕۆڵێکی گەورەی لە پڕکردنەوەی کەلێنوکەلەبەرەکانی کتێبخانەی کوردی و ناساندن و هەڵسەنگاندن و سەرنجڕاکێشانی خوێنەراندا دەبێ بۆ لای ئەو کتێبانەی کە بۆ خوێندنەوە دەشێن و گرنگن، یان شایانی بایەخ پێدان و خوێندنەوەن و خوێنەر دەتوانێ لە ڕێگای ئەو ڕیکلام و نمایش کردنە تێروتەسەلانەوە، بچێت بەدوای ئەو کتێبانەدا بگەڕێ کە لە بارەیانەوە نووسراوە و بەلایەوە مەبەستە، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە لەلایەن نووسەری بایەخدار و خاوەن خوێنەر گرنگییان پێ دراوە و باسوخواسیان لە بارەوە دامەزراندووە، بە تایبەتی لەلایەن نووسەری خاوەن بیروڕا و خاوەن سەنگ و قورسایی، چونکە

ئەو نووسەرە باسی هەر کتێبێک بکات، ئەوە زیاتر دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەران و پتر بۆ لای کتێبەکە ڕایاندەکێشێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەموو داوودەزگایەکانی چاپ و پەخشی کتێب، ڕەخنەگر و نووسەر و داهێنەری گەورەی خۆیان هەیە کە لە بارەی کتێبە چاپکراوەکانیانەوە دەنووسن و دەتوانین بڵێین زۆربەی جار هەڵکشانی فرۆشی ئەو کتێبانەیان لەلایەن ئەو ڕەخنەگرانەیانەوە دەستنیشان دەکرێن، تەنانەت لە ناساندنی ناو و بەهرەی نوێشدا ڕۆڵی خۆیان هەیە. ئەو دەزگایانەش لەبەر ناو و ناوبانگی خۆیان هەموو جۆرە کتێبێک چاپ ناکەن، بۆیە گرنگی و پێگەو پلە و پایەی نووسەرەکان، بەهۆی ناوبانگ و پێگەی ئەو جۆرە دەزگایانەوە پێوانە دەکرێت و دەناسرێ.


* دابینکردن و هێنانی چاپخانەی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە ئاست و تەکنیکی چاپەکەیان بەرز بێ، بۆ خۆی پێویستە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، مەرجیش نییە هێنانی چاپخانەی پێشکەوتوو تەنیا ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بگرە ئەوە ئەرکی بازرگانەکانی کوردیشە کە بیر لە هێنانی چاپخانەی گەورە و پێشکەوتوو بکەنەوەو لەو کارەدا بەشدار بن، بۆ ئەوەی پایتەختی هەرێم و شارەکانی دیکەی کوردستان باشترین و گرنگترین چاپخانەیان تێدا بن کە لە ئاستی چاپخانەکانی وڵاتانی دەوروبەر کەمتر نەبن، تا کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمانی پێ لەچاپ بدەین. پێم وایە کەرتی تایبەت بە هێنانی چاپخانەی گەورە و چوونە ناو بازاڕی کێبەرکێکەوە، وەک هەر کارو پرۆژە و پیشە و جۆرێکی دیکەی کار و بازرگانی کردن، ئەو هەنگاوەیان لە قازانج کردن بەدەر نابێت، ئەوە بێجگە لەوەی کارێکی گرنگی مێژوویش دەکەن کە لە خزمەتکردنی بزاڤی چاپەمەنی کوردی و دەستگیرۆیی کردنی نووسەرەکانە، لە هەمان کاتیشدا لەناو داوودەزگایەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، چ هی کەرتی گشتی بێ، چ کەرتی تایبەتی، پێشبڕکێی گەرموگوڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێ، بەمەش ڕەونەق و ئاستی چاپی بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنێ و بە ئاستێکی تەکنیکی بەرز دەگات، دەرهێنانی هونەرییش لەو چاپەمەنیانەدا باشتر بەدەردەکەوێ. دەرهێنانی جوان و هونەریانەی کتێبیش هەر لە جۆری فۆنت و خەتی سەربەرگ و تایپ کردنەوە، تا هەڵبژاردنی جۆر و کوالیتی کاغەزی کتێبەکەی پێ لەچاپ دەدرێ، کە دەبێ زۆر چاک ڕەچاوی ئەو لایەنە بکرێ تا بەرگەی ڕۆژگار و ڕووناکی و سەرما و گەرما و شێی ساڵانێکی دوورودرێژ بگرێت و زوو کاغەزەکە نەپوێت و هەڵنەوەرێ.

* کە بووینە خاوەنی چاپخانەی کوالیتی بەرز و ورد لە تەکنیکی جوداکردنەوەی ڕەنگ و چاپ کردندا، دەبێ لەپێشەوە هەوڵ بدرێ جارێکی دیکە دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانمان و کتێبی مێژوویی و زمان و بابەتگەلی گرنگ بە چاپێکی جوان و دیزاینێکی سەرنجڕاکێش لەچاپ بدەینەوە، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی ئەو جۆرە کتێبانەمان لەناو کتێبخانەکاندا هەبن و لەبەردەستی خوێنەراندا بن و نەوە دوای نەوە بیانخوێننەوە و لەبەرچاویان ون نەبن. ئەگەر لە وڵاتانی دنیادا بە بەردەوامی نووسەر و شاعیرە گەورەکانیان بەرهەمەکانیان چاپ بکرێنەوە و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ژیانیاندا، بە چەندین شێوە پێشکەشی خوێنەرەکانیان بکرێنەوە، دەبێ ئێمەش چاو لەو میللەتانە بکەین. لە وڵاتێکی وەک ڕووسیای ئەمڕۆ و «یەکێتی سۆڤێتی جاران» ، خەڵکی لەگەڵ خواردنی نانی بەیانییان شیعری پووشکین و مایکۆڤسکی و یەسنین و ئەلکسەندەر بلوک و کێ و کێ دەخوێننەوە، کاتێ دەبینی شیعرێکی هەر یەکێک لەو شاعیرانە کراوەتە دەفتەرێکی بچکۆلانەی بەرباخەڵ و لە ڕێگەی پۆستەی ماڵەکانیانەوە بە خۆڕایی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێن، تا بە ئاسانی و بە بەردەوامی شیعرەکانیان بخوێنرێنەوە. چ دەقەومێ ئەگەر ئێمەش ئەو کارە بۆ نالی و مەحوی و مەولەوی و سالم و کوردی و گۆران و ئەوانی دیکە بکەین؟ کەی ئەوە خەرجیی تێدەچێ لە کاتێکدا لەوانەیە چاپی تەنیا شیعرێک بەو قەبارە بچووکەیەوە، هەر بە پاشماوەی کاغەزی براوی چاپخانەکان بکرێت، کە هەر بە کتێبیش حسێو ناکرێ، چونکە ئێستا یونیسێف بڕیاری داوە هەر کتێبێک لە هەزار دانە کەمتری لێ چاپ بکرێ، یان ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٤٩) لاپەڕە کەمتر بێت، ئەوە نایخەنە ڕیزی کتێبانەوە و حیسابی کتێبی بۆ ناکەن. زۆرجاریش بە مەبەستی ئەوەی سەرنجی منداڵان بەلای کتێب و خوێندنەوەی کتێبدا ڕابکێشرێ، دەبینین لە زۆر وڵاتی ئەو دنیایەدا نامیلکە و چاپەمەنی ڕەنگاوڕەنگی منداڵان لە هەر کتێبێکی دی زۆرتر بایەخی پێ دەدرێ، بۆ نموونە هەر دوور نەڕۆین ئەمڕۆکە لە تەنیشت خۆمانەوە دەبینین، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا کتێبی منداڵان بە باشترین کوالیتی و جۆری کاغەز و دەرهێنانی هونەریی لە چاپ دەدرێن، کە منداڵ نامیلکەکە دەکاتەوە تا دەیخوێنێتەوە و تەماشای وێنە جوانەکانی دەکات، پیانۆی بۆ لێدەدات. ئەم کارە لە پاڵ خوێندنەوەی چیرۆک و بابەتەکان، ڕاهێنانی گوێچکەشیانە لەسەر مۆسیقا، هەروەها بە فۆنتی زۆر درشت بۆیان لەچاپ دراون، هەندێ لە وێنەو ناوونیشانی کتێبەکانیش بە کۆڵین (کۆفراج - حفر) دەرهێنراون، کە هەموو ئەمانە لە پێناوی سەرنجڕاکێشان و دروستکردنی ئارەزووی خوێندنەوە لەلایان دەکرێت.

# سێوێک بۆ هەڵدان.. دەستێک بۆ گرتنەوە

موحسین ئاوارە

تۆی نوور
منی پڕ لە تۆ
منێک تۆی لێ هەڵدەچێ
ئەگەر سەرە قوتوویەک هەڵپچڕێنم
یان سەرە شووشەیەک بکەمەوە
وەک گەردەلوولێکی سپی
تۆی لێ بەرز دەبێتەوە
کاتێ بۆ (پەرداخ)ێکیش شۆڕیان دەکەمەوە
نووراو پەرداخەکەم پڕ دەکات
نووراو خوان و خواردنەوەم ڕۆشن دەکات
کە دەتخۆمەوەش.. داگیرسانێ دادەگیرسێم
لەخۆم زیاتر کەس نازانێ چۆن دەسووتێم
❊ ❊ ❊
جیلوە و جەزبەی عیشقی تۆ نەبووایە
تا قەراخ نەدەوەستام
خۆم بە ئاوی (دەریادا) دەدا
دەبوومە قووتی گێژەنەیەک
وەک فڕفڕۆکەی سەردەمی منداڵیم دەیسووڕاندم
جارێکی دی لەو قووڵاییەوە دەرنەدەهاتم
❊ ❊ ❊
خاوێنی ڕەها نابینم
لە تۆ نەبێ ئەی بەفری تازە
کە هێشتا بەسەر زەویدا نەنیشتووی
پاڵاوتەی ڕەها نابینم ئەی ئاو
لە تۆ نەبێ باران
کە هێشتا بەسەر خاکدا نەکەوتووی
جوانییەکی ڕەهاش نابینم
بەنێوما تێپەڕ بێ سنووراو سنوور
جیا لە تۆ ئەی نوور
❊ ❊ ❊
وا ئەم شەو پەرداخەکەم پڕ دەکەم لە تۆ
سینەم پڕ لە گوڵ و گوڵیلکە
سەریشم پڕ لە عەتر و بۆنی تۆ
هەر تۆی فریادڕەسی من
کاتێ تێکەڵی تۆز و غوبار دەبم
تێکەڵی خەم و تەم و ئازار دەبم



وەک تیشکێ.. تروووسکەیەک لە غەیبەوە سەرهەڵدا
ئاوا بەنێومەوە هەڵدەڕژێی
پڕم دەکەیتەوە
بە هانای تەنگەتاوی و تەنیاییمەوە دێی
* * *
تۆم بەدواوە نەبووایە
تەنیایی دەستی لێ وەردەگرتم
لە پانتاییەکانی ئاوەدانیا وەدەرنەدەکەوتم
بۆ کوێ بڕۆم
تەنیاش بم، هەر تەنیا نیم
بە خەیاڵ و خولیای تۆوە دووانین
کاتێ بیر لەخۆم دەکەمەوە
ئەگەر خۆم لەخۆم بزر بێ
بۆ دووان دەگەڕێم کە یەکێکین
* * *
دڵم پڕە لە تۆ
ئەوەتا خوێنی شەوقدار
بە رووممەوە دیارە..
کە چەندە ناوەوەم رووناکە!!
* * *
جیلوە و جەزبەی عیشقی تۆ نەبووایە
نەمدەزانی جەنتای دیپلۆماسی چی تیایە
بالیفی ژێر سەری سیاسییەکان
چییان داخون کردووە
تا چەند تەونە جاڵجاڵۆکەیەکی لەخۆ گرتووە
میلی سەعات دەسووڕا و دەسووڕا
زەمەن بەسەریەکدا وەردەگەڕا
تەمەن کەرت کەرت دەبوو
تاسەم بێ گوێدانە مەیلی عیشق و جوانی
بەنێو وشکەڵانیدا پەرت دەبوو
* * *
جیلوە و شەوقی عیشقی تۆ نەبووایە
قارەمانێکم نەدەدی شەهید
وەک دەفی دەست شێخ و مورید
ملی سوراحییەکم نەدەگرت
بۆ جامێکی چاو بە خومار شۆڕی کەمەوە
باڵندەیەکی ئەفسانەیی.. خەیاڵاوی هەڵێنەدەگرتم
دووکەڵی جگەرەیەک لوولی نەدەخوارد
لە پاڵ هەناسەی سەردم
من هەبووم وەک نەبوونێک دەمردم
* * *
نوور.. نوور
لەگەڵ هەڵکشانی تۆدا
ڕوانینم سەردەکەوێ بە باڵای شاخ و
سنەوبەرەکان
بە باڵای باڵەخانە و باڵای خانمان
تۆ نەبوویتایە.. نەدەکەوتمە بەر سێرەی
لووئلووئی لا لا و تریفە و تریقەی جوانان
بۆ سایەی ژاوە ژاو و گرفتەکان لام دەدا
لە زیندانی دڵی خۆمدا هەناسەم دەدا
هەستم هەژار بوو
لە ئاست ترپەی پێی مێروولەیەک
گوێچکەم بۆ خوڕەی ڕووبار
ویژدانم بۆ ئاخ و ئۆفی لانەوازان
نە دڵم سەفەری بوو.. نە شیعرم سوار
وشەکانم تەپۆ.. پیادە بوون
دێرەکانم لە وێنەدا ئیفلیج
وێنەکانیشم لە ئاوێنەدا پیر
قەسیدەکانم بە گۆچانێکەوە بە لارە لار
فانووسێکی کزۆڵی بە دەستەوە بوو
لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا
بەرەو خۆرئاوا بوون
لەگەڵ خۆر، ئاوا دەبوو
* * *
تۆم بە دواوەوە نەبوویتایە
بەو خۆشەویستییەوە نما نەبوومایە
ڕیشۆڵەیەکم لە تۆڕێکدا نەدەکری
بەرەڵڵای کەم و بۆ خۆی بفڕێ
دەرگای قەفەزێکم لە بلبلێک نەدەکردەوە
تا لە بن زمانیدا وشەی ئازادی هەڵگرێ
* * *
نوور.. نوور
وا هەست دەکەم
وەک گلۆربوونەوەی گوێزێک
بەدەر لە بینینی سەمۆرەیەک
بۆ قووڵاییم گلۆردەبییەوە
پەیتا پەیتا بەشە تاریکەکانی گیانم
ڕووناک دەکەیتەوە!!
نوور.. نوور
باڵێک بۆ فڕین
ماچێکی تری بۆ بەردەوامی ژیان
پردێک بۆ پەڕینەوە
سێوێک بۆ هەڵدان
دەستێک بۆ گرتنەوە
تۆ.. تۆ بۆ شیعر و شەوگاری من
پێویستمە.. پێویست پێویست
ئەی خۆشەویستترین خۆشەویست!!

# له تووتی تووتیتر و سی و نۆ تاکدێڕی تر

عەباس عەبدوڵلا یووسف



* خامۆشی ورتاندی: من لە دەنگ دەنگترم، لە ماژەش ماژەترم!
* نەسورمێی... دڵیش وەک مانگە، لاتاریکەی هەیە.
* ڤایرۆس لەسەر کەلاکی مرۆڤ بەشەڕ دێن، سەگ و داڵ بە میکرۆبەوە چاوەڕێی پاشماوەی کەلاکن.
* ژیاکۆمێتی سورما، مۆرانە پەیکەرتاشەو لەخۆی هونەرمەندترە.
* بەرەبەیان لە بیولۆژیا ترساوم. نیوەڕۆ بە ئایدلۆژیا تاساوم، بە هەموو دەمانیش بە گەڤلۆژیا کاساوم.
* نیچە وتی: لە خۆتان خەنی فۆلکلۆری کوردیتان (سۆپەرمان)ی تێدایە و ناوی فسۆس پاڵەوانە.
* ڕامبۆ وتی: بەهاراتیش هەر شیعرە!
* بولبولیش پراگماتیزمانە سرووش لە گوو وەردەگرێت.
* دەریای سپی لە دەریای زەرد پاڕایەوە، ڕێی پێبدات لە دەریای ڕەش مەلەوانی بکات.
* شەوانی بەر تریفە کورتن، بۆ دڵدارانی ئەمڕۆ نابن.
* لەسەر ئەم زەمینەدا، ناشیعرانە دەژیم و هۆنراوەی بننوو دەنووسم.
* گەشتیاران چوونە ناو بتەکانی ڕابردەوە و دەرێستەی ئێستانەی خۆیان پێبەخشین.
* ئەقلیدییە ڕاست و ڕاست، بێ سەرلاری لێو بە لێو ماچان دەکات...!
* شەمەندەفەر کە دەگاتە جێ، گاڵتەی بە جووت سکەی خۆی دێت: تەریبن و دەگەنە جێ..!
* حەز لە ئەز، دوور لە نۆڕینی ئاو و ئاوێنە و بیستنی دەنگدانەوەی خۆم.
* ئیرۆس پیر بووە، لاقە نهێنەکەی مردووە و سەربار گۆپاڵەکەی شکاوە.
* حەڤدە ساڵی پێچوو، تا کرم و فاریزەی پێچوودا کرایەوە.
* لە زەویلەرزە مەپرسە، بۆ وات کرد!.
* لە ژوورێکی ئاوێنەبەندا فرمێسکی ئافرەت ئۆینبازن، ئی مۆم ڕاستگۆن.
* چەپڵە بە دەستێک لێدەدا و پێیەوە کۆتر بە تاکباڵ دەفڕێت.

* به تاکژەنی و بەتاکتار و بە تاکسـەما، تاکسـتێـر کۆوەری خۆی سـەلماند.
* دختۆر پێشـنیاری بۆ کرد، مێشـکی یاداوس بە زەهایـمەر چادەبێ.
* وتبووم کەر داکسـالارەو بە پێکەنینە، ئەسـپ بابسـالارە و بە جـەنگە. نێـرەکـەر منگەمـنگێـتی و بـەهـار بێ هـەر نایسـەلمێنێ.
* سیاسـییەکان خڕۆکە سـوور و خڕۆکە سـپیش بەشـەڕ دێنن.
* کورسـی زوو بە شـەڕ دێ. قـەنەفـەش گـاڕانی چەپڵـە بۆ تاکە کورسـی لێدەدا.
* پاڵەوانیش هـەر کۆمبارسـن.
* بە خوێنی مار نامـەیەکی بۆ میکاڤیل نووسی، بە جاب پێیـوت لـەمن نەگەیشـتی دەبوو بە خـوێنی کـۆتری سـپی بینووسی.
* درێژترین کــامـــــووسـم دی و دەبینـم، ناویشـم لـە گینسـنامـە تۆمار نەکراوە.
* لە کـانـت گـەیشــتم، بەس لـە (دا)ی کـورد و (حـتی)ی عـەرەب نەگەیشـتم.
* هـەتا هـەتایە، لەناو جـەسـتـەی خۆیدا زیندانییە. مـەگەر غـاردانیەکی ١٧ هـەزار مـەترەی لەبۆ چرکەیەک ئازاد بێ.
سـمێـڵـیـان ٨ی شـوباتییـە و بە دوو پەنجـەی خـوێناویش لایک پیشـان دەدەن.
* چ بێـرێزە شـا، بە پێـڵاوەوە بەسـەر مـافـووری سـوور دەڕوات.
* لە شـوانێکی کورد، مۆنالیـزا بە سکێک حـەوجـمکەی بوو!!!!!!
* قـەپاغی شـووشـەی مـۆرەکەبی خۆمم کردەوە، پیـتی لێ بترازێ، هـەموو شـتێکی تێدایە...
* ئێمـە خۆمان ئاوێنەی تۆین، ئاوێنەت بۆ چییە؟!
* ئاژەڵ تێکڕا تووتین و لـە تووتی تووتیتر مرۆڤە.
* فریادڕەس فریادڕەس، بێدەس بەسـهـەس بەسـمـەس!
* دوو دڵدارن ڕووبەڕوو پیکۆەنووسـاون، هـەر سێ پێـیـان لە ڕۆمـەنسـاوە چەقاوە.
* چاوی بەنگینیش ســانســـۆرن، ئیـــدی: چـاوەکـــان دەمانکاسێنن، چاوەکان دەمانتاسێنن.
* گوێ لـە کەس ناگرم، تەنانەت لـە خۆمیش.

* * *

**ژیاکۆمێتی. جیاکۆمێتی= (١٩٠١- ١٩٦٦)پەیکەرتاشێکی سویسرییە. لەناو خێزانێکی هونەرمەندا لە دایکبووە، برادەراتی لەگەڵ سارتر و سیمۆن دی بۆڤوار هەبووە و لە پەیکەرەکانی خۆی هەوڵی داوە هزر و هەسـتی بوونـایەتی (وجـودیەت) بەرجـەسـتـە بکات.**

**ڕۆمەنساوە= شوێنێک ڕۆمانسی بێت.**

**نیـچە= نیـچچە. نیـتـچە. نیتشـە Nietzsche (١٨٤٤- ١٩٠٠) فـەیلەسـووفـێکی ئەڵمـانییـە، بڕوای بە پێشکەوتن و ململانێ و ویستی هێز و گەیشتن بە بەرزە مرۆڤ، واتا سۆپەرمان هەبوو، هەروەها یەکێکە لەوانەی هزری ڕەگەزپەرستی جەرمەنییان دارشتووە. لەکتێبە بەناوبانگەکانی: زەردەشت وای وت.**

**بننوو= بن نوو. ژێر نوێ**

**ئیرۆس= خواچەی ئەوین و سێکسە لە ئەفسانەکانی یۆناندا.**

**ئەقلیدی= بەشێوەیەکی ئیکلیدانی. وەک بنەمای ماتماتیک و ئەندازەی ئەقلیدس. ئیقلیدس. Euclid. Euclides ٣٢٣- ٢٨٣ زانایەکی یۆنانییە و لە ئەسکەندەرییە ژیاوە، خاوەنی کتێبی (توخمەکان)ە.**

**تاکستێر= تاکە ئەستێرە. هونەرمەندی بەهرەدار**

**ماژە= کورتکراوەی ئاماژەیە**

**کۆوەری= ڕەفتارێک کۆیەتی تێدا بێت، پێچەوانەی تاکوەری**

**گەڤلۆژیا= زانستی گەڤ و هەڕەشە.**

**یاداوس= یاد ئاوس، تێکچڕژاو بەیاد**

**جیات= پێتەک. ئەلتەرناتیڤ. بدیل**

**بەسهەس= بەس هەس. بەس هەست. تەنیا هەست**

**بەسمەس= بەس مەس. بەس مەست. تەنیا مەست**

**بێدەس= بێ دەست تێوەردان. بێ پیلان**

**دا= ئامـرازی هاوشـوێن و لەگـەڵبـوونە، بەپێی دەسـتـوورێکی ڕێزمـان بەدوای وشـەی ئەو ڕسـتـانەوە دێت کـە بە (لە) و (بە) دەست پێدەکەن و لە چەند حاڵەتێکی دیار ئەم (دا)یە دادەنرێت.**

**حتی= ئامرازێک، یان پیتێکی ئامرازەداری ڕێزمانی عەرەبییە بەگەلێک مەبەست بەکاردێت، دیارترینیان:**

**١- تا ئەو جێیە.**
**٢- مەبەست.**
**٣- هۆ.**
**٤- لەگەڵبوون.**

**ئیشی ئەم (حتی- حەتتـا)یە، نزیکە لە ئیشی (هەتا- تا)ی کوردی.**

**هەشتی شوبات= کوودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ی عیراق بوو.**

**جاب= وەڵام. لە (جواب)ی عەرەبی وەرگیراوە و کوردێندراوە.**

**زەهایەر= ئەلزەهایەر نەخۆشییەکی پیرانە. خەڵەفان. لە جێخۆی ئەم ناوە بە (ئەل) دەسـتـپـێـدەکـات Alzaheimer ئێـمـە کورتگۆییمان پێ پەسندە.**

**کانت= ئیمـانۆیل کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤)، یان عـەمانوئێل کـەنت فـەیلەسـووفـێکی ئەڵمـانییـە. لە بارەی عـەقڵ و ڕەوشت و ئایینەوە چەندین کتێبی هەیە لەوانە: ئاوەزی پەتی. ڕەخنەگرتن لە ئاوەزی کردەیی. بنەماکانی میتافیزیکای ڕەوشت.**

**گینسنامە= مەبەست کتێبی گینسە بۆ ژمارەی پێوانەیی.**

# هەیڤ

ئەحمەد قەرەنی



ل شـەڤەکا هاڤینی
بەرانبەری مـەتینی،
شیلانا مـن و هـەیڤێ
خـەملا خوە ڤەدابوو..
هـەمـوو دنیا
ناڤ پێکەکی پاوان کربوو..!؟
ئەو پێکێ ڕند
تژی چیا و باژاڕ و گوند
تژی ڤین و باوەڕ و سـوند

مـن دەسـت بۆ بر
پێل ڤێکەتن،
هـەر شـولقەکێ
ئاوازەکا ماندی درێت..!؟
ئەو شـەرابا
ڕەنگ گولگولی وەکو سـێڤێ
دلۆپ دلۆپ گەشـتە لێڤێ
چەند مـن دمێت
دوور دوور ددیت
ئەوا نەبووی ژێ رە دهێت،
زمـانێ مـن
نهێنییێن چاڤێن بەلـەک
یەکـ یەکـ دیێت..!؟
هنگی وەرە
مـن شـەڤ ڤیاو
مـن هـەیڤ دڤێت..
مـن هـەیڤ دڤێت
نازکـ پەلێت
شـلکـ بهێت
خوە بەردەتە
پێکێ مـن دە و
هـزرێن کویڤی تێ دە بکێت..!؟
مـن هـەیڤ دڤێت
نازکـ پەلێت
شـلکـ بهێت
شـەوقا زیڤی
وەکو تەشـیا
عـاشـقەکا هـزر بەلاڤ
بچیت و بێت..!؟
هنگی وەرە
مـن هـەیڤ دڤێت
نازکـ پەلێت
شـلکـ بهێت
ڕەنگ دوی ڕەنگی
بتەیسیت و
هـەر چریسـکێ
ئومێدەکا گول قورمـزی
پێڤە بزێت..!؟

# پیاسە و پیاسە
# تا حەوتەم چینی وڕێنە

حەمە عەباس

(١)
نا
جەننەت جوانییەکانی جارانی نەماوە
سێوەکان تام و بۆ و
گوڵەکان ڕەنگ و ڕوو و
کۆترەکان گمەو
ئەستێرەکان ورشەی جارانیان نەماوە
بۆیە
نوێژەکان سوکنایی بە ڕوح نادەن


(٢)
بەسەر بورجی ژیانەوەم
نە ماچەکانم بۆ دەژمێردرێن
نە ئەو فیشەکانەی
لە لوولەی تفەنگەکانەوە دەردەچن
ئێستاش دڵنیا نیم
مرۆڤ عاشقە
یان بکوژ

(٣)
با
جار جار دێت و
جارجاریش نا
من دەمێ تووڕەو
دەمێ هێمن

تۆ
ڕوخسارت ئاوێنەی بوون و
ناخت مەتەڵێکی ئاڵۆز

ژیان
خەریکە دڵم ڕەق دەکا
مردن
سەدجار گەردنی ئازادبێ

(٤)
ماڵم لەوێیە
لە پەنای مێژوو و



چەقی لەبیرچوون
لە پەنای ئاگاو
چەقی سەرخۆشبوون
ماڵم لەوێیە
لە گەرمەی جەنگ
لە پەنای ئاشتی و
چەقی گۆرانی
بڵێ تۆ لە کوێی
لە پەنای منی
یا چەقی بەهەشت

(٥)
تەریفەی تۆم
ڕەنگم لە ڕەنگی باران و
ڕوحم زەرنەقووتەی نەورەس
وەرە فێری فڕینم کە
وەرە بفڕین
وەرە بتفڕێنم

(٦)
جۆلانەم لەناو هەوراندا و
گۆرانیم دا بە ڕووبارێ
چێژ دەفرێکی پڕاوپڕە
دەستم درێژ دەکەم هەڵدێت و
بەدوایەوەم
سەعاتەکان چەند کورتن
ڕۆژ کورتتر و
ساڵ هەر زۆر کورت
هەموو شتێکم بۆ تۆ بێ ئەی دەفرەکە
تەنها ساتێک لەناوخۆتا نوقمم بکەو
بمخنکێنە
لەناو هەموو دڵێکا خوایەک هەیە
لەناو هەموو دڵێکا نیشتمانێک هەیە
لە نیشتمانی مندا
خوا بە عەشق گوناه لەبیر بەندەکانی دەباتەوە
باران بەسەر بەندەکانیا دەبارێنێ و
بەندە ئێستانەکانیشیان بەم بارانە دەشۆنەوە
لە نیشتمانی مندا
بەندە لە خوا ناترسێت و
خوا هەڕەشە لە کەس ناکات
لە نیشتمانی مندا
خوا بە عەشق
– تەنها عەشق –
– گوناه لەبیر بەندەکانی دەباتەوە.

# شیعری دەسپێک

**یارۆسلاڤ سایفێرت (Jaroslav seifert)**
**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(هەولێر – زانکۆی جیهان)**



ئەوەتا شار
ڕەسمێکی ناقۆڵا لە شار
کە وەک دەعبایەکی زەلام لە بەرانبەر چاوانتدا خۆ دەنوێنێ
تۆ ئەی خوێنەر! ئەوە کتێبێکی بێ غەلوغەش دەکەیتەوە و ئەوەتانێ سترانەکانم باڵ دەگرنەوە.

* * *

لە مەزنی شار دەڕوانم
کەچی شانوشەوکەتی چ چاوم ناگرێ و دڵم نابا
من دەشێ بچمەوە باوەشی پڕ لە ڕازی هەسارە،
باوەشی کانی و دارستان، باوەشی گوڵ و دەشتودەر
بەڵام تا ئەو چرکەساتەی براکانم، تەنانەت تاقە برایەک،
بەدەم ئازارەوە بتلێنەوە
بە ژەهری مارم بێ خۆشی و بەختەوەری
یاغیگەرانە ڕادەسێم لە هەمبەر هەرچی زۆر و نایەکسانییە
هەروا کە پاڵ دەدەمەوە بە دیواری کارخانەیەک
جارز لە ڕەشایی و دووکەڵ،
من سترانی خۆم دەبێژم.
بەو حاڵەوە چ نامۆیە ئا ئەم شەقامە لەگەڵ من
ڕێک هەروەکو تیرێکی لە کەوان دەرچوو بۆ داگیرکردنی جیهان.
هەرگیز لەگەڵ ڕیتم و ڕەوتی خوێنی من یەک ناگرنەوە
گۆریسی پاراستنی گیانی شۆفیران
کە دەست و باڵی من و هەزارانی تری بەستووە و
ئێمەش لە کاتی هەڵچوونی هەست و هەناسەی دڵماندا
ناتوانین خۆشەویستەکەمان لە ئامێزی خۆ بگرین
بەڵام ئەوکاتەی بەرەو دارستان و ئاسک،
بەرەو گوڵزار و کانیاو ڕادەکەم،
خەم و خەفەت وا تەنگ بە دڵم هەڵدەچنن
کە بێ ئەوەی ئاوڕ لەو هەموو جوانی و بێ دەنگی و عیشقە بدەمەوە
بەرەو شار دەگەڕێمەوە،
ئەو شارەی بەخێرهێنانی ساردوسڕە،
ئەو شارەی تێیدا ڕێ لەخوێندنی بلبل دەگیرێ و
بۆنی خۆشی درەختی کاژ بزر دەبێ،
شوێنێک کە نەک تەنیا مرۆڤ،
بەڵکو گوڵ و پەلەوەر و ئەسپ و سەگیش دیل و بەندین.
تۆ ئەی خوێنەری میهرەبان
کە ئەم دێرانە دەخوێنیتەوە،
تۆزێک ڕامێنە و هەرگیز لەبیری مەکە
کە ئەم ڕەسمە ناقۆڵایەی خۆ لەبەر چاوت دەنوێنێ ڕەسمی شارە.
چونکی مرۆڤ خۆی گوڵێکە کە هەر ناشێ بچنرێت و هەڵوەرێت و پێشێل بکرێت.

**ئاماژە: یاروسلاڤ سایفێرت (Jaroslav Seifert)، شاعیری چیک، ساڵی ١٩٠١ لە پراگ لە دایکبووە. سایفێرت لە شیعرەکانیدا لایەنگری چینی هەژار و بێ بەشانە. یەکەم کتێبی شیعری بەناوی «نوقمی فرمێسک» لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بلاوکردەوە. ساڵی ١٩٣٧ کتێبی «هەشت ڕۆژ»ی چاپ کرد. سایفێرت ساڵی ١٩٨٤ خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی بردەوە و نێو و نێو بانگێکی فراوانی پەیدا کرد. سایفێرت لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد.**

ژێدەر:
**Iaroslav Seiert, A Bilingual Edition, 2005, pp. 25-29.**



# تاپۆیەک لە تاریکیدا

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

خەریک بوو باسی منداڵەکانی بۆ دەکردم، کە چۆن قەپ دەگرن لە بناگوێی، ئەویش بە دەمیانەوە دەتریقێتەوە، هەروا کە ماشێنەکەی لێدەخوڕی بناگوێی نیشان دام؛ لە چەند جێوە خوێنە مردووی پێوە دیار بوو، شین ببۆوە، ڕەش هەڵگەڕابوو، دەتگوت جێی ددانی سمۆرەیە کاتێک هەست بە مەترسی گیان بکات؛ بۆ چرکەیەک ددانەکانی، غەریزیانە دەکەونە کار و هەرچی بێتە بەری، دەیگەزێ، چونکە ئەمە یاسای سروشتە؛ شەڕ بۆ مانەوە! بەشەر هەمیشە دەنگۆی ئەوەیەتی کە شەڕ دەکات بۆ ئازادی، بەڵام من هەمیشە پێکەنینم بەم زاراوە پڕ درۆیە دێت. بۆ چرکەیەک هەستم کرد هەر ئێستایە و ئەو خوێنە مردە پێستی لاملی لێکبەر دەکات و چۆڕاوگە دەبەستێ؛ ئاخر خوێنیش دەیەوێ بمێنێتەوە، گرمۆڵە نەکات، بەردەوام لە تەوژمدا بێت! چونکە ئەمە نهێنی خوێنە، کە هەمیشە وادەکات لە دەمارەکاندا بێت و بچێت.

ماوەی چوار پێنج ساڵ بوو، هەر کاتێک دەرفەتێکی لەو شێوە بڕەخسایە، لەگەڵی دەچووم. کۆتایی هەفتە، ئێوارە وەخت، ڕێ دەکەوتین، هەڵبەت هەر کاتێک ئەو باری بۆ شوێنێک ببردایە. ماشێنێکی بارهەڵگری مامناوەندی پێبوو، منیش هەندێک ئارەق و کەلوپەل و خواردەمەنی دیکەم ئامادە دەکرد و لەگەڵیدا ڕێ دەکەوتم، ناوبەناویش کە بۆمان هەڵکەوتبایە، یەکێک لەو ئافرەتانەی کە لە کەناری جادەکان دەوەستن، سوارمان دەکرد و لە شوێنێک لامان دەدا و ڕامان دەبوارد. ئیتر ئەمە کۆتایی زۆربەی حەوتووەکانی ئەم چەندین ساڵەم بووە. ئاخر بۆ یەکێک کە ماڵ و منداڵی نەبێ و هیچ حەسرەتی بیست و سییەکانی ڕابردووی تەمەنی نەخوا و تا کۆتایی هەفتە بەردەوام کار بکات، دەرفەتێکی کەم نییە. لانی کەم حاڵ و هەوایەکی هەفتانە دەگۆڕێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتیشدا کار بکات، جا با ئێستا ئیدارەی ئاو و ئاوەڕۆ نەبێت و کۆلێژێکی خوێندنی باڵا بێت، مەگەر جگە لەوەیە

کە دەبێ هەموو ڕۆژێک بەردەوام بەیانی زوو لە خەو ڕابێت و فلّچە لە ددانەکانی بدا و قژی دابێنێ و چەندین تڕەهاتی دەمامکداری دی و... ئێوارەش، درەنگ وەخت، ماندوو و هیلاک بگەڕێتەوە! چ فەرقێکی هەیە؟! هەر یەکێکە!... شەویش لە ماڵەوە بە دیار فیلمێکەوە، جگەرە لە سەر جگەرە داگیرسێنێ، جا با ئێستا مانگی جارێکیش تەلەفۆنەکەت زەنگ بدا و ناچار بی فیلمەکە ڕاگری، هەروەک چۆن شەوێکیان کە سەیری فیلمێکم دەکرد، جوان نایەتەوە یادم، وابزانم ناوی «گریانی نیتشە»، یان «نیتشە گریا»، یان شتێکی دیکەی لەو بابەتە بوو کە تەلەفۆنەکە زەنگی دا و منیش کە گوێم دایە، دەنگێکی هێواش و نەرم لەوسەری تەلەفۆنەکە دەهاتە گوێ، دەنگێک کە مرۆڤ- هەست دەکا پێشتر بیستبێتی، بەڵام یادەوەری کەڵەکەبووی چەندین ساڵە هیچ یارمەتیت نەدا بۆ دۆزینەوەی یان لانی کەم هیچ بۆت گرینگ نەبێ کە پێشتر بیستووتە یان نا، ئیتر توورە لەوەی کە بۆچی لە وەها کاتێکدا زەنگی داوە، دامە بەر توانج و تەشەر، لە ڕاستیشدا هەر بە بێ هۆ، یان بێ ئەوەی خۆشم بزانم بۆچی، ئەویش بێ ئەوەی هیچی دی بڵێ، بێ دەنگەی لێکرد و ئیتر من لەو دوورەوە کوڵی هەنیسکی هاتە بەرگوێم و ئەوسا بێ هیچ هەستێکی ناخۆش، سەرکەوتووانە، بزەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوم و پاشان فیلمەکە کەوتەوە سەر ڕەوتی ئاسایی و دیسان بە دیاریەوە جگەرە لە سەر جگەرەم داگیرساندەوە بە بێ گوێدان بەوەی کە کەسێک لەوسەری پێوەندییەکی تەلەفۆنی پچڕاوەوە، ئێستاش هەر نرکە و هانکەی هەنیسکی دێ، یان ئەوەتا تەنانەت بیر لە ناوەکەی بکەمەوە بەڵکو بکەوێتەوە یادم! لە وەها بارودۆخێکدا شوێنەکان و ناوەکان سەهلن، بگرە کات و کەسەکانیش یەکسان دەبن بۆت؛ ساکار و یەکبێن!

- «شین و ڕەش بۆتەوە، ئاوا بڕواتە پێش جارێکی دیکە لامل بە تەواوی کۆڵەوار دەکەن.»

- «چیان لێ بکەم، باوکی خۆیانە ئیتر، چۆنیان پێ خۆش بێ ئاوای بە سەر دێنن... من ئەوەی لە باوکی خۆم لە زەینمدا ماوە تەنیا چەند دڵۆپە خوێنە، من هەرگیز ڕوخساری باوکمم نەدی، تەنیا دیمەنی چەند دڵۆپە خوێنم لە زەین دایە کە لە لای سەرووی کفنەکەیەوە تکابوونە سەر دارەمەیتەکە، وابزانم هەر لە بناگوێیەوە تکابوون، ئێستاش سوورایییان هەر بریسکەی دێ لە زەینمدا، دەڵێم نەوەک ئەوانیش دواجار ڕوخساری باوکیان لە زەیندا نەمێنێ، هەربۆیە گوێیان نادەمێ هەرچی دەکەن با بیکەن تەنانەت ئەگەر گوێچکەشم هەڵکەنن.... ئێستا هەمیشە بیر لە خوێنی باوکم دەکەمەوە، بیر لە خۆی ناکەمەوە، وەک ئەوەی من کوڕی خوێن بم، یان لە خوێن لە دایک بووبم.»

ئێوارە بوو، کزەیەکی سارد هەڵیکردبوو، شووشەکانمان هەڵدابۆوە، لە ناو ماشێنەکەدا گەرمایەکی دڵبزوێن لە خۆوەی پێچابووین، گەرمایەکی هێند دڵنشین کە ئینسان حەز دەکات تا ئەبەد ماشێنەکە نەوەستێ و هەتا ئەبەد دانەبەزێ و ئەو گەرما و نەوەستانە هەتا ئەبەد دەوامەی بێت، بە تایبەت ئەگەر هاوڕێ لەگەڵ مۆسیقایەکی بزوێنەر بێت.

لە یەکێک لەو جادە هەمیشەییانەدا بەڕێوە بووین، یەکێک لەو جادە ڕاستەڕێیانەی کە ئەمبەراوبەریان تا چاو هەتەر دەکات ڕیزەداری یەکدەستە، کە هەرچی دوورتر دەڕۆن چکۆلەتر دەنوێن، کە ئەم دیمەنەش ئەو هەستی نەوەستان و ئەبەدییەتە دوو هێند دەکاتەوە. لەو جادانەدا مرۆڤ- هیچ کات هەست بە مەترسی ناکات، تەنانەت ئەگەر بە خێرایی خۆریش بەڕێوە بێت، ئەبەدییەت هەموو شتێک دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، تەنانەت شتە بێ گیانەکانیش!

- «دەزانی چۆن باوکم بەو دەردە چووبوو؟»

هیچم نەگوت.

- «دواجار... کە گەورە بووم، کەوتە بەر گوێم، گوایە بە گوللە لێیان دابوو، لە نیوەشەوێکی تاریکدا، لە سووچی کۆڵانێک، لەگەڵ دەنگی گوللەکە قریشکەی ژنێکیش هاتبوو. من ئەمانەم ساڵەها دواتر، زۆر دواتر، بۆ دەرکەوت، دایکم قەت هیچی بۆ نەگێڕامەوە.»

دیسان هیچم نەگوت.

- «ماوەیەکی زۆر وەک شێتم لێهاتبوو، لەبەر چاوم هەمیشە چەند دڵۆپە خوێن بە سەر دیواری کۆڵانەکەوە دەدرەوشانەوە، وام هەست دەکرد ئێستاش هەر دەبێ بەوێوە بن، بۆیە شەوێکیان بڕیارم دا دەرکەوم و ڕوو بکەمە شوێنەکەی باوکم، بە تەمای دیتنی چەند دڵۆپە خوێن کە ئێستاش دەبێ وەک ئەستێرە لەو شەوەدا بریسکەیان بێ. دیسان شەوێکی نووتەک بوو، وەک شەوەکەی باوکم، سەگوەڕێکی زۆر دەهاتە گوێ...»

لە ناکاو ڕەوە سەگ لەمبەری جادەکەوە ڕایان کرد بۆ

ئەوبەری جادەکە، دێڵە سەگێکی بەبا لە پێشیانەوە ڕای دەکرد و باقی سەگەلیش لە کاتێکدا، غەریزیانە، ئامبازی یەکتر دەبوون، بە شوێنییەوە لێک دەهاڵان، دەتگوت گلۆڵەیەکی گەورەیە و لەمبەری جادەکەوە هەڵیدەدەیە ئەوبەر. سەگەلەکە لە پێش ئێمەوە تێپەڕ بوون، کەچی دیسان سەگێکی لاواز بە شەلەشەل لە ناو دارەکانەوە دەرکەوت و خۆی کرد بە ناوەڕاستی جادەکەدا، چما دەیویست بە هەر شێوەیەک بێت لە سەگەلەکە جێ نەمێنێ، بەڵام کار لە کار ترازا و هیچ کات نەگەیشتە ئەوبەری جادەکە، کەوتە ژێر چەرخی ماشێنەکە بێ ئەوەی تەنانەت قرووسکەیەکی لێوە بێ، ماشێنەکەش هەڵبەزەیەکی کرد، بۆ ساتێک کۆنترۆڵی ماشێنەکەی لە دەست دەرچوو، بەڵام زوو هێنایەوە سەر ئاراستەی جادەکە، لە ئاوێنەکەی لای خۆمەوە کە سەیرم کرد، ئیتر سەگێکی لێ نەمابوو، تەنیا پەڵەیەکی سوور بە ناوەڕاستی جادەکەوە پان ببۆوە، پەڵەیەکی سوور و گەش، زۆر گەشتر لەو خوێنەی کە هەندێک جار لە قامکمان، یان لە لووتمانەوە دێ. من پێشتر جارێکی دیش ئەو دیمەنەم تەجرەبە کردووە، مەبەستم دیمەنی خوێنی گەشی سەگەکەیە؛ ڕەنگەکەی!... منداڵ بووم، زۆر، لەولای دوکانەکانەوە، لە ژێر دارەبییەک، گۆڵە سەگێک بە دێڵێکەوە قفڵی کردبوو، پیاوەکانی بەردەم دوکانەکان هەرچییان دەکرد بۆیان لێک نەدەکرانەوە، گۆڵە سەگەکە وەرگەڕابۆوە دواوە، دەتگوت تەنیا پاشەڵیان بە یەکەوە نووساوە، دوو کەس لە پیاوەکان بە دار تێیان کەوتبوون، خوێنێکی گەش، گەشتر لە خوێنی ئێمەمانان، لە پشتی گۆڵەکەوە تکەی دەکردە سەر زەوی، سەگەکان دەقرووسکانەوە، شایەدیش دەپاڕانەوە و کەس هەستی پێ نەدەکردن، یان گوێیان نەدەدانێ، من و منداڵەکانی دی بە دیاریانەوە وەستابووین و غەریزییانە، کەیفمان بەو دیمەنە دەهات. هەرچی پیاوەکان لێیان دەدان لێک نەدەترازان، هەر دانەیەکیان دەیویست بە لایەکدا خۆی ڕاپسکێوێ، بەڵام بە دەوری خۆیاندا دەخولانەوە و دەنووزانەوە، برستیان لە بەر بڕابوو، پیاوەکانیش بە دەوریانەوە بازنەیەکی وایان دروست کردبوو کە ئەگەر تەنانەت دەرفەتی ڕاکردنیشیان بوایە، ڕێیان نەبوو. دانەیەکی دی لە پیاوەکان، لە یەکێک لە دوکانەکانەوە، دوو پەتی درێژی هێنا و ئەمجار بە ئاڵقە کردیاننە ملی سەگەکان و ئەوسا چەند کەسی، هەر دانەیەکیان بەرەو لایەک ڕاکێشا. سەگەکان ئیتر بە ئاستەم نووزەیان دەهات، ئەوەندە بە هێز دەیانکێشان کە پەت و سەگەکان لە زەوی جیا ببوونەوە، لە ناکاو لێک ترازان، کێری گۆڵە سەگەکە لەگەڵ لایەک لە بەرزگی بە پاشەڵی دێڵەکەوە بەجێ ما و ئیتر گۆڵە بە قرووسکە قرووسک و نووزە نووز کەوتە سەر زەوی، خوێنێکی گەش لە پاشەڵی دێڵەکە و لە زگی هەڵڕژاوی گۆڵەکە دەتکا و بڵاو دەبۆوە. کە چاومان بەو دیمەنە کەوت، منداڵەکان هەموو ڕایانکرد، بەڵام من بێ ئەوەی داچڵەکە بکەم هەروا بە دیاریانەوە واق مابووم. لە ناکاو گۆڵە بە زگێکی هەڵڕژاو و پەتێک بە ملەوە، کە بە سەر زەوییەکەدا ڕادەکشا، دەرپەڕی و دڕی بە بازنەی پیاوەکان دا و دوور کەوتەوە، هێند بە پڕتاو و خێرا کە وا بزانم ئێستاش هەر لە ڕاکردندا بێت.

هەرچی دوورتر دەکەوتینەوە، دیمەنی سەگەی کوژراویش لە ئاوێنەکەدا دوورتر و دوورتر دەکەوتەوە، ئەوەندە دوور کە ئیتر چاوم لە ئاوێنەکە کردەوە.

ماوەیەک هەردووکمان مات بووین، گوزەر بەو جادە ڕاستەڕێیانەدا زۆر جار بێ دەنگی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ئەوە تایبەتمەندی تێپەڕین بە هێڵێکی یەکبین دایە. لە ناکاو، چما شتێکی بیر کەوتبێتەوە سەرنجێکی من و دواتر ئاوێنەکەی دا:

– «باسی ئەو شەوەم بۆ دەکردی...، باوەڕ ناکەی، لە سووچی کۆڵانەکەدا، تاپۆیەک وەستابوو، بێ جووڵە، تاپۆی پیاوێک، وەک پێم گوتی من هەرگیز ڕوخساری باوکمم نەدیبوو، بەڵام دڵنیا بووم خۆیەتی و لەوێ وەستاوە، تاریک بوو، زۆر، ڕوخساری دیاری نەدەدا، دەتگوت پەیکەرێکی بەردینە، بەڵام دەمزانی گیانی لەبەر دایە، تۆزێک دواتریەوە، تارمایی تاپۆیەکی دی دیاری دەدا، دەتگوت تاپۆی سێبەرەکەی خۆیەتی، سێبەری تاپۆیەکی ناو تاریکی، لە تاپۆی ژنێکی دەکرد، ئەویش هەروا بێ جووڵە بوو،... جووڵەم لێ بڕا، بۆ چرکەیەک هەستم کرد بوومەتە بەرد، هەناسەم نەدەدا، لە ناکاو بیرم کەوتەوە بۆچی هاتبووم، بیری دڵۆپە خوێنەکان کەوتمەوە،...»

گوتم ڕایگرێ، ئافرەتێک لە لێواری جادەکە وەستابوو، ڕایگرت، شووشەکەم دادایەوە، بە سەر ئاماژەم کرد سەرکەوێ، هاتە نێوانی هەردووکمان، ناویم پرسی، نەیگوت. ئەوانە، هەمیشە کە ناویان نادرکێنن، نەک لە

بەر ئەوە کە سبەینێ بیانناسیتەوە، یان ناویان بدرکێنی لە شوێنێ، نا، پێوەندی بەمەوە نییە، وا هەست دەکەن ئەگەر ناویانت پێ بڵێین ئەوە بۆ هەمیشە خۆیان تەسلیمی تۆ کردووە، یان شایەد لەوە بترسن ناوەکەیان بۆنی تەنیایی بدات، بۆنی تەنیایی جادەیەکی ڕاستەڕێ، من ئەمەم لە یەکێک لە خۆیان بیستووە.

جگەرەیەکم بۆ ژنە داگیرساند، وەریگرت، مژی لێ دەدا و کایەی بە دووکەڵەکەی دەکرد، دووکەڵەکە بازنە بازنە لە دەمییەوە دەهاتە دەر و هەروا بە بازنەیی سەردەکەوت، بێ ئەوەی لێک بترازێت.

لەو کاتانەدا، من و ئەو بە سیلەی چاو سەرنجێکی یەکترمان دەدا و بزەیەکمان دەهاتێ؛ واتە بە زووترین کات و لە یەکەمین لاڕێ دەبێ لادەین تا بارگە و بنەمان بڵاو کەینەوە.

ئێستاش هەر زەینم لای سەگەکە بوو و ناو بە ناو، لە ئاوێنەکەوە سەرنجی دواوەم دەدا.

– «هێندە سەیری دواوە مەکە، ئەوەی ڕۆی ڕۆی! بڕوانە بزانە کوێ باشە لادەین!»

– «چادرەکەت لەگەڵ خۆدا هێناوە؟»

زانی دەڵێم کوتە گۆشتێکی باشە و حەز ناکەم وا زوو وازی لێ بێنم، دەبێ ئەمشەو بمێنینەوە!

– «من هەمیشە لەم ماشێنەدا ماڵێکی بچکۆلانەم پێیە، بۆ ئێمەی ڕەوەند جادەکان هەمیشە ماڵی دووەمن.»

دیسان لە ژنە، ناویم پرسیەوە، دیسان هیچی نەگوت، دووکەڵەکەی بە فوویەک کردە ناو چاوم و بە قامک ئاماژەیەکی بە کەناری جادەکە دا؛ بە لای ڕاستدا جادە قیرتاوەکە لقێکی لێ دەبۆوە، جادەیەکی چەوریێژ و خۆڵێنە کە دواجار، یان بە باخێک، یان گوندێک، یان کەناری چۆمێک کۆتایی دەهات. کۆتایی ئەم جادانە هێندە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە هەمیشە شوێنێکی تەریک و چەپەک دەستەبەر دەکەن بۆ حەوانەوە. بە لای منەوە ئەم لاڕێیانە، ئەم جادە تەریک و پەراوێزانە، هەمیشە بەهەشتێکی بچکۆلانە بوون، کە ڕەنگە خودا بە ئانقەست هەڵیدابنە سەر زەوی. بە ژنەم گوت بڕوات بە بەهەشت هەیە، گوتی بەهەشتی ئێمە لەم جادانەدا ون بووە.

لە بیرمە جارێک لە یەکێک لەم جادە خۆڵێنانەدا لام دا، دوو ئافرەتم لەگەڵ بوون، لە کەنار چۆمێک حەوانیەوە، تا ئێوارە گوتمان و ڕستمان و پێکەنین، بێ ئەوەی دەست لە هیچ کامیان بدەم، بەڵام دڵنیام یەکێک لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانیان بوو، هەر ئەوە کە دڵنیان یەکێک بە دەمیانەوە پێدەکەنێ، باقی شتەکان گرینگ نییە بۆیان.

لامان دا، بە ڕاستدا، ملی ڕێی بەهەشتە بچکۆلانەکەمان گرت، دارەکانی ئەمە تەنکتر بوون، تاکوتەرا، لە بەهەشتە پڕ درەختەکەی خودای نەدەکرد، بەڵام خۆ بەهەشتیش هەمیشە پڕ دار نییە، زۆر جار چۆڵەوانیش، لە کاتی خۆیدا، بەهەشتێکە!

هێندە نەڕۆیشتبووین، بەڵام هەرچی زۆرتر دەڕۆیشتین دارەکان کەمتر و کەمتر دەبوونەوە. وا دیار بوو ئەو لاڕێیە بە باخێک، گوندێک یان کەناری چۆمێک کۆتایی نەدەهات! هەرچی دەڕۆیشتین جادەکە تەسکتر و تەسکتر دەبۆوە، پێدەچوو ئەگەر ئاوا بڕوات، دواجار ببێتە کوێرکەڕێیەک، یان سەر لە چۆڵەوانییەک دەربێنێت، بە بێ جادە!... کە دواجار ناچار بی پەشیمان ببینەوە، هەڵگەڕێینەوە، دەور بدەینەوە!

گوتم ئەگەر هەروا بڕۆین و نەگەڕێینەوە درەنگ دەبێت، ئیتر ناتوانین شوێنێکی لەبەر دڵان بدۆزینەوە.

ڕایگرت، سەرنجێکی منی دا، بۆ چەند چرکە سەیری ناو چاوی یەکترمان کرد، واتە چی بکەین؟ فەرمانەکەی تەواو بە لای چەپدا بادا. جادەکە زۆر تەسک ببۆوە، دەبوایە چەند جار پاش و پێش بکات تا دەور بداتەوە. دیار بوو هەر دوو لای جادەکە پێشتر جۆگەلە بوون، دواجار بە هۆی وشکەساڵی کوێر ببوونەوە، بەڵام هەروا قووڵ مابوونەوە.

دابەزیم، ژنەش، هاتینە ئەم لاترەوە وەستاین. دوو جار پاش و پێشی کرد، بۆ جاری سێیەم کە هاتە دوا، تەگەری دواوەی لای چەپ کەوتە ناو جۆگەلەکە، گیری کرد، هەرچی کرد نەهاتەوە دەر.

دابەزی، یەکی جگەرەیەکمان داگیرساند، ژنە مات ببوو، سەیری بارودۆخەکەی دەکرد. لە کاتی وادا پیاوان پێویستی تەواویان بە جگەرە هەیە، بەڵام ژنان بە پێچەوانەوە؛ هەرگیز!

هەروا کە جگەرەکەی دەکێشا، سوورێکی بە دەوری ماشێنەکەدا لێدا و لە چەرخەکانی دواوە ورد بۆوە:

– «هیچ چارێکمان نییە، دەبێ جەکی ژێر دەین.»

لای چەپی ماشێنەکە تەواو کەتبووە سەر عەرز، بە

زەوییەکەوە جووت ببوو، تەنانەت کەلەبەرێکیشی نەمابوو بتوانین شتێکی بخەینە ژێری. پاشی ماشێنەکەی کردەوە، دووکەسی، هەندێک لە بارەکەمان داگرت بۆ ئەوەی سووکتر ببێ. ژنە هەروا مات بە دیارمانەوە وەستابوو و سەیری دەکردین. عادەتی خۆیانە، لە کاتی تەنگانەدا دەستەوەستان دادەمێنن، لەو کاتانەدا تەنانەت توانای جێبەجێ کردنی پەرداخێک ئاویشیان نییە.

– «ئاوا لایەکی بە حەواوەیە و لایەکی لە سەر عەرز، قورساییەکەی لاسەنگە، دەبێ ژێر تەگەری لای ڕاستی هەندێک بۆ چاڵ کەین تا هاوسەنگ ببێتەوە، دەنا هیچی لەگەڵ ناکرێ.»

لە پاشی ماشێنەکە پێمەڕەیەکی داگرت و جەکەکەشی لە پێشەوە دەرهێنا، درێژ بوو، سەری بردە ژێر ماشێنەکە، جەکەکەی خستە ژێری، تەواو بەرزی کردەوە، تەگەری ڕاست تەواو بە حەواوە بوو، ماشێنەکە ئەمجارە هێندە لاسەنگ ببوو تەواو کەوتبووە جیڕکە جیڕک. بە پێمەڕەکە ژێر تەگەری ڕاستمان هەندێک دڕی و گڵەکەمان دەردا، پێشی تەگەرەکەمان خۆش کرد تاکو ڕێی بێت بڕواتە پێش.

پشوویەکی دا، سەیری دەکرد ئاخۆ چیتری پێویستە لەگەڵی بکەین تاکو دواتر پێویست نەبێ دیسان بۆی دابەزێتەوە.

– «جەکەکە دەردێنمەوە، تەگەری ئەم لایەش بڕێک دەنیشێ، بەشکەم ئاوا ئیتر بێتە دەر.»

سەری بردەوە ژێر ماشێنەکە تاکو جەکەکە دەربێنێتەوە، هەندێکی پێوە خەریک بوو، وا دیار بوو گیری کردبوو، پێچەکەی شل کردبۆوە کەچی نەدەهاتەوە سەر جێی خۆی، هەرچی تەکانی لێدەدا بێهوودە بوو، دەستی بۆ درێژ کردبوو و لیزی لێدەنا، دیسان بێهوودە بوو، تەکانی نەدەخوارد... بەرەودەم درێژ ببوو، سەری لە ژێر ماشێنەکە و لاشەشی لە سەر جادەکە، لامل و بناگوێی بە تەگەرەکەوە چەسپابوو، هەروا تەکانی لێدەدا، ماشێنەکە کەوتبووە لاژەلاژ... لەناکاو ڕمبەیەکی گەورە هات... وای... جەکەکە لە ژێر ماشێنەکە دەرچووبوو... لە دواوە کەوتە قاچەفرتە... نووکی قاچی لە خۆڵەکە گیر دەبوون بەرەو دوا... واق مام... سەری تەواو کەوتبووە ژێر تەگەرەکە و تێک چڕژابوو، پان ببۆوە... خوێن لە ژێر چەرخەکەوە فیچقەی دەکرد و بە گڵەکەدا ڕۆدەچوو، ڕێچکەی دەکرد، جڵەوی دەبەست، هەروا کە جڵەوی دەبەست خۆڵی جادەکەی لە خۆوە دەپێچا، بریسکەی لە ناو خۆڵەکەدا ون دەبوو، دەیتەنییەوە، بڵاودەبۆوە و دیسان خۆڵێکی زۆرتری لە خۆوە دەپێچا... لە قاچەفرتە و گیانەڵڵا کەوت، وەک پەیکەرێکی بەردین هەروا سەیرم دەکرد، بێ جووڵە!

ماوەیەک هەروا مات وێستام، ئەمجار سەیری ژنەم کرد، نەدەگریا، بەڵام ڕوخساری ئەوەندە پەڕیبوو کە لە ڕواڵەتی ژنێکی دەکرد لە چۆڵگەیەک هەزار گورگی هار پەلاماریان دابێ و زمانی گۆ نەکات و بێ ئەوەی خۆشی ئاگادار بێت لێوی خوارووی خۆی گەزتبێ، ئاخر لە لالێویەوە هەستم بە لیکاوێکی سوور کرد بە ئاستەم سووچی لێوی تەڕ کردبوو و هێواش هێواش بەرەو خوار دەیتەنییەوە.

سەرنجێکی تەواوی دیمەنەکەم دا، زیاتر لە تابلۆیەکی شێوەکاری دەکرد تا دیمەنێکی ڕاستەقینە، هەموو شتێک لە جووڵە کەوتبوو... چەند هەنگاوێک دوور کەوتمەوە، ژنەش بە دوامدا... هەڵوێستەیەکم کرد، ئاوڕێکم دایەوە، خوێنەکە هەر بەو زوویییە دەڵەمەی بەستبوو و ڕەنگی بەرەو ڕەشی دەچوو... بەرەو جادە قیرتاوەکە ملی جادەکەم گرتەوە، ژنەش بە شوێنمدا؛ بێ دەنگ و مات! ئەوەندە بێ هەست کە هەستم نەدەکرد کەسێک بە دوامەوەیە. هێنامەوە سەر جادە سەرەکییە قیرتاوەکە، بێ ئەوەی هیچ بڵێم، بە قامک ئاماژەم پێدا، ئاراستەی سەرووی جادەکەی گرت... پاش چەند هەنگاوی کورت هەڵوێستەی کرد، ئاوڕی دایەوە، لێوەکانی لێک هەڵپچڕین؛ بە لەرزە لەرز، چما ئەکتەرانی پانتۆمیمی سەر شانۆ، کە هەر تەنیا لێو و دەم دەجووڵێنن، وەک ئەوەی هەر هیچ نەڵێ، ناوی خۆی گوت.

ڕۆشنایی ئێوارە بەرەو کزی دەچوو، هەوا ساردتری کردبوو، کڵاوەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و کردمە سەرم، جگەرەیەکم داگیرساند و دەستم خستە گیرفانی پاڵتاوەکەم و بەو ئێوارە درەنگە، بە پەنای ڕیزە دارەکانی لێواری جادەکەوە، ئاراستەی خوارووی جادەکەم گرت و لە هەمان کاتدا کایەم بەو بازنە دووکەڵێنە دەکرد کە بە هوویەک لە دەممەوە دەهاتنە دەر. لە دووریشەوە، لەوسەری جادەکە، سەگەی کوژراو، وەک وشەیەکی بێ سەروا، یان وەک نیشانەیەکی سەرسوڕمانی کۆتایی ڕستەیەک، لە ناو ڕستەی جادەکەدا، دیار و نەدیار، سووری دەکردەوە.

**پاییز و زستانی ۱۳۸۹(۲۰۱۰)**



# ئاوات

**کامەران حامیدیان**
**(مهاباد)**

کەس نەیتوانیوە بەر لە تاو هەڵات بگاتە ترۆپکی، تەنانەت بە سوارییش هەر هەتا نێو قەدی ڕۆیشتوون، دەڵێن هەر کەس بتوانێ بەر لەتاو هەڵات بگاتە دوندی، ئاواتی وەدی دێ.

کز و لاواز بوو، چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو بوو، تاق تاق مووی سپی دەسەری کەوتبوو، زۆرجار ئەو قسەیەی بیستبوو زۆرجاریشی چاو لە زاواکێو بڕیبوو، سەیر بڵند بوو، لەهەر لایەک ڕا چاوت لێکردبا، وەک شوورەیەکی بڵند دەچوو، تەنیا لای ڕۆژ هەڵاتێ کەمتر هەوراز بوو، لەوانەیە هەر بۆیەش بوو هەتاو زووتر لە هەمووکەس دەگەیشتە ترۆپکی، دوو ژوور و پێشخانەیەکیان هەبوو، ڕەحیم لەگەڵ دوو برای چکۆلەتر لەخۆی لە ژوورێکیاندا دەنووستن کە پەنجەرەکەی بەرانبەر بە زاواکێو دەکرایەوە، دە وەرزی بەهار و هاویندا کە پەنجەرەیان دەکردەوە، هەوەڵ شت کە دەیاندیت زاواکێو بوو، زۆرجار کاتی دەرس خوێندن کە هەتا نزیک بەیان و وەخەبەر ببوو و بۆ پشووکێشان و حەسانەوە بە ئەسپایی پەنجەرەی کردبۆوە لە دوورەوە تاپۆی مرۆڤێکی دیبوو کە بە شاخەکەدا هەڵگەڕابوو، هەر وا تێی ڕامابوو، وەک مێروولەیەک چوو بوو وەسەر دیوار کەوێ، چاوی لە چیاکانی ڕۆژهەڵات کردبوو، هیچ سۆراخێک لە هەتاو نەبوو، دیسان چاوی لە مرۆڤەکە بڕیبۆوە، چاوی ڕەشکە و پێشکەیان کردبوو، جار جار لەگەڵ تاشە بەردان لێی تێکچوو بوو، فێنکایی بەری بەیان خزابووە ناو سینگی و مووچڕکی پێدا هێنابوو، براکانی دەخەودا غلێتیان کردبوو و خۆیان گرمۆڵە کردبوو، بەڵام پەنجەرەی دانەخستبۆوە، گوێی لە چرتە چرتی سەعاتی سەر کورسیلەکەی ببوو، چاوی لێکرد بوو، ئێستا زۆری دەما بۆ ڕووناک بوون.

– ئەوەیان بێ شک دەگاتێ، چی وای نەماوە.

دڵی بە گرمە کوتابووی، چاوی هێشا بوو و ئاویان تێدا زابوو، هەوڵی دابوو مرۆڤەکەی ساتێکیش لەپێش چاو

لانەچێ، بەچنگە ڕنێ و کۆمە کۆم هەڵدەکشا.
– ئەوە ئیتر دەگاتێ:
لە پڕ دوندی چیـــا تروسکابۆوە، تیـــرێژی هەتاو ئەوجاریش زووتر گەیبووە دوندەکەی.
پاییزێکی درەنگ بوو، بەیانیان هەرد دەیبەست، زوقم دەکەوت، مەزرا چۆڵو هۆڵ ببوون و بەدەگمەن ئەگەر ڕێبوارێک، یان کۆنە ماشێنێک دیترابا، قاژوو دەستە دەستە بە ئاسماندا دەڕۆیشتن، وەرزی بێکاری لادێیان بوو، کتێبەکانی لەمێژ بوو دەناو دوو کارتۆن نابوو و لە قونیچکی دیوەکە دانابوون، دەنگی دایک و بابی لە پێشخانەڕا دەهات.
– نازانم لەگەڵ ئەو هەتیوەی چ بکەم؟ نە کاری پێدەکرێ، نە دادەمەزرێ!
– باشە پیاوەکە برێک لە سەرەخۆبە، بەستەزمانە چ بکا؟ بە ناشکوری نەبێ بەختی نییە!
– کچێ ئەوە دەڵێی چی، هەمـوو عالەمی خـولای لەبەروبۆی منداڵیان دەحەسێنەوە ئەوەش ئێمە..!
بۆرەی گۆیلکێکی لە تەویلەڕا هات، کەڵەشێرەکەیان دوو سێ جاری خوێند، پرخە پرخ و پشووکێشانی دوو براکەی دەبیسترا، هاتە بەر پەنجەرە و تایەکی کردەوە، سەرما وەک سواڵکەرێکی بێ حەیا خۆی بە ژووریدا کرد، برایەکی غلتەیەکی کرد و لێفەکەی توند لە خۆ هاڵاند، چاوی لە زاوا کێو کرد، تاریکی لە دوندی ڕا چۆڕابۆوە داوێن و پاڵداوێنی، ساکێکی چکۆلەی تێکەوە پێچا، دایکی لە حەوشە پێشی پێگرت.
– ڕەحیم بۆ کۆی دەچی؟!
– دەچمە شاری، وەدوای کارەکەم دەکەوم.
ماشێنێک لە ڕاست مزگەوتی دێی ڕاوەستابوو، تاقمێک سواربوون، شوفێرەکە سەرو سمێڵی ڕەش کردبۆوە لەگەڵ ئافرەتێکی قسەی دەکرد کە لەبەر دەرگای ماڵێیان ڕاوەستا بوو، دەرگای کردەوە و چوو لەسەر کورسیلەیەک دانیشت، پیک نیکێک دایسا و کەم تا کورتێک ناو ماشێنەکەی گەرم کردبوو، ڕێبوارەکان خۆیان تەواو داپۆشیبوو، شووشەی پەنجەرەکان ئارەقەیان کردبوو، ڕەحیم سەری بە پەنجەرە نووساندبوو و چاوی لە دەرێ دەکرد، تیشکی هەتاو وە زاواکێو کەوتبوو شوفێرەکە سوار بوو و دەرگای بە توندی داخست و چاوێکی لە ڕێبوارەکان کرد و لەسەر کورسیلەی دانیشت.
دە ئاوێنەکەیدا چاوی بەسەردا گێران و چاک و چۆنی لەگەڵ کردن، ماشێن وەڕێ کەوت و بەنێو کووچە و کۆڵانی پڕ لە کەند و لەندی دێیدا کەوتە سەر ڕێگایە، چاوی هەر لە زاوا کێو بوو و دەبیرێکی قووڵدا نوقم ببوو، بۆ خۆی دەیزانی چوونی بۆ شار بێ هوودەیە و هەروەک کەرەتەکانی پێش دەستی وەڕوو دەنێن، ڕێبوارەکان بە دەنگی بڵند لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ شۆفێرەکە قسەیان دەکرد، ماشێنەکە جار و بار دەقوڵکەیەکی پڕ لە ئاو دەکەوت و تەقەی لێ دەهاتو شوفێرەکە لەنێوان قسەکانیدا جوێنێکی دەدا، ڕەحیم سەری هەروا بە پەنجەرەکەوە نووساندبوو، زاواکێوی لەپێش چاو نەمابوو و لەجیاتی وی دەشتی چۆڵو هۆڵی دەدیت، حەوت ساڵ لەوەی پێش بوو بۆ زانکۆ دەرچوو بوو، تەمەن چۆن تێپەڕ دەبێ! چاوی لە ئاوێنەی ماشێنەکە کرد، تاق تاق مووی سپی سەری دیت، چاوی لەچاوی شوفێرەکە دزییەوە، دەموچاوی بە پەنجەرەکە نووساندەوە، ڕێبوارەکان یەکبین قسەیان دەکرد و دەنگیان ئاوێتەی سترانێکی ببوو کە شوفێرەکە دانابوو، گەیشتنە سەر ڕێگای ئەسڵی، ماشێنی گەورە و چووک توندوتیژ بەرانبەریان دەهاتن، ساتێکی کورت دەیدیتن و ویژەیەکی گوێ لێ دەبوو، بیری چۆوە سەر زاواکێو.
– هەر کەس دە بوومەلێڵدا بەر لەتاو هەڵات بگاتە دوندی، ئاواتی هەموو وەدی دێن. خۆی دیت لەسەر دوندەکەی، تاریک و روونی بەیان، هەتاو وەدوا کەوتۆتەوە، ئاواتەکانی دێنا بەر چاو، ماشێنەکەی شل کردەوە و دایە کەناری ڕێگا، پیاو و ژنێک. کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو و دەستیان هەڵێنابوو، شوفێرەکە دەنگی زەبتەکەی کەم کردەوە، دەرگایان کردەوە و هاتنە سەر و سڵاویان کرد، لە ڕیزی ڕەحیمی دانیشتن، چاوی پێدا خشاندن، ماشێنەکە وەڕێ کەوتەوە، سەری بە پەنجەرەکە نووساندەوە.
– دامەزرێم، خانوویەکی بکڕم، ژنێ بێنم، منداڵمان بێ.
منداڵەکە گریا، دەنگی تیژ بوو، ڕەحیم ئاوڕی لێ داوە، بابی هۆشی لێ نەبوو لەگەڵ شوفێرەکە قسەی دەکرد، دوور و نزیکی شار ببوون، هەموو ئاواتەکانی نەینابووە پێش چاو، ماشێنەکە گەیشتە خێرایی گیرێک و شلی کردەوە و نەختێکی هەڵاویشتن، لە شوێنێکی تایبەت دابەزین و هەرکەس وەک دڵۆپی باران، یان دەنکە بەفرێک بۆ شوێنێک ڕۆیی، خەڵک بە پەلە دە

هاتوچۆدا بوون و ساتێکی کورت شوێنیان لەسەر زەینی یەکتر دادەنا، ئەو جارەش دەستیان وەرووی هێنا و مات و ئەدگار مابۆوە چ بکا، پێنج ڕۆژ لە شار مایەوە، سەر لێ شێواو و ناهومێد خولابۆوە، پاش نیوەڕۆ هاتبۆوە لای مینی بووسەکە، سوار ببوو و هەر لەسەر هەمان کورسیلەی ڕۆژی هەوەڵ دانیشتووە، ئەوجار ئەوبەری ڕێگاکەی دەدیت، ماشێنەکان دیسان بەرانبەریان دەهاتن، بەفرێکی ورد دەستی پێکردبوو، بەفر پاک کەرەکان تاو نا تاوێک وەخۆ دەکەوتن و جیکە جیکیان دەهاتە گوێ، دەنکە بەفرەمان ماوەیەکی کەم دەمانەوە دوایی ڕادەدران بۆ شوێنێکی کەس نەیدەزانی چیبیان لێ دێتەوە، بانگی شێوان گەیشتنەوە ناو دێ، دایکی لە گۆشەی حەوشەڕا بەرەو پیری هات و بە دڵخورتی کوتی:

– ڕەحیم گیان چت کرد؟ جێبەجێ بوو؟

– نا..!

چی دیکەی نەکوت و چووە دیوەکەی خۆی و ساکەکەی فرێ دا قونیچکێکی و هەناسەیەکی هەڵکێشا، نێو ژوورەکە دەهات تاریک بێت، هاتە بەر پەنجەرەکە، تایەکی کردەوە و چاوی لە زاواکێو کرد، بەفر وەک پەردەیەکی سپی لە تاریکی سەرێ شەودا دەینواند، زاواکێو نوقمی تەمومژ بوو، دەنگی باب و برا و خوشکەکانی لەو دیوبڕا دەهات کە لەسەر سفرە دانیشتبوون، دایکی هاتە ژوور و بۆ شیوخواردن بانگی کرد،

– ڕەحیم ڕۆڵە گیان هەستە وەرە نانەکەت بخۆ.

سەری لەژێر پەتوو دەرنەهێنا، وەڵامی نەدایەوە، شەو درەنگان بوو و پرخەی براکانی لە خوارەوەی دیوەکە دەهات، سەرێکی پەتووی لەسەری لادا و دە تاریکی ژوورەکەدا چاوی دە میچی بڕی، هەستا سەر پێ و هاتەوە بەر پەنجەرە و چاوی لە زاواکێو بڕی، تاریکی ئەنگوستەچاو پێشی بەهانای چاوی گرتبوو، ماوەیەک ڕاوەستا، ئاوڕی لە براکانی دایەوە، خۆیان گرمۆڵە کردبوو و پەتوویان دەخۆوە پێچابوو، پشتوێنەکەی قەد قەد لە کەمەری کردەوە و بەری دایەوە بەرپێی، کراسەکەشی لەبەر داکەند، بە ئارامی بە پەنجەرەدا پێی نا حەوشە، پەنجەرەی لە براکانی پێوەدا، سەرما مووچڕکی پێدا هێنا، دەمێک دوایی شوێنی لاقی لەسەر بەفری ناو حەوشە مابۆوە، لە دێی وەدەرکەوت، سەری بەردابۆوە، جار جار سەری هەڵدێنا و دەیڕوانییە زاواکێو، بەفر لێی کردبۆوە و زریان وەک دەعبایەکی ژاراوی دەی گەست.


– هەرکەس بتوانێ بەر لەتاو هەڵات بگاتە دوندی ئاواتی وەدی دێ.

جێ جێ دە قوڵکەی پڕ لە بەفر، یان جۆگەیەکی دەکەوت و هەتا نزیک سینگی ڕۆ دەچوو و بە چەتوونی دەهاتەوە دەر، لەشی سڕو سست ببوو، وەک بە سەدان قەمچی لێیان دابێ.

– تەنانەت بە سواریش ڕۆیشتوون، بەڵام نەیانتوانیوە.

دەوران دەوری تاریکی ئەنگوستەچاو بوو، تەنیا سپیایی بەفری دەدیت و هیچی تر، ئاوڕی لە پشتە سەری نەدەدایەوە، دەموچاوی سڕ سڕ ببوو و ئاو لە گۆشەی چاوی بە قەراغ چاویلکەکەیدا دەهاتنە خوار، گەیشتبووە داوێنی زاواکێو، تاشە بەردی ڕەش و زەلام وەک تاقمێک دێوی هەڵکورماو دەچوون پیر بووبێن و سەریان سپی دەچووەوە، وەسەر کەوت، دەستی بە بەردان دەگرت و بە چەنگەڕنی هەڵدەکشا، هەڵدەخلیسکا و لەشی بە درووی چاڵووک و تیراژیی بەردان دادەڕووشا و خوێنی لێ دەتکاوە، هەستی نەدەکرد و خۆی بۆ سەرتر دەکێشا.

لای ئێوارێ شوێنیان هەڵگرت، باب و برا و خزمەکانی بەجێ پێی ویدا وەسەرکەوتن، لە دوندی زاواکێو دیتیانەوە، چاوی دە ڕۆژهەڵات بڕابوو، ئەوی ڕۆژێ هەور بوو و تاو هەڵ نەهاتبوو.



# جار لەگەڵ جار چووکەتر دەبێتەوە

**ناسر فەتحی**
**(بۆکان)**

– تا دێ چووکە تر دەبێتەوە!

دەبوایە بەو «با» توندەی دوایی‌را، بمزانیبایە ئەم بارانە شێتەی ئێستای بەدواوە دەبێ!

– چووکە و گەورەکەی زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بڕێک بە کەڵک بێ!

تازە خۆم نادەمە پەناوپەسیوان، دەچمە بەری و لێی دەگەڕێم جوان جوان بخووسێم.

– پێم وابێ، نا.. بە دڵنیاییەوە جارێکیان لەوە چووکە تریشم بینی! یەکەم جار کە بینیم هەڵبەزیمەوە، لەبەر قاقا و پێکەنین هۆشم لەخۆم بڕا و عەیب نەبێ یەکێکیشم لێ بەر بوو! ئاخر زۆر لەوەی من چووکەتر بوو!

خۆزگە ئەمڕۆ نەچووبایەم بۆ سەرتاشخانە، مۆدە کەڵەشێرییەکەم، بەم بارانەیە تێک چوو! دیارە ئەگەر ڕاستم کردبێ و چیرۆک درۆی پێ نەکردبێتم!

– دە باشە ماڵ ئاوەدان، بەسی کە! دەبڕۆ بە سی چاو لێکە! ئەو چووکە بووەوەیەت لە چییە؟!

بارانێکی سەیر دەبارێ، دەڵێی هەرچی ئەستێرەی عاسمانە بە جارێک وێکڕا هەڵترووشکاون و خۆیان هەڵدەدێرن! تۆ بڵێی ئەم قوڕە بارانە بەم زووانە دوایی بێت؟!

بە قوڕم نەگرت بۆ شاری هەمانە، نە باران بارینی باران بارینە، نە باوبۆرانی باوبۆرانە، جارێ لە خۆڵ بارینەکەی هەر مەپرسە! یان هەر نابارێ نابارێ، یان ئەگەر دەستی پێ کرد، ئیتر لێی نابڕێتەوە. خۆزگە ئەو کامێرامەن و وێنەگرانەی، ئەو گشتە تەلەڤزیۆنە زۆروبۆرەی هەمانە، لەو خەوە کەرۆشکەییە هەتا هەتاییەیان بێنە دەرێ و سەرێک بچن بۆ قەراخ شۆستەکان، بەڵکو ڕەحمیان وەجووڵە بکەوێ و وێنەیەک، یان دیمەنێک لەو ئاوەڕۆ و بەچکە سێلاوە سەمەرانانەمان هەڵبگرنەوە و بە بڵاوکردنەوەی بەجیهانیان بڵێن: ئەم شۆستە گێڕانە، ئەم کۆڵانە کاولانە، ئەم ئاوەڕۆ شازانە، کە لەبەر لرفە لرفی قوڕ و چڵپاو، خەریکن گوێی زەوی کەڕ دەکەن، هەمووی بەرهەمی پێشکەوتن و چاکسازییە دۆشداوەکەی خۆمانە!

دەک دەستیـان... وەڵڵاهی منیش بوومەتە پوور پەڕۆ بە بۆڵە بۆڵەکەی هەوشار! ئەخە باشە، بۆ حەقم پێ نادەن لە دین دەهری بم؟! بۆ لە خـۆڕا بڵـێم: دەستیـان خـۆش بێ؟! توو سەری خۆتان ئەوانە شۆستەن ئەو کۆمپانیاگەلە تورک و فـارسە مفـتەخۆرە سازیان کردوون؟! مـاوەیەک لەمـەوبەر شـۆستـەیەکیـان لە سەروو مـاڵی ئێـمە ساز کـردووە، هەر بۆ ئەوەی دەبێ لە پێـشـدا لە عـەیبـەتی پێکەنیندا بکەویە سەر پشت و خۆت لە خۆڵ بگەوزێنی و دواتر هەستیبیەوە سەر پێ و خۆت نەتەکێنی و تێر و پڕ بگری و بۆ زۆر کەسی دابگری!

مـاڵێکم لە قـەراغ شـۆسـتـەکـە بینی، بە تەواوەتی داهێـزرام، نازانم داخـوا دەبێ مـاڵی چ حـوکـمـەت پێداوێک، یان مەسئوولێک بێ! ژوورێکی بچووکیان لە پەنای حەوشەکەیان ساز کردووە، کە پێدەچێ ژووری موەلیدە و ماتۆڕخانە و شتی وابێ، ئەو ژوورە بە حسێبی شارسازیش بێ، هەر زێدەڕۆییە و ئەگەر بەو حسێبەش نەبێ، هەر زێدەڕۆییـە! بەڵام بەداخـەوە کێ هەیە بڵێ «با»ی بابم، دەبێ ژوورەکەت بڕێک بکشێنییەوە! بە من بوایەم، بەر لە هەموو شتێک ئەو ژوورەم پێ تێک دەدا و دوایەش لە بری ئەم زێدەڕۆییـە، بۆ ئەوەی چاک چاکم غـەرامـە کـردبێ، یەک مـانـگ بە خـۆڕایی دەمکرد بە کرێکاری شۆستە سازکردن و فلسێکیشم نەدەدایە! کەچی برادەرانی شارەوانییە چییە!؟ ئەوانەی کاروباری شۆستە سازکردنیـان بە ئەستـۆوەیە، نازانم لە ترسان بووە، یان لەبەر ڕەزاگرانی خۆیان بووە، یان لەبەر هەر هۆیەک بووە، ژوورە زێدەڕۆییەکەیان بە کاکی زێدەڕۆ بەخشییەوە و زۆر بە ڕێزەوە، دەوروپشـتی ژوورەکـەیان، بە مـۆزاییک، بۆ فەرش کردووە! بەواتایەکی دیکە شۆستەکەیان بە جارێک بۆ ئەو برادەرە تێک و پەکان داوە و تێی ڕیاون!

مـاڵێکی دیکەش کە خوا دەزانێ ماڵی چ ملیۆنێرێکی فـەقیرە، هاتووە حەوشەی خاوەنەکەی، لەبەر بێ پارەیی بووە، یان لەبەر حەزی دڵی خۆی بووە، جا نازانم! تا دە هەنگاو دوورتر لە ڕێکی شۆسـتـەکـە بردۆتە دواوە و بە واتایەکی دیکە، ئەمـەیان زێدەڕۆیی لەخـۆی کـردووە و کـەچی دیسانەوە برادەرانی شۆستەسازە دەستڕەنگینەکانمان، دڵی ئەم بەڕێزەشیان بەلاوە مەبەست بووە و فەرشی شۆستەکەیان، تا بن دەرکەی حەوشەکەی ئەو ملیۆنێرە هەژارە بردووە، خوایە ئیمـانم نەچێ، لام وایە پێڵاوەکانیشیان بۆ بۆیاغ کردبێ!

تیاح لەو شارە چەند خۆشە! جا حەیف نییە شار ئاوا نەبێ، توو سەری من، ئێوە لە کوێی ئەم دنیا پانوبەرینەدا دیتووتانە حوکمەت بە کەیفی یەکە بە یەکەی دانیشتوانی وڵاتەکەی یاسا دابنێ، لە سایەی ئەم حوکمەتە ڕەنگینە خۆمـاڵییـەی خۆمـان، ئیـمـە بووینەتە یەکـەم وڵاتی بەرهەمهـێنانی یاسای سەیروسەمەرە و خۆ شکور هێندە دەست و دڵاوایـن، بەردەوام خـەریکین- مـادام هیچ شتێکی خۆماڵیمان بەرهەم نەهێناوە بۆ ئەوەی بە وڵاتانی دەرەوە سـەهلە بە وڵاتی خـۆشـمـانی بفـرۆشن- هەرچی کولتووری شاز و ناوازەی خۆمانە بەڕێی دەکەینە دەرێ و چاوەڕوانی دراوێکی ڕەشیـشـمـان لە کەس نەبووە! ئاوا دەبێ حوکمەت!

یەک تێکەڵوپێکەڵێکە نەبێـتـەوە! باشـە تۆ بڵـێی یەکێک پەیدا نەبووبێت و بەو برادەرانە بڵێ: ئەرێ براله خۆ بە لەشی ناخێـرمـانەوە ئێـمـە دەمـانەوێ ڕواڵەتی شـارەکـەمـان بگۆڕین و بڕێک ڕەنگ و ڕووی شارستانیەتی پێوە بلکێنین! ئەدی بۆچی هیچ یاسایەکتان بۆ ئەو خاوەن ماڵانەی بەردەرکەیان بۆ دەکەن بە شۆستە و فەرشی مۆزاییکی کاشانی ئێران، دیاری ناکەن؟!

ئەگەر بڕیارە شۆستەیەکی ڕێکوپێکمان لە دەوروبەری جاددەکان و شەقامەکانی شارەکەمان دروست کردبێ، با یان ئەوەی شـارەوانی مـەودایەکی دیاریکراو بکات بە شۆسـتـە و خـەڵکەکـەش بە گـوێی شـارەوانی بکەن، یان ئەوەی کە خەڵکەکە پێکەوە ساغ بنەوە و مەودایەک بۆ بە شۆستەکردنی بەر ماڵەکانیان بۆ شارەوانی دیاری بکەن! ئاخر خۆ ئاوا نابێت هەرڕەمەکی هەر کەس بە کەیفی خۆی ماڵەکەی بباتە دواوە و بیـهـێنێـتـە پێشێ! با یان گشت مـاڵەکـان زێدەڕۆییـەکـانیـان چارەسـەر بکەن و حەوشـە و دیوارەکـانیـان بهـێننە یەک ڕێـک، یان ئەوەی شـارەوانی ناچاریان بکات، یان بکشێنەوە، یان ئەوەی بێنە پێشێ، ئاخر خۆ ئاوا نابێ! هەموو شتێک حیساب و کتێبێکی هەیە! هەمـوو شتێک بە یاسا و یاساش بە مانا، وانییە توخوا؟!

- ئەرێ باشـە مـاڵت نەشـێـوێ، خۆ مـێشـکی سـەرت بردین! ئەوە هەر ماندوونەبووی لەم پرتەو بۆڵە بۆڵانەت؟! ئەوە کەی کێشـەی تۆیە؟! سەرت ناهێشێ بۆ پرێسکەی لێ دەبەسـتی؟! وەڵڵاهی خـۆ من بەدەست ئەم پرتە و بۆڵانەی تۆوە گەوج بووم! سەری خۆت بیبڕەوە و واز بێنە!

- جـار لەگـەڵ جـار چووکـەتر دەبێـتـەوە، لە داخـانی خەریکە شەق ببەم!

ئەسـتێـرەکـان هێـشـتـا لە هەڵـتـرووشـان و هەڵـمـیـستن نەکـەوتوون! دەک مـێـزڵدانیـان دڕێ بۆ ئەم خـێـرو بەرەکـەتەیان! خـۆ خـۆزگـە شـتـێکی بڕێ خاوێنیـشـیـان هەڵڕشبایە، ئەم قوڕولیتەیە چ خێرێکی هەیە؟!

- هەرچی هاوارمـان کـرد و لێـرە و لەوێ، لەسـەرمـان نووسین و بڵاومان کردەوە کە کاکە: کوڕە کاکە، ئەوە ئێوە بۆ ئەوەندە چاولێکەر و چاوچنۆکن؟! بۆ کـابرای بیـانی

ناوێرێ شەکرێک بشکێنێ ئێوەش لەڕێوە لە زاری دەگرنەوە و دەیکرۆژنەوە؟! هەر هیچ!!!

ئە... ە...! جا بیخۆن! هەر بە قسەی ئێمەتان نەکرد! ئاخر چەندەمان پێ گوتن: ئەم شارەی ئێمە بۆ ئەوەی نابێ ڕووکاری بیناکان و باڵاخانەکانی بە شووشە و جامی ڕەنگاڵەیی و شتی وا برازێتەوە؟! هەر هیچیان بە قسە نەکردین!!!

ئەو هەموو شوققە و بینا زەبەلاحە چییە بە جام و شووشە سازتان کردوون؟! پێتان وایە ئەم وڵاتەی ئێمەش وەک ئەو وڵاتە ڕەنگاڵەییانەی ناو سەتەلایتەکەتانە؟!

نا، کاکی خۆم، هەر وڵاتە و دەنگ و فەنگی تایبەت بەخۆی هەیە! ئەم تۆزوخۆڵەی لەم شارەی ئێمەدا باوە، لە شارە ڕەنگاڵەییەکانی ناو سەتەلایتەکاندا بە خەونیش نابیندرێ. جاری وایە تۆزوخۆڵێک بەردەبێتە گیانی ئەم وڵاتە و دەڵێی تەواوی خەڵکی ئەم شارە خەریکن شەڕە کەڵەشێر و شەڕە سەگ دەکەن.

وەڵڵا تاوانە. بیللا تاوانە! کوڕە بەسەری ئەوەی سوێندم پێ نەخواردووە، تەنیا ڕەنگ و ڕووی شارەکە و بیناکانی خۆتانی پێ ناشیرن دەکەن!

ئێوە قەت چاوتان بەو قوڕ و چڵپاو و پەڵە پەڵەیەوە نییە، کە بیناکانتانی کردۆتە جلی عەسکەری!؟ دەڵێی بیناکانتان گول بوون، ئەوەندە نێوچاوان بەڵەک و تۆزاوین، «دڵ»ی قولەڕەشەکانی کارەکەرتانی کردۆتە قوونە چۆلەکە، لە سامی ئەوەی بچنە سەر داربەست و بۆتان خاوێن بکەنەوە، شەووڕۆژیان لێ حەرام بووە، شەوانەش خەون بە بەربوونەوە دەبینن. ئاخر دەزانن وازی داربەستەکانیشتان هێندە خاوێن نییە و بەردەبنەوە و بە جارێک دوو تر بە گۆڕیان دەبێ!

– بەسیکە ماڵێکتە، خۆ تۆ لە من خراپتری، ئەوە هەر ئێستا تۆ نەبووی منت سەرکۆنە دەکرد و لەو قسە بەلاشانە!

– دەی باشە ئەوە لێکم نا با بزانین چ گوڵێکمان لەسەری دەدەن!؟

– هەر دێت و چووکەتر دەبێتەوە!

– باشە، باش! سەری خۆت، تۆش واز بێنە لەم قسانە، دەڵێی لەم دنیا پانوبەرینە هەر هی تۆ چووکەیە!

باران دەبارێ، نا ببوورن، قوڕ دەبارێ! کیسەڵێکیشی لێ نییە لێمان بتۆرێ! دە وەڵڵا ڕەحمەت لەو گۆڕەت، بۆ شتی گوتووتە، جا هەر کەسێکی!

– سەری خۆت واز بێنە! دەباشە، بەسمان پیشان بدە! چت لێبکەین؟! چووکەیە.. چووکەیە! کاری خولایە! پەلەت لێی نەکردبایە، ئاوای لێ نەدەهات!

– باشە من چیم گوتووە، وەڵڵاهی تۆش حەزت لە گۆنگەڵە، من وازم لێ هێناوە تۆ وازی لێ ناهێنی! ئەو بارانەیەش هەمووی تەڕ کرد! دەک بەزیادی خێرم نەکرد لەگەڵ تۆش!

قوڕوچڵپاوێکی سەیرە، تەواوی گیانی تەڕ بووە، لە دۆڵی سەریەوە تا دۆڵی سمتی جۆگەلە ئاوێ ساز بووە کە بە حەزرەتی فیلیش لاڕێ نابێ! چۆنی دەست پێ کردووە هەر واش کۆتایی پێ دێ!

– زۆر چووکەیە!

– هەههههههههههههههها!!!!!!!!!!

– چییە؟! ئەی زۆر چووکەیە ئیدی!

– چەند سانتیمەترە؟!

– نازانم، نەمپێواوە!

– هەههههههههههههههها!!!!!!!!!!

– دوازدە سانت دەبێ!

– ئێ! دەی باشە باش! زۆریش بچووک نییە! تا دوازدە سانت سروشتییە!

– ئا، ئا.. کوڕە دوازدە سانت هەر دەبێ، ئەگەر گەورەتر نەبێ!

– دەی باشە ئەی بۆ دڵت تۆقیوە؟

– ئاخر ئەوەی من لەو سەتەلایت و مەتەلایتەدا بینیومە کە ڕیکلامی بۆ دەکەن، شتێکی ترە!

– ڕۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە بێ مێشکی؟! ئەوانە هیچی سروشتی نین! تایبەتن بە ڕیکلام!

– ئەوەڵەن ڕۆڵە بۆ خۆتی؟! خۆ من لەتۆ نەبووم! دووەم ئەو سروشتی نا سروشتییەت لە چییە؟! من هەر لە ئەوەڵەوە جوان سەرنجی ئەم قسە قۆڕەی تۆم نەدابوو! سروشتی چی و تەڕەماشی چی؟!


بارانێکی توند دەبارێ، تەواوی گیانی خووساوە!

هەر تاوناتاوێک قسەکانی ئەو ڕۆژەی خۆم و کاک «وانێک»م وەبیر دێتەوە! وردە وردە هەست بە سەرما دەکەم.

جگەرەکەم بە تەواوەتی چووکە بۆتەوە! لێوی وەبەر نایە مژێکی دیکەی لێ بدەم! من زۆرم حەز لە جگەرەی درێژە، ماوەیەکە جگەرەیەکی درێژ درێژ دەبینم لەسەر کەناڵێکی ماهوارەیی، کە خەریکن ڕیکلامی بۆ دەکەن! زۆر بە تاسەوەم بۆ جگەرەیەکی وا درێژ!

تۆ بڵێی ئەو جگەرە درێژانە درەنگیش دواییان پێ بێ؟! کوڕە دەی مادام دەستمان وێراناگا حاشا لەو جگەرانەش! ئەم جگەرە درێژەیان چ خێرێکیان بۆ من بووە، تا بیر لە جگەرەی درێژتریش بکەمەوە؟! لەو بەینانەدا بە جارێک فڕێی دەدەم، یان ئەوەی پێی قانیع دەبم و نقە ناکەم، یان ئەوەی.. کوڕە دەی لێی گەڕێ!

# کەمبەرۆک



**لۆرین س. دۆغان**
**(نسێبین)**

– خالتیکا فنجێ، هۆزان ل ماله؟

هینا فنجێ بەرسڤا ئازاد نەدایە، هۆزان ل بەر دەری یە. وەختا چاڤێن ئازاد ل هۆزان دکەڤن، فنجێ ژ بیر دکە و ب هەیەجان ژ هۆزان دپرسە:

– تو نایێ ئەم هەڕن بلەیزن؟

فنجێ ب هێرس:

– ئەڤ ژی نە تو کارە. هەما کو هوون ژ دبستانێ هاتن، هوونێ چەنتێ خوە پاڤێژن بەرمالێ و کۆلانا بژمێرن. قەی دەرسا وە نینە؟

هۆزان ب لاڤاکرن:

– نە دایێ، وللەه دەرسا مە نینە.

فنجێ:

– ئان مامۆستێ وە بکێر نایە، ئان ژی هوون دەرەوان دکن. مانە ئەزێ سبێ وەرم دبستانێ.

هینا فنجێ گۆتنێن خوە تەمام نەکرنە، هۆزان شەکالا خوە ختیە لنگێن خوە و ل دەری ختیە. فنجێ هەی د پەی لاوێ خوە دە دقیڕە:

– نە لاوۆ، تە فراڤین ژی نەخوار. ئەڤ چەندەکە هەما تە دێ تریا ئازادۆ.

هەر دو زارۆک بێیی گۆتنەکە کو وان بدە سەکناندن حس بکن. ب بایێ بەزێ د ناڤ کۆلانێ دە وندا دبن. لێ هینا تێهنا فنجێ نەشکیایە و ب قەهر گۆتنا ل هەڤ سوار دکە.

– نه وەللەه ولۆ نابە! ڤی کوری، لاوێ من ژی خەرا کر. ژ وەختا کو ئەڤ کورە دگهیژە ئازادۆ، نەما ل مالێ ترەکێ دکە. ئەز نەما پێ کارم. هەتا ئێڤاری باڤ وەرە. ژ خوە ژ من ژی نەحساند و دا دو قونا ئازادۆ.

ئازاد وەکە رێیەرەکی دایە پێشیا هۆزان و ب هلکەهلک دبێژە:

– تو زانی ,دەڤەرەکە کو کەمبەرۆک لێ پرن من دیتیە.

هۆزان ب مەرەقداری:

– کوو دەر؟

– بەر سنۆر.

– بەر سنۆر؟

ئازاد:

– بەلێ، بەر سنۆر. وێ رۆژێ وەختا من بزن برن چێرێ، من گەلەک کەمبەرۆک ل ور دیتن.

– ئەمێ نها هەرن بەر سنۆر؟

– بەلێ.

هۆزان ب دەنگەکی مەلوول:

– لێ من کیسک ژ خوە رە نەئانی...

ئازاد وەکە زێدەییەک لێ بووبە، ب قورەتی دەستێ خوە داڤێژە ستوویێ هەڤالێ خوە:

– خەم ناکە، دو کیسک ب من رە هەنە (ئازاد کیسکێن نایلۆنی ژ بەریکا خوە دەردخینە) مەیزەکە!... یەک ژ من رە، یەک ژی ژ تە رە.

هۆزان ب چاڤێن دەیندار رادهێژە کیسکەکی. ئازاد وەکە کو شەرتەکی ل بەر هەڤالێ خوە دەینە:

– تو ژ دەساسۆ رە جهێ کەمبەرۆکا نەبیژی ها!

– نا نا، ئەز نابێژم.

– کو دەساسۆ پێ بحەسە، وێ ژ زارۆکان رە بیێژە و وێ بەرکێن کەمبەرۆکان هەموویان بدن هەڤدوو.

– نا نا، ئەز نابێژم.

– کو دەساسۆ پێ بحەسە، بەرکێن کەمبەرۆکا ژ مە رە نامینن.

– نا نا، ئەز نابێژم.

– ئەمێ ئیرۆ تێرا خوە بەرک بدن هەڤدو.

– ئەمێ ئیرۆ گەلەک بەرکان بفرۆشن.

– وێ ئیرۆ گەلەک بەریکێن مە وێ چێببن.

– ئەزێ ب وان بەران پسکلیتەکێ ژ خوە رە بکرم.

– ئەز ژی!..

وەختا کو گۆتنا " پسکلیت " تەڤلی هەڤۆکێن وان دبە. چاڤێن وان دبەرقین و گاڤێن وان بلەزتر دبن.

زارۆکێن کو گەهیشتنە بەر سنۆر. پێشی د ناڤ گیایێ کو بوویە قامەک توتلانیکان داڤێژن. هۆزان، وەکە کو شیرەتەکێ ل هەڤالێ خوە بکە:

– ئەم نەما هەرن گرنەواس. ل ڤر کەمبەرۆک پرترن.

ئازاد:

– ژخوە ئەم نەما ئەم دچن گرنەواس!

کیسکێن وانێن نایلۆنی د دەستێن وان دە، سەرێ وان دبەر وان دە، وەکە کو هەردو زارۆک ئڤارێ بکن. بەرکێن کەمبەرۆکان ددن هەڤدو. ژ کێف و لەزا، ب ژانا ستریێن کەمبەرۆکێن د تلیێن وان دە رادبن ناحسن. دەنگێ قیرقیرا لەشکەرێ ل سەر قولووبەیێ کو دبێژە " نێزی سنۆر نەبن! " حس ناکن. هۆزان ب هەیەجان گازی ئازاد دکە:

– ئازاد لاوۆ کا وەرە، من تشتەک دیت!

ئازاد ببەز:

– تە چ دیت؟

ئازاد نارنجۆکا د ناڤ دەستێ خوە دە شانی هەڤالێ خوە دکە:

– مەیزێنە!..

ئازاد:

– کا بدە من، ئەو چ یە؟

ئازاد ب لێڤچەمچکی:

– ئەو یا منە، من دیت.

ئازاد ب هێرس:

– من ژی جهێ کەمبەرۆکا شانی تە کر لاوۆ!

هۆزان بێدلی خوە نارنجۆکا د دەستێ خوە دە، دخە ناڤ لەپێ ئازاد. هەردو زارۆک ب دۆرێ نارنجۆکێ ژ دەستێ هەڤ دگرن.

دەنگێ تەقینا ژ بەر تێلان تێ، دکە کو دوو ب سەر بازێر بکەڤە. لەشکەرێ کو د قولووبێ دە نۆبەداری دکە. دەست داڤێژە تڤنگا خوە ,ل دەردۆرا خوە درەشینە.

ل دۆرا هەردو کیسکێن کو مشتی بەرکێن کەمبەرۆکانە سێ دەست ... لنگەک و دو جەندەک خویا دکن.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا " کراسێ تەنگ " روویپەلێن (۱۵– ۱۸) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (۲۰۰۷) ێ ل چاپخانەیا بارش – ستەنبۆل هاتیە چاپکرن و ژ بەلاڤکرییێن وەشانخانەیا ئاڤەستا یە.**

**«رامان»**



# دوو منداڵە جمکەکە

**ڤیلی سورینسن**
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

هەر لەو کاتەوەی دوو منداڵە جمکەکە لە دامێنی دایکیان بەربوونەوە، کەس لێکی نەدەکردنەوە، ئیتر وای لێهات ئەم لێک نەکردنەوەیە بوو بە چارەنووسیان. دایک و باوکیان ویستیان لەیەک دووریان ڕاگرن، تەنانەت داوایان لە قەشە کرد کە یەکێکیان بە ناوی (یەسپەر) و ئەوی تریشیان بەناوی (بێرنهارت) پیرۆز بکات.

قەشەکە دەترسا لەوەی لە کاتی گەرمەی مەراسیمی پیرۆزکردنەکە و لەبەر سەرقاڵی، لێی تێک بچێ و یەسپەر بە بێرنهارت بانگ بکا و بێرنهارتیش بە یەسپەر، بۆیە پێشنیاری کرد بۆ باوک و دایکەکە کە هەردوو منداڵەکە لە ژێر یەک ناودا پیرۆز بکات و هەردووکیان ناویان (ئۆتۆ) بێت. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی و دایک و باوکەکە لەسەر ئەم بەزمە ڕاهاتن و زەحمەتی ئەوەیان لەسەر هەڵگیرا هەموو جارێک بە بیریان بێتەوە کامە منداڵ ناوی چییە، بۆیە هەر کام لە منداڵەکان بەر بکەوتبایە، ئەوە بە (ئۆتۆ) بانگیان دەکرد.

ئەو دوو منداڵە نەک هەر بە تەنیا لەناویان هاوبەش بوون، بەڵکو لە هەموو شتێکی ژیان هاوبەش بوون.

هەموو ساڵێک یادی لەدایکبوونیان بەیەکەوە دەگێڕا و هەمان دیارییان وەردەگرت.

لەبەر ئەوەی لە یەک تەمەن بوون، لە قوتابخانەش لە هەمان پۆل بوون. مامۆستایەکی گەنجیان هەبوو دەیویست لە یەکیان بکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک ئەویش وازی هێنا. هەرجارەی خشتەی لێکدانی لە یەکێکیان دەپرسی ئەوی تریان وەڵامی دەدایەوە، هەردووکیان بە یەکەوە قسەیان دەکرد، بە لێدانیش وازیان لەو ڕەفتارەیان نەدەهێنا، لە کۆتاییدا وای لێهات ڕێگەیان پێدرا بە جووتە وەڵام بدەنەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان دەستە کتێبی خۆی هەبوو، بەردەوام کتێبەکانیان تێکەڵ دەکرد، تا وای لێهات یەک دەستە کتێبیان دانێ بۆ هەردووکیان، کە کارتیان وەردەگرتەوە پلەکانی سەر کارتەکانیان وەکو یەک بوون، چونکە

مێشکیان و ڕادەی زیرەکییان لە یەک ئاستدا بوو. هێزی جەستەیان وەکو یەک وابوو، بۆیە هیچ خۆشییەکیان لە شەڕەدەست نەدەبینی، کە هەردووکیان دەستیان لەیەک گیر بکردبایە، بە هەمان هێز و کاریگەری یەکتریان دەگرت، بۆیە هیچ کامەیان بۆی نەدەکرا ئەوی تر ببەزێنێ. هیچ نهێنییەکیان لە نێواندا نەبوو، چونکە مێشکیان وەکو یەکتر بیری دەکردەوە، هیچ کامەیان نەیدەتوانی بیر بکاتەوە بێ ئەوەی بیری ئەوی تریان بخوێنێتەوە. بەم جۆرە بە هیچ کڵۆجێک نەیاندەتوانی درۆ لەگەڵ یەکدی بکەن، ئەوەی لە نێوانیاندا بوو هەمیشە ڕاستی بوو.

دوای ئەوەی دایک و باوکیان لەم دنیایە ئاوا بوون، ناچار دوو جمکەکە کەوتنە بیرکردنەوەی چۆن داهاتێک بۆ گوزەرانی خۆیان وەدەست بێنن. کە دەرفەتی کارێک دەبوو، هەردووکیان داوای دامەزرانیان دەکرد، بەڵام کارەکە بۆ هیچ کامێکیان نەدەبوو، چونکە کەس نەیدەزانی کامەیان داواکەی پەسەند کراوە و کامەیان ڕەت کراوەتەوە. ئەگەر دوو دەرفەتی کاریش هەبوایە ئەوە هەردووکیان ڕەت دەکرانەوە، چونکە هیچ خاوەنکارێک نەیدەویست هەمان پیاو لەسەر دوو کار دامەزرێنێ.

یەکێک لە دوو جمکەکە گوتی: جێگایەک نییە کارێکی وای هەبێ حیسابی دوو کەسی بۆ کرابێ؟

ئەم جۆرە قسانەیان لێ ببوو بە خوو، بۆیە ئەوی تریان یەکسەر گوتی: جێگایەک نییە کارێکی وای هەبێ حیسابی دوو کەسی بۆ کرابێ؟ بەڵام لەگەڵ هەندێش نەیانتوانی کارێکی وا بدۆزنەوە.

جارێکیان خاوەنکارێک ویستی یەکێک دامەزرێنێت کە کتومت لە خۆی بچێ. ناونیشانی وەزیفەکەی "لەیەکچوو" بوو، بەڵام ئەویشیان بەرنەکەوت، چونکە ئەوەی داوای ئەم وەزیفەیەی دەکرد دەبوایە لە خاوەن کارەکە بچێ، کەچی ئەوان هەردووکیان لەیەک دەچوون.

بێکارییەکەیان درێژەی دایێ و نەبوونی تەنگی پێهەڵچنین، ئیتر تێگەیشتن بەبێ لێک جیابوونەوە و ڕووکردنە غەریبی نانیان پێ پەیدا نابێ. لە کاتی ماڵئاوایی ئامێزیان لەیەک وەرێنا و هەریەکە وێنەیەکی خۆی دایە ئەوی تر و خواحافیزییان لەیەکدی کرد و کەوتنە ڕێ، هەریەکەیان بەرەو قوژبنێکی ئەم دنیایە، چەندین جار لە هەمان کاتدا ئاوڕیان لەیەک دەدایەوە و دەستیان بۆ یەکتر هەڵدەشەقاند.

تا ئەم کاتە لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون هەریەکەیان خۆی لە کەسیەتی ئەوی دیکەیان دەبینی، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی لە دەوروبەری خۆیان دابڕان، دنیا بە شێوەیەکی ترسناک و چۆڵ دەهاتە بەرچاو.

بەلایانەوە زەحمەت بوو لەگەڵ خەڵکانی تر قسە بکەن. وا ڕاهاتبوون هەریەکەیان تەنیا قسەی ئەوی دیکەیان بڵێتەوە، کە دەیانویست بە هەمان شێوەی خۆیان لەگەڵ خەڵکی دیکە قسە بکەن، خەڵک لێیان تووڕە دەبوون و ئەوانیش لەم تووڕەبوونە تێنەدەگەیشتن، تا وای لێهات نەدەوێران هیچ قسەیەک بکەن و ئەوەندە گێل و گەمژە دەهاتنە بەرچاوان کە کەس کاری پێ نەدەدان.

خۆشبەختانە دوکاندارەکانی ئەم شارەی یەکێک لە جمکەکانی (ئۆتۆ) هاتبوێ، جەزایەکی زۆر درابوون، چونکە لە کاتی ئێوارە ئەو شیشە ئاسنانەیان نەبردبووە ژوورەوە کە لە پێش دوکانەکانیان بۆ پاسکیل هەڵپەساردن دانراون، ئیتر خەڵکێکی زۆر لە تاریکی بەسەر شیشەکاندا کەوتبوون و دەست و قاچیان شکابوو.

کۆمەڵەی دوکاندارەکان بڕیاریان دابوو کەسێک دابمەزرێنن کە هەموو ئێوارەیەک لەکاتی داخستنی دوکانەکان سەرجەم شیشەکان بباتە ژوورەوە و بەیانیان لە کاتی خۆرهەڵاتن و دوکان کردنەوەدا شیشەکان بێنێتە دەرەوە، بەڵام مانگانەی ئەم ئیشە پارەیەکی ئەوتۆ نەبوو، ئیشەکەش زۆر کەم بوو، بۆیە لەو جمکە بترازێ، کەسی تر نەبوو ئەو کارە بکات، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بینی ئەمە کارێکی زۆر سەختە، چونکە بینی فریا ناکەوێ هەموو شیشەکان لە کاتی داخرانی دوکانەکان بباتە ژوورەوە. کاتی داخرانی دوکانەکان مەودایەکی کاتی نییە تا درێژ بێتەوە، بەڵکو کاتێکە دەکەوێتە نێوان دوو چرکە. دوکانەکان هەموویان لەیەک کاتدا دادەخرێن. ئێ گواستنەوەی تەنانەت بچووکترین شیش هەر هەندێک کاتی گەرەکە، بۆیە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد براکەی لەگەڵدا بوایە تا یارمەتی بدات، ئیتر ئەوساکە دەیتوانی لە هەمان کاتدا لە دوو شوێن ئامادە بوایە، بەڵام ئێستا ناچارە بە شێوەیەکی دیکە کارەکەی خۆی مەیسەر بکات.

هەموو ڕۆژێک لە دوای ئەوەی شیشەکانی بە تەواوی دەبردە دەرەوە، یەکسەر دەستی بەوە دەکرد جارێکی دیکە بیانباتەوە ژوورەوە، ئیدی تا دەگەیشتە کاتی داخستنی ئێواران ئەویش لە کارەکەی دەبووەوە.

جاری وابوو کە شیشەکانی دێنایەوە ژوورەوە، ناو دوکانەکە جمەی دەهات و پڕ لە کڕیار و خەڵک بوو، ئەویش بە دڵی پڕ خەمەوە بیری براکەی دەکرد و دوو جاران لەسەر یەک دەیگوت:

"ببوورن، شیشەکە بوو، ببوورن شیشەکە بوو" ئیتر فرۆشیارەکان قسەیان پێدەگوت و سەرزەنشتیان دەکرد و کڕیارەکان بەچاوی کەم مامەڵەیان لەتەکدا دەکرد، چونکە هەمیشە یەکێک بەر شیشەکان دەکەوت.

هەندێ ئێوارە فریا نەدەکەوت هەموو شیشەکان بباتە ژوورەوە، ئیدی ئەوانەی دەمانەوە لەگەڵ خۆی دەیهێنانەوە ماڵەوە. هیچی نەبوو دڵە پڕ خەمەکەی خۆی پێ بداتەوە، ناچار بە چاوی بە فرمێسکەوە لە وێنەی برا جمکەکەی ڕادەما.

حاڵی براکەی تریشی لەسەرەتادا زۆر لەو باشتر نەبوو، لە شارێکی دیکە ئەویش خەریکی کارێکی دیکەبوو. ڕاستەیەکی بەدەستەوە بوو و بە شەقامەکاندا دەسووڕایەوە، ڕادەی بارانی دەپێوا بۆ ئەوەی بزانێ چەند ملیمەتر باران باریوە تا لە ڕادیۆ بۆ هەموو دنیا بڵاوبکرێتەوە. بەم شێوەیە کارەکەی لە بنەڕەتدا کارێکی گرنگ بوو، بەڵام مانگانەکەی پووچ بوو، چونکە هەموو ڕۆژێک باران نابارێ. ناخۆشییەکی دیکەشی ئەوەبوو دەبوایە کارەکەی لەبەر باران ئەنجام بدابایە.

لەبەر کەمی مانگانەکەی بۆی نەدەڕەخسا پاڵتۆیەکی باران بکڕێ، لەبەر بێ پاڵتۆیی و لەبەر ئەوەی کارەکەی لەبەر باران بوو، هەموو ڕۆژێک بە گیانی تەڕ دەگەڕایەوە ژوورە تەنیاکەی، کە تاکە شتێکی جوان تێیدا وێنەی برا جمکەکەی بوو.

ئێوارەیەکیان وەکو هەموو ڕۆژانی دیکە لە قەراخ شۆستەکان خەریکی پێوانی ئاو بوو ، بینی وا جانتایەکی بچووکی ژنانەی ڕەنگ پەمەیی لەوێ کەوتووە، کە جانتاکەی کردەوە بینی لە ناوەوە چوار گیرفانی هەیە، لە گیرفانی گەورەیدا وێنەی کچێکی گەنجی تێدا بوو، یەکسەر دەستی خستە سەر وێنەکە نەبادا تەڕ بێ.

گیرفانەکانی دیکەی جانتاکە هەندێ پارەی وردەی تێدا بوو، کە بە لای کەمەوە بەشی ئەوەی دەکرد پاڵتۆیەکی بارانی پێ بکڕێت، بەڵام لەبەر دەستپاکی خۆی بە هیچ شێوەیەک بیری لە پارەکە نەکردەوە. ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو وێنەی کچەکە بوو. وێنەکەی لە تەک وێنەی براکەی لەسەر مێزەکەی خۆی دانا. بڕیاری دا چاو بگێڕێ، بەڵکو ئەمە خوایە کچە گەنجەکەی خاوەنی وێنەکە بدۆزێتەوە، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە شارەکە کچی گەنجی زۆری تێدا بوو، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە کچی گەنج زۆر بە دەگمەن لە ڕۆژانی باران دێنە دەرەوە، بۆیە خەڵکی دەیانبینی ئەو ڕۆژانەی هەتاو بە دەرەوەیە (ئۆتۆ) بە شەقامەکاندا دەگەڕا. ئیدی وای لێهات هەموو بیر و خولیای لە دەوری قژی زەردی زێڕین و دوو چاوی شینی ئەم کچەی نێو وێنەکە دەسووڕایەوە.

زۆر جار بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر هاتو بە ڕاستی تووشی بوو چی پێ بڵێ. جانتا بچووکەکە لە گیرفانی دەردێنێ و پێی دەڵێ: ئەو جانتایە هی تۆ نییە؟ بەڵام هەرچەندی دەیکرد بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ئاخۆ کچەکە چۆن وەڵامی دەداتەوە، چونکە تەنیا لە وێنەدا ئەوی بینیوە و هەرگیز گوێی لە دەنگی نەبووە.

ڕۆژێکیان خۆر بە تاقی ئاسمانەوە بوو، ئەویش بۆ خۆی ڕاستەکەی دەستی وەکو گۆچان بادەدا، لە پڕێکدا بینی وا کچێک وردە وردە بە شەقامەکەدا گوزەر دەکات، بینی نەک تەنیا ڕوخساری، بەڵکو تەواوی لەشولاری وەکو ئەوەی نێو وێنەکەیە، ئەوەندە خرۆپڕ بوو فەیلەسووف بۆی شێت دەبوو. جانتاکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خەریک بوو ئەو ڕستەیە بڵێ کە پێشتر پرۆڤەی لەسەر کردبوو، چاوەکانی کەوتنە بەراوردی سیمای ڕاستی و وێنەکە، لەم کاتەدا چاوی بە چاوی کەوت، ئەو جووتە چاوە شینەی نەرم نەرم لەبەرچاوی ئەو سوور هەڵگەڕان.

– ئەم جانتایە هی تۆ نییە؟ زمانی گیرا کاتێ ئەم قسانەی لەدەم هاتنەدەر و چاوەکانی داگرت. نیگای کەوتە سەر پێیەکانی و وردە وردە دیدەی بە قاچوقول و قەدوباڵایدا سەرکەوت تا دیسان لە ناو چاوەکانی ئەودا گیرسایەوە.

– ئەوە جانتای من نییە، ئەوە دڵمە.... پیرەژنێک بە جادوو لێی کردم بە جانتا...دەڵێن ئەو پیرەژنە جادووگەرە. من باوەڕم بە بوونی جادووگەر نییە، بەڵام ئەم جادووگەرە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێی گوتم کە من جانتاکەم بزر دەکەم و شوو بەو کەسە دەکەم کە بۆم دێنێتەوە. دەی، وەرە ئۆتۆ دەرگای کلێسا کراوەتەوە.

ئەوەندە بە نەرمونیانی چۆن وەکو گوڵ دەکرێتەوە، بەڵام تۆزێک خێراتر، دەستێکی لە پەنجەوانەکەی دەرهێنا و بۆ

لای ئۆتۆی درێژ کرد، ئەویش دەستەکەی گرت، بەڵام داوایەکەی سەبارەت بە شووکردن بەبێ هیچ پێشەکییەک ڕەت کردەوە.

– من پارەی قەشە و ئۆفیس و زەنگوڵی کلێسام نییە. کاری من ئاوپێوانە، کە خۆر وەکو ئێستا بەدەرەوە بێ، پێویستە من دانیشم و هەر بگریم. قۆڵیان لە قۆڵی یەکدی هەڵکێشا و وەکو دوو دەسگیران بە شێنەیی ئەو شوێنەیان بەجێهێشت.

– تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە کاری من تەنیا لە ڕۆژانی باران دەسووڕێ، ڕۆشنایی هەتاو هەر لە خۆت دێت، قژی زەرد و درێژت وەکو تیشکی خۆر وایە، چاوەکانت وەکو ئاسمان شینن، بۆ دەتەوێ شوو بە من بکەیت.

– من دڵم ون کرد و تۆ بۆت هێنامەوە، من هەتا هەتایە بۆ تۆمە، من هەر ئەو دڵەم هەیە. لێویان خستە سەر لێوی یەکدی، لێوەکان لە خۆشەویستیدا گەرم داهاتبوون و بە فرمێسک تەڕ بووبوون.

– "تۆ پرسێک بە کەسوکارت ناکەیت"، ئۆتۆ پرسی، "من دایک و باوکم نەماون".

– "نا"، کچەکە وەڵامی دایەوە." زۆر غەمبار دەبن ئەگەر بزانن من پیاوێکم هەڵبژاردووە کە کارەکەی ئاو پێوانە، بۆیە وا باشترە هەر نەزانن. مرۆڤ نابێ دایک و باوکی تووشی خەموخەفەت بکات.

– ئۆتۆ گوتی "وابزانم وا باشترە هەوڵی کارێکی دیکە بدەم".

– کچەکە وەڵامی دایەوە "گرنگ ئەوەیە ئێمە بە هەمان ڕادە یەکدیمان خۆش دەوێت".

وا دەرچوو کچەکە ناوی (فانی) یە و (ئۆتۆ) هەر بەو ناوە بانگی دەکرد. نەبادا دایک و باوکی تووشی خەموخەفەت بێن، (فانی) بەگەڵ (ئۆتۆ) کەوت بۆ ماڵەکەی ئەو، کە بینی ماڵەکەی هیچی تێدا نییە یەکسەر چاوی بە وێنەکانی سەر مێزەکە کەوت.

– ئای، ئەوە تۆ وێنەی منت لایە، ئەوەی ئێرەش، ئەمەیان خۆتی.

– "ئەمەیان من نیمە" (ئۆتۆ) هاتە وەڵام و بە شەرمەوە یەکسەر پری دایە وێنەی براکەی تا لەبەر چاوان بیشارێتەوە، بەڵام هیچ دۆلاب و شتی نەبوو، بۆیە ناچار وێنەکەی وەرگێڕا و نخوونی کردەوە.

– "لە پشتەوەش هەر لە تۆ دەکات" کچەکە یەکسەر گوتی.

– "ئەوە برا جمکەکەمە" زۆر بە کورتی ئەمەی گوت.

– ئای کە لە تۆ دەکات، دەزانیت؟ ئای کە خۆشە هەردووکتان بەیەکەوە ببینیت! من هەموو کەسێکم خۆش دەوێ کە ئاوا ڕێک لە تۆ بکات. هیچ برای جمکی دیکەت وەکو ئەمە هەیە؟

– کوڕەکە گوتی "ناکرێ مرۆڤ لە یەک برای جمک زێتری هەبێ". وادیار بوو لەم قسانە نارەحەت بوو. وێدەچوو زۆری پێ نەچێ گری ئاگری ناکۆکی ژن و مێردایەتییان بکەوێتە نێوان. ئەگەر (ئۆتۆ) بیەوێ ڕێبازی ژیانی خۆی بگۆڕێ، پێویستە بار بکات و بچێتە شارێکی دیکە، (فانی)ش حەزی لێیە بارکەن بۆ ئەو شارەی براکەی (ئۆتۆ) ی لێ دەژی، نەبادا بە تەنیا بکەونە ناو خەڵکی بێگانە، (ئۆتۆ) دوای ئەوەی بە (فانی) ئاشنا بوو، حەزی نەدەکرد جارێکی دیکە براکەی ببینێتەوە. کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی (ئۆتۆ) بە هەردوو مست کێشای بە مێزەکەدا و (فانی) بە هەردوو چاوان کەوتە گریان.

– "ئەگەر بکەوینە ناو خەڵکی بێگانە و منداڵمان ببێ"، بەدەم گریانەوە دەیگوت "کێ دەبێ بە پشت و پەناهی(١) منداڵەکەمان".

(ئۆتۆ) وەڵامی ئەو پرسیارەی لا نەبوو، بەهەرحاڵ باریان کردە ئەو شارەی براکەی (ئۆتۆ) ی لێ بوو، بەڵام نەیاندەزانی براکەی کاری شیش گواستنەوە دەکات. (ئۆتۆ) هەستی بە ترسێک دەکرد، کە بورجەکانی شارەکە لە دوورەوە دەرکەوتن، بەلاملی و تووڕەییەوە گوتی:

– من دەڵێم ئەوە سەر ناگرێ.

ئەو ماوە ڕێگایەی مابوو بگاتە شارەکە، سێ هەنگاو بۆ دواوە دەکشایەوە و دوو هەنگاو بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، بەڵام لەگەڵ هەندێش کەم کەم بەرەوپێش دەچوو، لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە درێژتربوون لە هەنگاوەکانی بۆ دواوە. (فانی) سەرنجی دابوو، بەڵام هیچی نەگوت، کە گەیشتنە شارەکە یەکسەر (ئۆتۆ) خۆی گەیاندە دەزگای باری شارستانی، چونکە کەس نەیدەزانی (ئۆتۆ) لە کوێ دەژی. دەزگای باری شارستانی هەرگیز لەو کارانە پەلەیان نییە، بۆیە (فانی) هەر لە دەرەوە ڕاوەستابوو و چاوەڕێی دەکرد. لە کاتێکدا ڕووی وەرگێڕا بینی وا دەسگیرانەکەی لە دوکانێک دێتە دەرەوە شیشی پاسکیل هەڵپەساردنی بەدەستەوەیە و کۆمەڵێک کچۆڵە شاگردی سپیپۆشی بە بۆڵەبۆڵەوە بە دواوەیە.

- "هەر دەبێ لەو دەمی قـەرەباڵغـیـیـە بێـیـتـە ناو دوکانەکە؟ نابینی وا دوکان پڕە لە کڕیار؟" هەر نۆ شاگرد بە جارێک بەسەریاندا دەقیژاند.

بە لێکدانەوەی (فـــانـی)، (ئۆتـۆ) خـــۆی تووشی گـێـچـەڵێکی بێ مـانا کـردبوو، بۆیە بە ڕاکـردن خـۆی گەیاندە لای و زۆر بە توندی پێی گوت:

- "(ئۆتۆ)، تۆ چ کارت بەسەر ئەو شیشانەوە هەیە؟" ئەویش بەسـەرسـامـیـیـەوە شـیـشـەکـانی دانا و لێی ورد بووەوە. (فانی) لەپڕ هەستی ناسکی جووڵا و بێ ئەوەی گوێ بداتە نۆ شاگردە کچەکان و ئەو هەموو کڕیارەی بە دوایانەوە هاتبوونە دەرەوەی دوکانەکە، یەکسەر ناو دەمی (ئۆتۆ)ی مـاچ کـرد، مـاچێک لەسـەرسامی و شـەرمـان (ئۆتۆ)ی سوور هەڵگەڕاند و بە تەواوی ڕەنگی تێکچوو و لێی پرسی:

- تۆ کێیت؟

- (ئۆتۆ)!!! ئەوە چیـتە؟ نەخۆشی؟ ئەوە بۆ وا سەرت لێشـێـواوە؟ هەر لەبەر ئەوەی دەتەوێ بچـیـتـە شـارێکی دیکەوە؟ وەرە با بڕۆین، بەڵام ئەم جـــارە نەکـــەی دوو هەنگاو بۆ پێـشـەوە و سێ هەنگاو بۆ دواوە بهـاوێیت، تەواو ئیدی منیش لە توانامدا نەما.

- "تکایە ببـوورە" (ئۆتـۆ) ئەمـەی پێ گـوت و دەسـتی دایەوە شیشەکان. "من دەبێ خەریکی کاری خۆم بم"

ئیـدی بێ ئەوەی گـوێ بداتە نزا و پاڕانەوەی (فـانی) چووە نـاو دوکـانێکی ئایس کـرێم فـرۆشتن. لە دوورەوە دەنگی بۆڵە بۆڵ و قڕەقڕ لەوێوە دەهاتە گوێ.

- "مێـردە بەسەزمـانەکەم.... مـێـردە بەسەزمـانەکەم" (فانی) بە هانکە هانک ئەمەی دەگوت، سەیر لەوەبوو بە مێردی خۆی دادەنا بەر لەوەی ببن بە ژن و مێرد، خەریک بوو بە دوایدا ڕابکاتە ناو دوکـانەکـەی ئایس کـرێم، لەپڕێکدا (ئۆتۆ) لە دەزگـای باری شـارسـتـانی هاتە دەرەوە.

- "ئۆتۆ، ئۆتۆ" هاواری لێ هەڵسا و خۆی بە ئامێزیدا دا، بێ ئەوەی بیـر لەوە بکاتەوە ئاخـۆ ئەو پیـاوە چۆن لە هەمان کاتدا لە دوو شوێنی جیاوازدا دەبێ.

- "ئەوە تۆ چ کارت بەو شیشانە بوو؟ تۆ وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدامەوە!!!"

(ئۆتۆ) ڕەنگی تێکچوو

- بۆ تۆ ئەوت بینی؟

- کێ؟

بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە (ئۆتـۆ) بـردی بـۆ مـــاڵی براکـەی، مـاڵێکی ئەوەندە هەژار و پەڕپووت، وەکـو مـاڵـەکـەی خـۆی، تاکـە شـتـێک لەو مـاڵەدا هەبووبێ وێنەیەکی ئەو بوو لەسەر مێزێک.

- "ئەوە براکـەتە؟" (فـانی) بە ئاهەنگ و خـۆشیـیـەوە پرسی. (ئۆتۆ) بە ڕەقی وەڵامی دایەوە:

- نا، ئەوە خۆمم.

- تۆ؟!!

چاوەکانی لە نێوان (ئۆتۆ) و وێنەکە جۆلانەیان دەکرد.

- "وەڵڵا خـــۆ ڕاست دەکـــەیت...." بە ئاهەنگ و خۆشیـیەوە ئەمەی گوت و بە سۆزەوە کەوتە مـاچکردنی وێنەکە. دەیویست لە هەمـان کاتدا (ئۆتۆ)ش ماچ بکات، بەڵام کە بینی زۆر تووڕە و ترشە وازی هێنا.

- "بەڵام ئەمـە هەر لە براکـەت دەچێت" ئەمـەی گـوت هەر بۆ ئەوەی بێ دەنگییەکەی (ئۆتۆ) بشکێنێ.

ئەو بێ دەنگـیـیـە نەشکا تا ئەو کـاتەی زرمـەیەک لە دەرگـــاوە هات. دەرکـــەوت شـــیـــشـــەیەکی پاسکیل هەڵپەساردن بوو، بە ئاستەم بە دەرگاکەوە دەهاتە ژوورەوە و بە دوای ئەویشەوە پیاوێک لە نێو دەرگاکە پەیدا بوو. هەرکـە (فـانی) چاوی بەم پیـاوە کـەوت، زیڕەیەکی لێ هەڵسـا، لەگـەڵ زیڕەکـە (ئۆتۆ) هەڵسـایەوە. ئەوەتا دوو پیاو بەرانبەر یەک وەستاون کە هێندەی نووکە دەرزییەک جیاوازییـان نییە، تەنانەت لە جلوبەرگیشیان وەکو یەک بوون، چونکە ئەوە چەند سـاڵە هیچ کـامـێکیـان پارەی نەبووە دەستێ جلی تازە بکڕێت.

- "بـراکـــەم" دەنگ بەرز بووەوە لەوەیان کــە هاتە ژوورەوە، یەکسەر باوەشی کردەوە.

- ئەوی دیکەیان وەڵامی دایـەوە: "بەڵێ، ئەوە منم، وەکو بەچاوی خۆت دەبینی."

براکەی یەکەمیان لەگەڵ ئەم وشانە تاسا، چونکە وای چاوەڕوان دەکـــرد براکـــەی باوەشی بۆ بکاتەوە و بە - براکـــەم - بانگی بکات، ئەوەتا ئەویش بە دەنگێکی دامرکاو قسەکانی ئەوی دووبارە کردەوە:

- "بەڵێ، ئەوە منم، وەکـــو بەچاوی خـــۆت دەبینی" هەرچەندە ناوەرۆکی ئەو قـــســـانەی نێـــوان دوو براکـــە زەحـمـەت نەبوو، بەڵام بەلای ئەوەوە وەکـو برینێک وابوو کە کـەوتە مێشکییەوە. قـۆڵەکانی شۆڕ کـردەوە و بەبێ ئامـانج سـەیرێکی دەوری خـۆی کـرد، لەم ئانـەدا چاوی بە (فانی) کەوت.

- "ئا... ئەوە تۆی" بێ ئەوەی مەبەستی بێ ئەمەی گوت. (فانی) کە تۆزێک لەمەوبەر هەستی کرد شتێکی ناخۆش ڕوودەدات، بە پەلە وەڵامی دایەوە:
- "ئێمە هاتووین تا داوات لێبکەین کە بۆمان ببیت بە پشتوپەنا بۆ منداڵەکەمان".
- "بەوپەڕی خۆشییەوە" ئەمەی بەوپەڕی نارەحەتییەوە گوت. "ئەی کوا منداڵەکان لە کوێن؟"
- "ئەوە خێزانمە" ئۆتۆ هاتە قسە
- "ئەوە ...خێزانتە؟ کوڕە دە ڕێم بدە با پیرۆزباییتان لێ بکەم"
- فانی وەڵامی دایەوە "سوپاس"."ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە تا ئێستا هاوسەریمان نەگرتووە، دەسگیرانەکەم هاتۆتە ئێرە تا تۆزێ پارە ئیش بکات بۆ مەسرەفی قەشە و ئۆفیس و زەنگۆڵەکانی کلێسا."
- "زۆر بەخێر بێن" ئۆتۆ چەند جار ئەمەی بە دوای یەکدا دووبارە کردەوە."دەفەرموو فەرموو دانیشە...خەمت نەبێ ئەرزەکە هیچی لێنایەت"
فانی بە خەندەیەکەوە لەسەر ئەرزەکە دانیشت، خەندەکەی هەر بە ڕووکەش دیار بوو. ئۆتۆ بۆ جاری دووەم دەستی بۆ براکەی درێژ کرد، بەڵام ئەمیان وەستابوو و بە نیگایەکی تفتەوە سەیری دەکرد.
- "برای ئازیزم، ئای چەند خۆشە کە ئەمڕۆ تۆ هاتووی، نیاز وایە من لە بەیانییەوە لەسەر کار دەربکرێم، لەبەر ئەوەی ناتوانم لە یەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاواز ئامادە بم. بەیانی هەردووکمان بە یەکەوە دەچینە سەر ئیشەکەی من. ئیتر تۆش لە هەژاری و نەبوونی جارانت ڕزگارت دەبێ. بەڵێ، من شیشەکان دێنمە دەرەوە و دەیانبەمە ژوورەوە."
ئۆتۆ وەڵامی نەدایەوە.
ئەویش پەنای بردە بەر یادگارییە هاوبەشەکانی سەردەمی بەسەرچوویان، سەردەمی بەختەوەریی قۆناغی منداڵییان:
- "ئۆتۆ، دێتەوە بیرت، ئەو کاتەی ئێمە لە دایک بووین کەس نەیدەزانی کامەمان کامەیە؟ من زۆر جار بیرم لەوە کردووەتەوە کە لەوانەیە تۆ من بیت و منیش تۆ بم"
- تۆ کەی گەورە دەبیت؟
ئۆتۆ، وەک ئەوەی بە قامچی لێت دابێ بۆ دواوە کشایەوە و لە شیشەکان گیر بوو، بە زرمەیەکەوە خستنییە خوارەوە.
- "من هاتووم تا ئەو وێنەیەت بدەمەوە". وێنەی براکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە سەر مێزەکەی دانا، بەم جۆرە بوون بە دوو وێنەی وەکو یەک. "بەیانی ئێمە سەفەر دەکەین و ئێرە بەجێ دێڵین، دەتوانین ئەم شەو لێرە بخەوین، چونکە پارەی ئوتێلمان نییە. جانتای ژنەکەم لە ڕاستیدا دڵپیەتی"
فانی بە پەلە هاتە قسە: "وایە". حەزی دەکرد گفتوگۆیەک بکرێتەوە. "دەسگیرانەکەم بە جۆرێک دڵی بۆ گەڕاندمەوە، کە لەوانەیە مایەی سەرنجی تۆ بێت. ئەو...." ئۆتۆ قسەکەی پێبڕی و شیشە کەوتووەکەی ڕاست کردەوە: - "نازانم".
هێندەی نەبرد هەرسێکیان لەسەر ئەرزەکە نووستن، تەخت و قەرەوێڵە نەبوو، تەنیا فانی خەو نەیدەبردەوە. کە مانگ لە ئاسمان بەرز بووەوە و تریفەی لە پەنجەرەوە ژوورەکەی ڕووناک کردەوە، بینی وا هەمان پیاو لەم لا و لەو لای خەوتووە. ترسێکی لێ نیشت لەوەی نەبادا یەکێکیان بە هەڵە بە دەسگیرانەکەی خۆی بزانێ، بۆیە یەکێکیانی بە ئاگا هێنا و چرپاندییە گوێیەوە:
- تۆ ئەوییت؟
- "ئا" وەڵامی دایەوە.
- ئۆتۆ دڵت عادز نەبێ، بەڵام دەزانیت چی؟ من تۆم خۆش دەوێت - هەر جارێک تۆ دەبینم، من بەردەوام ئەو هەستەم بەرانبەر بەتۆوە هەبووە".
- بەڵام ئەو کاتە نا، کە من لە ناو دەزگای باری شارستانی بووم.
- "ئەمەیان ڕاستە، ئەگینا هەرکە دەتبینم خۆشەویستی سەراپای گیانم دادەگرێ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی تۆ و برایەکەتم بینی، کە تەواو وەکو یەکن، ئەوە خۆشەویستییەکە دووقات هێندەی جاران دایگرتووم. ئەوەندە لێوانلێوم لە خۆشەویستی، جێگای تێمدا نابێتەوە. ئەوەتا گوشاری خستووەتە سەر پەردەی کچێنیم، بەڵام پەردەی کچێنی لەدەرەوە نەبێ ناتەقێ. ئۆتۆ، من دەزانم من و تۆ هێشتا نەبووین بە ژن و مێرد، بەڵام.....
- "بێ دەنگ بە" بەو پەڕی نەرمییەوە ئەمەی گوت."با گوێی لێ نەبێت. باشە هەردووکمان لەسەر ئەرز نووستووین، ئەگەر لەسەر قەنەفە باین جیرەجیری دەهات. وەرە پێش بۆ بەر ڕووناکی مانگ، تا بتبینم،

یارمەتیم بدە با پاڵی پێوە نێین بۆ ئەولا دووری خەینەوە. هشیاری شیشەکان بە نازدارەکەم" بەیانی ئۆتۆ لەخەو هەڵسا سەیری کرد وا فانی پاڵ کەوتووە و برا جمکە نووستووەکەی ماچ دەکات. یەک پێ لەخۆی هەڵدا و هەستایە سەر پێ تا هێزی تێدا بوو زللەیەکی سرەواندە بناگوێی فانی. لە شەقەی زللەکە ئۆتۆ ڕاچڵەکی و لە خۆی هەڵدا و وای زانی شیشەکان کەوتنە خوارەوە.

– "بۆچی ئەو ماچ دەکەی؟" ئۆتۆ وەک گەواڵە گرمەی دەهات.

– "من بە تۆی تێگەیشتم" فانی بە گریانەوە خۆی هاویشتە باوەشی و کەوتە ماچ کردنی، بەڵام ئۆتۆ تووڕە بوو و پاڵێکی پێوەنا و لەخۆی دوورخستەوە.

– "بۆچی ئەو ماچ دەکەی؟" ئۆتۆیەکەی دیکە دەینەڕاند، پێش ئەوەی فانی بکەوێتە سەر ئەرزەکە، هەردوو پیاو رووبەڕووی یەکدی وەستابوون و ئاگر لە چاویان دەباری.

– "من و تۆ بەشەڕ ناگەینە هیچ ئەنجامێک" یەکێکیان نەڕاندی "چونکە ئێمە هەردووکمان وەکو یەک بەهێزین".

ئەوەی یەکەمیان بە نەڕەنەڕ گوتی:

– "دوو دەمانچە بەکرێ دەگرین و یەکدی دەدەینە بەر گوللە، یان ژیان یان مردن".

– "باشە، با وا دانێین دەمانچەمان پێیە" ئەوی دیکەیان ئەمەی گوت و کەمێک زمانی تەتەڵەی دەکرد، لەم قسانە دابوون ئەوەی یەکەمیان لە دەرگاکە چووبووە دەرەوە و ئەوەی دیکەیان بەپەلە بە دوایەوە دەرچوو. لە دوای هەردووکیان فانی هاتە دەرەوە و زریکەیەکی لێ هەڵسا، ئەوەتا یەکێکیان لەوانەیە بکوژرێت. دوای ئەوە کێ دەزانێ ئاخۆ دەسگیرانەکەی ئەو مردووە، یان زیندووە؟

لە دەرەوە، لەسەر جادەکە هەردوو برا جمکەکە بەرانبەر یەکدی وەستابوون و هەمان ماوەیان لە نێواندا بوو و هەریەکەیان دەمانچەکەی هەڵکێشابوو، دوورنییە یەکێکیان تۆزێ لەوی دیکەیان دەستی سووکتر بێت، بەڵام ئەنجامەکە وەکو یەک دەرچوو. هەردوو دەمانچە لە یەک کاتدا هەڵکێشران و لە هەمان کاتیشدا ئاگر دران، هەروەک لێیان چاوەڕوان دەکرا، بە حوکمی ئەوەی هەمیشە لە هەموو شتێک هاوتا بوون، هەریەکەیان ئەوی دیکەی بە هەمان شێوە پێکا و هەردووکیان کەوتن و مردن.

پۆلیسێک کە گوێی لە تەقە ببوو، گەیشتە ئەوێ، چووە سەر یەکەمیان و دواتر چووە لای ئەوی دیکەیان، بە یارمەتی ئەو پەڕەموچەی بەدەستییەوە بوو، دووپاتی کردەوە کە مردن کۆتایی بە ژیانی هەردووکیان هێناوە.

**پەراوێز:**

**(١) پشت و پەنا، ئەو کەسەیە لە کاتی تەعمید کردنی منداڵ لە کڵێسا گفت و پەیمان دەدا کە ئەرکی پەروەردەکردنی ئایینی منداڵەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەگەر دایک و باوکی لەبەر هەر هۆیەک نەیانتوانی ئەو کارە بکەن. بە ئینگلیزی پێی دەڵێن godfather، بە عارەبیش "عراب" ی پێ دەڵێن.**

**ڤیلی سورینسن شاعیر و چیرۆکنووس و فەیلەسوفێکی دانمارکییە، ١٩٢٩/٢/١٣ – ٢٠٠١/١٢/١٦**

**ئەم چیرۆکە لەساڵی ١٩٥٣ نووسراوە و لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە:**

**ناوی کتێب: Samlede historier واتا سەرجەم چیرۆکەکان**

**ناوی نووسەر: Villy Sorensen**

**بەرگ: یەکەم**

**ژمارەی لاپەڕە ٥١٩**

**دەزگای چاپ: Gyldendal**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٠**

**شوێنی چاپ. کۆپنهاگن – دانمارک**

# جارێکی تریش کالیگولا

## «پیەسێک لە سێ دیمەن»

د. موحسین ئەحمەد عومەر



(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، لە دواوە وێنەیەکی گەورەی مانگی چواردە دەبینرێ، نیوەی لەناو هەور بزر بووە، لەگەڵ هەر دیمەنێک، ئەم وێنەیە دەگۆڕێ، هەندێ جار هیچ هەور نییە و مانگ تریفەی داوە.)

### دیمەنی یەکەم

(کالیگولا دێتە ژوورەوە، کراسێکی درێژی سپی لە شێوەی ڕۆمانە کۆنەکان پۆشیوە، لێوارەکانی سوورێکی تۆخە، پێڵاوێکی ڕۆمانی پەنجەرەداری لەپێیە، تیرێژێکی چەرم تا نزیک چۆکەکانی سووڕاوەتەوە و گرێیەکی لێ دراوە. باسکەکانی نیوەڕووتە، لەهی لای ڕاستی بازنێکی پانی زێڕی لە مەچەکە. تا ناوەڕاستی شانۆ دێ، پاشان یەک هەنگاو بۆ پێشەوە دێ)

**کالیگولا:** (دەستێکی بەرز دەکاتەوە) ئەمانە زۆر بێ شەرمن، تێبینیم کردووە جاربەجار بەقسەم ناکەن، نازانن چ ئاگرێک چاوەڕێیان دەکا! بەڵام هێشتا تۆزێکی ماوە بگاتە تینم.! (لەم ساتەدا کچێکی باریکەلە کە ئەویش کراسێکی ڕۆمانی پۆشیوە، لەکاتێکدا کالیگولا قسە دەکا لەدواوە. لە هەمان شوێنی هاتنە ژوورەوەی کالیگولا دێتە سەر شانۆ. تا ناوەڕاست دێ، لەلای چەپی کالیگولا دەوەستێ)

**لیڤیلا:** گەورەم ئێوە چاوەڕێ مەکەن!

**کالیگولا:** (بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە) ئینجا من کەی چاوەڕێم کردووە، ئەوەی بڵێم دەبێ دەمودەست جێبەجێ بکرێ، ئای لەوەی، تۆ چۆن لە بەرانبەر من قسەی وادەکەی! (سەیرێکی دەکا) خۆ تۆ ئەگەر جوان نەبوای دەمزانی ئێستا چیم لێ دەکردی.

**لیڤیلا:** دەزانم گەورەم، من هیچ مەبەستێکی خراپم نییە، دەمەوێ ڕێ نیشاندەرێکی بچووک بم، سەرم پێوە نییە بۆ خزمەتتان...!

**کالیگولا:** کەواتە، تۆ لەگەڵ ئەوەدای ئارەزووەکانم دابین بکەی، یەکێ لە ئارەزووەکانم!

**لیڤیلا:** هەڵبەت گەورەم.

**کالیگولا:** دەی کەواتە باسی مانگم بۆ بکە، شەوان، دەچمە سەربانی کۆشک، لە ڕۆماوە، هەندێ جاریش کە لە تیبێرم، سەیری ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە دەکەم. هاوینان زیاتر ئەم خولیایەم هەراسانم دەکا، مانگ بەناو ئەم هەموو ئەستێرانەدا تێدەپەڕێ. دڵم پڕ لە خەموخەفەت دەبێ. سەرەڕای ئەمەش دەمەوێ باڵ بگرم، بڕۆم، لەم مانگە نزیک ببمەوە، هەموو جارێ لە دڵی خۆم دەڵێم، کە من ناتوانم خۆم بگەیەنمە ئەم جوانییە، ژیانم مانای چییە؟ هیچ سوودێکی هەیە؟ بۆیە دواجار بڕیارم دا، کە من نەتوانم بگەمە ئەم جوانییە، دەبێ مانگ بێتە ئێرە و دابەزێن، منی کوشتووە، خەووخۆراکم نەماوە، بڕیارم داوە، هەر دەبێ، بە هەر نرخێک بێ ئەو مانگە بێتە خوارەوە و لەناو کۆشکەکەم لە نزیک خۆم دایبنێن. پیاوەکانم ناردووە، دەمێکە ڕۆیشتوون هێشتا نەگەڕاونەتەوە!

**لیڤیلا:** گەورەم ڕێگاکە دوورە و بەخۆشتان دەزانن ئەمە سەرکەوتنی دەوێ، ئەمەش ماندوویان دەکا، بەڵام ئەوان پیاوی ئازان، هەر دەیهێننە خوارەوە، هەڵبەت!

**کالیگولا:** (سەیرێکی تری دەکا) دەکەواتە هێشتا باسی مانگم بۆ بکە.

**لیڤیلا:** گەورەم مانگ چرایەکی گەورەیە، تۆزێ دوورە، بەڵام دڵنیام پیاوەکان ئێستا لێی نزیک بوونەتەوە، گوتتان، گەورەم پیاوەکان بەرابەری لوسیوس-ەوە بەرزبوونەتەوە؟

**کالیگولا:** بەڵێ لوسیوسی قژ زەرد، پیاوێکی ئازایە، بەڵام لە خوام دەوێ بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە، بەخوا، دەبێ بیخەمە ناو حەوزی خوێنی بزن.

**لیڤیلا:** گەورەم هیچ بزنێک لە ڕۆما و تیبێر نەماوە!

**کالیگولا:** یانی چی هیچ بزنێک نەماوە؟!

**لیڤیلا:** گەورەم بە فەرمانی جەنابتان تاقە بزنێکیش نە لە ڕۆما، نە لە تیبێر نەماوە.

**کالیگولا:** لە کەیەوە؟

**لیڤیلا:** لەو کاتەوەی کە بڕیارتان دا، بۆ بەیانی لە هەموو مەملەکەت، قڕیان خستە بزنەکانەوە.

**کالیگولا:** دەی کەواتە ئەو لوسیوس-ە بەختی هەیە، بەڵام لە خوام دەوێ بێ مانگ بگەڕێتەوە. لە یەکێ لە ئەستوندە بەرزەکانی دەبەستمەوە، هەر لەوێ دەمێنێتەوە تا وشک دەبێتەوە!

**لیڤیلا:** بەڵام گەورەم لوسیوس ڕابەر و پیاوێکی ئازای خۆتە، ئەو هەردەم بۆ ئێوە لەسەر یەک پێ بووە، ئێستاش کە وێنەی ئێوەی لەناو سەرە و بەرەو مانگ دەچێ بیهێنێتە خوارەوە، بە خۆشتان دەزانن ڕێگاکە سەخت و دوورە، سەرکەوتنی زۆری دەوێ، بەڵام دڵنیام ئەو هەر دەگەڕێتەوە، مانگ لە دوای خۆی ڕادەکێشێ، دەیهێنێتە بەردەمی جەنابتان.

**کالیگولا:** باشترە لێم بترسن.

**لیڤیلا:** گەورەم، ئەمانە ئەوەندە ترسی ئێوەیان لە هەناوە لەو باوەڕەدا نیم بتوانن بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە.

**کالیگولا:** (لە لیڤیلا نزیک دەبێتەوە، دەست دەخاتە سەرشانی، کەمێک دەمی لە ملی نزیک دەکاتەوە و دەستی پێدا دەهێنێ) دەزانی بیر لەچی دەکەمەوە لیڤیلا؟

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم دەزانم!

**کالیگولا:** دە کەواتە بیڵێ!

**لیڤیلا:** ئەم ملە جوانەی من تەنیا بە ئاماژەیەکی ئێوە دەشێ ببڕدرێتەوە.

**کالیگولا:** کەواتە ئێستا لە فەلسەفەی من گەیشتوون، پێم بڵێ تێگەیشتوون؟

**لیڤیلا:** هەڵبەت گەورەم. هەموو خەڵکی تیبێر و ڕۆما باش تێگەیشتوون.

**کالیگولا:** بنچینەکەی چییە؟

**لیڤیلا:** دەسەڵات ڕێگای مەحاڵ دەکاتەوە!

**کالیگولا:** کەواتە باش تێگەیشتوون (هاوار دەکا، لەسەر شانۆ دێ و دەچێ) هەموو باش تێگەیشتوون من کێم.

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم.

**کالیگولا:** دەکەواتە گوێم لێ بگرە، ئێستا یارییەک دەکەین.

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم.

**کالیگولا:** تۆ دەزانی عەمبارەکانی داکردنی گەنم لە ڕۆما و لە تیبێر هەمووی پڕە و لێی دەڕژێتەوە، بڕۆ لەناو خەڵک و لە پەرلەمان بڵاوی بکەوە و بڵێ گەنم نەماوە، ئیتر هەمووتان لە برسان دەمرن!

**دیمەنی دووەم**

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، لە دواوەی شانۆ، لەسەر دیوار هێلکاری لایەکی شار دەبینرێ، زیاتر لە ڕۆما و

تیبیێر دەچێ، لەناکاو شانۆ پڕ لە خەڵک دەبێ، ژن و پیاو، پیر و جاحێڵ، بە نارێکی دێن و دەچن و هاوار دەکەن. هەریەکەی تووڕەگەیەکی لە دەستە و بەخێراییی ئەم سەرو ئەو سەر دەکەن، چەند جارێک ئەم دیالۆگە دووبارە دەبێتەوە:

– فریای خۆتان بکەون، لە برسان دەمرن، ئیتر گەنم نەماوە، دەنکە گەنمێک چییە لە وڵات نەماوە!).

لە گەرمەگەرمی ئەم ئاپۆرە و گەرەلاوژەیە، کالیگولا و لیڤیلا دێنە سەر شانۆ، لە ناوەڕاستی شانۆ کەمێک لە پێشەوە دەوەستن، رووناکی زیاتر لەسەر کالیگولا و لیڤیلایە، ئاوڕ بۆ دواوە دەدەنەوە و وێڕای قسەکردن جاربەجار درێژە بە ئاوڕدانەوە و خۆ سووڕاندنەوە دەدەن و قاقا پێدەکەنن، لە ناکاو کالیگولا لە پێکەنین دەوەستێ و ڕوو لە لیڤیلا دەکا.)

**کالیگولا:** ئەها دەبینی لیڤیلا، شار چەند ئاژاوەیەکی خۆشی تێکەوتووە، دەڵێی سێرک و قۆشمەبازییە، دیمەنێکی چەند جوان و ناوێزەی هەیە، هەر بابایە ڕادەکا و خۆی بە کونێکدا دەکا، بەدوای گەنمدا دەگەڕێ، تڕحێو، عەمبارەکان پڕن لە گەنم، کەس نامرێ. (قاقا پێدەکەنێ) سەیرکە لیڤیلا چەند دیمەنێکی ناوێزە و جوانە، میللەت برسییەتی، بەڵێ برسییەتی!

**لیڤیلا:** هەڵبەت گەورەم برسییەتی، یەک دەنکە گەنم چییە لە وڵاتدا نەماوە!

**کالیگولا:** قسەی بێ مانا، عەمبارەکان پڕن لە گەنم، من بۆ گاڵتە ئەم بەزمەم دروست کردووە. تۆش قسەی قۆڕ دەکەی، ئەی من خۆم تۆم نەنارد پڕوپاگەندە بکەی!

**لیڤیلا:** (بەترسەوە) بەڵێ گەورەم، بەڵام بەڕاستمە دەنکە گەنمێک چییە لە عەمبارەکان نەماوە، بەڵام گەورەم ئەگەر ئێوە بڵێن ماوە منیش دەڵێم ماوە.

**کالیگولا:** دە بڵێ ماوە، عەمبارەکان پڕن!

**لیڤیلا:** (بە ترسەوە هاوار دەکا) گەنم ماوە و عەمبارەکان پڕن (لێرەوە شانۆ چۆڵ دەبێ تەنیا خۆی و کالیگولا دەمێننەوە).

**کالیگولا:** یارییەکی خۆش بوو، وا نییە لیڤیلا؟

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم یارییەکی خۆش بوو!

**کالیگولا:** بەڵام چی ناخۆش بوو؟

**لیڤیلا:** هیچی ناخۆش نەبوو گەورەم.

**کالیگولا:** خۆ هەر کەسێ ڕەخنەی هەبێ لە ملی دەدەم (لەو دەمەدا، چوار پێنج ئەندام پەرلەمان دێنە ژوورەوە، کراسی درێژی وەک کالیگولایان لەبەرە، بەڵام هێڵی لێواری کراسەکانیان شینە).

**ئەندام پەرلەمان:** (هەرە پیرترینیان کە ڕیشێکی سپی باریکی هەیە و قژی کورتە) گەورەم وڵات پشێوی تێکەوتووە، گوایە هیچ گەنم لە عەمباردا نییە!

**کالیگولا:** (ڕووی خۆی لە ئەندامەکان دەکا و پشتی لە لای چەپی شانۆیە.)، ئینجا بێ ئەقڵێکی وەک تۆ لە کوێ دەزانێ گەنم نەماوە، تۆ چوویت بزانی عەمبارەکان هیچیان تێدا نییە؟!

**ئەندام پەرلەمان:** بێ گومان، هەموو خەڵک هەمان قسە دەکەن!

**کالیگولا:** خەڵک، ئەم خەڵکە هەمووی بێ ئەقڵن. (لیڤیلا بە ئاماژە کە لە پشت کالیگولایە، قسە لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان دەکا، دەمی دەگرێ، دوو سێ جار ئەمە دووبارە دەکاتەوە، دەیەوێ پێیان بڵێ هیچ قسە نەکەن) لیڤیلا ئەمانە کێن هاتوونەتە ئێرە؟!

**لیڤیلا:** گەورەم ئەمانە ئەندام پەرلەمانی ڕۆما–ن، یەکێکیان هی تیبیێر–ە.

**کالیگولا:** دەبێتە بەزمێکی خۆش، ئەگەر هەر ئێستا سەری هەمووتان ببڕم، دەبێتە ئاهەنگی خوێن. بەڵێ ئاهەنگی خوێن، بەڵام ئێستا ئەم کارە ناکەم، چونکە چاوەڕێی شتێکی خۆشتر دەکەم، لیڤیلا بەم گوێدرێژانە بڵێ چاوەڕێی چی دەکەم!

**لیڤیلا:** ئیمپراتۆر لوسیوس و پیاوەکانی ناردووە مانگ بێننە خوارەوە. جەنابی ئیمپراتۆر چەند ساڵێکە عاشقی مانگ بووە، عاشقی مەحاڵ بووە، سەرەنجام بڕیاری دا پیاوەکانی بنێرێ، خەریکن بەرز دەبنەوە!

**کالیگولا:** (بە پێکەنینەوە سەیری مانگ دەکا کە وێنەکەی لە دواوەی شانۆ هەڵدەواسرێ.) ئەها سەیرکەن چەند جوانە!

**ئەندام پەرلەمان:** بەڵێ گەورەم. زۆر جوانە.

**کالیگولا:** دە کەواتە ئێوەش بە پیر پیاوەکان و لوسیوس–ەوە بڕۆن، بێ مانگ بگەڕێنەوە هەمووتان لە قەنارە دەدەم. (ئەندام پەرلەمانەکان دەردەچن.)

**لیڤیلا:** بێ مانگ نەگەڕێنەوە!

**کالیگولا:** (ڕوو لە لیڤیلا دەکا) ئینجا تۆ هەقت چییە؟ کەس پێی گوتی وەک من قسە بکەی!

**لیڤیلا:** نەخێر گەورەم.

**کالیگولا:** ئەی بۆ خۆت دەکەیتە کالیگولا؟ یانی من

خۆم دەکەمە ئێوە. لیڤیلا، خۆ ئەگەر جوان نەبای دەمزانی چیت لێ دەکەم!

**لیڤیلا:** قوربان من سێبەری ئێوەم!

**کالیگولا:** سێبەر، ئەمەیان زۆر جوانە، سێبەر، (لە لیڤیلا نزیک دەبێتەوە، دەست بە ملیدا دەهێنێ، دەمی خۆی لێ نزیک دەکاتەوە) دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟!

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم دەزانم.

**کالیگولا:** دە بڵێ بزانم.

**لیڤیلا:** ئەو ملەی من ئەوەندە جوانە تەنیا بەیەک ئاماژەی ئێوە دەشێ ببڕدرێ.

**کالیگولا:** ئافەرین لیڤیلا، ئافەرین، لە فەلسەفەی من باش تێگەیشتووی!

**لیڤیلا:** هەموو باش تێگەیشتوون گەورەم!

**کالیگولا:** ئینجا تۆ لە کوێ ئەمە دەزانی؟

**لیڤیلا:** گەورەم دەزانم، دڵنیام!

**کالیگولا:** باوەڕ ناکەم، یانی چی؟!

**لیڤیلا:** چونکە هەموو وێنەی تۆیان لەناو سەرە، ترسی تۆیان لەناو هەناوە!

**کالیگولا:** ئەمەیان زۆر جوانە، ترس لە هەناو، بەڵام چۆن دڵنیابین، چۆن بیزانم.

**لیڤیلا:** بانگی یەکێک بکە، بزانە هەست بەچی دەکا، یان لە پەنجەرەکە سەیری دەرەوە بکە، بزانە خەڵکەکە چی دەکەن بە بینینتان!

**کالیگولا:** (بانگی یەکێک دەکا لەلای ڕاستی شانۆ، لە گۆشەی دواوە، یەکێک لەسەر چۆک تا بەرپێی کالیگولا دێ و ناوێرێ سەری بەرز بکاتەوە) تۆ کێی؟

**لیلاس:** ناوم لیلاسە گەورەم، یەکێ لە نۆکەرانتان!

**کالیگولا:** ترس لە هەناوت هەیە؟!

**لیلاس:** بەڵێ گەورەم، هیچم لێ مەکە تەنیا یەک داپیرەی پیرم هەیە.

**کالیگولا:** مانگت خۆشدەوێ؟

**لیلاس:** بەڵێ گەورەم، داپیرەم هەموو شەوێ بەرانبەر بە مانگ نوێژت بۆ دەکا، وێردت بۆ دەخوێنێ.

**کالیگولا:** دەکەواتە پێڵاوەکانم ماچکە و بڕۆ.

**لیڤیلا:** پێڵاوەکانی ماچ بکە!

**کالیگولا:** تۆ هەقت چییە؟ بۆ بەناوی منەوە قسان دەکەی!

**لیڤیلا:** گەورەم من سێبەری ئێوەم!

**کالیگولا:** بەڵێ بەبیرم هاتەوە، سێبەر و ترس لە هەناو، تۆش دەترسی.

**لیڤیلا:** گەورەم، من بەردەوام هەترەشم چووە، هەموو ئێواران کە دەگەڕێمەوە ماڵ سکم دەچێ، ئەوەی دەیخۆم بۆ بەیانی دەبێتەوە سکچوون، بۆیە هەردەم لاوازم، بەڵام بە بینینی ئێوە هەردەم جوانم.

**کالیگولا:** (لە لیڤیلا نزیک دەبێتەوە، دەست لە ملی لووس و جوانی دەدا. دەمی لێی نزیک دەکاتەوە.) دەزانی بیر لەچی دەکەمەوە؟

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم دەزانم!

**کالیگولا:** دەکەواتە بیڵێ!

**لیڤیلا:** ئەو ملە جوانەی من بە ئاماژەیەکی جەنابتان دەشێ ببڕدرێتەوە.

**کالیگولا:** ئافەرین لیڤیلا ئافەرین، هەمووتان باش لە فەلسەفەی من گەیشتوون.

**لیڤیلا:** ئینجا تۆ چۆن دەزانی؟! (لەم ساتەدا دەنگی باعەی کاریلە بزنێک لەناو هۆڵ بەرز دەبێتەوە، لەناکاو کالیگولا هاوار دەکا و خەنجەرێک دەردێنێ و بەخێرایی بەرەو لیڤیلا دەچێ و دەیەوێ بیکوژێ.. تاریکی.)

### دیمەنی سێیەم

(لەسەر شانۆ گۆیەکی زۆر گەورە وەک مانگ، بە هەمان ڕەنگی مانگی چواردە دانراوە، نزیکەی تەواوی شانۆی داگیرکردووە. لەلای ڕاستی شانۆ، لە گۆشەی دواوە، لیڤیلا دێتە ژوورەوە، دێتە پێشەوەی شانۆ.. لەبن مانگەکە دەوەستێ و سەیری سەرەوە دەکا.لە سەرەوەی مانگ، کالیگولا بە هەمان جلوبەرگ، سەراوبن، وردە وردە بەسەر مانگدا بۆ خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ مانگ دەست لەملانێ بکا، ئەوها باوەشی تێ ئاڵاندووە، ماچی دەکا!)

**کالیگولا:** (بەدەنگی بەرز کە لە هاوار نزیکە) ئەم مانگە تەنیا هی خۆمە، تەنیا هی منە، بە تایبەتی بۆ من هێنراوەتە خوارەوە، دەبینی لیڤیلا، فەرمانم دا هێنایانە خوارەوە، هەمووتان دەتانگوت شتی وا نابێ!

**لیڤیلا:** بەڵێ گەورەم وایە!

**کالیگولا:** ئەی نەمگوت دەسەڵات ڕێگای مەحاڵ دەکاتەوە! (ئەم دێرە چەند جارێک لەناو شانۆ وێڕای سەدا و زایەڵە دووبارە دەبێتەوە)

**تاریکی**



## سالح سووزەنی:
## ڕەخنەگر بە خوێنەر پێناسە دەکەم.. زمانی شیعریش زۆر لەمە سرکترە بتوانین لە چەند بۆچوونێکدا یەخسیری بکەین

**ئا: غەمگین بۆلی**

یەکێک لەو نووسەرانەی کە هەمیشە لە هەوڵی نوێگەری و گرینگیدانی زێتر بە زمانی تازەگەری و لادانی فۆرمی زمانەکانی کلاسیزم دایە، (سالح سووزەنی)یە. ئەدەب لە دیدگای ئەوەوە لە مابەینی زەوی و ئاسماندا هەمیشە لە پیاسەی بەرائەت و جوانبینی وشەدایە. ئەم نووسەرە وەک خوێنەرێکی بەردەوام و جددی هەمیشە بە ڕوانینی جیاواز لە شتەکانی دەوروبەری خۆی دەڕوانێت، هەر ئەم خوێندنەوە قووڵانەشە وای کردووە، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا جێ پەنجەی تا ئەندازەیەک دیاربێت، ئەم شاعیرە ئەگەرچی وەک پێویست لە کوردستانی باشووردا نەناسراوە و بەرهەمەکانی نەخوێندراونەتەوە، وەلێ هەمیشە بۆ ئەدەبیاتی کوردی جێگای بایەخ بووە، چونکە بەردەوام لەگەڵ قۆناغەکاندا لە هەڵزناندندا بووە، لەماڵپەڕە تایبەتەکەی خۆیدا خوێنەر زۆر بەئاسانی دەستی بە بەرهەمەکانی دەگات و دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە تا چەند لە هەوڵی نوێگەری و ڕەتکردنەوەی زمانی باودا بووە، با زیاتر خوێنەران دوور نەکەونەوە، ئەمەی خوارەوە هەڤپەیڤینێکە، دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕێگەی سایتەکەیەوە ئەمەی لێ بەرهەم هاتووە.

* سەرەتاکانی نووسینی تۆ بە شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی دەستی پێکردووە و تاکو ئێستاش بەردەوامی، لێرەدا دەمانەوێت بپرسین ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە چۆن لە ئەزموونی تۆدا کۆبوونەتەوە؟ پێت وانییە ئەو کەسانەی لە پرۆسەی ڕەخنەدا کار دەکەن، لە شیعر نووسیندا ڕاڕا دەبن، کە دواجار ئەم ڕاڕاییە جوانبینی زێتر بەشیعرەکانی دەبەخشێت، ئایا ئەمەیان چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– کۆبوونەوەی هەردوو ئەزموونی شیعر و ڕەخنە، لە خوێندنەوەی زۆرەوەوە سەری هەڵدا، چەند دۆستێک بووین کە هەر لە مێرمنداڵییەوە کەوتینەسەر هەوای خوێندنەوە. هەرچیمان دەست بکەوتبایە دەمانخوێندەوە. ڕۆمانە "جەنایی"یەکان ڕاپێچی دەکردین و لەگەڵ خۆ دەیبردین. لەسەرەتاکانی خوێندن بۆ مامۆستایی (دانشسەرای سنە) ئاشنای ڕۆمانە ئەشقێنییەکان بووین و دواتر "تەنزە"کانی عەزیز نەسین و ئینجا دەقەکانی هۆگۆ و بەلزاک و ستاندال و چیخۆف و برێشت و تۆلستۆی تا دەستۆیڤسکی و ڤاکنێر و پرۆست و جۆیس و وۆڵف... ئاشقی شیعرەکانی شاعیری کلاسیکی فارس "حافز"بووم و زۆربەی شیعرەکانم لەبەر دەکردن!! بەکورتی خوێندنەوە فێرە نووسینی کردم و چون نووسین دواتر بوو بە بەشێکی دیکە لە پرۆژەی خوێندنەوەکانم؛ لە "ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم"ەوە تا "قوتابخانە ئەدەبییەکان" و تەنانەت کتێبە قەبە قاچاخەکان!!م دەخوێندەوە و جاروبار یاداشتم لێ هەڵدەگرتنەوە. خوێندنەوەی دەقە ڕەخنەییەکانی "سیرووس شەمیسا" و سمایل میری عەلا و ڕەزا بەراهەنی و... لە زمانی فارسیدا کاریگەری زۆریان هەبوو بۆ وەی لەنووسین نەترسم. چوارساڵ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٨٢) لە مامۆستایی دەریان کردم و لە بەندیخانەی گەوهەردەشت بوو کە هاتمەسەر ئەو باوەڕەی؛ بەبێ خوێندنەوە و نووسین ناتوانم بژیم. هەر لەو بەندیخانەیە بوو کە "نامەباڵدارەکان"م نووسی و لە گەڕانەوەمدا بۆ بەندیخانەی "ئیتلاعاتی" سەقز بەلەونێک ناردمە دەرەوە؛

**"– باڵندەی جوان!**

**کەسێک بیەوێ هەڵفڕێ**

**دەبێ بیری ڕاوچی هەبێ**

**بەڵام هەرگیز، لێی نەتۆقێ و دڵ نەگۆڕێ.."**

دواجار هەندێ لەو شیعرانە لە کۆشیعری "سەمفۆنیا"دا جێی خۆیان دەکەنەوە. دوای دەرچوونی گۆڤاری "سروە"ش بەرە بەرە وتارە ڕەخنەییەکانم بڵاو کردەوە.

نازانم کێ باسی ڕاڕایی بوونی کەسانی ڕەخنەگر و شاعیری کردووە؟ بەڵام هەرکەس قسەی وای کردبێ، خراپی نەپێکاوە. بۆ وەی شاعیر و نووسەری خوێندەوار و ئاشنا بە ڕەخنەکاری و قوتابخانە هونەری – ئەدەبییەکان بەرهەمەکانی خۆیان لە ئاست هونەر و ئەدەبی جیهانی دەسەنگێنن و زێدەتری لێ دەکۆڵنەوە و بەردەوام لە هەوڵی دەربازبووندان لەو قاڵب و چوارچێوانەی کە بوونەتە دەسەڵات و لەخۆیان تێناپەڕێن. هەرچی بێ، زۆری پێ نەچوو کە زانیم دەبێ لاسایی کەس نەکەمەوە و ئەوەش ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاڕاییەی کە باسی دەکەن و من حەزدەکەم ناوێکی دیکەی لێ بنێم؛ دەروەست بوون بە ڕوحی هونەری هاوچەرخ کە هەمان نوێترخوازی بێ.

**دەق دەمێنێتەوە و بەرهەم بەرە لە دوای بەرە کەم ڕەنگ دەبێتەوە، دڵنیام حەق بە نوێخوازانە و نوێترخوازی بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی ئەدەبی و تەنانەت کۆمەڵایەتی مرۆڤ**

* پێت وانییە ئەم ڕاڕاییە لە کۆشیعری (بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم)دا ڕەنگی داوەتەوە؟

– من وەک خوێنەرێکی شیعرەکانی خۆم ئەو دەروەست بوونە لە "درۆکانی موقەددەس"ەوە هەست پێدەکەم، بەڵام لەهەرکام لە کۆشیعرییەکانی "شیعرەسات" (تکایە بە شیعرستان مەیخوێننەوە بۆوەی ئەو لادان لە نۆرمی زمانی باوە دەشێوێنن!)، "بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم"، "وەهمەکانی ئەشق و..."، "حەبێکی هەنگوینی دائەنێی مەترسە" و..تاد. چۆنیەتی و ئەندازەی دەروەست بوونەکە لە تەکنیکگەلێکەوە بۆ تەکنیکی دیکە دەگۆڕدرێ، واتە ئەگەر لە "درۆموقەددەسەکان"دا ماکی سەرەکی، تێکئاڵاندنی هونەر و فەلسەفەی ژیان بێ، لە شیعرەساتەکاندا لادان لەنۆرمی زمانی باو و چەند دەنگی بوون و ئۆتۆماتیک نووسین و.....ە و لە "بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم"دا وانموود (Simulacrom)و ....

* له ده‌قه‌كانتدا گه‌مه‌ی په‌یڤه‌كان له‌نێو هێزی شیعره‌كانتدا حه‌شاردراون، زمانیش رۆڵی ئه‌كتیڤی له‌سه‌ر "شیعراندن"ی بینیوه، كاتێک كه به‌ده‌وری ده‌سه‌ڵاتی باكگراونده‌كاندا ده‌خولێته‌وه، ئایا ئه‌وه چ نۆستالیژیایه‌كه له روحیه‌تی شیعره‌كانتدا خه‌ڵقت كردووه؟ به تایبه‌ت له كتێبه شیعری (شیعرستان) كه هه‌وڵێكی جوانیشه بۆ پچڕاندنی زمان، له زمانه‌كانی نووسینی پێشووترت؟

**- "زمان به‌وبه‌ختی كردین باوان!"**
شیعرسات

سه‌ره‌تا سوپاسی خوێندنه‌وه‌كه‌تان ده‌كه‌م له ده‌قه‌كان، وه‌ک زۆرجار گوتوومه "درۆ موقه‌دده‌سه‌كان» به قۆناغێكی تێپه‌ڕین ده‌زانم به‌ره‌و شیعری جیاواز، شیعرێک كه كاركردی زمان ده‌وری سه‌ره‌كی تێدا ده‌بینێ و لادان له نۆرمی زمانی باو دژ به ده‌سه‌ڵاتی به چه‌قبوو ده‌شیعرێ ێ ێ.. شیعره ساته‌كان زمانانه‌ندنی هه‌ستو نه‌ستی بگێڕه‌وه‌یه‌ک و (شاعیر و باوان)ه له درێژه‌ی "پووچییه‌تی مێژوو"دا له بیرتان نه‌چێ كه "سات" پاشگرێكه بۆ نواندنی كات و زه‌مه‌ن؛ شاعیر سه‌ر به زمانی باوک و نۆستالیژی خوازه و "باوان" سه‌ر به‌زمانی دایک و ئاینده‌خواز. له‌به‌رئه‌وه‌ی كه نۆ له ده‌ی "شیعرسات"ه‌كان له زمانی بگێڕه‌وه و شاعیر و باوكه‌وه شیعراوه!! ده‌سه‌ڵاتی زمانی نۆستالیژی زاڵتر ده‌نوێنێ؛

**"دایكم به چه‌كی "نا "ی زمانه‌وه**
**دایكم به بڕوا به له‌زه‌تی زه‌وی و**
**تازه‌بینی**
**تازه‌گه‌ری ..**
**باوكم، عارف ..**
**/حه‌زی له به‌هه‌شت بوو و هه‌تا..**
**.......... ئێستای " ٢٠٠٠" یش**
**خه‌و به خه‌رمانه‌كه‌یه‌وه ئه‌بینێ ../**
شیعرسات

بۆ وه‌ی شاعیر جیهانی مودێرنیشی هێناوه‌ته ئه‌زموون:
**بازجۆكانم به‌قه‌د ئستالین رۆشنبیر بوون و**
**هه‌ڵیانئه‌كابلاندم ...**
**منیش :**
**شێت بووم و ئه‌م نیچه ان ...**
بۆیه لای وایه كه؛

**له‌جیهانی "هێرمنۆتیكی" ئه‌وانا**
**ره‌نگه وشه‌ی ئاشتی ئێمه**
**به‌هۆ ی "ش"ینه خه‌سته‌كه‌یه‌وه**
**مانای شه‌ڕ بات**
**وه‌ک چۆن كه باسی Peace ئه‌كه‌ن**
**ئێمه دڵنیاین شه‌ڕێكی پیس هه‌ڵده‌گیرسێ و**
**ئه‌مانكوژن ...**
**هه‌زار «بودریار» یشیان هه‌یه كه بڵێن:**
**«مه‌ترسن !**
**شه‌ڕه‌كان ته‌له‌ڤیزیۆنین !»**

به گشتی لام وایه "شیعرسات"ه‌كان قسه و باسی زۆر هه‌ڵده‌گرن و هیوادارم دواتر خوێنه‌رانی چالاكی ئه‌ده‌بی كوردی، زێده‌تر ئاوڕی لێبده‌نه‌وه و به چاوی ره‌خنه‌ییه‌وه بیخوێننه‌وه.

* له كتێبه شیعری (درۆ موقه‌دده‌سه‌كان)دا هونه‌ری به یه‌ككه‌وتنی فره ده‌نگی بوونی هه‌یه، وه‌لێ هونه‌ری ته‌كنیک له زمان و هونه‌ری كورتبڕی له كتێبه شیعری (شیعرستان) زیاتر ده‌بینرێت، هه‌ربۆیه له به‌رهه‌مگه‌لی تۆدا ته‌كنیكی جیاواز و ستایلی تازه ده‌بینین، پێت وانییه ئه‌مه بۆ خوێنه‌ر و ره‌خنه‌گر كارێكی ئاسان نه‌بێت؟

- من ره‌خنه‌گریش به خوێنه‌ر پێناسه ده‌كه‌م، هه‌رچی بارستایی خوێنده‌واری و ئه‌زموونی خوێندنه‌وه‌ی خوێنه‌رێک له‌سه‌رتر بێ، زێده‌تر ئاشنای ره‌وتی رێبازه هونه‌ری و ئه‌ده‌بییه‌كان ده‌بێ و به‌و پێیه قووڵتر له شیعری هاوچه‌رخ ده‌كۆڵێته‌وه. راستتان ده‌وێ له درۆكانی موقه‌دده‌س به‌م لاوه، من به‌رده‌نگی شیعره‌كانم به خوێنه‌ری چالاک له‌به‌رچاو گرتووه و لام وایه خوێنه‌رانی ئاسایی و مامناوه‌ند ده‌بێ هه‌وڵ بده‌ن ئاستی خوێندنه‌وه‌كانی خۆیان بهێننه پله‌یه‌كی سه‌رتر، ئه‌گینا نه‌ک ناتوانن له‌گه‌ڵ شیعرسات پێوه‌ندی بگرن، بگره ناتوانن له هیچ شیعرێكی هاوچه‌رخ چێژ وه‌رگرن، ئه‌وه‌ش ده‌كه‌وێته ئه‌ستۆی خۆیان. من وه‌ک شاعیر هه‌وڵی نوێترخوازی ده‌ده‌م و وه‌ک ره‌خنه‌گر هه‌وڵ ده‌ده‌م ده‌قه‌كان به پێی خوێندنه‌وه نوێكانی سه‌رده‌م بخوێنمه‌وه و ئاستی تێگه‌یشتنی خوێنه‌رانی مامناوه‌ند هه‌ڵكشێنم. (بڕواننه "نالی و خوێندنه‌وه نوێكانی سه‌رده‌م" نووسینی ئه‌م قه‌ڵه‌مه) ده‌بێ ئه‌وانیش بۆخۆیان هه‌وڵ بده‌ن! وانییه؟

* به‌ڕای ئێوه پێوه‌ندی زمانی راستگۆیی و روحی

ئیستێتیکا، تا چ ئەندازەیەک کاریگەرە بۆ گیانی بەرهەم هێنەری شیعرییەت، لەکاتێکدا ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، ڕاستەقینەیەکی پڕ وەهمە، تۆ ڕوانینت بۆ ئەمە چییە؟

– دیارە شاعیر و نووسەر ڕۆڵەی کۆمەڵگاکەی خۆیانن و واقیعی ژیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە و هەیە لەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیان، بەڵام لە خوێندنەوە و ڕەخنەکاریی ئەمڕۆژیانەدا هیچ کات بەرهەمێکی هونەری بە پێی ڕاستی و ناڕاستییەکانی واقیعی ژیان هەڵناسەنگێنن، بەڵکو بە پێی چۆن نواندن و چۆن نووسینەوە، دەلاقەی لەسەر دەکەنەوە، واتە ئەوە زمان و کارکردی زمانە کە دەقێکی شیعر، یان چیرۆک لە دەقێکی دیکە جوێ دەکاتە نەک بابەتەکانیان. هەزاران ساڵە عەشق و نەفرەت، درۆ و ڕاستی، شەڕ و ئاشتی و مەرگ و ژیان و دەیان دوانەی لێکدژی دیکە لە زمانی ئوستوورەکانمانەوە تا بەیت و باو و حیکایەتەکانەوە بگرە، تا زمانی ئاسایی ناو کۆمەڵ هەبوونە و دەگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەوە چۆنیەتی داڕشتی زمانە کە هەر ئەو بابەتانە بۆ ئێمە ئابدەیت (بە ڕۆژ) دەکەنەوە و وا هەست دەکەین لەگەڵ دەقێکی نوێدا ڕووبەڕوو بووینەتەوە. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بگوترێ کە قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکانیش بە گەورەکردنەوە و بە ماکی سەرەکی زانینی هەر کام لە وتەزاگەلی وەک "هەست و سۆز"، یان "نەست و دەروون"، "واقیع و ڕاستییەکان"، "زەمەن و شتەکان"، "وەهم و خەون"، زمان و نیشانە و... "پێکهاتە و داڕشت" فۆڕم، یان ناوەرۆک و...تاد. دەورێکی زۆریان بینیوە و کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەو چۆن نووسینەی کە ئاماژەم پێکرد. بۆ وێنە ماکی سەرەکی لە دەقێکی ڕۆمانسی هەست و سۆزی دەروونە و لە دەقێکی ڕیالیستیدا شیکردنەوەی واقیعی دیاردەکان و بۆ فۆرمالیستی و پێکهاتەخوازەکان زمان و داڕشت و بۆ سووریالیستەکان وەهمەکانیان لاگرینگە و...تاد هەرکام لەو قوتابخانانەش دەورێکی گرینگیان لە ڕەوتی گەشەی هونەری– ئەدەبیدا هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەمووان داکۆکی لەسەر دەکەن، سەرەتا هونەری بوونی دەقەکەیە بەپێی کارکردی زمان و نیشانە و داڕشت، یان نادارشت.

* شاعیر زۆر جار لەگەڵ ئەو شتانەی لەگەڵ هەستەکانی ناگونجێ، بەڕەنگار دەبێتەوە، بە شیعر لەگەڵیان بەشەڕ دێ، ئایا تۆ توانیوتە لەم شەڕانەدا بە دڵی خۆت بجەنگێی و سەرکەوتن بەدەست بێنی؟

– پێوەندی و ململانێی شاعیر و شیعر و دەسەڵات (بە مانای ئیپیستمەی زاڵ، نەک هەر هێزی حکومی) حاشا هەڵنەگرە و من لام وایە شیعر بەردەوام دژی دەسەڵاتی بە چەقبووی زمانییە بۆ دەربازبوون و دامەزراندنی سیستمێکی دیکەی زمانی– نیشانەیی. بەو پێیە ڕەنگە بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی– سیاسی تایبەتی ئەم وڵاتانەوە نەمتوانیبێ وەکو دەڵێن بەدڵی خۆم بەشەڕ هاتبێتم، بەڵام بە شاهێدی دەقەکانم (لە هەرسێ بواری شیعر و ڕەخنە و وتاردا) ئەوە هەوڵی بێ بڕانەوەم بووە تا ئێستاکە و هەر بۆیە یەکێ لە بەرپرسانی "دایەرەی ئیرشاد" لە سەقز دەیگوت؛ ئێمە پێشانگای گوڵ و گیا دادەنێین و ساڵح سووزەنی باسی دەسەڵاتی لەسەردەکا"!! هەڵبەت بەداخەوە ئەویش دەسەڵاتی بەس بەمانا دەوڵەتییەکەی ناسیبوو.

ڕەنگە لاتان سەیر بێ کە من دژی دەقەکانی خۆشم جار و بارە بەشەڕ دێم و هەوڵم ئەوەیە وەک هیچ بەرهەمێکی پێشووی خۆم نەنووسم. دیارە ئەوە سەختە و پچڕان لە هێزی نێواندەقێتی بۆ هیچ کەس هاسان نییە، بەڵام ئەوە بە ئەرکی شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیران دەزانم.

بەچاوخشاندنێک بەسەر ڕەوتی شیعری و ڕەخنەیی لە کوردستاندا، خوێنەرانی چالاک دەبێ خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن کە ئەو هەوڵانە چەند سەرکەوتوو و ناسەرکەوتوو بووە. ئەوەی ئاشکرایە لە بواری ڕەخنە و شیعردا سەبارەت بەخۆم؛

**ئەلف؛** ڕەخنەم لە تاک دەنگییەوە بەرەو چەند خوێندنەوەیی بردووە و ئەو ڕەوتەی سەقامگیرکردووە. ئێستا ئیتر لە کوردستان چەند خوێندنەوەیی نەک هەر نامۆ نییە، بەڵکو باویشە.

**بێ؛** "ناوێکی سەرەکی بووە لە باسی ڕەوتی شیعری جیاواز و نوێترخوازی کوردیدا.

* شاعیرانی کورد هەمیشە ئەرکی تریان بینیوە، کە لە دواتردا زەرەری بەژێرخانی شیعریەت داوە، ئایا ئەم زەرەرە بەتۆش نەگەیشتووە؟ دەکرێت تیشک بخەیتە سەر ئەم لایەنەوە؟

– لە زۆر شوێن ئەمەم گوتووە و لەبەر حورمەتی

پرسیارەکەی ئێوەش دووپاتی دەکەمەوە؛ بە زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی- ڕامیارییەوە شاعیرانی کورد ناچاربوونە ڕووناکبیر، شۆڕشگێر، فەیلەسووف، هەڵسووڕاوی حزبی و ...(بەکورتی هەموو شتێ) بن!! پێشتر هەموو ژانرەکانی ئەدەبی و تەنانەت ڕەخنەییش بەسەر شیعردا سەپابوو و دیارە ئەوەش تووشی خەساری کردووە و زۆرجاران تووشی دروشمدان و هەموو شت گوتن و هیچ نەگوتنی بنەڕەتی کردووە...تاد دیارە منیش لەو زۆر بڵێییە بێ نەسیب نەبوومە و زۆر کارم کردووە کە ڕەنگە ئەرکی من نەبووبێ، بەڵام بەخۆشییەوە خۆم یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئەو دۆخە داسەپاوە بوومە بەسەر شیعردا و هەوڵم داوە خوێندنەوەی دەق بهێنمە جێی ئەو زۆربڵێییە و ئانارشیسمی زمانی شیعری و کارکردی زمان بکەمە ئاڵای بەرزکردنەوە بۆ داهێنانی شیعریی.

* چی وای کردووە بەرهەمی شاعیرانی حەفتاکان، تاکو سەرەتای هەشتاکان جۆرە لێک چوونێک لەیەکتریان کۆبکاتەوە کە بەڕای شاعیرگەلێکی هەشتاکان ئەوان نەیانتوانیوە زگی شیعری پڕ بکەن؟

– یەکێک لە بنەڕەتیترین خاڵەکانی ڕەخنەی نوێ ئەوەیە کە ڕەخنە و خوێندنەوەکان دەبێ ئاراستەی دەق بکرێن و جگە لەوەش ڕێگە بەو گوزارانە نەدرێ کە گوزارەی ڕەخنەیی نین؛ بۆ وێنە فلانەکەس ئەسپی ئەدەبی لە زەریا و ئاسمانی ئەدەبی فلانە نەتەوەدا تاو داوە، زگی شیعر و داستانی پڕ کردووە و شتی وا...تاد لە خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەمدا نەک هەر ڕەخنەیەک ئاراستەی دەقێکی تایبەت دەکرێ، بەڵکو دەقێکی دیاریکراویش لە چەندین گۆشەنیگای ئیستێتیکی و هێرمنۆتیکییەوە دەخوێنرێتەوە. بۆ وێنە لەم پرسیارەدا شاعیران، یان دەقی شیعری شاعیرانی دەیەی حەفتاکان ناودێر و دەستنیشان نەکراون و بۆچی و بە پێی چ هۆکارێکی نیشانەناسانە، یان زمانناسانە و پێکهاتەخوازانە دەقی ئەو شاعیرانە وێکچوویان هەیە، یان نیانە و دەیان پرسیاری دیکە ڕووبەڕووی پرسیارەکەت دەبێتەوە. کەوایە با هەوڵ بدەین هەندێ جار ڕەخنە ئاراستەی پرسیاریش بکەینەوە.

**یەکێک لە بنەڕەتیترین خاڵەکانی ڕەخنەی نوێ ئەوەیە کە ڕەخنە و خوێندنەوەکان دەبێ ئاراستەی دەق بکرێت**

* تۆ لە دیمانەیەکی گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١١٦)دا کە بەڕێز (عەبدولخالق یەعقووبی) لەگەڵی سازداوی، ئاماژە بە چەمکی بە جیهانیبوون دەکەی و باس لەوە دەکەی کە ڕۆمانی (بەختیار عەلی) وەربگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا پێشوازی زۆری لێ دەکرێت، بەتایبەت ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، ئایا ئێستاش لەسەر هەمان بیروڕان؟ ئایا کام بەرهەمی تر خاوەن هەمان تایبەتمەندییەتییە؟

– دیارە وەرگێڕان دەورێکی گرینگ لە ناساندنی ئەدەب و ڕووناکبیری کوردیدا دەبینێ (هەروا چەند ساڵ دوای ئەو دیمانەیە بینیمان وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە چەند کاریگەر بوو لە بەجیهانی بوونی دەقەکانی بەختیار عەلی)دا، بەڵام باسەکەی من لەو دیمانەیەدا بەس لەسەر وەرگێڕان نەبوو، من لەوێدا باسی زمانی کوردی دەکەم لە ئاست زمانگەلێکی وەک ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و دەڵێم: "زمانی کوردی زمانێکی جیهانی نییە و لە مێژوویەکی درێژخایەندا نەک هەر دەسەڵاتێک پشتی نەگرتووە، بەڵکو دەیان دەسەڵات نوقمی زەوی کردووە...تاد بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی دەسەڵات – مەعریفە و سازکردنی یەکدی ئاساییە ئەگەر زمانی ئەدەبی مەش لە جیهاندا هێند بەرچاو نەکەوتبێ. دڵنیام ئەگەر شاری مۆسیقارەسپییەکان بە زمانی ئەڵمانی – فەرەنسی، یان ئینگلیزی و چوزانم ئیسپایۆلی بنووسرابا، ئێستا ڕۆمانێکی ئەوپەڕ جیهانیش بوو. بەڵگەش بۆ قسەکانم فیلمەکانی یلماز گونای و بەهمەن قوبادییە. لەبەر ئەوەی زمانی وێنە زمانێکی جیهانییە با وەکو هیچ مێژوویەکی کاری سینەمایی لە پشت سینماکارانی کورد نییە، دەبینن چۆن بوونەتە بەرهەمی جیهانی و ناوبانگ دێننەوە."ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و لام وایە زۆر بەرهەمی دیکەی کوردی شایانی ئەوەن کە جیهانی بن.

* ئایا بۆ کردنەوەی کۆدە نهێنییەکانی نووسینی هەر نووسەرێک، چی دەبێتە دەستپێکی کۆمەککاریمان؟ لێرەدا وەگەڕخستنی ڕەمز، چۆن لەنێو پرۆسەی نووسیندا دەکەوێتەوە؟

– چۆنیــەتی کــارکــرد و گــەمــەکــانی زمــان (وەک سیستمێکی نیشانەیی) دەربڕی هەموو کۆدە ئاشکرا و نهێنییـەکانی دەقی شاعیـران و نووسەرانە، ڕەمزیش بەشێکی دیکەیە لە هەمان سیستمی نیشانەیی زماندا کـە لەبری تایبـەتمەندییـەکـانی هاونشـینی "دال"، لە تایبەتمەندی جێنشینی کەڵک وەردەگرێ؛ واتە شاعیرێ لە ڕەوتی مێژوویی وێنە شیعرییەکاندا "ڕوومەتی سوور" دەکاتە گوڵی سوور و جۆرە خوازەیەک سازدەکا و هەر ئەو خوازە شیعرییە دوای بەکارهێنان و جێکەوتن دەبێتـە سەمبول (یان ڕەمز)، ئەم گەمەیە بەردەوامە و دەبێتـە هۆی سرک بوونی زمانی شیعری. ئەوەشمان لەبیر نەچێ خوێندنەوەی نیشـانەناسـانەی هەر دەقـێک باشـترین یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی زۆربەی کۆدە نهێنییەکان. خوێندنەوەی ڕۆمانی "نهێنی گوڵی سوور" ئێمبرتۆ ئیکۆ بۆ ڕوونترکردنەوەی وەڵامەکەم پێشنیار دەکەم.

* ئایا ئـەدەبی مـــــۆدێرن و پـۆست مـــــۆدێرن و تایبـەتمەندییـەکانی تا چەند کـاریگەری بەسەر چیرۆکی کوردیدا دروست کردووە؟ یان چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتـەی ئەدەبی پۆست مـۆدێرن کـردووە؟ کـە دەزانین بەشێک لە چیرۆکی کوردی پشتی بەگێڕانەوە بەستووە؟

– شیعری نوێی کوردی و هەموو ئەدەبی چیرۆکی لای خـۆمـان بە ئاشکرا لەژێر کـاریگەری ئەدەبی مـودێرنی ڕۆژئاوادایە و ئەوە حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر مەبەستـتـان مـۆدێرنیـزم (وەک بزاڤـێکی ئەدەبی– هونەری سـەدەی بیستەم) بێ، کە قوتابخانە هونەرییەکانی سووریالیزم و دادائیزم و فـتـۆریست و .. تاد لێ سازبوو. دەبێ بڵـێم بەپێی توانای وەرگـێـڕانیـان بۆ زمـانگەلی فـارسی و عـــەرەبی و کـــوردی، شـــوێنی خـــۆیان داناوە و کاریگەرییەکەشیان لە وەرگرتنی ئاساییش زێدەتر بووە و تەنانەت تا لاســایی کــردنەوە و خــراپ تێگەیشتن و کۆپیکاریش گەیشتووە. بۆ وێنە داگەڕانی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بەلای دەروونشیکاری مودێرن و فەرهاد پیـربـاڵ بەلای ڕێژەیی بوونی پۆست مـودێرنیـسـتـیـدا بەرچاوە، دەقەکانی بەختیـار عەلی کاریگەری ڕیالیزمی جادوویی لەسەرە و "باڵندەکانی دەم با"ی عەتا نەهایی ڕۆمـانێکی مـۆدێرنە و "لەسەر باران دەنووسم"ی جـەبار جەمال غەریب بەلای پۆستمۆدێرندا ڕۆیشتووە. هەر بەو پێیـە چیـرۆکنووسـانی گـرووپی "خـۆر" لای ئێـمـە لە دەرەتانەکـانی ئەدەبی پاشمـودێرن کـەڵک وەردەگـرن و کـاریگەری ئیگزیستـانسیـالیـزم (وجـوودییـەت) لەسـەر زۆرێ لە دەقـەکـانی نووسـەرانی باشـوور بەرچاوە. وەکـو شیعریش پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە شیعری جیاواز و نوێتـــرخـــوازی لای ئێـــمـــە زێدەتر لە دەرەتانەکـــانی پۆسـتمـودێرنیزم کـەڵک وەردەگـرن. بەگشـتی کولـتوور و ئەدەب و هونەر و ڕووناکـبیـریی لای ئێـمـە وەرگـر بووە و ئەوەش لای من ئاساییە، بۆوەی زمانی کوردی زمانێکی چالاک نەبووە و وەکو مێژوو کەمترین خزمەتی فەلسەفی و زانستی پێکراوە و دیارە گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆمانی مودێرن و پاشمودێرنیشدا دەوری خۆی دەبینێ، بەڵام ئیتر بەشـێـوەی زەمـەنی هێـڵی ناچێـتـە پێش. گۆشـەنیگا و مـەنۆلۆگ و سـینۆلۆگـەکـان ئەوەند دەیشکێنن کـە هەست بەگێڕانەوە نەکەیت. چەند دەنگی بوونی ڕەوایەتەکان لە چیـــــرۆک و ڕۆمـــــــانی نوێدا بەرەو ڕێـژەیی بـوونی ڕووداوەکانت دەبا نەک دڵنیایی. (بڕوانە "چیرۆکێک بۆ خـوشکی ڕەحـمـەت" لە کـۆمـەڵە چیـرۆکی "ئەو باڵندە برینداره کـــە منم" و ڕۆمـــانی "باڵندەکـــانی دەم با" و نوڤلێتی "دەنگی نوختە" و "هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو" و لەسەر باران دەنووسم و .....تاد).

* دوو ڕا لە مـەڕ (زمـانی شـاعـیـر) هەیە، یەکـەمـیـان گوایە زمانی شاعیر: زمانی کۆمەڵگەیە، بەو مانایەی کە شـاعـیـر زمـانحاڵی هەلومـەرجی دەوروبەرەکـەیەتی، ڕای دووەمـیـان ئەوەیە گـوایە زمـانی شـاعـیـر: زمـانی ڕوح و ویژدانیـەتی بەو مـانایەی شـاعـیـر باس لەناوەوەی خۆی دەکات، تۆ چ بۆچوونێکت بۆ ئەمە هەیە؟ زمانی شاعیر لای تۆ چییـە و تۆ لە ڕێی زمـانی شـاعـیـرایەتیـتـەوە چ پەیامێکت هەیە؟

– نەک دوو ڕا، بەڵکو سەدان ڕاوبۆچوون سـەبارەت بە زمـانی شـیـعـر لە درێژەی مـێـژوودا هاتوونەتە ئارا و هەر شـاعـیـر و فـەیلەسـووف و ڕووناکـبیـر و ڕەخنەگـرێک بە تێگەیشـتنی خـۆی هەوڵی داوە شـیـعـر پێناسـە بـکا، لە ئەفـلاتوونی حـەکـیـــمـەوە کـــە بە پێی تایبـــەتمەندی واقـوودسـازی زمـانی شـیـعـر لە یۆتۆپیـاکـەی فـڕێی دایە دەرەوە، تا پـۆتیـکیـا (بووتیـقـا و هونەری شـیـعـری) ئەرەسـتـۆ و شـاعـیـرانی کـلاسـیکی و ئیـمـاژیسـتـەکـان و فـۆرمـالیـسـت و زۆرینەی قـوتابخـانە کـۆن و نوێکـانی سـەردەم هەوڵیـان داوە سـەری گـوریسی شـیـعـر بەلای

خۆیاندا بادەنەوە و سەیر ئەوەیە سرکییەتی زمانی شیعری بەردەوام هەوڵی دەربازبوونی داوە لەو پێناسە و چوارچێوە دیاریکراوانە کە ڕەنگە ئەمە لە وەڵامی پرسیارەکە دوورمان بخاتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا جێی باسی سەرەکییە، گفتوگۆی ئیمازیستە پێکهاتەخوازەکانە لەگەڵ کارکردی زمانخوازان. واتە شاعیرانی پێکهاتەخواز و شاعیرانی پێکهاتە هەڵوەشێن. ئیمازیستەکان گرینگی دەدەنە زمانی وێنەیی و بزاڤی وێنە و پێکهاتەی وێنەیی وەک بیچمێکی زیهنی و پێکهاتە هەڵوەشێنەکان گرینگی دەدەنە لادان لە نۆرمی زمانی باو و بەگشتی کارکردی زمان لە شیعردا. ئەو دوو ڕایە کە تۆ باسی دەکەی بەس لایەنی ناوەرۆکی شیعر دەگرێتەوە و هەردووڕا دەکەونە ناو پۆلێنکارییەکانی مودێرنەوە. واتە شاعیر چ وەک ڕیالیستە سوسیالیستییەکان شیعر بکاتە خەنجەر و بۆمبا بۆ سەر دوژمنان و چ وەک دەروونشیکارەکان لە ناخی مرۆڤی تاک بکۆڵێتەوە، شاعیرێکی بابەتخوازە و پێوەرەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر جوانیناسی نییە، لە حاڵێکدا شیعر گەمەی زمانە و بەس. لە شیعردا ئاساییە ئەگەر فیل بفڕێ و کەر سەرۆک...بێ و داڵ جوان بێ و شێر خوێڕی. واتە مەنتیقی هەرشیعرێک هەمان شیعر دیاری دەکا نەک فەلسەفە و پێناسەی پێش خۆی (بڕواننە وتاری دالی شیعر مەبەستی خۆیەتی و بەس"). من لام وایە گرینگ ئەوەیە شیعرێک چەند توانای ئەفراندنی زمانی هەیە و تا چەند توانیویەتی پێ لەزمانی ئەوی دیکە بێنێتە دەرێ و چۆن زمانی خستۆتەگەڕ؟ ئەوەندەش سەرکەوتووە. پێشتر لە دوو وتاری جیاوازدا "ئێپیستمۆلۆژیای شیعری کوردی" و "لەگەڵ شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردی" چ وەک قۆناخەکانی پچڕان و چ وەک ڕەوتی نێوان دەقێتی باسی ڕەوتە شیعرییەکانم کردووە و نامەوێ دووپاتیان بکەمەوە، بەس پێویستە ئەوە بڵێم کە زمانی شیعر زۆر لەوە سرکترە کە ئێمە بتوانین، یان بمانەوێ لە چەند بۆچوونێکدا یەخسیری بکەین.

* تێری ئیگلتن پێی وایە «کەلێنێک لەهەموو کارێکی ئەدەبیدا هەیە، ئەوە ڕەخنەیە ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە» بەو مانایەی کە هیچ شتێک لە ژیاندا بە تەواوەتی کامڵ نییە، پێت وایە ڕەخنەی کوردی ئەو کەلێن و کامڵ نەبوونەی پڕ کردبێتەوە، یان دەست نیشانی کردبێت، ئایا تۆ چۆن لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەتایبەت ڕەخنەی شیعری دەڕوانیت؟

– مەبەستی ئیگلتۆن لە ڕەخنە، خوێندنەوەی دەقە بەپێی میتود و جوانناسی. نەک ئەوەی کە بەناوی ڕەخنەوە لای ئێمە باو بووە. فلانەکەس سوارچاکی مەیدان و گۆڕەپان و لەو شتانەی ئەدەب و هونەرە و زگی هونەری باش پڕکردووە و ئێلە و بێلە (لە کاتێکدا ویستوویانە بەرهەمی دۆستێک هەڵکێشن) و بە پێچەوانەوە فیسارەکەس نەیپێکاوە و شێتە و زمان نازانێ و دایکی وا و باوکی وا (کاتێک ویستوویانە شاعیر و نووسەرێکی نادۆست داکێشن) لە باشترین حاڵەتدا ڕەخنە لای ئێمە مانایەکی ڕووکەشی لە دەق هێناوەتەوە، یان وەک دیکشنێری و هەمبانەی وشە "دال"ێکیان ناوە بە "مەدلوول"ێکی سەلیقەییەوە. دیارە ئەوەش هیچ کەلێنێک پڕ ناکاتەوە و بگرە خەساری لە قازانج زێدەتر بێ. من لام وایە ڕەخنە خوێندنەوەی خوێنەرانی تێگەیشتوو و چالاکە بەپێی وزە و تواناکانی دەق لە ڕوانگە، یان میتودگەلی دیاریکراو، هەڵبەت هەرچەند وزەی دەق لەسەرتر بێ، خوێندنەوەی زێدەتر هەڵدەگرێ و دەکرێ لە چەندین لایەنەوە بخرێتە بەر سەرنج، دیارە زمانی شیعری بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە وێنە و ڕەمز و گەمەگەلی زمانی و..تاد خوێندنەوەی زێدەتر هەڵدەگرێ و خوێنەری تایبەتی خۆشی دەوێ کە ئاشنای هێرمنۆتیک (تەفسیری بابەتیانە) و بوتیقا (جوانیناسی شیعر ) بێ. بەخۆشییەوە لەم دواییانەدا ئەم چەشنە خوێندنەوانە لای ئێمەش دەستی پێکردووە و چەند ڕەخنەگرێکی بەتوانا دەستیان داوەتە خوێندنەوەی فۆرمالیستی، پێکهاتەیی، نیشانەناسی و چەند خوێندنەوەیی بابەتیانە (هێرمنۆتیکی) و دەروونناسی و فێمنیستی و...تاد دەقەکانمان و ئەوەش جێی خۆشحاڵییە.

* لە دیمانەیەکدا ئاماژە بەوە دەدەیت کە دەقەکانت ڕەخنەی میکانیکبوونی ئاراستە نەکراوە؟ بەڕای تۆ قەیرانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تەنیا نەبوونی میتود و تیوری ئەدەبییە؟

– مەبەست لە میکانیکی بوونی دەق، نقاندنی شاعیرە بەپێی تیۆرییەکان نەک بە پێی ڕەوتی ئاسایی

زمانی شیعری و هەستی شاعیرانە و دارشت، یان نادارشتی بەجێ وڕێ و ...تاد ئەو چەشنە ڕەخنەیە زێدەتر ئاراستەی دەقی شاعیرانی ڕەخنەگر دەکەن (هەڵبەت لە کاتێکدا کە ڕەخنەگرێ بە کەیفی ئەوان نەنووسێ!!!) بۆ وەی پێیان وایە ڕەخنەگران بەپێی تیورێ دەنووسن و بە شەق دەیانەوێ تیوریەکان بەسەر شیعردا بسەپێنن، هەربۆیە دەقەکانیان دەبێتە دەقێکی میکانیکی (ماشینی) نەک دەقێکی هونەری. لەو دیمانەیەدا من دەڵێم؛ سەرەڕای ئەوەی شیعر و ڕەخنەم زۆر بڵاوکردۆتەوە، بەڵام هێشتا تۆمەتی وایان لە شیعرەکانی من نەداوە. ئەوەش بۆ من جێی خۆشحاڵییە! بەڵام سەبارەت بە نەبوونی میتود و تیوری، واتە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەبێ بڵێم کە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام من ڕەخنە و خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم (کە بەپێی میتود و تێوریش هاتۆتە مەیدان) لە قەیراندا نابینم و لام وایە تازە لەدایک بووە و بەڕاستی لە گەشە و نەشەدایە. تکایە بڕواننە خوێندنەوەکانی ڕەهبەر مەحموودزادە سەبارەت بە شیعری "شێت"، یان خوێندنەوەکانی شاهۆ سەعید لەسەر دەقی بەختیار عەلی و خوێندنەوەکانی شیعری جیاواز لەلایەن موراد ئەعزەمی و محەمەد ڕەحیمیان و فەرزاد میر ئەحمەدی و..تاد، یان خوێندنەوەکانی عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا و...تاد

* ئەی ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر دەقی شاعیرێک بکەین، سەرەتا چۆن بتوانین لە ڕوحیەتی دەقەکە نزیک ببینەوە؟ یان چی کۆمەکمان دەکات کرۆکی دەقەکە جوانتر نیشانی خوێنەر بدەین؟

– دیارە هەر دەقێک تایبەتمەندی و وزەی تایبەتی خۆی هەیە و هەرخۆیشی دیاری دەکا کە چۆن و لە چ گۆشە نیگاگەلێکەوە بخوێنرێتەوە، فۆرمالیستەکان لایان وایە دەقێک بخوێنەوە و بیخوێنەوە تا شوێنێک کە هەست بە نامۆیی و ترازانێک دەکەی، ئەوە بکە بە خاڵی دەسپێکی خوێندنەوەکەت. دیارە بنەڕەتی کاری فورمالیستەکان نامۆکردنەوە (ئاشنایی سڕینەوە) و دۆزینەوەی ماکی سەرەکییە لە دەقدا، بەڵام پێکهاتەخوازەکان بەدوای بیچمێکی زیهنی هاوبەشدا دەگەڕێن بۆ وەی یاساورێسا سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی دەستنیشان بکەن و نیشانەناسەکان گرینگی دەدەنە زمان و نیشانە و کردنەوەی ڕەمز و ڕازی و گرێوگۆڵی وشە بە پێی نیشانەکانی ناو دەقەکە و دیاردەناسەکان لە تەقینەوەی کاتی وێنەکان دەکۆڵنەوە و پێشنیار دەکەن دەق بە بێ هیچ پێش زەمینەیەکی زیهنی بخوێنرێتەوە و لایەنگرانی هێرمنۆتیک حەزیان لە ڕاڤەکاری بابەتیانەی دەقە وەک دەروونناسانە، یان کومەڵایەتییانە و سیاسیانە و مێژووییانە و دەیان بواری دیکەی پانتایی خوێندنەوەی تەفسیری و ...تاد کە وایە پرسیارەکەی تۆ زۆر گشتییە و منیش ناچارم بەگشتی بڵێم کە بۆ نیزیک بوونەوە لە ڕوحیەتی دەقی شیعری باشترین و نیزیکترین ڕێگە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی سیستمی جوانیناسی دەقەکە و شێوەی بەکاربردنی زمان و دۆزینەوەی ڕێساکانی گەمەی ناو دەقەکە، ئەگەریش بۆ کرۆکی دەقەکە دەگەڕێن خوێندنەوەی پێکهاتەخوازانە باشترین یارمەتیدەر دەبێ (لەم پێوەندییەدا تکایە بڕواننە "پێکهاتەی بەیتی کوردی" ڕەهبەر مەحموودزادە و وتاری "دەق و ڕەخنە" لە کتێبی "لەژێر تیشکی ڕەخنەدا کە نووسینی خۆمە.

* ئایا لەئەدەبی ئەمڕۆی کوردیماندا ئەدەبێک بوونی هەیە، بەناوی ئەدەبی سیاسی، کە بەشێوەیەکی تەندروست نووسرابێ؟ ئاسۆی ئەدەبی سیاسی کوردی چۆن دەبینیت؟

– ئەدەب ئەدەبە و سیاسەتیش سیاسەت، هەوڵی ئەدەب سازکردنی ئەمارەتی وشەیە بۆ خزمەت بە ڕوحیەتی غەیرەمادیی (مەعنەوی) مرۆڤ و دەرخستنی جوانکارییەکانی ناو زمان و بەردەوام دژی ئەو کۆتوبەندانە بووە کە لەناو چوارچێوەکی تایبەتدا بەخسیری دەکا، بەڵام هەوڵی سیاسەت بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە و لەو پێناوەشدا پێی ناخۆش نییە ئەگەر ئەدەبیشی وەک چەک و شیر و تیر و قەڵغان لە خزمەتدا بێ و بەداخەوە لە زۆر بڕگەی مێژوویشدا توانیویەتی بیهێنێتە خزمەتی خۆی. کەوایە ئەگەر بێتو باسی زۆر و دەسەڵات لەئارادا نەبێ(!!!) باشتر وایە هەرکام لەوانە سەربەخۆیی خۆیان هەبێ و بەپێی یاساکانی دیالێکتیک لە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا سەنتێزگەلی تایبەت ساز بکەن. ئەم سەربەخۆ بوونەی ئەدەب بەو مانایە نییە کە سیاسەت نەتوانێ خوێندنەوەی خۆی ئاراستەی دەقی ئەدەبی بکا، بۆ وەی سیاسەتیش وەک هەموو بەستێنەکانی ژیان و زانستی

کۆمەڵایەتی مافی ئەوەی هەیە بە میتودی خۆی تیشک بخاتە سەر هەر بەرهەمێکی هونەری– ئەدەبی و ئەوەش نەک هیچ خەسارێک ناخاتە سەر ئەدەبی سەربەخۆ، بەڵکو یارمەتی ئەدەبیش دەدا کە برەو بدا بە چەند دەنگی بوون و دژی تاک دەنگی بوونی سیاسەتی لای ئێمە، بیخاتە گەڕ. ئەوەی بەلای ئێمەوە وەک ئەدەبی سیاسی ناسراوە، هەمان ئەدەبی ریالیزمی ڕەخنەگرانە و کۆمەڵایەتییە کە وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەهۆی دەسەڵاتی زاڵی گوتاری مارکسیست– لینینیستی سەردەمانێکی زۆر لە جیهاندا پەرەی سەند و ئێستاش هەر وەک دەسەڵاتێکی زاڵ لەگەڵ گوتاری نەتەوەخوازی لای ئێمە بەردەوامە و کاتی خۆی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لای خۆمان سەر بەو قوتابخانە دێتە خوێندنەوە. کە هەر لە پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی و پێشمەرگەی ڕەحیم قازییەوە تا هەرەسەکانی حەمەی موکری و گوڵی شۆرانی عەتای نەهایی و ...تاد دەگرێتەوە. بمانەوێ، یان نەمانەوێ بەشێکی گرینگی ئەدەبی نەتەوەکەمانن و بەهۆی زاڵبوونی گوتاری سیاسی لای ئێمە ئێستاش لە برەودایە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەدەبی سەردەم پێی لەو گوتارە ترازاندووە و لە هەوڵی سازکردنی کۆشکگەلی سەربەخۆی دیکەشدا هەنگاوی باشی هەڵێناوە.

* لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەدەبی کوردی زیاتر لە بازنەی ناوچەگەریدا دەخولێتەوە، ئەمەش هەناسەکانی داهێنانی پچڕپچڕکردووە، ئایا ئەوە چییە وای کردووە ئەدەبی کوردی بەم قەیرانەدا تێبپەڕێت، دەسەڵاتی سیاسەتی کوردی تا چەند ڕۆڵی لەم قەیرانەدا هەبووە؟

– بەداخەوە پرسیارەکەت لەژێر کاریگەریی هەمان گوتاری سیاسیدایە، ئەدەبی ناوچەییمان نییە، بۆ وەی داهێنان لە ئەدەبدا کاری تاکەکانە و بە پێچەوانەی سیاسەت و ئایدۆلۆژی، یەک گرتنی ئەو تاکانە خزمەتێکی ئەوتۆ بە گەشەی ئەدەبی ناکەن (مەبەستم لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەدیبان و هونەرمەندان نییە) ڕوحیەتی چەند دەنگی بوونی ئەدەبیات بەوە سەقامگیر نابێ کە شاعیرانی ناوچە جیاوازەکان یەک بگرن، یان بە ناوچەکانی دیکەشدا هەڵبڵێن. ڕاستە سیاسەت و ئایدیۆلۆژی و دەسەڵات زۆرجاران ئەدیبان دەخەنە ژێر ئەو گوشارەوە کە بەپێی خوێندنەوەکانی ئەوان لە ئەدیبان و ناوچەکانیان بڕوانن و "شەڕە پەڕۆ"یان پێ بکەن و ڕەنگەکانیان دژی یەکدی پێ بەرز بکەنەوە، بەڵام بەڕاستی ئەرکی سەرەکی ئەدەبیات ئەوە نییە و هەر کاتێکیش دەستی لەو کارەوە دابێ، دڵنیام نەبۆتە لایەنی بەهێزی بەرهەمەکە. ئەرکی ئەدەب داهێنانە و داهێنانیش بە هیچ ناوچەیەکەوە نەبەستراوەتەوە، هیچ قوتابخانەیەکی ئەوتۆی ئەدەبی– هونەری سەردەم، لە کوردستان و ئێران و عێراق و ئەم وڵاتانەی دەوروبەر سەری هەڵنەداوە و ئەوەش کە بوومانە لەژێر کاریگەریی ئەدەب و هونەری ڕۆژئاوادایە و هیچ لەو قوتابخانانەش بە ناوچەکەیانەوە ناناسرێنەوە، بەڵکو بە چۆنییەتی خوڵقاندنی بەرهەم و چەندایەتی داهێنان و بەرجەوەنی خوێندنەوەکانییەوە دێنە ناس کرن. جیهان زۆر لەوە بچووکتر بۆتەوە کە پێشتر دەینواند، زۆرینەی هونەرمەندانی کورد ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین و ئەو چوونەدەرەوەیە، نەبۆتە هۆی دابڕانیان لە زمان و ئەدەبی کوردی، کێ هەیە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و عەتانەهایی بە بانە و سلێمانییەوە ببەستێتەوە؟ ڕەنگە پێشتر ترادسیۆنی ئەدەبی بەهۆی بەرجەوەنێکی ئایدۆلۆژیکەوە ئەو چەشنە پۆلێنبەندییانەی کردبێ و دەقی شاعیران و ئەدیبانیان بەپێی شاری قارەمانپەروەر و شاری هۆلاکۆبەزێن و شاری خوێناوی و...تاد لەو چەشنە دەستنیشان کردبێت، بەڵام دڵنیابن هیچ قازانجێکیان لەو جۆرە دابەشکردنەدا نەبردووە.

* چی وای کردووە لەئەمڕۆی ئەدەبی کوردیماندا ڕیکلام تا ئەندازەیەک ببێتە چەکی داهێنان و نوێگەری؟ ئایا داهێنان پەیوەستە بە ڕیکلامەوە؟ ڕیکلام چۆن ڕۆڵی لە داهێنانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیدا گێڕاوە؟

– بەداخەوە ئێمە کاتێک بە گرینگی نقیسانمان زانی کە دەسەڵاتی زمانی وێنە و ڕیکلام هەموو قوژبنەکانی ژیانی لێ تەنیوینەتەوە و ئەدەب و داهێنانی هونەریش بەستراوە بە ئابووری و بازاڕ و ڕیکلامەوە. لە وتوێژێکی دیکەشدا سەبارەت بە وەرگێڕان گوتوومە کە؛ "دەسەڵات و بەرژەوەندی سەرمایە و تەکنۆلۆژیا حیسابی بۆ ئەدەب و هونەریش کردووە. تۆ ناتوانی (بتەوێ و نەتەوێ) لەژێر سێبەری ئەو تۆڕە نادیارەدا نەبی. کەرەسەکانی پێوەندی جەماوەر، ئینتەرنێت، سەتەلایت و مۆبایل و..تاد بەم ڕۆژی ڕۆژگارە کاریان وەرگێرانی زمان– نیشانەی

نڤیسانی و وێنەیێن و تەنانەت شەخسیترین شوێنەکانیان لێ تەنیوینەتەوە. ئاخر ئەوەتان لەبیر نەچێ زمانی نڤیسان ئێستە بەس بەشێکی بچووکی سیستمی زمانییە و لەئاست زمان- نیشانەی وێنەیی زۆر لەکزیدایە، ئێستا هەواڵەکانی زانستی باس لە تاقە کتێبێک دەکەن (e-book) بەس کتێبێک و هەموو زانیارییەکانی بە جیهانی بوون (بە فەلسەفە و هونەر و مێژوو و بەکورتی لە باوکە ئادەمەوە تا دایکە ڕایس و خوشکە کلینتۆن!!) بگرێتەوە. من دڵنیام لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕیکلام لە ڕێگای کەرەسەکانی سەخت و نەرمەوە زێدەتر لە تەنانەت نوخبەش دەوردەبیێن. دەبینی کە دەلالی و بازرگانی چەند لە وەرگێڕان و داهێناندا کەوتۆتە پێش و ئێمە و قەڵەمە شڕەکەمان نازانم بە چ خێراییەک دەبێ ڕاکەین بۆ وەی بەس بتوانین داهێنانەکانی ئەوان بە نیوەچڵ بەکار بهێنین.. چ بگا بە خولڤاندن!!" ئەوە مەترسی دەسەڵاتی (وەک ئادرنۆ دەڵێ؛ سەنعەت فەرهەنگ، یان پیشە- کولتوور)ە و من پێشتر لە وتارگەلی جیادا باسم کردووە. بە گشتی "داهێنان و ڕیکلام ئەستەمە یەک بگرنەوە، بۆوەی ڕیکلام لە هونەری عەوام (کیچ) بۆ مەبەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ و داهێنان پێوەندە بە نوخبەوە. جیاوازییەکانیان جیاوازی نێوان (بەرهەم و دەق)ە. بەو حاڵەش زۆرجار نوێخوازیی ئەدیبان و هونەرمەندان لەباری مێژووی سیاسی و کومەڵایەتییەوە دەکەونە سەردەمێکەوە و لەگەڵ لایەنێکی ڕیفۆرمخوازی زمانی دەسەڵات لە یەک بەرەدا ئیش دەکەن. لەو دۆخەدا بەشێک لە ڕیکلام هەوڵ دەدا ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ باسی داهێنانی نوخبەی نوێخواز بکا و هەولی بە دەسەڵاتبوونی بۆ دەدا. نموونەی مێژوویی حاڵی ئێستای ئێران و بەربەرەکانێی دووباڵی نەریتی و ڕیفۆرمخوازی ناو دەسەڵاتە. دەبینین کە هەرکام لەو بەرانە بە شێوەی خۆ ڕیکلام بۆ نوێخوازان و نەریتخوازان دەکەن و بەو بۆنەوە لە دەرفەتێکی چەند ساڵەدا باشترین گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و شانۆنامە و فیلم و... بلاوکرایەوە و ڕیکلامیشی بۆ کرا و زۆرێ لە هونەرمەندانیش دۆخەکەیان قۆزتەوە، نموونەی لای خۆشمان هاوکاتبوونی سەرهەڵدانی گرووپی ئازادی و ڕەهەند (وەک ڕەخنەگرانی دەسەڵاتی کوردی و نوێخوازانی بواری ڕووناکبیری و ئەدەب) و هەست بە دموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی کوردییە لە باشووری کوردستان، دەبینین کە خەڵاتی "هەردی" لە دەیەمین فستیڤاڵی گەلاوێژدا دەدرێ بە بەختیار عەلی (کەسێک کە هەموو نووسینەکانی لە ڕەخنەی توندوتیژدایە بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی)، ئەمەش هیچ لە پلەوپایەی دەقەکانی بەختیار عەلی کەم ناکاتەوە و دەبێتە ڕیکلامێکی باشیش بۆ بلاوکردنەوەی زێدەتر و خوێندنەوەی زۆرتری دەقەکانی.

خوێندنەوەی چەند لایەنەی دەقی داهێنەرانە لەلایەن ڕەخنەگران و ئامادەبوونی داهێنەران لە بۆنە ئەدەبی و هونەرییەکاندا و پێشکەشکردنی دەق و ئاشناکردنی خوێنەران بەدەق، دەتوانێ جۆرە ڕیکلامێکی سەردەمانەش بێ (بە تایبەت سایت و ڤێبلاگە جددییەکان بۆ ڕیکلامی هونەر و ئەدەبی داهێنەرانە سوودبەخشن.)".

***** نووسەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم پارچەیەی کوردستاندا هەمیشە لەژێر گوشاردابوونە، کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کەمتر (لەوەی هەن) بناسرێن، وەلێ پرسیارەکەمان ئەوەیە لەم پارچەی کوردستانە، ئێوە وەک پێویست ئاوڕ لە بەرهەمەکانتان نەدراوەتەوە، ئایا هۆکارەکانی ئەمە کامانەن؟

- لام وایە لای ئێمە نەریتێکی خراپ هەیە کە دوای مردن ئاوڕ لە بەرهەمی هونەرمەندان و ئەدیبان بدەینەوە. دیارە من هێشتا ماوم و بەردەوامم لە پێشکەشکردندا...

"سازکردن و بە دەسەڵاتکردنی زمانێکی شیعری دیکە لە بەرانبەر زمانێکی بەدەسەڵاتبوودا هاسان نییە و چەندین هۆکاری گرینگ دەور دەبینن کە هەندێ لەوانە لە دەستی من (وەک شاعیر، یان نووسەر)دا نییە؛

ئەلف- بەهۆی هەندێ کێشەی سیاسییەوە، زیندانی و"اخراج و انفصال دایم از تمام خدمات دولتی" (واتە دەرکردن لە هەموو خزمەتە دەوڵەتییەکان) دەرفەتی چاپ و بلاوکردنەوە، وەک کتێب، نەدرا بە شیعرەسات و هیچ کام لە دەفتەرە شیعرییەکانی من. بۆ وێنە شیعرەساتی(١) ساڵی ٩٥ نووسراوە و لە ٩٧دا شیعرەساتی (١٠) کۆتایی هاتووە، لە ٢٠٠٠دا بەشێوەی کۆڕ پێشکەش کراوە و فیلمەکەی بە (CD) ئەویش نە بە شێوەیەکی فەرمی) بلاوبۆتەوە (جگە لە

گــۆڤــــارەکــــان ئەویش دوای ٢٠٠٠ چەند دانە(!!) "شیعرەسات" لە گۆڤاری "زرێبار" و "سروە" و "هێما" و..دا بڵاوبۆوە و کـاردانەوەی باشـیــشی هەبوو و وەک شیعری جیاواز خوێندرایەوە) دواجار چاپی دیجیتاڵی شیعرەسات لە "کوردستان نێت" و "پەرتووک" و.. لە جیهانی هەزاران سیمای ئینتەرنێتدا ئەو دەرفەتەی لێسەند کە خوێنەرانی جددی شیعر بیبینن و بیخوێننەوە.

ب- بە هۆی زمانی نامۆ و ڕووکردی زمانشکێنانەوە زۆر کەسان و بەتایبەت سەلەفییەتی ئەدەبی وەک ئاجووری بیانی چاویان لێکرد و دەرکیان نەکرد و بەس فلش ( )ەکانیان لەلا زەق بیۆوە.

ج- ئەو دۆستانەی دەرکیان کرد لێیان هەڵکڕاند و خۆیان وەک شاعیر پێ بردە سەرەوە و لەو دەرفەتەی لە گۆڤار و حەوتەنامەکاندا هەیان بوو ویستیان خۆیانی پێ بکەن بە ئەوەڵ و یەکەم و پێشڕەو و....تاد.

د- ڕیکلامی دەسەڵات سەرپۆشێکی دابوو بەسەریدا و هاتوچۆی من بۆ کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئەودیو بەشێوەی فەرمی قەدەغە بوو و تا ئەم ساڵانەی دوایی پاسپۆرتیان نەدامێ.


بەو حاڵەش هەبوونی کەسانی وەک ئێوە نەیهێشتووە شیعرەسات و بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم و ... بدرێنە دەست فەرامۆشی و خودی ئەم وتووێژە و چەندین دیمانەی دیکە لەگەڵ دۆستانی ئەودیو و چاپ و بڵاوبوونەوەی دوو کتێبێ "نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم" و "لەژێر تیشکی ڕەخنەدا" لەودیو و..تاد ئاماژەیە بەوەی کە دەق دەمێنێتەوە و بەرهەم بەرە لەدوای بەرە کەم ڕەنگ دەبێتەوە. دڵنیام حەق بە نوێخوازانە و نوێترخوازی بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی ئەدەبی و تەنانەت کۆمەڵایەتی مرۆڤ".

* وەک ئاشکرایە سەفەری شاعیری جاویدانی بێ وێستگەیە، وەلێ پرسیارەکەمان ئەوەیە، دەتەوێ لەم سەفەرەدا چی بکەی؟

- وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بەداخەوە من لە دۆزەخی زیندانەوە سەفەرەکەم دەست پێ کرد، هەر بۆیە وێستگەی یەکەمم گەیشتن بوو بە وڵاتی "ئازاااااادی"، هەمان یۆتۆپیا دێرینەی ناو خولیای زۆرینەی ڕووناکبیران. چەند زەمەنم بڕی و چەند دەفتەرم ڕەشنووس کرد تاوەکو زانیم ئازادی (بەمانا بووناسانەکەی) مەحاڵاتە و باشتر وایە سەفەرێکی دیکە دەست پێبکەم بۆ "شاری هونەرمەندان" کە ئەویش ئارمانجشاری زیهنییەتی "نیتشە" بوو و دەگەیشتە "لەدایکبوونی تراژیدیا" و... ئینجا هیلاک و ماندوو خۆم بە گوریسی زماندا شۆڕ کردەوە و ئێستا گەمەیەکی سەیرم دەست پێ کردووە و بەتەمام ڕێساویاسای گەمەکانی پێشوو بشێوێنم و لە "تۆپێک بسرەوێنم" کە خۆشم نەزانم لەکوێدا دێتەوە سەر زەوی و جیهانی واقیع، ئێستا جارێ لەمابەین زەوی و ئاسماندام و سەیری کاکێشانەکانی دیکە دەکەم.

* لە دیدارێکدا د.مارف خەزنەدار بۆچوونێکی وای هەیە (زۆربەی بەرهەمی شیعری نوێ لەبیردەچنەوە، چونکە ماک و هەوێنی ئەو داهێنانەیان تێدا نییە بێن بەهۆی مانەوەیان) تۆ وەک دەنگێکی نوێ بۆ ئەم بۆچوونە چ قسەیەکت هەیە؟

- ڕەحمەتی خوا و خوێنەرانی لەسەربێ بریا هەر بمایە بۆ ئەوەی وەڵامەکەی منیشی بدیبایە. ئەو بەڕێزە وەک زۆرینەی ڕووناکبیرانی کلاسیکی کورد، زۆر بە گشتی قسەی کردووە و نەیفەرمووە کە ئایا مەبەستی لە هەوێنی داهێنان هەمان "عەرووز" و "بەدیع" و "قافیە"یە کە بنەڕەتەکانی شیعر و پەخشانی کلاسیکین، یان چی دیکە. دڵنیام زەمەن و پیرێتی ئەو، مەودای بەو بەڕێزە نەداوە ئاشنای خوێندنەوە نوێیەکانی سەردەم بێت، ئەگینا هەرگیز وای نەدەفەرموو. بۆ وەی بە هۆی نەبوونی بەربەستگەلێکی وەک عەرووز و سەروا و ...تاد داهێنان لە ئەدەبی نوێدا زێدەترە و مێژووش تا ئێستا سەلماندوویەتی کە هێشتا گۆران و سوارە لەبیر نەچوونەتەوە و دڵنیام ئێمەش لەبیر ناچینەوە. یادی بەخێربێ و دەقەکانی پڕ خوێنەر.



# ئەحمەد شاملوو:
# پێناسەی هەر شتێک بە کات و شوێنەوە بەستراوە

**لە فارسییەوە: ک. ج. هەڵوەدا (بۆکان)**

ئەحمەد شاملوو، شاعیر و وەرگێڕی گەورەی ئێران ساڵی ١٩٢٥ لە تاران لە دایک بووە. بەهۆی پیشەی باوکییەوە خوێندنێکی پچڕپچڕی بوو، لە ئاکامیشدا دەستی لێ هەڵگرت. باوکی ئەفسەری ئەرتەش بوو، بنەماڵەکەیان قەت بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێک بارگەی نەخست. ساڵی ١٩٤٣ بە هۆی کاری سیاسییەوە لە بەندیخانە توندکرا، لە واقیعدا تیرێکی خلاسیش بە خوێندنە پچڕپچڕەکەیەوە نرا. ساڵی ١٩٤٦ بۆ یەکەم جار و ١٩٥٧ بۆ دووەم جار و ١٩٦٤ بۆ سێیەم جار ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. «ئایدا سرکیسیان» خێزانی دوایی بوو کە تا کۆتایی ژیان وەک ئاشقەوماشقەیەک ژیان. شاملوو چەند دیوان و زۆر شیعری بۆ خۆشەویستی ئایدا گوت. ئایدا لە بووژاندنەوەی ڕوحی شاملوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. ئەحمەد شاملوو لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی شەکرە هات و لاقی بڕدرایەوە. لە ئاکامدا ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد و هەر لە تاران نێژرا. بەرهەمەکانی زۆرن و تەنانەت ناوهێنانیشیان لێرەدا دەست نادا:

– ١٧ دیوانی شیعر (هەست و ئاسن، ئایدا لە ئاوێنەدا، پشکووتن لە مژدا و ...)

– گەلێک وەرگێڕانی شیعری بیانی، کە دواتر سەرجەم لە کتیبێکی گەورەدا بە ناوی «وەک کۆڵانێکی بێ کۆتایی» بڵاوکرانەوە.

– وەرگێڕانی ٢٠ ڕۆمان و چیرۆکی بیانی (پێ پەتییەکان – زاهاریا ئیستانکۆ، مەرگ ئیشوکاری منە – ڕۆبێر مرێل و ....)

– وەرگێڕانی ٧ شانۆنامە ( زەماوەندی خوێن – لۆرکا، درەختی سێزدەم – ئاندرە ژید و ...)

– فەرهەنگی کووچە (کە تا ئیستا زیاتر لە ١١ بەرگی دەرچووە.)

– گەلێک بەرهەمی تریش وەک ڕاستکردنەوەی دەقە کۆنەکان و وتارنووسین و .... شاملوو منداڵانیشی لە یاد نەکردووە و گەلێک چیرۆک و شیعری بۆ نووسیون.

– گۆڤاری «هێشوو» (خوشە) یەکێ لەو گۆڤارە سەنگینە ئەدەبییانەی ئێران بوو کە شاملوو بەڕێوەی دەبرد.

* شیعر چییە و چۆنی پێناسە دەکەن؟

– جارێک هەوڵم دا بە درێژدادڕییەکی زۆرەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئێستا وەڵامەکەم زۆر کورتە: «پێناسەی هەر شتێک بە زەمەن و شوێنەوە بەستراوە». شتێکی کە هەر دەمەو پێناسێکی نوێ وەخۆگرێت باشتر وایە لێی گەڕێین. تەنیا لە ماوەی ئەم ٥٠، ٦٠ ساڵەی دواییدا لە بەر چاوی خۆمان، چەندجار ڕوانگەی چەند تاقمێکی جۆراوجۆری کۆمەڵ بۆ شیعر گۆڕاوە، یان ئەوەی کە جۆرە شیعرێکی نوێ توانیویەتی بۆچوونی جیاواز پەروەردە بکا، کە ئەوانەش بە هۆی لێک نەچوونیان لە پێناسێکدا جێ ناکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لازمە ئەو هەوڵە بێهوودەیەی جاری پێشووم، کە بۆ گەیشتن بە پێناسەیەکی «شیعری خۆم» دابووم، لێرەدا دووپات کەرەوە.

* ئێوە جاری پێشوو گوتتان: «بۆ ئەم پرسیارە ئاشنایە، کە هەر جارناجارێک دەکەومە بەر تەوژمی، وەڵامێکم نییە و تا ئەو جێیەی ئاگادارم خەڵکانی تریش وەڵامێکیان بۆی نەبووە»، ئەدی چۆنە لە ئەرەستۆ بەم لاوە هەوڵ دراوە هەر چۆنێک بێت پێناسێکی دیار بۆ شیعر بدۆزنەوە؟

– پێیان وابووە ئەگەر شتێک پێناسەیەکی وردی زانستی نەبێت، ناکرێ لێک بدرێتەوە و هەڵسەنگێندرێت. گەوهەرفرۆش کە لە تایبەتمەندییەکانی ئەڵماس بەئاگا نەبێت، دەبێ بۆ نان پەیداکردن هەوڵی کارێکی تر بدات، بەڵام لە شیعردا وانییە. ڕەنگە شاعیر پێناسەیەکی وردی بۆ شیعر پێ نەبێت، بەڵام شیعری ڕێکوپێک بنووسێت و ڕەخنەگران بتوانن تایبەتمەندییەکی بۆ فۆرمەلە بکەن. لە مێژووی زانستدا دەڵێن ئەرەستۆ ٢٠٠٠ساڵ پێشی بەرەوپێشچوونی ئەندێشەی مرۆڤی گرت، بەو واتایە کە بیست سەدەی ڕێک کەس نەیوێرا پێ لە قسەی ئەو نێت. ئاخۆ دەکرێ بە بوتیقای ئەو شیعری ئێستای دنیا لێک دەیتەوە؟ یان تەنانەت بە بۆچوونی ئەفلاتوون لە «ئیوون»یشدا، کە لەگەڵ بۆچوونی ئەرەستۆ لەمەڕ سەرچاوەکانی هونەرەوە، کە شیعریش دەگرێتەوە، جیاوازە؟ مەبەستم ئەوەیە کە ناکرێ بۆ هیچ هونەرێک پێناسەیەکی تاهەتایی دیاری بکرێت. چۆن دەتوانی پێناسەیەک بۆ شیعر دیاری بکەیت کە لە یەک کاتدا ئەسیرەددینی ئەخسیکەتی و خەییام و سووزەنی سەمەرقەندی و سائیبی تەورێزی و حەمەعەلی ئەفراشتەو عارفی قەزوینی و فەرەیدوونی تەوەللەلی و مێهدی حەمیدی و ئەخەوان و نیما، شاعیر بناسێنێت؟(١)

– ئەگەر پێوانەیەکی دیاری کراو بۆ شیعر نەبێت، ڕەخنەی شیعریش، کە خۆتان زۆر بە ئەرکی دەزانن مانایەکی ئەوتۆی نابێت..

– پێم وایە مۆسیقاش پێناسەیەکی ئەوتۆی نییە، یان باشترە بڵێم ئەگەر هەشیبێ من نەمدیتووە، بەڵام لە وشەداندا بۆ ئەم وشەیە خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش هاتووە: «مۆسیقا بە بڕوای ئەرەستۆ یەکێ لە لکەکانی حیسابە و فەیلەسووفە ئیسلامییەکانیش بۆچوونەکەی ئەویان پەسندکردووە، بەڵام بەو هۆیە کە سەرجەم یاساکانی تاهەتایی و نەگۆڕ نین بە هونەریشیان داناوە». مەبەستم دوا ڕستەیەتی، واتە گۆڕانی یاسا و بنەمای هونەرەکان، یەکێ لە جیاوازییەکانی هونەر و زانستیش هەر ئەوەیە. کەوایە بەئاشکرا دەکرێ بڵێین چونکە باسە هونەرییەکان، لەوانیشدا شیعر، بە یاسایەکی بنەڕەتی دیاری کراوەوە نەبەستراونەتەوە، ناکەونە بازنەی زانستەوە، واتە پێناس ناکرێن. ئەوەش بڵێم کە هەم باسی نەگۆڕانی یاساکانی زانست و هەمیش ئەم بۆچوونەی ئێستا ناڕاستن و ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بکەین نیوتونێک هات و ئەرەستۆی گەسک دا و ئەنیشتاینێک هات و نیوتونی ڕامالی، بەڵام لە بەراورددا، حیساب بە نیسبەت باسە هونەرییەکان بۆ لێکدانەوە شیاوترە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شیعر و ناشیعر لێک جیا دەکەینەوە، بێ گومان بۆ پەیبردن بە شتەکان ڕێچکەی تریش هەیە. سەلیقەش بەرهەمی پاشخانە کولتووری و پەروەردەییەکانی مرۆڤە و ناکرێ بۆ بۆچوونی ڕاست و چەوت حوکمێکی سەرتاسەری دەرکەیت، چونکە ڕەگەزی بۆچوون شتێکی وەک بەرد و خشت نییە. برادەرێکم قسەیەکی زۆر جوانی کرد، دۆستانە گوتی: «ناکرێ پیاو لە هەموو شوێنێک دیموکرات بێت، بەڵام کە گەیشتە هونەر لە بۆچووندا دیکتاتۆریەت بنوێنێ.»

* عەینەلقوزاتی هەمەدانی دەڵێ: شیعر دەربڕینی خەیاڵە و دیاردەیەکە ناکرێ بە وشە دەربڕی؟

– لەوە ناچێ قسەی ئەو بێت. دەربڕینی خەیاڵ زۆر ئاو هەڵدەگرێ، چونکە هەڵێتوپڵێتی دەلوویەکیش جۆرێک دەربڕینی خەیاڵە. ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێت ناکرێ شیعر بە وشە لێکدەیتەوە، دەنا بۆ دەربڕینی شیعر جگە لە کەڵک وەرگرتن لە وشە چ دەکرێ؟ ئەمڕۆ ئیتر شیعر لە بەرانبەر پەخشاندا ڕاناگیرێ، ئەمەی کە لەمەوپێش لێک هەڵاواردنیان دژوار بوو. وەچەی ئێمە بە هەوڵێکی زۆر توانی دەریخا کە شیعر و پەخشان جیاوازییان نییە و ئەگەر جیاوازییەک هەبێت لە نێوان (نەزم) و (پەخشان)دایە. جەرگمان هەڵاهەلا بوو تا توانیمان بیچەسپێنین شیعر چ ڕێک بخرێ و چ ڕێک نەخرێ هەر شیعرە.

* ئەدی نیزامی گەنجەوی؟

– چاوەڕێی بووم، بەویش دەگەین. ئێمە توانیمان بە کردەوە دەریخەین کە دەکرێ باشترین شیعریش بە بێ کەڵک وەرگرتن لە کێشی عەرووزی لە دایک بێت. توانیمان دەریخەین ئەوەی بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکانی ئەم دەڤەرە لە ماوەیەکی زیاتر لە هەزار ساڵدا هەر قسەیەکی قۆڕ و ڕێک خراو و سەروادار بە شیعر لە قەڵەم بدەن، کێشی عەرووزی بووە، کە لە واقیعدا تێکدەر و ڕووخێنەرە و تەنانەت دژەکێش.

* یانی ئێوە «لەیل و مەجنوون» و «خەسرەو و شیرین»ی نیزامی بە شیعر دانانێن؟

– ئیزن بدەن وەڵامەکەتان بە چەن پرسیارێک دەس پێ بکەم، ئەگەر من بڵێم نیزامی لەم دوو بەرهەمەیدا گێڕەرەوەی (راوی) لەزەبری دڵبزوێنترین ئەوینە، سووکایەتییەکم پێکردووە؟ یانی ناچارم دەبێ هەر بڵێم شاعیرە؟ ئاخۆ هەر بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکانەی بەم لێوەشاوەیی و جوانییە ڕێکخستووە، دەبێ هەر پێی بگوترێ شاعیر؟ کەوایە بۆچی بە «ئیبراهیمی گوڵستان«(٢) نەڵێین شاعیر؟ ئەگەر بۆچوونی منتان دەوێ دەڵێم «تەنیا بە شاعیر دانان»ی نیزامی وەک نموونەیەک، واتە لەبەرچاو نەگرتنی ماف و مەقامی سەرەکی ئەو، هاوکاتیش دەست تێوەردانە لە ڕەخنەی شیعر. بۆچی دەبێ لە ڕوانگەی حورمەتەوە بە ئەندازیارێکی بیناسازی بڵێین سەرتیپ و بەم شێوەیە هەم نەزانینی خۆ دەرخەین و هەمیش نرخی زانستی ئەو پشتگوێ بخەین؟

نیزامی چیرۆکنووسە. لە ڕێکخستنی دیالۆگی کەسایەتی چیرۆکەکانیدا موعجیزە دەکا. زمان بە دەستییەوە لە مێو نەرمترە. ناسینی کەسایەتییەکان بە ئێمە ناسپێرێ و وێنەیەکیانمان ناداتێ تا چۆنمان ویست وایان دابنێین، ڕوحیان وەبەردەنێ و لەبەرچاومان ڕایاندەگرێ. مەجنوون و فەرهادەکەی ئەویندار نین، خودی ئەوینن، با ئەوین لە ڕوانگەی تەواو دێرین و ڕومانتیک و سووتێنەری ئەوان زەمانیشەوە بێت. ئەوانە هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێکی باشە. واتە ئەو تایبەتمەندییانەن کە لە ڕەخنەی شیعردا شوێنێکیان بۆ دیاری نەکراوە. نیزامی چیرۆکنووسێکە سەرەڕای ئەو هەموو تایبەتمەندییە باشانەش، زمانەکەشی زمانێکی شاعیرانەیە. پرسیار ئەوەیە بە وەها چیرۆکنووسێکی مەزن بۆ تەنیا دەبێ بگوترێ شاعیر؟ ئەم نازناوە چ شتێ بەو دەبەخشێ؟

* گوتتان زمانەکەشی شاعیرانەیە؟

– مەبەستم ئەوە نییە چیرۆکەکانی جوان ڕێکخستووە، بەڵکو ئەگەر ڕۆژگار ڕێی پێ بدایە چیرۆکەکەی بە پەخشان بنووسێت، دیسان شاعیرایەتی زمانەکەی دەپاراست. ئەوە هەڵەیەکی نێونەتەوەییە: ڕۆژئاواییەکانیش چوار وێژەری مەزنی خۆیان – هۆمێروسی یۆنانی و شێکسپیری ئینگلیزی و دانتەی ئیتاڵیایی و گۆتەی ئەڵمانی – بە شاعیر دادەنا. ئەم بۆچوونە تا سەرەتای ئەم سەدەیە هەبوو، ئیتر نازانم ئێستاش هەر ماوە، یان نا. ئەمڕۆکە ئیتر دەبێ بەم دەستەبەندییەدا بچنەوە. لەم چوار لووتکەیە هۆمێر و دانتی تەنیا گێڕەرەوە بوون، شێکسپیریش زیاتر بە لەسەرڕانووسینەوە بەناوبانگە، هەروەها گۆتەش لە باشترین بەرهەمیدا،واتە فاوست. ئەم چوارە بەرهەمەکانیان لە فۆرمە شیعرییەکانی ڕۆژگاری خۆیاندا بە زمانێکی زۆر شاعیرانە نووسیوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناکاو شیعرێک لە دایک دەبێ کە لەسەرپێی خۆیەتی و بۆوەی لە بیرەوە پەل بهاوێژێتە ناو کردەوە نیازی بە هەڵگرێکی وەک چیرۆک – چ وەک تریۆلۆژی دانتی و چ وەک گەمەکانی شێکسپیر– نییە. لە نێوان ئەم دوو شێوازەدا شوورەیەک بە قەد شوورەی چین هەیە، کە ڕەخنەی شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخ ناتوانێ چاوی لێ بپۆشێ. بەشی یەکەم تەنیا لە ئەدەبیاتی شاعیرانەدا جێیان هەیە و بەشی دووەم شیعری پەتین. گێڕانەوە گێڕانەوەیە و ئەگەر شیعری ئەمڕۆ بۆ نواندنی خۆ کەڵکی لێ وەردەگرێ، دەچێتە هەرێمی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەوە (مەنزووم). هەڵبەت ئەوەش لەگەڵ چیرۆکنووسێکی گەورە جیاوازە کە بۆ بەرهەمەکەی زمانێکی زۆر شاعیرانە هەڵدەبژێرێ و دەروەستیشی دێ. نیزامیش کە لەگوێن ئەم چوار وێژەرە مەزنەی ڕۆژئاوا تا بەر لە گۆڕانی بۆچوونی بنەڕەتی کەرتێکی کۆمەڵی ئێمە لە بابەت شیعرەوە، شاعیرێکی گەورە دەهاتە ئەژمار، بە پێوانە و کێشانی ئێستا ببڕای ببڕ بە شاعیر داناندرێت. نموونەشم پێشتر هێنایەوە، ئیبراهیمی گوڵستان چیرۆکەکانی لەسەر کێشی عەرووزی دەنووسێ، بەبێ وەی ئیدعای شاعیرێتی هەبێ، یان خوێنەرەکانی بە شاعیری دانێن. تەنیا بەکارهێنانی کێشێکی دیار شتێک لە هەرێمی ئەدەبیاتەوە ناگوێزێتەوە هەرێمی شیعر.

* مەبەستتان لە شیعری پەتی چ جۆرە شیعرێکە؟

– مەبەست شیعر، یان بە تێکڕایی هونەرێکە کە بۆ دەرخستنی خۆ، ئاتاجی خۆ خستنە سەر هەڵگرێک و دەستگیرکردن بە شتێکەوە نییە جگە لە خۆی. ناچار نییە بۆ دەرخستنی خۆی خۆ بە بیانوویەکەوە هەڵواسێ.

* ئاخۆ قۆناخێکی زەمەنی مێژووی ئەدەبی هەبووە کە شاعیر، یان شاعیرانێک لایەنی کەم هەندێک لەم شێوە شیعرە نزیک بووبنەوە؟

– ڕەنگە بە پارێزەوە بکرێ بڵێین شاعیرانی شێوازی «هیندی» بیانتوانیایە بە شیعری پەتی بگەن، بەڵام ئەوان وەشوێن بەرهەمهێنانی مانا کەوتن و هەڵەکەیان لە کیس دا. دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی دەوێ، منیش وەها خوێندنەوەیەکم نییە، بەڵام بە تێکڕایی و بە چاوپۆشین لە چەند هاوێرێک، دەکرێ بڵێین شیعر بۆ شاعیرانی کۆن بابەتێکی تایبەت نەبووە. لە پەند و ئامۆژگارییەوە تا پیاهەڵگوتن و هەجوو و ئەوین و بەرەڵلایی و چیرۆک و مادە بابەتی مێژوویی سازدانی فلان قەلا، یان مردنی فلان کەس، بە کورتی لە هەر شتێکی بە کێشی عەرووزی دەگوترا شیعریان دەهۆنییەوە، کە لە زۆربەیاندا هیچ شتێک لەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین «هەستی شاعیرانە»، یان بە «لۆژیکی شیعر»ی ناو دەبەین، نەبوو:

**یەکەمین کەس بوو بە کڕیاری من بووم**
**بوو بە هۆی گەرمیی بازاڕی من بووم (٣)**

یان:

**ئاخۆ بیستووتە کە لەوپەڕی غوور، جارێ**
**گەورە پیاوێ لە هەسپەکەی کەوتە خوارێ (٤)**

بە ئاشکرا دەبینی ئەگەر کێش و سەروا لەم دوو بەیتە دەرهاوین شتێکیان تێدا نامێنێ کە لە ناخی خوێنەردا نیشتەجێ بێ.

ئێستا ئەم دوانە لەگەڵ ئەم بەیتانەی «تالبی ئامولی» بەراورد دەکەین، کە جگە لە کێش و سەروا هەرچۆنێک بێت کاکڵێکی دڵبزوێنی تێدایە:

**بە لەش بۆنخۆشی دەکا گوڵی دۆشەکچەکەی ماڵی**
**بە پێ هەڵیان دەسێنێ نوستووانی نەخشی قاڵی**

* * *

**دەکەومەوە بیر ڕوخساری ئەم گوڵ بەداوێنە**
**ڕۆژ دەگوشم و دەیکەمە ناو ئەم شووشە خاوێنە (٥)**

لە شیعری کۆندا وەک ئاماژەم پێکرد بێجگە لە چەند هاوێرێک ئەوەی بە شیعریان دادەنا نەزمە. ئەوەش کە نێزیکتر بوو لە شیعر، بە بۆچوونی ئێستاوە، غەزەل بوو. کە ئەویش گیرۆدەی پاتەبوونەوەیەکی سەرسووڕهێنەر بوو. ئەوین ڕووداوێکی پاتەکراوە و گراوی بوونەوەرێکی نەگۆڕ بوو. غەزەلنووسین جۆرێک موزاییکسازی بوو لە ئاکامی ڕێکخستنی گوتە لە پێشدا سازکراوەکان. لە ڕوانگە هێمۆسێکچوالێکی سەربازخانەییەوە. پرچ کەمەند بوو، برۆ کەوان و مژۆڵ تیر، دیارە کردەوەی گراوییەکی ئاوەها سەرتاپا چەکپۆش ئەویندارکوژییە و هیچی تر. ئەوین گیانبەخش و تەواوکەر نەبوو. شتێک بوو کە دەبوو ئەوینداری شێواو بکاتە خەڵووز. ئەویندار شێتوولکەیەکی خۆئازاردەر و گراوی، دەلوویەکی خەڵک ئازاردەر و ئەوینیش ڕێچکەیەک بوو بۆ گەیشتن بە ناخی چارەڕەشی و بێ غیرەتی:

**بە زمان ئێمە لە بیری خۆت مەبەوە**
**گەر چوویتە باوەشی کەسێکی ترەوە (٦)**

***** مەگەر حافز کە ئێوە ئەوەندە ڕێزی دەگرن، هەر لەم کێشانەی کەڵک وەرنەگرتووە؟

– بۆچی، بەڵام حافز بۆ من ئێنسانێکی خەمخۆری مرۆڤایەتییە. هەر بە تەواوی نموونەیەکی جیاوازە، دەنا لەم ڕووەوە لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. من لە حافز زۆر شت فێر بووم. بێجگە لە شیعر، من لە شێوەی ژیانیشمدا قەرزداری حافزم. گرنگی دان بە کێش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمان لە پلەیەکی نزمتری گرنگایەتیدا جێ بگرێ و سەربەخۆیی نەمێنێ. عەرووزی کلاسیک وەک کراسێکی بازاڕی وایە، یان دەبێ چۆنە وای لەبەر کەی، یان ئەوەی کە هێندەی تەنگ و گوشاد کەیەوە تا بەجۆرێک لەگەڵ قەوارەی نابارت بگونجێ. ڕەنگە بڵێین چۆنە سەعدی و حافز لە هیچ شوێنێک گرفتاری گرفتی زمان نەبوون؟ منیش دەڵێم ئەوان هەرچییەکی پێیان گوتراوە گوتوویانە نەک هەرچییەکی ویستوویانە. گرنگیدان بە کێشی عەرووزی ئەنجامەکەی بێ حورمەتی کردنە بە زمان.

***** پێم وایە لەگەڵم هاوڕان کە شیعری ئەمڕۆ بە ڕوانینێک بە سەر شیعری ڕابردوودا گەشەی سەند...

– بەڵێ، بەڵام دیتمان کە هیچ شوێنێکی ئاوەدان و پینە هەڵگر بە باڵای ئەو جلەوە نەماوە. ئەوە بوو کە ڕێک هاتین شۆڕشمان کرد و خۆمان لە کێشەی چنگێک پاتەکردنەوەی پاتەبووەکان ڕزگار کرد. کارێک کە لە هەموو شۆڕشێکدا دەکرێت. پاشانیش برگەیەک سەرلێشێواوی و ئێستاش خەریکین چووینەتە قۆناخی پشکووتنەوە.

***** لە باسەکە هەندێ ترازاین، ئێوە پێتان وایە بابەتی شاعیرانە بە هەر شێوەیەک دەرببڕدرێ شیعرە. ئەوەی کە ئێوە ئەدەبیات و شیعرتان پێ دوو چەمکی جیاوازە لێرەوە سەرچاوە ناگرێ؟

– ڕاست وایە، دوو چەمکی جیاوازن کە هەر دوو دەتوانن نەزمیش بن و پەخشانیش، بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد تا پەنجا ساڵ لەمەوبەر ئەدەبیات و شیعر لێک جوێ نەدەکرانەوە. هەرچی کێشی عەرووزی بوایە شیعر بوو، بەڵام هەوڵ و تەقەللای ئێمە سەرئەنجام توانی ئەم بۆچوونە هەڵەیە بگۆڕێ و دەرکە لە شیعر بکرێتەوە. ئەمڕۆ زۆرینەی لایەنگرانی شیعر دەزانن کە لایەنی جیاوازی شیعر و ئەدەبیات تەنیا و تەنیا لۆژیکی شاعیرانەیە،

نەک عەرووز و سەروا و وردەکارییە ئەدەبییەکان.

***** دەکرێ هەندێ ئاوەڵاتر بدوێن؟

– من سیساڵ لەمەوپێش شتێکم گوت و ئێستاش پاتەی دەکەمەوە: کێش بە هۆی هەڵەتەکردنی بیری شاعیر و بەربەستی جووڵانەوەی زاتی شیعر بە مانای پشکووتنی سروشتی تێدەگەم. دەکرێ کێش وەک سەرگەرمییەک کەڵکی لێ وەرگیرێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت و تەنانەت عەرووزی ئازادی نیماییش قەفەسێکە کە مەودای هەڵفڕینی شاعیر کەم دەکاتەوە. کێش بە ناچاری تەنیا ڕێی هەندێک وشە بۆ ناو هەرێمی خۆی دەدات و زۆر وشەی بەکارهاتوو لە پشت دەرکە دەمێننەوە، لە کاتێکدا دەشێت ڕاست ئەو وشانەی ڕێی هاتنە ژوورەیان پێ نەدراوە لە بیرۆکەی بیری شاعیردا بووبن. قسەی خۆش با ون نەبێ: برادەرێک دەیگوت بۆ «عیشق» تەنیا یەک وشە هەیە کە لەگەڵی هاوسەروا بێت، ئەویش «دەمیشق»ە و سەعدی کەڵکی لێ وەرگرتووە:

**وەها قاتوقڕی کەوتە دەمیشق**
**هەموو یاران لە بیریان چۆوە عیشق (٧)**

دەشیگوت لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو شوێنەی قاتوقڕی ڕووی تێکردبوو و خەڵکی ناچار کردبوو دەست لە عیشق بشۆن، بەغدا بوو و ئەو بە لاڕێدا بردنی مێژووە تەنیا بە خاتری گوڵی ڕوخساری کێش و سەروا بووە!

سەروا ئەگەر دروست و بەجێ کەڵکی لێ وەربگیرێت، بایەخە، بەڵام کەڵک لێ وەرگرتنی بێ جێ دەیکاتە دژە بایەخ. سەروای بەجێ چونیەتییەکی سەرسووڕهێنەر بە وتە دەبەخشێت، من زۆرجار بۆ لابردنی سەروایەکی نابەجێ هەرچی پێم کراوە کردوومە، واتە دژی بۆچوونی خۆم جووڵاومەتەوە.

***** ئەم ڕستەیەی دوایی ڕوونکردنەوەی پێویستە.

– من لە سەر ئەو بڕوایەم کە شیعر هەر ئەوەیە کە بۆخۆی هاتووە و ناشێ دەستی تێوەردرێ. دەست تێوەردان تەنیا لە حاڵەتێکدا بە ڕەوا دەزانم کە تێیدا بە سەر هەڵەیەکی ڕێزمانیدا بکەوین، یان بەشێوەیەکی جیدی و نەک بۆ سەرگەرمی بزانین کە ڕستە، یان وشەیەک دەکرێ کاریگەرتر بێت.

***** بەڵام شاعیر و نووسەر ڕەنگە پاش نووسینی بابەتێک، تا دڵرازی بوون بە بڵاوکردنەوەی چەند جاری دەست تێوەردا، تا ڕادەیەک کە جاری وایە دوایەمین نوسخەی لەگەڵ دەقی یەکەمیندا هیچ لێک ناچن...

– منیش لە کاتی وتار نووسین و وەرگێڕاندا تووشی وەها کێشەیەکی هەڵبژاردن دەبم، بەڵام بابەتی شیعرم بە تەواوی لە لا جیاوازە، تەنانەت بۆ نووسینی ئەو شیعرانەش کە پێت وایە ئەنجامی ئارەق ڕشتنی زۆرن بۆ شکڵ و هەڵبژاردنی وشە و وردبوونەوە لە شێوەی دەربڕین و چەند جار نووسینەوە و نووسینەوە و ئەم جۆرە شتانە، بچووکترین گرفتم نەبووە. دەست تێوەردان باش نییە، چونکە تا ئەو کاتەی قەڵەم دێتە سەر کاغەز بابەتی شیعر، تەنانەت بە لێڵیش و بە گوتەی بیانییەکان «شماتیک»یش دیار نییە، ئیتر چ بگا بە پێکهاتەکەی.

***** وەلانانی کێشە عەرووزییەکان شیعرگوتن ئاسان دەکات؟

– نا، هەرگیز. بە کێشە عەرووزییەکان لێک کردنەوەی فۆرم و چوارچێوە، کە لە هونەردا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لەپێشدا دیاری کراوە، ئەوە لە کاتێدایە کە لە شیعری (سپی)دا ناچاری چوارچێوەی شیاوی بابەتەکە بخولقێنی، چونکە لێرەدا هیچ نموونەیەکی لەپێشدا ئامادەکراو لە بەردەست نییە. گوێچکە دەبێ تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ مۆسیقا پەروەردە کرابێت و ڕێژەیەکی زۆر لە هاوماناکانی هەر چەمکێک، بە بەها تایبەت و جیاوازەکانییەوە، دەبێ لە هەنبانەی وشەی شاعیردا هەبێت. دەبێ ئەوانەش سەرپاکی لە زەینی شاعیردا جێیان گرتبێت، بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ شیعر، کە کاتی هاتنی نادیارە و دەشێت هەر چرکەیەک لە دەرگە بدات و بێتە ژوورێ، لێکبدرێت و تۆمار بکرێ، دەنا شکستی شاعیر مسۆگەرە. نا، شیعری سپی نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو تا ڕادەی موعجیزەکردن دژوارە. ئەوەی ئێوەی بۆ پرسینی ئەم پرسیارە هان داوە ئەو شتانەن کە لێرە و لەوێ چاپ دەکرێن و هیچ حسێب و کتێبێک لە ئارادا نییە.

***** لە زمانی ئێوەوە بیستوومانە کە شیعر شاعیر بۆ نووسین هان دەدا. ئەوە ڕەنگە باوەڕ پێ هێنان و لێ تێگەیشتنی بۆ هەندێ کەس دژوار بێ...

– ئەوە ئاساییە، ئەگەر ڕاستتان دەوێ لێ تێگەیشتنی بۆ منیش دژوارە، چونکە نەشمتوانیوە تێبگەم ئەو ڕەوتە چۆن دەبڕدرێ، دیارە لێکدانەوەکەشی بۆم ئەستەمە. من لە کاتی لە دایکبوونی شیعردا بوونێکی جیددیم نییە. تەنیا وەک مامانێک لە من سوود وەردەگرێ.

***** چۆن بە کاتی لە دایک بوونی شیعر دەزانن؟

– لە ڕووی ژاکاوییەکی جاری وایە زۆر قووڵ و درێژخایەن و نەمانی ئاگایی ڕوحی لە دەوروبەر و لە ناکاوێکدا هەست کردن بە نیازێکی زۆر بە نووسینەوە. ڕواڵەتی شتەکە وەک زاووزێ کردنی ئافرەتێک وایە، بەم جیاوازییەوە کە من ناتوانم تێبگەم چ شتێک و کەنگێ پتەی لە مێشکم داوە و لە ئاکامیشدا ناتوانم بزانم

کەنگێ و چ شتێ دێتە ئاراوە. تەنیا لە ناکاوێکدا ژانێک و منداڵێکی چاوەڕوان نەکراو. ناوەخت و نەناس دێت، جاری وایە لە خەودا، جاری وایە لە حەمامدا و جاری واشە وەختێک دێ کە شەشدانگی بیر و هۆشت لە لای گرفتێکی ناشاعیرانەی قێزەونە. تەواو کەڵەبابێکی ناوەختە. بەداخەوە وەک کوتم ئەوە ئەزموونێکی شەخسییە و خستنە ڕوو و لێ دوانی ئاسان نییە. من لە کاتی نووسینی شیعردا وەک پۆستەچییەکم کە گەیاندنی نامەی لە ئەستۆیە و نازانێ چی تێدایە، بۆیە ئاساییە وەک خوێنەرێک تەماشای شیعرەکانی خۆم بکەم نەک وەک خاوەنێک. ئەوەش بڵێم کە هاوالآنم لایان وایە من خراپترین لێکۆڵەری شیعرەکانی خۆمم، ئەوەشیان بە ڕاستییە.

* ئێوە برەوتان بە پەخشانە شیعر دا، بە بڕوای من لەگەڵ ئەوەشدا کە لەم دە پازدە ساڵەی دواییدا هەمووساڵێک لایەنی کەم سەد دیوانی پەخشانە شیعر بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام تاقە کەسێک نەیتوانیوە لەم هەرێمەدا بگاتە سەرکەوتنێک. لە کاتێکدا لەوانەی شیعری کێشدار و مەوزوونیان کوتووە، هی سەرکەوتوومان کەم نین. هۆی ئەمە لە چیدا دەبینن؟

– پێم وایە ئێوە هەندێک زێدەڕۆیی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم بە چاولێکنانەوە حوکمێک دەرکەم. چونکە ڕاستییەکەی زۆر لە کەشو هەوای شیعری ئێستا بەئاگا نیم، لەم بابەتەوە زۆریشیان سەرکۆنە کردووم، بەڵام ئەوانە بە هەندێ شت بەها نادەن. من کاتم هێندە نەماوە و پێشم خۆش نییە کۆشێک کاری نیوەچڵم لە پاش بەجێ بمێنێ. جار بووە سەعات دوو و نیوی پاش نیوە شەو هەستاوم و دەستم کردووە بە کار تا سەعات نۆی سبەی شەو. دوکتۆر دەڵێ لانی کەم لە سەعاتێکدا سێ چوار خولەک بە ژوورەکەمدا بێم وبچم، بەڵام هەستان و سێ چوار خولەک هاتن و چوون پێنج شەش خولەکی دەوێ. ئەوەش لە ڕۆژێکدا دەبێتە کاتژمێرێک، بۆیە کاتێکم بۆ وردبوونەوە لە کاری خەڵکانی تر نییە. هەڵبەت گەنجەکان دلۆڤانیم لەگەڵ دەکەن و نووسراوەکانیان دەنێرن، چاویان پێدا دەخشێنم، بەڵام ناتوانم ئەو داوایەیان بێنمە جێ کە بۆچوونی خۆمیان بۆ بنووسم. مادام ئەوەی لە هەلێکی ئاوەهادا بەتێکڕایی بۆچوونی خۆم دەربڕم. شاعیر لەسەر کاغەزەکەی وەک نیگارکێشە لە بەرانبەر بوومەکەیدا. هاوسەنگی لە ڕێکخستنی پەردەی نیگارکێشیدا یەکێ لە گرنگترین بنەماکانی ئەو هونەرەیە. ئەگەر لە سووچێکی پەردە پەڵەیەکی زەرد لە کار کراوە، ئەو پەڵەیە دەبێ لەگەڵ کۆی تابلۆکە هاوسەنگ بێت، تەنانەت ئەگەر ویستی نیگارکێش نیشاندانی ناهاوسەنگی بێت، دیسانیش خاڵی هاوسەنگی هەر لە جێی خۆیەتی. لە شیعریشدا ڕاست وەک نیگارکێشان ئەم بنەمایە لە گشت ڕووەکانییەوە دەبێ ڕەچاوکرێ.

* هاوسەنگی لە هەموو ڕوویەکەوە؟

– بەڵێ، ئاشکرایە: وشە بۆنی هەیە، ڕەنگی هەیە، تامی هەیە، قورسایی تایبەتی هەیە، سەختە یان نەرم، تووڕەیە یان ڕووخۆش، گەمژەیە، یان عاقڵ، ترسنۆکە، یان دلێر، بێ عار و ژانە، یان جیدی و بەرپرس، سرتە باشتر دەردەخا، یان هاوار.

* بەو پێناسەیەی ئێوە بۆ شیعر هەتانە ڕۆمانیش دەتوانێ جێ جێ شیعر بێت.

– ڕۆمان و فیلم و تەنانەت کایەش.

* شیعری ڕاست و چەوت چۆن لێک دەکرێنەوە؟

– ئێوە زەوقی خەڵک ڕاستکەنەوە، شیعر و مۆسیقا و چیرۆک و ڕۆمان و هەرشتێکی چەوت بۆخۆی تێدا دەچێت. شتی چەوت و پڕوپووچ بەدیهێنی نیازی زەوقی سووکە. چون خوێندنەوەی شیعر گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە، بە هەمان شێوە کە تێگەیشتن و چوونە ناخی مۆسیقای جیهانییەوە قەت بە بێ گوێگرتنی ڕاست نابێت، تێگەیشتن و ناسینی شیعریش لە ڕێگەی دروست بیستن و فێربوونی ڕاست خوێندنەوەیەوە نەبێت بە ئاکام ناگات. گوێ دەبێ مۆسیقای ناوەوەی شیعر هەرچی پەتی تر ببیسێت، تا کەسێک نەزانێ چۆن دەبێ گوێ لە مۆسیقا ڕاگرێ و ڕازی دروست گوێگرتن فێر نەبێت، هیچی لێ تێناگات، شیعریش بە هەمان شێوەیە. خوێندنەوەی شیعریش هێندە ئاسانتر لە بیستنی مۆسیقا نییە.

* بەبڕوای ئێوە چ شتێک شاعیر پەروەردە دەکات، خوێنەرانی شیعرەکەی، یان ژینگەی پەروەردەیی؟

– نازانم ڕاحەتی گیانم! باشترین وەڵامە کە لە دەستم دێ بیدەمەوە، بەڵام نووسەرێکی نەهێندە نێویەدەرەوەی ئینگلیزی قسەیەکی بیرمەندانەی کردووە، دەڵێ: لە سەردەمی منداڵی هەر کەسێکدا چرکەساتێکی چارەنووسی هەیە، کە دەرگە دەکرێتەوە بۆوەی داهاتوو بێتە ژوورێ.

* بۆخۆتان چۆن بوون؟

– ژیانی بنەماڵەی ئێمە دەکرا هەموو شتێک لە من بەرهەم بێنێت جگە لە شاعیر. قوتابخانەی سەرەتاییم دۆزەخێک بوو، دواناوەندیشم هەتا هەبوو هەڵخەڵەتێنەرێک. بڕوای خۆم ئەوەیە کە شیعر لە مندا سارێژبوونی برینی مۆسیقایە. من دەبوو ببمە ئاوازدانەرێک، کە باری ئابووری و فەرهەنگی بنەماڵە

ڕێی لێ گرتم. دواتر ئەدەبیاتم ناسی. دەکرێ بڵێم بەرهەمەکانی من بۆخۆیان ژیاننامەیەکی تەواون. من بڕوام بەم ڕاستییە هەیە کە شیعر تەنیا دەسکەوتێکی ژیان نییە، بەڵکو بەپانەوە خودی ژیانە. خوێنەری شیعرێکی ڕاستەقینە، هاوکات لەگەڵ کەرتێکی ژیانی شاعیر و بەشێک لە بیروبۆچوون و بڕواکانی ئەو ڕووبەڕوو دەبێت. دیتنی هەژاری و نادادپەروەری و بێ فەرهەنگی لە هەموو ژیانمدا مۆتەی ئەو خەونانەمە کە لە بەخەبەریدا دەیانبینم. لەمەبەدەر هیچم نییە لێی بدوێم. شتەکانی تر هەموو ناسەرەکین و لە پاڵەوەن. ڕەنگە مرۆڤ سەرئەنجام بتوانێت ڕۆژێک دنیایەکی شایستەی خۆی بئەفرێنێت. هێشتا مەودا ماوە، تەمەنی ئێمە پێی ناگات، بەڵام ئێمە بە ئاواتەوە ماوین. ڕۆژێک کە مرۆڤ تێبگات گیرۆدەی ترسێکی بێ بنەمایە، کە یەکەم بەرهەمی گوێگرتنی پەتییە، ڕۆژێکی پیرۆزە کە ئێمەش لە جەژنی هەڵهاتنیدا بەشدار دەبین. مرۆڤێک کە چاو بە خۆیدا ناخشێنێت هەموو تۆرەمەکەی و سەرجەم مێژووەکەی بەدناو دەکات. ڕاستە کە مرۆڤی ئەمڕۆ قەرزداری مرۆڤی دوێنێیە و مرۆڤی سۆزی قەرزداری مرۆڤی ئەمڕۆ، ڕاستە کە نموونەی ژیانی مرۆڤەکانی سبەینێ ئێمە ڕێکی دەخەین، بەڵام لایەنی کەم دەبێ نموونە هەڵگرتنیان بە ئاگاییەوە بێت، بەڵام ئەو ڕەوتە هێندە هێواشە کە جاری وایە من سەرم سوڕ دەمێنێ چۆن لە چاخی بەردینەوە گەیشتووینەتە ئەمڕۆ. لەو کۆمەڵگایانەدا کە وەک کۆمەڵگای ئێمەن هەموو وەچەکان کۆپی باوکیانن و تا بەم جۆرە بێت قەت بە هیچ کوێ ناگەین. ئەگەرنا هەموو ڕۆژێک و ساڵێک و دە ساڵێک، خۆ دەبێ مرۆڤ هەموو نەوەیەک جارێک مێشکی خۆی بتەکێنێت.

* باسی ڕەخنەمان نەکرد. لە شوێنێک گوتووتانە ئێمە ڕەخنەمان نییە؟

– ئەوە کوێی ڕەخنەیە یەکسەر هەڵدەستن و بە بەرهەمی شاعیرە گەنجەکاندا هەڵدەپرژێن و دەڵێن ئەوە زمانی فرووغە، ئەمە زمانی ئەخەوانە؟ هەموو شاعیرێک لە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیەوە دەست پێ دەکا تا وردە وردە سەربەخۆ بێت. بۆ شاعیرێکی گەنج دەست پێکردن بە زمان و ئاوازی شاعیرێکی دیکە نەک هەر شوورەیی نییە، بەڵکو بە پێی ئەوەی کە پێ لەسەر جێ پێی کێ دادەنێ دەبێ نرخی بۆ دانرێت. کەسێ کە هێشتا «کاریگەری» و «لاسایی» لێک ناکاتەوە بۆچی دەبێ مافی داوەری بەخۆی بدا؟

* ئێوە لە وەرگێڕانی شیعردا ئەزموونێکی زۆرتان هەیە، دەکرێ بڵێن شیعر چۆن دەبێ لە پاڵێوی مێشکی وەرگێڕەوە دەرچێ و بچێتە زمانێکی ترەوە، کە هەم شیعرییەتی زمانی یەکەم بریندار نەبێت، هەمیش لە زمانی دووەمدا جێگە بگرێ؟

– جارهەیە شیعرێک بە تەواوی و وشە بە وشە بۆ گواستنەوە دەشێ. ئەوە ئەزموونێکی خۆمە کە لە وەرگێڕانی هەندێ شیعری لۆرکادا هەمە. جاریش هەیە شیعرێک بەتەواوی ناگوێزرێتەوە زمانێکی تر. لەم کاتانەدا دەکرێ لە وەرگێڕانی وردی شیعرەکە چاوپۆشی بکەی و بە جێی ئەو، لە زمانی دووەمدا سەرلەنوێ بنیادی بنێیتەوە، بەڵام ئەم بنیادنانەوەیە دەبێ وەها ڕەنگ و بۆی دەقە شیعرییەکەی لێ بێت کە لات وابێ شاعیرەکەی بەم زمانی دووەمە گوتوویەتی. نموونەی سەرکەوتووی ئەم شێوازی وەرگێڕانە چوارینەکانی خەییامی فیتزگێراڵدە.

* لە جێیەک گوتووتانە بە دنیایی نەبوونی بەرهەمە نووسراوەکانی ئێمە قسەی زۆر دەوێ، دەکرێ هەندێکی لێ بدوێن؟

– ئێمە لە وەرگێڕاندا بە خەستی گرفتاری گرفتی زمانین. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شیعری ئێمە یەکیان تێکەڵاوبوونە لەگەڵ زمان. هەمان گرفت کە بۆ نموونە لە توركیدا نازم حیکمەت هەیەتی، کە شاکارەکانی تەنیا لە زمانی خۆیدا شاکارن و لە زمانەکانی تردا نەک هەر شاکارنین، بەڵکو جاری وایە تەواو هەڵیتوپلێیتن. وەرگێڕ هەرچەندی لێهاتووش بێ، تەنانەت دە لە سەدیشی پێ ناگوێزرێتەوە زمانی دووەم. گرفتێکی تر ڕادەی لێوەشاوەیی وەرگێڕە کە جاری وایە تەواو لەگەڵ فەرهەنگی شاعیر نامۆیە و ڕێی وەرگێڕان بە خۆی دەدا.

* باسی ڕەخنەمان دەکرد، ڕەخنەیەکی باش تا چ ڕادە دەشێت کاریگەری لەسەر هونەرمەند بێت؟

– تەماشاکەن، تەنانەت پێشکەوتووترین یانەکانی فتبۆڵی جیهانیش کە دەبنە پاڵەوانی دنیا ناتوانن لە هەبوونی ڕاهێنەرێکی بەئاگا بێ نیاز بن. ئەو ڕاهێنەرە پاش هەر یارییەک مووبەمووی تاکتیک و یاری یاریزانەکان لێک دەداتەوە و ڕەخنەیان لێ دەگرێ و ڕاست و چەوتیان دەردەخا. هەمیشە دەبێ کەسێک لە دەرێوە کارەکە هەڵسەنگێنێ، ئەوەی خۆی لە ژوورەوەیە ڕاست و چەوتی ئاکارەکەی پێ هەڵناسەنگێندرێت. من بۆخۆم تا شتێک لە پاڵێوی برادەرەکانم، کە هەندێکیان زۆریش بەگیرەن، دەرنەچوێنم بڵاوی ناکەمەوە. من زۆر چەلان گوتوومە ڕێبەری هونەری هەر سەردەمێک لە ئەستۆی ڕەخنەگرانی هونەری ئەو سەردەمەیە. ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی سەدەی نۆزدەمی سۆڤیەت لە ڕاستیدا بەرهەم هاتووی (بلینیسکی)یەکانە.

* بە بڕوای ئێوە شیعر هونەرێکی ئازادە یان دەربەست؟

– له ڕاستیدا هونەر دەربەست نییە، واتە قەت پێبەندی و دەربەستی ڕۆڵێک لە ئەفراندنی هونەریدا ناگێڕێ. دەربەستبوون ئەمرێکی کەسی و خۆییە. لە مۆسیقای موزارتدا هیچ دەربەستییەک نابیندرێ و دەکرێ بڵێین بەرهەمەکانی مۆسیقای پەتین، لە کاتێکدا بۆ نموونە دەکرێ باخ دەربەستی کلێسە لە قەڵەم بدەین، یان نیگارکێشی ڤان کوخ، جگە لە بەرهەمەکانی سەر لە هەوەڵێی، بە نیگارکێشییەکی بێ دەربەست بێنینە هەژمار، هەرچەند ئەم باسە لە سەردەمی ئەواندا لە ئارادا نەبووە. دەربەستبوونی هونەرمەند دەبێ ئینسانی بێت، دەربەستبوونێک جیا لە گرێوگۆڵی بەرەباب و حزب گەرێتی. دەربەستبوونێکی ڕەها لە سیاسەت و تەنیا لە پێناو سەربەرزی مرۆڤدا، بەڵام لە هەرحاڵەتێکدا بەرهەمی هونەری بەرلەوەی قورسایی هەرچەشنە پێبەندبوون و دەربەست بوونێک بگرێتە ئەستۆ، دەشێ ناسنامەی هونەری خۆی بچەسپێنێ.

* قسە قسە دێنێ، ئاخۆ هونەر و سیاسەت لە شوێنێکدا پێک دەگەن؟

– ئاااخ، بەڵێ، بێ گومان... نیرۆن شاری ڕۆمای ئاگر دا و چەنگیشی لێ دەدا، شائیسماعیلی خۆمان سەدان هەزار کەسی سەردەبڕی و غەزەلی دەگوت، بێتهۆڤن مەزنترین سەمفۆنیای جیهانی لە ستایشی شادیدا ڕێک خست و هیتلەریش کە ئاواتەخواز بوو ببێتە نیگارکێش گەورەترین ڕەنجخانەی جیهان، سن هاوزێن. ناسرەدین شا هەم شیعریشی دەگوت هەم نیگاریشی دەکێشا و هەمیش نیگارکێشی پەروەردە دەکرد، بەڵام بۆ لەتێک ئالتوون چەتەی دێنا و بە زیندوویی پێستەکەیان دادەماڵی. مرۆڤ بۆی لەگەڵ باینجان تەوفیرێکی نەبوو، جا ئەوەیە کە لە شوێنێکدا پێک دەگەن، بەداخەوە لەسەر تەرمی یەکتر.

* لەگەڵ شوناس و کەسێتی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن؟ مەبەستم نەتەوە و قەوم و ئەم جۆرە شتانەیە.

– من خزمی نزیکی هەموو مرۆڤێکم کە خەنجەرێکی لە باغەڵدا نەشاردۆتەوە، نە بڕۆی تێکدەنێ، نە پێکەنینەکەی فریوی هێرش کردنە سەر ماف و نان و سێبەری خەڵکە. من لورێکی بلووچی کوردی فارسم، فارس زمانێکی تورک، ئەفریقاییەکی ئەوروپایی ئوسترالیایی ئەمریکایی ئاسیاییم، قولەڕەشێکی زەردی سووری سپیم کە نەک هەر لەگەڵ خۆم و خەڵکانی تر هیچ گرفتێکم نییە، تۆقین لە تەنیایی و مەرگ لە ژێر پێستدا هەست دەکەم. من مرۆڤێکم لە نێو مرۆڤەکانی تردا لە سەر گۆی زەوی پیرۆز، کە بە بێ خەڵکانی تر مانایەکم نییە.

* ئاخۆ لە کاتی نووسیندا خوێنەرێکی هەرەباشت لە بەر چاوە و بۆ ئەو دەنووسیت؟

– نا. ئەوەی کە بۆ بەردەنگی «خۆ»ی دەنووسێ خاوەنی ویستە. من ویستێکم نییە و تەنیا بۆ دۆزینەوەی خۆم دەنووسم. نانێکە و بۆ سفرەی خۆمی دەبرژێنم، بەڵام ئەگەر کەسێکیش ئیشتیای ئەو نانەی کرد، هاواڵێکی هاوسفرەی پێ دەست دەخەم.

* ڕازی مانەوەی شیعر لە چیدایە؟

– دەبێ بزانین ئامانجی شیعر چییە، ئامانجی شیعر گۆڕینی جیهانە.

* واتە شیعرێک نەمرە کە بەم ئامانجە گەیشتبێ؟

– ڕاست بە پێچەوانەوە. ڕازی مانەوەی شیعرێک لە چەسپاندنی ئەم خاڵەدایە کە مرۆڤ و جیهان نەگۆڕاون، چونکە شیعر دەخوازێ تا ڕادەیەک لە جیهاندا گۆڕانکاری بەدی بێنێ کە ئیتر پێویستی بە شیعریش نەبێت. نیاز بە جەرە و جام مانای ئەوەیە کە تینوێتی هێشتا بەردەوامە.

**١- ئەم شاعیرانە هی سەردەمی جیاواز و سەر بە ڕێچکە شیعری جیاوازن.**

**٢- ئیبراهیم گوڵستان: دەرهێنەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئێرانی**

**٣- اولین کس کە خریدارشدش من بودم * باعث گرمی بازارشدش من بودم (وحشی بافقی)**

**٤- آن شنیدستی کە در صحرای غور * بارسالاری بیفتاد از ستور (سعدی شیرازی)**

**٥- بە تن بویا کند گلهای تصویر نهالی را * بە پا بیدار سازد خفتگان نقش قالی را**

**زان جهرەي گل بە دامن اندیشە می کنم * خورشید می فشارم و در شیشە می کنم (طالب آملی)**

**٦- گر با دگران شدی هماغوش * ما را بە زبان مکن فراموش (؟)**

**٧- چنان قحط سالی شد اندر دمشق * کە یاران فراموش کردند عشق (سعدی)**

**سەرچاوە:**
**لەمەڕ هونەر و ئەدەبیاتەوە - وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد شاملوو - ناسر حەریری - چاپی پێنجەم ٢٠٠٦ - دەزگای بڵاوکەرەوەی نیگا. (دربارەی هنر و ادبیات - گفتگو با احمد شاملو - بە کوشش ناصر حریری - چاپ پنجم ٢٠٠٦ - موسسەی انتشارات نگاە.)**

# دەقە کوردییەکانی ئالبێرت فۆن لوکۆک

**د. ئامر طاهر**
**(ئەنستیتۆی ئێراننناسی- ئەکادیمیای علوومی نەمسا)***

پێتێر لێرخی(١) ڕوژهەڵاتناس لە پێشەکی کتێبی *Recueil de notices et récits kourdes*ی ئەلکساندر ژابادا نووسیویەتی کە ئامانجی سەرەکی لە کۆکردنەوە و لەچاپدانی حەکایەتەکانی مەلا مەحموودی بازیدی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بووە(٢). ڕادەی سوود وەرگرتن لەم دەقانە بۆ توێژینەوەی زمانەوانی لە دەزگا زانستییەکانی ڕۆژئاوادا هەر چەنێ بوو بێت، ئەم کارە لە خۆیدا بوو بە سەرچاوەی چاولێکردن بۆ هەندێ ڕوژهەڵاتناسی تر کە بۆ هەمان مەبەست پەنا بۆ کۆکردنەوە و لەچاپدانی دەقی حەکایەتی کوردی ببەن.

لە ساڵی ١٩٠٣ واتا چل و سێ ساڵ دوای چاپی حەکایەتەکانی مەلا مەحموود، بە هەوڵ و ماندووبوونی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئالبێرت فۆن لوکۆک(٣) کۆمەڵێ حەکایەتی کوردی بە ناونیشانی *دەقە کوردییەکان* لە ئەڵمانیا لە چاپ دران و کەوتنە بەر دەستی خوێنەرانی ئەو وڵاتە(٤). لە پەراوێزی پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە بە کتێبی ژابا کراوە(٥) و وا دەردەکەوێت کە فۆن لوکۆکی فەرەنسیزان پێشتر سەرچاوەکەی ناسیوە و خوێندوویەتی. ئامانجی سەرەکی لەم کارەش وەکو خودی فۆن لوکۆک لە پێشەکییەکەدا باس دەکات ئامادەکردنی کەرەستەگەلێکی نووسراو بووە وەکو سەرەتایەکی ڕێخۆشکەر بۆ لێکۆڵینەوە لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە جگە لە دەقی حەکایەتەکان، کۆمەڵێ دەستنووسی کوردی و شتی تریش دەگرێتە خۆی، بۆیە بە پێویستمان زانی هەندێ زانیاری ورد لە بارەی دانەر و ناوەرۆکی بخەینە بەردەستی خوێنەرانی *ڕامان*.

### ئالبێرت فۆن لوکۆک کێیە؟

لە ٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٠ لەناو خێزانێکی بازرگانی دانیشتووی بەرلین لە دایک بوو و هەر لەوێش لە دواناوەندی فەرەنسی دەرسی خوێند. پاشان بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاری بازرگانییەوە، لە ساڵی ١٨٨١ بەرەو بەریتانیا چوو و لەوێشەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی شارەزایی زیاتر لەو بوارەدا بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت. لە ساڵی ١٨٩٧ بڕوانامەی دکتۆرای پزیشکی زانکۆی لویزڤیلی(٦) بە دەست هێنا و گەڕایەوە ئەڵمانیا. لەبەر ئەوەی خولیا و شەیدای زانست و مەعریفە بوو، لە ساڵی ١٩٠٠ بەشی خۆی لە کۆمپانیای *ئا. فۆن لوکۆک و دارمشتادی*(٧) فرۆشت و لە تەمەنی چل ساڵی بەولاوە ئیتر هەموو کاتی خۆی بۆ چالاکی و توێژینەوەی زانستی



**ئالبێرت فۆن لوکۆک**

تەرخان کرد.

یەکەم جار وەکو خۆبەخش لە بەشی ئەفریقی – ئۆقیانووسی موزەخانەی هونەرە میللییەکان دەستبەکار بوو و هاوکات لە سمیناری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان خەریکی فێربوونی فارسی و عەرەبی بوو. لە ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ فێلیکس فۆن لوشان(٨) بەرەو زەنجیرلی کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی لەوێ کەرەستەی کتێبە دوو بەرگییەکەی دەقە کوردییەکان کۆ بکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٤ەوە چەندین جار وەکو سەرۆک، یان ئەندامی خۆبەخش لەگەڵ شاندی ئەڵمانی پشکنینە شوێنەوارناسییەکان بەرەو تورفان و تورکستانی چین چوو. بە هۆی توێژینەوە و کارە زانستییە بەنرخەکانی لە ساڵی ١٩٠٩ بڕوانامەی دکتۆرای زانکۆی کیێلی(٩) ئەڵمانیای پێ بەخشرا و لە ساڵی ١٩١٣ پلەی پرۆفیسۆری پێ درا. لە ساڵی ١٩١٤ بە دواوە خەریکی لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە دۆزراوەکان و دامەزراندنیان بوو لە موزەخانەی بەرلین کە سەرەنجام لە ساڵی ١٩٢٨ نمایش کران.

کار و چالاکییە زانستییەکانی فۆن لوکۆک هەر بەمە سنووردار نابن، جگە لە لەچاپدانی دەقی تورکی بە ڕێنووسی ئویگووری و مانی، کتێبێک و کۆمەڵێ وتاری زانستیشی لەبارەی زمان و دابونەریتی دانیشتووانی تورکستان بڵاو کردەوە. دوو سەفەرنامەش لێی بە جێ ماون کە گوزارشت لە بەسەرهاتەکان و بیرهاتنەکانی دانەر لە سەفەرەکانیدا لەگەڵ شاندەکاندا بۆ تورکستان دەکەن. دوا بەرهەمیشی نامیلکەیەکی وەسفی بچووکە لەبارەی شوێنەوارە دۆزراوەکانی کە لە لایەن موزەخانەوە لێی داوا کرابوو. فۆن لوکۆک لە ٢١ نیسانی ساڵی ١٩٣٠ لە بەرلین کۆچی دوایی کرد.(١٠)

## کاری فۆن لوکۆک لەبارەی کوردەوە

لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ لە بەرلین نووسراوە، خودی فۆن لوکۆک لەبارەی ئامانج و چۆنیەتی کۆکردنەوەی دەقەکان نووسیویەتی:

«لە بەهاری ساڵی ١٩٠١ چوارەمین شاندی پشکنینە شوێنەوارناسییەکانی کۆمیتەی ڕۆژهەڵات سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ سەفەری زەنجیرلی، کاتێ داوام لێ کرا خۆبەخشانە هاوڕێیەتی شاندەکە بکەم بۆ ئەوەی لە ڕێگای کۆکردنەوەی تێکستگەلێک دەرگای لێکۆڵینەوەی زمانی کوردە دانیشتووەکانی ئەو ناوچەیە بکەمەوە.

هەرچەندە لەو کاتەدا هێشتا توخنی زارەکانی ئەو بەشەی سووریای باکوور، تورکیا و تەنانەت دیالێکتە کوردییەکانیش نەکەوتبووم و تەنیا لە ماوەی دوو وەرزدا لە سمیناری زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا گوێبیستی وانەی عەرەبی و فارسی ببووم، بەڵام بڕیارم دا ئەم داوایە قبووڵ بکەم و لەگەڵ شاندەکەدا بەرەو زەنجیرلی بکەومە ڕێ و تا کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ڕۆژهەڵات پێشوەخت دەستنیشانی کردبوو، لەوێ مامەوە.

دوای ئەوەی فێری تورکی بووم، خۆم هەندێ جار سەرقاڵی ئەم دەقانەی بەردەست و هەندێ جاریش خەریکی کاری پشکنین دەکرد. پاش بەسەرچوونی ئەو چوار مانگەی بۆ کاری پشکنین تەخمین و تەرخان کرابوون، سەرۆکایەتی شاندەکە فەرمانی پێ گەیشت کە ماوەیەکی زیاتر لە زەنجیرلی بمێننەوە. من خۆم [لەگەڵ بڕیارەکەدا] گونجاند و لەگەڵ مامۆستای زمانی کوردی خۆم، یوسوف ئەفەندی، لە ئەسکەندەروونەوە بەرەو بەیرووت و دیمەشق کەوتمە ڕێ. لەوێ بە یارمەتی دوو

پیاو کە تورکی و زمانێکی ئەوروپاییان چاک دەزانی، توانیم کاری ئامادەکردنی تێکستگەلێکی زۆر باش تەواو بکەم بۆ ئەوەی دواتر وەریان بگێڕمەوە.

یەکێ لەو دوو پیاوەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردن قەشەی کاتۆلیکی ئەرمەنی لە بەیرووت بەڕێز یوهان باتیست موراديان بوو کە لە مونیخ دەرسی خوێندبوو و ئەڵمانییەکەی بە قسەکردن و بە نووسین زۆر بەهێز بوو. ئەوی تریان بەڕێز سەلیم ڕ. خەیر مولحەقی ئیدارەی گشتی لە بەیرووت بوو کە دواتر لەگەڵمدا هات بۆ دیمەشق...» (١١)

فۆن لوکۆک کۆی ئەو کارانەی لەو ماوەیەدا لەبارەی کوردەوە ئەنجامی داون، بەم شێوەیە ڕێک دەخات: «ئەنجامی ماندووبوونم خۆی لە سێ بەشدا دەنوێنێت کە بریتین لە: یەکەم، دەقە کرمانجییەکان کە لە ناو کوردانی دانیشتووی زەنجیرلی کۆم کردوونەتەوە؛ دووەم، وەرگێڕانی هەندێ لە دەقە کرمانجییەکان بە زمانی خێڵە زازاکان لەگەڵ فەرهەنگۆکی وشە و زاراوەگەلێکی زازایی، بابا کوردی و کرمانجی ڕۆژئاوا کە لە دیمەشق تۆمارم کردوون؛ سێیەم کۆکراوەی هەندێ دەستخەتی کوردی کە لە مەلایەکی دانیشتووی الصالحیة بە دەستم هێناون.» (١٢)

### دەقە کوردییەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنیان

کتێبی *دەقە کوردییەکان* دوو بەرگە. خودی فۆن لوکۆک لەبارەی ناوەرۆکی بەرگی یەکەمەوە نووسیویەتی: «ئەم کارە لە سێ بەش پێک دێت کە یەکەمیان هەندێ لەو دەقانە دەگرێتە خۆی کە لە زەنجیرلی و بە دەستخەتی مامۆستاکەم یوسوف ئەفەندی چەلیکا کۆم کردوونەتەوە، لەگەڵ دەقێکی زازایی لە لایەن برادەرە دیمەشقییەکەم عومەر ئیبن عەلی کۆسا بە ئەلفوبێی عەرەبی. لە پاشکۆی ئەم بەشی یەکەمەدا چاپی وێنەیی لیتۆگرافییەکەی دوو دەستنووسی جوانی کوردی دێت کە بریتین لە *نووباری* ئەحمەدی خانی و *مولد النبي* کە پێدەچێت بەرهەمی مەلای باتێ بێت.» (١٣)

ئەم زانیاریانەی فۆن لوکۆک لەبارەی ناوەرۆکی بەشی یەکەم ناتەواون و هەندێ کەموکوڕیان تێدایە. لەبەر ئەوەی دەقەکانی بەرگی یەکەم زیاترن لەوەی ئەو باسی کردووە. لە ڕاستیدا دەقەکانی ئەم بەرگە لە دوو بەش و پاشکۆیەکدا بەم شێوەیە ڕێک خراون:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە چوار پشکی (أ)، (ب)، (پ) و (ت) دەگرێتە خۆی کە دانەر لە پێشەکیدا تەنیا ئاماژەی بە پشکی (أ) و (ت) کردووە. حەکایەتەکانی ئەم بەشە هەموویان بە کرمانجی سەروون. واتا زمانی دەقەکان پێوەری سەرەکی بووە لە کۆکردنەوەیان پێکەوە لە یەک بەشدا. ئەوەی جێی سەرنجە، ساختاری ڕستەسازی تورکی بە ناوونیشانی هەندێ لە حەکایەتەکانەوە دیارە و هەندێکیشیان بە "داستان" ناوبراون و پێناچێت ئەم جۆرە ناولێنانە ئاماژە بۆ جۆرێکی تایبەتی جیاواز لە حەکایەتەکان بکات.

پشکی (أ) لە شەش حەکایەت پێک دێت کە لە ژێر ناوونیشانی *حکایەتێن یاغب ئۆغلی یوسب ئەفەندی چەلیکا* (١٤) ڕیز کراون و بریتین لە:

١- *حکایەی دونیا گوزەلی*
٢- *شێخ مووس و ئینجە یوسب دەستانی*
٣- *حکایەی ڕشوان*
٤- *حکایەی تەشی*
٥- *حکایەی عەشیرەت*
٦- *حکایەی گۆڤەندێ*(١٥)

پشکی (ب) لە دە حەکایەت پێک دێت کە لە ژێر ناوونیشانی *حکایەتێن جەعفەر ئۆغلی سەید ئەفەندی بیا* (١٦) ڕیز کراون و بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- *حکایەی زەنبیل فرۆش*
٢- *دەستانی مەمێ عەوان*
٣- *دەستانی میری عەکاری جەبێلی ئاغا*
٤- *دەستانی یاسین بەگ*
٥- *دەستانی دێمەز ئۆغلو گوچوک حەسەن ئاغا*
٦- *حکایەی مەمێ ئالان*
٧- *حکایەی یوسب عەزیز دوو برایێ هەڤ بوون*
٨- *دەستانی موحەمەد یەمین*
٩- *دەستانی سەودالی*
١٠- *دەستانی حسێن ئاغایێ زل*(١٧)

پشکی (پ) تەنیا لە دوو حەکایەت پێک دێت کە لە ژێر ناوونیشانی *حکایەتێن عەلی گەوەندێ دێلکا* (١٨) ڕیز کراون و بریتین لە:

١- *حکایەی مەمێ ئالان*
٢- *زەمبیل فرۆش*

پشکی (ت) دوا پشکی بەشی یەکەمە و ناوونیشانی *حکایەی حافظ*(٢٠) لێی نراوە و تەنیا لە یەک حەکایەت پێک دێت بەناوونیشانی *زەمبیل فرۆش*.(٢١)

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە ناوونیشانی *حکایەتی عومەر ئیبن عەلی کۆسای* لێ نراوە(٢٢) و تەنیا لە یەک *حەکایەتی زازایی* پێک دێت بە ناوونیشانی *حکایەتی ئیبراهیم پاشا لەفزی زازا*.(٢٣)

پێوەری دابەشکردنی دەقەکان لە بەشی یەکەمدا بەسەر چوار پشک سەرچاوەی بەدەست هێنانیان بووە کە چوار کەس بوون. جێی سەرنجە کە لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسەر تەنیا ناوی دوو کەسی وەکو سەرچاوەی وەرگرتنی حەکایەتەکان تۆمار کردووەو هیچ ئاماژەیەکی بە جەعفەر ئوغلی سەید ئەفەندی بیا، عەلی گەوەندێ دێلکا و حافظ نەکردووە کە کێن. روونیشی نەکردووەتەوە کە ئەوان دەقەکانیان لە کوێ هێناوەتەوە. وەکو لە ناوونیشانیان دیارە، هەندێ لە حەکایەتە ناسراوەکان وەکو زەنبیل فرۆش و مەمێ ئالان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراون، بەڵام نازانین ئەمە بۆ کۆی دەقەکان هەر وایە، یان هەندێکیان زادەی خەیاڵ و بەهرەی بگێڕەکانیانن.

لەبارەی ڕێنووسی دەقەکانیش فۆن لوکۆک وا دەخاتە ڕوو کە دەقەکانی یوسب ئەفەندی بە دەستخەتی خۆی نووسراون، بەڵام ناڵێت نووسەری دەقەکانی تر کێن. لەبەر ئەوەی خۆی بە نووسەری دەقەکان نەناساندووە، پێدەچێت ئەوانیش لە دەستخەتی بگێڕەکانیان بووبن و کۆی دەقەکان بەپێی دەستنووسەکانیانەوە لە چاپ درابن.

**پاشکۆ:** دوای ئەم دوو بەشەی بەرگی یەکەم، پاشکۆ دێت کە تەنیا لە *نووباری* ئەحمەدێ خانی و *مولد النبي* مەلایێ باتێ پێک نایەت، وەکو خودی دانەر بۆی چووە، بەڵکو دەقی کوردی تریشی تێدایە. دەقی یەکەمی ئەم دەستنووسانە *نووبار* (*نووبهار*)ە کە لە ساڵی ١٢٧٨ی



**لاپەڕەی یەکەمی *نووباری* خانی**

کۆچی (١٨٦١ی زایینی) ئامادە کراوە.(٢٤) پاشان دەقی *في بيان العقيدة*ی خانی دێت کە بە *عەقیدا ئیمانێ* ناسراوە(٢٥). دوای ئەویش دەقێکی تر بە پەخشان دانراوە بۆ فێرکردنی پایەکانی ئایینی ئیسلام بە ناوونیشانی عەرەبی *في بيان اركان الاسلام*(٢٦). پێ دەچێت ئەم نامیلکەیە هی کاتبی دەستنووسەکە بێت کە لە لاپەڕەی کۆتاییدا لە دێڕێکی فارسیدا خۆی بە ناوی محمد ابن احمد ناساندووە. لە کۆتاییشدا دەقی مەولوودنامەی پێغەمبەر دێت بە ناوونیشانی *هذا مولدُ النبيُّ الهاشميِّ بلغة الكرديِّ اهل العراقيِّ*. کاتبی دەستنووسەکە لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی (١٨٨٧ی زایینی) لە نووسینی بۆتەوە.(٢٧) ئەلبەتە لە ناو خودی دەستنووسەکەدا بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە ناوی دانەری نەکراوە و فۆن لوکۆک لە دیاریکردنی نووسەری دەقەکە لە پەراوێزی پێشەکییەکەیدا پشتی بە زانیارییەکانی کتێبی ئەلێکساندر ژابا بەستووە کە تێیدا مەلا مەحموود بازیدی مەلایێ باتێی بە خاوەنی مەولوودنامە لەقەڵەم داوە.(٢٨)

لەبارەی ناوەڕۆکی بەرگی دووەمی کتێبەکە، فۆن لوکۆک خۆی نووسیویەتی: «بەشی دووەم ڕوونووسی هەر

ئەو دەقانە بە ئەلفوبێی لاتینی و وەرگێڕانی زازایی دووانیان بە ئەلفوبێی لاتینی وەکو پاشکۆ، پاشان وەرگێڕانی چەند نوکتەیەکی تورکی بە زازایی و باباکوردی و دواتریش فەرهەنگۆکێکی زاراوەی زازایی، باباکوردی و لۆلۆکوردی دەگرێتە خۆی.» (٢٩) لە وەرگێڕانەکان و فەرهەنگۆکەکانەوە وا دەردەکەوێت کە مەبەستی دانەر لە دوو زاراوەی «باباکوردی» و «لۆلۆکوردی» هەردوو دیالێکتی کوردی کرمانجی خواروو و سەروون.

بەرگی دووەمی دەقە کوردییەکان وەکو بەرگی یەکەم بەسەر دوو بەش و پەراوێزێکدا دابەش کراوە. بەشی یەکەم و دووەم ڕوونووسە لاتینییەکانی حەکایەتەکانی بەشی یەکەم دەگرنە خۆیان و بە هەمان شێوەی بەرگی یەکەم ڕێک خراون(٣٠)، بەڵام پاشکۆی بەرگی دووەم جیاوازە و لە نوکتە زازاییەکان، فەرهەنگۆکەکان و نوکتەیەک بە کرمانجی خواروو پێک دێت. ئەو دوو دەقەی لە کرمانجی سەرووەوە بۆ زازایی وەرگێڕدراون بریتین لە حکایەی دونیا گوزەلی و حکایەی یوسب عەزیز(٣١). نوکتە زازاییەکانیش کە ژمارەیان چوار دانەیە، لە لایەن عومەر ئیبن عەلی کۆساوە لە تورکییەوە وەرگێڕدراون(٣٢).

دوای نوکتەکان دوو لاپەڕە بۆ ناوی ژمارەکان بە کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو و زازایی تەرخان کراون. سەرچاوەی ناوەکان بۆ هەریەک لە ناوە زازایی و کرمانجییە سەروو و خوارووەکان بریتین لە عومەر ئیبن عەلی کۆسا، یوسوف ئەفەندی چەلیکا و مەحموود موکری(٣٣). ئەمەی دواییش یەکێکە لەو کوردانەی سەرەڕای هاوکارییەکی بەرچاوی لە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکەدا، نە لە پێشەکی و نە لە پەراوێزەکاندا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکراوە و لە لایەن دانەرەوە نەناسێنراوە.

جگە لە لاپەڕەی کۆتایی، پاشماوەی کتێبەکە بۆ دوو فەرهەنگۆک تەرخان کراوە و دیارە کە سەرچاوەی فۆن لوکۆک بۆ ئامادەکردنیان هەر ئەو سێ کەسەی سەرەوەن. یەکەم فەرهەنگۆک چوار ئەستوونییە و تایبەتە بە ٤٣٦ ڕستە و دەربڕینی ئەڵمانی و بەرانبەرەکەیان بە زازایی و کرمانجی سەروو و خواروو. ئەوەی جێی سەرنجە، لە خانەی وەرگێڕانەکاندا کەموکوڕی زۆر بەدی دەکرێت. لە کۆی نموونە ئەڵمانییەکان تەنیا ٣٥٧یان بە زازایی، ٢٧١یان بە کرمانجی سەروو و ٣٥٣یان بە کرمانجی خواروو وەرگێڕدراون، بەبێ ئەوەی دانەر هۆکاری ئەو بۆشاییە دەستنیشان بکات(٣٤). فەرهەنگۆکی دووەمیش سێ ئەستوونییە و نزیکەی ٣٨٠ وشەی ئەڵمانی دەگرێتەوە خۆی لەگەڵ وشە هاوماناکانیان بە زازایی و کرمانجی خواروو. لەم بەشەشدا بە تایبەتی لە ئەستوونی کرمانجی خوارووودا بۆشایی زۆر بە دی دەکرێت(٣٥).

نە لە پەراوێزی فەرهەنگۆکەکاندا، نە لە پاشماوەی کتێبەکەدا هیچ جۆرە شرۆڤە و بۆچوونێکی زمانەوانی لەبارەی وشە و ڕستەکانەوە نابینرێت. دیارە ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکانە دەستەبەرکردنی کەرەستەی زمانەوانی زیاتر بووە لە پێناو توێژینەوەی زانستی لە دیالێکتەکان لە داهاتوودا.

دوا دەقی ئەم بەرگە نوکتەیەکی بچووکە بە کرمانجی خواروو و لە نێو کەوانەدا بە خەتی بچووک نووسراوە کە بەرانبەری دووەمینی نوکتە زازاییەکانە، بەڵام لە سەرەوە بە خەتی گەورە نووسراوە: «گێڕانەوەی ڕەسووڵ هەمەوەند لە دەشتی چەمشەمانی(٣٦) لای سلێمانی» (٣٧).

ئەوەی تا ئێستا لە کتێبی دەقە کوردییەکان لە بەردەستدایە، تەنیا دوو بەرگە. دانەر لە پێشەکیدا بەڵێنی بەرگی سێیەمیشی بە خوێنەر داوە و نووسیویەتی: «هەموو زانیارییەکان لەبارەی ناوەرۆک و پێکهاتەی ئەم فەرهەنگۆکانە لە پێشەکی بەشی سێیەم دەخرێنە ڕوو. هەر کە بۆم لوا (ئامادەی بکەم)، بەشی سێیەم وەرگێڕانی (ئەڵمانی) دەقە پێشکەشکراوەکان دەگرێتە خۆی، لەگەڵ باسوخاسی ئەو ڕووداوانەی لەم دەقانەدا باس کراون، بە وردەکارییەکانییەوە ئەگەر کرا. فەرهەنگۆکێکی تەواوکەری وشە تازەکانیش بە دوایدا دێت.» (٣٨) بەڵام وا دیارە دەرفەتی ئامادەکردن و لەچاپدانی بەرگی سێیەم بۆی نەڕەخساوە.

### ڕێنووسی دەقەکان

دەقەکانی بەرگی یەکەم وەکو زۆربەی دەستنووسە کوردییە کۆنەکان بە ئەلفوبێی عەرەبی و بە ڕێنووسێکی هاوشێوەی ڕێنووسی عەرەبی و فارسی نووسراون کە تێیدا بەشێ لە دەنگە بزوێنەکان نانووسرێن. بزوێنی (ێ) بە هیچ شێوەیەک بە کار نەهاتووە. بزوێنی (ە)ش بە

زۆری لە ناوەڕاستی وشەکاندا نابینرێت و تەنیا لە کۆتایی هەندێ وشەدا بەکارهاتووە کە پێویستە هەندێ جار (ێ) و هەندێ جاریش (ە) بخوێندرێت. لە جیاتی دوو دەنگی کپی (گ) و (ڤ)یش، (ک) و (ف) بە کار هاتوون.

لە زۆربەی دەقەکاندا هیچ نیشانەیەکی خاڵبەندی نابینرێت و سنووری ڕستەکان دیاری نەکراون، تەنیا لە دوو حەکایەتی *مەمێ ئالان* و *زەمبیل فرۆش*دا نەبێت کە نیشانەی (*) هەندێ جار ڕستەکان و هەندێ جاریش تەنیا ڕستەگەلێکی کاراکتەرەکانی حەکایەتەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم دەقانە کە بە گوێرەی فۆن لوکۆک بە شێوەزاری کرمانجی کوردەکانی ناوچەی زەنجیرلین، ئاوێتەبوونیانە بە وشە و زاراوەی تورکی. کۆی ئەم هۆکارانە وا دەکات کە خوێندنی حەکایەتەکان و لێ تێگەیشتنیان کارێکی قورس بێت. دەکرێ بۆ کەمکردنی قورساییەکە سوود لە ڕوونووسە فۆنەتیکییە لاتینییەکانیان وەربگیرێت کە لە بەرگی دووەمدا چاپ کراون. هەرچەندە سوودی ئەم ڕوونووسانەش لەبەر جۆراوجۆری دەنگە بزوێنە بەکارهاتووەکان تا ڕادەیەک سنووردارە. لە ڕاستیدا فۆن لوکۆک جگە لە پێنج پیتی بزوێنی (a, o, u, e, i) چەندین پیتی بزوێنی تری لەسەر بنەمای هەر ئەو پێنج پیتە، بە بەکارهێنانی هێما و نیشانەی جۆراوجۆر (خاڵ، دووخاڵ، هێڵی ئاسۆیی، هێڵی ئەستوونی،...) داهێناوە. بۆ نموونە تەنیا لە پیتی (a) دە نیشانەی تری وەکو ( ...,á, ä, ā)ی داهێناوە. بە گشتی لە ڕوونووسە لاتینییەکانیدا زیاتر لە ٣٠ پیتی بزوێن دەبینرێن، بۆیە تێگەیشتنی دروست لە دەقەکان تارادەیەکی زۆریش پەیوەستە بە توانا و شارەزایی خوێنەر لە دۆزینەوەی مانای وشەکان لەناو بەستەری بەکارهێنانیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا ساغ کردنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوەی حەکایەتەکان بە ڕێنووسێکی هەنووکەیی کارێکی نەشیاو نییە. لێرەدا بە نوکتەکەی ڕەسووڵ هەمەوەند کۆتایی بە گوتارەکەمان دێنین بەو ئومێدەی لە ئایندەدا ئەم کارە بۆ حەکایەتەکانیش بێتە دی و وەکو بەشێ لە سامانی ئەدەبیمان دووبارە لە چاپ بدرێن و بکەونە بەر دەستی خوێنەران و لێکۆڵەران.

«ڕۆژێک میرزا کاغەزێکی نووساند بۆ ئەحبابی خۆی، گوتی بیگرە ئەو کاغەزەی کورە! بۆ فولانە کەسی ببە. پاشێ کاغەزەکەم دا بە نۆکەری(٣٩). کوڕەکە [پاش] نیو سەعات هاتەوە.

کاغەزەکەت برد؟

بردم.

داتێ؟

تەلەبی کرد، نەمدایێ.

بۆ چی؟

ئەتۆ بە من[ت] گوت: «ببەبە»، نەت گوت «بیدێ». بردم بەرانبەری وی ڕامگرت هێنامەوە.

ئەو پیاوە کاغەزەکەی خوێندی یا نەیخوێندەوە؟

نا، نەیخوێندەوە.

میرزا دەستی بە پێکەنین کرد: چ قسەی بە تۆ نەگوت؟

گوتی: هەی کەرە! ئەو کەرەی بە تۆی گوت یا بە منی گوت، تێی نەگەیشتم.» (٤٠)

**پەراوێزەکان:**

*** www.oeaw.ac.at/iran**

**1. Peter Lerch**

**2. Jaba, Alexandre, *Recueil de notices et récits kourdes*, St.-Pétersbourg, Imprimerie de l'Académie Impériale des Sciences, 1860, p. V.**

**3. Albert von Le Coq**

**4. Le Coq, Albert von, *Kurdische Texte*, 2 Teile, Berlin, Reichsdruckerei, 1903.**

**لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا واتا بیست ساڵ دوای دەرچوونی کتێبی فۆن لوکۆک، باسیل نیکیتین بە هەمان مەبەست کۆمەڵێ دەقی حەکایەتی کوردی لەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکانیاندا لە دوو بەشدا لە گۆڤاری زانکۆی لەندەندا بڵاو کردەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طاهر، ئامر، «حەکایەتەکانی مەلا سەعید «قازیی کوردستان»» *ڕامان*، ژ ١٦٢، ل ٤٧ - ٦٢.**

**5. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 1, Vorwort, p. 2.**

**6. Louisville**

7. A. Le Coq & Darmstadt.

8. Felix von Luschan

9. Christian-Albrechts-Universität zu Kiel

10. Pelliot, Paul, ((Albert von Le Coq)) *T'oung Pao*, Second Series, vol. 2/3 (1930), p. 241-243 ; Waldschmidt, Ernst, ((Albert von Le Coq)) *Berliner Museen*, 51. Jahrg. H. 3. (1930) , p. 52-53 ; Zimmer, Heinrich, ((Albert von Le Coq)) *Atribus Asiae*, Vol. 4, Num. 1(1930-1932), p. 70-73.

11. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 1, Vorwort, p. 1.

12. *Ibid.*

13. *Ibid.*, p. 2.

١٤- ناوونیشانەکەمان لە بەرگی دووەم وەرگرتووە کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراوە، کەچی لە پێڕستی بەرگی یەکەمدا ناوونیشانی هەمان بەش بە ئەلفوبێی عەرەبی وا نووسراوە: *حکایتان یاغب اوغلی یوسب افندی جلک*. ئەم جۆرە جیاوازییە لە نێوان بەرگی یەکەم و دووەمدا لە هەندێ لە ناوونیشانەکانی تریشدا دەبینرێت. هەر چی نەبێ بەهۆی ڕێنووسیان ئێمە ناوونیشانەکانی بەرگی دووەممان پێ ڕاستتر بوو، بۆیە لە بابەتەکەماندا ناوونیشانەکان بە گوێرەی بەرگی دووەم و لە پەراوێزیشدا بە گوێرەی بەرگی یەکەم دەخەینە ڕوو.

١٥- حکاي دنیا کوزلي، شیخ موس و اینجە یوسب دسطاني، حکاي رشوان، حکايء تشي، حکایەء عشیرت، حکايء کوندە.

١٦- حکایتان جعفر اوغلي سید افندي بیا.

١٧- حکاي زنبل فروش، دستاني ممي عوان، دستاني میري عکاري جبل اغا، دستاني یاسن بك، دستاني دیمز اوغلي کوچك حسن اغا، حکاي ممي الان، حکايء یوسب عزز دو برایە هفە بون، دستاني محمد یمن، دستاني سودالي، دستاني حسین اغایە زل.

١٨- حکایتان علي کوندە دلک

١٩- حکاي ممي الان، حکاي زمل فروش

٢٠- حکاي حافظ

٢١- زمل فروش

٢٢- حکایت عمر ابن علی کوسا

٢٣- حکایت ابراهیم پاشا لفظي ظاظا

24. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 1, Anhang, p. 1-33.

25. *Ibid.*, p. 33-39.

26. *Ibid.*, p. 40-47.

27. *Ibid.*, p. 49-96.

28. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 1, Vorwort, p. 2.

29. *Ibid.*

30. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 2, p. 1-60.

31. *Ibid.*, p. 63-66.

32. *Ibid.*, p. 68-69.

33. *Ibid.*, p. 70-71.

34. *Ibid.*, p. 72-101.

35. *Ibid.*, p. 103-115.

٣٦- لەوانەیە مەبەستی چەمچەماڵ بووبێت.

37. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 2, p. 116.

38. *Ibid.*, Teil 1, p. 2.

٣٩- گۆڕانی بگێڕ لە کەسی سێیەمەوە بۆ کەسی یەکەم لە خودی دەقەکەوەیە. نووسراوەکانی ناو [ ] لە ئێمەوەیە بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییە زمانییەکان (ئا. ط.)


40. Le Coq, Albert von, (1903), Teil 2, p. 116.

# میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا

ڕێبین خەلیل قادر
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)

ئەم میتودە ڕەخنەییە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، واتە هەوڵی ڕوونکردەوەی ئەو پێوەندییانە دەدات کە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە. لە ڕوانگەی ئەم میتودەوە ئەدەب بەرهەمی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەیەتی. واتە کاتێک ئەدیب دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە، ئەوە هەوڵ دەدات ئەدەبەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە تێیدا دەژیت «ئەم ئاراستەیە هەوڵی لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا لە دایک بووە، دەدات. تێبینی ئەوە دەکات کە ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هەروەکو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە بەکۆمەڵگاوە کاریگەر دەبێت و کاریشی لێدەکات، ئەدەب جیهانێکی ئەندێشەیی نییە، تەنانەت خودیش ملکەچی بارودۆخێکی دیاریکراو نابێت، یان ڕەنگدانەوەی شارستانییەتێکی دیاریکراو... تاد» (١)، لەبەر ئەوەی «پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا ئاوێتەییە، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی گەشەکردنی ئەدەب دەگرێتەوە و هۆکارێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان؛ پەرەسەندنی ئەدەب بە گوێرەی باکگراوندی کۆمەڵایەتی ئەدیب و خوێنەر لێکدەداتەوە» (٢)، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانە، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و کۆمەڵگایەشە کە خودی ئەدیبەکەی تێدا دەژیت، هەرچەندە ئەدیب «ژیان وەکو خۆی بۆ ئێمە ناگوێزێتەوە، دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی ئەدیب بۆ ژیان لە ڕێگەی ئەزموونی کەسی خۆیەوە بۆمان دەگوێزێتەوە» (٣) لێرەوە لەپاڵ ئەزموونی تایبەتی ئەدیبەکە، خەیاڵیش دەورێکی سەرەکی لە وێناکردنی کۆمەڵگا و ژیاندا دەگێڕێت، چونکە «کاتێک ئەدیب بە کۆمەڵگاوە کاریگەر دەبێت تێگەیشتنی خۆی دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایە. ئەدەبیش هۆکارێکە بۆ ئەو تێگەیشتنە و گواستنەوەی» (٤)، چونکە هەڵوێستێکی بیری (فیکری) لە بەرانبەر کۆمەڵگا و ژینگەکەی وەردەگرێت و جارێکی دیکە وێنەی دەکێشێت.

ئەوانەی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵنەوە، تەنیا باسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا لەناو ئەدەبدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ئەدیبیش دەدەن، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە ژینگەی ئەدیبەکەدا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ژینگەی ئەدیبەکەدا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ئەدەبەکەی (بەرهەمەکانی) ڕوون بکەنەوە. هەروەها ئەمانە دەیانەوێت بزانن ئەدیبەکە سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە چ بارودۆخێکی ئابووریدا ژیاوە و تا چەند وەڵامی داواکارییەکانی چینەکەی خۆی داوەتەوە و



**جۆرج لۆکاش**

له ئەدەبەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە(٥)، لەبەر ئەوەی هەموو ئەدیبێک (نووسەرێک) ئەندامێکە لە کۆمەڵگاکەیدا، بۆیە دەبێت وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لێی بکۆڵرێتەوە، لەبەر ئەوە لە پاڵ بەرهەمەکانیدا دەبێت گرنگی بە ژیانی و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا ژیاوە و ئەو بەڵگەنامانەش کە پەیوەستن بە ژیانی و بارودۆخی ئابووریشی بدرێت(٦)، هەموو ئەمانەش ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەدیب و ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەش کە کاریگەرییان لەسەر ئەدەبەکەی هەبووە، ڕوون دەکەنەوە «لەبەر ئەوەی ئەدەب بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و ئەدیبیش لە دایکبووی ژینگەیەکە کە لە باوەشیدا گەشەی کردووە» (٧). تەنیا کۆمەڵگاش کارناکاتە سەر ئەدیب و ئەدەب، بەڵکو ئەدیب و ئەدەبیش کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەیە و زۆرجار ڕەوتی ژیان و کۆمەڵگا دەگۆڕن و بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی دەبەن. لێرەوە پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا پێوەندییەکی دیالێکتیکییە و هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، نابێت سێ بابەتی گرنگ فەرامۆش بکرێن، چونکە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلەی پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگاوە هەیە، ئەوانیش:

* سۆسیۆلۆجیای نووسەر.
* ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەقی ئەدەبی.
* کاریگەری ئەدەب لەسەر کۆمەڵگا(٨).

ئەم بابەتە زۆر لایەنی نادیاری ئەو پێوەندییە دیالێکتیکییەی کە لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا هەیە، ڕوون دەکاتەوە.

میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی تایبەت بە دەقی ئەدەبی ڕیالیزمی دەدات، زۆرجار ئەو بەرهەمانەی لەژێر ئەدەبی سیمبۆلیزم و بێ هوودەیی و سوریالیزم پۆلێن دەکرێن، لە ڕوانگەی میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، کە ئەمەش پێوەندی بەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەو دەقانەوە هەیە، کە خودی ئەم میتودە بەدوایدا دەگەڕێت(٩)، هەروەها ئەم میتودە (وەکو میتودە ڕەخنەییەکانی مێژوویی و دەروونی) لە دەرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات، ئەوەندەی گرنگی بە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات، لایەنی ڕوخسار فەرامۆش دەکات(١٠). گرنگی بە بنیادی هونەری و جوانی دەقی ئەدەبی و تایبەتمەندییە جوانییەکانی دەقەکە و زمانەکەشی نادات، کەواتە ئەم میتودە ڕەخنەییە خودی دەقی ئەدەبی فەرامۆش دەکات، کەواتە ئەم میتودە ڕەخنەییە لە دەرەوە لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە.

دەکرێت بڵێین هەندێک قوتابخانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی پەیڕەوی بنەماکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەوانەش (ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیزم(*)، ڕەخنەی مارکسیزم(**)، بنیادگەری پێکهاتەیی)(١١)، هەرچەندە جیاوازی لە بۆچوونەکانیاندا لە بابەت پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا هەیە، چونکە هەریەکەیان بە گوێرەی بیروفەلسەفەی خۆی ئەو پێوەندی و کاریگەرییەی لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگادا هەیە، لێکدەداتەوە.

کۆمەڵێک نووسەر و ڕەخنەگری ئەورووپایی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پەیڕەوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییان کردووە، زۆربەیان ئەدەبیان بە کۆمەڵگاوە بەستووەتەوە و وەکو بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبیان کۆڵیوەتەوە و باسی کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر ئەدەب و ئەدیب و کاریگەری ئەمانەش لەسەر کۆمەڵگایان کردووە (یەکەم کەس ئەدەبی بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگادا نابێت لەسەردەمی هاوچەرخدا [جان باتیست فیکۆ (١٦٦٨- ١٧٤٤)] بوو، لە کتێبەکەیدا بەناوی (جیهانی نوێ) جەختی لەسەر ڕۆڵی شیعر لە

شارستانیەتە کۆنەکان و پێوەندی نێوان داستانەکان و کۆمەڵگا خێڵەکییەکان و پێوەندی پەند و قسەی نەستەق بە کۆمەڵگا جوتیارییە بچووکەکانەوە کردووە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا شارییەکاندا شانۆگەری هەبووە، هەروەها دەرکەوتنی ئەدەبی (بیکارسک)یش لەگەڵ لێک ترازانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو، لە کاتێکدا ڕۆمان لەگەڵ سەرهەڵدانی بورژوازیەتی سەرمایەدارییەوە هاتە کایەوە.»(١٢).

(جان باتیست فیکۆ) هەوڵی داوە هەر ژانرێکی ئەدەبی بۆ بارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بگەڕێنێتەوە، گوایە لە هەر کۆمەڵگایەکدا (لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی) ژانرێکی ئەدەبی دەردەکەوێت، چونکە لە هەر سەردەمێکدا ژانرێکی ئەدەبی گەشە دەکات و باوی دەبێت.

ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی [مادام دوستایل (١٧٦٦- ١٨١٧)] هەوڵی داوە لە «ئەدەب لە لایەنی تاکێتی و کۆمەڵایەتییەوە بکۆڵێتەوە»(١٣). لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (ئەدەب و پێوەندی بە سیستمە کۆمەڵایەتییەکانەوە) دەڵێت: هەوڵی ڕوونکردنەوەی کاریگەری هەر شێوەیەک لە شێوەکانی حکومەتەکان (کۆمەڵگاکان) لەسەر ئەدەب دەدەم. هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو ئاراستە پێشینەییانەش دەدەم کە لە بیری مرۆڤدا لە ئەنجامی بیروباوەڕە ئایینییەکانەوە لەدایک دەبن، هەروەها لە چۆنێتی گەشەکردنی خەیاڵ لەژێر کاریگەری خێرای هەندێک لە ئەفسانەکانەوە دەکۆڵمەوە و هەوڵی وێناکردنی جوانی شیعر دەدەم، چونکە شیعر سروشتێکە لەلایەن ژینگەوەیە(١٤). بە بڕوای (دوستایل) ئەدەب بە گۆڕانی کۆمەڵگاکان و گەشەکردنیان و پەرەسەندنی ئازادی تێیاندا، دەگۆڕێت کە لەگەڵ گەشەکردنی زانست و بیر و هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەریەک ئاراستە بەڕێوە دەڕۆن(١٥). ئەو پێی وایە کە فەرامۆشکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی ئەدەب یارمەتیمان نادات، چونکە ئەدەب بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا دەرکەوتووە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەیەتی.

لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک ڕەخنەگری بریتانی سەر بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەرکەوتن و گرنگیان بەم جۆرە ڕەخنەیە دا. لەوانەش (کریستۆفەر کۆریل و بێرسلۆن). بۆ نموونە (کریستۆفەر کۆریل) (١٨٣٧- ١٩٠٧) لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا بە ئاراستەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری تاک و ئازادی بورژوازی هەنگاوی ناوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی و دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤ ناسی) لە یەک کاتدا. هەرچی (بێرسلۆن)ە لە ساڵی (١٩٤١)دا لێکۆڵینەوەیەکی بۆ دیاریکردنی شێوەی کەسێتییەکانی ناو چیرۆکە بڵاوکراوەکانی گۆڤارە ئەمریکییەکان ئەنجام دا. مەبەستیشی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دۆزینەوەی سروشتی شێوەی پێوەندییەکانی نێوان زۆرینەی سپی پێستە پرۆتستانتەکان و کەمینەڕەش پێستەکانی ئەمریکا و یۆگۆسلاڤیا و مەکسیک بوو. خاڵی کارکردن لای ئەو تێبینی کردنی ئاکارە باوەکانی جیاوازی ڕەگەزپەرستی لە دژی کەمینەکان لەلایەن بەرەچەڵەک ئەنگلۆسەکسۆنییەکانەوە بوو، ئەم ئاکارانەش لە زۆر بواری وەک ژیانی کۆمەڵایەتی و چێشتخانەکان و هوتێلەکان و کارە گشتییەکاندا دەردەکەوتن، هەموو ئەمانەش بەهۆی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیارەوە بوو لە بابەت ئەم چیرۆکانەوە(١٦).

یەکێک لە ڕەخنەگرە ناودارەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگری هەنگاری (جۆرج لۆکاش) (١٨٨٥ - ١٩٧١)ە، ئەم ڕەخنەگرە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی لە بواری ئەدەبدا نووسیوە و لەژێر کاریگەری هەریەکە لە (هیگڵ)(*)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی و تیوری (مارکسیزم)(*)دا بوو. یەکەم کتێبی ڕەخنەیی لەنێوان ساڵانی (١٩١٤ - ١٩١٥)دا بەناوی (تیوری ڕۆمان) نووسیوە کە دواتر لە ساڵی (١٩٢٠)دا لە (بەرلین) بڵاوکرایەوە و لە ساڵی (١٩٦٣)شدا بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدرا(١٧) لەم کتێبەدا (لۆکاش) گەشەکردنی ئەدەب بە گەشەکردنی کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە، واتا شێوەی ئەدەبی بە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە(١٨). بەو واتایەی ئەدەب لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگاکاندا دەگۆڕێت، چونکە ئەدەب بە کۆمەڵگاوە پەیوەستە و هەر لەناو کۆمەڵگاشەوە وەکو پێویستییەک لە پێویستییەکانی ژیان سەرهەڵدەدات.

(لۆکاش) لێکۆڵینەوەی لە (تیوری ڕۆمان)دا کردووە ئەویش لە پێوەندی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕابردوو و ئێستای کۆمەڵگای بورژوازی کە تێیدا دەرکەوتووە. جەختی لەسەر ململانێی نێوان ئاکاری خود و ئاکاری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کردووەتەوە. ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەو ململانێیە لە دەوری بیری بابەتی و داواکارییەکانی بیری ڕەهادا دەخولێتەوە، بە بڕوای ئەو تێکشکانی پاڵەوانی ڕۆمان لە قۆناغی میسالیدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شێوەی دووەمی تێکشکان لە قۆناغی ڕۆمانی دەروونیدا، لێرەوە ململانێی دەروون و واقیعی دەرەوە سەری هەڵدا، ئەمەش وای لە ئەدیبەکان کرد ژیانێکی ناوەخۆیی دابهێنن، کە هیچ ململانێیەکی تێدا نەبێت و دەروونیش تەنیا پشت بەم جیهانە ببەستێت(١٩).

لەنێوان سالانی (١٩٣٤- ١٩٣٥) کۆمەڵێک وتاری بڵاوکردەوە و دواتر لە (١٩٥١) لە کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی (بەلزاک و ڕیالیزمی فەرەنسی)دا بڵاوکرایەوە و لە (١٩٦٧) بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدرا. بیری ڕەخنەش لەم کتێبەدا لە دوو سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە، ئەوانیش (مێژووی ڕۆمان لە سەدەی نۆزدەم و مارکسیزم)ن(٢٠) هەروەها لەنێوان سالانی (١٩٣٢- ١٩٤٠)دا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی بڵاوکردەوە، کە دواتر لە کتێبی (کێشەکانی ڕیالیزم)دا کۆی کردنەوە و هەندێک بۆچوونی گرنگیشی لە بابەت (تیوری سۆسیۆلۆجیای ئەدەب) بۆ کتێبەکەی زیاد کرد و پاشان بڵاوی کردەوە، کە هەندێک بابەتی گرنگی لەخۆ گرتبوو، هەموو بابەتەکانیش لەژێر کاریگەری یاسایەکی کۆمەڵایەتی مێژووییدا باس کرابوون(٢١). بە بڕوای (لۆکاش) ئەو ئەدەبەی لاسایی واقیع دەکاتەوە و وێنای دەکات، ئەگەر هاتو تێڕوانینێکی بۆ گۆڕانی ئەو واقیعە تێدا نەبوو، ئەوە ئەو ئەدەبە ناواقیعییە، هەتا ئەگەر پاڵپشتیش لەو واقیعە بکات، بۆیە واقیعیەت لە ئەدەبدا بۆ پێوەندی لەنێوان ئەدەب و ئەو واقیعەی کە وێنای دەکات، ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو تێڕوانینە مێژووییە دوارۆژییە دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمەکە دەگرێتە خۆی(٢٢). لە کتێبی (ڕۆمانی مێژوویی)دا هەردوو تێڕوانینی مێژوویی و کۆمەڵایەتی تێکەڵی یەکتر کردووە. (لۆکاش) پێی وایە تێگەیشتن لەو ڕەوشت و ئاکارانەی لە کەسێتی ڕۆمانی مێژووییدا دەردەکەون،



ئەمیل زۆلا

کارێکی گرانە، ئەگەر هاتو تەنیا زانیاریمان لەسەر دانەرەکەی هەبێت، بەڵکو دەبێت شارەزاییشمان لە ڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵایەتیش هەبێت، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەوکاتە مێژووییەوە هەیە کە وێنای دەکات، لەبەر ئەوە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ئەو ڕەوتە مێژووییەی لەناو ئەدەبدا هەیە لەوانی دیکە جیاوازە، چونکە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە(٢٣)، هەروەها لە کتێبی (لێکۆڵینەوە لە ڕیالیزمی ئەورووپی)دا کە تایبەتە بە ڕۆمان، (لۆکاش) هێرش دەکاتە سەر هەندێک ڕێبازی ئەدەبی؛ بۆ نموونە ڕەخنە لەڕێبازی (ناتورالیزم)(*) (naturalism) لە چیرۆکدا دەگرێت، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی (ئەمیل زۆلا)، لەبەرئەوەی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئۆرگانی، یان بایۆلۆجی لە گۆڕانکارییەکانی مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاکار جیا دەکاتەوە(٢٤). (لۆکاش) کە یەکێکە لە ڕەخنەگرانی ڕەخنەی مێژوویی، لەگەڵ ئەوەشدا بە فەلسەفەی مارکسیزمیش کاریگەر بووە، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەو مۆرکە کۆمەڵایەتییەی لای مارکسیزمەکان بانگەشەی بۆ دەکرا، بەسەریدا زاڵە.

(لوسیان گۆڵدمان) (١٩١٣- ١٩٧٠) لە ماوەی ژیانیدا کۆمەڵێک بەرهەمی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی نووسیوە، هەوڵی داوە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەدەب بکات. ئەو بڕوای وابوو شیکردنەوەی کۆمەڵایەتییانەی ئەدەب و دیاردە

ئەدەبییەکان، چارەسەری بەهای هونەری و جوانی لەپاڵ ناوەرۆکدا دەکات، هەرچەندە لە ژێر کاریگەری مادییەتی دیالێکتیکیدا بوو، کەچی کۆمەڵێک مەرجی دانابوو کە بە هۆیانەوە دەقی ئەدەبی بەها کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هونەری و جوانییەکانی خۆی دەپارێزێت، هەروەها یەکەم کەسیش بوو کە جۆرێک لە هاوسەنگی لەنێوان میتودە فۆرمالیزمییەکان و میتودە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ناوەرۆکییەکان هێنایە کایەوە(٢٥). لە ساڵی (١٩٤٨)دا لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی کانت) و لە ساڵی (١٩٥٢) لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی بەناوی (زانستە مرۆڤایەتییەکان و فەلسەفە) بلاوکردەوە، پاشان لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بەرهەمەکانی (راسین) بەناوی (خوا شاراوەکە) لە (١٩٥٦)دا نووسیوە، پاشان لە (١٩٦٤)دا لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (لەپێناو زانستی کۆمەڵناسی ڕۆمان) نووسی و لەو ساڵەشدا کە کۆچی دوایی تێدا کرد، (١٩٧٠) دوو لێکۆڵینەوەی لەدوای خۆی جێهێشت، کە ئەوانیش (بنیادی زیهنی و داهێنانی ڕۆشنبیری) و (مارکسیزم و زانستە مرۆڤایەتییەکان) بوون(٢٦). (لۆسیان گوڵدمان) لەژێر کاریگەری ڕێبازی مارکسیزمدا بوو (... ئەو سوودی لە تیوری مارکسیزم وەرگرتووە کە ئاکاری مرۆڤ و ژێرخانی ئابووری و سیاسی و ئەو کۆمەڵگایەی کە دەورەی داون بە یەکەوە پەیوەست دەکات، هەروەها سوودی لە لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکانی ڕەخنەگرە مارکسییەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە «جۆرج لۆکاش و میخائیل باختین(*)»(٢٧)، بەڵام (گۆڵدمان) هەر بە شیکردنەوەی ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە نەوەستا، بەڵکو گرنگی بە پێکهاتەی جوانی بەرهەمەکەش داوە، تاوەکو بەهۆیەوە تەکنیک و شێوازی نووسەرەکەی بۆ دەربکەوێت(٢٨). ئەم شێوازەی (گۆڵدمان) لە لێکۆڵینەوەدا شێوازێکی نوێ بوو، هەروەها جیاوازیشی لەگەڵ شێوازی لێکۆڵینەوەکانی نووسەر و ڕەخنەگرە مارکسییەکانی پێش خۆی هەبوو، هەرچەندە سوودیشی لە هەندێک لەو نووسەرانە وەرگرتبوو. بەم شێوەیە جۆرە میتودێکی ڕەخنەیی هێنایە کایەوە، کە بەناوی (بنیادگەری پێکهاتەیی- البنيوية التكوينية) ناسراوە.

بنیادگەری پێکهاتەیی «بەو شێوازە کۆمەڵایەتییەی (گۆڵدمان) کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا بەکاری هێناوە دەگوترێت بنیادگەری پێکهاتەیی (Genetic Strctu-ralism) لەبەر ئەوەی تێکەڵە لە بنیادگەری ئەنترۆپۆلۆجییەکان و ئەو پێکهاتەییەی لەبنەڕەتدا تیۆروانینێکی مێژووییە»(٢٩)، یان دەتوانین بڵێین تێکەڵە لە مارکسیزم و بنیادگەری، بەمەش بەنوێکەرەوەی مارکسیزم دادەنرێت (تیۆروانینی مارکسیزمی لە ڕێگەی تێکەڵاوکردنی ئەو بنیادگەرییەی «Structiralism» لە لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکانی لای هەریەکە لە (جان پیاجێ و کلۆدلیڤی شتراوس) و مادییەتی مێژوویی لای کلاسیکییەکان باوبووە، نوێکردەوە.»(٣٠) (گۆڵدمان) لە لێکۆڵینەوەکانیدا سوودی لە هەندێک بنەمای بنیادگەری ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) و ڕێبازی مارکسیزم وەرگرتووە. لە پاڵ گرنگیدانی بەلایەنی کۆمەڵایەتی دەقی ئەدەبی، تارادەیەکیش ئاوڕی لە لایەنی بنیادی هونەری و جوانی دەق داوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٤٥)دا (ئەلبرێخت) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شێوەکانی نەریتە باوەکان لای خێزانەکانەوە ئەنجام دا و کارەکەشی چیرۆکی بلاوکراوەی ناو گۆڤارەکانی ئەو سەردەم بوو. هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەو وتەیەی دەدا کە دەڵێت: ئەدەب ڕەنگدانەوەی نەریتە ڕۆشنبیرییەکان و نەریتەکانی خێزانە، ئەمەش لە ئاکاری ژن و مێرددا لە ژیانی خێزانییاندا دەردەکەوێت، لەلایەک کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی کەسەکانی تۆمار دەکرد، لەلایەکی دیکەوە پوختەیەکی گرێی چیرۆکەکەی دواتریش وەسفی ململانێی سەرەکی چیرۆکەکەی دەکرد. مەبەستیشی لەمە پۆلینکردنی نەریتە باوەکانی ناو چیرۆکەکان و ئەو کۆتاییەیش بوو کە نووسەرەکە دیاری دەکات. (هۆلاندەر)یش لە ساڵی (١٩٥٦) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شێوەکانی ئاکار لە ڕۆمانی ڕووسیدا ئەنجام دا و پشتی بەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئەدەب بەست. ئەو توانی لە ڕێگەی شیکردنەوەی (٣٥٦) ڕۆمان لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٠- ١٩٣٥)دا تایبەتمەندییە گشتییەکانی وێنەی پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکان دەستنیشان بکات. تایبەتمەندییەکانی پاڵەوانی ئەرێنی (ئیجابی) بریتی بوو لە (١٤) تایبەتمەندی، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی میتودی شیکردنەوەی ناوەرۆک و شێوازی لێکۆڵینەوەی بارودۆخ. هەرچی (هێرمان)ە ئەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو چیرۆکە بلاوکراوانە ئەنجام دا، لە گۆڤارەکانی

کۆلۆنیالیزمی له ئەمریکا بڵاوکرابووەوە. مەبەستیشی زانینی پێکهاتە و شێوەی ئەو خێزانانە بوو، کە لەم ناوچە کۆلۆنیالیزمییانەدا دەژیان. (هێرمان) زیاتر گرنگی بە شێوەی ئەو پێوەندییە دەدا کە لە نێوان ژن و مێرددا هەیە، لە ژینگەیەکدا کە زیاتر بە تاکێتی جیا دەکرایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە پیشەسازییانەی لەو کۆمەڵگایانەدا لە ماوەی نێوان (١٧٤١- ١٧٩٤) ڕوویان دا. ئەو بڕوای وابوو کە ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر پێوەندی نێوان ژن و مێرد هەیە، بەتایبەتیش لەبواری ئازادی تاکەکەسی و پێوەندییە سۆزدارییەکاندا(٣١).

**پەراوێزەکان:**

١- د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الادبي، الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ١٩٨٨، ص٢٣١.

٢- نجيب فايق أندراوس، المدخل في النقد الادبي، مكتبة الانجلو المصرية، مصر، ١٩٧٤، ص٤٠.

٣- د. عزالدين إسماعيل، الادب وفنونه (دراسة ونقد)، ط٦، دارالفكر الغربي، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٧٦، ص٢٢.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤.

٥- د. شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ط٥، دارالمعارف، القاهرة، د. س. ط.، ص١٠١.

٦- رينيه ويليك و أوستن وارن، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، مراجعة: د. حسام الخطيب، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص٩٩.

٧- د. عمر محمد الطالب، الذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣، ص١٧٣.

٨- بڕوانە: رينيه ويليك و أوستن وارن، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، ص٩٩.

٩- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط١، دارالفكر، دمشق، ٢٠٠٧، ص٤١.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٥.

(*) لە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆسیالیزم: لە ساڵی (١٩٣٤) یەکێتی نووسەرانی سۆڤێتی پێشوو ئەم ڕێبازەی کرد بە ڕێبازێکی سەرەکی ئەدەب و ڕەخنە لە هەموو سۆڤێت، دامەزرێنەرەکەی (ماکسیم گۆرکی)ی نووسەر و ڕۆماننووسی ڕووسی ناودار بوو، کە ڕۆمانی (دایک) یەکێکە لە شاکارەکانی ئەم نووسەرە و تائێستا وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان.

(**) ڕەخنەی مارکسیزم: ئەم جۆرە ڕەخنەیە پشت بە بنەماکانی مارکسیزم دەبەستێت و هەوڵ دەدات بەرهەمی ئەدەبی بخاتە ناو چوارچێوەی بنەما و تیوری مارکسیزمەوە و دوور لە بنیادی جوانی و هونەری و شێوازی دەق لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەقەکە بکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە بۆچوونەکانی دامەزرێنەرانی مارکسیزم (کارل مارکس و ئەنگڵز) وەردەگرێت. هەندێک لە ڕەخنەگرانیشی ئەمانەن: (بلیخانۆف، ترۆتسکی، جۆرج لۆکاش، لوسیان گوڵدمان، لویس ئاڵتۆسێر، ...تاد).

١١- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨-٤٩.

١٢- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص١٦٨.

١٣- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ط٣، دارالعودة، بيروت، ١٩٨٣، ص٤٤.

١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

١٥- مجموعة من الكتاب، مدخل الى مناهج النقد الادبي، ت: د. رضوان ظاظا، مراجعة: د. المصنف الشنوفي، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٧، ص١٧٦.

(*) هیگڵ: جۆرج فیلهیلم فریدریش هیگڵ، لە (١٧٧٠) لە دایک بووە و لە (١٨٣١) کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە فەیلەسووفە کلاسیکییەکانی ئەڵمانیا، یەکێک بوو لە پێشوازیکارانی شۆڕشی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەمدا و دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی سەر بە پادشایەتی بوو، ساڵی (١٨١٨) لە زانکۆی (بەرلین) بوو بە مامۆستا. فەلسەفەی (هیگڵ) زۆر بە ڕوونی لە کتێبەکەیدا (دیاردەکانی گیان) دەردەکەوێت، لەم کتێبەیدا باسی زۆر بابەتی فەلسەفی کردووە.

(*) مارکسیزم: کۆمەڵێک بیروڕای فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە، لەسەردەستی هەریەکە لە (مارکس و ئەنگڵز) دامەزراوە و لەلایەن (لینین)ەوە پەرەی پێدراوە. لە ڕووی تیورییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا سەری هەڵدا. کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی سەرهەڵدانی مارکسیزم، لەمانەش ئەنجامەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی و ئەو ئابوورییە سیاسییەی کە لە بریتانیا سەری هەڵدا، هەروەها ئەو سۆسیالیزمە نۆباوییەی کە لە فەرەنسادا هەبوو، مارکسیزم هەوڵی چارەسەرێکی ڕەخنەگرانەی ئەم مەسەلانەی دەدا.

١٦- د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه واتجاهاته)، ط١، دارالآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١، ص٤٠-٤١.

١٧- جان ايڤ تادييه، النقد الادبي في القرن العشرين، ت: د. قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة، المعهد العالي للفنون المسرحية، دمشق، ١٩٩٣، ص٢٢٦.

١٨- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٧.

١٩- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ١٧٦.

٢٠- جان ايڤ تادييه، النقد الادبي في القرن العشرين، ت: د. قاسم المقداد، ص٢٢٩.

٢١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

٢٢- د. ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني، دارالكندي للنشر والتوزيع، منشورات امانة عمان الكبرى، عمان- الاردن، ٢٠٠٢، ص٥٤.

(*) ناتوراليزم: یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان و ئینتیمایەکی زۆری بۆ سروشت هەیە و واقیع بەشێوەیەکی ورد وێنا دەکات و هەوڵ دەدات سروشتی مرۆڤ و چارەنووسی بە وردی دیاری بکات. ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە فەرەنسا سەری هەڵداوە، (ئەمیل زۆلا)ی ڕۆماننووسی ناوداری فەرەنسی بە ڕابەری ئەم ڕێبازە دادەنرێت.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٥٤.

٢٤- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي (إضاءة لاكثر من سبعين تيارا نقديا و مصطلحا نقديا معاصرا)، ط٥، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، بيروت- لبنان، ٢٠٠٧، ص٣٢٥.

٢٥- د. مدحت الجيار، النص الادبي من منظور اجتماعي، دارالوفاء لدنيا اللطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١، ص٦١.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ص٦١-٦٢.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤.

٢٨- سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤.

٢٩- د. ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني، ص٥٧.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ص٥٥.

٣١- د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر (قضاياه واتجاهاته)، ص٤١-٤٣.

**سەرچاوەکان:**

**أ- کتێب:**

**١- د. ابراهيم خليل، في النقد والنقد الالسني، دارالكندي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ٢٠٠٢.**

**٢- رينيه ويليك و أوستن وارن، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، مراجعة: د. حسام الخطيب، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٨٧.**

**٣- د. سمير سعيد حجازي، النقد الادبي المعاصر اقضاياه واتجاهاته)، ط١، دارالآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١.**

**٤- جان ايڤ تادييه، النقد الادبي في القرن العشرين، ت: د. قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة، المعهد العالي للفنون المسرحية، دمشق، ١٩٩٣.**

**٥- د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الادبي الحديث، ط١، دارمجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ١٩٩٨.**

**٦- د. شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، اصوله، مصادره)، ط٥، دارالمعارف، القاهرة، د. س. ط.**

**٧- د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه (دراسة ونقد)، ط٦، دارالفكر العربي، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٧٦.**

**٨- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، دارالكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٩٣.**

**٩- مجموعه من الكتاب، مدخل الى مناهج النقد الادبي، ت: د. رضوان ظا ظا، مراجعة: د. المصنف الشنوفي، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٧.**

**١٠- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ط٣، دارالعودة، بيروت، ١٩٨٣.**

**١١- د. مدحت الجيار، النص الادبي من منظور اجتماعي، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠١.**

**١٢- نجيب فايق أندراوس، الدخل فى النقد الادبي، مكتبة الانجلو المصرية، مصر، ١٩٧٤.**

**١٣- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط١، دارالفكر، دمشق، ٢٠٠٧.**

**ب- فەرهەنگ:**

**١٤- د. ميجان الرويلي و د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبي (إضاءة لاكثر من سبعين تيارا نقديا ومصطلحا نقديا معاصرا، ط٥، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، بيروت- لبنان، ٢٠٠٧.**

# ڕووداو لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا
# (لێکۆڵینەوەیەکی تیورییە)

ئاری عوسمان خەیات
(کفری)

**بەرایی:**

بۆ ئەوەی بتوانین لە پێکهاتەی بنیاتی ڕۆمانێک تێبگەین، پێویستە ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکە بناسین، ئەمەش مەرج نییە هەموو خوێنەرێکی ڕۆمان بیزانێت، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی ڕەخنەیی هەر دەقێکی گێڕانەوەبەندی خاڵی یەکەمە لە لیستی مەرجەکاندا، بۆ شرۆڤە و تاووتوکردنی لایەنەکانی ئەو دەقگەلە، ئینجا بەو پێیەی (ڕووداو) یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی دەقی ڕۆمانی لەسەر بنیات دەنرێت، بۆیە لە چۆنێتی شرۆڤەکردنی ڕۆمان، لەلایەن ڕەخنەگرەوە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، چونکە دەتوانین لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ڕۆمانێکەوە، چییەتی (ماهییەت) دیدگای ڕۆماننووس و هەڵوێستەکانی وی، لەسەر ڕووداوەکان و چۆنێتی پێوەستبوونەکانی پێیانەوە، بزانین و هەڵبسەنگێنین. لێرە بەدوا، هەوڵدەدەین، لەڕووی تیورییەوە باس لە چەمکی ڕووداو و پێوەندییەکانی بە ڕەگەزگەلی (کات، شوێن، کەسایەتی)یەوە، بکەین.

**یەکەم: چەمکی ڕووداو**

قسەکردن لە بارەی چەمکی ڕووداو و ناساندنی لەڕووی تیورییەوە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە هاوکاتە بە قسەکردن لەبارەی چەند لایەنێکی دیکەی هاوپێوەندی بە ڕووداو، کە ئەو پێوەندییەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هاوکۆلکەیەکی تەواوکاریدا خۆیان نمایندە دەکەن. ئەو هاوکۆلکەی تەواوکارییەش، بەمانای ئەوە دێت، کە نەبوونی هەریەک لەو (لایەن/ڕەگەز)انە، دەبێتە هۆی هاتنە کایەی کەموکورتی لە پێکهاتەی دەقی ڕۆماندا، بۆیە پێش هەرشتێک دەبێ بزانین، ڕووداو چییە و چۆن ئەو پێوەندییە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا گرێ دەدات؟

ڕووداو بریتییە لە کۆی ئەو حاڵەت و دیاردانەی کە لە کات و شوێنێکدا دێتە ئاراوە، یان وەکی تر "ڕووداو کۆمەڵێک واقیعی ڕێکوپێکە، یان پەرشوبڵاوە لە چوارچێوەی کاتدا، بەشێوەیەکی دیاریکراو تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن(١)"، هەروەها (ئەرستۆ) لە کتێبی (پۆیەتیکا)دا لە بارەی ڕووداوەوە، دەڵێت:"ڕووداو کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە(٢)"، بەوەشدا ڕووداو لە هاوکێشە و پێکهاتەی دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا هەم دەرەنجامەو هەم هۆکاریشە. بەو مانایەی ڕووداو دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەڵوێست و ڕەوتاری کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێکە، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراوداو بەهۆی گەیشتن بە مەبەستێک، یان ڕەتکردنەوەی، یان هەر هۆیەکی تر ئەنجامی دەدەن، کەواتە پێویستە لەپشتەوەی هەڵسووڕانی هەر ڕووداوێکەوە کارەکتەرێک ئامادە بێت بۆ ئەوەی وێنەی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ئەو شوێن و کاتەدا دەربکەوێت، بەمەش دەتوانین پەسنی

زنجیرەییبوونی کەوتنەوەی ڕووداو دەرک پێ بکەین، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵـێین، ڕووداو "زنجیـرەیەک ڕاسـتی واقیـعین لەڕووی ئۆرگـانیـیەوە بەیەکـەوە پێوەندیدارن و لەڕێی سەرەتا و کۆتاییەوە خۆیان دەنوێنن، هەروەک بەپێی ئەو چەمکەی کـە (ڕۆلان بارت) بۆی دارشـتووە: بریتـییـە لە کۆمـەڵێک ئەرکی کارتێکراو لەلایەن هۆکارێک، یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە(٣)". کـۆی ئەم حاڵـەتانە لەپاڵ ئەو کارلێکە جیـاجیـایانەدا جەستەی هونەریی دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئامادەگی هەمیشـەیی ڕەگەزی ڕووداوە لەنێو ئەو پێکهاتەیەدا، چونکە سەرجەم ڕەفتار و مامەڵە و هەڵوێستی هەمەچەشنی کەسایەتییـەکانی نێـو دەقی ڕۆمـان، لەگـەڵ بەردەوامی و بەدرێژایی زنجیـرەییبـوون و ئۆرگـانیـبـوونی ڕووداو، بەردەوام دەبن و درێژ دەبنەوەو ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیەنن.

ئەو ئامادەگییە هەمیشەییەی ڕووداو، کە بێ گومان لە ڕێگەی زمانی دەقەوە دەبێت، وادەکات پرۆسەی گێڕانەوە لەپاڵ تەکنیکە جیاجیاکانی وەسفدا بێتە کایەوە، چونکە گـەر ڕووداوێک لە ئاردا نەبێت، بێ گـومـان گـێـڕانەوەو وەسـفـیش نایەنە کـایەوەو بەوەش گـێـڕانەوەی هونەری دەرناکەوێت، هەروەک (د.عـیزەدین ئیسماعیل) دەڵێت: "ڕووداوی هونەری ئەو زنجـیــرە هەڵکەوتانەن، کـە بەگێڕانەوەیەکی هونەری گێڕدراونەتەوە، چوارچێوەیەکی تایبەت لەخۆی دەگرێ(٤)".

دیارە لەو بۆچوونەی (دکتۆر عیزەدین ئیسماعیل)ەوە، ئێـمـە دەگـەینە ئەو بڕوایەی کـە خـاوەنی دەق (نووسـەر/شـاعـیـر) پێش کـردەی نووسین، ڕووداوێک هەڵدەبژێرێ و دواتر دێت لە دەقەکەیدا بەرکەڵکی دەخات و بەوەش ڕوحی هونەرییانەی وەبەردا دەکات و لەوێشەوە ڕووداو دەبێتە ئەتمۆسفیرێک ئەرکی هەڵگرتن و پاراستنی ئەوەی تێدا دەکەوێتە سەر، کە بەسەر کەسایەتییەکاندا هاتوون، هەر بۆیە ڕووداو بە بڕبڕەی پشـتی دەقی ڕۆمـان لەقەڵەم دەدرێت.

مـەرج نییـە هەمـوو کـاتێک ڕووداوەکانی ناو دەقێکی گـێـڕانەوەبەندی، ڕۆمـان، یان نۆڤلێت، یان کـورتە چیـرۆکێک، لە واقیـعـەوە وەرگیرابن و دەقاودەق زادەی واقـیـع بن، چونکە پێـوەندی ڕووداوەکـانی ناو دەقی ڕۆمـانێک (بۆ نموونە) لەگـەڵ واقیـعـدا پێوەندییـەکی ڕێژەییـە نەک پێـوەندییـەکی ڕەها. ئەوەتا (ئۆسکار وایلـد) پێی وایە کـە "زۆرجـاران ژیـان لاسـایی هونەر دەکاتەوە(٥)" هەڵبەت ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەو بۆچوونەی سەرەوە، کە مەرج نییە هەموو کاتێک خاوەنی دەق پەنا بۆ واقیع ببات، تا ئەوەی ڕووداوی لێوەرگرێ و لە دەقـەکـەیدا بۆ خـوێنەریان بگێـڕێتـەوە، بەوەشـدا هاوکـێـشـەی باوی وەرگـرتنی ڕووداو لە واقیـعـەوە، هەڵدەوەشێـتـەوە، یان پێـچـەوانە دەبێـتـەوە و دەشـێت کـەسـێک لە ئێـمـە دوای خـوێندنەوەی ڕۆمـانێک، یان چیـرۆکێک، سیـفـەت و هەڵسـوکەوتی کەسایەتییـەک سەرنجمان ڕابکێشێت و بچێتە دڵمانەوەو کاریگەریمان لەسەر دروست بکات و ئێمەش بچین لاسایی بکەینەوە، ئەم لاساییکردنەوەیە هاوکاتە بە لاساییکردنەوەی هەمان ئەو ڕووداوانەی بەسـەر ئەو کـەسـایەتیـیـەدا هاتوون، بەوەشـدا ئێـمـەی کـەسـایەتی واقیـعی، لاسـایی کەسایەتییـەکی هونەری، یان خەیاڵیمـان کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە، "جـیـاوازیش لەنێـوان ڕووداوەکـانی ڕۆمـان و ڕووداوەکـانی ژیان هەر ئەوە نییـە ڕاسـتی ئەوە بسەلمێنن لەکاتێکدا ناتوانین بە ئەوی تریان بگەین تەنیا لەچوارچێوەی دەقدا نەبێت، بەڵکو ڕووداوەکـانی ڕۆمـان لە ڕووداوە ڕاستەقینەکان زۆر سەرنجڕاکێشترن. هۆکاری ئەمە بۆ بوونی ئەو ئیستێتیکا و جوانکارییە دەگەڕێتەوە کە ڕۆماننووس بەهۆی خەیاڵەوە لەناو دەقەکەیدا دروستی دەکات(٦)".

نابێت ڕووداو ببێـتـە هۆی لێکترازاندنی ڕەگەزەکـانی تری ڕۆمـان، بەڵکو "دەبێت ڕووداو لەگەڵ یەکەی کات و یەکـەی شـوێندا تەبایی دروست بکات، واتە یەکـەیەکی ئۆرگـانی بۆ دروست ببـێت و لەگـەڵ یەکـتـریدا بگونجێن(٧)"، چونکە ئۆرگانیبوونی ڕووداو لە سیاقی ڕۆماندا پێویستییەکی گرنگ و حاشاهەڵنەگرەو دەبێت لە بنیـاتنانی ڕۆمـانـدا بوونی هەبێت، هەروەک زۆرجـار وادێتـەوە، ڕووداو لە کەسایەتی گرنگتر بێت، ئەمـەش بەهۆی ئەو تەکنیکەی کـە نووسـەر لە نووسـینەوەی ڕۆمـانەکـەیدا دەسـتی دەداتێ، هەروەک ئەرسـتـۆ لە بۆچوونێکیدا پێی وایە، کە "ڕووداو کـارەکتـەر بنیـات دەنێت(٨)"، چونکە لەناو دەقدا، کەسێتی بەبێ ڕووداو بوونی نییـە، واتە ئەگـەر ڕووداوێک لە ئارادا نەبێت، کەسێتیش چ ڕۆڵێکی نابێت بۆ گێڕانەوە بشێ. لەکاتی هەبوونی ڕووداوێکدا شـوێن و کـاتیش دەبێت، تا ڕوودانی ڕووداوەکەی تێدا بنووسرێتەوە و بگێڕدرێتەوە.

سەرکەوتوویی دەقی ڕۆمانێک، تا ڕادەیەکی زۆر بە گرنگی ڕووداوەکەی ناوییەوە بەستراوە، بەواتایەکی تر ئەوەی زۆرجار بڕیار لەسەر باش و خراپی دەقی ڕۆمانێک دەدات، بریتییە لەو ڕووداوەی کە تێیدا دەگێردرێتەوە.

خوێنەر چێژ لە دەقی ڕۆمانێک وەردەگرێت، کە ڕووداو ئامادەیی بەرچاوی تێدا هەبێت، چونکە بیرمان نەچێت، کە ڕادەی ئەو چێژەی خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکدا وەری دەگرێت، پەیوەندی بە چۆنێتی و چییەتی ڕووداوەکانی ناوییەوە هەیە، هەروەک (ڕۆلان بارت)یش لە (چێژی دەق)دا بە ڕوونی باسی لەوە کردووەو ئاماژەی پێداوە، لەوەی چۆن ڕووداو لە دەقی ڕۆماندا کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی خوێنەر هەیە، بۆ چێژ وەرگرتن لە تیمەی تایبەتی دەقەکە، هەروەها ئەو دەقی ڕۆمانەی، کە دەتوانێ سەرنجی ڕەخنەگران بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، ئەوەیانە کە خاوەنەکەی (نووسەری دەق) توانیویەتی بەشێوەیەکی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو دەقەکەیدا بکات و بە تەکنیکی تایبەتی خۆی تێهەڵکێش و ئاوێتەیان بکات و شان بە شانی ڕەگەزەکانی تر بەرکەڵکیان بخات، واتە ڕووداو کە کۆمەڵێک بەسەرهاتە و "حیکایەتخوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ڕێکیان دەخاتەوە، گەشە دەکەن و گرژ دەبن بەپێی ئەو چوارچێوە هونەرییەی بۆی کێشراوەو پێوەندییەکی تۆکمەشیان بە کارەکتەرەکانەوە هەیەو دواتریش بۆ خزمەتی چنین کارلێک دەکەن(٩)".

ئەو تێڕوانینەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، کە چنین وەک بەشێک لە تانوپۆی ڕۆمان، دەورێکی گەورەی لە چۆنێتی خستنەڕووی ڕووداوەکاندا هەیە، هەروەک لە پرۆسەی ئەو خستنەڕووەیشدا، بیرفراوانی ڕۆماننووس دەردەکەوێت و پێویستە لەو بوارەدا خاوەن سەلیقەیەکی باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاراستەی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی دروستدا ببات. (عەبدوڵڵا سەراج) دەڵێت: ڕۆماننووسی سەرکەوتوو "پێبەندی بیری باو و تێڕوانینی ئاسایی نابێ، بۆیە بە بیرتەسکی دەزانم ئەگەر داوا لە ڕۆماننووس بکرێ، ڕوون و ئاسان بنووسێت، چونکە ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەکی ئەندێشەیی دەئافرێنێ، بۆ ئەوەش پەنا دەباتە بەر خەون و فانتازیاو ئەفسانە و پێشبینی، جا بە ڕاناوی ئاخێوەر بێت، یان بە فرەدەنگی(١٠)" هەڵبەت ئەوەش بەو مانایە نایەتەوە، کە ئیدی ڕووداویش پابەندی هەمان ئەو شێوازی تێفکرینەی ڕۆماننووس بێت، چونکە لەدوای ئەوەی ڕۆماننووس دەست بە نووسینەوەو گێڕانەوە دەکات، چیتر ئەوە ئەو نییە، کە سەرلەبەری پرۆسەکەی لەژێر دەستدا بێت، بەڵکو زۆرجار کۆنترۆڵی لەدەست دەردەچێت و دەقەکە ئاراستەیەکی تایبەت بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و ڕۆماننووسیش ناچارانە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە نەویستانەیەی دەق دەبێتەوە، بێ گومان ئەم حاڵەتەش وەک چۆن بەشێکی زۆری لە سایەی ڕووداوەکاندا بەڕێوە دەچێت، هاوکات خودی ڕووداویش لە سەنگی کاریگەرییەکانی ئەو حاڵەتە بەدەرنابێ.

لەم نێوەندەدا ڕووداو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر دیاریکردنی چۆنێتی ئەتۆسفیری گشتی دەق دەبێت، بە واتایەکی تر بڵێین: ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆماننووس هەڵیاندەبژێرێ بۆ ئەوەی لە دەقەکەیدا کاریان لەسەر بکات، بەشدارییەکی تەواو کارا لە فەزای گشتی دەقەکەدا دەکەن، ئەمەش ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی لە جێدەستی خۆی لە ڕەوتی ڕەفتار و هەڵوێستی کارەکتەرە جیاجیاکاندا دەربخات، یان ئەوەی بە (ڕەوتی هەستەکی کەسێتی) ناو دەبرێ. ڕووداو ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی جەستەی دەقی ڕۆمانێک، چونکە لە ڕووداودا خوێنەر بەو هەڵکشان و داکشان و سەرکەوتن و نشوستییانە ئاشنا دەبێت، کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، بەسەر کەسێتییەکاندا هاتوون، دیارە کۆی ئەو پێدراوانەش لە ئەنجامی پرۆسەی گێڕانەوەو وەسفدا دێنە کایەوە.

**دووەم: ڕووداو لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا**

بەو پێیەی ڕۆمان یەکێکە لە شێوازە گرنگەکانی دەقی گێڕانەوەبەندی و وەک سەرجەم جۆر و شێوازەکانی تری ئەو تەرزە دەقگەلە، پێویستی بە ڕەگەزی (ڕووداو) هەیە، بۆیە ڕۆماننووسیش بۆ نووسینەوەی ڕۆمانەکەی پێویستی بە هەبوونی ڕووداوێکە تا بتوانێ لەمیانی کردەی گێڕانەوەدا درێژە بە کردەی نووسین بدات و دەقەکەی بە ئاستەکانی بنیاتی دەقێکی گێڕانەوەبەندی تەواودا تێپەڕێنێ، کە ئەو ئاستانەش بریتین لە: (دەسپێک، گرێ، لووتکە، کۆتایی)و لەنێو چنیندا پێکدەگەیەنرێن و بە تەکنیکە جیاجیاکانی وەسفیش دەڕازێنرێنەوەو دواجار دەخرێنە ڕوو، دیارە لەوەشدا ڕۆماننووسی زیرەک سەلیقەی خۆی تێدا دەنوێنێ، کەواتە

"لەهەموو ڕۆمانێکدا و بەپێی سیستمێکی دیاریکراو، کۆمەڵێک ڕووداو ڕوو دەدەن، مادامەکێ ڕووداویش هەبوو، ئەوە گێڕانەوەش دروست دەبێت(١١)"و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، چونکە سادەترین شێوەی گێڕانەوە "بریتییە لەوەی کە ڕووداوێک، یان زنجیرە ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە(١٢)".

بەشێوەیەکی گشتی گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕۆماندا، لە سەر بنەمای چوار ئاستی جیا بنیات دەنرێت، کە دەکرێ لە هەمان دەقی ڕۆمانێکدا پێکەوە، یان بە جیا بەکاربهێنرێت، ئەوانیش بریتین لە:

(١) ڕووداوێک کە ڕوویداوە.

(٢) ڕووداوێک لە ئانوساتی ڕووداندایە.

(٣) ڕووداوێک کە ئەگەری ڕوودانی لە ئایندەدا هەیە، بێجگە لەوەی هەندێک جار خودی گێڕانەوەش دەبێتە ڕووداو هەر خۆیشی دەبێتە چیرۆک.

کەواتە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ و ناتوانین بەبێ بوونی ڕووداو، وێنای ڕۆمانێک، یان چیرۆکێک بکەین، هەروەک ڕووداویش بێ شوێنکات نابێت. ڕۆمان، یان چیرۆک واتە: ڕووداو. ڕووداویش پێویستی بە گێڕەرەوەیەک هەیە بیگێڕێتەوە.

هەڵبەتە هەموو ڕووداوێک کاتی ڕوودانەکەی جیاوازە لە کاتی گێڕانەوەکەی و کاتی گێڕانەوەشی لە کاتی نووسینەوەو بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی جیاوازە. کەوابوو ئەگەری ئەوە هەیە لە دەقێکدا زیاتر لە کاتێک ئامادەگی بەرچاوی هەبێت، یان کۆمەڵێک کات پێکەوە هەبن، کە بە ئاستی جیاجیا دەردەکەون و دەبنە بەشێک لە تەکنیک و تاکتیکی دەق. ئەم کاتانەش لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا دەردەکەون، گێڕانەوەکانیش باس لە ڕووداوەکان دەکەن، بۆیە زنجیرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، کاتەکان ڕادەکێشن و ئەوە نیشان دەدەن کە کاتەکان لەنێو جووڵەی ڕووداوەکاندان، کاتیش بێ جوگرافیا و شوێن نابێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: بزوێنەر و داینەمۆی هەموو ئەمانە ڕووداوە بە خوێنەریشەوە، کە ئەویش کاتی خۆی جیاوازە لە سەرجەم کاتەکانی تر.

لە ڕۆماندا کارلێکی توندوتۆڵی نێوان ڕووداو و گێڕانەوە دەردەکەوێ، چونکە خێرایی، یان لەسەرخۆیی گێڕانەوە کار دەکاتە سەر چۆنێتی بەرێوەچوونی ڕووداوەکان، تەنانەت هۆکاریشە بۆ دەرخستنی ئەوەی ئاخۆ ڕووداوەکان ڕووداوگەلی چەقبەستوو و وەستاون، یان جووڵەرەوە و بزاون، بەدیوێکی تردا ڕووداویش کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە دەردەخات، بەوەی تەکنیکی گێڕانەوەکە چ جۆرێکە، بۆ نموونە گێڕانەوەی ڕووداوە توندوتیژەکان چێژبەخشترن، هۆکاری ئەمەش لای دەروونناسانەو ئەوان دەتوانن لەڕووی سایکۆلۆژییەتی کەسەکانەوە ڕوونی بکەنەوە، بەو پێیەی زۆرجار ڕووداوێکی بچووک دەرەنجامی گەورەی دەبێت، یان بە پێچەوانەوە، لە گشت حاڵەتێکدا هیچ کەسێک ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات، کە "یەکێک لە کۆڵەکەکانی بە ڕۆمانبوونی دەق، بریتییە لە ڕووداو(١٣)".

وەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، گرنگیدانی (ئەرستۆ) بەو شێوە بەرچاوە بە ڕووداو، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووداو پێکهاتەی سەرەکییە لە دروستبوونی تراژیدیا و هاوکات لەنێو ڕەگەزەکانی تری وەک (کەسێتی دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی)دا، بەشێوەیەکی دیار قورسایی پێ بەخشیوە، تەنانەت لە پێشەوەی یەکەمی ئەو پۆلینکردنەدا دایناوە.

ئەرستۆ لەکتێبی (هونەری شیعر)دا دەڵێت: "لەهەموو ڕەگەزەکان گرنگتر ڕووداوە، چونکە بێ گومان تراژیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراوەتەوە. مەبەست لە ژیان ئەنجامدانی جۆرە کردەوەیەکی دیاریکراوە نەک خاسییەتێک، کەسەکان بەو خاسییەتانەی هەیانە، کەسێتییان دەردەکەوێت، بەڵام بەختەوەری و بەدبەختییان بەهۆی کردەوەکانیانەوە دێتە دی(١٤)" کەواتە ئێمە لە بەردەم هاوکۆلکەیەکی تێکچڕاژوداین، کە دەتوانین بۆ شیکردنەوەی ئەو هاوکۆلکەیە بڵێین: ژیان ڕووداوە، خودی ڕووداویش ژیانە، بەمەش دەگەینە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ لەنێو بازنەیەکی داخراوی (ژیان/ ڕووداو)دایەو لەدواجاریشدا ئەو هاوکۆلکەیە ئاراستەی مرۆڤەکان دیاری دەکات، چونکە "مرۆڤەکان خاوەنی هەر تایبەتمەندییەک بن لەڕووی بایۆلۆجی و کەسێتی و دەروونییەوە، ئەوە ئەو تایبەتمەندییانە شتێکن لە سنوورێکی بەرتەسکی کەسەکاندا دەسوڕێنەوە، بەڵام هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان لەژیاندا ئاراستەی داهاتوو و چارەنووسیان بە هەردوو باری بەختەوەری و بەدبەختیدا دیاری دەکات و لە پاشەڕۆژیاندا ڕەنگ دەداتەوە(١٥)".

ئەگەر ئێمە بڕوامان بە چەمکی پاراستن هەبێت، ئەوە

بێ گومان بەدوای باشترین شێوازدا دەگەڕێین بۆ چۆنێتی پاراستنی ژیان، چونکە ژیان پڕە لەو تاقیکردنەوەو ئەزموونانەی کە بەسەر مرۆڤەکاندا هاتوون، بۆ پاراستنی ئەو سامانە مرۆڤایەتییەش ئێمە پێویستمان بە هێزی گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیە، بێ گومان ڕۆمانیش باشترین کەناڵە، کە مرۆڤ بتوانێ لە ڕێگەیەوە ئەو کارە ئەنجام بدات، هەروەک بە ئەرکی ڕۆماننووس و ڕۆمانیش دەزانرێ، کە ئەو ئەرکە لەئەستۆی خۆیان بگرن، (ئەکرەمی میهرداد) دەڵێت: "گێڕانەوەی ڕاستی و دیاردەکانی ژیان لەناو ڕۆماندا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە نەک تەنیا لە ئاستی هونەر و تەکنیکی ڕۆماننووسیندا وێناو دیدگاو سەرئەنجام مانای جیاوازمان بۆ بەرهەم دەهێنێ، بەڵکو دەتوانێ شێوازێک لە ژیان و گێڕانەوەی ژیانمان بۆ بنەخشێنێ(١٦)" دواجار ئاستەم نییە ئەگەر پێمان وابێ، لەوەی ڕۆمان خودی ژیانە، چونکە "ژیان ماددەو کەرەستەی ڕۆماننووسە، هەرچەندەش مێژوو نانووسێت، دەبێ کارامەو بەلەد بێت لە شاراوەکانی، وەلێ سەربردەو جۆری گوزەرانی ڕۆماننووس، پەیوەست نین بەسەرکەوتن و نوشوستی بەرهەمەکەیەوە(١٧)"، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوەش بزانین، کە "ڕۆمان دەقاودەق گواستنەوەی سەرانسەری ژیان نییە بۆ سەر کاغەز، بەڵکو هەڵبژاردنی شەریحەیەکی لێکدراو و خەستکراوی دیمەنە پەسەندەکانە(١٨)".

لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، لێکۆڵینەوەکانیش لەسەر ڕۆمان وەک ژانرێکی کاریگەری ئەدەبی، بەردەوام بوون، بۆیە دەبینین فۆرمالیستە ڕووسەکانیش بەتایبەتی بایەخیان بە دەرخستنی گرنگی ڕووداو لە ڕۆماندا داوە و لە دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی"ئەوان هاتن لەمیانی توێژینەوەکانیاندا ئەو شێوازانەیان دیاری کرد، کە ڕووداویان لەسەر بنیات نراوە و بە پشتبەستن بە یاسا زمانەوانییەکان دابەشکردنێکی زانستیانەیان بۆ ئەو شێوازانەی بنیاتی ڕووداو خستەڕوو(١٩)" ئەمەش ڕۆڵی زمانمان بۆ دەردەخات، لە چۆنێتی بنیاتنانی ڕووداودا لە دەقی ڕۆماندا، چونکە زمان خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانە لە سیستمی گێڕانەوەدا، بەواتای ئەوەی زمان لە کات، کردارەکانی کات، تاک و کۆ، بنیاتی ڕێزمانی، دانان و لادان لە سیستمی وشە پێکدێت"بەم پێیە وا دیارە کاری زمان لە ڕۆماندا بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی دیکەدا، زۆر سەرەکی تر بێ و پرۆسەی خودی ڕۆمانیش زیاتر لە ڕێگەی وەسفی هەمەلایەنەوەیە تا چڕبوونەوەی ڕەوانبێژییانە لەسەر لایەنێکی تایبەتی(٢٠)"، بەڵام ئەم شێوە مامەڵەکردنە لای فۆرمالیستە ڕووسەکان لەگەڵ زماندا، بەجۆرێک لە جۆرەکان بایەخی ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی ڕۆمان کەم دەکاتەوە، چونکە لە جوغزی سیستمێکی قاڵب بەستووی زمانەوانیدا تەنگی پێهەڵدەچنن، بۆ نموونە (ڤلادیمێر پرۆپ)، کە یەکێکە لە فۆرمالیستە ڕووسە ناودارەکان پێی وایە، کە "کەسێتی چیرۆک و تایبەتمەندییە دەروونییەکان چەند یەکەیەکی گۆڕاو و ناجێگیرن و بەشداری لە بەرهەمهێنانی بەهای وەزیفی دەقدا ناکەن. ناوبراو کردارەکانی بەلاوە گرنگترە، چونکە ئەگەر کەسێتییەکان بگۆڕدرێن ئەوە کردارەکان بە جێگیری دەمێننەوەو بەردەوام دەبن لە گەیاندنی ئەو ئامانجەی کە خۆی لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و قەرەبووکردنەوەی دەستپێڕاگەیشتنەکاندا دەبینێتەوە، لە ڕێگەی بەدوای یەکداهاتنی کردارەکی و حەتمییەتی ڕەگەزی ململانێکانەوە، کە زۆربەی جار بە ئەنجامی پۆزەتیڤ و گەیشتن بە کامەرانی و سەرکەوتن کۆتایی دێت(٢١)." بەهەمان شێوە "تۆدۆرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە لە بنیاتی دەقەکان دەکۆڵێتەوەو کردارەکانی نێو ڕستەکان، کە ڕەنگپێدەرەوەی ڕووداوەکانن و ئەو نەسەقانەی لەسەری بنیات نراون، دەکاتە بنەمای سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەی کە دەقەکەی لەپێناودا بەرهەمهێنراوەو لەو بارەیەوە دەڵێت: بەپێی سروشتی گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆکەکان، ئەو نەسەقانەی کردارەکانی نێو ڕستەکانی دەقێکیان لەسەر بنیاتنراوە، چەند شێوەیەک وەردەگرن(٢٢)" کەواتە دەبینین لای فۆرمالیستەکان ڕووداو بە زمانەوە پەیوەستە، زمانیش کردەی گێڕانەوەوە بەرهەم دەهێنێ، ئەمەش پێی دەوترێ (شێوازی گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕوانگەی بنیاتی زمانەوە)و بەو کەرەستانە پابەندە کە لە زماندا هەن هەروەک "بالی لەو ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی کردووەو لە تویێی کتێبێکدا بڵاوی کردۆتەوە بەناوی (کورتەیەک لە شێوازگەری)، کە باس لە دەربڕینی زمان دەکات، هەموو بیرێک بەلای (بالی)یەوە لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێ دەکرێتەوە(٢٣)". دەبینین دیسانەوە هەمان بۆچوونی

فۆرمالیستەکان، ئەگەر دەقاودەقیش نەبێ، ئەوە بەشێوەیەکی زۆر نزیک لە فۆرمالیستەکان، بەلای (بالی)یەوە، دووبارە دەبێتەوە.

وەک چۆن زمان لە ڕۆماندا لە زمان لە دەقە گێڕانەوەبەندییەکانی تردا جیاوازە و ئەوەش بووەتە هۆکاری جیاوازی لە شێواز و گێڕانەوەدا، بەهەمان شێوە ڕووداو لە ڕۆماندا لە ڕووداو لە ژانرەکانی تردا جیاوازە، ڕووداو لە ڕۆماندا "چینە کۆمەڵایەتییەکانی بە تەواوی جیاوازییەکانەوە وێنا کردووە، ئەمەش نزیکایەتی پتری بە ڕۆمان بەخشیوە لەواقیع و مەودای هەڵبژاردنی ڕووداوەکانی لە واقیع زیاتر کردووە. ڕۆماننووس دەتوانێ ژیانی پاشا، یان میرێک بکات بە ڕووداو و بابەتی ڕۆمانەکەی و لە هەمان کاتدا دەتوانێت ژیانی بەندەیەک، یان کرێکارێک، یان هەر کەسێکی دیکەی ناو کۆمەڵگەکەی بکات بە بابەتی ڕۆمانەکە و چەند ڕووداوێک لە ژیانی ئەو کەسانە هەڵبژێرێت و بەشێوازێکی ئەدەبی دایانبڕێژێتەوەو ڕۆمانێکیان لێ دروست بکات، هەروەها دەشێت ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکات کۆمەڵە ڕووداوێک بن، کە بەسەر کەسێکی مێژوویيدا هاتوون(٢٤)" بەڵام ئەوەی ڕووداوەکانی جوان دەکات و ڕەنگینتریان دەکات، خەیاڵی خودی ڕۆماننووسە، کە دێت و گرنگی بە لایەنە وردەکارییەکانی ژیان دەدات و زەقیان دەکاتەوە، ئەو لایەنە شاراوەو نهێنییانەی کە بە ئاسانی دەرناکەون و ئێمە (خوێنەر) هەستیان پێناکەین، هەتا ئەوەی لە ڕۆمانێکدا بەرکەڵک نەخرێن "ڕۆماننووس پەنا بۆ دەرخستنی ڕووداو و حاڵەتی لاوەکی کەسێتییەکان دەبات، ئەمەش لەپێناوی پێکەوە بەستنی بەشە جیاجیاکانی ڕۆمانەکەیدا(٢٥)"

ئەگەر ڕووداوی لاوەکی بۆ پێکەوەبەستنی بەشەجیاجیاکانی ڕۆمان بێت و ڕۆماننووس لەپاڵ ئەو سوودەدا لایەنی ئیستێتیکی دەقەکەی پێ دەربخات، ئەوە بێ گومان دەبێ ئەم ڕووداوە لاوەکیانە لە سیاقێکی گشتی تردا لە ڕێگەی زمانەوە بگێڕدرێنەوە، کە هەڵبەت دەبێ ئەو سیاقە گشتییەش تەنیاو تەنیا ڕووداوێکی سەرەکی بێت، واتە ئەو ڕووداوە گشتییەی کە تەوەرو بەشەکانی ڕۆمانەکەی لەدەور کۆبووەتەوەو بابەتی سەرەکی دەقەکە پێکدەهێنێت "ڕووداوی سەرەکی بنەڕەتی دەقە ئەدەبییەکەن و زۆر بەفراوانی و هەمەلایەنییەوە شاعیر، یان نووسەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و زۆرینەی زۆری تەکنیکەکانی ڕۆمان لەناو ئەو دەقانەدا پراکتیزە دەکرێن. هەرچی ڕووداوی پاشکۆیی، یان لاوەکین ئەوە نووسەر ئازادە لەوەی چۆن باسیان بکات و چەند درێژیان بکاتەوە. ئەرکی سەرەکی ئەو ڕووداوانە بەخشینی زانیاری زیاترە بە خوێنەر لەبارەی ڕووداوەکانی دیکە، لەگەڵ بەخشینی جۆرێک لە هەمەڕەنگی بە بابەتەکانی دەقەکەو فراوانکردنی ئەو دەقە(٢٦)" فەزای دەق لەبەردەم ڕۆماننووسی کارامەو لێهاتوودا والایە، ئەمەش وادەکات بتوانێ سوود لە چۆنێتی بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕووداو وەربگرێت.

دیارە مەبەستمان لە والایی فەزای دەق بۆ "فرەیی ڕەگەز و ئۆرگانە هونەرییەکان لە دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا دەگەڕێتەوە، کە ئەوەش وا لە ڕۆمان دەکات ببێتە یەکێک لەهەرە نەرمترین هونەرو ژانرە ئەدەبییەکان(٢٧)" ئەم خەسڵەتەش وا دەکات لەوەی ڕۆماننووس ئازاد بێت"چەند ڕووداوی سەرەکی لەناو ڕۆمانەکەیدا بەکاربێنێت، هەروەها ئازادیشە لەوەی ئاخۆ ئەو ڕووداوانەی بەکاریان دێنێ ڕووداوی واقیعیین، یان کۆمەڵێک ڕووداون، کە ڕۆماننووس خۆی دروستی کردوون(٢٨)".

ڕووداو لە ڕۆماندا وەک ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی جەستەی دەق، شێوازی بنیاتی تایبەت بەخۆی هەیە. ئامانج لە دیاریکردنی بنیاتی ڕووداویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆماننووس بتوانێ بە ڕێگاو شێوازێکی گونجاو بیروبۆچوونەکانی خۆی، بە خوێنەر بگەیەنێت، دیارە ئەمەش لەدوای هاتنەکایەی چەمکی بونیاتگەرییەوە سەری هەڵداوە، بەتایبەتی تریش "گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەکردن لەبارەی نەسەقی بنیاتی ڕووداو و دەقە چیرۆک ئامێزەکانی تر، لەگەڵ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستە ڕووسەکان دەرکەوت(٢٩)" ڕەنگە ئەو دیاریکردنەی (ڤیکتۆر شلۆفسکی) یەکێک بێت لە باشترین ئەو شێوازانەی بنیاتی ڕووداو لە ڕۆماندا. شکلۆفسکی پێی وایە، کە دەکرێت بە چەند ڕێگەیەک ڕەگەزی ڕووداو بنیات بنرێت، "ئەوانیش بریتین لە بنیاتەکانی: شوێنکەوتە، تێهەڵکێش، لەخۆگرتن، هاوسەنگی، بازنەیی، تێکەڵ(٣٠)" کە ئەم دووانەی دوایی زیاتر لە سەرکێشییەکانی چەتەکانی ڕێگاو چیرۆکەکانی تایبەت بە جادووگەرەکاندا بەکاردێن، بەڵام "(تزفتیان تۆدۆرۆڤ)

پێی وایە دەکرێت ئەم نەسەقانە لە سێ جۆری سەرەکیدا کۆبکرێنەوە، کە ئەوانیش: شوێنکەوتە، لەخۆگرتن و نۆرەیین(٣١)" دیارە دەکرێ هەندێ لەو نەسەقانە، بەهۆی رووی لێکچوونیانەوە، لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ بکرێن و بکرێن بە یەک، وەک ئەوەی لە نەسەقی لەخۆگرتن و بازنەییدا روو دەدات و نەسەقێکی نوێ دێننە کایەوە.

هەڵبەت وەک (شلۆفسکی) دانی پێداناوە "ئەو جیاوازییانە لە ئاستەکاندا لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکان بۆ بواری توێژینەوەش دەگونجێ، کە دەکرێ دابڕانی نێوان پرۆسەی پێکهاتە لەلایەک و رووداوە واقیعییەکان لەلایەکی دیکەوە بێت. بێ گومان سیستمی بەدوای یەکدا هاتنی ئاستەکان لە دەقدا، داوای پراکتیزەکردنی پڕاوپڕ و وەک خۆی لەگەڵ سیستمی شیکاری رەخنەییدا ناکات، کە پڕۆژە وێژەییەکە لەکۆیدا دەخاتە ژێر تێزی لێکۆڵینەوەو ئامانجی دەرخستنی پێوەندییە لەیەک هەڵپێکاوەکانیانەوە بە پشتبەستن بە ئامانجە وەرگێڕاوەکان لە زانیاری زماندا(٣٢)" بێ گومان لەپاڵ ئەو نەسەقانەدا، رۆماننووس دەتوانێ بۆ خستنەرووی رووداوەکان، سوود لە تەکنیکە جیاوازەکانی گێڕانەوەش وەربگرێ. ئێمە نموونەی رۆمانگەلی زۆرمان هەیە، کە بەشێوەکی بەرچاو سوود لە فلاشباک و نوستالیژیاو.. تاد وەرگیراوەو رووەیەکی ئیستێتیکی بە دەقەکە بەخشیوەو خوێنەریش چێژی ڕاستەقینەی لێوەردەگرێ.

(تۆدۆرۆف)یش ئاماژە بە جۆرەکانی ئەو نەسەقانە دەدات و دەڵێت: "یەکێک لەو نەسەقانە رێکخستنی کرۆنۆلۆجییە، کە تێیدا رووداوەکان لە زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکدا دێن، بەڵام بەپێی پێویستی و سروشتی چیرۆکەکە دەکرێت ئاراستەی بگۆڕدرێت. بۆ نموونە کاتێک رووداوێک ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی رووداوێکی نوێ بێت و بەدەر لەرێڕەوە سروشتییەکەی خۆی، یان لەهەمان کاتدا رووبەرووی زیاد لە واقیع و هەڵسوکەوتێک بووینەوە، کە چانسی فەرامۆشکردنیان نەبێت، پەنا ببەینە بەر نەسەقەکانی تر بۆ بەردەوامیدان بە چیرۆکەکەو گەیاندنی رێڕەوی رووداوەکان بەو ئەنجامەی ئەو دەقەی لەپێناودا بەرهەمهێنراوە. دەقە گێڕانەوەبەندییەکانی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەی کە لەپێناویدا خولقێنراون، بە پلەی یەکەم پشت بە رەگەزی رووداو دەبەستن، چونکە رووداوەکان ئەو کەرەستەیەن کە لەو دەقانەدا زۆرترین دەرکەوتەیان هەیەو بەهۆی ئەو نەسەقانەی لەسەری بنیانراون ئاراستەی ئەو پەیامە دیاری دەکەن کە دەقەکە ئامانجێتی(٣٣)."

ئەگەر بڕوانینە کتێبی (چێژی دەق) دەبینین لای (ڕۆلان بارت)یش، رووداو گرنگترین رەگەزی بنیاتی دەقی رۆمانە، ئەوەتا کاتێ وەسفی یاری (کەبا کەبابێن) دەکات، کە یارییەکە دەست لەسەر دەست دادەنێی و بە زەربە و لەناکاو لەپشتی دەستی کەسی لایەنی بەرانبەرت دەدەی، دەڵێ:"لە یاری کەباب کەبابێندا، هەژانی دەروونی یاری لەبەر خێرایی بەردەوام نییە، بەڵکو لەبەر جۆرێک سۆز و تامی ڕاوەستاوە، راوەستانی زمان و رووخاندنی زمان، ئەوکات کە هەر دەستێکی جیاواز لە بەرە دەستەکەی تر دەخزێ...(٣٤)" بەڵام نابێ ئەوە بشارینەوە، کە لەپاڵ گرنگیدانی (بارت)دا بە رووداو، وەک رەگەزێکی سەرەکی دەقی رۆمان، هاوکات گرنگی بە زمانیش داوەو دەڵێت:"کرداری رابردووی سادە بە بەردی بناغەی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێت و رۆڵەکانی بریتییە لە گۆڕینی کاتە جیاوازە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان بەسەربردن بۆ چەند رووداوێکی گۆکراو، کە بە ئەزموونێکی بوونگەرایی ئاراستە دەکرێن بەرەو پێوەندییەکی لۆژیکی لەگەڵ چەند رووداوێکی تردا، چونکە کرداری رابردووی سادە پرۆسەی گێڕانەوە بە لۆژیکی دەکات، لەمیانی بنیاتنانی چەند جیهان و گەردوون و ئەفسانەو مێژوویەکی دروستکراوەوە، هەروەها کرداری رابردووی سادە، کاتێک گوزارشتی لە رووداوێک پێدەکرێت، وا دەکات دیاردەکان راستەقینەو ئاشنا بەخوێنەر دەربکەون، ئەمەش بەڵگەی داهێنەرایەتی دەقەکەیە(٣٥)".

جەستەی دەقی رۆمان لە رووی پێکهاتنەوە لە بەشەکانی: دەسپێک، پەرەگرتن، لووتکە و کۆتایی پێکدێت، کە هەریەک لەوانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە (لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسیان لێوە دەکرێ)و هاوکات چەند رەگەزێکی سەرەکیش هەن، کە راستەوخۆ بەشداری لە بنیاتی ئەو پێکهاتەیەدا دەکەن، ئەو رەگەزانەش، لەپاڵ رەگەزی رووداودا، بریتین لە: (کەسایەتی، شوێن، کات)، کە هەموویان پێوەندیی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە "یەکێک لەو رەگەزانەی بەردەوام لە جەمسەرێکی پێوەندییەکاندا دووبارە دەبێتەوەو گرنگییەکی دیاری هەیە، رەگەزی رووداوە، کە هەرجارە لە فۆرم و روخسارێکدا خۆی دەنوێنێت، ئەمەش

وا دەكــات ڕووداوەكــان گــرنگیـــەكی زیاتریان لە نەســەقــەكــاندا هەبێت، تەنانەت هەندێک جـار ئەركی كۆنترۆڵكردنی ئەو پێوەندییانە بگرنە ئەستۆ(٣٦)" دیارە ئەمەش پێویستیـیەكی بنەڕەتییە بۆ ڕۆمان و سەرجەم دەقــە گــێــڕانەوەبەندییــەكــانی تری وەک چیــرۆک و كورتەچیرۆک و نۆڤلێت و..تاد، چونكە ئەو جۆرە دەقانە هونەرگەلێكن پشت بە گێڕانەوە دەبەستن بۆ باسكردنی ڕووداوەكـــان، پرۆســـەی گـــێـــڕانەوەش لەڕێگەی بەركەڵكخستنی دانەكانی زمانەوە گوزارشتی لێدەكرێت، بۆیە هاوكات دەتوانین ئەو دوو پێـویستـیـیە وەک دوو تایبەتمەندی هەمـوو دەقێكی ڕۆمان دابنێین، بەو پێیەی ئەم دوو تایبـەتمەندییــە كـاریگەرییـان لەسـەر كـۆڵەكـە بنچینەییەكانی ڕۆمان هەیە كە ئەویش " كۆڵەكەی سێ كـوچكەیی (ڕۆمـاننووس+ تێـڕوانین+ هێـمـا )یە(٣٧)" هەروەها كـاریگەریشیـان لەسەر تەكنیكە جیـاجیاكـانی دیكەی ڕۆمان هەیە، وەكو "نیگاركێشی، مۆسیقا و.. تاد، یان دۆزینەوەی شێوازی نوێی وەكو: تەوژمی هۆش، مـۆنۆلۆگ، مـۆنتـاژ، تداعی و فـلاش بـاک و..تاد، كـە دەبنە پێــوانەی جــوانســازییــەكــانی هونەری ڕۆمــانی نوێ.(٣٨)"

بۆ ئەوەی بەشێـوەكی باشـتـر لە شێـوازی پێـوەندی و كـارلێكی نێـوان ڕەگـەزەكـانی تری ڕۆمـان لە بنیـاتی ڕووداودا تێــبگەین، لێـرە بەدواوە بە كــورتی تیــشــک دەخەینە سەر: كەسێتی و ڕووداو، كات و ڕووداو، شوێن و ڕووداو..

## سێـیەم: ڕۆڵی ڕەگـەزەكانی تری ڕۆمـان لە پێكهـاتەی بنیاتی (ڕووداو)دا

### (١) كەسێتی و ڕووداو

پێش هەر شــتــێک بە پێــویســتی دەزانم ئەوە ڕوون بكەمــەوە، كـە زۆرجـار بە هەڵە لە بری (كـەسـێـتی) زاراوەی (پاڵەوان) بەكـار دەبرێت، كـە ئەمـەش هەڵەیە، چونكە پاڵەوان ئەو كارەكتەرەیە، كە لە حیكایەتەكاندا دەور دەبینێ. كـەسـێـتـیــیـەكـان بەپێی بوارەكــانی (فەلسەفی، سایكۆلۆژی، یاسایی بایۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و..تاد) جیـاوازییـان هەیەو لە چەندین گـۆشـەنیگای جیاوازی دیكەوە پێناسەیان بۆ دەكرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە كەسێتی هونەرییە، یان ئەوەی زۆرجار پێی دەوترێ كەسێتی خەیاڵی و لە ڕۆمانەكاندا پێیان ئاشنا دەبین. لەو بارەیەشـەوە دەتوانین بڵـێین كـەسـێـتی لە ڕۆمــاندا "ئەو كــەســەیە كــە ئەركی بزواندنی ڕووداوی لەســەرە، تـووشی تەنگوچوڵەمــەو ئازار و ئەشكەنجـەش دەبێـتەوە(٣٩)" كـەسێـتییـەكان لە ڕۆماندا ناتوانن لە دەرەوەی سیـستـمی زماندا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن"، بۆیە ئەو كــەســایـەتیـــیـە، هیچ بوونێكی لە دەرەوەی تێكستـەكەدا نییـە، بە واتا و مـانای دی، تێكستـەكە، بەســەر خــۆیدا داخــراوەو قــایل و هەم پابەندی یاســا تایبەتییەكانی ناو خۆیەتی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی كە بڵێین: كەسایەتی، زیندەوەرێكە لە وشە پێكهاتووەو ژیانیشی تەنیا لە ڕووی لاپەڕەكاندا بەسەر دەبات. لەبارتریشـە بڵـێین: بوونەوەرێكی داهێندراوی زمانی و ئەندێشەییە(٤٠)".

وەک چۆن هەمـوو شـتـێكی مـاددی، یان مـەعنەوی، گـیـاندار، یان بێ گـیـان.. لە بووندا بە هۆی ناوێكەوە دەناسرێتەوە، كەسێتییەكانیش ئاوا ناوێكی تایبەت بە خۆیان هەیە، جا "لەو لایەنەوە كە هەركەسێک لە ژیانی واقـیـعـیـدا ناوێكی تایبـەتی هەیە، ڕۆمـاننووسـانیش بەناونانی كارەكتەرەكان هەوڵ دەدەن بەتایبەتی نیشانیان بدەن، مەسەلەی شوناسی تاكێتی، لەڕووی لۆجیكییەوە، پێـوەندییـەكی نزیكی لەگەڵ شوێنی ئەپستـمۆلۆجی ناوە تایبــەتەكــان هەیە(٤١)" ناو بۆ چەســپــاندنی بوونی كەسێتی و ناساندنی لە ڕۆماندا پێویستییەكی حەتمییە، "هەرچەندە نووسەر هەیە تەنیا (پیت-حرف)ێكی بۆ ئەو كـەسـایەتیـیە بەكـار بردووە، بۆ نموونە: (ک) لە هەردوو ڕۆمـانی (دادگایی) و (شانەشین)ی فرانز كافكا(٤٢)" هەروەها دەكـرێ كـەسـایەتی ناو ڕۆمـانەكـان لە ڕێگەی (نازناوێک)ی دیاریكراوەوە بناسرێنەوە.

وەک وتمان كەسێـتییـەكان چەند ڕەگەزێكی خەیاڵی و ئەندێشـەكـراون، هەروەک "دەشكرێت لە واقـیــعــدا ببینرێنەوە، كە ڕووداوەكانی نێو دەقی ڕۆمان دەخوڵقێنن، یان شـوێنەواری ڕووداوەكانیـان دەكـەوێتە سـەر و تەنیـا ژمـــارەیەک بوونەوەری ســەر ڕووی لاپەڕەكـــانن، ئەو هۆكـارەش دەیانكاتە خاوەنی پێگەیەک لە بنیـاتی دەقی ڕۆمـــانداو گــرنگیـــان پێــدەبەخــشــێت كــردەوەو هەڵســوكــەوتەكــانیـــانە لە ڕووداوێک، یان زیاد لە ڕووداوێكدا، واتە كـەسێـتـیـیـەكـان بەو چالاكـیـانەی ئەنجــامـــیـــان دەدەن و بەو ڕووداوانەی وەک لایەنێک بەشـدارییـان تێـدا دەكـەن، دەبنە خـاوەنی پێگەیەک نەک

بەجــــــــاوازی لە تایبـــەتمەندی، یان ناو و پایەی کۆمەڵایەتییاندا(٤٣)".

کەسێتی داینەمۆی ڕووداوەکانەو بەردەوامێتییان پێدەبەخشێ، تەنانەت ئەگەر کەسێتییەک لە ڕۆماندا وەک (کۆمبارس)ی شانۆیی، یان (خەوتوو، مردوو، کوژراو..) ئامادەگی هەبێت، ئەوە دواجار ئەو کەسێتییە بەشداری لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا کردووە، بۆیە کەسێتی لە ڕۆماندا ڕۆڵی سەرەکی هەیەو "ئەگەر لە ڕووداو زیاتر نەبێت، ئەوە کەمتر نییە، چونکە بەشێکی زۆری کەسێتییەکان سەرچاوەی دروستبوونی ڕووداون، (٤٤)". ئەوەتا عەبدوڵلا سەراج لەبارەی گرنگی کەسێتی و پێوەندی بە ڕووداوەوە دەڵێت: "دەشێ بێژم کەسایەتی بەشێکە لە ڕووداو، یان هەر ڕووداوە(٤٥)".

بچووکترین جووڵە و بزاوتنی کەسێتییەکان دەبێتە ماک بۆ ڕووداوێک، بەو مانایەی پێوەندی نێوان ئەو دووانە، وەک "بکەر و فرمان لە ڕستەدا وان، مەرجی ڕستەی تەواویش ئەوەیە، کە دەبێ فرمان و بکەری تێدا بێ و بیرۆکەیەکی کامڵ دەربڕێ(٤٦)"هەر کەسێتیشە کار بۆ دروستکردنی گرێ و ئاڵۆزی و دواتر کردنەوەی گرێ و ئاڵۆزییەکە دەکات، کە ڕۆماننووس ئەو ئەرکە دەداتە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە، چونکە وەک چۆن بچووکترین جووڵە و بزاوتنی کەسێتییە ماکە بۆ ڕووداوێک، هەر ئاواش "خودی ڕووداوەکان سەرنجمان بۆ لای بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنیان ڕادەکێشن، ئەمەش چێژمان پێدەبەخشێت و هەر ڕووداوەکانیش هانی کەسێتییەکان دەدەن بۆ ئاڵۆزکردنی ڕەوتی خودی ڕووداوەکان(٤٧)"، هەروەها کەسێتی لە ڕۆماندا ڕۆڵی پێکەوەبەستن و بەرەوپێشبردنی ڕووداو و کات و گرێ دەددات، بۆیە هیچ یەکێک لەم ڕەگەزانە بەبێ بوونی کەسێتی نە ڕوو دەدات و نە بەرەوپێش دەڕوات.

"نووسەری ڕۆمان کەسێتییەکانی لە ژیانی ڕاستەقینەوە وەردەگرێت، بۆیە ناچارە وێنەو ڕووداوەکانی ژیانیان وەک خۆی، یان هیچ نەبێت نزیک لە خۆی نمایش بکاتەوە، هەر بۆیە تێبینی دەکەین کەسێتی لە دەقی ڕۆماندا، بەتایبەت لە ڕۆمانی نوێدا، وەک یەکەیەکی پەیوەست و لێکدانەبڕاو لە ڕەگەزی ڕووداو دەردەکەوێت، تەنیا لەبارێکدا نەبێت، کە ئەویش ڕاوەستانی جووڵە (گێڕانەوە)و باڵادەستبوونی جوانی، هەست و سۆزو..تاد، بە مەبەستی دەرخستنی جوانی، یان ناشیرینی بەرهەمهێنانی وێنەیەکی ئیستێتیکی لە دەقدا.(٤٨)"

"کەسایەتی هەم ئافریدەری ڕووداوی ژیانەو هەم هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکات، بۆ ئەوەی خۆی گەشە بکات و خوێنەریش لەتوێی ئەو کردەوەو سۆز و هەڵوێست و بنهەست و تێڕوانینەو ئاڵۆگۆڕکردنیان.. خوێنەرەکە بیناسێ. لە ئەنجامیشدا نەک دژی بووەستێ، یان گۆشەی بێ لایەنی بگرێ، بەڵکو پاڵپشتی ئەو بێت. ئەمەیە مەنتیقی ڕاستەقینەی زیندەگی و ژیان و تێگەیشتن لە هەراو هەنگامەکانی.(٤٩)"

**(٢) کات و ڕووداو**

کات کۆڵەکەی ڕۆمانە، کار لەسەر بە ئاکام گەیاندنی ڕووداوەکان دەکات، چونکە ڕووداو لە ڕۆماندا لە چەند یەکەیەکی کاتیی دیاریکراودا ڕوو دەدات، بۆیە دەتوانین بڵێین: کات بریتییە لەو مەودا کاتییەی کە ڕووداوەکانی ڕۆمانی تێدا ڕوو دەدەن(٥٠)" ئیتر ڕەنگە ڕۆژێک بێت، یان چەندین ساڵ، یان لە چەند کاتژمێرێکدا ڕووداوەکان ڕوو بدەن و کۆتاییان بێت. پێویستە ئەوەش بڵێین: کاتی ڕووداوەکانی ڕۆمان، جیاوازە لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمان و هەردوو ئەو کاتەش جیاوازن لە کاتی نووسینەوەی ڕۆمان، واتە ئەو کاتەی کە ڕۆماننووس دەقەکەی تێدا دەنووسێتەوە.

"ڕووداوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوو دەدەن، نووسەر بە پێی هزری خۆی لەناو کاتدا جووڵە دەکات، هیچ کاتێک ڕووداو بەبێ کات ڕوو نادات، جووڵەکردن و یاریکردن بە کات کارێکی ئیستێتیکییە(٥١)" بۆیە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە جووڵانەوە سیفەتێکی بەرچاوی کاتە، هەروەک چۆن جووڵانەوە سیفەتی تێپەڕبوونی ڕووداوەکانیشە.

کات جۆری زۆرە، وەک: کاتی سروشتی و کاتی فیزیکی و کاتی دەروونی، کە هەریەک لەو کاتانەش پێناسەو میتودی دیاریکردنیان جیاوازە، بەڵام "کات لە ڕۆماندا، بریتییە لەو کاتە ڕێژەییەی کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کەسێتییەکان لەئێستاو ڕابردوو و ئاییندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێکدەخات(٥٢)"

ئەوەی کە پێوەندی کات بە ڕووداوەوە تۆخ دەکاتەوە، بە گێڕانەوەوە پەیوەستە، چونکە شوێن لەنێو پرۆسەی

گێڕانەوەدا بە وەسفەوە گرێدراوەو ئۆرگانیزەبوونی (کات و شوێن)مان بۆ دەردەخات و لە ئەنجامدا ئەوەی لە دەقدا پێی دەوترێ (شوێنکات) دێتە کایەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوەیە کە "ناشێت هیچ شوێنێک بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان لە کات جیابێتەوە(٥٣)" هەروەک چۆن کات ناتوانێ خۆی لە جوولە دابڕێ و لێی جیابێتەوە، ئاواش "بەهۆی فاکتەری کاتەوە، پێوەندییەکی هۆکارییانە لەنێوان ڕووداوەکاندا دروست دەبێت و ئەم مەسەلەیەش پێکهاتەی ڕۆمان زۆر هۆمۆجین دەکات(٥٤)".

چەشنی پێوەندی نێوان کات و ڕووداو و گرنگییەکەی هەر ئەوە نییە، کە لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا ڕەگەزێک بێت، بەڵکو پرسەکە زیاد لەوە دەڕوات و "تەنانەت هەندێک ڕەخنەگر ڕۆمان بە هونەرێکی زەمانی پێناسە دەکەن و پێیان وایە ڕۆمان سەرنجمان بەلای زەمان و بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکاندا لەڕووی کاتەوە ڕادەکێشێت(٥٥)". بۆیە ئەمەش وا دەکات کە پێوەندییەکەیان لە ئاستێکی تردا خۆی ببینێتەوەو تەواو لە پێوەندی (کەسێتی و شوێن) بە ڕووداوەوە جیاواز بێت، بە مانای ئەوەی کات و ڕووداو ئاوێتەو تێهەڵکێشی یەکدی دەبن و "نە ڕووداو بێ لە خۆگرتنی کات دەخولقێنرێت و نە دەتوانرێت کاتیش لە ڕووداو داببڕدرێت، چونکە کردار خۆی لە ناوەڕۆکدا ئاماژەکانی کاتی لەخۆگرتووە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین سەرجەم کردارەکانی زمان وەک نموونە وەربگرین، کاتیش یەکەیەکی شاراوەیە لە هۆشداو ئەو هۆکارەی لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، ڕووداوە خولقاوەکانە، چونکە کات هەمیشە جوولە لە پێکهاتەیدایە، خودی جوولەیش جۆرێکە لە کردار.(٥٦)"

لە ڕۆماندا دوو تەکنیکی باو هەیە، کە ڕۆماننووس لە ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی کاتدا دەکات، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی پێناسەکانی هەر یەک لەو دوو تەکنیکەوە زیاتر پێوەندی ئاوێتەیی و تەواو ڕاستەوخۆی کاتمان لەگەڵ ڕەگەزی ڕووداودا بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) گەڕانەوە: واتە باسکردنی ڕووداوێکی پێشوو. چوونەوە بۆ لای ئەو ڕووداوەی کە دەکەوێتە پێش ئەو ساتەی (ئێمە/خوێنەر) تێیداین، یان گەڕانەوە بۆ تەواوکردن و باسکردنی ڕووداوێک، کە پێشتر ئاماژەی کورتی پێدراوە، یان هەڵدەرەوەی گۆشەی نادیاری ڕووداوە تێپەڕیوەکانی ناو ڕابردووی کەسایەتییەکان.

(٢) پێشکەوتن: هەروەک (جیرا جنێت) دەڵێت: "پێشکەوتن جوولەیەکی گێڕانەوەیە، ڕووداوێکی دواتر دەگێڕێتەوە. چۆن پرۆسەی گەڕانەوە هەبوو هاوکات پرۆسەی پێشکەوتنیشمان هەیە، ئەگەر پرۆسەی پێشکەوتن و گەڕانەوەمان نەبێت، ئەوە زۆر لە کەسێتی و ڕووداوەکان لە ڕۆماندا بەتەواوی ناناسرێن(٥٧).

### (٣) شوێن و ڕووداو

شوێن ئەو پانتاییەیە، کە تێیدا ڕووداوەکانی لەکاتێکی دیاریکراوی زەمەنیدا ڕوو دەدەن و لەلایەن کەسێتییەکانەوە پەرە دەستێنن و بەرەوپێشەوە دەبرێن. واتە دەکرێ بڵێین: شوێن کۆکەرەوەی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانەو ماک و بەڵگەی هەبوونی ماتریاڵەکانی ناو ئەم جیهانەیە و هاوکات خەسڵەت و سیفەتێکی دیاری نوێبوونەوەو نوێکردنەوەشە.

"ڕەگەزی کات لە میانەی گێڕانەوەوە دەست پێدەکات، لەکاتێکدا ڕەگەزی شوێن لەمیانەی وەسفکردنەوە دەست پێدەکات، چونکە وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بە درێژەی وەسفی کەسەکان دادەنرێت.(٥٨)" ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ڕەگەزی شوێن زیاتر ڕەگەزێکی وەسفییەو لە پێوەندیدایە بە ڕووداوەوە، بەو پێیەی کە ڕووداوەکان پێویستیان بە گێڕانەوە هەیەو گێڕانەوەش کردەیەکە لە چوارچێوەی سیستمێکی زمانیدا فەراهەم دەبێت، بۆیە"ئەگەر کات کۆڵەکەی بینای ڕۆمان بێت، ئەوە شوێن کاریتەی ئەو بینا مکومەی ڕۆمانە. شوێن کار لە ڕەوتی ڕۆمانەکە دەکاو لە ڕەفتار و سلوک و هەڵوێستی کەسایەتییەکاندا بەدەردەکەوێ.(٥٩)" بەڵام هەندێ ڕاوبۆچوون هەیە، کە پێیان وایە بەهۆی ئەوەی شوێن لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا، زیاتر ڕەگەزێکی وەسفییەو توانای جوولەی نییە، بۆیە بەراورد بە ڕەگەزەکانی تر، کەمترین بەشداری لە پێکهاتەکەی ڕۆماندا دەکات، هەڵبەت ئەگەر ئەو بۆچوونە سەد دەر سەدیش تەواو بێت، ئەوە شتێکی ئەوتۆ لە گرنگی و بایەخی شوێن کەم ناکاتەوە، چونکە "دەکرێت جوولە بە ڕەگەزی شوێن ببەخشرێت وەک چۆن جوولە بە ڕەگەزەکانی تری کەسێتی و کات دەبەخشرێت، بۆ ئەمەش هۆیەکانی گەیاندنی وەک ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر و کەشتی و فڕۆکەو.. تاد" لەئارادایە(٦٠)"و ڕۆماننووس

به ئاسانی دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێ و بەهۆیانەوە جووڵە بە شوێن ببەخشێت.

ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، کە شوێن کەمترین بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا هەیە، بەهۆی نەبزاوتنییەوە، ئەوە دەبێ ئێمەش بڕوا بەوە بکەین لەوەی ئەو ڕەگەزە دەوری باکگراوەند دەگێڕێت، بەڵام لە ڕاستیدا "شوێن بۆ ڕۆمان هەرگیز پشتەکی (Background) وەستاو و دیکۆر و ئارایشت نییە، بەڵکو هەڵگری دەلالەتێکی مرۆڤایەتییە، کە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. تاد، دەردەخات. لە ئەنجامیشدا کار لە ڕەفتار و سلوک و هەڵوێستمان دەکات(٦١).

ململانێی کەسێتییەکانی ناو دەقی ڕۆمانێک لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، چ لەسەر ئاستی خودێتی خۆیان بێت، یان لەگەڵ کەسانی تری دەوروبەریاندا بێت، ئەوە بێ گومان ئەو ململانێیانە لە شوێنێکدا ڕوو دەدەن، کە بۆی هەیە ژووری هۆتێلێک، یان سوپەرمارکێتێک، یان پێدەچێ لەسەر لوتکەی چیای ئەڤەرێست بێت، کەواتە هیچ ڕووداوێک نییە لە بۆشاییدا ڕووبدات، تەنانەت ئەگەر دەمەقاڵێیەکی کورتیش بێت لەنێوان دوو ئەستێرەگەڕی سەر بە دەزگای جیهانی (ناسا)و لە بۆشایی گەردووندا، کە دەڵێین بۆشایی گەردوون بیرتان نەچێت، کە هەردوو ئەستێرەگەڕەکە دواجار بوو لەنێو مانگێکی دەستکردداو ئەویش بۆخۆی شوێنە "بۆیە ناکرێت شوێن بە یەکجاری لە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکە دابڕدرێت، وەک چۆن ئەوانی تریش ناتوانن بەپێی ئەم بنیاتی هونەرییە دەقەکە تەواو بکەن و بەردەوام بن لە گەیاندنی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ڕۆمانێک(٦٢)".

لە پێوەندی نێوان ڕەگەزی شوێن و ڕووداودا، بەشداری ڕاستەوخۆی شوێن لە خوڵقاندنی ڕووداودا نابینین، بەڵام "دەشێت ببێتە یەکەیەک، کە کاریگەری لەسەر سروشتی ڕووداوەکان هەبێت و لەهەندێ بارودۆخدا بەدەر لەوەی شوێن شانۆیەک بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت و ببێتە یەکێک لە کەسێتییە سەرەکییەکان، یان گوزارشتکەر لەباری دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسێتییەکان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی لەڕووی پێکەوە(٦٣)." بە واتای ئەوەی شوێن بەشدارییەکی ناڕاستەوخۆی لە چۆنێتی ئاراستەکردنی ڕووداوەکاندا هەیە.

شوێن ئەو پاڵنەرە هەمیشەییەیە، کە وا لە کەسێتییەکان دەکات لە کاتە جیاوازەکاندا، هەڵوێست و ڕەفتاری جیاوازیان هەبێت، چونکە شوێن بە گۆڕانی کات گۆڕانی بەسەردا دێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ پێناسە زانستییەکەی شوێن کە بریتییە لە "هەرگیز ماددە ناتوانێت لە دەرەوەی شوێن بوونی هەبێت، ئەمە پێناسەی شوێنە، کە شێوەی بوونی ماددەیە، هەرچی شتێک لە جیهاندا ڕوو دەدات لە چوارچێوەی کاتدایە، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لە بوونی ماددە. بەم پێناسە زانستییە دەگەینە ئەوەی کە شوێن و کات پێوەندییەکی لەپسان نەهاتوویان پێکەوە هەیە، مەحاڵە لێک جیابکرێنەوە. شوێن بێ کات بوونی نییە، لەهەمان کاتدا کاتیش بێ شوێن نەبووە (٦٤)".

لەپاڵ ئەوەدا کە "شوێن لە ڕۆماندا گرێدەری کەسایەتییەکانە بە ڕووداوەکانەوە. بە واتایەکی دی: ئەو کەسایەتییە، چوارچێوەی شوێنەکان بۆ دەردانی گۆشەنیگا، یان ڕووداوەکان دەبڕێ، هەربۆیە دەبێ شوێن لەسەرانسەری ڕۆمانەکەدا بەشداربێت و کاریگەری خۆی هەبێت، دەنا هیچ پێویست بە وەسفکردنی ناکات. شوێن بەشێکی گرنگی پانتایی و ڕەهەندی ڕۆمانەکەیە(٦٥)، بۆیە ڕۆماننووس دەتوانێت بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکە جیاوازەکانی نووسین، وا لە ڕەگەزی شوێن بکات، کە سنووری ئەو ئەرکە تەقلیدییەی خۆی تێپەڕێنێت، لەوە بە تەنیا هەر پانتاییەک بێت بۆ تێدا کەوتنەوە و ڕوودانی ڕووداوەکان، بەمانای ئەوەی شوێن "بگۆڕێت بۆ یەکەیەک، کە کار لەسەرجەمی بنیاتی ڕۆمان بکات، بەڵام لە هەندێک باری دیکەدا دەشێت پێوەندی نێوان ڕەگەزی شوێن و ڕووداو گۆڕانی بەسەردا بێت و لە دەقێکدا ڕۆڵی ڕەگەزی شوێن لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا لاواز بکرێت و وەک یەکەیەکی کۆنکرێتی/فیزیکی، یان ژینگەیەکی سروشتی بوونی نەمێنێت، بەوەی ڕووداوەکان لە جیهانێکدا ڕوو بدەن، کە ئاراستەکانی (درێژی، پانی، بەرزی) نەبێت و یەکەیەکی ئەبستراکت بێت(٦٦)"، "بەڵام چەندێک ڕووداو لە دەقی ڕۆماندا درێژ ببێتەوەو بەردەوامی هەبێ، ئەوەندەش ڕەگەزی شوێن هاوکات لەگەڵ کاتدا ئامادەگی خۆی دەپارێزێ.

واقیعیبوون، یان خەیاڵیبوونی شوێن لە ڕۆماندا، پابەندە بەو بیرەی کە ڕۆماننووس لە دەقی ڕۆمانەکەیدا تەوزیفی دەکات، واتە وەک چۆن بۆی هەیە ڕووداو، یان

کەسێتی واقیعی، یان خەیاڵی لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیف بکات، بەهەمان شێوەش بۆی هەیە شوێنێکی واقیعی، یان "شوێنێک بۆ چیرۆکەکەی دروست بکات، کە نەتوانرێت دەست لەسەر بوونی ڕاستەقینەی لەواقیعدا دابنرێت، بەڵکو تەنیا بوونی لە مێشکدا هەبێ و نهێنی و ڕاز و نیاز و بیرەوەری و تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەو هەڵوێستی بەرانبەریان و جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا دیاری بکات(٦٧)، هەموو ئەم حاڵەتانە ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە، کە بەبێ ڕەگەزی شوێن ناکرێ دەقێکی کامڵی ڕۆمان بخوێنینەوە، ئەگەرچی ئێمە نابێ ئەوەمان بیر بچێ، کە شتێک نییە ناوی دەقی کامڵ بێت، چونکە کامڵبوون خۆی لە خۆیدا مانای گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سفر و خاڵی دەسپێک، لەکاتێکدا ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە، کە هەمیشە لە گەڕانێکی بەردەوام و بێ وچاندا بێت بەدوای نهێنییەکانداو ئەمەش حاڵەتێکە کامڵبوونی بۆ نییە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**(١) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٩.**

**(٢) هونەری شیعر (شیعرناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣.**

**(٣) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣.**

**(٤) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٣.**

**(٥) ڕۆمانێک لە گفتوگۆدا، ئەنوەر حسێن، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥٥.**

**(٦) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٥٩.**

**(٧) الادب (تعريفه، انواعه، مذاهبه)، الدكتور انطونيوس بطرس، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، ٢٠٠٥، ص٥٥.**

**(٨) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، هەرێم عوسمان، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٤)، سێپتێمبەری ٢٠٠٩، ل١٢.**

**(٩) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٥٤.**

**(١٠) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، عەبدوڵلا سەڕاج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٥.**

**(١١) بناء الرواية، ادوين موير، ترجمة: ابراهيم الصيرفي، مراجعة: الدكتور عبدالقادر القط، المؤسسة المصرية للتأليف والانباء والنشر، الدار المصرية للتأليف والترجمة، بدون تأريخ الطبع، ص١٢.**

**(١٢) هەمان سەرچاوە، ل١٢.**

**(١٣) ستێتیکای گێڕانەوە، ڕامان لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و جیهانی، ئارام سدیق، زنجیرە کتێبی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣٤.**

**(١٤) هونەری شیعر (شیعرناسی)، ئەرستۆ، ل٢٩.**

**(١٥) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل١٨.**

**(١٦) ڕۆمانێک لە گفتوگۆدا، ل١٠٨.**

**(١٧) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٢٣.**

**(١٨) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.**

**(١٩) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢١.**

**(٢٠) تیوری ڕۆمان، کۆمەڵێک نووسەر، و: محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٦.**

**(٢١) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢١.**

**(٢٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٣.**

**(٢٣) شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم ڕەشید ساڵح، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٥٤.**

**(٢٤) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی-دا، ل١٥٩.**

**(٢٥) الوحدة في الرواية اليمنية "البناء الروائي للحدث التأريخي"، صادق السلمي، www.anaween.net**

**(٢٦) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-**

دا، ل١٥٣.

(٢٧) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د.شجاع مسلم العاني، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٤، ص٦٩.

(٢٨) بنیاتی گێرانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٥٨.

(٢٩) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص١١.

(٣٠) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢٢.

(٣١) البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص١١.

(٣٢) بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، ئەحلام منصور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠٢-١٠٣.

(٣٣) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢٣-٢٤.

(٣٤) چێژی دەق، ڕۆلان بارت، و:ئیسماعیل زارعی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٢.

(٣٥) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢٥.

(٣٦) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٣٤.

(٣٧) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٤.

(٣٨) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٤.

(٣٩) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، هەرێم عوسمان، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٤٤) سێپتێمبەری ٢٠٠٩، ل١٨.

(٤٠) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٦-٤٧.

(٤١) تیوری ڕۆمان، ل٢٣.

(٤٢) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٥.

(٤٣) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٣٧.

(٤٤) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، ل١٧.

(٤٥) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٥.

(٤٦) چیرۆک و تایبەتمەندییەکانی، ڕست هیلز، و: سەلاح عومەر، زنجیرە کتێبی گیرفان ژمارە (١٠)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣.

(٤٧) بناء الرواية، ص١٥.

(٤٨) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٣٩.

(٤٩) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٦.

(٥٠) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، ل٢١.

(٥١) هەمان سەرچاوە، ل٢١.

(٥٢) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٤.

(٥٣) چەمک و ئیستێتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٢.

(٥٤) تیوری ڕۆمان، ل٣٠.

(٥٥) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٤.

(٥٦) هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

(٥٧) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، ل٢٢-٢٣.

(٥٨) چەمک و ئیستێتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل١٩.

* لە دەقە وەرگێڕاوەکەدا (جێ) لەبری زاراوەی (شوێن) بەکارهاتووە، بەڵام زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان، زیاتر (شوێن)یان بۆ (مکان) بەکارهێناوە، هەروەک لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا زاراوەی (شوێن) بەکارهاتووە، بۆیە ئەو دەستکارییەم بە پێویستم زانی.

(٥٩) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٤٩.

(٦٠) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٠.

(٦١) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٩-٥٠.

(٦٢) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، ل٢٥.

(٦٣) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤١.

(٦٤) چەمک و ئیستێتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل٢٢-٢٣.

(٦٥) بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٥٠.

(٦٦) بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٤٢.

(٦٧) تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەللاحدا، ل٢٥.

* تێبینی: ئەم بابەتە بەشێکی تیورییە لە لێکۆڵینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)، بە ناوونیشانی (بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی خوسرەو جاف و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت - قبل أن يحلق الباشق)ی عەبدولخالیق ڕکابی-دا)، کە بە سەرپەرشتی (دکتۆر ئیبراهیم عەبدولڕەحمان جاف)، لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، ئامادەکراوە.

# سیمۆن دوبۆڤوار لەئاوێنەی ڕۆمانەکانیدا

**مێری ئیوانز**
**لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی**
**(مهاباد)**

**(١ - ٢)**

سیمۆن دوبۆڤوار لە ڕیزی یەکەم بەرەی ژنانی چینی مامناوەندیی ئەورووپا دایە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەریان هەڵدا و بۆ فێربوون هیچ لەمپەرێکیان لە سەر ڕێ نەبوو، لە نموونەی دیکەی ژنی ئەم بەرەیە دەتوانین ئاماژە بە هانا ئارێنت و مارگارێن مید بکەین. ئەم ژنە پێشڕەوانە کەسانێکی بەئاگا بوون کە باوەڕیان بە کێشەی ژن نەبوو و خۆیان بە ژن نا، بەڵکو بە مرۆڤ دادەنا. دەیان ساڵ تێپەڕ بوو تا ئەم ژنە پێشڕەوانە بۆیان دەرکەوت کە بە هۆی ژن بوونیان بوار و دەرفەتەکانیان بەرتەسک کراوەتەوە. کاتێ سیمۆن دوبۆڤوار لە ساڵی ١٩٣٧دا یەکەم کتێبی بۆ چاپ کردن ناردە بنکەی چاپی گالیمار لە پاریس، بەرپرسەکەی بۆی نووسی کە کتێبەکەی بۆ چاپ ناکا، چونکە ناوەرۆکی کتێبەکە بۆ ژنێکی نووسەر گونجاو نییە، دوبۆڤوار وردەوردە بۆی دەرکەوت کە دنیای خۆی و سەرلەبەری دنیا، پیاوانەیە. بەدواداچوونی ئەو پرسیارە کە بۆچی وەهایە، بوو بە هۆی چاپی کتێبی ڕەگەزی دووەم لە ساڵی ١٩٤٩ کە بە یەکێک لە گرینگترین بەرهەمە فێمینیستییەکانی سەدەی بیستەم لە قەڵەم دەدرێ.

دوبۆڤوار دواتر گوتی: هەنووکە دەزانم کە ئەگەر بمەوێ خۆم پێناسە بکەم، یەکەم شتێکی کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە من ژنم. ئەو لە کتێبەکەیدا نیشانی دا کە ڕۆیشتنی ژنان لە پەراوێزی ئەم دنیایەی تەواو پیاوانەیە و هاتنیان بۆ ناوەندی (دنیا) ڕێگەیەکە یەکجار پڕ لە کۆسپ و دوورودرێژ.

دوبۆڤوار لە ڕەگەزی دووەمدا ئەمەی دەرخست کە لە گۆڕەپانی ژیاندا کەس ژن بە بەڕێوەبەر و بناس دانانێ، بەڵکو بە هۆی ژن بوونیان گەیشتوونەتە وەها ئاستێکی نزم کە تەنیا وەک کەرەستە و بابەتی ناسین سەیر دەکرێن.

ژنان بە بێ سەرنجدان بە ڕادەی پەروەردە بوون و چینی کۆمەڵایەتی، یان ڕەنگی پێست هەمیشە ژنن، هەر وەک چۆن هەموو پیاوێک لە پلەی یەکەمدا پیاوە. پیاوان یاسا دادەڕێژن، ژنان دەبێ پابەندی یاسا بن، پیاوان نۆرمەکان دەست نیشان دەکەن، ژنان لەگەڵ نۆرمەکان جیاوازییان هەیە. پیاو ڕەسەنە، ژن ئەوی ترە. دوبۆڤوار، فەیلەسووف، ئەدیب، ڕەخنەگر و لە هەمووان زیاتر ڕۆماننووسێکی گەورەیە. لە سەردەمی گەنجیدا ڕووی کردە ئەدەبیات و سەرەڕای ئەوەی ژیانی پڕ کێشە و لێوالێو لە بیر و ئەندێشە و ڕەنگاوڕەنگی و بەسەرهات بوو، بەڵام تا کۆتایی تەمەنی، ئەدەبیات بوو بە هەوێنی سەرەکی ژیانی. خۆی دەڵێ نووسین بەلایەوە زیاتر لە



**سیمۆن دوبۆڤوار**

هەمـــوو کـــار و ئەزمـــوونێکی دیکە شـــادی بۆ بەدیاری هێناوە.

ڕۆمـانەکـانی دوبۆڤـوار پرسی جۆراوجـۆری سیـاسی، کۆمەڵایەتی، فیکری، فەلسەفی و ئەخلاقی وەخۆ دەگرێ، بەڵام زیندووترین و لەبیـرنەکراوترین بەشی ڕۆمـانەکـانی ئەو لەو ژنانە دەکـــۆڵێـــتـــەوە کـــە بە ڕەنج و ئازارەوە تێکەڵاوی ئەشق بوون. دوبۆڤـــوار لە کـــتـــێـــبی بیـرەوەرییـەکـاندا کە لە چوار بەرگ و لە نێـوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٢دا بڵاوکـــراوەتەوە زۆر وردەکـــاری لە ژیانی خۆی وەکو ژن درکاندووە.

سیـمۆن دوبۆڤـوار خۆی دەڵێ کە ئامـانجی سـەرەکی لە نووسینی بیرەوەرییەکاندا ناسینی جۆری ژنانە بوونیەتی. ئەلبـێـر مـێـمی  کە یەکـێکە لە ڕەخنەگرانی بەناوبـانگی بەرهەمەکانی دوبۆڤوار لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:

(کـتـێـبی) بیـرەوەرییـەکـان لە پەنای ڕەگـەزی دووەم: چیرۆکی سەفـەرێکی تاکی دەگێڕێتەوە، سەفـەری ژنێک بەرەو ڕزگاریی ڕاستەقینە و ئەمە وای کرد بەرهەمەکەی ببێتە یەکێک لە گرینگترین پرۆژە فێمینیستییەکان.

گـرینگی ئەم کـتـێـبـە لەوەدا نیـیـە کـە مـۆدێلێـک بۆ بەدواداچوون، یان ڕێچـارەیەک بۆ کـێـشـــەی ژن بـوون ئاراسـتـە دەکـات، بەڵکو گـرینگیـیـەکەی لەوە دایە کـە نموونەیەکی ســـەرکـــەوتوو دەخـــاتە بەردەست. نموونەی کچێک کـە لە تەنگژەی ژنانە بـوون و ئەوی تر بوون ڕای کرد، ئەفراندنی هەڵبژارد و ڕزگار بوو.

بە قسـەی دوبۆڤوار ڕۆمـانی (میـوان) تاڕادەیەکی زۆر لە ژیاننامـە دەچێ و لەوێدا ئیـرەیی بردن بە کـچـێک کـە وەکـو منداڵی خـۆی قـبـووڵی کـردووە و تا گـەیشتن بە کۆتاییەکی تاڵ، زەق دەکاتەوە.

(مـاندارنەکـان) لە هەمـان کـاتدا کـە پڕە لە بابەتی کـۆمـەڵایەتی و هزری، چیـرۆکی ژنێک دەگـێـڕێتـەوە کـە ئەشق دەبێـتـە هۆی لەناوچوونی. وێنە جـوانەکـان باسی گەندەڵی سەرمـایەداری و چۆنیەتی ڕوانگەی وێرانکەر و سووکایەتی پێکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ژن دەکات، هەروەها لە ناهومـێـدی ژنێک وەک دایکێکی گـەنج و جوان و سـەرکەوتوو دەدوێ کـە لە ناکاو پێدەزانێ ژیانی بێـهـوودە و بێ بەهرەی هەیە و هەمـوو پێوەندییـەکـانی لە ئاسـتـێکی تەسکدایە. لە کـۆتاییـدا ژنی دۆڕاو چیـرۆکی تاڵی ژنێکە کە مێردەکەی بەجێی دێڵێ، ئەگەرچی ڕۆمان و ئەزموونە تایبەتەکانی دوبۆڤوار زۆر لێک دەچن، بەڵام ناتوانین چیرۆکەکانی بە ڕاپۆرتی ئەزموونە تایبەتییەکانی دابنێین.

دوبۆڤـوار لە چیـرۆکـەکـانیـشـیـدا وەک بەرهەمـەکـانی دیکەی هەوڵ دەدات ڕای خـۆی سـەبارەت بە کـێـشـــە بنەڕەتییـــە فـەلســەفـیـیـەکـان دەربـبـڕێ. لە ئەزمـوونە مرۆڤایەتی و تایبەتییەکان کەڵک وەردەگرێ تا لە سەر کێشە ئەخلاقییەکان بدوێ. دوبۆڤوار بە کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیـــات و بەتایبـــەت لە ڕۆمـــان، چۆنیـــەتی سـەرهەڵدانی کـێـشـەکـان و شـێـوازی چارەسـەرکـردنیـان دەخاتە ڕوو.

تاقـمـێک لە ڕەخنەگران دوبۆڤوار بەمە تاوانبـار دەکەن کە نووسراوەکانی لە ڕادەبەدەر شەخسین، بەڵام مارگارێت ڤـاڵـتـێـرز پێی وانیـیـە، بەڵکو بەپێـچـەوانەوە پێی وایە دوبۆڤـوار لە بەرهەمـەکـانیـدا بە تەواوی خـۆی ئاشکرا ناکـات، سـەبارەت بە سـەردەمی منداڵی و ڕەگـەزی خـۆی ڕاشکاوانە نادوێ، لە بارەی شێـتی، خەون و هەرچەشنە توندڕەوییـــەک بێ دەنگ دەبێ. دوبۆڤـــوار لە دوایین ساڵەکـانی تەمـەنی لە وتووێژێکدا لەوە بەداخ بوو کـە لە سەر هەندێ کێشە بە ڕادەی پێویست ڕاشکاوانە نەدواوە.

دوبۆڤـــوار پێی وایە ژنـان بـۆ ئەوەی بە ئازادی بگـەن، دەبێ خاوەنی ئیش بن، لە کۆتوبەندی ژیانی نـاو بنەمـاڵە دوور بکەونەوە. بەم چەشنە دوبۆڤـــوار بە داهاتووی ئەو ژنە سی و چەند ســاڵـەیە کـە سێ منداڵی هەیە و پلەی

خوێندنی لە خوارەوەیە، یان ئەو کچە گەنجەی کە بێجگە لە ئیش کردن لە کارخانە و زەماوەندکردن ناتوانێ هیچی تر بکا هیوابڕاو دەبێ و ڕێچارەیەکیش ئاراستە ناکات. نووسینەکانی دوبۆڤوار لە سەر کێشەی ژنان زۆر بەبایەخن، بەڵام وێدەچێ سەرنج نەداتە ئەو ژنانەی لە باری بارودۆخ و ڕوحییەوە تێک دەڕووخێن. لە ڕۆمانەکانیدا کاتێ لەبارەی ژن و مێرد و دایکانەوە دەنووسێ، شێوازی ساردی ڕاپۆرتێکی پزیشکی زاڵ دەبێ، بەڵام بە بڕوای ڤاڵتێرز کورتە ڕۆمانی (مەرگی ئارام) کاریگەرترین و بەهەستترین چیرۆکی دوبۆڤوارە، چونکە لەو ڕۆمانەدا دوبۆڤوار لەگەڵ هەستی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە ناتوانێ لێکدانەوەیەکی مەنتیقییان لە سەر بکات. واتە ئەشقێکی بێ هیوا و ناسینێک کە بەهۆیەوە جارێکی تر سەردەمی منداڵی دەدۆزێتەوە و مەرگی خۆی دەبینێ. دوبۆڤوار لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا نارەزایەتی خۆی لە بەرانبەر ئەو ڕەخنەگرانە دەربڕیوە کە بەردەوام جەختیان خستۆتە سەر پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز کە لە بەرهەمەکانیدا هەیە و لایەنەکانی تر و بەتایبەت کێشەی فەلسەفی و سیاسی نێو ڕۆمانەکانی وەبەرچاو نەگیراون. ئەم نارەزایەتییە جێی سەرنجە، چونکە شاهیدی هەڵوێستی دژ بە ژنی کۆمەڵگەی پیاوسالارییە و تەنانەت فەیلەسووفێکی گەورەی وەک سیمۆن دوبۆڤوار کە ساڵانێکی زۆر مامۆستای فەلسەفە بووە بە شیاوی ئەوە نازانێ لە سەر گرفتە فەلسەفی و سیاسییەکان بدوێ.

وێنەی دوبۆڤوار فەیلەسووفی ئێگزیستانسیالیست بەردەوام لە ژێر نسێی ژان پۆل سارتردا بزر دەبێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە تەنانەت تاقمێک پێیان وایە کە دوبۆڤوار قوتابی سارتر نییە، بەڵکو داهێنەری ئێگزیستانسیالیزمی فەرەنسییە و سارتر قەرزداری بێ ئەمەگی ئەم بیرۆکەیەیە. سەبارەت بە ڕاست و درۆی ئەم بانگەشەیە نادوێین کە دوبۆڤوار بۆخۆشی هیچ کات ئاماژەی پێ نەکردووە. دوبۆڤوار هەمیشە و ڕاشکاوانە سارتری بە خاوەنی زەینێکی داهێنەر قبووڵ دەکرد و لە بەراورد لەگەڵ خۆی لە ئاستێکی زۆر بەرزتری دادەنا. بەشێک لە فێمینیستەکانی سەردەم لەم بابەتەشەوە ڕەخنەیان لێ گرتووە، بەڵام باسکردنی ئەم کێشانە نیشاندەری ئەوپەڕی گرینگی دوبۆڤوارە. دوبۆڤوار لە ڕۆمانەکانیدا زۆربەی ئەندێشە فەلسەفی و ئێگزیستانسیالیستییەکانی ڕوون کردۆتەوە، بۆ وێنە ڕوانگەی ئەو بۆ مەرگ:

لە ڕاستیدا پرسی تەوەریی گشت چیرۆکەکانی دوبۆڤوار کە هەڵگری کەڵکەڵەی سیاسی، میتافیزیکی و جوانیناسانەی ئەوە نیشاندەری دژوازی مەرگە. ژیان دوو هەقیقەتی سەرەکییە کە دەبێ هاوکات لەگەڵی ڕووبەڕوو بینەوە و بێجگە لە ئەم دووانە، هیچ هەڵبژاردنێکی تر نییە: شادمان لە بوون و ترس لە مەرگ.

دوبۆڤوار لە هەموو بەرهەمەکانیدا ڕای خۆی لە سەر ئازادی دەردەبڕی، بە بڕوای ئەو ئازادی بارودۆخێکە کە مرۆڤ خۆی پێکی دێنێ. لەوانەیە مرۆڤەکان لە بارودۆخێکی دژوار و بەرتەسکدا بژین، بەڵام هەمیشە دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە نێوان ئازادی و کۆیلەبووندا یەکیان هەڵبژێرن. ڕۆمانەکانی میوان و خوێنی دیتران پەیامی تاکخوازییەکی بێ سنوور دەگەیەنێ. فەزای ناو ڕۆمانی خوێنی دیتران فەزای سەردەمی پاریسی داگیرکراوە و دەچێتە ڕیزی ڕۆمانی خۆڕاگرییەوە، بەڵام کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە وەکو تاک لە بڕیاردانی ئەخلاقی زۆر بەتوانان. لەو دوو ڕۆمانەدا زۆربەی کەموکورتییەکانی ئێگزیستانسیالیزم وەک سیستمێکی مۆرالی خۆ دەنوێن. لە ڕاستیدا قەیرانێک کە پێکهاتەی حەزی تاکە بۆ ئازادی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مافی خەڵکان، هەوێنی سەرەکی سێ ڕۆمانی ئێگزیستانسیالیستی دوبۆڤوارە، واتە میوان، خوێنی دیتران و هەموو دەمرن.

کتێبی هەموو دەمرن بانگەوازی دوبۆڤوارە بۆ بەڵێنی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی ئەوەی کە مرۆڤ وەک تاک تەنیا کاتێ ئازادە کە ئامادە بێ بۆ مافەکانی ئەوانی دیکە خەبات بکات، بەڵام دوبۆڤوار لە خوێنی دیتراندا باسی گرفتەکانی ئەو بەڵێنە دەکات. بۆ وێنە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بۆ ئەوانی تر جاری وایە دەبێتە هۆی هەڕەشە، یان لەناوچوونی ژیانی ئەو خەڵکانەی بۆ پاراستنی مافەکانیان تێدەکۆشن. دوبۆڤوار ئەگەرچی لە ماوەی ژیانیدا کۆمەڵگەی سەرمایەداری پەسند نەکرد، بەڵام هیچ کات لە بزووتنەوەی چەپدا بە پێگەیەکی سیاسی نەگەیشت.

ئان ویت مارس لە کتێبەکەی خۆیدا وەبیرمان دێنێتەوە

کـه دوبۆڤـوار تەنیـا لە ڕوانگەی ئەخـلاقـیـیـەوە و بە سەرنجدانێکی تایبەت بە ئازادی سیاسەت دێنینە ئاراوە.

دوبۆڤـوار ئەو کـاتەی سـەرکـوت پێناسـە دەکـات و زۆر سەرنج ناداتە بارودۆخی ماددی و سەرەڕای ئەوەی هەست بە هاوخـەمـیـیـەکی یەکجار زۆر لەگەڵ چینە چەوساوەکان دەکـات، بەڵام لە بەرهەمـەکـانیـدا ئەمـە نیـشـان نادا کـە زۆربەی مـرۆڤـەکـان دەرفـەتی هەڵبـژاردنی شـێـوازێکی تایبەت لە بوونیان نییە.

وەها ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە ڕاسـپـاردەکـانی بۆ ژنانیشدا دەبیندرێ، لە ڕەگەزی دووەمدا ژنان ڕادەسپێرێ خۆیان چارەنووسیان دیاری بکەن، بەڵام ڕوون نییە ئەو ژنەی لە بارودۆخێکی سەرکوتکراودا گەشەی کردووە، چۆن دەتوانێ چارەنووسی خـۆی دیاری بکات، قـەت بە تێـروتەسـەلی لە سـەر چالاکی و نووسـراوە سـیـاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوبۆڤوار قسە نەکراوە. ئەم ڕاستییە تارادەیەک لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوبۆڤوار لە چاخی خـۆیدا نەچۆتە نێـو ڕێکخـراوە و دامـەزراوە سـیـاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە بەرهەمەکانیشیدا زۆر بە کەمی شـوێن پێی ئەم کـۆبوونەوە و ناوەند و ڕێکخـراوە سیاسییانە دەبیندرێ.

سـەرەڕای ئەوەی ئەو یەکـێکە لە بەناوبانگتـرینی ئەو کـەسـانەی لە بەرانبـەر شـەڕی ئەلجـەزاییـردا نارەزایەتی دەربڕی و لە دامـەزرێنەرانی گـۆڤـاری ( Les Temps Modernes ئەم گـۆڤـارە گۆڤـارێکی سـیـاسی و خـاوەن ڕێبازێکی دژ بە داگیـرکەریی – سوسـیـالیسـتی و دژ بە گـۆلیسـتـیـیـە ) بووە، بەڵام لە نووسراوەکـانیـدا ژیانی بە کردەوەی سیـاسی نابیندرێ. بیروباوەڕە سیـاسییـەکەی بوێرانە و پێـشـەنگانەیە، ئەمـەش بەرهەمی ئەزمـوونی پراکتیکی نێـو ڕێکخراوە سیـاسیـیەکان نییە. خـوێنی دیتـران کـە لە سـەردەمی شـەڕی دووەمی جیـهـانیـدا نووسراوە لە یەکەم ڕۆمانەکانی خۆڕاگرییە و لە کتێبی ماندارنەکاندا بارودۆخی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری فەرەنسە بە وردبینی و لێـهـاتوویـیـەکی یەکـجار زۆرەوە خـراوەتە ڕوو. هەمـوو دەمرن ڕۆمـانێکە سـەبارەت بە شـازادەیەکی ئیتاڵی کە بە ژیانێکی تاهەتایی مەحکووم کراوە و ئەوە نیشـان دەدات کە تەنیا مەرگە بایەخ بە ژیان دەبەخشێ. دوبۆڤـوار بە ئەرکی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی خـۆی لە نووسـیندا دەزانی، لەوانەیە ئەو بەشـە لە نووسـراوەکـانی دوبۆڤوار کە باسی ئەندێشە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات پێشـوازی کەمی لێکرابێ، بەڵام کتێبی ڕەگەزی دووەم و بەرهەمـەکـانی دیکەی دوبۆڤـوار کە سـەبارەت بە پێـوەندییـەکـانی نێـوان دوو ڕەگـەزە سـەرنجی هەمـووانی ڕاکێشاوە و هەر ئەمەش بۆ هەرمانی دوبۆڤوار بەسە.

دوبۆڤوار لە ڕەگەزی دووەم و هەروەها لە نووسراوەکانی دیکەیدا ژنێکە کـە لە سـەر ژنان دەنووسێ، ئەوەش لە حـاڵێکدایە کە پیـاوان ئەم ژنەیان پەروەردە کـردووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان ژیاوە. دەکرێ نێوی ژیانی سەڵت بوون لە سەر ژیانی تایبەتی دوبۆڤوار دابنێین، بە بڕوای زۆربەی ڕەخنەگرانی فێمینیزم ئەم لایەنەی ژیانی دوبۆڤوار زۆر گرینگە و نیشـانی دەدات چۆن فـێمـینیـزمی ئەم ژنە لێهاتوو و نوخبەیە نموونە بەهاکانی پیاوسالارانەی پێوە دیـارە و ئـەمـــــەش دواتـر بـووە هۆی ئـەوەی لـە لایـەن لایەنگرانییەوە بکەوێتە بەر شک و گومانەوە و حاشای لێبکرێ.

لە ڕاسـتیـدا دوبۆڤـوار ژنانی ڕاسپارد ئاکار و بەهای پیـاوانە فێـر بن و بەکاری بێنن. دوبۆڤوار توێژینەوەکانی خـۆی لە سـەر بنەمـای بەها و دەسـتـووری بنەڕەتیـیـەکـانی ئیگزیسـتـانسیـالیـستی دامـەزراند. ئەم باوەڕە کـە دەبێ ژنان دژ بە ژێردەسـتی خـۆیان خـەبات بکەن و لە دنیـای گـشـتی پیـاواندا پێگەیەکی سەربەخـۆیان هەبێ لە لایەن سیمۆنەوە پەرە پێدرا. بەم جۆرە دوبۆڤوار ژێردەست بوونی ژنان وەک ڕاستـەقینەیەک قبوولّ دەکات و پێی وابوو کە خـەبات کـردن بە دژی ئەم ژێردەست بوونە، ڕەتکردنەوەی ژنانە بوونی سـوننەتی و لە هەمـان کـاتدا قبـووڵکردنی بایەخ و ئەندێشـەکـانی پیـاوانەیە. تاقـمێک لە سـەر ئەو باوەڕەن ڕۆمـانەکـانی دوبۆڤوار بە سـانایی ئەمـە نیـشـان دەدەن کە نووسەر فەرەنسی، سۆسیالیست و فەیلەسووفە، بەڵام بەڵگەی زۆر کەم بەدەستەوەیە کە نیشانی بدات ئەم بەرهەمانە نووسینی ژنێک، یان فێمینیستێکە و ئەگەر ئەو ڕەگــەزی دووەمی نەنووســیــبــایە هیـچ کــات بە شوناسێکی فێمینیستی نەدەگەیشت.

* * *

مێری ئیوانز لە کتێبەکەیدا بە نێوی سیمۆن دوبۆڤـوار مـاندارنی فێـمینیست بەشێکی لە ژێر ناوی ڕۆمانەکان: پیاوان و ژنانی بۆ ڕاڤەی پێوەندییەکانی نێوان پیاووژنی نێـو چیـرۆکەکانی دوبۆڤوار تەرخان کردووە و لە خوارەوە

وەرگێڕاوی کورتەیەک لەم بابەتە ئاراستە دەکەین:

دوبۆڤوار لە ڕەگەزی دووەمدا سۆز و دڵەڕاوکێی کچە گەنجەکان نیشان دەدات کە چاوەڕوانی نزیکایەتی لەگەڵ پیاوانن. بە بڕوای دوبۆڤوار هەستی کچە گەنجەکان ئاوێتەیەکە لە هیواوترس، لە لایەکەوە ئەو بوارە بەرفراوانەمان بۆ ڕەخساوە کە پیاوان دەیدەنە ژنان، هەروەها گۆڕەپانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە ژنان بە پشتگیری پیاوانەوە دەتوانن بچنە ناویەوە و لە لایەکەی ترەوە ئەو نرخەی کە دەبێ بۆ پێوەندی لەگەڵ پیاوان بیدەن: ستەمی ناو ماڵ، دووگیانی، پەروەردەکردنی منداڵ و هەوڵدانێکی تاقەتپرووکێن بە قەد درێژایی ژیانی ناو ماڵ.

ڕەگەزی دووەم وێنەیەکی جوان لەو کەسانە بەدەستەوە نادات کە دەتوانن دەرکەیەک لە سەر دنیا بکەنەوە و دواتریش دەرکەکە دادەخەن بۆ ئەوەی ژن بۆ هەمیشە لە پشت ئەو دەرکە داخراوەدا بمێنێتەوە. پیاو خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە دوبۆڤوار ئەم تایبەتمەندییە وەک حەز و مەیلێکی سەرەتایی بۆ زاڵ بوون بە سەر ئەوانی دیکەدا ناوی دەبات و پێی وایە پیاو لە دوو هەزار ساڵی ڕابردووەوە ئەم حەز و مەیلەی بە لێشاو نیشان داوە. پیاو کە لە زۆر ڕووەوە کەمتەرخەم و بێ بەزەییە بە کەسێک ناسراوە کە بێ هەست و عاتیفەیە و تەنیا خۆی دەبینێ و هەڵسوکەوتی توندوتیژ لەگەڵ ژن دەکات. دوبۆڤوار ئەو سیستەمە بە ئەخلاقی دوولایەنە ناودێر دەکات کە لە لایەن پیاوەوە دەیەوێ ژن کۆنترۆڵ بکات. پیاو هاوکات لە گەڵ ئەوەی ژن بەرەو خیانەت کردن، لەباربردنی منداڵ، ئەخلاقی خراپ و هەڵوێستی نابەجێ هان دەدا، تووشی یاسای توندوتیژی دژ بە تەڵاق، لەبار بردنی منداڵ، یان سەربەخۆیی لە باری ئابووری دەبێتەوە. بەم پێیە پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز بریتییە لە دیالیکتیکی نێوان دەسەڵاتی پیاو و بێ هەڵوێستی ژن. ئەم چەشنە پێوەندییە پیاو هان دەدا وەک دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت بکات و ژن بەرەو بێ هەڵوێستی و درۆ کردن دەبات؟ هیچ کام لەو دوو ڕەگەزە توانایی دەربڕینی ویستی ڕاستەقینەی خۆی نییە و هەردوو لا هەمیشە دەکەونە بەر مەترسی ئەخلاقی دوژمنکارانە لە بەرانبەر یەکتریدا. دوبۆڤوار لە کاتێ توێژینەوە لە پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز ژن ڕادەسپێرێ تایبەتمەندییەکانی پیاو ڕەچاو بکات و ئەمەش لە بیروڕای دوبۆڤواردا دژوازییە. دوبۆڤوار ژن بانگهێشت دەکات تا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەقڵ، سەربەخۆیی و لەبەرچاوگرتنی هەست و سۆز – واتە ئەو کەرەستانەی کە پیاو بۆ سەرکوتکردنی ژنان کەڵکی لێوەردەگرێ – لە ژێردەستی و کۆیلە بوون خۆ ڕزگار بکات.

بە ڕای دوبۆڤوار پیاوکەرەستە و دەرفەت و توانایی پێویستی لە بەر دەستدا بووە بۆ ئەوەی گەشە بە مەعریفەی خۆی بدا (پیاو تووشی چارەنووسی ژن نەبووە کە پێویستی بە خەڵکانی دیکە بێ) و دنیای دەورووبەری بناسێ و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی و تاکی بخولقێنێ. بە بڕوای دوبۆڤوار ژن بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم چەشنە چالاکییانە دەبێ لە ژیاندا سەربەخۆ بێ و لەو پێوەندییانە کە کردەوە و چالاکی کۆمەڵایەتییەکەی بەرتەسک دەکاتەوە خۆ بپارێزێ، ئەگەرچی بابەتی سەرەکی کتێبی ڕەگەزی دووەم ناساندن و شی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوبۆڤوار سەبارەت بەم پێوەندییانە لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا دەبیندرێ. دوبۆڤوار بەم شێوەیەی لە چوارچێوەی چیرۆکدا توانیویەتی بەشێک لە مێژوو و ئاڵۆزی پێوەندییە عاتیفییەکانی ژن و پیاو بخاتە ڕوو، لە ڕەگەزی دووەمدا نەیتوانیوە، چونکە نموونەکانی ئەم کتێبە (ڕەگەزی دووەم) بۆ داڕشتنی تیورەکەی بەکار دەهێنرا. بەم حاڵە ئاشکرایە کە ڕۆمانەکانیش بەرهەمی قەڵەمی نووسەری کتێبی ڕەگەزی دووەمە، چونکە هەموو کات جەخت ناخاتە سەر دابەشکردنی ئەو دوو بایەخەی نێوان پیاو و ژن و بەکارهێنانی مەعریفە بە تەنیا ڕێگەی چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان دوو ڕەگەز دادەنێ. لە ڕۆمانەکانیشدا دەبینین ژن ناچارە لە دەست کەموکوڕییە بیۆلۆژیکییەکانی ڕابکات. ئەگەر لێکدانەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی دوبۆڤوار بخەینە نێو چوارچێوەیەکی گشتی، لە یەکەم ڕۆمانی درێژییەوە تا ژنی دۆڕاو نموونەیەکی گشتی دەخرێتە ڕوو. بەم چەشنە کە ژن گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نایە. (لە ڕۆمانە جۆراوجۆرەکاندا بەشێک لە کەسایەتییە ژنەکان بە ناوی دیکەوە ئامادەن)، ئەوە لە حاڵێکدایە پەسندکردن و سەرنجڕاکێشی پیاوان بەڕادەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

پی ییێر لە میـواندا پیـاوێکە خـاوەن کـەسـایەتییـەکی ئالۆز و لە بابەت ئەخلاقییەوە ناسک، کەچی مۆریس لە دۆڕاودا کەسایەتییەکەی زۆر بە سەختی لە هاوژینێکی خیانەتکار و لەخۆبایی دەترازێ.

بە دوورکـەوتنەوەی پیـاو لە کـێـشـەی ئەخـلاقی و عـاتیـفی، پێوەندییـەکـانی نێـوان ژن و پیـاویش خـراپتـر دەبێت. پێوەندی نێوان فرانسواز و پی ییێر لە میوان (ئان و لوویی لە مـاندارەکـان)دا پێـوەندییـەکی ڕۆمـانتـیـک نیـیـە، بەڵام سـەرەڕای ئەمـە یەکـدەسـتی و سـەرنجی دوولایەنەی تێدایە و ئەمەش لە دۆڕاودا نابینین.

بەرهەمـە ئەدەبیـیـەکـانی دوبۆڤـوار دەگـەڕێتـەوە ئەو سـەردەمـەی ژن لە ڕۆژئاوای ئەوروپا کـە بەڕادەیەکی بەرچاو لە ڕزگاری گەیشتووە و تیوری ژنانە سەبارەت بە جەندەر، سوننەتە باوەکانی تووشی مەترسی کردووە، هەر بۆیە جـۆری ڕوانینی ئەو وەک نووسـەرێکی وردبین و کـارامـە بۆ ئەم گـۆڕانکاریـیـانە زۆر سەرنجڕاکـێشـە. بە بڕوای ئەو، ئەو گـۆڕانکاریـیـانە بۆ ژنان زیاتر شکست بووە تا سـەرکـەوتن و بە مـانـای خـراپتـر بوونی هەمەلایەنەی پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەز بووە.

بەرهەمەکانی دوبۆڤوار بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێ:

ڕۆمانە ئیگزیستانسیالیستییەکان (میـوان، خوێنی دیتران، هەموو دەمرن).

ڕۆمانە کۆمەڵایەتییەکان (ماندارەکان).

ئەو ڕۆمـانانەی باسی دامـاوی و بێ سـەروبەریی ئەخلاقی دەکەن (کۆمەڵە چیرۆکی دۆڕاو و ڕۆمانی وێنە جوانەکان)ن.

لەم سێ قۆناغەدا شێوەی جۆراوجۆری پێوەندییـەکانی نێوان دوو ڕەگەز و وێنەی هەمەڕەنگ لە ژن و پیاو بەدی دەکـرێ. لە قـۆناغی یەکـەم، واتە لە ڕۆمـانـە ئیگزیستانسیالیستەکاندا، دوبۆڤوار کۆمەڵێک پێوەندی عاتیفی گەرموگوڕ و گرینگتر لە هەمووان هاوکاری وێنا دەکـات: پیـاو و ژن بە هۆی هاوبەش بوون لە حـەز و بەهاکاندا لێک نزیک دەبنەوە. وەک پی ییێر و فـرانسـواز لە مـیـوان و ژان و هێلێن لە خـوێنی دیتـراندا کـە پێـوەندییـەکـەیان لە سەر بنەمـای ئامـانجی سیـاسی و ڕووناکـبـیـرانەی هاوبەش و هاودەنگی دوولایەنەیە لەبارەی ڕێبازی ژیان و باوەڕە ئەخلاقییەکان. ئەم لایەنە هاوبەشـانە، پێـوەندی نێـوان ئەم دووانە (ژن و پیـاو) و دنیای دەوروبەر، هەروەها پێوەندی دەروونییان جێبەجێ دەکات.

دوبۆڤـوار جـارێک گـوتوویەتی خـۆی و سـارتر یەک مۆریان بە نێوچاوانەوەیە، ئەم تایبەتمەندییە بە تەواوی لە تایبـەتمەندییـەکانی پێوەندی نێوان فرانسواز و پی ییێر، هەروەها ژان و هـێلێن دەچێت. چەشـنێ ڕێککەوتنی شاراوەیە دژ بە دنیا: ڕێککەوتنی نێوان دوو مرۆڤ هەر بەو جـۆرەی کـە بە تەوەری ژیانی هاوبەشی دەزانن، بوونەتە یەک.

دوبۆڤـوار ئەم هاوژینانە کـە ئەرکی ئەخـلاقیـیـان لە بەرانبـەر یەکـتردا هەیە، بەرەورووی کۆمـەڵێک پێوەندی عـاتیفی دەکاتەوە. لە دۆڕاودا ئەم بابەتە دەبێتـە بابەتی سەرەکی:

پێـوەندییـەک کـە تێـیدا ژن لە باری عـاتیـفـیـیـەوە بە تەواوی دەروەسـتی پیـاوە و وەک تاک ناتوانێ لە هیچ بابەتێکدا خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ بێ.

ئەم نموونانە لە هەمـوو ڕۆمـانـەکـانی دوبۆڤـواردا دەبیندرێ. لە مـیـواندا ئێلیـزابێت دوای ئەوەی دەبینێ دەستی مـێردەکەی بۆ چرکـەیەک لە سەر شـانی ژنێکی دیکەیە، هەستی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

لە کـۆتایی هۆڵی بینەراندا، بۆ چرکـەیەک ڕاوەسـتـا، کلۆد یارمەتی سوزانی دا تا باڵتەکەی داکەنێ، پاشان لە لای دانیشت، سوزان داهاتەوە و دەستی لە سەر باسکی دانا. ژانێکی مـەرگ هێنەر ئێلیـزابێـتی داگـرت. بە ناچاری بیری لە شەوێکی مانگی دیسەمبەر کردەوە کە بە دڵخۆشییەکی تەواوەوە بە شەقامەکاندا دەڕۆیی، چونکە کلۆد پێی گوتبوو: تۆ ئەو ژنەی کە خۆشم دەوێی....

ئێلیـزابێـتیش وەک هەمـوو ژنانی ناو بەرهەمـەکـانی دیکەی دوبۆڤـوار لە ئیـرەیی بردن و ڕەنج کـێـشـان کـە بەرهەمی خیانەتی مێردەکەیەتی و ئیتر تایبەت بە خۆی نییە، ئازار دەبینێ.

چیرۆکەکانی دوبۆڤوار لەم قۆناغەدا نیشانەی گشت ئەو گرفتـانەی پێوە دیارە کـە لە پێوەندییـەکـانی نێـوان دوو ڕەگەزدا هەیە و لە بەرهەمـەکانی دواتردا کـەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە.

جێی خۆیەتی سـەرنج بدرێتە تایبـەتمەندییـەکی دیکەی ڕۆمـانەکـانی دوبۆڤـوار کـە هەر لە یەکـەمین ڕۆمـانییـەوە دەبیندرێ و ئەویش بریتییە لە ڕای دوبۆڤوار سەبارەت بە

سرووشت و لایەنەکانی مەیلی جنسی ژنانە و پیاوانە. دوبۆڤوار لە ڕەگەزی دووەمدا باسی ئەوە دەکات کە مەیلی جنسی پیاوانە لە چاو مەیلی جنسی ژنانە کێشەی زۆر کەمترە. هەر ئەمە لە ڕۆمانەکانیدا شێوازی چیرۆکی بە خۆیەوە دەگرێ و ئەو مۆدێلێکی جنسییەتی دووپات دەکاتەوە، واتە ژن دەروەستی ئەو پیاوەیە کە لە گەڵی پێوەندی جنسی هەبووە و ناتوانێ حاشای لێ بکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پیاو حەز دەکات پێوەندی جنسی بە کەم بەها، یان لانی کەم دەیەوێ لە چاو ژن ئەم پێوەندییە بە گرنگ دانەنێ.

ئەم نموونەیە دووپات کردنەوەی ئایدیۆلۆژی پەسندکراوی ڕۆژئاوایە، بە پێی ئەم ئایدیۆلۆژیایە نیازی جنسی پیاو سرووشتییە کە دەبێ دەری ببڕێ، لە حاڵێکدا نیازی جنسی ژن زۆر جار پەیوەستە بە نیازەکانی دیکەیەوە و زیاتر لە پیاو تێکەڵاوی هەست و سۆز دەبێ. بە پێی ئایدیۆلۆژیی نیازی جنسی پیاو (بە چەشنێ کە مێری مەکینتاش باسی کردووە) خیانەتە زوو تێپەڕەکانی پیاو و نیاز بە سۆزانی و ...تاد نابێ بە نائەخلاقی دابنرێ، بەڵکو نیشانەی بوونی ئەو دنیایەیە کە تێیدا چاوەڕوانی لە کوڕ دەکرێ کە پیاو بێ. پیاوی ناو ڕۆمانەکانی دوبۆڤوار بەدەگمەن هەڵدەکەوێ لە باری ئەخلاقییەوە سووک بێ، بەڵام بە هۆی پێوەندییەکانی دیکەیەوە زەبری ڕوحی قورس لە هاوژینەکە دەدات. دوبۆڤوار لە ڕۆمانەکانیدا بەرە بەرە لایەنی عاتیفی پێوەندییە جنسییەکان کەم دەکاتەوە.

ئەگەر لە ڕۆمانە سەرەتاییەکانی دوبۆڤواردا پێوەندی نێوان ژن و پیاو پێوەندییەکی دوولایەنەیە و تێیدا ژن و پیاو لە باری عاتیفی و جنسییەوە چالاک و بەرپرسن لە ماندارنەکاندا چەشنێ بەهای دوولایەنە لە نێوان دوو جۆرە پێوەندیدا خۆی دەنوێنێ: لە لایەکەوە ئەو پێوەندییانەی کە ژن و پیاو تێیدا خاوەنی کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی، یان سیاسی هاوبەشن بێ ئەوەی لە باری عاتیفی و جنسییەوە چالاک بن و لە لایەکی ترەوە ئەو پێوەندییانەی لە سەر بنەمای هەڵسوکەوتی جنسی و ڕاکێشرانی عاتیفییە، دروست وەکو وێناکردنی دوبۆڤوار بۆ ژنان کە لە ماندارنەکاندا هاتووە:

به ئەشقەوە ژیان، واتە مردن بە هۆی ئەشقەوە

دوبۆڤوار لە ڕۆمانەکانیدا ئەمە شی دەکاتەوە کە مرۆڤ دەتوانێ لە بواری ڕووناکبیریدا چالاک بێ، تێگەیشتنێکی بیرمەندانەی مەزن و نزیکایەتی عاتیفی بە خەڵکانی بێ، بەڵام وێدەچێ دەیەوێ بڵێ هەر کە کێشەی جنسی بێتە گۆڕێ، گشت ئەم تایبەتمەندییە مەزنانە لە پڕ بزر دەبن. هیچ کام لەم پێوەندییانەی لە ماندارنەکاندا باسیان دەکرێ بەختەوەرانە پاراو نین و نرخێکی کە بۆ ئەم پێوەندییانە بە شێوەی شۆڕشێکی عاتیفی، ڕۆژە بەتاڵەکانی تەنیایی و چارەڕەشی و بێهوودەیی دەدرێت، زۆر گرانە.

سەرەڕای وەسفی ئەو گرفتە زۆرانەی لە پێوەندییەکانی ناو ڕۆمانەکەدایە، ئەگەری خۆشەویستی دوولایەنەی نێوان دوو ڕەگەز ڕەت ناکرێتەوە، بەڵام دوبۆڤوار لە دوایین ڕۆمان و کۆی کورتە چیرۆکەکانیدا باسی ئەم بوارانە ناکات و تەنیا سەبارەت بەم پێوەندییانە دەدوێ کە لە سەر بنەمای چەوساندنەوە و فریودانی دوولایەنەن، هەروەها باری دەروونی ئەو ژنانەی بەهۆی خۆشویستنی پیاوێک دەشڵەژێن لە سێ کورتە چیرۆکی کۆی ژنی تێکشکاودا دێنە بەرباس و لە چیرۆکی دۆڕاودا بە بەربڵاوترین و زیندووترین شێوە وەسف دەکرێ. لە دوایین بەرهەمەکانی دوبۆڤواردا بێجگە لە ڕەشبینی و چاوەڕوانی کردنی ئاکامی نێگەتیڤی پێوەندی عاتیفی نێوان دوو ڕەگەز گۆڕانکارییەکی تریش لەم بەرهەمانەدا دەبیندرێ. فەزای چیرۆکەکان ئیتر فەزای ڕۆشنبیرانی لیبراڵ نییە، بەڵکو کەسایەتییەکان لە نێو بەڕێوەبەران و پسپۆڕاندا هەڵبژێردراون، پیشەیان لە بەراورد لەگەڵ کەسایەتی ڕۆمانەکانی سەرەتایی، بە تەواوی جیاوازە و لەو پێوەرە بایەخییانەی ڕۆمانەکانی سەرەتای جیا دەکاتەوە.

# دێڤید هیوم

# فەلسەفەی ئەگەری ڕێبازی هۆیەکی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**پێشەکی**

دێڤید هیوم لە ١٧ی نیسانی ساڵی ١٧١١ز لە ئەدینبەرە لە دایک بووە. ڕابەرێکە لە ڕابەرانی ڕێبازی فەلسەفەی ئەزموونی. بە پەرەپێدانی بابەتی تیوری زانین و ڕەخنەکردنی بنەمای هۆیەکی و پێوەندی هۆکار و ئەنجام و چەمکی جەوهەر بەناوبانگە. لەو باوەڕەدابووە، پشت ئەستوور بە ئەنجامە زانستییەکانی کۆششی نیوتن، پێوەندییەکی توندوتۆڵ و دەستیاوی لەنێوان زانستی مرۆڤایەتی و سروشتی مرۆڤدا هەیە، بۆیە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە بە پەیڕەوکردنی ڕێباز (میتۆدەی) ئەزموونی، کە لە زانستە سروشتییەکاندا بەکاردەهێنرێ، لە سروشتی مرۆڤ بکۆڵرێتەوە و توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت، پەردە لەسەر بنەمای هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتی لادەدرێ و بە دەردەکەوێ.

لە تیوری زانیندا، ئەو پرۆسەیەی لەلای لۆک دەستی پێ کردووە و بارکلی شتی خستۆتە سەر، هیوم گەیاندوویەتییە دوا قۆناغی پەرەسەندنی و سوور بووە لەسەر ئەوەی کە پشت ئەستوور بە شارەزایی و ئەزموون، هەموو بۆچوونەکانی مرۆڤ (ئایدیاکان) لە هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن و شتێک لە مێشکدا نابێ ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا نەهاتبێ. هیچ بۆچوونێک زگماک و پێشیانە apriorie نییە. ئیمانۆییل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان لە شاکاری (پرۆلێگومینا)دا گوتوویەتی:

«من بە ڕاشکاوی پێی لێدەنێم کە ئاگادارکردنەوەکەی دێڤید هیوم بوو چەندین ساڵ پێشتر کە بۆ یەکەم جار لە خەوی غەفڵەت- دۆگماتی- بە ئاگای هێناومەوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانمی لە کایەی فەلسەفەی تیوریدا بە تەواوەتی بە ئاراستەیەکی دیکەدا برد» (١)



هیوم

کـانت لەو بڕیارە گـرنگە فـەلسـەفـەییـەدا ئامـاژە بەو جیهاندیدە فەلسەفەییەی هیوم دەکات کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەزموونیدا ڕەنگی ڕشتووە بە تایبەتی: ئەو هێرشە سەرکەوتووانەی کـردوویەتییـە سـەر بنەمـایەکی میـتافیـزیک بنەمـای پێـوەندی هۆکـار و ئەنجام کـە بە بنەمای هۆیەکی ناسراوە. هیوم لەو هەڵوێستەیدا کە هەر نەبێ مـۆمـێکی هەڵکردووە و کـەسـانی تر لە تاریکی جیهانی میتافیزیکدا هەنگاویان بەرەو ڕووی هاویشتووە لە سەدەی بیستەمدا هەنگاوەکان گەیشتنە ئەنجام، لە جیاتی ئەو بنەما میتافیزیکییە بنەڕەتی ڕێتێچوون لە جێگاکەیدا پشت ڕاست کرایەوە.

هیوم مێشک و بەرچاوی فەیلەسووفانی بەوە ڕوون کردۆتەوە کە هۆیەکی هیچ بنەمایەکی زگماکی نییە، ئەگەر بە بۆچوونیش دابنرێت، ناکرێ بەو شێوازە لەنێو مێشک و ژیردا دروست ببێ و بنەخشێ، چونکە ناکرێ و ناشێ ژیر، مێشک بەهۆی بۆچوونەوە بەشێوە و شێوازی پێشـیـیـانە بیـر لەو پێـوەندییـەی هۆکـاری بکاتەوە، سـەرەڕای ئەوەی بە هیچ بنەمـایەکی ناچاریش پشت ئەستوور نییە. ئەو بڕیارە دەچێتە خانەی جۆری دووەمی پرۆسەی زانینەوە کە ئەو فەیلەسووفە بە تێروتەسەلی قسەی لێوە کردووە. ئەو دوو جۆرە زانینە بەو شێوەیەن:

**یەکەم:** زانینێک کە بەهۆی لێکدانەوەی پێوەندی نێوان بۆچوونەکانەوە دەکەوێتەوە. ئەمە لە کایەی زانستە ڕوخسارییەکانی وەک لۆژیک و بیرکاریدا باوە(٢).

**دووەم:** ئەو زانینەیە کـە پێـوەندییـەکـانی هۆکـار و ئەنجام- بنەمای هۆیەکی بەشێکی پێکدەهێنن. ئەو بابەتە خۆی سنووری داتاکانی هەستەکان دەبەزێنێ و کۆششی پشت ڕاسـتکردنەوەی شـتـێک دەکـات کـە لەلایەن هەستەکانەوە پەی پێ نەبرابێ. ئەوەیە کێشەی هۆیەکی.

ئەگەر بەرهەمی بیر- بە واتا گشتییەکەی- تەنیا هەر لە سێبەری چەمکە شارستانییەکاندا لە شوێن و کاتی دیار و دیاریکراودا سەرهەڵبدات و پێبگات و گەشە بکات(٣) ئەوە لە هەردوو کـایەدا هزرەکـە لەلایەن هەلومەرجی لە ئارادابوودا کاری تێدەکرێ و خۆشی کاریان تێدەکات. ئەمە ڕەوشێکی ناچارییە و لادانی بۆ نییە. هزر- بیر کـۆرپەی هەلومەرجە، ئینجا کار لەو هەلومەرجە دەکـات و ئەو بنەمـا گـومـان هەڵنەگـرە بە تەواوەتی لە جیهاندیدی هیومدا سەرنج ڕادەکێشێ.

لە سەردەمی هیوم و لەو هەلومەرجانەدا کە تێیاندا دەستبەکار بووە، میتودەی زانستی بە تایبەتی و زانستە سروشتییەکان بەگشتی لە برەودابوون و دەسکەوتی گەورە و مەزنیان- بەپێی سەردەمی خۆیان- پێشکەش کردووە. نیوتن لەو کەشوهەوایەدا نموونەیەکی بەرچاوە، ئەو زانا سروشتییە تیوری کێشەکی داهێناوە، بوێرانە لە کایەی زانستی ڕوخسارەکی و زانستی سروشتییدا هەردوو میتودەی ئەنجامگیری بیرکاری (دیدەکشن) و ئەنجامگیری فیزیک (ئیندەکشنی) لێکدراوە و توندوتۆڵ بەیەکییەوە بەستوونەتەوە و ئەو هەنگاوەی سەر ڕێگای زانستە فرە ڕەنگ و هەمەجۆرەکان ئەنجامی شۆڕش ئامێزی لێکەوتۆتەوە. ئەو میتودە زانستییە کە دەکرێ بە میتودەی پێوەندی نێوان دیاردەکانیش ناوببرێ، لەلای هیوم بووە بە میتودەیەکی جیهاندیدێکی سەرتاپاگیر کە پتر لە چوارچێوەی تیوری زانیندا ڕەنگی داوەتەوە: میتودەی کێشەکێی نێوان بۆچوونەکان، کە لە دواییدا لە بیرۆکە و بۆچوونی بەدوای یەکتریدا هاتنی بۆچوونەکاندا بەرجەستە بووە(٤) کەوابوو تا چ ڕادەیەک هیوم توانیویەتی ئەو هەنگاوەی نیوتن لە کایەی فیزیکدا هاویشتوویەتی لەچوارچێوەی توانای زانینی مرۆڤ بەتایبەتی و لە سروشتی مرۆڤدا بەگشتی جێبەجێ بکات؟

## تیوری زانین

١- هیوم لەبەرهەمەکانیدا ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە کە شارەزای چالاکی هزری و فەلسەفەیی و سیاسی و زانستی سەردەمی خۆی بووە، کۆشاوە بەپێی ئەو پەرەسەندنەی سەردەمی خۆی بواری بۆ رەخساندووە، ئەو میتودە زانستییەی نیوتن لە پرۆسەی توێژینەوەی دیاردەکانی سروشتدا پەیرەوی کردووە، بۆ توێژینەوەی سروشت و هێز و توانا و زانینی مرۆڤ بەکاری بهێنێ. راستییەکی گومان هەڵنەگرە کە توێژینەوەی سروشتی (فیزیک) چالاکییەکی مرۆڤ و هێز و توانای ژیرەکی مرۆڤ پشت راست دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا بنەمای تێگەیشتنی راستەقینەی سروشت لە تێگەیشتنی بنەماکانی زانستی سروشت (فیزیک) بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ئەو بنەمایانە دەکرێ لە مرۆڤ خۆیدا هەبن ئەو رێبازەی مرۆڤ دەکات بە کەرەسەی توێژینەوە خۆی لە خۆیدا پتەوترین بنەمایە بۆ زانستەکانی دیکە و هەر مرۆڤی توێژەر و زاناشە کە ئەو بابەتانە دەکات بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە. کەوابوو پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوان چەمکی سروشتی مرۆڤ، کە بابەتی سەرەکی شاکارەکەی هیومە، لەگەڵ زانستە جۆربەجۆرەکاندا هەیە. هەر لێرەوە، لەو سەرچاوەیەوە ئەو بابەتانەی کەرەسەی توێژینەوە و رامان و سەرنجدانی زانستە تیورییەکان دەکەونەوە و پەیدا دەبن، بۆیە هیوم ناهەقی نەبووە کە رێبازی توێژینەوەی مرۆڤ بە زانستی بنەرەتی داناوە کە لە زەمینەکەیدا نەمامی راستەقینەی لە تواناداوبوی بە بەرهاتووی فەلسەفە و دیسپلینی تایبەتی ئەزموونی- ئیمپری و تێکرای جیهاندیدی ژیرەکی و کولتووری شین دەبێ.

ئەو هۆکار و فاکتەرانەی سیستمەکە رەنگ دەرێژن و ئەو بنەمایانەی یەکرەنگی پێ دەبەخشن ئەگەر لە سروشتی مرۆڤ خۆی بەولاوە شتێکی دی نەبێ، دەکرێ لە سەرەتاوە ئەو سروشتە دەروازەی چوونە نێو جیهانی جیهاندیدە فەلسەفەییە ئەزموونییەکە بێت.

چەمکی سروشتی مرۆڤ لە فەلسەفەی هیومدا چەمکی سەرەکی و شا چەمکە، دەکرێ بە پلە و ئاستی چەمکی رەبی نێو جیهاندیدی گیورگ بارکلی دابنرێت، بە تایبەتی لەو رۆڵەدا کە گێراویەتی(٥) ئەو چەمکە سەرەکییە، ئەو بیرۆکەیە ئەو بنەما و فاکتەرە بووە کە خاڵی یەکرەنگی لە چوارچێوەی فرە رەنگی فەلسەفەی ئەزموونی و شارەزاییدا Erfahrung دەستەبەر بووە.

٢- لە چوارچێوەی جیهاندیدی فەلسەفەی ئیمپریزمی- ئەزموونیدا هیوم لە سەرەتای شاکاری «توێژینەوەیەک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ»دا رەهەندەکانی فەلسەفە لە بارەی سروشتی مرۆڤ تاووتو دەکات و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لێکۆڵینەوەی سروشتی تێگەیشتنی مرۆڤ، بە رێگا شیکردنەوەیەکی ورد و زانستیانەی هێز و تواناکانی گرینگترین ئەرکێکە کە فەیلەسوف بچێتە ژێر بارییەوە و بیگرێتە ئەستۆ، هیوم گوتوویەتی:

فەلسەفەی سروشتی مرۆڤ دەکرێ بە دوو شێوازی جیاواز قسەی لێ بکرێت، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا بەشداری دەکات. یەکێکیان بەگشتی وا سەرنجی مرۆڤ دەدات کە بۆ کارکردن لە دایک بووە. لە کرداریدا بەهۆی چێژ و هەستەوە کاری تێدەکرێ، سەرگەرمی شتێکە بەدوایدا دەگەرێ و لە یەکێکی دیکە خۆی دەبوێرێ، ئەویش بەپێی ئەو بایەخەی ئەو بابەتانە هەیانە. لەنێو هەموو بابەتەکاندا چاکەکاری Tugend لە هەموویان بەهادارتر و پر بایەختر، بۆیە فەیلەسوفەکان بایەخ بە جوانی چاکەکاری دەدەن تاوەکو مرۆڤ هان بدەن چاکەکار بن.

لەلایەنی دووەمیدا فەیلەسووفان لەبەر رۆشنایی ژیرەوە سەرنجی مرۆڤ دەدەن کە گەوهەر و بوونەوەرێکی چالاکە خۆی خەریک دەکا و دەکۆشێ تێگەیشتن و فام و مێشکی خۆی بنیاد بنێ، پتر لەوەی رەوشت و ئاکاری خۆی جوان بکات. ئەوان وا تەماشای سروشتی مرۆڤ دەکەن کە بابەتێکی هزر و بیرکردنەوەی تیوری و رامانە، لێی دەکۆڵنەوە و تاقی دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانەی کە تێگەیشتن و فام رێکوپێک دەکەن، مرۆڤ(٦) دەوروژێنن و دەبنە مایەی ئەوەی بابەتێک پەسند بکات و یەکێکی دیکە رەت بکاتەوە، بدۆزنەوە.

هیوم چۆتە خانەی دووەمەوە، هەوڵیداوە- لە چوارچێوەی هەردوو بابەتی پرۆسەی زانین و میتافیزیکدا- سروشتی تێگەیشتنی مرۆڤ، لە رێگای شیکردنەوەیەکی وردی هێز و تواناکانی، تاووتوی بکات.

٣- وەک جۆن لۆک لە پرۆسەی زانیندا هیوم لەو باوەرەدابووە کە ئەزموون، شارەزایی، تاقیکردنەوە لە رێگای هەستەکانەوە سەرچاوەی باوەرپێکراوی زانینە، ئەو رێبازە کە ناسراوە بە رێبازی ئیمپری تا ئەوپەری

پەرەی پێــداوە و بەرەو پێــشی بردووە، بەڵام وەک لە بەرهەمەکانی دەردەکەوێ لە هەندێ خاڵی سەرەکیدا چ زانین، میـتـافیـزیک، ئایین، یان ئاکار بێ لە لۆک و بارکلی جیا دەکرێتەوە.

وەک فـەیلەسـووفـێکی ئەزمـوونی پێی لەسـەر ئەوە داگـرتووە کـە زانینی مـرۆڤ لە داتای هەست و رامـان بەولاوە نیـیـە. لۆک لە شـاکـاری هەولێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ، بیرۆکە و ئایدیای کردبوو بە بابەتی هزر و بیـر، ئەو بیـرۆکـە و ئایدیایەشی جـارێکی دیکە کردبوو بە دوو بەشەوە:

– بیـرۆکـە و ئایدیای هەسـتـەکان، ئەو بیرۆکـەیەن کـە وەک داتا لە تێبینی هەستەکانەوە دێن و پەیدا دەبن.

– بیـرۆکە و ئایدیای هزرەکی ناوەکی Reflektion ئەو جـۆرانە بەهۆی بیـرکـردنەوە لە ناخی خـۆمــان و قووڵبوونەوە بە جیهانی دەروون و ناخدا دەکەونەوە(٧) ئەو بیـرۆکـانە لەلای هیـوم بوون بە پەی پێ بردن -Perzeptionen، ئەو بیرۆکـانە بەبێ سێ و دوو لێ کـردن تەنیا هەر لە ئەزموون و شارەزاییەوە دەکەونەوە و پەیدا دەبن. پەی پێ بردن کە دەکرێ بە تێگەیشتنی مێشکی مرۆڤ دابنرێت، دەکرێت بە دوو بەشەوە:

– بیرۆکە و ئایدیا (یان بۆچوون).

– باری سەرنج. (لێرەدا لەجیـاتی وشـەی ئینگلیـزی Impression کـە هیـوم خـۆی بەکـاری هێناوە و لە جـێگای وشـەی ئەڵەمـانی Eindruck و لەبەرانبـەر وشـەی عـەرەبی- إنطبـاع- بەکـارهێنراوە). ئەو باری سەرنجە (ئەگەرچی دوور نیـیـە پڕ بە پێـستی وشەکەی هیـوم نەبێ) لەلای خـۆیەوە تێگەیشتن و وەرگـرتنێکی ڕاستەوخۆی داتا و تێبینی هەستەکان و تێبینی کردنی ناخی مـرۆڤ خـۆیەتی. کـەوابوو پەی پێ بردن خـۆی لە خۆیدا لە پرۆسەی زانین پشکی سەرەکی بەردەکەوێ و لە دوو پشک پێکهـاتووە و هەر پشکەش لەلای خـۆیەوە دەکرێ بە دوو جۆرەوە:

پەی پێ بردن:

**یەکـەم:** باری سـەرنج کـە دەکـرێ بە دوو جـۆری باری سەرنجی ناوەکی و باری سەرنجی دەرەکی، هەر یەکێکیان سـادە و لێکدراوی هەیە کـە لە هەست کـردن و ڕامـان پێکدێن.

**دووەم:** بیـرۆکــە (ئایدیا، یان بۆچوون) کــە ئەویش جـۆرێکی دەرەکی و جـۆرێکی ناوەکی هەیە، لە سـادە و لێکدراو پێکهـاتوون و بریتین لە هەست کردن و ڕامـان.

هیـوم لە سـەرەتای شـاکـاری «توێژینەوەیەک دەربارەی سروشتی مرۆڤ» گوتوویەتی:

پەی پێ بردنەکـانی مـێـشکی مـرۆڤ دەکـرێن بە دوو جۆرەوە کـە من بە باری سەرنج و بۆچوون ناویان دەبەم و نیشانیـان دەدەم. جیاوازی نێوانیـان لەوە پێکهاتووە بە چ ڕادە و پلەیەکی هێـز و توندوتۆڵی و گـەرمـوگـوڕییـەوە خۆیان بەسەر مێشکدا دەسەپێنن و خـۆیان دەکوتنە نێو مێشـک، یان هۆشمانەوە. باری سەرنج ئەو پەیبردنەیە کە ئەوپەڕی بە گـەرمـوگـوڕی و هێـزەوە بەدەر دەکـەوێ. من هەمـوو داتا و هەسـتـە هەسـتـەکییـەکان، سـۆز ورووژان، هۆش ورووژانـەکـان لەژێر ئەو ناوە دادەنێم کـە بۆ یەکـەم جـار لە دەروونماندا دەردەکـەون(٨)، بەڵام بۆچوونەکـان کۆپییەکی لاواز و کاڵی پەیبردنەکانن کە خۆیان دەکەوتنە نێو هزر و بڕیار و (حوکم)دانەکانمانەوە.

بەو پێیە زانینی مرۆڤ لە پەیبردن بەولاوە نییە و ئەو پەیبـردنەش خۆی لە چەند جۆرێک پێکهـاتووە، توندی و هێـز و کـاریگەرییـەکـەی، سـروشـتی ئەو جـۆرە دیار و دەستنیشانی دەکات.

ئەو بڕیارەی هیوم دوو خاڵی گرینگ جێگیر دەکات کە لە فەلسەفەی ئیمپریزمدا بە بنەمای سەرەکی دانراون:

**یەکـەم:** زانینی مـرۆڤ لە توانایدا نیـیــە سنووری ئەزمــوون و تاقــیـکردنەوە ببــەزێنێ و لەوە بەولاوە بڕ ناکات.

**دووەم:** هەر شـتـێک مـاددە بێ، یان گـیـانی بێ کـە لە دەرەوەی سنووری پەیبردنی مێشکی مرۆڤ دابێ و کە لە هەندێک فەلسەفەدا بە گەوهەر و پوختەی شت ناوبراوە، لە تواناداد نییە بزانرێ. کەوابوو مرۆڤ تەنیا ئەو شتانە دەزانێ کە هەستەکان لە توانایاندا هەیە بیانگەنێ و داتا لە بارەیانەوە پێشکەش بکەن، بەڵام ڕاستی و گەوهەری شت بە نەزانراوی دەمـێـنێـتـەوە، چونکە لە دەرەوەی سنووری بڕکردنی هێز و توانای زانینی مرۆڤدایە.

٤- باری سەرنج Impression کەرستەی بنەڕەتی و بنەمـای زانـینی مـرۆڤ بێ وەک هیـوم پێی لەسـەردا گرتووە، ئەوە دەبێ جیهانی بۆچوون و بیرۆکە و ئایدیاکان بابەتی تیـوری زانین بن، چونکە ناکرێ لە وێنە و پەیبردن و بیرۆکە بەولاوە لەلایەن مێشکەوە شتی تر وەربگیرێن. ئەو بڕیارە بەلایەکداخەرانە لە فـەلسـەفـەی هیـومدا دوو ئەنجامی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم:** بیـرۆکـە و بۆچوونەکـان کـە لە هەسـتـەکـانەوە (باری سـەرنجـەوە) کـەوتبنەوە: ناکـرێ بیـرۆکـە و بۆچوونەکان سروشتێکی پێشیینانەیان apriorie هەبێ. لەلایەکی دیکەوە کـەوابێ دەبێ هەندەکی و تاک بن. لێرەوە ئەو پرسـیـارە بە مـێـشکدا دێ، ئەدی بیـرۆکـە لێکدراوەکـان لەکـوێوە هاتوون و چۆن پەیدابوون و بیـرۆکـەی رووت و پەتی (ئەبسـتـراکت) چییـە و چۆن دروست بووە؟ وشـە هەمـەکـیـیـەکـان وەک (مـرۆڤ)، (ئەسپ) چۆن تێیان دەگەیشترێ و ئەو بیرۆکانە چین کە دەلالەتیـان لێدەکەن؟ ئەگەر بیـرۆکە، هەر بیـرۆکـەیەک، کۆپییـەکی باری سەرنجە هەستـەکییـەکان بێ، چۆن ئەو بیرۆکە هەمەکییانە لێکدەدرێنەوە؟

**دووەم:** لەو تیـوریەی زانینی هیـوم-دا بوونی شت لەدەرەوەی مـێشک و لە دەوروبەری مـرۆڤـدا نە بایەخی هەیە و نە سەرنج ڕادەکـێشێ. ئەو تیـورییە هیچ جۆرە پێـوەندییـەک بە بوونی شت و بابەتەکـان نادات، بەڵکو خەسڵەت و تایبـەتمەندی و سروشـتی بیرۆکـە و ئایدیای ئەو بابەتانە(٩) دەکـات بە بابەت و کـەرەسـەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. هیـوم بەو بڕیارەی جـێگای بە بابەتی مـیـتـافـیـزیک لەق کـردووە و تیـوری زانینی هێناوەتە پێشـەوە و کـردوویەتی بەسـەرپشک و بابەتی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفە.

## تیوری پێوەندییەکان

١- پێوەندی هۆیەکی، کە بە پێوەندی هۆکار و ئەنجام ناودەبرێ و لەمـێـژووی فـەلسـەفـەدا ڕۆڵێکی گـرینگی گیراوە، گرینگترین بەش و بابەتی تیوری پێوەندییەکانە لە جیـهـاندیدی ئیـمـپری دێڤـید هیـوم-دا. هیـوم بەوە ناسراوە کـە ویسـتـوویەتی ساغی بکاتەوە کـە پێـوەندی نێـوان هۆکـار و ئەنجـام بابەتێکی ئەزمـوونیـیـە و دووبارەبوونەوە و دابونەریتی ژیانی ڕۆژانە وای کـردووە کە مرۆڤ بڕوای بە هەبوونی ئەو جۆرە پێوەندییە هەبێ کە سروشـتی ناچاری پێ بەخشـراوە، ئەگینا ئەو پێوەندییە بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پشت ئەستوور نییە.

گـومـانکردن لە پێـوەندی نێـوان هۆکـار و ئەنجـام بەشـێـوەیەکی لابەلایی لە هونەری شـیـعـری مامـۆسـتـای یەکەم ئەرستۆدا بەرچاو دەکەوێ. مامـۆسـتـای یەکەم لە بەشی هەشتەمی ئەو بەرهەمەیدا گوتوویەتی:

«تاڕادەیەکی زۆر نە ناچارییە و نە ڕێتێچووە کە ئەگەر شـتـێک قـەومـا، دەبێ ئەوەی تریش ڕووبدات»(١٠) تا چەند هیـوم ئەو ڕسـتـەیەی مـامـۆسـتـای یەکـەمی دیوە و پەسندی کـردووە، ناکرێ هیچ بڕیارێکی لەبارەوە بدرێت. لە سەردەمی خۆشیدا غەزالی پشت ئەستوور بە (قورئان) جـۆرێکی پێـوەندی نێـوان هۆکـار و ئەنجـامی ڕەت کـردۆتەوە، بە تایبـەتی ئەو بابەتەی کـە ئاگـر سووتێنەر نییـە ئەگەر فـەرمـانی پێ نەدرێ! بۆیە وای بۆچووە کـە پێوەندی نێوان ئەو دوو چەمکە بنەمایەکی ناچاری نییە.

ئەو پرسـیـارەی هیـوم لە سەردەمی خۆیدا کردوویەتی و جـۆرە گـومـانێکی وروژاندووە و بەدرێژایی مـێـژووی فـەلسـەفـەی دوای خـۆی و لەلای زۆربەی هەرە زۆری فـەیلەسـووف و زاناکـان و توێژەرانی سـروشت و کـۆمـەڵایەتی دەنگ و کـاردانەوەی خـۆی هەبووە و لە گەرموگوڕییەکەی کەم نەکردۆتەوە و کاڵیش نەبۆتەوە.

ئەگەر مرۆڤ بەهۆی خوو پێوەگرتن و ڕاهاتن، چاوەڕێ بکات لە کـاتی ڕوودانی چەند دیاردەیەکی دیاری کـراوی لەیەکچـوو (هۆکـارەکـان) چەند ڕووداوێکی لەیەکـتـری چووی دیار و بەرچاو (چەند ئەنجامێک) دەربکەون، ئایا ئەوە بە سایەی خووپێوەگرتن و ڕاهاتنەوەیە، یان بەدوای یەکتری داهاتنی بۆچوونەکانە لە بارەیانەوە؟! باشە ڕۆڵی دووبارە بوونەوە نەک چاوەڕێ کردن لەوکـایەیەدا چییـە و چۆنە؟

- ئایا ئەو ڕووداوە لە یەکچوانەی پەیان پێ دەبرێت و بەهۆی هەست و تێبینی کردنەوە دەزانرێن لە یەکچوون، یان لە لایەن مـرۆڤی هەسـتکار و پەی پێ بردووەوە بە لەیەکچوو ڕێکدەخرێن و دادەنرێن(١١).

قسـەکردن لەو بابەتە و وەڵامدانەوەی پرسـیـارەکـان لە چوارچێـوەی شـیـاوەکی لە ئارادابوودا جـۆرە مـۆدێلێک پێویست دەکات بۆ ئەوەی بتوانرێ پشت ڕاست بکرێتەوە ئایا ئەو جۆرە ڕێکوپێکی بەدوایەکتریدا هاتنی ڕووداو و دیاردەکـان دەشێ و دەلوێ و دەگـونجێ، یان نا؟ بۆ ئەوەی بزانێ ئەو جۆرە بەدوای یەکتریدا هاتنە ڕێکوپێکە چ جۆرە ستروکتۆر و بنەمایەکی لۆژیکی هەیە؟!

٢- هیـوم هەوڵی داوە سـاغی بکاتەوە کـە بنەمـاکـانی پێوەندی و بەیەکەوە بەسترانەوەی بیرۆکە و بۆچوونەکان چەند بنەمـایەک نین زگـمـاک بن، یان بەسـەر ژیر و مێشکدا سەپێنراو بن، بەڵکو خۆیان چەند ئەنجامێکن لە تاقـیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی مـرۆڤـەوە کـەوتوونەتەوە. ئەگـەر ئەو بنەمـایانە ئەزمـوونی بن هیچ بنەڕەتێکی

لۆژیکی- ناچارییان نابێ و دوور نییه ئەوەی ئەم جاره قەوماوه، دووباره نەبێتەوە، ئەو بڕیاره پێوەندی هۆیەکی نێوان هۆکار و ئەنجام دەگرێتەوە.

ڕاستە بوون تایبەتمەندییەک نییە بدرێ و بستێندرێتەوە، بەڵام بوونی ڕاستەقینەش ئەوەیە لە کات و شوێنی دیاریکراودا هەبێ. ئەو کات و شوێنە دیاریکراوە، لەلای خۆیانەوە سەرەتا و کۆتایی بەپێش مەرج دووپات دەکەنەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت، ئایا ئەگەر بوونێک، ڕووداوێک، دیاردەیەک سەرەتای هەبوو، مەرجە هۆکاری قەومانەکەشی هەبێ، یان نا؟

ئەو بنەمایە کامەیە کە ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر شتێک بوونەکەی سەرەتای دەستپێکی هەبوو دەبێ هۆکاریشی هەبێ؟(١٢)

بەلای هیومەوە تاووتوکردنی ئەو کێشە- بابەتە دەبێ پشت بە دوو بنەما و دەستەواژە ببەستێ:

**یەکەم:** ژێر هیچ کاتێک لە توانایدا نییە بە تەنیا خۆی لە بنەڕەتەوە بۆچوونێک دروست بکات.

**دووەم:** ژێر ئەوەندەی لە ئەزموون و شارەزایی جیاوازە هیچ کات دەستەبەری ئەوە نابێ ساغی بکاتەوە کە سەرەتا و دەستپێکی بوونێک دەبێ بێ چەندوچۆن و ڕەها هێز و هۆکارێکی داهێنەری هەبێ(١٣).

بیرۆکەی ناچاری هۆکاری بنەمایەکی بەڵگەنەویستی نییە کە پێویستی بە سەلمێنە نەبێ لە هەمان کاتدا گومان هەڵنەگر نییە و بە تاقیکردنەوە و بە ئەنجام خستنەوە پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە خۆی دەستەواژە- پرۆپۆزیشنێکی- شیکاریی نییە کە ناکردنەکەی ناکۆکی لێ بکەوێتەوە. ئەو بنەمایەی هۆیەکی دەستەواژەیەکە پێوەندی نێوان بیرۆکە و بۆچوونەکان دەردەبڕێ و خۆی لەخۆیدا دەستەواژەیەکی لێکدراوە، چونکە ئەنجام بە هیچ جۆرێک ناچارییانە لە بیرۆکەی هۆکارەوە ناکەوێتەوە و ئەگەر لە یەکتری داببڕێنرێن هیچ ناکۆکییەکی لۆژیکی بەدەرناکەوێ. کەوابوو بنەمای هۆیەکی دەستەواژەیەکی لێکدراوە و ناکرێ بەسەلمێنە ساغ بکرێتەوە.

٣- هیوم لە سەرەتای بەشی سێیەمی «شاکاری توێژینەوەیەک دەربارەی سروشتی مرۆڤ»دا باسی جۆرەکانی پێوەندی دەکات کە لە دواییدا دەیانکات بەدوو بەشەوە (دوو کلاس):

**یەکەم:** ئەو پێوەندییانەی بەهۆی سروشتی بۆچوونەکانەوە پەیدا دەبن، کە مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان بکات، یان لەگەڵ یەکتریدا دایانبنێ.

**دووەم:** ئەوانەی دەتوانن خۆیان بگۆڕن، یان گۆڕان بەسەر خۆیاندا بهێنن بەبێ ئەوەی بۆچوونەکانیان گۆڕانیان بەسەردا بێت(١٤) بۆ نموونە جۆری یەکەمی ئەو پێوەندییانە دەکرێ بۆچوونی سێ گۆشە بخرێتە ڕوو لەو بۆچوونەوە پێوەندی نێوان سێ گۆشەکەی و دوو گۆشەی وەستاو کە وەک یەکن دەستگیر دەبێ. ئەو پێوەندییەی نێوان هەرسێک گۆشەی سێ گۆشەیەک و دوو گۆشەی وەستاو کە دەکەنە (١٨٠) نمرە پێوەندییەکی نەگۆڕ و لە هیچ سات و کات و شوێنێکدا ناکەوێتە بەر تەوژمی گۆڕانەوە و هەمیشە هەر وەک یەکن و وەک خۆیان دەمێننەوە.

بە پێچەوانەوە جۆری دووەمی پێوەندییەکان کە لەنێوان دوو بابەتی لە یەکتری دووردا هەبن، یان دوو بابەت کە کات لەنێوانیاندا هەبێ، ئەگەر هاتو جێگا و شوێنیان گۆڕا، خۆشیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام بابەتەکان و بۆچوونەکان هەروەک خۆیان دەمێننەوە، چونکە گۆڕانی پێوەندییەکان کاریان تێ ناکات.

ئەو دەستەواژەی جۆری یەکەمی ئەو پێوەندییانە دەردەبڕێ بە دەستەواژەی شیکاری ناودەبرێ، چونکە ئەگەر شی بکرێتەوە، دەردەکەوێ کە بارەکە پێشییانە لە بنەدا هەیە و ئەو ئەنجامەی دەیداتە دەست لە سەرەتادا لە گریمانەکراوەکاندا هەبووە. جۆری دووەم بە دەستەواژەی لێکدراو ناودەبرێ کە ناکردنەکەی هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لێ ناکەوێتەوە ئەگەر بە ناکردنێک ئەو ڕستەیە کە «سبەینێ خۆر لە ڕۆژهەڵات هەڵنایەت» دەستگیر بێ هیچ جۆرە ناکۆکییەک دەرناکەوێ، بەڵام ئەو دەستەواژەی بنەمای هۆیەکی «پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام» دەردەبڕێ، هیچ کامێک لەو دوو جۆرە دەستەواژانە نییە و ناچێتە خانەی هیچیانەوە، کەوابوو بنەمای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام پشت ڕاست ناکرێتەوە.

٤- بەلای هیومەوە پەیدابوونی شتی نوێ لەجیاتی مەتریالی دەوروبەر، بەتایبەتی بزووتنەوە و گۆڕانی لەش و جەستەکان بابەتێکە ئەزموون و شارەزایی پشت ڕاستی دەکاتەوە، ئەو پشت ڕاست کردنەوەیەش بەشێوەیەک لە شێوەکان هەبوونی هێزێک گریمانە دەکات کە لە توانایدا هەبێ هەمان شت بهێنێتەوە کایەوە، هەر ئەو بۆچوونە،

ئەو بیرۆکەیەیە کە بۆتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بڕوای بەهێز و کـاریگەری و کـەوتنەوە هەبێ. ئەوەندەی ئەو بڕوایە پێـــوەندی بە هۆکــــار و ئـەنجـــامـــــەوە هەبێ، لە ڕوونکردنەوەیەکی سادە و ساکاری ڕۆژانە بەولاوە نییە و بەهیچ بنەمـایەکی فـەلسـەفـە سـاغ ناکرێتـەوە. هیـوم گوتوویەتی:

ئەگـەر ئێـمـە لە دەورووپشـتـی خـۆمـان ورد بینەوە و سـەرنجی بابەتە دەرەکـیــەکـان بدەین و تەمـاشـای کاریگەری هۆکارەکان بکەین، هیچ جارێک ناگەینە ئەو ڕادەیەی هێـزێک، یان پێـوەندییـەکی ناچاری کـە ئەو خـەسـڵـەتەی هەبێ ئەنجـام بەهۆکـارەوە بەند بکات و بەبستێتەوە، یەکێکیان بکاتە ئەنجامێکی ناچاری ئەوی دیکەیان بدۆزینەوە، ئێمە تەنیا تێبینی ئەوە دەکەین کە یەکێکیان بەڕاستی، لە ڕاستیدا بەدوای ئەوی دیکەیاندا دێت(١٥). ئەو بەدوای یەکـتریدا هاتنە گـەمـەی بلیـارد دەهێنێتەوە یاد کە تۆپێک بەر یەکێکی دیکە دەکەوێ و بە جـوولەی دەخـات. ئەو هەمـوو تێکڕای شـتـەیە کـە بۆ هەستەکان بەدیار دەکەوێ. مێشک، فام، ژیر، گیان هیچ هەسـتـێکیـان لە بارەی ئەو بەدوا یەکـتـریدا هاتنی بابەتەکـانەوە نییـە. بەو پێیـە و پشت ئەسـتـوور بەوەی گـوترا لـە هیچ ڕووداو و ڕەوشـێکدا شـتـێک دەربارەی هۆکـار و ئەنجـام لە ئارادا نیـیـە کـە ببـێـتـە مـایەی ورووژاندنی بۆچوونێک لە بارەی هێز، یان پێوەندییەک و بەیەکەوە بەسترانەوەیەکی ناچاری لەنێوانیاندا، هەروەک چۆن بە جوولەکەوتنی تۆپی گەمەی بلیارد لەلایەن تۆپی یەکـەمـەوە هیچ جـۆرە پێـوەندییـەکی ناچاری نێـوان هەردووک تۆپەکە ساغ ناکاتەوە و ناسەلمێنێ.

هەمـوو بابەتەکـانی ژیر و تێگەیشـتـنی مـرۆڤ و توێژینەوەی زانسـتی سروشت ئاسـا لە دوو جۆر بەولاوە نین:

**یەکـەم:** پێـوەندی نێـوان بۆچوونەکـان، ئەوانە بابەتی شیکارین و زانسـتی ئەندازە و جەبر و بیرکاری دەگرنەوە و لە هەمـوو سەردەمێکدا ڕاستن، چونکە هەمـانگۆیین و هیچ پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆیان بە کـەرەسـە و بابەتی دەورووبەرەوە نییە، بۆیە هیچ گومان هەڵناگرن و جێگای دڵنیایی لێکردنن. بۆ نموونە دەگوترێ ٣×٥= نیوەی سی، ئەو هاوکـێـشـەیە پێـوەندی بە کـەرەسـە و بابەتەکـانی دەرەوەی مێشک و دەوروبەرەوە نییە.

**دووەم:** ڕاسـتـە ڕاسـتـەقـینەکـان کـە بابەتی دووەمی مـێـشـکی مـرۆڤـن، بەڵام ئەو جـۆرانە جـێگای دڵنیـایی تەواوەتـی نین، چونکـە ڕســـتـــــەیەک، بۆچوونـێـک دەســـتـەواژەیەکی لەو جـۆرە دەکـرێ ناکـردنەکـەی و پێچەوانەکەشی پەسند و ڕێتێچوو بێ(١٦)، بەڵام ئەو دوو جۆرە پێوەندییانە بە هیچ جۆرێک پێوەندی هۆیەکی نێوان هۆکار و ئەنجامیان تێدا نییە.

## بنەماکانی ئاکار

١- کە باسی بابەتی ئاکار دەکرێ یەکسەر ئەو پرسیارە بەبیـردا دێ: ئایا دەکـرێ بنەمـاکـانی ئاکـار کـە پشت بەپابەندی ژیری ببەستن لە خانەی جیهاندیدی ئەزموونی – ئیـمـپـری دێڤـید هیـومدا کە بەوپەڕی پێ داگرییەوە ڕێبازی ژیرەکی دەخاتە لاوە، جێگایان ببێتەوە؟

بابەتی ئاکار لە چوارچێوەی جیـهـاندیدی فـەلسـەفـەدا کـاتێک بەدەردەکـەوێ ئەگـەر هاتو ئاوات و ئامـانجی کردارەکـانی مـرۆڤ و ڕێگا و شـێـوازە جۆربەجـۆرەکـانی جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە بوون بە بابەتی پرسیـار و توێژینەوە.

کـە باسی ئامـانجی کـردار کـرا، ئەو پرسـیـارە لەخـۆی دەگـرێ: چاکـەکـاری چییـە و چۆن لە بەدکـاری جـیـا دەکرێتەوە؟ ئەو دووانە پێوەندییان بە بەهاکانی ئاکارەوە چییـە و چۆنە؟. ئەوەیە مـەبەست کـە کـرداری ڕەوا لەکرداری ناڕەوا و ڕێگا نەدراو، هی ئاکاریانە لە هی تر جـیـا دەکـرێنەوە. وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیـارانە چەند ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە، لەوانە ئەو پێوەرەی جۆرەکانی کـردار لە یەکـتـری جـیـا دەکـاتەوە و چ بەهایەکـیـان پێ دەبەخـشـێ؛ لێـرەوە ڕوون دەبێـتـەوە، بێ گـومـان بەپێی ڕوانگەی هەر ڕێبازی فەلسەفەوە، ئەزموونی، یان ژیرەکی بێت، ئایا بنەمـاکـانی ئاکـار پێـوەری ناچارین و ئەرک و فـرمـانی سـەرشـانی لایەنگرانیـەتی پەیڕەوی بکەن و پابەندی بن و لە گـۆڕان بە دوورن، یان بەپێی کــات و جێگا دەگۆڕین و توانای شرۆڤە کردنیان هەیە و دەچنە ژێرباری چاکسازییەوە، یان نا؟

کـام هۆکـار و فـاکـتـەر دەبێـتـە مـایەی ئەوەی مـرۆڤ کـردارێک پەسند بکات و یەکـێکی دیکە بە ناپەسند دابنێ، ڕەوشتێک بە جوان و ئەوی دیکە بەناحەز و دزێو ببینێ؟

کـێـشـەیەک لەو کـێـشـانەی لە سـەردەمی هیـومـدا ڕووبەڕووی فـەلسـەفـە بۆتەوە بڕیاردان بووە لەو بارەیەوە،

ئایا بابەتەکانی ئاکار لەژێرەوە سەرچاوە دەگرن، یان هەست (شعور) سەرچاوەکەیانە؟ هیوم بەهۆی ڕێبازی ئیمپریزمەوە کە پەیڕەوی کردووە بەلای ژێردا نەیشکاندووەتەوە، بۆیە دەکرێ جیهاندیدی ئاکاری هیوم بەو جۆرە لێکبدرێتەوە:

٢- لە بەندی دووەم - کتێبی سێیەمی شاکاری توێژینەوەیەک لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، بەڵام لە چوارچێوە تەنگەبەرەکەی ڕێبازی ئەزموونی- ئیمپریدا، لایەکی لە بابەتی ئاکارکردۆتەوە. ئەو خاڵانە تاووتوکراون:

**یەکەم:** ژێر ئامرازی بیر و هزر کردن و بەناخدا قووڵ بوونەوەیە و هیچ جۆرە پابەندبوونێکی ژێرەکی بنەماکانی ئاکار پشت ڕاست ناکرێتەوە.

**دووەم:** هەست و سۆز (لە بەرانبەر وشەی شعوری عەرەبی و Gefuhl ئەڵەمانی) سەرچاوە و بنجوبناوانی بنەماکانی ئاکارە. خواست خۆشی ئەگەر بە ئازاد دابنرێت، نەک بە تەنیا لە ژێرەوە، بەڵکو لەو هەستەوە پێکدێت و پەیدا دەبێت(١٧) ژێر بەند و کۆیلەی سۆزە و لەو ئەرکە بەو لاوەی نییە.

**سێیەم:** سروشتی مرۆڤ خۆی بنەما و بنەڕەتی ئەو جۆرە سۆز و هەستەیە.

**چوارەم:** بڕیار (حوکم)دانی ئاکارییانە پابەندی چالاکی ژێر نییە و بەلای هێزی پاڵنەر و سۆز و چالاکی وورووژانی ژیانەوە دەچێ، بۆیە پەسندکردنی کاری ڕاست و چاکە و پەسندنەکردنی چەوت و بەد بنەماکانی بابەتی ئاکار پێکدەهێنن.

**پێنجەم:** ئاکار هیچ بنەمایەکی ڕەها و نەگۆڕ و هەتا هەتایی نییە و ناکرێ ئەو بنەمایانە بەهۆی بۆ هاتنەوە (حەدس) بزانرێن و بەسەلمێنە ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە.

**شەشەم:** چاکەکاری و بەدکاری لە چێژ و ئازار بەولاوە نین، ئەوی دەبێتە مایەی چێژ لێ وەرگرتن ئەوەیە کە سوودبەخشە و سوودی هەیە.

- لە سەرەتادا هیوم کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە بنەماکانی ئاکار هیچ بنەمایەکی ژێرەکییان نییە و لەو کایە و دەڤەرەدا ڕێبازی ژێرەکی سەرکەوتوو نەبووە. هیوم گوتوویەتی:

هەندێک لە فەیلەسووفان بەوپەڕی دڵگەرمییەوە ئەو دید و سەرنجەیان بڵاوکردۆتەوە، گوایە بابەتەکانی ئاکار کەرەستەی شیاوەکی زانینی سەلمێنەیە. ئەگەرچی هیچ کەسێک لەو بابەتەی زانینی سەلمێنەی ئاکارەکیدا تاکە هەنگاوێک بەرەو پێش نەچووە، کەچی ئەوان وای دادەنێن کە دەتوانن وەک جەبر و ئەندازە لە بابەتەکەیاندا بە هەمان یەقین و دڵنیایی Gewissheit بگەن(١٨).

ئیتر بۆیە بە پێی ئەو مەرجە گریمان کراوانە بێ، دەبێ چاکەکاری و بەدکاریش ئەو پێوەندییانە بیانگرێتەوە، بەڵام تائێستا نەکراوە ڕاستەقینەیەک تەنیا بەهۆی ژێری ڕووتەوە ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە. ئەو بابەتانەی ئاکار تەنیا هەر بەهۆی بنەمای ئیمپری- ئەزموونییەوە دەسەلمێنرێن. ئەو هەڵوێستەی هیوم لەوەوە کەوتۆتەوە کە کام پرسیارە بە پرسیاری سەرەکی بابەتی ئاکار دادەنرێت و ئایا ژێر بەگشتی دەکرێ بابەتی کرداری ئاکارییانە دیار و دەستنیشان بکات، بەلای هیومەوە، لەچوارچێوەی ڕێبازی ئەزموونیدا، هۆشی ئاکارییانە بەناوەرۆکییەوە دەکرێ بەشێوازێکی ئیمپری- باسکردن و ڕوونکردنەوە لێوەی بکۆڵرێتەوە، چونکە دوو جۆرە دەستەواژە لەو دەڤەرەدا لەبەر دەستدان:

- دەستەواژەی بوونەکی ist.
- دەستەواژەی دەبێ Soll.

تێکەڵ کردنی ئەو دوو جۆرە دەستەواژەیە کە گوایە بابەتەکانی ئاکار دەردەبڕن، ئەو دیاردەیەی لێکەوتۆتەوە کە بە ئەنجام چەوتی سروشتی ناودەبرێ و پێویستە و دەبێ ئەو لایەنە سەرنج بدرێت و ڕوون بکرێتەوە. هیوم گوتوویەتی:

لە هەموو جیهاندید و سیستمێکی ئاکاریدا کە بەرچاوم کەوتوون، هەستم پێکردووە و سەرنجم بۆ ئەوە ڕاکێشراوە کە نووسەرەکە لەسەرنجدان و وردبوونەوەیدا کە بەرەو پێش چووە و بابەتی بوونی ڕەبی دەستنیشان و دیارکردووە، یان لە شمەکە مرۆڤییەکان ورد بووبێتەوە، یەکسەر و لەناکاو کە بەلای منەوە چاوەڕوان نەکراو بووە لە جیاتی وشەی ist بوون کە پێوەندی دوو دەستەواژە دەستەبەر دەبێ چووە وشەی Soll دەبێ، یان نابێ بەکارهێناوە، ئەو جێگۆڕکێیەی ئەو دوو وشەیە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ، ڕوویداوە، بەڵام ئەوپەڕی گرینگە بزانرێ کە ئەو «پێویستە» پێوەندییەکی دیکەی جیا لەپێوەندی «بوون» دەردەبڕێ و دەبێ بە وردی ڕوون بکرێتەوە(١٩).

جیاکردنەوەی بابەتی «بوون» لە بابەتی «دەبێ-

پێویستە» ڕەنگڕشتنی سنووری ڕاستییەکانی هەڵکەوت و ڕاستییەکانی بیرکاری دەگەیەنێ و ئاکار ناچێتە خانەی هیــچــیــانەوە، چونکە هەست و ســۆزی ناخ نەک ژێر بنچـوبناوانی کـرداری ئاکـاری و بڕیار و (حـوکم) دانی ئاکار و بە چاک و هەندێکی تر بە بەد و ناپەسند دەزانن، بەهیچ جۆرێک ئەنجامێک نین پێوانە ئاسا کەوتبنەوە، بەڵکو جۆرە پاساودان و پەسندکردنی Zustimmung ڕاســتــەوخــۆی ســۆز و هەستن کــە لە ناخی مــرۆڤــەوە هەڵدەقوڵێن و لە بەرانبەر چاکەکاریدا هەست بە چێژ و خـۆشی و لەبەرانبــەر بەدکــاریی و نارەواییــدا بێــزار و دڵتەنگ دەبێ.

ئەنجامگیریی خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی ژیرەکییە. بە تایبـەتی لە زانســتــە ڕوخـســارییــەکــاندا- بیــرکــاری و ئەندازە- ئەگەر بابەتەکانی ئاکار سەر بە سۆز و هەست بن و پابەندی ژیر نەبن، ئەوە هەسـتی سـتـایش کـردن و پەسندکردنی کاری چاکەکەیە ئەو بڕیارە پاساو دەداتەوە، مرۆڤ لەو دەڤەر و کایەی ئاکاردا بەلایەوە گرینگ نییە، بپرسێ هۆکاری ئەو پەسندکردن و ڕەزامەندییە چییـە؟ چونکە شتێک، کردارێک ئێمە دڵخۆش ناکات، چونکە چاکە و چاکەکارییە Tugendhaft، بەڵکو لەوەدا کە ئێــمــــە هەست دەکـــەین بە شـــێــــواز و ڕێگایەکی دیاریکراو(٢٠) دڵخۆشمان دەکات، هەست دەکەین کە ئەو شــتــــە، ئەو کــردارە، ئەو کـــارەکـــتـــەرە چاک و چاکەکارییە.

شــتــێکی ڕوون و ئاشکرایە و دەرفــەت و بواری هیچ ئەگـەر و گـومـانێک نادات کـە مـرۆڤ ئاســوودە، یان نائاسوودە و نیگەران دەبێ ئەگەر ئەوەی وێنای دەکات و بۆی دەچێ و بەبیـــــــریدا دێت، یـان ئـەوەی بـەهـۆی کردارێکەوە کەوتۆتەوە سوودی پێ ببەخشێ(٢١)یان زیـانـی لـێ بـدات، بـەڵام ئـەو بـۆچـوونـە بـڕیـارە ئـەوەی لێناکەوێتەوە کە مرۆڤ سروشت ئاسا خۆپەرستە و هەر خەریکی خێر و خۆشی خۆیەتی، چونکە فرەجار مرۆڤ شــتــێک پەسند دەکـات، بڕیارێک لە بارەی شــتــێکەوە دەدات سوود بە خۆی ناگەیەنی و هەندێ کاری تر پەسند ناکات، کەچی کارەکە سوودی پێدەگەیەنی، بەڵام لەگەڵ ئەو سوودەشدا پێی ڕازی نابێت.

**فەلسەفەی ئایین**

١- هەڵوێستی دێڤید هیوم بەرانبەر بە ئایین بە گشتی و بەرانبــەر بەو بەڵگانەی فــەیلەســووفــەکــان بۆ ســاغ کـــردنەوەی بوونی ڕەب هێناویانەتەوە لە چوارچێـــوەی جیهاندیدە ئەزموونییە- ئیمپریبیەکەی بە تەواوەتی ڕوون دەبێتەوە.

ئەگەرچی ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە و هیچ ئەگەر و گـومـانێک هەڵناگـرێت کـە ئایین خـۆی لەخـۆیدا، با لە هەندێک ڕوانگەوە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش دابنرێ، یان سەرنج بدرێت، ئەوە بابەتی بڕوا و باوەڕە (عـەقیدە و ئیـمـان) و ڕووی گـوفـتـار دەکـاتە دڵ و دەروون و نـاخی مـرۆڤ و جۆرە ئاسـوودەیی و دڵنـیـاییـەکی پێـدەبەخشێ، بەڵام بابەتێکی ترانسندێنتییە هەموو ڕادە و سنوورێکی توانا و برکـردنی ژیری مـرۆڤ دەبەزێنێ و ئەو گـومـانە دەورووژێنێ، ئایا دەکرێ بە زمانی ئاسایی مرۆڤ قسەی لێ بکرێ و بەپێوەری ژیر هەڵبسەنگێنرێ؟ ئەو پرسیـارە گــەرمـــوگـــوڕییـــەکـــەی تاڕادەیەک لە دەست دەدات و ڕەنگەکەی کاڵ دەبێتەوە ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕەوشە بهێنێتە بەرچاوی خــۆی کــە بابەتی گــابریێلی مــەســیــحی و (جــبــراییلی ئیــســلام) و هێنانی پەیامی پاک بەهۆی چالاکی و پرۆســەیەک کــە بەڕەوش (Eingebung) ناسراوە داماڵینی بەرگی ترانسندێنتی نامۆیی ئایینەکەیە و دەســتــەمــۆکـردن و گـونجـاندنی بووە لە چوارچێـوەی کۆمەڵگایەکی کات و شوێن دیاریکراودا لەنێو کۆمەڵانی خەڵک کـە بڕوایان پێ هێناوە، بۆیە سەیر نایەتە بەرچاو کە لە سۆنگەی ئیمپری- ئەزموونی هیومەوە تاڕادەیەک بە پێچەوانەی جیـهاندیدی باوی بۆ ماوەی فەلسـەفەی پێش خـۆی کێشـەی ئایین و بەڵگەکـانی ساغ کـردنەوەی بوونی ڕەب بەدەربکەون و قسەیان لێ بکرێت.

٢- بەو پـێـــــودانگـەی هیــــــوم بـابەتی ئاکـــــاری هەڵسـەنگاندووە، بابەتی ئایین و لقـەکـانیـشی هەر لە بنەما دۆگم و ڕێساوە تاوەکو بەڵگەکانی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب هەڵدەسـەنگێنێ و کـەرەسـەکـەشی تاووتو دەکـات. ئایین وەک بابەتی ئاکـار هیچ پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆی بەژیر و لۆژیکەوە نیـیـە، بەڵکو توندوتۆڵ بەسروشتی ناخی مرۆڤەوە بەندە. ئەگەر وانەبایە، دەبوو بنەمایەکی هاوبەشی لەنێو هەموو میللەتانی سەرزەویدا هەبایە، بەڵام مرۆڤ دەبینێ و هەست دەکات کـە دۆگم و بڕوا و مـەزهەبەکـانی تاکـە ئایینێک و بگرە ئایینەکـان بەگشتی لەنێو یەک نەتەوەدا (کورد- سوننە- شیعە) و لە جـــێگایەکـــەوە بۆ جـــێگایەکی دی و لە کـــات و

سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن و جیاوازن. کەوابوو هۆکاری ئەو جیاوازی و لە یەکتری نەچوونە چییە؟ ئەو بنەمایانە چین و کامانەن کە بڕوا و باوەڕی ئایین لەسەری دامەزراون؟(٢٢)

هەر چۆنێک ئەو بنەمایانەی ئایین لە سەریان دامەزراوە لێک بدرێنەوە، گومان لەوە ناکرێ کە هیچ میللەتێک لە دنیادا نییە کە ئایین لەنێویدا بلاونەبووبێتەوە، جا ئەو ئایینە لەنێو خۆیدا سەری هەڵدابێ، یان بۆی هێنرا بێ و پەسندی کردبێ.

مرۆڤ وەک چۆن بوونەوەرێکی ژیرە، بە هەمان شێوە خواست و هەست و ڕاز و نیاز و مەراز و ئاوات و ئامانجی هەیە. ئەو بنەمایانەی ئایین ڕوو لە بەشی دووەمی پێکهاتەی کەسایەتی ژیانی مرۆڤ دەکەن کە لەلایەنی سۆزەکەیەتی. سۆز کە هەستێکی ناخی مرۆڤە، ناکرێ لەلایەک لە ترس و نیگەرانی و لەلایەکی دیکەوە لە ڕاز و نیاز و هیوای دواڕۆژ جیا بکرێتەوە کە هیچیان نە هۆکارەکانیان و نە ئەنجامیان بەشێوەیەکی دڵنیایی لێکراو دیارنین، بۆیە بوونی جیهاندیدێکی سیستم و نەزم ئاسا کە بڕوا (عەقیدە)ی پێدەگوترێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە شتێکی پێویست و ناچاری، چونکە هەر نەبێ جۆرە دڵنیایی و ڕەوانەوەی کاتەکی ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبەخشێ و لەلایەکەی دیکەوە گریمانەی هێزی دەسەڵات بێ سنووری سەروو سروشتی ترانسندێنتی دەکات کە هەرچی هەیە و نییە هەرچی دەقەومێ و ڕووەدات بە بەشێک لە خواست و فرمان و بڕیاردانەکانی دادەنرێن. ئەگەر ئەو لایەنانە لەلای مرۆڤی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەدا بابەتێکی سروشتی بن لە فەلسەفەدا کێشە و گرێ کوێرە بوون و هەمیشە ئیستەرەم خامە و هزری بیرمەند و فەیلەسووفانیان ناچار کردووە خۆیانیان پێوە خەریک بکەن.

٣- لە سەردەمی دەستبەکاری هیومدا، لاهووت بەگشتی و هەوڵ و کۆششی پشت ڕاست کردنەوەی بوونی هێزێکی سەروو سروشتی داهێنەری تێکڕای بوون و بوونەوەر گەڕموگوڕی خۆی لەدەست نەداوە. بەگشتی ئەو بەڵگانە لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی لاهووت و کڵێسە و فەلسەفە لە ئارادابوون:

- بەڵگەی نەزم و ڕێکوپێکی لە سروشتدا.
- بەڵگەی ئامانجەکی.
- بەڵگەی یەکەم بزوێنەر. (ئەرستۆتالیس).
- بەڵگەی بوونەوەری ناچاری (سانت ئەنسلم).

هیوم کە ڕابەرێکی ڕێبازی فەلسەفەی ئەزموونی بووە و گومانی لە پێوەندی ناچاری و ژیرەکی هۆکار و ئەنجام هەبووە و کۆشاوە بابەتی ئایین جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ چالاکانە کۆنترۆڵی ژیانی ئاکاری تاک و مرۆڤی کۆمەڵایەتی بکات، بۆیە لەو باوەڕەدابووە کە بیرۆکەی ڕەب بنەمایەکی ئەزموونی- ئیمپری هەیە و ناکرێ بە سەلمێنەی ئۆنتۆلۆژی و هۆیەکی بوونەکەی ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، لێرەوە گومانی لەو ئەنجامانە هەبووە کە لەو چوار بەڵگانە کەوتوونەتەوە. بەڵگەی نەزم و ڕێکوپێکی گرینگترین بەڵگەیە کە لەو کایەیەدا ڕەنگی ڕێژراوە و هێنراوەتەوە. ئەو بەڵگەیە لە دووبەش پێکهاتووە:

**یەکەم:** لە ئەنجامەوە بەرەو هۆکار هەنگاودەنێ. هەبوونی نەزم و ڕێکوپێکی لە سروشت و گەردوون و ژیاندا و سروشت و تێکڕای بوونیش پێکەوە بە ئەنجامی هۆکارێک دادەنێ و دەکۆشێ بەهۆیەوە بوونی ڕەب- هۆکار- پشت ڕاست بکاتەوە.

**دووەم:** لە یەکچوونی وەستایەکی مرۆڤ(٢٣) لەگەڵ ڕەب کە وەستای دروستگەری بوونە گریمانە دەکات.

بە باوەڕی هیوم ئەو بەڵگەیە بەپێی ناوەڕۆکەکەی بڕ ناکات و ئەو ئەنجامەی لێیدەکەوێتەوە پەسند نییە و بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پشت ئەستوور نابێ و نییە، چونکە گومان لەوە دەکرێ کە بشێ و بگونجێ و بتوانرێ هۆکارێک بەهۆی ئەنجامەکەیەوە بزانرێ و بناسرێ. هیوم گوتوویەتی:

«ئەگەر ئەنجامێک Wirkung بە دەر بکەوێ و جۆرە تاقانە و تاکوتەرا بێ و نەکرێ لە خانەی جۆرێکی ناسراو و زانراودا پۆلێن بکرێت، بە باوەڕی من بەگشتی ناکرێ دەربارەی هۆکارەکەی مەزەندە بکرێت، یان لێخستنەوەیەک ڕۆبنرێ.»(٢٤) هیوم بەو بڕیارەی ئەوەی دەرخستووە کە ئەگەر مرۆڤ ڕەببانییەت بە هۆی داهێنانییەکانییەوە بناسێ، بابەتەکە بەو جۆرە نابێ، چونکە سروشت کە لێرەدا مەبەست لە داهێنانەکەیەتی، گەوهەرێکی تاک و بێ وێنە و بێ جۆرە لە گەردووندا، بۆیە ناکرێ بەهۆیەوە و لە ڕێگای ئەزموون و ئیمپری و شارەزاییەوە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ڕەب بخرێنەوە و بەدەست بێن، بۆیە دەبێ بابەتی ڕەببانییەت وەک بابەتەکانی ئاکار کەرەسەی سۆز و هەست و نەستی ناخی

مرۆڤ بێت.
له جیهاندا، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر نەزم و ڕێکوپێکی و چاکە و چاکەکاری هەبێ، ئەوە لە بەرانبەریاندا بێ نەزمی و ئاژاوە و بەد و بەدکاریش هەیە، بۆیە ناکرێ لە بوونی ئەو نەزمەوە ئەنجامگیری ئەوە بکرێ کە ڕەبێکی چاک و چاکەخواز هەیە. دەربارەی خاڵی دووەمیش هیوم بە هەمان شێواز هەڵوێستی نارێ لە بارەیەوە تۆمار دەکات و ڕایدەگەیەنێ کە مرۆڤ ڕۆژانە چەندین جار تاقیکردنەوە و کرداری دووبارەبووەوەی شارەزاو مرۆڤە وەستاکان دەبینێ و هەست پێ دەکات، بەڵام ئەو دووبارەبوونەوەی کرداری داهێنەرانەی ڕەب نە لە ئارادایە و نە هەستی پێ دەکرێ.
– خاڵی دووەمیش هەر بەلای هیومەوە پەسند نییە، چونکە دەست ڕەنگینی و وەستایی و پسپۆڕی وەستای بیناسازیی کە خانوویەکی جوان دروست دەکات ئەو ئەنجامەی لێ ناکەوێتەوە کە هێزێکی سەرووسروشتی گەورە وەستا بوونی ساغ بکرێتەوە(٢٥).

**ئەنجام**

هیوم بەڕاستی ڕابەرێکی دەست ڕەنگینی فەلسەفەی ئیمپری– ئەزموونی ئینگلیزە و بەشێوازی تایبەتی خۆی، بەڵام داهێنەرانە پەرەی بەو نەریتەی فەلسەفە داوە کە جۆن لۆک بەردی بناغەکەی داناوە و لەلایەن بیرکلی درێژەی پێدراوە.
لەبەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە و تێیدا سەرکەوتوو بووە، تیوری زانین بە جوانتر شێوە بکات بەسەر پشک و یەکەم بابەتی فەلسەفە و جێگا بە میتافیزیک لەق بکات و بیخاتە دوایەوە.
ئەگەر دیکارت سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابێ کە مرۆڤ بوونەوەرێکی هزرمەندە و ژێر لە پەیڕەوی هزر و زانستەکاندا سەر پشک بێ و سپینوزا سنووری دەسەڵات و سەرپشکی ژێری بۆ هەموو دەڤەرەکانی تەورات و ئینجیل و کەنیشتەی جوولەکە و کڵێسەی مەسیحی و باوەڕ و ئیمان و کونوکەلەبەرەکانی ئایین و زانست و سیاسەت و قانوون و دابونەریتەکانی ژیان و ڕژێمی فەرمانڕەوا درێژ کردبێتەوە، ئەوە هیوم ئەو ڕۆڵەی بەئەزموون و تاقیکردنەوە سپاردووە و توانیویەتی کێشەکانی تیوری زانین بەرێتەوە سەر بنجوبناوانیان و لەسەر بنەمای ئەزموون و تاقیکردنەوە شیبیان بکاتەوە.

پشت ئەستوور بە ئەزموون و پەیڕەو بنەمای ئیمپری کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە سۆز و هەست ئامانجەکانی کرداری ژیانی مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکەن و ژیریش لەلای خۆیەوە ئامرازی ڕاست و دروستی گەیشتنە ئەو ئاوات و ئامانجانە دیاری دەکات، بۆیە ژیر دەبێ بەند و خزمەتچی هەست و سۆز بێ و لەو ئەرکە بەولاوە کارێکی تری نییە!
هیوم لە کۆتایی شاکاری توێژینەوەیەک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ قسەیەکی کردووە، بووە بە دروشمی تێکڕای ئەو ڕێبازانەی فەلسەفە کە پشت دەکەنە میتافیزیک و دەست بە دامێنی زانستەوە دەگرن و پەنا دەبەنە بەر ماتماتیک وەک پەیڕەوێکی ڕوخسارەکی پابەند نەبوو بەکات و شوێن و لە هەموو سەردەمێکدا ئەنجام دروست. هیوم گوتوویەتی: «لە کتێبخانەیەک کتێبێک بە دەستەوە دەگرین، دەربارەی لاهووت، زانستی ڕەببانی، یان میتافیزیک بێ، دەبێ یەکسەر بپرسین: ئایا ئەو کتێبە ئەنجامگیرییەکی ڕووت و پەتی (ئەبستراکتی) لە بارەی چەندێتی، یان لە بارەی ژمارەوە تێدایە؟ نەء. ئایا دەربارەی ڕاستی و بوون ئەنجامگیرییەکی پشت ئەستوور بە شارەزایی و ئەزموونی تێدایە؟ نەء. کەوابوو دەبێ ئەو کتێبە فڕێ دەینە نێو ئاگردانەوە.» (٢٦).
بە باوەڕی هیوم هەروەک لەو قسەیەی کە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفییەکانی جیهاندا بڵاوە و بیستراوە، ڕاستی، بەدەستەواژە دەردەبڕدرێ. دەستەواژەش دووجۆرە:
– دەستەواژەی شیکاری ئەوانە هەمانگۆبین وەک ئەوانەی بیرکاری و ئەندازییاری و هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا ڕاستن، چونکە شتی نوێ دەربارەی جیهانی دەوروبەر نادەنە دەست و پابەندی کات و جێگا نین.
– دەستەواژەی لێکدراو: ئەوانەی بابەتەکانی زانستە ئەزموونییەکان دەردەبڕن (فیزیک...) دەکرێ ڕاستی و چەوتییان بە پێوەری دیاریکراو ساغ بکرێنەوە. لەوانە بەولاوە بایەخی زانستیان نییە و دەبێ کتێبخانەکانیان لێ پاک بکرێتەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:


**1- Immanuel kant.: Prolegomena zu einer jeden kunftigen Metaphysik die als Wissenschaft wird auftreten Konnen. werke. 3. KoneMann. Koln. 1995. Vorrede. S.15.**

**2- Dr. Harald Hoffding.: Geschichte der neueren Philosophie Leipzig. 1921. S.435. ff.**

**٣- د. جعفر آل ياسين: الفكر الفلسفي عند العرب. بيروت ١٩٩٣، ص٢١.**

**4- David Hume.: Ein Traktat uber die menschliche Natur. Buch. I. uber den Verstand. Erster Teil. Vierter Absch. Hamburg. Meiner. 1989. S.20. ff.**

**5- Rudolf Metz.: David Hume. Leben und Philosophie. Stuttfart 1929. S.93. ff.**

**6- David Hume.: Ein Untersuchung uber den menschlichen Verstand. Meiner. Hambury 1984. Erster Abs. (S.6. G.4.) S. 3-4. ff.**

**7- Gottfried Gabriel.: Grundprobleme der Erkenntnistheorie 3. Auflage. Schoningh. UTB. Paderborn. 2008. S. 54.**

**8- David Hume.: Ein Traktat uber die menschliche Natur. S.9. ff.**

**9- Ernst Cassiere.: Das Erkenntnisproblem. Zweiter Band. WB. Darmstadt 1974. S.340. ff.**

**10- Aristoteles.: Poetik. Reclam. Stuttgart. 1987. Par. 8.**

**11- Franz Schupp.: Geschichte der philosophie Bd.3. Neuzeit. Meiner. Hamburg. 2003. S.275. ff.**

**12- Daivd Hume.: Ein Traktat... S.105 ff.**

**13- Daivd Hume.: Ein Traktat... S. 213 ff.**

**14- Daivd Hume.: Ein Traktat... S.93 ff.**

**15- Daivd Hume.: Ein Untersuchung... S. 63 (77).**

**16- Daivd Hume.: Ein Untersuchung. S.25. (35).**

**17- Daivd Hume.: Ein Traktat ... B.II. Abs. 3. S.151- 153.**

**18- Daivd Hume.: Ein Traktat ... B.III. Abs. 2. S.204.**

**19- Daivd Hume.: Ein Traktat ... B.III. Abs. 2. S.211.**

**20- David Hume.: Ein Traktat... B.III. Abs. 2. S.213.**

**21- Franz Schupp.: Ebenda. S.280. ff.**

**٢٢- د. كريم متي: الفلسفة الحديثة. بيروت لوبنان ٢٠٠١، ط٢، ص٢٣٠ فما بعد.**

**٢٣- جيمس كولينز: الله في الفلسفة الحديثة. ترجمة: فؤاد كامل. بالاشتراک مع مؤسسة فرانكلين. القاهرة- ١٩٧٣. ص١٧٢ وفي اماكن أخرى.**

**24- Daivd Hume.: Ein Untersuchung uber den menschlichem Verstand. Meiner. Hamburg 1984. Abs. XI. G122.**

**25- Franz Schupp.: Ebenda. S. 284. ff.**

**26- Daivd Hume.: Eine Untersuchung. Abs. XII. S.165. GI35.**

# سەرچاوەی چیرۆکە هەواڵە باشەکان

دێڤید ڕانداڵ
لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

وا دیارە هەندێ لە باشترینی چیرۆکەکان بە هۆی ڕووداوەکان، دەست لە کارکێشانەوەکان، لێقەومانە لە ناکاوەکانەوە دەست بکەون، تا ئاستێک کە ڕاستییە گەوهەرییەکان بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی ببنە مانشێتەکانی هەواڵ. ڕۆژنامەنووسان ناتوانن شتێک بکەن کاریگەرییان لە بوونی ئەم جۆرە چیرۆکانەدا هەبێت، ئەوەی دەتوانین بیکەین پێشکەش کردنی چەند دانەیەکە لە بارەیەوە، دوای ئەوەی بە باشترین ڕێگە ئامادە دەکرێن و دەنووسرێنەوە، بەڵام زۆر لە چیرۆکە باشەکانی دیکە پشت بە ڕۆژنامەنووسان دەبەستن، ئەو چیرۆکانەی کە وەک ڕووداوی لاوەکی دەست پێ دەکەن، بەڵام دواتر بە هۆی ئاشکرا بوونی هەندێ لایەن و سیمای شاراوەوە سەرسامکەر دەبن، هەروەها ئەو چیرۆکە ڕاستەقینانەی کە بە لای جەماوەرەوە نادیارن، تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەنووس دەیاندۆزێتەوە و لەبارەیانەوە دەنووسێت.

لەم پرۆسەیەدا شتێک نییە ڕێککەوتوویی، یان نمایشی بێت، چیرۆکی باشی لەم چەشنە لە نادیارەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە لایەن ڕۆژنامەنووسانی سەرکەوتووەوە دێت، کە دەزانن لەکوێ دەگەڕێن و چۆن بە شێوەیەکی ڕاست کارەکان ئەنجام دەدەن، لەبەر ئەمە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەو جۆرە چیرۆکانە ئامادە دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە ئاساییەکان، بەڵام ئەو تەمومژییەی بە ئاشکرا بە سەرچاوەی چیرۆکە باشەکانەوە دیارە، هیچ کات بە پرسیاری مەتەڵاوی دانانرێت، بەڵکو کارەکە پێوەندی بە گرتنەبەری پەیڕەوکاری دروستەوە هەیە، سەرەڕای زانینی ئەو شوێنانەی بە دوایدا دەگەڕێیت و ئەو شوێنانەی فەرامۆشی دەکەیت.

**نەریتی پەیامنێرە سەرکەوتووەکان**

شیاوترین پەیامنێر باشترین چیرۆکە هەواڵی دەست

دەکـەوێت، چونکە بەهرەی خـۆڕسکی بەهێـزیان هەیە و دەزانن لەکـوێ بە دوای هەواڵدا دەگـەڕێن، پێـوەندی بە کێوە دەکەن و چی دەپرسن. سەبارەت بە وردەکاری، ئەوە لە سێ بەشی داهاتوو لەبارەی سـەرچاوەکـان و گـەڕان و لێـپـرسـینەوە، باس دەکـرێت. پەیامنێـران نەریتی دیکەشیـان هەیە، لەوانەیە کـەمـتـر ڕوون بن، بەڵام بە هەمـان ڕادەی گـرنگی، بە بەردەوامی چیـرۆکی باش بەرهەم دەهێنن.

## دۆزینەوەی هەموو ڕێگەیەک

لەوانەیە پێداگیری و سوور بوون، جیاوازی گەورە و بەرچاوی نێوان پەیامنێری ئاسایی و باش بێت. چیرۆکی دیریک لامبرت بە نموونە دەهێنینەوە، کە لە ڕۆژنامـەی "دەیلی مـیـرۆر" لە ژێر تاقـیکردنەوەدا بوو. لە یەکـەم سەرنجدا چیرۆکەکە تاوانێکی کوشتنی ئاسایی بوو. لاشەی پیاوێکی پۆڵەندی لە ژێرزەمینی ماڵێکی ئاسایی لە مانچستەر دۆزرایەوە، کە بە چەقۆ بریندار کرابوو. بۆ ڕوومـاڵ کردنی ڕووداوەکـە لامبرت ڕەوانەی ئەو شـوێنە کـرا، بابەتەکـە لەوە نەدەچوو گـرنگ بێت. دراوسێکان هیچیان نەدەزانی و شتێکیان نەگوت، هەروەها پیاوانی پۆلیس کـە چاودێری شـوێنی تاوانەکـەیان دەکـرد، هیچ زانیارییـەکی گرنگیان نەدرکاند، کاتێکیش لامبرت بۆ بنکەی پۆلیس چوو، پێـیـان گـوت ئەوان ناتوانن هیچ شتێکی زیاتر لەوەی ڕاگەیەندراوە، بدرکێنن.

لەم کـاتەدا پەیامنێـری ئاسـایی بۆ نووسـینگەکـەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی بڵێت مەسەلەکە هیچ شتێکی وای تێدا نییـە سەرنجڕاکێش بێت. لە ڕاسـتـیدا پەیامنێـرە ڕکابەرەکانی لامبرت وایان کرد، بەڵام ئەو پەیامنێرێکی ئاسـایی نەبوو، بەڵکو سـوور بوو لەسـەر ئەوەی زانیـاری زیاتر بزانێت، ئومـێـدی بەوە بـوو هەندێ زانیـاری لەو پۆلیسـە دەست بکەوێت کە لەو ڕۆژەدا ماوەی کارکردنی لە بنکەکـەیدا تەواو بوو. دوای کەمێـک، دوو لێکۆڵەری بینی سـواری ئوتۆمـبـێلێک دەبن، لەو بڕوایەدا بـوو لەو تاوانە دەکـۆڵنەوە، بۆیە دووبارە گـەڕایەوە شـوێنی ڕووداوەکـە. لەوێ دوو پیـاوی بە جلوبەرگی فـەرمـیـیـەوە بینی لە دەرگـەکـان دەدەن، خۆی بە هەردوو لێکۆڵەرەکە ناساند و لەبارەی بابەتەکەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردن، لە ئەنجـامـدا بۆی دەرکـەوت کـوژراوەکـە هەواڵدەری پۆلیس بووە، ئوتۆمبێل لێی داوە پاشان بە چەقۆ لێی دراوە تا گیانی لە دەست داوە. لامبرت زوو چیرۆکەکەی نووسی و ناردی بۆ نووسـینگە: "شـەوی ڕابردوو پۆلیس خـەریکی لێکۆڵـینەوە بوو لەبارەی ئەو پیـاوەی دوو جـار کـوژرا". چیـرۆکـەکە بووە مـانشـێـتی سـەرەکی لاپەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامەکە، بەم کارە لامبرت لە ڕۆژنامەی "دەیلی میرۆر" وەرگیرا.

## "خاوە خاوکردن" لە شوێنی ڕووداودا

پەیامنێـری باش بە هەناسـەسـواری و درەنگ وەخت ناگـاتە شـوێنی ڕووداوەکە، مـەگـەر لەبەر هۆکـارێکی زۆر پێویست نەبێت. پەیامنێران دەبێت یەکەم کەس بن بگەن و دوایین کەس بن کـە بڕۆنەوە، ئەگەر کـاتی پێویسـتـیـان هەبێت. بەمـەش لەگـەڵ ڕووداوەکـە و کـەسـایەتیـیـە کـاراکـانی تێکەڵاو دەبن، ئەوەی لەبارەیەوە دەگـوترێ دەبیستن و تێبینی وردەکارییە بە سوودەکان دەکەن و قسە لەگـەڵ خـەڵکدا دەکـەن، پرسـیـار دەکـەن. سـروشـتی ڕووداوەکـــە هەرچیـــــەک بێت: داوای یاســـایی، لێکۆڵـینەوەی گـشـــتی، کـۆبوونەوەی سـیــاسی، دەسـتـپـێکردنی هەڵمـەت، نووسـینی ڕاپۆرتێک، بەڵام باشـترین چیـرۆکـە هەواڵ لە بەشی ئاشکرای ڕووداوەکە دەست ناکــەوێت، بەڵکو لەو کــاتەدا دەبێت کـــە ڕۆژنامـــەنووس لە پێش و دوای ڕووداوەکـــە لەگـــەڵ بەشدارانی ڕووداوەکە بە سەری دەبات. سەرەڕای هەموو شـــتـــێـک، زۆربەی خـــەڵک لە دەرەوەی پیـــشـــەی ڕۆژنامەنووسی، لە پێکهاتەکانی چیرۆکە هەواڵێکی باش نازانن، زانیاری بەسوودی وەها نادرکێنن کە چیرۆکێکی باشـتـر بەرهەم بێت لەوەی ڕۆژنامـەنووس بۆی هاتووە، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە بە شێوەیەکی ناڕەسمی لە پێش و دوای دیدارەکە دەدوێن.

## بەختت بە کۆششتەوە بەندە

بۆ ئەوەی بەخت یاوەرت بێت، دەبێت خـۆت بخـەیتـە پێگەیەکەوە کـە بشێت بەخت یاوەرت بێت، ئەم کـارەش لە لایەک پشت بە بەردەوام بوون و کـۆڵنەدان، لە لایەکی دیکەشەوە پشت بە بەهرەی خۆڕسکی دەبەستێت، کە بۆ بەشی ورووژاو و کـارای چیرۆکەکە ڕێنوێنیت دەکات، بە تایبــەتی کــاتێک چیــرۆکــەکــە گــرنگ بێت و زۆر لە پەیامنێـران بە دوای وردەکـارییـەکـانەوە بن، لە لایەکی ترەوە پشـت بە شـــــوێـن پێ کــــــەوتـنی هـەنـگـاوی ئاژاوەچییەکان دەبەستێت. لە ساڵی ١٩٨١ تەقە لە پاپا کـرا و برینداریان کـرد، لە سـەرانسـەری جـیـهـانەوە پەیامنێران هاتن بۆ ڕۆمـا، لە نێویاندا جۆن ئیـدواردز لە ڕۆژنامـــەی "دەیلی مـــیـــرۆر" بوو، ئیـــدواردز وەک

هاوپیشەکانی کاتژمێر ١١.٣٠ ی شەو گەیشتە ڕۆما، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ هوتێل بچێت، ویستی هەر زوو وردەکاری چیرۆکەکە بزانێت، بەڵام بۆ کوێ بچێت؟ گۆڕەپانی قەدیس پوترس پڕ بوو لەو ژنە قەشانەی کە نوێژیان بۆ چاکبوونەوەی پاپا دەکرد. پۆلیسیش هیچ شتێکی دیکەی نەدرکاند جگە لەو ڕاگەیەندراوە کورتە نەبێت کە بڵاوی کردبووەوە. ئیدواردز بیری کردەوە بچێتە ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی تێدا پەرە دەستێنێ، ئەویش ئەو نەخۆشخانەیەیە کە پاپای تێدا لە سەرەمەرگدایە.

کاتژمێر یەکی بەرەبەیانی کاتێک گەیشتە نەخۆشخانەکە، ئیدواردز سەری سوڕما لەوەی بینی ئەم تەنیا پەیامنێرە لەوێیە، لەوەش گرنگتر ئەوە بوو ڕێگەکە لە بەردەمی والا بوو (پیاوانی پۆلیسی نەبینی ڕێگە لە چوونە ژوورەوەی بگرن). بەم جۆرە چووە نێو نەخۆشخانەکە و کەمێک تێیدا سووڕایەوە، پاشان ژووری چاوەڕوانی دۆزییەوە، لەوێ دانیشت و چاودێری هاتوچۆکەی دەکرد، خەوبردییەوە، کاتژمێر ٦ی بەیانی بە دەنگی کردنەوەی دەرگا و پێی مرۆڤ بە ئاگا هاتەوە. شەش پزیشکی بینی جلوبەرگەکانیان بە خوێنەوە بوو، وا بۆ ژووری چاوەڕوانی دێن و دواتر دەچنە باڵکۆنەکە، ئەوان جگەرەکانیان دادەگیرسێنن و شنەبای بەیانی زوو هەڵدەمژن، بینییانی پێدەکەنن، لێیان نزیک بووەوە و بابەتەکەی لەگەڵیان باس کرد، بۆی ئاشکرا بوو ئەمانە ژیانی پاپایان ڕزگار کردووە، ژمارەیەک لەو پزیشکانە بە ئینگلیزییەکی ڕەها دەدوان، ڕەزامەندی خۆیان لەو کارەیان دەربڕی کە شەوی ڕابردوو ئەنجامیان دابوو، بە ویستی خۆیان و بەوپەڕی ئازادی ئەو زانیاریانەیان پێدا کە پێویستی پێیەتی، تەنانەت لە دەفتەری تێبینییەکانیشیدا چەند وێنەیەکیان کێشا، تێیاندا هەنگاوەکانی پرۆسەی نەشتەرگەرییەکەیان بە وردەکارییەوە بۆ ڕوونکردەوە، بۆیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە، دواتر ئیدواردز ئەم چیرۆکە بە باشترین بەرهەم لە ژیاندا دابنێت.

## باشترین شێواز بۆ چیرۆکە هەواڵ

هەندێ بەهرەی خۆڕسکی تەمومژاویی پەیامنێرە باشەکان، وەک گومان دەکرێت شارەزایی و ئەزموون نییە، لە ڕاستیدا حساباتی ڕاستەوخۆ و بەرنامە بۆ دارێژراوە. لە گرنگترینی ئەو کلیلانەی ڕۆژنامەنووسە سەرکەوتووەکان بە کاری دەهێنن "پەتی بیرکردنەوەکان"ە.

باشترین داڕشتن بۆ ئەم چیرۆکە چییە؟ ئەگەر ڕەچاوی هەموو سیناریۆ و ڕاستییە ئەگەرییەکان بکەیت، بەهێزترین پێشەکی چییە بکرێت بینووسمەوە؟ ئەم پلاندانانە لە ناسینی ئەو چیرۆکە هەواڵانە بە سوودە کە شایانی بەدواداچوون نین، یارمەتیدەریشە لە دۆزینەوەی ئەوانەی گرنگ و کاریگەر و وروژاون.

## متمانە بەستن لەگەڵ سەرچاوەکاندا

پەیامنێرە بەتواناکان پارێزگاری لە پێوەندییەکی ڕێکخراو دەکەن لەگەڵ سەرچاوەکانیان، تەنیا لە کاتی پێویستدا پێوەندییان پێوە ناکەن، لە ڕێگەی ناوبەناو ئامادە بوون لە چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکان و ناوە ناوە گواستنەوەی زانیارییەکان بۆیان، کار بۆ توندوتۆڵکردنی ئەم پێوەندییە دەکەن. مەبەستەکەش ئەوەیە، سەرچاوەی زانیارییەکان، ڕۆژنامەنووسە "هاوڕێیەکەی" لەبیر بێت کاتێک چیرۆکێکی باشی لا دەبێت، هەروەها سەرچاوەی زانیارییەکان ئەو ڕۆژنامەنووسەی وەبیر دێتەوە، کە سەلماندوویەتی دەستپاک و وردە، تەنانەت ئەگەر پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕێکخراویشی لەگەڵ نەبێت. دەکرێت متمانەبوون بە ڕۆژنامەنووس بە چەندین ڕێگە یارمەتی ڕۆژنامەنووسەکە بدات. یەکێک لە خانمە بەرپرسەکانی پارتی فەرمانڕەوا کە لە ناسیاوەکانم بوو، ڕۆڵێکی کارای بینی لە دزەپێکردنی یەکێک لە گەورەترین ئەزموونداراانی هەواڵی دەرەکی لە ڕۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر" بۆ عێراق، بۆ ئەوەی لەو ڕاپۆرتانە بکۆڵێتەوە کە لەبارەی کارە دڕندانەکانی سەدام حوسێن لە دژی دانیشتوانی زۆنگاوەکان پێی دەگەیشت. ئەگەر پێوەندیم لەگەڵ ئەم خانمە، متمانەی بە ڕاستگۆیی و دەستپاکی ڕۆژنامەکە، پێوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ناو عێراق، ئازایەتی ئەم گرووپە و نەترسانەکەی نەبوایە، نەماندەتوانی بچینە باشووری عێراق، جیهانیش ئەم کارە پڕ مەترسی و ناڕەوایانەی نەدەبیست، بەڵام شیام باتیای پەیامنێر لەبری کارەکەی لە عێراق، لەو ساڵەدا نازناوی باشترین پەیامنێری بیانی پێ بەخشرا.

## بایەخ نیشاندان بە بابەتەکە نەک تەنیا بە چیرۆکەکە

لەوانەیە خەڵکیش وەک تۆ هەست بەوە بکەن، کە ڕۆژنامەنووس تەنیا لە پێناو چیرۆکە هەواڵدا بایەخیان پێ دەدات، بەڵام پەیامنێری باش بایەخێکی دڵسۆزانە بە کێشەکان و بەو خەڵکانەش دەدات کە تێیدا بەشدارن،

لەمەش سوود وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٦٨ دوای ئەوەی ئەلکسەندەر گینزبێرگ جوداخوازی سۆڤێتی لەپاش دادگاییکردنێکی داخراو زیندانی کرا، لۆدمیلای خێزانی داوای سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی کرد. شەوی پێش سازدانی کۆنگرەکە، نووسینگەی رۆژنامەنووسان لە حکومەت پێوەندی بەو سەد پەیامنێری بیبانییەوە کرد کە لە مۆسکۆ کاریان دەکرد، هۆشداری پێدان کە حکومەت "رێوشوێنی توند" دژی ئەو کەسانە دەگرێتەبەر، کە ئامادەی کۆنگرەکە دەبن. رۆژی دواتر، جگە لە چوار پەیامنێر کەسیتر نەیوێرا سەردانی شوقەی گینزبێرگ بکات، لە نێوانیاندا رێمۆند ئاندرسۆن لە "نیویۆرک تایمز" بوو. دوای چەند مانگێک (تەمووزی ١٩٦٨) ئاندرسۆن بەڵگەیەکی لە هاورێییەکییەوە دەست کەوت، کە لە ئەندریە ئیمیرلیکی مێژوونووسی جوداخوازی سۆڤێتی پێی گەیشتبوو، وتارەکە ئێستا بەناوبانگ بووە، تێیدا دکتۆر ئەندرێ ساخارۆف بەرەنگاری رژێمی سۆڤێتی دەبێتەوە، دوای چەندین سەرکێشی و لێکۆڵینەوە، ئاندرسۆن دڵنیا بوو بەڵگەکە رەسەنە، بۆیە بە نهێنی رەوانەی کرد و بووە مانشێتی هەواڵەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

**دیقەتدان لەو چیرۆکانەی هێشتا تەواو نەبوون**

"بەدواداچوون" بۆ زۆر لە پەیامنێران وشەیەکی مەزن نییە، کە ئاماژەی ناراستەوخۆ هەڵدەگرێت لە داوا کردنی کۆکردنەوە و رێکخستنی هەندێ وردەکاری تەواو نەبوو، یان راڤە نەکراو، یان زیادکردنی هەندێ نەخشاندن بۆ چیرۆکێکی کۆن تاکو تازە خۆی نیشان بدات، ئەمە لەسەر چەندین رۆژنامە جێبەجێ دەبێت، بەڵام زۆر چیرۆکیش هەن لە کاتی بەدواداچووندا بەرهەمی باشتر و پێگەیشتووتر بە دەستەوە دەدات بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتە بنەرەتییەکەدا، بۆیە رۆژنامەنووسی باش لە رێگەی بیر کردنەوە لە بازنە بزربووەکە لەم چیرۆکانە ورد دەبێتەوە. بۆ نموونە، ئافرەتێکی بەساڵداچوو لە ماڵەکەی خۆیدا لە باکووری ئینگلتەرا مرد، بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، لێکۆڵەری تاوان سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان نیشانە بینراوەکان (شووشە شیرەکان لەسەر دەرگای ماڵەوە...تاد)، لە نێوان گوێ پێنەدانی دراوسێکانی، گوتی: ئەگەر ئاگایان لێ بووایە، یان خۆیان بە سەردانی کردنی ماندوو بکردایە، ئەو ئێستا زیندوو دەبوو.

"دەیلی میرۆر" دیریک لامبرتی نارد، بۆ ئەوەی بە دوای مردنی ئەو ئافرەتەدا بچێت، کە فەرامۆش کرابوو، ماڵ بە ماڵ گەرا و هەندێ زانیاری کۆ کردەوە، بەڵام خەڵک بە وشکی و سووک تەماشاکردن و گوێ پێ نەدان پێشوازییان لێ دەکرد. دواجار پیاوێکی لە دراوسێیەکان بینی کە حەزی دەکرد قسەی بۆ بکات، کاتێک لامبرت سوورایەوە بۆ ئەوەی بڕوات، پیاوەکە هاواری کرد: "شوورەیی لێکۆڵەرەکەت لەبیر نەچێت!". کاتێک لامبرت لە مەبەستەکەی پرسی (ئەم پرسیارەش لە هەموو حاڵەتێکدا بەسوودە)، ئەو وەڵامی دایەوە: "ئەو لەم نزیکانە دەژیت". ئەو یەکێک بووە لە دراوسێیەکانی ئافرەتەکە، کەچی رەخنەشی لێیان دەگرت. لەو کاتەدا، لامبرت زانی چیرۆکێکی باشی دەسکەوتووە، چیرۆکی ئەو لێکۆڵەرەی رەخنەی لەخۆی گرت، بێ ئەوەی بزانێت.

**تەماشاکردنی شتەکان بە شێوازێکی تر**

زۆر هۆکاری هاوبەش لە نێوان ئەکتەری کۆمیدی و رۆژنامەنووسی باشدا هەیە، هەردووکیان لە رێگەی هەڵگەڕانەوەی شتەکان بە هزری خۆیان بیرۆکە بەرهەم هێنەرەکان دەدۆزنەوە و بارەکە (یان رستەکە) پێچەوانە دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بەدوایدا بچن، دواتر پێشکەش کردنی ئەوەی لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراوە. پەیامنێرە سەرکەوتووەکان لە رێگەی تەماشاکردنی شتەکان لە تێڕوانینێکی نائاساییەوە، چەندین بیرۆکەی باش دەبیننەوە. بۆ نموونە، کاتێک جۆن تێرنی لە رۆژنامەی "نیویۆرک تایمز" نێردرا، بۆ ئەوەی چیرۆکێک لەبارەی ئافرەتێک بنووسێت کە چۆتە ریزی وانەکانی مەشقی بەرگری لەخۆکردن (بیرۆکەیەکی بێزارکەر دیارە)، ئەو وتاری لەبارەی ئافرەتەکە نەنووسی، بەڵکو لەبارەی "بەرجەستەکراوی دەستدرێژکەرێکی تاوانبار"، یان بەرجەستەکراوی ئەو دزە بە زۆر لاقەکەری ئافرەتان نووسی، کە بۆکس و شەقی خانمە راهێنراوەکانی بەردەکەوێت، بەڵام سنوورێک بۆ توانای داهێنانکارانەی پەیامنێرەکان هەیە، بۆ نموونە، رۆژنامەی "دەیلی میل" پەیامنێرێکی هەبوو بە ناوی مۆریس فاگنیس، بەوە ناسرا بوو کە پابەندی مەوعید نییە، رۆژێکیان زۆر دواکەوت، بۆیە بەرێوەبەرەکەی سزای ئەوەی دا کە بۆ شوێنی زۆر دووری بنێرێت، بۆ ئەوەی رووماڵی رووداوێکی سەرسوڕماو بکات کە بۆ رۆژنامەنووسان ناگونجێت: پیشانگەیەک بۆ کۆتر لە پێرمنگهام. فاگنیس لەبەر ئەوەی پێی خۆش نییە شکست بخوات، بۆیە پشیلەیەکی لەژێر چاکەتەکەی حەشارداو بەدزییەوە بردییە نێو

پیشانگەکە، بۆ ئەوەی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش بنووسێت لەبارەی بوونی پشیلەیەک لە نێو کۆترەکاندا.

## دۆزینەوەی هاوبەندییەکان

دۆزینەوەی ئەو هاوبەندییەی شتەکان بە یەک بگەیەنێت، ئەوەیە پەیامنێری باش دەیکات کاتێک دوو چیرۆک، یان دوو ڕاستی لێک جیا، بە هاوبەندییەک پێکەوەیان دەبەستێتەوە. ویلی گۆتمان، بلاوکەرەوەی ڕۆژنامەنووسی کە لە ئەڵمانیای نازی هەڵات، ناوی لەمە نا "پێشدەستی ڕۆژنامەنووسی بە ڕاقە کردنەوە". هەروەها یەکێکە لەو هۆکارانەی هەڵەی ئەوانە دووپات دەکاتەوە کە ڕەخنە لە ڕۆژنامەکان دەگرن، لەبەر ئەوەی "مشەخۆری لەسەر یەکتر دەکەن". زۆر لە چیرۆکە هەواڵە باشەکان لە ڕۆژنامەنووسیکەوە سەرچاوە دەگرن، کە بابەتێکی بلاوکراوەی لە ڕۆژنامەیەکی دیکەوە دەست کەوتووە، بەمەش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەکات و زانیاری زۆری لەبارەی بابەتەکە، یان مەسەلەکە بۆ ئاشکرا دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەکەی دیکە نووسیبووی، هەروەها زۆر لە چیرۆکە هەواڵە گرنگەکان بە تەواوی پەردەی لەسەر هەڵ نەماڵراوە، مەگەر ئەو کاتەی ڕۆژنامەکان بە شێوەی کۆمەڵ - بەڵام بە جیا - کاریان لەسەر کردبێت، بۆ دۆزینەوەی پارچە شاراوە پەرتبووەکان کە وێنەکە تەواو دەکەن، کاتێک پێکەوە کۆدەبنەوە. بەڵام نموونەی باو لەم بارەیەوە، لێکۆڵینەوەیە لە ئابڕووچوونی ووتەرگێت لە ئەمەریکا (١٩٧٣-١٩٧٤)، کە بووە هۆی ئەوەی سەرۆک نیکسون دەست لە کار بکێشێتەوە.

## پشت نەبەستن بە کورت کراوەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان

کاتێک بەرگی زۆربەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان دەبینیت، زەحمەتە تووشی وەڕس بوون نەبیت، بەڵام لەوانەیە لە هەندێکیاندا چیرۆکی ڕاستەقینە ببینیت. لەوانەیە بە ئەنقەست تێیدا دانرابێت، لەو ڕوانگەیەی زۆربەی ڕۆژنامەنووسان تا دوا لاپەڕەیان بە شێوەیەکی ورد، بەرگەی ماندووبوونی خوێندنەوەی ناگرن، ئەگەر ڕاپۆرتەکە زۆر بێت، زۆربەیان تەنیا لاپەڕەکانی کورتە دەخوێننەوە. ئەگەر کاتی پێویستت هەبوو هەموو ڕاپۆرتەکە بخوێنەوە، ئەگەرنا لەو لاپەڕانە بکۆڵەوە کە لەوانەیە زانیاری گرنگی تێدا بێت، مەسەلە پیشاندراوەکان لەو لایەنانەی ڕەخنەیان لێگیراوە، بەڵگەی پێشکەشکراو لەلایەن ستەم لێکراوانەوە، بەشی پەیوەست بە تۆمارکردنەکانی حاڵەتەکە.

خوێندنەوەی تەواوی ڕاپۆرتەکە دەکرێت دەسکەوتی زۆر وەدەست بێنێت. لە سەرەتای نەوەدەکاندا، ئیلین ویلسۆم خانمە پەیامنێری هەواڵ بوو لە ڕۆژنامەی "ئەلبکەرکی تریبیۆن"، خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەکانی بەڵگەیەک بوو کە نهێنی پارێزی لەسەر هەڵگیرابوو، لەبارەی تاقیکردنەوە تیشکدەرەکان لەسەر ئاژەڵەکان، لە دوا دوایی جەنگی دووەمی جیهان.

لە پەراوێزێکی ناڕوون لە خوارەوەی یەکێک لە لاپەڕەکاندا، ئاماژەیەکی بینی بەوەی ١٨ کەس دەرزی پلۆتۆنیۆمیان لێ دراوە، بۆ ئەوەی زانایان کاریگەری تیشکدانەوە لەسەر لەشی مرۆڤ بزانن. ویلسۆم دەستی بە گەڕان کرد، لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣، زنجیرەیەکی سێ ئەڵقەیی بلاوکردەوە. دوای تێپەڕبوونی مانگێک، حکومەتی ئەمەریکا داوای سازدانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کرد و تێیدا دانی بە ڕووداوەکەدا نا، سەرۆک کلینتۆن فەرمانی دا لێکۆڵینەوە دەست پێ بکات، کەسوکاری قوربانیان داوای یاساییان بەرز کردەوە. ساڵی دواتر ویلسۆم خەڵاتی پۆلیتزەری وەدەست هێنا. (ئەو خەڵاتەی جۆزیف پۆلیتزەری ئەمەریکایی (١٨٤٧-١٩١١) دایمەزراند، بە دەستکەوتە وەدیهاتووەکان لە بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەب و مۆسیقا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبەخشرێت).

## بڕیارنەدانی پێش وەخت لەسەر خەڵک

سەرکەوتووترین بەکرێگیراوی هەواڵگری کە لە ژیانمدا بینیبێتم، پیاوێکی کەتەی گۆشتن بوو کە نیشانەکانی ساویلکەیی پێوە دیار بوو، خۆی بە زۆرانبازێکی پیشەگەر دەردەخست. جگە لە گەشتە بەردەوامەکانی بۆ دەرەوە، دوایین شت لێی چاوەڕوان بکەیت، سیخوڕی بوو، لەبەر ئەم هۆیە تا دوای مردنی پیشە ڕاستەقینەکەیم نەزانی، لەو بڕوایەدام لێدانی زۆر بەر سەری کەوتبێت.

ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو دەزانێت، بڕیاردان لەسەر خەڵکی بەپێی سیما و پیشەیان، کورتترین ڕێگەیە بۆ هەڵە کردن و لە دەستدانی چیرۆکە هەواڵە باشەکان. هەندێ لەو سەرچاوانەی باوەڕ پێ کراون، لەوانە سیمای دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییان لێ دابماڵرێت، باشترینیشیان وەک سواڵکەری پەڕاگەندە دەردەکەون. ئەمە وا ناگەیەنێت لەگەڵ شێتووێتەکان و ئەوانەی تێکچوون و تووشی شێتی پەڕاگەندەیی هاتوون، چەندین کاتژمێر بە سەر ببەیت، ئەوانەی ڕاهاتوون

رۆژنامــەنووســـان بێـــزار بکەن، بەگـــێـــرانەوەی بەسەرهاتەکانیان لەبارەی ئەوەی تووشی دەبن لە شوێن کەوتن، یان ڕفاندن لە لایەن بوونەوەرە ئاسمانییەکانەوە، یان ستـەم کـردن لە لایەن حکومـەتەوە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە بڕیار لەسەر خەڵک بدەین بە پشت بەستن بەوەی دەیڵێن نەک بە ڕوخسارییان. ڕۆژنامەنووسێک لە "دەیلی میل" (لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم) بۆ نووسـینگەکـەی دەگـەڕایەوە، دوای ئەوەی چاوی بە میـوانێکی جل شڕ کەوتبوو، گوتی پیاوەکە شێتە وەک دیار بوو، بە زمـــان قـــورسی لەبارەی پەخـــشی وێنە جووڵاوەکان. دوای سێ ڕۆژ، ڕۆژنامەیەکی ڕکابەر بڵاوی کـردەوە کـە پیـاوێک بە ناوی لوگی بیـرد تەلەڤـزیۆنی داهێناوە، ئەو کـەسـە "شـێـتـە جل شـڕەکـە" بوو، کـە ڕۆژنامـەنووسەکەی "دەیلی مـیل" لە هۆڵەکـە چاوی پێ کەوتبوو.

## پاراستنی دۆسیەیەکی تایبەت بە بیرۆکەکان

تێـڕوانینێکی بەسـوودە، بەڵام هەمـیـشـە پشـتـگوێ دەخرێت. جۆر و پوختی و ئاستی بیرکردنەوەکانت، لەو شـتـانەن کـە جـیـاوازی لە نێـوان ئەو لاپەڕانەی هەواڵ دەردەخــات کــە پڕ لە وروژاندنن و ئەو لاپەڕانەی کــە هەڵبزرکاو و سارد و بێزارکەرن، بۆیە پێویستە پارێزگاری لە دۆسێیەک بکەیت کە بیرۆکەکانی تێدا تۆمار بکەیت، پارچەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لێ دابنێیت، ئەوانەی بۆ چیرۆکە هەواڵێک بەسوود دەبێت و لەوانەیە لەداهاتوودا بینووسیت. دۆسیە گرنگە، تەنانەت ئەگەر سوودەکەی تەنیـا هاندانی پەیڕەوکـردنی ڕەفـتـاری ڕۆژنامـەنووسە سەرکەوتووەکانیش بێت، کە خوێندنەوەی زۆر لە ڕۆژنامە و گـۆڤـارەکـانە، بەبێ ڕەچاوکـردنی مـانەوەیان لە زانینی دوایین پێـشـکەوتنەکـان، لە پێـوەندی بەردەوام بەوەی ڕکابەرەکان دەیکەن، ئەو دۆسییە پارێزگاری لە زانیارییە گشتییەکانی ئەوان دەکات، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی دەربکەون و سەرنج بۆ خۆیان ڕابکێشن.

## سەرچاوەکان ڕوون نین

ئاسۆ و مـەودای بیرکردنەوەی زۆربەی ڕۆژنامـەنووسان تەسک دەبێـتــەوە، کــاتێک بابەتەکــە پێــوەندی بە ســەرچاوەکــانەوە دەبێت. بەڵام لە کــاتی وردبوونەوە لە ڕۆژنامە جێگیرەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی، کە ڕۆژانە هەواڵی بەردەستـبوو بڵاودەکـاتەوە، دەبـینین سـەرچاوەی هەواڵ و چیـرۆکەکانی تەقلیدی نین، وەک خەڵک بیری لێ دەکەنەوە. "ئیندیپێندت" بە نموونە، ٣٣-٣٨ چیرۆکە هەواڵی ناوخۆیی لە ژمارەیەکی ئاساییدا بڵاودەکاتەوە، ئەمــە جگە لە کــورتکراوەی ڕاپۆرتەکــانی پەرلەمــان. یەکـێک لە ژمـارەکـان کـە لە مـانگی کـانوونی یەکـەمی ١٩٩٩ دەرچووە، ٣٦ چیـرۆکـە هەواڵی بڵاوکـردبووەوە، سەرچاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

بەڕێوەبەرایەتی، یان ئاژانسی حکومی (١٠).
پێوەندییەکان، سەرچاوەکان، بینینەکان (٥)
دادگەکان، لێکۆڵینەوەکان (٥)
زانکۆکان (٣)
گرووپەکانی فشار، سەندیکاکان....تاد (٣)
سەرچاوە سیاسییەکان (٣)
ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند (٢)
کۆمپانیا بازرگانییەکان (٢)
گۆڤارە بەکاربەرەکان (١)
ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (١)
پۆلیس (١)

ژمـارەکـانی دیکەی ڕۆژنامـەکـە، زیادبوونێکی کـەم لە سـەرچاوە سیـاسی و پۆلیـسـیـیـەکـانی پێـوە دیار دەبێت، ســەرچاوەکــانی دادگــەش دابەزینی پێــوە دیارە، بەڵام بەگــشــتی ئەم ڕێژانە زۆر جــیــاواز نین. ئەمـــەش وا دەگەیەنێت نیـوەی چیـرۆکـە هەواڵەکـان بە بەردەوامی لە سـەرچاوە نافـەرمـیـیـەکـانەوە دێن. ئەگـەر سـەرچاوە حکومـیـیـەکـان تەنیـا داتا و لێدوانە فـەرمـیـیـەکـانی بگرێتـــەوە، لە بەرانبـــەر ئەوەی لە پێـــوەندییـــە تایبەتییەکانەوە وەرگیراوە، ئەوە سەرچاوە نافەرمییەکان بەشـێـوەیەکی ڕێکوپێک نزیکەی ٦٠٪ی چیـرۆکـەکـان پێکدەهێنێت، ئەمـەش گـرنگی دروسـتکردنی پێـوەندی کـەسی نیـشــان دەدات، بەتایبـەتی کـرانەوە بە ڕووی سەرچاوە و بابەتە ناکلاسیکییـەکـاندا. لێرەدا هەندێک پێشنیـار دەخەینەڕوو، لەبارەی ئەو شوێنانەی کە کەمتر بەرچاو ڕوونن، کە دەکرێت چیـرۆکە هەواڵی باشی تێدا ببینرێتەوە.

## زانکۆ و پەیمانگەکانی توێژینەوە

ئەکـادیمیـیـەکـان ئەنجـامدانی ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرنە ئەسـتـۆ کـە ڕۆمـانووسـەکـان پێی ناوێرن، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن کـە توێژینەوەی پزیشکی پێـشـڕەوە، یان پەیوەستە بە ژیانی چۆڵەوانی لە ناوچەکەتدا، یان لەو هۆکارە دەکۆڵێتەوە کە پاڵ بە پیاوانەوە دەنێت ڕەنگێکی دیاریکراوی بۆینباخ لەبەر بکەن. هەندێکیـان پلەیەکی

بەرزی تایبەتمەندێتییان هەیە، بەڵام زۆربەیان بایەخی جەماوەری بەرفراوان دەورووژێنن. بۆ نموونە، یەکێک لە پەیمانگەکانی توێژینەوەی بۆشایی ئاسمانی لە دەوروبەری مۆسکۆ، چەندین ساڵ خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەبارەی جۆرەها کەسایەتی کە توانای پێکەوە ژیان و گونجانیان هەیە، بۆ ئەوەی کەشتیوانانی ئاسمانی کە پێکەوە لە وێستگەی ئاسمانی "میر" کۆ دەبنەوە، هەر لەگەڵ جێ هێشتنی زەوی لەگەڵ یەک بەشەڕ نەیەن. نووسین بۆ هەموو خوێنەرانە، جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەو خەڵکەی لە ماڵ و نوسینگەکان (لە جیاتی کەشتی ئاسمانی) پێکەوە دەژین، دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان.

### ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند و پێشەنگ

ئەگەر زانینی تەواوت بۆ خوێندنەوەی گۆڤارە تایبەتمەندەکان هەبوو، دەکرێت سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندت بۆ چیرۆکە واقیعییەکان دەست بکەوێت. هەروەها ڕۆژنامە پێشەنگ و ڕادیکاڵەکانی شارەکەت، شایانی ئەوەن بە ڕێکوپێکی بیانخوێنیتەوە. ڕاستە لەم جۆرە ڕۆژنامانە ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژەکان هاوسەنگ نین، بەڵام زۆر جار ئەنجامی پێوەندی کردن لەگەڵ سەرچاوە نا کلاسیکییەکان دەبێت. لەبیرمان نەچێت، هەندێک لە باشترین چیرۆکە هەواڵەکان بۆ یەکەم جار لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ڕۆژنامانە پەیدا بوون.

### کتێبەکان

ماسێ زاریما ڕۆژنامەنوسێکی بەرەگەز پۆڵەندییە، بۆ گەورەترین ڕۆژنامەی سویدی "داگینز نایتر" دەنووسێت، لە ساڵی ١٩٩٨ چیرۆکێکی تەواوی لەبارەی چۆنێتی بە زۆر پاکژکردنی زیاتر لە ٦٠ هەزار ئافرەت لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٧٦ لە سوێد ئاشکرا کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ توێژەرێک بە ناوی مایبیا ڕۆنسیز کاری دەکرد، کە توانی دەستی بە پارێزراوەکانی ئەنجوومەنی پزیشکی حکومی بگات، بە پێچەوانەی ئەو باوەڕە باوەی لە سوێددا هەیە، زاریما بۆی دەرکەوت پاکژ کردنەکە خۆبەخشانە نەبووە. ئەو کچە قوتابیانەی لە خوێندن دواکەوتوون و "سۆزانییەکان" و خانمە بەرهەڵستکارانی دەسەڵات، بە "نەخوازراو" دادەنران، بە یارمەتی بەرپرسانی حکومی لە ماڵەوە گوازراونەتەوە، لە دامەزراوەی تایبەت دانراون و تاکو پاکژ نەکراون، ئازاد نەدەکران. ئەم چیرۆکە لە تەواوی جیهاندا بڵاوبووەوە، حکومەتی سوێد لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا، بەڵام زاریما ئەم چیرۆکەی لەکوێ دەست کەوت؟ لە کتێبێکی پشتگوێ خراو کە دوو نووسەری سوێد نووسیبوویان، تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبێت بڵاوکرابووەوە.

### گۆڤاری تایبەت بە دەستەی دیاریکراو

ئەم گۆڤارانە ئاراستەی ئەکادیمکاران ناکرێت، بەڵکو بۆ خوێنەرانی ئاساییە، ئەوانەی بایەخی تایبەتییان هەیە. خوێندنەوەی ئەم جۆرە گۆڤارانە دەرفەتی چوونە ژوورەوەت بۆ بوار و جیهانەکانی وەک (جیهانی ڕاوکەرانی گەنجینە، یان چێنەرانی سەوزە) بۆ دەڕەخسێنێت، کە پێشتر نەدەچوویتە ناوییەوە. لە هەر مەسەلەیەک تاڕادەیەک چیرۆکێک دەبینیتەوە، لەوانەیە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەت بورووژێنێت، ئەگەر توانیت بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، لەوانەیە گۆڤارێکی تایبەت بە کۆمپیوتەر چیرۆکێک لەبارەی ڤایرۆسێکی نوێ بڵاوبکاتەوە، کە هەڕەشە لە سیستەمی داتا بازرگانییەکان دەکات، یان گۆڤاری ئوتۆمبیل لە کارەکانی دزی و تاڵانی ئوتۆمبیل بکۆڵێتەوە، یان گۆڤارێکی سێکسی پڕوپاگەندەیەک پیشان دەدات، تۆ بۆ نووسینەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی وێنە ئابڕووبەرەکانی منداڵان بەکاری دەهێنیت، یان گۆڤارێکی تایبەت بە باخەوانی چیرۆکێک بڵاوبکاتەوە، لەبارەی چۆنێتی گۆڕینی پارەی کاغەز بۆ هەویرێک کە پەیینی لێ دروست دەکرێت.

### ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

هەزاران ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن کە ڕاپۆرت، ئامار و داتاکان بڵاودەکەنەوە، کۆنگرە و سیمینار ساز دەکەن، شارەزایان و تایبەتمەندان دادەمەزرێنن، لەگەڵ ئەوەشدا پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان ئەم ڕووداوانە ڕوومال ناکەن، مەگەر بەدەگمەن نەبێت. بێ گومان ئەم ڕێکخراوانە سەرچاوەی مەزن و ناهەلپەرست بۆ چیرۆکە هەواڵەکان پێکدەهێنن، هەروەها تەنیا کێشە جیهانییەکان تاووتو ناکات. سەرجەم چالاکییەکەی توێژینەوە، یان کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە دیاریکراوەکان لە وڵاتانی دیاریکراو دەگرێتەوە. بچۆرە کتێبخانە، بە دوای ئەو ڕێکخراوانەدا بگەڕێ کە لەو بوارەدا کار دەکەن و لە لای تۆ جێی بایەخن، سەردانی وێبسایتەکەیان بکە. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نموونە، دەستە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەت، کارەساتەکان، چاودێری منداڵان،

تەندروستی، چەک دامالّین، مەشق، گەشەپێدانی ئابووری، نشینگە مرۆییەکان، ژینگە، زەریاکان، بازرگانی، پەنابەران، هێزەکانی پاراستنی ئاشتی، دانیشتوان، یارمەتییە خۆراکییەکان، کشتوکالّی خۆراک، وزەی ئەتۆمی، فڕۆکەوانی سیڤیل، کارکردن، گواستنەوەی دەریایی، گەیاندنەکان، پیشەسازی، مافی چاپ و بلاّوکردنەوە هەروەها کەشناسی هەیە، واتە هەموو ئەو بابەتانەی لە سەرانسەری جیهاندا بە لای مرۆڤەوە گرنگە.

## ڕێکلامە بەش بەش کراوەکان

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕێکلامە بەش بەش کراوەکان ناخوێنێتەوە، لەو ڕۆژنامانەی بەردەستی دەکەوێت، یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەو چیرۆکە هەوالاّنە لە دەست دەدات کە دەبێتە جێی بایەخی خەلّک. سەرەڕای هەموو شتێک، ئەم بوارە خالّی بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانە -ئەوانەی ڕۆژنامەنووس نین- لەگەلّ هاوڕێکانیان. بۆ نموونە، ڕۆژنامەی "سان فرانسیسکۆ ئیگزامینەر" ئەم ڕێکلامەی بۆ ئافرەتێک بە ناوی گلادیس کید لە ١٩٦٢/٥/٢ بلاّوکردەوە:

نامەوێ هاوسەرەکەم لە ژووری گازدا بخنکێندرێت، لەسەر تاوانێک کە نەیکردووە، بۆیە ئامادەم بۆماوەی ١٠ سالّ وەک چێشتلێنەر، یان خزمەتگوزار، یان کابانی مالّ بۆ هەر پارێزەرێک کار بکەم، کە بەرگری لێ بکات و بێ تاوانییەکەی بسەلمێنێت".

یەکێک لە بەناوبانگترین پارێزەرانی شارەکە فینسنت هالینان، ئەم ڕێکلامەی بەرچاوکەوت و پێوەندی بەو خانمەوە کرد. دادگاییکردنی هاوسەرەکەی بە تۆمەتی کوشتنی بازرگانێکی کەلوپەلی شوێنەوار، دوای ئەوەی شوێن پەنجەکانی لەسەر شمشێرێکی خوێناوی لە فرۆشگای قوربانییەکە دەرکەوتبوو، لە ئانوساتی دەست پێکردندا بوو. لە کاتی دادگایی کردنەکەدا، هالینان سەلماندی کە بازرگانەکە بە شمشێر نەکوژراوە، سەلماندیشی کە هۆکاری بوونی شوێن پەنجە و خوێنی تۆمەتبارەکە لەسەر شمشێرەکە لەبەر گالّتەکردن بووە پێی، کاتێک لەگەلّ یەکێک لە هاوەلّەکانی بۆ کڕینی شتومەک چوو بوون بۆ فرۆشگەکە. دادگە بۆی دەرکەوت تۆمەتبارەکە بێ تاوانە، هالینانیش داواکەی خاتوو گلادیسی ڕەتکردەوە بەوەی خزمەتی بکات. چیرۆکی زۆر هەن کە دەکرێت لە ڕێگەی ڕێکلامە بەش بەش کراوەکانەوە دەستمان بکەوێت. هەر لە چیرۆکی ئافرەتێکی ڕووسی کە هەژاری ناچاری کرد کوڕەکەی بفرۆشێت، تاکو باندی ڕفاندنی ئاژەلّە دەگمەنەکان، کە ڕێکلامیان بۆ کەلوپەلەکانی خۆیان کرد.

## بۆنەی سالاّنە

ئەم بۆنانە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی چیرۆکە هەوالّەکانە، لەوانەیە تەنیا ئاهەنگێکی سادەی جەژنی لە دایک بوون، یان یادەوەرییەکی مردن بێت، یان ڕووداوە مەزنە مێژووییەکان بێت، یان بۆنەی کۆمەلاّیەتی وەک داهێنانی کەرەستەی نوێی مالّ، یان نیشانە جیاکەرەوەکانی ژیانی ڕۆژانە بێت. مەرج نییە ئەو چیرۆکانەی باس لە ئاهەنگەکانی یادەوەری سالاّنە دەکەن سووک و سەرگەرمکەر بن، چونکە لێکۆلّینەوەی چیرۆکە هەوالّێکی گرنگ بە بۆنەی تێپەڕبوونی پێنج سالّ بەسەریدا بۆ ئەوەی باکگراوەند بۆ وتارێکی نوێ بنووسێتەوە، لەوانەیە ڕاپۆرتێکی شاردراوە، یان کۆمەلّەیەکی پشتگوێ خراو، یان ڕووداوێکی دیکە ئاشکرا بکات، کە وا دەکات چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش بێت.

بوارە بە سوودەکانی دیکە ئەمانە دەگرێتەوە: لقە تایبەتمەندە تاوانکارییەکان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی فریاکەوتن (بە تایبەتی ئەوانەی لەگەلّ دۆسیەکانی ساختەکاری، تاوانەکانی کۆمپیوتەر، هونەر و کەلوپەلە شوێنەوارییەکان مامەلّە دەکەن)، دەستە حکومییە پەراوێزخراوەکان (وەک ئەوەی لەگەلّ دەرفەتی دەست کەوتنی زەوی و خانووبەرە بۆ جەماوەر مامەلّە دەکات، بەرانبەر باجی میرات کەمی، بەڕێوەبردنی کەلوپەلی ئەوانەی لە ڕووی عەقلّییەوە دواکەوتوون...)، ئەو وەبەرهێنانانەی کە بەلّێنی داهاتی بەرز دەدەن، ئەوانەی کاریگەر بوون، یان "ناکرێت هەلّە بکەن" لەسەر خێرایی پرۆژە بازرگانییەکان، کۆمپانیا قەرز پێدەرەکان (بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن داهاتە دیاریکراوەکان دەکەنە ئامانج)، ئەو بەلّگەنامە گشتییانەی کە بەم دواییە بوار بە بلاّوبوونەوەی دراوە، گرووپەکانی گوشار، یان ئەو گرووپانەی پشت بەخۆبەستوون و لە بوارە نا ئاساییەکاندا کار دەکەن. ئەگەر چاو و گوێیەکانت بە کراوەیی بهێلّیتەوە، ئەوە زیاتر دەبینیت. بەدوای ناکۆکیدا بگەڕێ، بە دوای ئەو شتانەی گونجاو، یان ڕێکوپێک نین، ئەو شتانەی پێویست بە ڕاڤەکردن دەکات. یەکەم چیرۆکە هەوالّم لەبارەی ئەو پەڕاگەندانە بوو، کە لە شەقامەکانی ئەو شارە بەریتانیاییە دەژیان کە خۆمی لێ

بووم. دوای ئەوەی شـــــەوانە لـە بەردەم مـــــاڵان و لە باخچەکاندا دەیانبینی، دواتر پرسیـارە سەرەکییـەکانم ئاراستەیان کرد: کێ؟ لە بەر چی؟...تاد. ئەو زنجیرەیەی کە نووسیم بووە هۆی زیاد بوونی ژمارەی ئەو خەڵکەی کە چیرۆکـەکانی خۆیان بۆ باس دەکردم، هەروەها بووە هۆی ئەوەی سەرۆکەکەم کاری باشترم پێ بسپێرێت.

**ئەو چیرۆکە هەواڵانەی پەیامنێرە بەتواناکان خۆیانی لێ لادەدەن**

پەیامنێـری باش سـەرەڕای سـوور بوون و کـۆشش، خــەســڵــەتێکی تـایبــەتی هەیە، ئەویش زانینی ئەو چیـرۆکـانەیە کـە بەدووری دەزانێت گـرنگ بن و خـۆی لێ دوور دەگرێت. ئەو دەزانێت چیرۆکە باشـەکان (جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن) لە ڕێگەی بڵاوکراوە بازرگانییە ڕۆژنامـەنووسـیـیـەکـان و کـۆنگرە ڕۆژنامـەنووسـیـیـە ئاسـاییـەکـان، ئەو پۆسـتـەی دەگـاتە نووسـینگەکـەی لە ژووری هەواڵ، یان لەو کـەسـانەی بە تەلەفۆن پێـوەندی پێوە دەکەن و پێی دەڵێن: "چیـرۆکێکم پێیـە بۆت!"، بە دەست دەگەن. نەک لە پرۆسەکانی ڕووپێو و ڕاپرسییەکان کـە نموونەی ژمـارەی کـەم وەردەگـرن، ئەوەی بە زمـانی زانست لەگەڵ شتی زۆر ڕووندا مـامەڵە دەکـات، ئەوەی دەستنیشـانکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییە تازەکانی کردۆتە ئامـانج، ئەو چیرۆکـانەی تەنیـا پەیوەستن بەوەی خـەڵک دەیلـــێن، یـان لـەو ڕووداوانـەوە کــــە بەتـەنیـــــا بـۆ ڕۆژنامـەنووسـەکـان ئامـادە دەکـرێن، وەک داوا کـردن بۆ گـرتنی وێنەی یادگـاری، دەسـتـپـێشـخـەری نواندن، یان پیشـاندانی بەرهەم لە بەردەم ڕۆژنامەنووساندا، یان ئەو بۆنانەی ئامـانجی پڕوپاگەندە و سەرنجڕاکێشـانە. هەمـوو شـتـێک، ئەوان دەزانن ئەمە بە گـشـتی لە چیـرۆکەکـانی "ناکۆکی و جیاوازی"یەوە سەرچاوە ناگرن.

**چیرۆکەکانی ناکۆکی و جیاوازی**

ئەم جـۆرە چیـرۆکـانە بوونـەتە نەخـۆشی و فـێـڵـی ڕۆژنامەنووسی. ڕاستە، بەڕەوا دادەنرێت کاتێک ڕەخنەی بەجێ لەبارەی ڕێوشـوێن و ڕەفـتـارە فـەرمـیـیـەکـان، یان جیاوازییە ڕاستەقینەیی، یان توندەکان دەگوازێتەوە، لە نێوان ئەوانەی دەکرێ کاریگەری لەسەر ئەنجامەکە بکەن، بەڵام ئەوەی وا لێک بدرێتــەوە، دارشـــتنێکە تێـــیـدا ناکۆکی، یان جیاوازی لەسەر وەهمێک زیاتر نییـە، کە خـــەیاڵی پەیامنێـــری ڕۆژنامـــەنووسی و ئارەزووی لە هۆنینەوەی هەندێ درامـای سـاخـتـە دروسـتی کـردووە.

شتێک ڕوو دەدات، یان شتێک دەگوترێت، پەیامنێرەکە پێوەندی بە خۆهەڵکێشێکی ناسراوەوە دەکات، ئەویش – بە مـەبەسـتی ڕازی کردنی – سەرکۆنەی دەکـات، یان داوای لێـــبـــوردن دەکـــات، یان داوای ئەنجـــامـــدانی لێکۆڵینەوە دەکات. ئەم هاوکێشە ڕۆژنامەنووسییەی بۆ بەئاسانی ڕاوکردنە لە ئاوی لێڵدا، دەکرێنە مانشێت وەک "ناکۆکییەک لەبارەی....."، یان "تووڕەییەکی زۆر لەسەر ....."، یان "تووڕەییـــەکی بێـــزار لە ..."، بەڵام لە ئەنجامدا چیرۆکی چاوەڕوانکراو و بێ مانا و خەیاڵین و بوونیـان نییـە، مەگـەر لەسـەر ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامـەیە نەبێت کە بڵاوی دەکاتەوە.

لە شێوە بەربڵاوەکانی دیکە، زیاد کردنی "ناکۆکی"یە بۆ چیـرۆکـە هەواڵ، وەک هەوڵێک بۆ "چالاک کـردن"ی شـتـێک ڕووی دابێت، یان پێشـتـر ڕاگـەیەندرابێت، لە نەیاری چاوەڕوانکراو داوا دەکـرێت لێـدوان لەسـەر ڕووداوەکە بدات، پاشان بەرهەڵستییەکەی لە پێشـەکی چیــرۆکــەکــە دادەنێت، بەو پێـیــەی "شـەوی ڕابردوو ناکۆکییەکی گەورە لەبارەی .... سەری هەڵدا". بە بێ ڕەچاوکردنی ورووژاویی وشەکانی وەک "سەری هەڵدا" و "ناکۆکییەکی گەورە"، ئەم شێوازە وا دەکات چیرۆکەکە لاواز بێت، لە جـیـــاتی ئەوەی بەهێـــزی بکات، بەڵام تاقـیکردنەوەی کـۆتایی بۆ چیـرۆکـەکـانی "ناکـۆکی و جیاوازی" ئەمەیە: ئایا لە ژیانتدا بیستووتە، هاوشێوەی ئەو دەربڕینانەی لە ڕۆژنامـەکـاندا هەیە، خـوێنەرێک گفتوگۆ لەبارەی چیرۆکێکی "ناکۆکی و جیاوازی" بکات؟

**سەرچاوە:**

**الصحفي العلمي، ديفيد راندال، ت: معين امام، دار العبيكان للنشر، ٢٠٠٨، السعودية.**

# پێوەندییە واتاییەکان

## (Semantic Fields)

**کارزان هەمەوەند**

مەبەست لە پێوەندییە واتاییەکان، پێوەندی نێوان وشەکانە لە ڕووی واتاوە. سەرەڕای بایەخدان بە پێوەندی نێوان واتای وشەکان، دەبێت چارەسەری هەندێک نموونەی یەکەی دیاریکراو بکرێت (١). دەتوانین جۆری پێوەندی نێوان واتای وشەکانی زمان لەناو ڕستەدا، بە دوو شێوە دەستنیشان بکەین ئەوانیش : (پێوەندی ئاسۆیی) و (پێوەندی ستوونی) یە.(٢)

**(١) پێوەندی ئاسۆیی:**

بریتییە لە پێوەندی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتریدا، بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە چوارچێوەی ڕستەدا، واتە دەبێت بزانین کام وشە لەگەڵ کام وشە دەچنە پاڵ یەکتری و لەگەڵ یەکدا دەگونجێن و واتایەکی دروست دەبەخشن.

بۆ نموونە:

" ئەو منداڵەکەی ترساند "

لەم ڕستەیەدا دەبینین وشەکان لە ڕووی واتاوە پێوەندییەکی ئۆرگانییان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە نێواندا هەیە، وەک: جێناوی سەربەخۆی (ئەو) پێوەندییەکی ئاسۆیی لەگەڵ وشەی (منداڵەکەی)دا هەیە، هەروەها وشەی(منداڵەکەی) لەگەڵ وشەی (ترساند) ئەمیش بە هەمان شێوە ئەو پێوەندییەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە وشەکان لەم ڕستەیەدا جۆرە ڕێککەوتن و گونجانێک لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لە ڕستەی (ئەو بەردەکەی ترساند) بە هەمان شێوەی ڕستەکەی تر، ئەو پێوەندییە ئاسۆییە لە نێوان وشەکاندا نییە، چونکە واتای وشەکان ناڕێکییەک لە نێوانیاندا هەیە، کە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن.

(٢) پێوەندی ستوونی:
بریتییە لە پێوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەک بە وشەیەکی تر لە هەمان ژینگەدا، لەسەرباری ستوونی و بێ ئەوەی لە ڕووی واتاوە کار لە ڕستەکە بکات، یان تێکی بدات (بیشێوێنێ).
بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ئەو | منداڵەکە – ی | ترساند |
| من | کوڕەکە – م | هێنا |
| ئێمە | کچەکە – مان | برد |
| تۆ | ژنەکە – ت | نەخۆشە |
| ئێوە | پیاوەکە – تان | کوشت |
| ئەوان | منداڵەکە – یان | ماندووکرد |

لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێت، گۆڕینی وشەکان لە هەمان ژینگەدا بە شێوەیەکی ستوونی، کار لە ڕستە ناکات و لە ڕووی واتاوە بەرەو تێکدانی نابات.
لێرەدا دەتوانرێت لە ڕووی دابەشکردنی وشەکانی زمان و بە تایبەتی لە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن (ناو – ئاوەڵناو – کار) لە جیاکردنەوەیاندا، یان کردنیان بە کۆمەڵ، دەوری خۆیان وەربگرن. کەواتە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن دەکەونە ناو پێوەندی ستوونییەوە. لە ڕووی واتاوە دەتوانین لە فەرهەنگی زماندا ئەم جۆرانەی وشە دەستنیشان بکەین:

١- هاودەنگ (هاوبێژ)
٢- هاوواتا
٣- فرە واتا
٤- گرتنەوە
٥- دژ واتا

ئەمانە دەچنە ناو پێوەندییەکی ستوونییەوە کە بە هێڵێکی شاقووڵی دەچنە ناو یەک.

**(١) هاوبێژ: (Homonymy)**
بریتییە لە یەک فۆرم کە دوو واتا، یان زیاتری هەبێت، مەبەست لە یەک فۆرم تەنیا فۆرمی وشە نییە، بەڵکو گیرەک و گرێ و ڕستەش دەگریتەوە (٣)
یان دەتوانین بڵێین ئەو فۆرمانەن کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەک یەکن، بەڵام لە مانادا جیاوازن.

**شیر**
**(١) خواردنەوە**
**(٢) چەک**

**بیر**
**(١) بیر و هۆش**
**(٢) بیری ئاو**

**ئازار**
**(١) مانگی ئازار**
**(٢) ئێش و ئازار**

بێ گومان ئەم چەند وشەیەی سەرەوە لەو وشانە نین کە پتر لە یەک واتایان هەیە، واتە فرە واتا نین، بەڵکو ئەو وشانە تەنیا لە خوێندن و شوێندا وەک یەکن، ئەگینا لە واتا و پەیدابوونیاندا جیاوازن. بۆ نموونە وشەی (ئازار) ئێشی ئەندامەکان دەگرێتەوە، وشەیەکی کوردییە، لە مانگی (ئازارەوە) زۆر دوورە کە وشەیەکی ترە. لە پەیدا بوون و دروست بوونییەوە سەرچاوەیەکی تری هەیە.

**سیما و تایبەتییەکانی هاوبێژی:**
لێرەدا بە نموونەوە هەندێک لەو سیما و تایبەتییانە دەخەینە ڕوو کە ئەرکی جیاکردنەوە و سەلماندنی هاوبێژی لە ئاستە جیاجیاکاندا دەبینێت:
(١) ئەگەر دوو فۆرمە هاوبێژەکە لە ڕووی واتاوە بخرێتە بەر پێوەری واتای لاوەکی، هەموو واتاکانی فۆرمە هاوبێژەکان بنچینەیین، بەڵام ئەو واتا لاوەکییانەی کە پێوەری جیا دەبنەوە، پێوەندییەکی پتەویان بە واتا بنچینەکەوە دەمینێت. (٤)
بۆ نموونە:
لە ڕستەی (کوڕە مەلا هات)
(أ) (ە) لە وشەی لێکدراوی (کوڕە مەلا) شوێنی (ی) ئیزافەی گرتۆتەوە (کوڕی مەلا).
(ب) (ە) مۆرفیمی نێرە لە بانگکردن، واتە کوڕە ئاگادار بە (مەلا) هات.
(٢) دوو واتای زمانی ئەو کاتە هاوبێژ دەبن، کە لە سیمایەکی واتای بنچینەییدا جیاواز بن.
بۆ نموونە:
(١) کچێ وە مەکە.

٢) یەکێ لێرە ڕۆیشت.
لەم دوو ڕستەیەدا دەبینین (ێ) لە ڕستەی یەکەمدا پاشگری ڕەگەزی مێینەیە بۆ بانگکردن لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا (ێ) پاشگری نەناسیاوی و تاکە لە زمانی کوردیدا(*).
٣) ئەگەر خاڵی (دوو) بێتە دی، واتە هاوبێژەکان لە ڕووی واتاوە لە دوو پێوەندی جیاواز دەبن.
بۆ نموونە:
(پێوەدان)
(أ) (پێوە): مانای داخستن دەدات بە (دان) ئەو کاتە ئەو دانانەی لەو (گیرەک + کارەکە) کۆ دەبنەوە بریتین لە (دەرگا -پەنجەرە - کتێب...)
(ب) (پێوە): ئەگەر وەکو گەستن (بە.... ئەوەوە) یدا ئەو کاتە (مار - دووپشک - مێش - مەگەز...) لەو گیرەکە کۆ دەبنەوە.
(٤) هاوبێژ لە فەرهەنگدا بە دوو دەروازەی جیاواز دەنووسرێت.
بۆ نموونە:
(١) (ەکە): بە ناوی نەناسراوەوە (نکرة) دەنووسێت و دەیکات بە ناسراو (معرفة).(کوڕەکە) - (پیاوەکە).
(٢) (ەکە): بۆ بچووکردنەوە و وێکچواندن (تشبیە) بەهەندێ (ناو) و (ئاوەڵناو)ەوە دەنوسێت و دەیکاتە ناوێکی تازە. (پۆلەکە - شارۆچکە).

**هۆیەکانی دروستبوونی هاوبێژ:**
(١) بوونی چەند دیالێکتێک لە یەک زماندا.
(٢) لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگاردا، واتاکانی هەندێ وشەی فرە واتا لە یەک دوورکەوتوونەتەوە و وشەی هاوبێژییان دروست کردووە.
(٣) لە مێژووی پەیدابوونی وشەی کوردیدا، بە ڕێکەوت دوو وشە، یان زیاتر بە سەر شتی جیاوازدا دابڕاون کە دەربرینیان وەک یەک بووە.
(٤) هەندێک وشە کە لە زمانی بێگانەوە کەوتوونەتە ناو زمانی ڕەسەنەوە، وا ڕێککەوتووە لەگەڵ وشەیەکی زمانە ڕەسەنەکە لە خوێندن و نووسیندا وەک یەک بن لە هەمان کاتیشدا، هەر یەکەیان واتای تایبەتی جیاوازی خۆی هەیە.
جگە لەو ڕێگا سەرەکییانە هەندێک جار لە حاڵەتی گۆڕینی وشەدا لکاندنی ئامراز، هەروەها کورت کردنەوە و سڕانەوە وشەی هاوبێژ پەیدا دەکات.(٥)

**جۆری وشەی هاوبێژ:**
لە زمانی کوردیدا دوو جۆر وشەی هاوبێژ بەرچاو دەکەوێت:
(١) ئەو وشە هاوبێژانەی کە لە خوێندنەوە و نووسیندا وەک یەکن وەک (شاخ کە دەکرێ بەمانای شاخ و چیا، یان بەمانای شاخی ئاژەڵان بێت) - بیر (کە دەکرێت بە مانای بیرکردنەوە، یان بەمانای بیری ئاو و نەوت و ...تاد بێت)
(٢) ئەو وشە هاوبێژانەی بە نووسین وەک یەکن، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن وەک (سەوزە).
(سەوزە) ناوی کەسێکە، ئەگەر بە ئاوازی کورت بخوێندرێتەوە.
(سەوزە) ناوی شوێنێکە کە سەوزایی تێدا بێت، ئەگەر بە درێژی بخوێندرێتەوە.

(٣) فرە واتا (Polysemg):
زاراوەیەکی یۆنانییە (Polysemg) لە بنەڕەتدا لە (Poly) بە واتای فرە (زۆر) لەگەڵ (semg) بە واتای (واتا) پێکهاتووە.(٦)
(فرە واتا) "هاتنی دانەیەکی فەرهەنگییە، بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە" یان بریتییە لە تاکە وشەیەک چەند واتایەک دەبەخشێت.
بۆ نموونە:
(مانگ) دوو واتای هەیە، ئەوانیش (مانگی ئاسمان) و (مانگی ساڵەکان)
(بەر بوون) چەند واتایەکی هەیە، وەک (بەر بوونی قوتابی) و (خوێن بەر بوون) و (ئازاد بوون).
(هەڵات) چەند واتایەکی هەیە، وەک (ڕۆژهەڵات)، (هەویرەکە هەڵات)، (منداڵەکە هەڵات).

**سیما تایبەتییەکانی فرە واتا:**
(١) ئەگەر لە تێڕوانینێکی مێژووییەوە، واتە بە پێی ڕێبازی (dia chronic) سەیری واتا بکەین، ئەو کاتە بوونی ئەم دیاردەیە وەک ڕاستییەک لە بەرچاو دەگیرێت، بەڵام لە تێڕوانینێکی (synchronic) سەیری بکەین لەوانەیە زۆربەی فرە واتاییەکان وەکو هاوبێژی سەیری

بکرێت، بەهۆی ئەوەی گەشەکردنە مێژووییەکەی فرە واتا لەبەرچاو ناگیرێت.
٢) لە فەرهەنگدا واتا جیاوازییەکانی وشەی فرە واتای دەکەونە چوارچێوەی هەمان دەروازەوە. بۆ نموونە:
أ- دەچێتە سەر ڕەگی کار و کاری داخوازی لێ دروست دەکات. وەک (بخۆ - بچۆ)
ب- دەچێتە سەر ڕەگی هەندێک چاووگ و ناو سیفەتی کارایان لێ پێک دێنێت وەک :
(سوێر - بکوژ).(٧)

**(٣) هاوواتا:**

هاوواتا یەکێکە لە پێوەندییە شوێنییەکان، لە هەموویان بە کێشەترە، چونکە هەر لە کۆنەوە لە زۆر لە کتێبە زمانەوانییەکاندا سەبارەت بە بوون و نەبوونی ئەم دیاردەیە لە زماندا باسکراوە و زمانەوان و واتاناسەکان زۆری لێ دواون و هەندێکیان باوەڕیان بە بوونی نەبووە.
کەرەستەی هەر زمانێک وەنەبێت تەنیا لە کۆمەڵێک وشە پێکهاتبێت، بەڵکو بێجگە لەوانە بریتییە لە یاسا و دەستوورێکی ورد و ئاشکرا و تەواو لە پێوەندی و پەیوەستی ڕاست.(٨)
بە هۆی جیاوازی بیر و بۆچوونی زانایانەوە کۆمەڵێک پێناسە بۆ (هاوواتا) کراوە، لێرەدا هەندێک لەم پێناسانە دەخەینە ڕوو:
(١) هاوواتا: ئەو وشانەن کە جیاوازی لە ڕوخسار و دەربڕینیاندا هەیە، بەڵام لە ڕووی واتاوە وەک یەکن.(٩)
(٢) هاوواتا: بریتییە لە دوو وشە، یان زیاتر کە یەک واتا دەبەخشن.
(٣) (د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەم شێوەیە پێناسەی کردووە/ هاوواتا: بەو وشانە دەڵێن کە یەک مانا ئەبەخشن، یان مانایان لێک نزیکە، بەڵام لە خوێندن و نووسیندا جیاوازە.) (١٠)
(٤) محمد مەعرووف فەتاح دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی هاوواتا بە دوو شێوە پێناسە دەکرێت :
(أ) دوو وشە، یان زیاتر کە یەک واتا ببەخشن، بەم جۆرە (دەربەدەر و لانەواز و ئاوارە ) هاوواتان.
(ب) دوو وشە، یان زیاتر کە نەک هەر واتایان یەک بێت، بەڵکو لە بری یەکتریش بێت لە وتندا.(١١)
(٥) دوو کەرەستە کاتێک هاوواتا دەبن کە هەمان شوێنی بەکارهێنانیان هەبێت.(١٢)
(ئەم بۆچوونە ئێستا لە زۆرترین بیردۆزەکانی هاوچەرخدا هەیە).
نموونە:
دکتۆر = پزیشک   نووستن = خەوتن
باش = چاکە   جوان = شەنگ، شۆخ
چیا = شاخ   سەیرکردن = تەماشاکردن
بە لای هەندێک زمانەوانەوە هاوواتا پلەی هەیە، واتە دەتوانرێت هەر کۆمەڵێک لە کەرەستە فەرهەنگییەکان بە پێی پلەی لێکچوون و جیاوازی لە شوێنەکانیاندا ڕیز بکرێت.
بەم پێیە هاوواتا لەسەر بنچینەی پلەکردن دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە :(١٣)

(١) هاوواتای ناتەواو:
نزیک بوونەوەی مەبەستی، یان واتای وشەکانە لە یەکتری، بە شێوەیەک کە لە چەند دەقێکدا جێگای یەکتر دەگرنەوە، بەڵام ئەم جێ گرتنەوەیە لە شوێنی تردا ناشێت.
یان لە واتای هۆشەکیدا وشەکان یەکن، بەڵام لە دەربڕین و هەست و سۆزدا جیاوازن.(١٤)
هاوواتای ناتەواو لە زمانی کوردیدا نموونەی زۆرە، هەروەکو مامۆستا (محەمەد مەعرووف فەتاح) لە کتێبی زمانەوانیدا ئەم دوو نموونەی هێناوەتەوە:
- منداڵەکە خۆی شاردەوە
- منداڵەکە خۆی مەڵاس دا
لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو وشەی (شاردەوە، مەڵاس دا) دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا ناتوانرێت لە شوێنی یەکتری دابنرێت:
کتێبەکەی شاردەوە .   (دەگونجێ)
کتێبەکەی مەڵاس دا.   (ناگونجێ)
کتێبەکەی شاردەوە = کتێبەکەی مەڵاس دا
بە هەمان شێوە جووتە وشەکانی وەک (بەند و گیراو)، (ئازاد و بەرەڵڵا)، (وریا و زیرەک) هاوواتای ناتەواون.
هەندێ وشە هاوواتان لە واتای هۆشەکیدا، بەڵام واتای لاوەکی، یان جیاوازە وەک :
کیژ = کچ

ئافرەت = ژن
کەتە = زەبەلاح

(٢) هاوواتای تەواو:
بریتییە لەو وشانەی کە لە هەموو چوارچێوە و بەکارهێنانێکدا دەتوانین بیانگۆڕینەوە و لەبری یەکتر بەکاریان بێنین وەک:
(بەختیار - خۆشحاڵ - شادمان - دڵشاد) و (سەیرم کرد - تێمڕوانی - تەماشام کرد)
بوونی ئەم جۆرە هاوواتایە لە زماندا بەدەگمەنە، تەنانەت هەندێک باوەڕیان وایە نییە. لە ڕاستیدا زۆر گرانە دوو وشە بە یەک واتا لە زماندا بمێننەوە و بژین، چونکە ئەمە لە توانای زمان کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت، بە واتایەکی تر بەدەگمەن دوو دانەی هاوواتای لە جیاتی یەکتر بەکار دێت بە بێ گۆڕانی واتای هۆشەکی و لاوەکی.
بۆ نموونە:
(کلۆریدی سۆدیۆم) هێمای کیمیاییە بۆ خوێ، بەڵام لە کاتی بەکارهێناندا جیاوازییان تێدەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر لەسەر مێزی نان خواردن بێت، ناڵێین (کلۆریدی سۆدیۆم)م بدێ، بەڵکو دەڵێین خوێیەکەم بدێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە تاقیگەدا ڕوودەدات. کەواتە دەتوانین بڵێین هاوواتای تەواو (ڕاستەقینە)مان نییە. (١٥)
لێرەدا بیروڕای کۆمەڵێک زمانەوان دەهێنمەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوواتای تەواو (ڕاستەقینە).
(ئەرستۆ) یەکەم کەس بووە کە باوەڕی بە بوونی ئەم دیاردەیە نەبووە و لەم بارەیەشەوە گوتوویەتی "هەڵەیە ئەگەر بڵێین دانانی زاراوەی جیاواز لە یەک واتا نابێتە هۆی گۆڕان لە واتادا، چونکە هەندێک زاراوە هەیە شیاوترە لە زاراوەی تر و زاراوەش هەیە زیاتر واتا و مەبەستەکە دەگەیەنێت و لە یەکێکی تر ڕوونترە ". (١٦)
(بلۆم فیلد)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (لەبەر ئەوەی دوو کەرەستە لە ڕووی پێکهاتنی دەنگییەوە جیاوازن، پێویستە واتاکانیشیان جیاواز بێت).
هەرچی (محەمموود حجازی)یە دەڵێت: "هیچ کاتێک ڕێک ناکەوێت دوو وشە، یان زیاتر کە سەبارە واتاکانیان تەواو یەک بگرن، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە لە هەندێک وشەدا مەبەستەکانیان زۆر لە یەکتر نزیک دەبنەوە "، هەروەها (ئۆلمان) یش لەم بارەیەوە دەڵێت :
(هاوواتای تەواو زۆر بەدەگمەن لە زمانێکدا دەبینرێ، چونکە هاتنە کایەی شتێکی ئاسان نییە و لە هەمان کاتیشدا زیادە) (١٧).
زۆربەی ئەو زانایانەی باوەڕیان بەبوونی هاوواتای تەواو نییە، لەسەر ئەم ڕایەن، بە بەڵگەی ئەوەی واتای لاوەکی هەموو کاتێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

**هۆیەکانی دروست بوونی هاوواتا:**

(١) بوونی چەند دیالێکتێکی جیاواز لە زمانێکدا وەک
(فرمێسک - ڕۆندک - ئەشک)
(٢) بەهۆی خواستنی وشەی بێگانەوە. (١٨)
(عەرد و ئەرز) (فەقیر و هەژار) (ئاژەڵ و حەیوان).

لە ئەنجامی بەکار هێنانی دوو شێوازی جیا (١٩)

وەک جەناب = تۆ ┐ ئەمەش زۆر جار بۆ ڕێزلێنان
بەڕێز = گەورەم ┘ لە یەکێک بەکاردێت

(٣) هەندێک جاریش بەهۆی هاتنە کایەی هاوواتایی دەگەڕێتەوە بۆ کەم کردنەوەی ناخۆشییەک، هەندێک دیاردە کە خۆیان ناخۆشن وەکو مردن، نەخۆش.... تاد.
بەکارهێنانی وشەی (مردن) و هەندێک جار کار دەکاتە سەرباری دەروونی مرۆڤ، بۆیە بەهۆی چەند ڕستەیەکی وەکو چرای بەیانی کوژایەوە - ئەمری خوای کرد - کۆچی دوایی کرد.... تاد دەردەبڕدرێت.

(٤) زۆربەی جار بۆ مەبەستی کورت کردنەوەی وشە بە پیتێک، یان زیاتر لە وشەکە لادەبرێت، ئەمەش دەبێت وشەیەکی هاوواتا لەگەڵ وشە ڕەسەنەکەدا، بەتایبەتی لە شێوە زاری سلێمانیدا ئەم دیاردەیە زۆر دەبینرێت. (٢٠)وەکو
- لادانی پیتی (د) زامدار = زامار
بریندار = برینار

منداڵ = مناڵ

بەغداد = بەغا

- لادانی پیتی (ب) تەمبەڵ = تەمەڵ

- یان پیتی (ت) دەبێت بە (و) وەکو:

هات = هاو

کتێبەکەت = کتێبەکەو

**مەرجەکانی دروستبوونی هاوواتا:**

(١) هاوواتا دەبێت وشەکانی لە واتادا وەک یەک بن، بە مەرجێک ئەو وشانە لە ئەنجامی گەش و گۆڕانی دەنگییەوە رووی نەدابێت.

(٢) لە هاوواتادا یەکێتی سەردەم مەرجێکی ترە، واتە نابێت بە یەک چاو بڕوانینە سەردەمەکانی زمان، چونکە تێپەڕبوونی کات جیاوازی زۆر لە واتادا دروست دەکات. هەندێک جار وا لە وشەکان دەکات کە لە یەک نزیک دەبنەوە و جیاوازییەکان لە بیر بکرێن.

بۆ نموونە:

(تۆز و با) وشەیەکە بۆ بایەکی توند و تۆزاوی بەکار دێت، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات ئێستا بە جۆرە ئۆتۆمبیلێک دەگوترێت کە ژمارەی نەبێت، یان خاوەنی نەبێت (ئۆتۆمبیلی تۆز و با).

**(٤) گرتنەوە:**

جۆرێکە لە پێوەندی واتای نێوان وشەیەک و پۆلێ وشە، بە مەرجێک واتای وشەکە، واتای هەموو ئەندامەکانی پۆلەکەی تێدا بێت، بەم جۆرە ئەندامانی پۆلەکە دەبنە جۆرێک لە وشەکە.

(جۆن لاینز) وای بۆ دەچێت کە یەکێک لە پێوەندییە سەرەکییەکانی واتا لە ڕۆنانییەکاندا (هایپۆنیمییە).(٢١)

ئەم زاراوەیەش بە پێی پێوەری زاراوەی هاوواتا و دژواتا دۆزرایەوە، ئەمەش بە واتای گرتنەوە بەکار هاتووە. بۆ نموونە:

واتای وشەی وەنەوشەیی ڕەنگی سووریش دەگرێتەوە.

واتای وشەی میوە، واتای وشەکانی (سێو - پرتقال - مۆز....) دەگرێتەوە، هەروەها واتای وشەی ڕەنگ، واتای وشەکانی (سوور - پەمەیی - زەرد....) دەگرێتەوە.

ئەگەر کۆمەڵێک یەکەمان هەبێت یەک واتای گشتی بیانگرێتەوە، ئەوسا دەتوانین بڵێین ئەم یەکانە "کۆهایپۆنیم".

هەروەک لە ڕەنگەکاندا: مۆری سووورباو و ڕەنگی ژەنگی... تاد. ئەمانە ڕەنگی هاوبەشی ڕەنگی سوورن، هەروەها وەنەوشە و گوڵەباخ و گوڵیلک... تاد. ئەمانەش هاوبەشی گوڵن.

ئەوەی کە پێوەندی بە ڕەنگی سوور و گوڵەوە هەیە، هەر یەکێک لەم وشانە بە واتایەکی سەرتاپای گرتنەوە (superodonnes) دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی سەرتاپایی و گرتنەوەی هەر یەکەیانە.

ڕۆڵی ئەم بابەتە لە زمانە سروشتییەکاندا بێ هێزترە لەوەی کە لەگەڵ یاسای پۆلێنکردنە زانستیەکاندا هەیە، هەروەک لەگەڵ زانستی زیندەوەرزانی و ڕووەکزانیدا بەدی دەکرێت.

پێوەندی گرتنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە ڕووی دیاریکردن و ژمارە پێکهاتووەکانی زاراوە گشتییەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە:


(پەتاتە) لە زمانی کوردیدا نە لە پۆلی سەوزە و نە لە پۆلی میوەیە، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا دەچێتە کۆمەڵی سەوزەوە، بێجگە لەم جیاوازییە لە پۆلێن کردندا زور جار پۆلەکە زاراوەیەکی گشتی نییە کۆیان بکاتەوە وەک: (مریشک و کەڵەشێر و قەلەموون) لە کوردیدا وشەیەک نییە بیان گرێتەوەو بەرانبەر (الدواجن) بوەستێت.

ئەم دیاردەیە نەک هەر لە زمانی کوردیدا، بەڵکو لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەیەکی گشتی نییە، هەموو یەکەکانی ڕەنگ بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو مەنتیقەکان دەڵێن: ڕەنگی سپی بەرانبەر ڕەنگاوڕەنگ لە شووشتندا دیسان ڕەنگی ئاویش، یان ڕەنگی ڕوون بەرانبەر ڕەنگاوڕەنگ دەوەستێتەوەو جیاوازیشە لەگەڵی، کەواتە (سپی) و (ئاوی) ناچنە ژێر زاراوەی ڕەنگەوە.

نموونەیەکی تریش بۆ نەبوونی زاراوەی گشتی وەک نەبوونی زاراوەی گشتی بۆ کۆکردنەوەی شێوەکانی (چوار گۆشە، بازنە، لاکێشە... تاد).(٢٢)


زۆر وشە هەیە، بەکارهێنانی زۆر گشتییە وەک: (دێت، دەڕوات، کەس، شت، ڕووداو) دەتوانین لەشی کردنەوەی قوولی ڕێزمانیدا بە کەرەستەی ڕێزمانی سەربەخۆیان دابنێین، بە لای زۆربەی واتاناسەکانەوە

پۆلین کردنی دانەکانی زمان لە شێوەی زنجیرەیەکی ڕێکوپێکدا بە دەست پێکردن لە زۆرترین ڕێژەی گشتییەوە تا بەرزترین ڕێژەی دیاری کردن، هەروەک لەم پێکهاتە هەرەمەکییەدا دەبینین.




ئەوەی ئاشکرایە وشەی گیانلەبەر لە چەند شوێنێکدا دووبارە بۆتەوە، ئەم دیاردەش کاتێک پەسەند دەکرێ کە وشەکە خۆی بگرێتەوە.

دیسان لە پێکهاتنی هەرەمی (سەگ) هەمان تێبینی دووبارە دەبێتەوە :




(سەگ) زاراوە گشتییەکەیە و هەر خۆشی بە بەراوردکردنی لەگەڵ دەڵەسەگدا، بە واتای سەگی نێر دێت کە دەچێتە پێکهاتنی خۆییەوە.

هەندێک جار کەرەسەیەکی وەک : (ڕەشە وڵاخ) کە زاراوەیەکی گشتییە، (گا) و (مانگا) دەگرێتەوە و تەنیا بۆ (کۆ) بەکاری دەهێنین، ئەگەرچی لە فۆرمەکەیدا وا دیارە بۆ تاکە. کاتێ کە دەڵێین ئەوە ڕەشە وڵاخە، لەوانەیە کۆمەڵێ مانگا، یان گا بگرێتەوە، بەڵام ناتوانین لە شێوەی تاکدا بڵێین ئەوە ڕەشە وڵاخێکە.

پێوەندی گرتنەوە پێوەندییەکی یەک لایەنەیە لە ڕستەدا، واتە واتاکانی دانە تایبەتییەکانی پۆلێک دەبنە بەشێک لە واتە دانە گشتییەکە، بەڵام واتای دانە گشتییەکە مەرج نییە واتای هەموو دانە تایبەتییەکانی پۆلەکە بێت لە ڕستەدا.

بۆ نموونە: کە دەڵێین (ئەم گوڵە) ناتوانین بڵێین ئەمە (مێخەکە)، چونکە مەرج نییە (گوڵەکە) مێخەک بێت، بەڵکو لەوانەیە جۆرێکی تر بێت.(٢٣)

(٣) دژ واتا :

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە واتا بەرانبەر یەکتری دژ دەوەستن، بە مەرجێک وشەکان دەبێت بکەونە سنووری بازنەیی یەک سیاقەوە. دژ واتا وەنەبێت تەنیا لە بەشێکی ئاخاوتن هەبێت، بەڵکو دەتوانرێت لە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن ببینرێت.

نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ڕەش – سپی | تازە – کۆن | ئاوەڵناو |
| شەو – ڕۆژ | کوڕ – کچ | ناو |
| هاتن – ڕۆیشتن | کڕین – فرۆشتن | چاووگ |

(١) پێوەندی دژواتایی هەر لە کۆنەوە بە یەکێک لە گرنگترین پێوەندییە شوێنییەکان ناسراوە، لای واتاناسەکان جێگای بیروڕای جیاواز بووە، چونکە هەندێکیان بە تەواوکەری هاوواتاییان داناوە، لە کاتێکدا ئەم دوو پێوەندییە شوێنییە زۆر لە یەکتری جیاوازن. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆر لە زمانەوانەکان نەیانتوانیوە گرنگی تەواو بە جۆرە جیاوازەکانی دژ واتا بدەن.(٢٤)

(٢) هەر وشەیەک لە زماندا ڕەگی جیاوازی خۆی هەیە، دوو وشەی دژ واتاش هەندێک جار خاوەنی یەک ڕەگن وەکو:

خۆش × ناخۆش
پەسەند × ناپەسند
بە نرخ × بێ نرخ

پێویستە ئاماژە بە دەستییەوە بکەین کە وەنەبێ هەموو وشەیەکی زمانی کوردی بەرانبەری وشەی دژ واتا هەبێت، بۆ نموونە بەرانبەر بە هەندێک ناو وشەی دژ واتا نییە. وەکو :

دەرگا، خانوو، بەرد، قەڵەم

بە هەمان شێوە زۆربەی جێناوەکانیش وشەی دژ واتا بەرانبەریان نییە(٢٥).

هەروەک دوو زاراوەی بەرانبەری (نێر) و (مێ) کە هەردووکیان هەریەکە ڕەگەزێک دیاری دەکات و بە چەند تایبەتییەکی بایۆلۆژی و ڕەوشتییەوە پەیوەستن. دەتوانرێت زاراوەی (نێرەمووک)، یان (نە ژن نە پیاو) بەکار بهێنرێت

بۆ ئەم حاڵەتە ئاوێزەیە(٢٦).
هەندێک پێچەوانەی سیفاتی جووتە بەرانبەرەکانیان هەیە، یان وەکو
فراوان × تەسک
درێژ × کورت
دەتوانرێت بە گوێرەی (زۆرتر و کەمتر) پلە بۆ ئەمانە دابنرێت، سەرەڕای ئەوەش نەکردنی یەکێکیان، پەسند کردنی ئەوی دیکەیانە بە پێچەوانەشەوە بۆ نموونە:
ئەم ڕێگایە لەوی دیکەیان فراوانترە
ئەم ڕێگایە لەوی دیکەیان تەسکترە
لێرەدا ئێمە بە مەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ئەم جۆرە پێوەندییە بۆ ڕوونکردنەوەی وەک (جۆن لاینز) دەیکەین بە سێ بەشەوە(٢٧):
(١) دژ واتای بەرانبەری:
ئەم جۆرە پێوەندییە دژ واتایە دەتوانین بەو پێوەندییە ڕوون بکەینەوە کە لە نێوان (نێر و مێ) و (کچ و ژن)دا تێبینی دەکرێت(٢٨).
یەکێک لە تایبەتییەکانی ئەم جووتە کەرەستانە ئەوەیە کە پەسەندکردنی یەکێکیان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەیان، یان بە پێچەوانەوە، واتە کە دەڵێین (نەسرین کچە)، ڕستەی (نەسرین ژن نییە) دەگرێتەوە. هەروەها (نەسرین ژنە)، ڕستەی (نەسرین کچ نییە) دەگرێتەوە. هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن، ئەوەی لەم جەمسەرە نەبێت دەبێت لە جەمسەرەکەی تر بێت.
خاڵێکی تر لەم جۆرە کە شایانی تێبینی کردنە ئەویش ئەوەیە کە بەکارهێنانی دوو زاراوەی وەک (کوڕ و پیاو)، بەرانبەر بە یەک سەیریان دەکەین. پێویستە بزانین کە بە پێی پێوەرێکی پەسەند کراو لە ڕووی شارستانیەتەوە (ژن) دانراوە، کوڕ دەبێت توانای ژن هێنانی هەبێت، ئینجا دەبێتە بەرانبەر بۆ پیاو(٢٩) شتێکی ئاساییە کە نەکردنی یەکێکیان پەسەندکردنی ئەوی دیکەیانە و پەسەندکردنی یەکێکیان نەکردنی ئەوی دیکەیانە. لە کاتێکدا دەتوانرێت کە یەکێکیان، یان هەردووکیان بە تەواوی ڕەت بکەینەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە وا نەکات کە بۆ دەست هەڵگرتن لە بەکارهێنانی جۆرە ئاساییەکەی زاراوە بەرانبەرەکان بەس بێت.
(٢) دژ واتای پێچەوانە:
ئەم جۆرە پێوەندییە بە بەراوردکردنی چەند وشەیەکی پێچەوانەی یەکدی دەردەکەوێت وەکو (گەنج) و (پیر)، (گەورە و بچووک)، (درێژ و کورت، تەسک و فراوان).
دەتوانین بڵێین ئەو پێوەندییەی کە بە پێچەوانەوە پێناسەی دەکەین لە پێناوی دەرخستنەوەی جۆرەکانی دژ واتا(٣٠).
دیارترین تایبەتی لەم جۆرە پێوەندییەدا، توانای پلە کردنە بە ڕێکوپێکی، ئەم پلە کردنەش پێوەندییەکی زۆری بەبەراورد کردنەوە هەیە، کەواتە پلەداری بەراوردکردن نەگەیەنێت. بەراوردیش لەوانەیە، یان ئاشکرا، یان درکاو بێت(٣١).

**بەراوردی ئاشکراش دوو جۆرە:**

(١) بەراوردی دوو شت، یان دوو کەسی جیاواز کە پێوەندی بە تایبەتییەکانی دیاریکراوەوە هەبێت، بەڵام یەکێکیان پلەیەکی بەرزی هەبێت.وەکو
خانووەکەی ئێوە لە خانووەکەی ئەوان بەرزترە
ئازاد ئەم ساڵ لە پار زیرەکترە.
هەندێک جار دەتوانین جۆرە تەمومژێک بەجێ بێڵین کە خوێنەر لای ڕوون نەبێت بەوەی کە نەزانێت بەراوردەکە لە نێوان دوو کەسدایە، یان لە نێوان دوو حاڵەتدایە وەکو:
ئازاد زیرەکترە
یان لە نەوزاد، یان لە پاری خۆی زیرەکترە.
یان لەوانەیە هەردوو جۆرە بەراوردەکەی پێشوو لە یەک ڕستەدا بێت وەکو:
خانووەکەمان لە جارانی خانووەکەی ئێوە گەورەترە.
ئازاد لە جارانی نەوزاد زیرەکترە.
(٢) هەندێک جار بەراوردەکە سەرزاری دەبێت، وەکو لە ڕستەکانی پێشەوەدا بەهۆی (تر – لە) ەوە دەرکەوتووە. زۆر جار بەراوردەکە هەیە، بەڵام دەرنەبڕاوە. بۆ نموونە دەڵێین :
هیوا قوتابییەکی زیرەکی پۆلەکەیەتی
مەبەستمان ئەوەیە کە هیوا لە هەندێکیان زیرەکترە و هەندێکیشیان لەو زیرەکترن، بەڵام بەراوردەکە سەر زارییە و دەرنەبڕاوە.
دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە لە هەندێک لەم وشە دژ واتایانە پلەکانیان بزر دەکەن و کەم و زۆر هەست بەوە ناکەین کە بەراوردەکە لە ئارادا هەیە. بۆ نموونە :
– ڕێگاکە چەند فراوانە؟
– چەمەکە چەند قووڵە؟
ئەم ڕستانە ئەوە ناگەیەنن کە ڕێگاکە فراوانە، یان چەمەکە قووڵە.لە ڕۆنانی وادا وشەکان پلەکانیان ون دەکەن و بێ لایەن دەوەستن(٣٢).
لە ڕوویەکی دیکەشەوە وشەی دژ واتا لە وشەی جیاواز جیادەبێتەوە، لە دژ واتاییدا کە یەکێک لە وشەکانی ڕەت دەکەینەوە، مانای ئەوە نییە کە دژەکەمان پەسند کردووە بۆ نموونە کە دەڵێین:
– پیاوێکی ئازا نییە.
– مەرج نییە پیاوێکی ترسنۆک بێت، بە واتایەکی تر وشە دژ واتاکان خۆیان بە جەمسەرەکان دەگەن، بەڵام لە نێوانیاندا پلەی تر هەیە، لەبەر ئەمە کە یەکێکیانمان هەڵنەبژارد، ئیدی ناچار دەبین تاکەکەی دیکە هەڵبژێرین،

چونکە دەتوانین پەنا بۆ پلەکانی نێوانیان ببەین (٣٣).
(٣) دژ واتای تەواوکەری:
ئەمەش بە بەراوردکردنی چەند جووتە وشەیەکی وەکو : (کـــڕین و فـــرۆشتن) (دان و وەرگـــرتـن)، (ژن هێـنان و شـــووکـردن) دەردەکـــەوێت. پێـــوەندی تەواوکـــەری لەگـــەڵ پێوەندی بەرانبـەریدا بەرانبـەر یەک دەوەستنەوە(٣٤)، بۆ نموونە دەڵێین:
ئاکۆ خانووەکەی لە ئازاد کڕی.
ئازاد خانووەکەی بە ئاکۆ فرۆشت.
یان
شنۆ کتێبەکەی بە شیریندا.
شیلان کتێبەکەی لە شنۆ وەرگرت .
هەمـان پێـوەندی لەنێـوان ئەو وشانەدا بەدی دەکرێت کە پێوەندییەکی خزمـایەتییـان لە نێواندا هەیە، وەکو (ژن و مـێـرد)، (باوک و کـوڕ)، (باوک و کچ)، (خـوشکەزا و پوور)(٣٥). وەکو :
(١) نازەنین ژنی ئەحمەدە (٢) شیلان کچی ئازادە
ئەحمەد مێردی نازەنینە ئازاد باوکی شیلانە
هەروەها لەوانەیە ئەم دیاردەیە لە حـاڵـەتی بکەردیـار و بکەرنادیاردا بەدی بکرێت.بۆ نموونە کە دەڵێین :
- ئازاد پەنجەرەکەی شکاند
ئەوە دەگرێتەوە کە
- پەنجەرەکە بە دەستی ئازاد شکێنرا
"جـــۆرێکی تری دژ واتا هەیە کـــە پێی دەگـــوترێت (هەڵگەڕاوە) کە لە کاردا دەبێت و گۆڕان لە باری شتێک نیشان دەدات، ئەم گۆڕانەش پێچەوانە دەکرێتەوە وەک"
(هەڵگرت و داگرت) و (هەڵبەز و دابەز). کەواتە گۆڕان لە کردەیە نەک لە چۆنیـەتی، هەروەها چەند وشـەیەک هەیە لە زمـانی کـوردیدا کـە هەریەکـەیان دوو واتای دژ بـەیەک بەدەستەوە دەدەن. وەکو:
گوێ گرتن (١) بە واتای گوێ لە شت بوون و گوێ نەدان دێت
(٢) بە واتای گـوێ گـرتن بە دەسـتـەوە بۆ مـەبەسـتی سووکایەتی
دڵگیر (١) بە واتای ڕا لێ بوون دێت
(٢)بە واتای دڵ پەستن دێت

**١- (کلۆد جیرمان) و (ڕیمۆ لۆبلان)، (واتاسازی)، وەرگێرانی د. یووسف شەریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٤٥**
**٢- د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، موحازەراتەکانی بەکالۆریۆس، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠.**
**٣- (محەمەد مەعرووف فەتاح) و (صەباح ڕەشید قادر)، (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی)، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٦، ل٦٥.**
**٤- (محەمەد مەعرووف فەتاح) و (صەباح ڕەشید قادر)، هەمان سەرچاوە، ل٦٦.**
*** لە ڕاستیدا (ێ) نییە، (یەک)، یان (ێک)ە، یەکەمیان لەگەڵ ناوی بە بزوێن کۆتایی هاتووە، دووەمیان لەگەڵ ناوێکدا بەکار دێت کە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت. (ڕامان)**
**٥- د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠.**
**٦- د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠.**
**٧- (محەمەد مەعرووف فەتاح)، (صەباح ڕەشید قادر)، هەمان سەرچاوە، ل٦٦**
**٨- (عەبدولواحد موشیر دزەیی)، هاوواتا لە ڕێزماندا، گۆڤاری واژە، ژمارە ٢، ١٩٩٧، ل٢١**
**٩- (کلۆد جیرمان) و (ڕیمۆ لۆبلان)، هەمان سەرچاوە، ل٤٦**
**١٠- (د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠)**
**١١- محەمەد مەعرووف فەتاح، (زمانەوانی)، ١٩٩٢، ل١٦٤**
**١٢- (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید)، هەمان سەرچاوە، ل٧٦**
**١٣- (جۆن لاینز)، (علم الدلالة)، ترجمة مجید الماشطة، ١٩٨٥، ل٧٣**
**١٤- (محەمەد مەعرووف فەتاح)، زمانەوانی، ل١٦٤**
**١٥- (کلۆد جیرمان) و (ڕیمۆ لۆبلان)، هەمان سەرچاوە، ل٤٩**
**١٦- (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید) (واتاسازی وشە)، نامەی ماستێر، ١٩٨٩، ل٧٦**
**١٧- (د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠)**
**١٨- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥، ل٢٠**
**١٩- (محەمەد مەعرووف فەتاح)، زمانەوانی، ل١٦٤**
**٢٠- (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید)، هەمان سەرچاوە، ل٧٨**
**٢١- (کلۆد جیرمان) (ڕیمۆ لۆبلان)، هەمان سەرچاوە، ل٥٠**
**٢٢- (د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠)**
**٢٣- (د. تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ١٩٩٩ - ٢٠٠٠)**
**٢٤- (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥، ل٢٣**
**٢٥- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ل٨٢**
**٢٦- جۆن لاینز، علم الدلالة، ترجمة مجید الماشطة، ١٩٨٥ ل٩٧**
**٢٧- جۆن لاینز، هەمان سەرچاوە، ل ٧٥**
**٢٨- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، ل١٦٥**
**٢٩- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ٨٤**
**٣٠- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، هەمان سەرچاوە، ل١٨٦**
**٣١- محەمەد مەعرووف فەتاح، هەمان سەرچاوە، ل١٦٧**
**٣٢- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥**
**٣٣- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، ل١٦٧**
**٣٤- بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨**
**٣٥- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، ل١٦٧**

# گۆڕدەخمەكانی میدیا و زەردەشتییان و ڕێوڕەسمی مردووسپاردن بەشاخ

عەباس سلێمان سمایل

## پێشەكی

له زۆر كۆنەوه لەنێو گەلانی ئێراندا مردوو ڕێزی لێگیراوه و دوای دانانی له شوێنێكی دوور له ئاوەدانی، جا سەرچاوەیەک، یان بەرزاییەک، یان كەلەنە شاخێک بێت، دوای نەمانی گۆشتەكەی، واته خواردنی لەلایەن درِنده و باڵندەی گۆشتخۆرەوه، ئێسقانەكەیان لەناو گۆزەیەک هەڵدەگرت و لەسەر تاشەبەردێكیان دادەنا، یان دەیانخسته ناو كوپەلەیەک و دەیانخسته ژێرزەوی، بەڵام بەر لەم قۆناغە، وەكو هیندییەكان تەرمەكانیان دەسووتاندن و مشكییەكانیان به ئاودا دەدا.

كەچی مرۆڤی نیاندرتاڵ مردووەكانیان لەناو ئەو ئەشكەوتانە شاردۆتەوه، كه تێیدا نیشتەجێ بوون، بۆ نموونه ئەو سێ پەیكەره ئێسقانەی له ئەشكەوتی شانەدەر دۆزرانەوه بۆ ساڵانی نێوان (٤٥,٠٠٠- ٧٥,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوه، له قووڵایی زیاتر له (٢)م نێژرابوون و چەندین جۆر كولینكیان لەسەر سنگیان دانابوون، بەڵام مرۆڤی گەنجی دەرەوتەپە سەراوی كرماشان و چەرمۆی چەمچەماڵ، مردووەكانیان به خاک سپاردوون و هەریەكه و خوداوەندێكی دایكیان لەگەڵیان له گۆڕ داناون، بەو مەبەستەی له ڕۆژی دوایی نزا و شەفاعەتیان بۆ بكەن.

هەروەها له ساتووقەراش چەند خوداوەندێكی دایک دۆزراونەتەوه كه یەكێكیان له سفر دروستكرابوو، بەداخەوه هەموویان شكاندبوون، ئەوان به بووكه شووشەیان ناودەبردن، سفرەكەشیان له كۆیه فرۆشتبوو، بەڵام دوای ئەوەی ئایین سەری هەڵدا و زیاتر گرنگییان به ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوودا، چیا دەكۆڵدراو ئەشكەوتی دەستكرد بۆ پاشاكان له قەد چیا دروست

دەکرا، کە بە ئاسانی دەستی مرۆڤی نەگاتێ، کەچی بۆ خەڵکی دیکە لەسەر چیا، یان لە تەختاییەک دروست دەکرا، زۆرجاریش دەخمەی پاشایان دەنەخشێندراو وێنەی پاشا و ئاگر و ڕۆژ و مانگ و خوداوەندی ڕۆژی لەسەر هەڵدەکەندرا، بەڵام دەخمە تەختاییەکان لە ناوەڕاستەکەی قۆرتێک هەڵدەکەندرا، کە بە ستودان (هێسک دان) دەناسرا، لە دەورەی ستودان خانەی گچکە گچکە بەهۆی جۆگەوە دروست دەکرا کە تایبەت بوون بە منداڵان، لە دوای ئەو، خانەی گەورەتر بۆ ئافرەتان و دوا بازنەش تایبەت بوو بۆ پیاوان.

هەروەها ئەشکەوتە دەستکردەکەش چەند ژوور بوایە لەناو هەر ژوورێک ئێسک دانێک دروست دەکرا بۆ ئەوەی کە گۆشتەکە نەما، ئێسکەکە بکەوێتە ناو ئەو ئێسک دانە و تێکەڵ بە خاک و ئاو نەبێت، جا بە ئەشکەوتە دەستکردەکە و تاتەکە، یان شاخە تەختەکە دەگوترا دەخمە، کە ئەمڕۆ لە ئێران بە گۆڕگەبر، واتە گۆڕی ئاورپەرستان دەناسرێ.

بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئاییني ئیسلام لە کوردستان، گرنگیدان بە تەرمی مردوو بەردەوام بوو، بێجگە لە زەردەشتییەکان، کوردانی دیکە چ ئیسلام و چ ئێزدی و چ کاکەیی و چ کوردی دیان و کوردی جوولەکە مردووەکانیان لەژێر گڵ دەشاردەوە، بەڵام کێلی نەخشێنراو و سەیروسەمەرەیان بۆ دادەنان، بە تایبەتی لەم (٥٠٠) ساڵەی دوایی ئاغا و شێخەکانی دهۆک و هەولێر و مووسڵ کێلەکانیان لە مووسڵ و هەولێر بەرادان دەدا و خەنجەر و بزنەکێوی و دارودرەخت و ئایەتیان لەسەر کێلەکان هەڵدەکەند. بۆ نموونە کۆنە گۆڕستانێکی ئێزدییان لە گوندی شامیرانی نزیک یەریڤان هەندێک لە کێلەکان پەیکەری بەران و هەسپ و شێرن، کێلێکیش لەسەر گۆڕستانی پیرداودی هەولێر لەسەر شێوەی سەروملی بازێک دروست کراوە، هەروەها لە لوڕستان و بەختیاری و ورمێ هەمان پەیکەر لەسەر گۆڕەکاندا دەبیندرێن.

هەروەها لە گۆڕستانی پانکانی زرارەتی چەندین کێلی سەیروسەمەرە دەبینین، کە ژمارەیەکیان نەخشی مافووریان لێ هەڵکەندراوە، زۆر کێلیش دەبیندرێت کە درەختی ژیانیان لەسەر هەڵکەندراوە نموونەمان چەند کێلێکی گۆڕستانی گەورەی هەولێر و پیرداود و حەزە و ئێدی قزدەرە.

ئیتر میر و ئاغا و بەگەکانی کوردانیش تا بەم دواییە نەخشی وێنەیان لەسەر کێلەکانیان هەڵدەکەند، بەتایبەتی میرەکانی لوڕستان.

گۆڕی کووپەییش جۆرە گۆڕێکی دیکەیە، کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری (٩) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و تا ساڵانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاییني ئیسلام لە کوردستان باوی هەبوو، گۆڕستانی لەم جۆرەش لە کوردستان زۆرە، لە نزیک گردی کلک مشک سێ گۆڕستانی لەم جۆرە هەبوو، کە بە بەر شەقامی (١٠٠)م کەوت و لەسەر گردی کوشافێ چەند گۆڕێکی کوپەییم دۆزییەوە، هەروەها بە گوندی گوسکێ ئاکرێ و سارتکەی نزیک گۆمەسپان گۆڕستانی کووپەیی هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ نەماون. لە گۆڕستانی سەکری سەکران سێ جۆر گۆڕ هەبوون، کە بە تێکەڵی بەخاک سپاردراون، وا پێ دەچێ هەموویان بۆ یەک سەردەم بگەڕێنەوە.

گۆڕی موسڵمانان و گۆڕی جوولەکان و گۆڕی زەردەشتیان ئەمەیان لەناو کووپاندا بوو، کووپەکان بە کووپەی خەسرەوشاهی ناویان دەهات، بەداخەوە دوای ڕاپەڕین ئەم کووپانەیان هەموو لە زەوی دەرهێنا و شکاندیانی، دیاربوو بەهی گاوریان دانابوون. جا گۆڕی کووپەیی و بانیۆنی بۆ سەردەمی سیرامیک دەگەڕێتەوە،



واتە سووركردنەوەی كەلوپەلی لە قوڕ دروستكراو، كە بۆ (٩) هەزار ساڵی لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

ئیتر چۆن گۆڕی كووپەیی و بانیۆنی بەناوی گۆڕی گاوران لەناوچوون، تەرمی دەخمەكانیش هەڵدرانەوە و ستودان و دەخمەكان بەتاڵ كران، نموونەشمان ستودانی هەر سێ ژوورەكەی دەخمەی قزقاپان و فەقەرقایە.

ئیتر گۆڕی مردووان بەردەوام لەگۆڕاندا بووە و بەهۆی پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی لەدوای پەنجاكانەوە گرنگییەكی تەواو بە گۆڕی كوچكردووان دەدرا، بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕێی كوردایەتیدا شەهید دەبوون، خاوەنەكانیان وێنەی خەنجەر و شیعری نیشتمانپەروەرییان لەسەر كێلەكان دەنووسی و حكومەتی عیراقیش ئەمانەی تێك دەدا، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەم هەستە نەما و لە جیاتی ئەمە چەند ئایەتێك لەسەر گۆڕەكان دەنووسن و هونەری نەخشاندنی كێل تا ئەندازەیەك كۆتایی هاتووە، سەرەڕای ئەمە كێلێكی زۆری نەخشێنداویان لەناوبرد، بەتایبەتی ئەوانەی وێنەی ئاژەڵ و مرۆڤیان لەسەر هەڵكەندرابوو، گوایە ئەم وێنانە ناتەبان لەگەڵ ئایینی ئیسلام و دوارۆژ دەبێت گیانیان بۆ دروست بكەیت، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ، دەستێك بوو بە مەبەستی كاول كردنی شوێنەواری دێرینی كورد ئەم كێلانەی لەناو دەبرد. بۆ نموونە لەناوەڕاستی نەوەدەكاندا وێنەی كێلێكم گرت مەترو نیوێك بەرز دەبوو، هەمووی نەخشێنرابوو، وێنەی چەند ئاژەڵیشی لەسەر هەڵكەندرابوو، كاتێك لە گۆڤارێك بڵاوكرایەوە، منیش بابەتێكم لەسەر كێلە دێرینەكان نووسی و ئەم وێنەیەشم لەگەڵ دانا، بەداخەوە بابەتەكە بە وێنەكەوە لەلای ئەوان ون بوو، لە ساڵی ٢٠٠٤ جارێكی دیكە چوومەوە وێنەی بگرم، بەداخەوە كێلەكەیان هەموو ڕنی بوو و شوێنەواری نەخش و ئاژەڵەكان نەمابوون.

كتێبەكەی عەبدولخالق سەرسامی خوالێخۆشبوو كە زەردەشتی كوڕی لەدوای خۆی بۆی چاپ كردووە، بریتی بوو لە ١٧٥ لاپەڕە و (٨٠)یان وێنەی ئەو دەخمانەیە، كە نووسەر سەری لێ داون، كەواتە تەنیا (٩٥) لاپەڕەی بابەتی دەخمەكانە. سەرەڕای ئەوەی خۆی هەموو ئەو دەخمانەی بینیون، بۆ نووسین لەسەریان سوودی لە چەندین سەرچاوەی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە، جا بەهۆی ئەوەی زۆر بەدەگمەن لەسەر دەخمە بە كوردی نووسراوە، بۆیە بە پێویستم زانی بابەتێكی لەسەر بنووسم.

## دەستپێك

نووسەر لە دەستپێكدا بەكورتی لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لەمردوو و چۆنیەتی بەخاك سپاردنی لە دێرین زەمانەوە داوە، هەروەها لە چۆنیەتی گەیشتنی ئەم بیرۆكەیە بۆ وڵاتی میسر و ئەورووپاش دواوە.

ئیتر بەخاك سپاردن بەدرێژایی ڕۆژگار و لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی دیكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام كە گەلانی سامی وڵاتی میسۆپۆتامیا و دەوروبەریان داگیركرد، بۆ بەخاك سپاردنی مردووان هەمان ڕێوڕەسمیان لە سۆمەری و زاگرۆس نیشینان وەرگرت.

دواتر نووسەر باسی لە دۆزینەوەی دەخمەی بارزان كردووە و بابەتێكی لەسەر نووسیوە، كە لە ڕۆژنامەی برایەتی-دا بڵاوی كردۆتەوە، دیارە بەدواداچوونی نەبووە.

## بەشەكانی ئایین و هزری پێش زەردەشت

لەم بەشەدا نووسەر باس لە ڕەسەنیی ئارییەكان دەكات و لەكوێوە هاتوون و لەسەر چ ئایینێك بوونە و واتای ئاری و ئیرانیانی بەگوێرەی كتێبە ئێرانییەكان لێك داوەتەوە.

**ئایینی ماد:** نووسەر باس لە ڕەچەڵەكی میدییەكان و ئایینەكەیان دەكات، سەرەتا میتراپەرست بوون و دوای سەرهەڵدانی زەردەشتی، ئەم ئایینەش لەنێوانیاندا بڵاودەبێتەوە.

ئافرەت پەرستیش ئایینێك بووە لە ئایینە میدییەكان، دواتر باس لە ئایینی ئارییەكان دەكات، كە فرەخودایی بوونە، كە خوداوەندەكانی ئاسمان و خوداوەندەكانی زەوی و خوداوەندەكانی نێوان ئاسمان و زەوییان پەرستووە.

## فەلسەفە و بنەمای سەرهەڵدانی ئایینەكانی زاگرۆسیان

نووسەر باس لە ئایینە كۆنەكانی ئاریان دەكات و هەر ئاژەڵێكیش ڕەمزی ئایینێك بووە و ڕەنگی لە هێزێك داوەتەوە، بۆ نموونە (گا) ڕەمزی ئایینی میترایییە و ڕەنگی لەخێر و بەرەكەت و بەهێزی داوەتەوە.

دواتر دەڵێن سۆمەرییەكان سەرەتا ماریان پەرستووە و بەهۆی ئەوەی كاتێك (گل گامێش) دەمرێت، ئەنكیدۆی

بڕادەری دەیەوێت بە نەمری بمێنێتەوە و بۆیە گیای نەمری پەیدا دەکـات، بەڵام بەرلەوەی ئەو بیــخــوات مــارێک دەیخـوات لەبەر ئەوە مـار ڕەمـزی نەمـری بووە و لەنێـو سۆمەرییەکاندا پەرستراوە. دواتریش گاپەرستی، کە لە هیندەوە بۆ مـــیـــســـۆپۆتامـــیـــا هاتووە دواتر دەڵێت مـــارپەرســـتی لە ســـۆمـــەرییـــەکـــانەوە گـــەیشـــتـــۆتە فـــیـــرعـــەونییـــەکـــان و کـــەولّی مـــاریان دەکـــردە کـــڵاو و ســـەرەکـــەیان دەخـــســـتـــە ســـەر نێـوچەوانیـــان، ئـاییـنی مــیــتــراپەرســتــیش لە ڕێگەی کــوردســتــانەوە گــەیشــتــە ئەوروپا.

ئیتر نووسەر بڵاوبوونەوەی ئاییـنەکانی زاگرۆسی بەسەر چەند قۆناغێکی یەک لەدوای یەک داناوە:

١- مارپەرستی لەنێو سۆمەرییەکان.

٢- بڵاوبوونەوەی ئاییـنی مـیـتـراپەرسـتی و (گـا)ش ڕەمزی قوربانی ئەم ئایینە بووە.

٣- بڵاوبوونەوەی ڕۆژ و ئاگرپەرستن.

٤- سەرهەڵدانی ئاییـنی زەردەشتی.

کاریگەری ئەم ئایینانە تاکو ئەمڕۆ لەسەر گەلی کورد مـاوە، بۆ نموونە کە (گـا) نەخۆش دەکەوێت نووشـتـەی لەمل دەکـەن، کـەچی لەملی مـاڵاتی دیکەی نەخـۆشی ناکـەن، هەروەها تاکـو ئەمـڕۆ لەناوچەی زێبـار و بارزان ماری ڕەش ناکوژن.

نووسەر دەڵێت هەر لە کۆندا بڵندایی و سەرچیا لەنێو ئارییەکاندا پیرۆز بووە بەهۆی ئەوەی لە ئاسمان و خۆر و مـــانگ و ئەســـتـــێـــرە نزیک بـووە، هەڵبــەت ئەمـــانەش پەرستراون.

هەر بەهۆی ئەمەوە بووە، کە مووسا دەچووە سەر چیای توور تـا قـسـە لەگـەڵ خـودا بکات، فـیـرعـەونەکـانیـش سـەکـۆی بەرزیان بۆ ئەم مـەبەسـتـە دروست دەکـرد، ئەم نەریتـەش لە ئارییـەکـانەوە گـوێزراوەتەوە، دروسـتکردنی هەرەمـیـش لە شـێـوەی چیـا و دواتر تەرمی مـردوویان دەخـســتــە ناو تابـووتێکی بەردین و دەیانخـســتــە ناو هەرەمەکەوە، واتە وەک دەخمە بەکار دەهات.

**(کێلەشێن و کێلی تۆبزاوە لەسەر ڕێگە هەوریشم)**

ڕێگای ئاوریشم ئەو ڕێگایەیە، کـە لەچینەوە دەست پێدەکات و بە کوردستـاندا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەوروپا و بە درێژایی ئەم ڕێگایە چەندین لقی لێ دەبێـــتـــەوە، هەمـــیـــشـــە حکومـــەتەکـــان ویســـتـــوویانە دەست بەســـەر



بەشـێکی زۆری ئەم ڕێگا بـازرگـانیـیـەدا بگرن، بۆ ئەم مەبەستە ناوەناوە بنکەی پاسەوان و کاروانسەرا و فەنەر و تابلۆیان لە بەشـەکـەی ژێر دەسـتـیـان داناوە. بۆ نموونە ئورارتووەکـان کـێلی تۆبزاوە و کـێلەشـینیـان لەسـەر ئەم ڕێگـەیە وەک نیـشـــانە داناوە، تا کـــاروانچـیـــان لەڕێ لانەدەن، هەروەها ئەم ڕێگایە لە بڵاوبوونەوەی ئایینەکـان و شـارسـتـانیـەتەکـان ڕۆڵێکی بەرزی هەبووە، نووسـەر دەڵێت: کـاتی خـۆی ئورارتووەکـان بە قـســەی ســویع ئەلئــەعــشــا سێ کــێلیــان داناوە، بەڵام دیارە کــێلی سێیەمیان نەماوە.

### ناوی سەردەم و زێدەی لەدایک بوونی زەردەشت

لەم بەشەدا نووسەر بیروڕای چەندین نووسەری ئێرانی دەربـارەی نـاوی زەردەشت و نـاوهێـنـان و لـێکدانـەوەی ناوەکەی بە چەند جۆرێک خستۆتەڕوو، هەروەها چەندین بیروڕای دەربارەی شوێنی لە دایک بوونی ئەم پێغەمبەرە خستۆتە ڕوو.

### جۆرەکانی ئاگر و رووناکی لە ئایینی زەردەشتیدا

نووسـەر دوای باسکردنی سـوودەکـانی ئاگـر، کـە دواتر بووەتە سیـمبـۆلی سەرکەوتن، کاتی خۆشی پەرستراوە و نوێژی تایبـەتیشی بۆ کراوە و بە باوکی ئۆرمەزد دانراوە، ئینـجا جـۆرەکـانی ئاگـر و ئاگـردانەکـانی خسـتـۆتە ڕوو و باسی ئەو سێ ئاگردانە گەورەیە دەکـات، کـە یەک لەوانە ئازەرگوشەسپە.

### گۆڕ دەخمە مەراسیم و ڕەفتار لەگەڵ مردوودا

نووسەر بە پشت بەستنی بە قسـەی نووسەرانی ئێرانی

دەڵێت: زاراوەی دەخمە لە ئاوێستا و پەهلەویدا (دەخمک)ی پێ گوتراوە، بەواتای (داغگا) کە ئەو شوێنە بووە هیندییەکان مردووەکانیان لێ دەسووتاند، بەڵام موغی زەردەشتییەکانی ئەمڕۆ لەوانە ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ دەڵێ: دەخمە لە دادگاوە هاتووە، واتە شوێنی دادگایی کردنی مردووان، ئیتر نووسەر ئەم بەشەی وەرگێڕدراوی چەند کتێبێکە بەزمانی فارسی لەوانە: (اوستا، کهن ترین سرودهای ایرانیان) و (برهان قاطع) و (مزدیسنایە).

دەخمەش جۆراوجۆر بووە، دەخمەی پاشایان، دەخمەی بازرگانان، دەخمەی ڕابەرانی ئایینی و دەخمەی خەڵکی ڕەشۆکی، بەڵام لەم بەشەیدا نووسەر پێناسەیەکی تەواوی دەخمەی نەخستۆتە ڕوو، هەروەها جیاوازی دەخمەی تەخت و دەخمەی لە شێوەی ئەشکەوتی نەخستۆتە ڕوو، گەورەترین دەخمەی کوردستانیش، کە لەسەر کەلێی ئاکرێیە نەخستۆتە ڕوو، کە بریتییە لە چاڵێکی لاکێشەیی و لەلای سەرەوە ڕوو لە خۆرە و پێنج شوێنی ئاگر هەڵکردن بۆ ڕووناک کردنەوە هەڵکەندراوە. هەروەها چەند حەوزێک هەڵکەندراوە، بەرانبەر حەوزەکان دەخمەی تەخت دەبیندرێت و لە خۆرهەڵاتیشەوە بە پەیژەکی سێ پایە دەگەیتە دەخمەکە، بەڵام لەسەردەمی ساسانیدا جیاوازی لەنێوان دەخمەی هەژاران و دەوڵەمەنداندا نەما دواتر نووسەر لە دەخمەی زریمۆک دواوە.

## دەخمە و مردن ڕەوان و جەستە

نووسەر قسەی زەردەشتیانی خستۆتە ڕوو کە دەڵێن مرۆڤی زیندوو دەبێتە چواربەش: تەن، جان، فروهەر، ڕەوان.

جان واتە گیان، هێزێکە لە لەش، کە لەش ئەو هێزەی تێدا نەما، پێی دەڵێن مردوو، مردووش نابێ ئاو و هەوا و ئاگر و خاک پیس بکات، بۆیە تەرمی مردوویان لەسەر شوێنی بەرز دادەنا بۆ ئەوەی مەل بیخۆن و ئێسقانەکانیشیان دەخستە ناو ستودانی دەخمەکان.

## فەلسەفە و ڕێوڕەسمی مردوو بەشاخ سپاردن لەلای زەردەشتییەکان

نووسەر دەڵێت دوای ئەوەی کەسێک کۆچی دوایی دەکات، لەسەر تەختێک، کە پێی دەڵێن (داغ)دەشوورێ و دواتر دەستەکانی لەسەر سنگی دادەنرێت و سەرتاپای بەرووپۆشێکی سپی دادەپۆشرێت. دواتر بەرەو دەخمەی دەبەن.

جاران دەبووایە بە ڕۆژ مردوو بەرەو ئارامگا ببەن، بەڵام زەردەشتییەکانی ئەمڕۆ ڕێگەیان داوە بە شەویش بیبەن. ئیتر دوای بردنیان بۆ ئارامگا، نوێژی لەسەر دەکەن و سروودی گاتای لەسەر دەخوێننەوە.

ئەمڕۆ زەردەشتییان دەخمەیان نەماوە و گۆڕستانیان هەیە، سەرەتا گۆڕ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا لێدەدەن، هەمیشە سەری مردووەکە لە ڕۆژئاوایە و ڕووشی لەخۆرە، ئارامگەش بە زادومەرگ، یان پرش ناو دەبەن.

## هۆی دەخمەسازی

بەهۆی ئەوەش ناوچەکانی زەردەشتنشینەکان شاخاوی بووە و بە تێکڕایی دە مانگ سارد و دوو مانگ هەوا فێنک بووە، بەهۆی ئەمەوە وای دەخواست تەرمەکانیان لە دەخمەکان دابنێن بۆ ئەوەی لە بەفر و باران بیانپارێزن، ئیتر دوای بەجێ هێشتن دوعای بۆ دەکەن.

## دەخمە، یان دادگە

نووسەر لە قسەکردنی لە بارەی دەخمەوە پشتی بەنووسینی موبەد ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ بەستووە، کە موغێکی ئەم سەردەمەی زەردەشتییانە، دەخمە لە ئاوێستا واتای دادگە دەگەیەنێت، واتە مرۆڤ دوای مردنی لێرە دادگایی دەکرێت. زەردەشتییەکانی ئەمڕۆی هندستانیش پێی دەڵێن دەخمو، زەردەشتیانی ئێرانیش دەڵێن دین خامۆشان، واتە ئارامگە، یان زادومەرگ.

نووسەر بەباشی دەخمەی ڕۆن نەکردۆتەوە لە بارەی جۆرەکانی و شێوەی دروست بوونی هەر جۆرێکی نەداوە.

کە بریتین لە دەخمەی ئەشکەوتی، واتە ئەشکەوت لە قەد چیا دروست دەکەن، یان کۆرکی گەورە لەسەر چیا دەکۆڵن و لەناوەڕاستی ژوورەکەی دەخمە ئەگەر یەک ژووربێت قۆرتێک هەڵدەکەنن، کە پێی دەڵێن ستودان، واتە ئێسکدان بۆ ئەوەی مردووەکە گۆشتەکەی نەما ئێسقانەکەی بکەوێتە ناو ستودان، جۆرەکەی دیکەش لە شوێنی بەردین، یان سەرشاخەک لە ناوەڕاستی ستودانێکی گەورە دروست دەکرێت، لەدوای وی بەشی

منداڵان دێت، کــە بەهۆی دروست کــردنی جــۆگــە لە شاخەکەدا خانەخانەی گچکە گچکە کراوە، بازنەی دووەم خانەخانەی گەورەتر بەهۆی جۆگەوە بۆ ئافرەتان دروست کراوە، بازنەی سێیەم بۆ پیاوانە، هەڵبەت ئەم دەخمانەش دوور لە ئاواییە.

ئینجا ستودانەکە بۆ ئێسقانەکانە و جۆگەکانیش بۆ ئەوەیە کە ئاوی سەر ئەم تاشە بەردە، یان شاخە نەچێتە خوارەوە و بچێتە ئەم ستودانەوە. ئەمەیان تایبەت نییە، بەڵام ئەوی دیکە تایبــەتە بە فــەرمــانڕەوایان و مــوغــە گەورەکان.

### جۆری پزیشکەکانی زەردەشت

لە ئایینی زەردەشـــتـــدا دوو جــۆر پزیشک هەبوون: یەکێکیان پشتی بە نەشتەرگەری و داوودەرمان لەگەڵ برینپێچی دەبەست. جۆری دووەمیان مەعنەوییە، واتە خوێندنەوەی سروودەکانی گاتا، پاداشتی ئەمەش بەگا بووە لە جیاتی پارە و شتی دیکە.

### جەستەی مردوو بەخاک سپاردن

نووســەر لەم بەشــەیاندا دەڵێ شــوێنی مــردوو ئەگــەر لەسەر زەوی بێت دوای ساڵێک بەهۆی تیشکی خۆرەوە پاک دەبێــتــەوە، بەڵام لەژێر زەوی پەنجا ساڵی دەوێ بۆ پاک بوونەوەی. دەخــمــە ڕووخــاندنیش ناڕەوایە و خــودا سزای دەدات.

### زەردەشت لەنێو شارستانیەتی میدییەکان سەری هەڵدا

نووسەر دەڵێت پاشماوە دێرینەکانی شارستــانیــەتی میدییەکان زیاتر لە هەمەدان و زێوە دۆزراونەتەوە، دواتر باس لە هونەری دەخمەکان دەکات. لە کۆتاییــدا دەڵێت ئایینی زەردەشت لەســەر سێ بنەما دروست بووە، بیـری چاک، قسەی چاک، کردەوەی چاک.

**تێبینی:** بەڕای نووسەر سۆمەرییەکان بەر لە هەمـوو شــتــێک مــاریان پەرســتــووە، کــەچی بە گــوێرەی لێکۆڵینەوەکان، سۆمەرییەکان بەر لە هەمــوو شتێک خوداوەندی دایک و گۆڵەسەگیان پەرستــووە، یەک لە پەرستگاکانیشیان وێنەی گۆڵەسەگی لەسەر دروست کـراوە، کەچی مار زیاتر وەک ڕەمزی نەمری بووە لەنێو سۆمەرییەکان و ئایینی میتراپەرستیدا.

**سەرچاوەکان:**

**١- اوستـا، کـهنتـرین سـرودهای ایرانیـان، گزارش و پژوهش جلیل دوستخواه، جلد(٢)، تهران ١٣٧٩.**

**٢- فرهنگ برهان قاطع، محمد حسین خلق تبریزی، جلد(٢)، تهران ١٣٥٧.**

**٣- اساطیر ایران باستان، ازعصمت عرب گلپایگانی، تهران ١٣٧٦.**


**٤- دەوڵەتی ماد، عومەر ئیسماعیل مەعرووف، سلێمانی ٢٠١٠.**

# گەشتێک بەنێو گوڵجاڕی هەژاردا

سەلاح نیساری
(بۆکان)

مامۆستای بلیمەت و هێژا و لێزانی بەناو هەژاری کورد «عەبدولڕەحمان شەڕەفکەندی» ئەگەر کەسایەتی کورد نەبووبا، لە هەر نەتەوەیەکی خودا پێداو با، دڵنیام تاکو ئێستا زۆر لەوە زێدەتر ناوبانگی کەوشەن و بەژ و ئاوی دەپەڕاند، لەنێو گەلاندا دەناسرا، هەر وەک نیتشە، چیخەف و دەستۆیڤسکی و یاشار کەمال و مارکیز و زۆر یەک لەوانە...

حەز دەکەم بەر لەوەی بچمە نێو چەمکی دەقەکەوە، تێڕوانینمان لە هەمبەر ئێستاکەی لاوان و بەگشتی خوێنەرانی کورد هەبێ. لە دنیای ژیار و شارستانیەتی سەردەمدا کە پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا لەسەر کەس ڕاناوەستێ، لە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئاوڕ ناداتەوە. گەلانی خاوەن شارستانیەت هەر کاتە و خەریکی داهێنان و بەرهەمێکی نوێترن، گەنجانی بەهێز و کەمتەرخەمی ئێمەش لە سەتا هەشتای بۆی گرینگ نییە لە کاروانی ژیان بەجێ بمێنێ. زۆربەی کات لاوان دەدوێنی، لە تاساوی و حەپەساویدا سەرەنگرێ دەبن و پەلەقاژەیەک ناکەن بۆ لە دایک بوونێکی نوێ، هەر «زردالو بیا گلو»یە. ئێستا زۆربەی گەنجانی وڵاتەکەمان زانستگا و کۆلێژیان تەواو کردووە، بەڵام کەمتر وا هەیە خۆی لە ڕۆخی زەریای تۆرە و کتێبی کوردی هەڵقوتێنێ. ئەمڕۆ گرفتی گەنجانی ئێمە کەم نییە، بەڵام نەجووڵانیش داهاتوویەکی قاقڕ دەخوڵقێنێ. حەزیای بێ داهاتی ژیان دەلووشێ و لەو سۆنگەیەوە زۆربەی لاوان چەواشەن و لەوانەیە لە هەڵدێری نەمان نزیک ببنەوە. چینی دەست پڕ و باخەڵ گەرم تەنیا لە بیری ئەوەدایە، هەر ڕۆژەی باشتر گیرفانی لێ بخنێ و بەرزە تەلار و سەمەندی لەبەر دەرگای کۆشک و قەڵادا ڕابگرێ، یان لە شەقام و



هەژار

بازاڕدا، بەسەر بەشمەینەتاندا فیز لێ بدا، تەشەخوسی نایە گیرفان ساردان بدوێنێ. ئیتر بۆ ئەو گرینگ نییە چ کتێب و هونەر و زانستێک هاتۆتە بازاڕەوە، چونکە ئەو لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ. مێشکی بۆ ئەوە ماندوو دەکا لە ڕکابەری سەروەت و ساماندا، لە هاوڕێکەی دوا نەکەوێ، بەڵام گەنجان چی؟ ئەو ماسییە ڕەشە چکۆلانەی لە قـووڵایی زەریاکـان، ناپرینگێنەوە. گـەرەک قـۆڵی لێهەڵماڵن. ئەوە گومانی تێدا نییە، هەر گەلێک پشت بکاتە زمـان و کـولتـووری خـۆی ئەو گـەلە فـەوتاوە و مردووە، تەنیا داهۆڵێکە و شانی دەجووڵێ.

مـامـۆسـتـا هەژاری کـورد، لە ڕۆژگـارێکدا ئاوڕی لە زمانەکەی دایەوە هەتاو کەسیرە و نیوەڕۆ ئەنگوستەچاو بوو، بەڵام نەمامێکی چەقاند و باخێکی بەرهەم هێنا کە هەتا دنیـا دنیایە کورد شانازی پێوە دەکـا. کەوابوو زۆر حەیفە گەنجانی ئێمەی کورد بە تایبەت توێژی ئافرەتان، (چاوی دیـتـنیـــــان لە دۆزەخی بـەرگ و ئاڵتــــووندا بسـووتێن«١»)، بەڵام بە هەڵکەوت لایەک لە کـتـێب و کـتـێبفرۆشی بکەنەوە و چوار کـتـێبی باشیـان لە مـاڵدا هەبێ. بە کوڕەکانیشەوە، کەمتر کەسێک دەبینی تووشی هەڵامەتی مۆبایل نەهاتبێ.

لێرەدا چ دەبێ ئەگەر هەنگی ئاوەز و خەیاڵ گەشتێک بکا بە نێـو باخ و جـاڕەگـوڵی ئەم هێـژایەدا. گـوڵـوێژی دایک زمـانی، کـوردینووس هەژاری نەمـر، کـە شنەی بەرەبەیان و بەرامـەی دیمەنی زەردەپەڕی کـتـێـبـەکـانی مێشک دەحەسێنێتەوە و ڕوح دەگەشێنێتەوە. خوێنەر و تامەزرۆی بەبێ چێـژ ناکـا. مـامۆسـتـا، سـەرەڕای خامـە ڕەنگینی خـۆی، گـوڵـوشـەی زاراوەی بە پێــز و هێــزی ڕەسـەنی کـوردی لە نووکی ئاڵای لێنووسی باریوە و هیچ پەڕاوێکی سـەوزی نابینی کـاتۆر و وشکارۆ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ تاقـمێک لە گەنجانی تەواوبووی زانکۆ هەر کـەس بە زمـانی ڕەسـەن و وشـەی پەتی باخـێوێ بە نەخوێندەواری دەزانن دەڵێن و ئەوە زمانی لادێیە!

**«چووکێک» لە کەلاوەیەک لەبەر لابایێ**

**دەیکۆڵی بە دندووکی سەری پادشایێ**

وشەی، چووک، لە ناوەندی کرماشان و دەوروبەری، بە واتای چۆلەکە و پاسارییە و مەلووچکیشی، پێ دەڵێن.

**تیریژ کە بە ڕۆژ و پێل بە دەریا دریا**

**لەو ڕۆژەوە گـوڵ پێکەنی بولبـول گـریا؛ پێـل/ دەریا/ دریا/.**

هەر سـێک وشـە، سـۆرانی نین، بەڵام زۆر وەسـتـایانە بەکارهاتوون. پێل: شەپۆل، فرکانس، دریا: پێدران. کە ئەم وشـەیە زیاتر لەناوچەی هەوشـار و ناوەندی سنەدا بەکاردێت.

باوەکـو لە کـاتی دەمـەتەقـە و ئاخافتندا ئەم وشـانە بە دەگمەن دێنە سـەر زمان، بەڵام هۆزانڤانی هێژا خـاوەنی دەسەڵاتە و وشە لە دەسـتـیدا لە چەشنی مۆمە. هەروەک ئەم وشانەی خوارەوە:

**پەندێکی منالەکەت بدە مامەی پیر**

**با «بازی بە خاک» و گڵ نەکا ژیری بە بیر!**

ئەم دوو وشـەیە ئەگـەر غـەدریان نەکردبێ تـەنیا دەکـرێ بڵێین (بازی) کوردی نییـە، وشەی خاک هەر لە کۆنەوە مـڵـکی کـورد بووە، بەڵام سـەنگاوبەردیان ناوە. چەند نموونەیەک، خـاک و خۆڵ، خاکەقەند، خاکەناز، خاک و خـۆڵاوی و... بەڵام وشـەی بـازی لەگـەڵ خـاک، وەک تەونگەری چاک نەخشێندراوە و کورداندوویەتی.

نەتزانی لە کـوێوە «هاتگی» ڕۆژی «بەرێ»/ هاتـن و چوون بە دەست کـەس نییـە. خـامـەڕەنگینی کـورد، لەو میسرەعەدا دوو نموونەی جوانی کوردی بە دەستەوە دەدا. هاتگی: هاتـی، هاتوویی. بەرێ: یەکەم ڕۆژ، ئەوەڵجار، ڕۆژی بناوان. بێـژەری کـورد کـە دێتـە ئاخـاوتن دوڕ و گـەوهەری لە لێـو دەبارێ. مـەردازایی/ مـەردایەتی/

مەردوورەند/ مەردومەردانە/... ئەوانە و زۆری دیکە، کورد، کورداندوویەتی. بۆ نموونە دەڕوانینە ئەم وشە و ڕستانەی خوارەوە. ئەم جارە پلاسی شەرم و دین «پارە» دەکەم. وشەی پارە کردن، ئەگەر لە بنەڕەتدا فارسی نەبێ، کورد باشی کورداندووە. وەکو لەت و پار بوون کە لە (پارە کردن)ی فارسییەوە هاتووە. پارە: دڕاندن، هەڵدڕهەڵدڕ کردن، کەچی لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا و لەنێو کێش و سەروادا هەست بە بۆنی بێگانە ناکەی. کاروانە ژیان «گەرەک» بە «لەز» بم «ڕاکەم». زمانەوانی و شارەزایی بەشێکی هەوڵ و تێکۆشان و خودادادییە، هەر کەس خۆی بۆ ماندوو بکا پێی دەگات. نەسرەوتن پێگەیشتنە. ژیان ڕێچکەیەکە و کاروانی بوونەوەر تا ڕۆژی پەسلان بەم ڕێگەیەدا نابڕێتەوە، کەوابوو مەمرە بۆ مردن بمرە بۆ ژیان...

گەرەک: دەبێ، ئەشێ، بە تەما..، لەز: بە پەلە، بەخێرایی، بە تالوکە. ڕاکەم: ڕاکردن، هەڵاتن، دوورکەوتنەوە.

**هەر «لاشی» هەژارە و سەری شا و خونکارە/ هەر شەوبوو لە مەیخانە دەهات ئاوازێ/ فرمێسکی ڕەزانە «ئەشکی» خەمبار دەسڕێ/ «ناشێ» هەموو دەم لە ترسی مردن بمری/ هەرکەس کە دەسی بە تیکە نانێ بڕەسێ/ نەیخۆی و «نەپۆشی» ئەدی بۆ چت کۆشی.**

تێک هەڵکێشانی زاراوەکان و وشەی جوان لە جێی خۆیدا وەک تێکەڵ کردنی ڕەنگەکانە بەدەست شێوەکار و وێنەکێشێکی بە توانا و بە ئەزموونەوە. سەیدای بە بیرو هەستیار هەژاری نەمر گوڵی بە گوڵ پەرژین کردووە؛ ئەوە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. گەلانی خوداپێداو شانازی بە هەموو زاراوەکانەوە دەکەن، پێیان دەدوێن و لەلای یەکدی تەریق نابنەوە، بەڵام ئێمە چی؟ لە زمان و زاراوەدا دەوڵەمەند و لە تەریق بوونەوەشدا کەم ناهێنین، بەڵام قەت بیر لەوە ناکەینەوە کە باب و باپیرانمان ئەو میرات و کەلەپوورەیان بۆ ئێمە پاراستووە، کەچی بە شانازی دەزانین منداڵەکانمان بە فارسی دەدوێن!! ئەو ئاهۆیەش لە دنیای ئەمڕۆکەدا سەری بە هەموو ماڵێکدا کردووە! ئێستا لە نێو توێژی ئافرەتدا سەرنج دەدەینە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە... کوردی: دایە/ بابە/ پووریێ/ باپیرە/ نەنە/ یان باوە گەورە/ دایە گەورە فارسی: مامان/ آغا/ عمە.

دایە وشەیەکی جوان و پیرۆزی کوردییە باب، یان باوە هەروەتر، یان پووریێ. بۆ دەبێ منداڵی بەستەزمان چەواشە بکرێن، دەمامک بەسەر ڕوخساری ڕاستەقینەدا بگرن. چ چێژێک بەم دایک و باب و خوشکانە دەگا، (خالە و عمە و مامان و آغا) دەخەنە سەر زمانی زارۆی کاڵفام. بۆ دەبێ بێز لە زمان و بوونی خۆیان بکەنەوە. ئاخۆ ئەوە نیشانەی زانایی و شارستانیەت و وێژمانە؟ حاشا کردن لەخۆ بوون و زمانی ڕەسەن. سەیرەکە لەوەدایە، ئەو وەستا ناشیانە بۆچی نەنەیان کردۆتە دایە گەورە؛ ئەوە نییە دایکی خۆیان پێ پیسە و بەمامان بانگی دەکەن، کەچی قەت نەبووە ئازەری و فارس. منداڵەکانیان فێری دایە و پووریێ بکەن.

کورتیلە چیرۆک: دوو منداڵ لە گەرووی کۆڵانەکەدا خەریکی یاری بوون. یەکەم منداڵ، سەیری کرد لە دوورەوە ژنێک دەهات، بە پەلە لە درگای خۆیانی دا، گوتی: مامان مامان، خالە گیان هات.

دووەم منداڵ گوتی: بۆ بە دایکت دەڵێی مامان؟! بۆ بە پوورت دەڵێی خالە؟! منداڵەکە دەستی بۆ لای باڵەخانەکەی ڕووبەڕوویان ڕاداشت، گوتی: ئاغام گوتوویەتی وەک منداڵی ئەو ماڵە قسە بکەن!..

# بێلا ئەخمەدۆلینا

## ١٩٣٧/٤/١٠ – ٢٠١٠/١١/٢٩

**پێشگۆتن و وەرگەڕاندن ژ زمانێ رووسی:**
**د. حوسێن حەبەش**
**(ئەڵمانیا)**

نایە بیرا من، ب زندی من گوهداریا هەلبەستخواندنا بێلا ئەخمەدۆلینا کر بە، لێ دەنگێ وێ یێ ژ کوورانیا گەورەیێ دەردکەت هین من ژبیر نەکری، وێ د تەلەڤزیۆنێدا هەلبەستێن خوە تم لئەزبەر دخواندن، ژ هەلبەستڤانێن رووسی ڕا عادەتەکە سروشتیە. بێلا. ئە. ئەخمەدۆلینا ل گەل سێ هەلبەستڤانێن رووسی: پێڤگێنی یێڤتۆشێنکۆ، ئەندرێی ڤۆزنیسێنسکی و رۆبێرت رۆژدێستڤێنسکی رۆلەکە مەزن لیستیە د پێشدابرانا هەلبەستڤانیا رووسیدا د نیڤێ دوهەمیندا ژ سەد سالیا بیستان، هەریەک ژ وان دەنگەکی تایبەتیە، هەر یەکی ژ رێچەکە خوەیی کوور و درێژ د لێتێرەتوورا رووسیدا هێشتیە.

### سەردۆرەک ژبۆنا هەلبەستخواندنێ

ئەز ل ڤر ژی دخوازم چەند رێزان لسەر هونەرا هەلبەستخواندنا هەڤپیشەیێن بێلایێ بنڤیسم: د دەمناندا ئەز ل هەلبەستخواندنا هەر سێ هونەرمەندێن مێر ئامەدەبوومە و من ب زندی ل خواندنا وان گوهدارکری؛ یی. بێڤتۆشێنکۆ وەک جادووبازان مەرا دکە ناڤ ناڤەرۆکا هەلبەستا خوە، ئەو ئاواز و ریتما رووسی ب گیان و هەستێن مەرا ڕا بەردده. نە تەنێ ل مۆسکۆ، لێ بۆنێ ژی ئەز د وێ ئەتمۆسفێرا جادوویێدا ژییام.

جارا یەکەمن ئە. ڤۆزنیسێنسکی من ل فاکوولتێتا مە، ل زانینگەها مۆسکۆ بهیست، چەند ئەکتەر ژی هاتبوون ئاریکاریا وی بۆ خواندنێ، لێ دەما ئەو دچرکینە و بێژەیان ب هێز ژ گەورەیێ دەردخینە و کیتا داوییێ داوییێ هێزدار و درێژدکە، وێ چاخێ تایبەتمەندییەکە ڤۆزنێسێنکی هۆکاردار د هەلبەستێدا پەیدادبە.



**بێلا ئەخمەدۆلینا**

د ئێڤارەکە مۆسکۆیدا، ل داویا سالێن هەفتێ کەنالا تێلێڤیزیۆنی یا یەکێ ئێڤارەکە هەلبەستخواندنێ ژێ ڕا ئامادەکر، هەلبەستڤان ب ڤان پەیڤان دەست پێکر لگەلّ مـووزیکێ و مـۆری ب گـۆڤـدێ من ڕا هاتن: «ڤـۆز لەژیتی/ ڤینکی/ نە نیێبۆ/ ڤۆزلەژیتی/ ڤینکی/ نە مۆرێ/ ڤۆزلەژیتی..» (دینە/ تاجەگولان/ ل ئەسمێن/ دینە/ تاجەگولان/ لسەر دەریایێ/ دینە...» رۆژ دن ئەز چووم با برایێ هەلبەستڤان عەبدوللّا پەشێو هەلبەستا خوا یا نوو، نایاب «سەربازی ون» ژ من ڕا خـواند، ئەز شابووم، من گـۆت تە ژی دهۆ گوهداری ڤۆزنیسێنسکی کربوو، گۆت ئەرێ. من ئەو هونراوەیا وەرگەڕاند عەرەبی، ئەو پڕ ب دلێ عەبدوللّا ژی بوو.

ر. رۆژدێستڤێنسکی ژی ب دەنگێ خوەیی هنەکێ کە کەچ و ب شەوات خەمگینیێ ب خواندنا بەرهەمێن خوە ڕا ل مەرا دبارینە.

د نیڤێ سالێن هەفتێدا ژ سەدسالا بۆری ل ناڤ بڕەکە خواندەڤانێن فاکوولتێتا مە یا رۆژنامەڤانیێ ژینەنگاریا یێ. یێڤتۆشێنکۆ ب نهێنی بەلاڤدبوو. شانسا من ژی هەبوو، کو یەکەمین بەرهەما ڤەپەنی ب رووسی ل مۆسکۆ بخوینم. د وێ بەلگەهێدا هەلبەستڤان لسەر زۆرداریا ستالین نڤسیبوو. وێ چاخێ نڤیسەڤان ژ ب. ئەخمەدۆلینا حەز دکر. هین ل بیرا من نەچوویە، کو د رۆژەکە هەلبەستخواندنا وی دا بێلا سۆز دابوو یێ وەرە گوهداریێ. وی نڤیسیبوو، کو د ناڤ ئەونا هەزار چاڤاندا، چاڤێن بێلا ژی وێ ل من بنرن. ئەو پاشێ پڕ ل چاڤێن هەڤ تەماشە دکن، دەما بێلا دبە هەڤژینا وی یا یەکەم. پشت ڕا بێلا شوو ب جەند مێرێن دن ڕا دکە.

د ١٩٣٧/٤/١٠دا بێلا ئەخماتۆڤنا ذەخمەدۆلینا ل مۆسکۆ ژ باڤەکی تەتەر و ژ دێیەکە ڕووسی- ئیتالی دبە و رۆژا ٢٩/١١/٢٠١٠ ل نێزیکا مۆسکۆ ل پێرێدێلکینا ڤی دنێ ب جی دهێلە. هین د دبستانێدا ئەو هەلبەستان دنڤیسە. ژ سالا ١٩٤٤ تا ١٩٦٠ ل ئینستیتووتا لێتێرەتووری یا ب ناڤێ مەکسیم گۆرکی دخیونە. د وێ دەمێدا جارەکێ تێ دەرکرن، چنکێ پشگرییا ژەهرکرنا بۆریس پەستێرناک نەکر، لێ جارەکە دن وێ ڤەدگەڕینن ئینستیتووتێ. ڤەددە. هەر سێ هەلبەستڤان (تێل) سالا ١٩٦٢ بەلاڤدبە. ئەو دناڤ هەڤپیشەیاندا رند دەنگ ڤەددە. هەر سێ هەلبەستڤان یێڤگێنی یێڤتۆشێنکۆ، ئەندرێی ڤۆزنیسێنسکی و رۆبێرت رۆژدێستڤێنسکی ئاریکاریا وی کرن، کو ئەو بوو یەک ژ هەلبەستڤانێن ناڤدار. تا سالا ٢٠٠٠ بیست و هەشت دیوانێن هەلبەستڤانێ بەلاڤبوونە. لێکۆلینا وێ لسەر ئەلێکسەندەر پوشکین و میخائیل لێرمۆنتۆڤ ژی پڕ نرخدارە و هەروەها وەرگەڕا بەرهەمێن هەلبەستڤانێن کرۆزینی (جۆرجی) بۆ رووسی. ب. ئەخمەدۆلینا یەک ژ هەلبەستڤانێن ناڤدارە ل رووسیایێ.

ب. ئەخمەدۆلینا ل ئالیێ رەخنەڤانێن دژی سیستێما سۆڤیێتی ژی ب قەهرەمانی دما، ئەوێن مینا ئەندرێی سەخارۆڤ، لیڤ کۆپۆلێڤ- ئەو کۆپۆلێڤێ دەما ئەنتیمرۆڤان ل بەغدادێ باژارێ کوردستانێ حەلەبجە گازکرن، نامەیەکە ژ نڤیسەڤانێ ڤان رێزان ڕا شاند- و یێن دن، لەما ژی ئەو پڕ هات ئێشاندن، وێ دگۆت «ئەز نە ژنەکە سیستێما کۆلەداریێ مە».

هەلبەستڤانییا ب. ئەخمەدۆلینا چاوا پسپۆرێن رووسی دبینن، کو ئەو هەلبەستڤانییەکە ڤەکرییە، هەمی فێنۆمێنێن ژیانێ، گەر چڤاس بچووک بن ژی، ب دەست

وێ دا دبنە سیمبۆلنە هەلبەستڤانی. ژ وێ ڕا «نەستاتیکا (ڕەوشا هێمنی د کێلی دەمەکێدا) لێ دینامیکا (لڤا پێشکەتنێ د دەما گوهارتنا بوویەراندا) ریتما هەلبەستا ئەخمەدۆلینا نومادکن. د دەستپێکا بەرهەمڤانیا خوە دا وێ ب ئاوایەکی فەرە بێژەیێن سەر سورمایی بکاردانین... لێ پاشێ هەلبەستڤانیا وێ سادە و ئێپیکی بوو». ئەز هێڤیدکم، کو پرانیا هەلبەستڤانێن مە یێن کورد ژی خوە ژ وێ گێژەشێتیێ رزگار بکن و ڤەگەڕن ژیانا ڕێئال، لدۆر خوە بنڕن، ب دلسۆزی و ب گەرمی پەیاما هەلبەستڤانییێ بلند بکن.

دو کەنالێن تێلێڤیزیۆنی رووسی ت ر ت و کەنالا یەکێ، ئەوێن بۆ ئەوروپا تێن وەشاندن د ٣٠- ٢٩/١١/٢٠١٠دا پرۆگرامێن تایبەتی ب بوونەیا مرن و ڤەشارتنا هەلبەستڤانێ دوبارە و ئامادەکرن. د وان کەنالاندا راینە بالکێش هاتنە گۆتن، یەک ژ وان پسپۆران یێ ب ناڤێ ئەرفییێف- ئەو ژی د دەما برێژنێڤ دا هاتبوو تاراوگەهکرن و بێلڵا سەردانا باڤێ وی دکر- وەها گۆت: «بێلڵا ئەڤینا ژیانێ راڤە دکر» یەکی دن ژی ئاخڤی: ئەو دەنگێ نفشان بوو».

ئەڤ دو هەلبەستێن ل ژێر هاتی من ژ پرتووکا «مێتێل» (بابەرف، بادەڤ) ئا سالا ١٩٧٧ ل مۆسکۆ بەلاڤبوویە وەرگەڕاندن. مخابن هەر ئەو بەرهەما د پرتووکخانەیا من دا هەیە.

**بۆن- ٢٠١٠/١٢/٢٩**

**کی زانە...؟**

**کی زانە، ئەزێ هێن چقاس بژیم؟**
**ئەرێ، کێم دەمەکێ یان هەردەمێ!**
**ئەز بەرخوداریا جیهانێ دکم**
**بۆنا وێ کێم دەمێ و هەردەمێ.**
**گەر چ ژی ببە، خوە ناچەمینم،**
**تەنێ ب ساناهی پیرۆزدکم:**
**خەمگینیا تە یا زوورەڤۆکی،**
**و بێدەنگیا خوە یا داوینی.**

**لاڤا**

**هوون مەگرین لسەر من! ئەز دژیم؛**
**ئەزا خەمگین هەژار، رندا بێکار،**
**باشوورییا ل باکوورا ساویر،**
**ل ناڤ ئێشا زراڤا زیاندار،**
**دژی ب لەرزەتایێ ل باشوور.**

**هوون مەگرین لسەر من! ئەز دژیم؛**
**ئەوا کولەک لبەر پەرستگەهێ،**
**ئەزا سەرخۆشمایی لبەر سفرێ،**
**و ئەوێ نمێژدکە بۆ خوەدێ،**
**ب ئیکۆنکێشی نەدار ڕا- دژیم.**

**هوون مەگرین لسەر من! ئەز دژیم؛**
**ئەو کەچا تێگێشتی، یا رەوشەنبیر،**
**یا د دەم وەرێدا هێن نەدیار،**
**هەلبەستێن من، تەمریا سۆرەزەر،**
**وەک ئەفسەنە بێم ناسین- ئەز دژیم.**

**هوون مەگرین لسەر من! ئەز دژیم؛**
**ئێبی خویشکێن دلنارین و دلۆڤان،**
**ل جەنگا بێهوود، بەری بمرم،**
**ل بن وێ ستێرا خوە یا رەوشەن**
**و ب چ تۆنی بە ژی، هەر دژیم.**

# ليڤ تۆلستۆی
# نووسەر و بیرمەند و مرۆڤ

**لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر سەعید**


وتاری ئەناتۆلی فــــــــرانس (١٨٤٤- ١٩٢٤) ڕۆژنامەنووس و ڕۆمانووس و شاعیری فەرەنسی لە زانکۆی سۆربۆن بە بۆنەی بەستنی کۆنفرانسێک کە تەرخان کرابوو بۆ یادەوەری تۆلستۆی لە (١٢)ی ئاداری ١٩١١ لەگەڵ خوێندنەوەیەک لەلایەن (مۆریس فاکس ماخەر)ەوە.

**بەڕێزان، خوشکان برایان:**

ئەمڕۆ خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە بەیەکەوە لەگەڵ بەڕێز فریدریک پاسی شەرەفی سەرپەرشتیکردنی ئەو کۆبوونەوەمان پێ سپێردراوە کە دڵخۆشکەرەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵتەنگکەرەیە.

من لەنێوان ئامادەبوواندا بۆ ڕێزگرتن لە یادەوەری تۆلستۆی نەمر چەندێک لە هاوولاتیان و موریدانی خۆی دەبینم. ڕێگام بدەن لە پێش هەموو شتێکدا سۆزی دڵی خۆم دەربڕم و لە ڕێگای ئەوانەوە سلاو و ڕێزم پێشکەش بە ڕووسیای پاڵەوان و ڕووسیای گرفتار بکەم. ئەگەر لە قوژبنێکی ئەو هۆڵەدا ڕوحێک هەبێت کە لەگەڵ ڕوحی تۆلستۆی ژیابێ و هەر هەمان ئەو هەوایەی هەڵمژیبێ کە تۆلستۆی هەڵیمژیوە، من حەز دەکەم سلاوی خۆم بگەیەنمە ئەو کەسەو بەبێ دەست تێوەردانم لە تێرامان و خۆ ونکردنییەوە.

شەرەفێکی گەورەیە بۆ من ئەو ئەرکە پێ سپێردراوەم جێبەجێ بکەم و لەو بارەشەوە خۆم بە قەرزاری ڕێکخەرانی کۆبوونەوەکە دەزانم، دەشێ ئەوانە ئەوەیان لە یاد بێ ئەو تۆلستۆیەی کە تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی شوێنکەوتووی بیری فەرەنسی گەشەسەندوو بووە، چەندین کاری لە کارەکانی منی باش هەڵسەنگاندووە و ئەو سادەییەی منی زۆر بە دڵ بووە. ئەو خودی خۆیشی پڕ بە ناخییەوە سادە و دڵسۆز بوو. ڕوحە بێ سنوورەکەی زەریایەکی ڕاستگۆیی بوو.



تۆلستۆی

**خوشکان، برایان:**

هیوادارم وا نەزانن من بتوانم وێنەیەکی پڕ بە پێستی ئەو کەڵە پیاوە و کارە مەزنەکەتیان پێشکەش بکەم، چونکە ئەو چەند خولەکەی بۆ من تەرخان کراوە بەس نییە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو چەند ساتێکی دەوێت بۆ پێوانی، تەنانەت یەک پەنجەی پێی ئەو زەبەللاحە، وەلێ هەوڵ دەدەم بە چەند وشەیەک واتای کار و ژیانەکەی بخەمە ڕوو.

تۆلستۆی وانەیەکی گەورەیە، بە کارەکانی فێرمان دەکات جوانی بە زیندوویی و بە کاملی لە ڕاستییەوە سەرهەڵدەدات، هەروەکو چۆن ئەفرۆدیت(١) لە قووڵاییەکانی دەریاوە هەڵدەقوڵێت. بە ژیانیشی دڵسۆزی و ڕاستوڕەوانی و نیازخوازی و نەگۆڕی و قارەمانیەتی هێمن و سفت دەنوێنێ، پەیامەکەی دەڵێت: «ئێمە پێویستە ڕاستگۆ بین و بەهێزیش بین». بەڵێ، پێویستە بەهێزبین؛ پێویستە بەهێزبین بۆ ئەوەی نەبین بە دڕندە، بەڵکو پێویستە بەهێزبین بۆ ئەوەی دادپەروەری بپارێزین، بۆ ئەوەی دلۆڤان بین و بۆ ئەوەی نەرمونیان بین، پێویستە بەهێزبین بۆ ئەوەی زەردەخەنە هەرگیز لەسەر لێوانمان ون نەبێت. هەر لەبەر ئەو زۆر بەهێز بوونەش بوو ئەو پیاوە زۆر ڕاست و ڕەوا بوو! بێ گومان لاوازی ببڕای ببڕ ڕاستگۆیی ناهێنێتە دی. ئەوە بیانوویەکی ژنانەیە، بەڵکو هی ئەو پیاوانەشە کە دوور نییە هەندێ جار بۆ بەرژەوەندی خۆیان بیقۆزنەوە. تۆلستۆی بانگهێشتمان دەکات دڵسۆزبین و ڕاشکاوبین، بەوەش هانمان دەدات لەگەڵیاندا ناکۆک بین ئەگەر هەڵەبوو. ئەو دلاوەرە بوێرە لە لایەکەوە بۆ بێ فێزی و ملکەچی و خۆشەویستی بانگهێشتمان دەکات، بەڵام بۆ شکۆدارترین خەبات و بۆ بەرزترین هەڵفڕینی ڕوح هانیشمان دەدات. لەلایەکەوە بانگمان دەکات باوەڕ بهێنین و ئازار بچێژین و ئارام بین، کەچی خۆبەخشکردنە قارەمانانەکەی شێوازی تێکۆشانی بە جۆشوخرۆشێکی ئەوتۆ وەردەگرێت، کەسایەتییەکی پۆلاییی هەبێت کە ناچارمان بکات بیربکەینەوە و گومان بکەین، ئینجا هێزەکەمان گەشە دەکات.

نەخێر! تۆلستۆی هونەر مەحکوم ناکات، هەرچی وتبێ و هەرچی کردبێ، نەک هونەر مەحکوم ناکات، بەڵکو بانگەشەی بۆ دەکات و بەرزیشی دەنرخێنێت! تەنانەت کاتێ نکوڵی لێدەکات، پێی لەسەر دادەگرێ. هەر چۆنێک بێت هەوڵدانەکەی بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هونەر بێهوودەییە، چونکە هونەر لە ناخیدا بوونی هەیە. هونەر لە هەمان ماددە ڕیشاڵەکەی و لەنێو هەر دڵۆپێکی خوێنەکەی خۆی دەبینێتەوە، هونەر گەورەیی و شکۆداریی مرۆڤە. مرۆڤ تەنیا لە سایەی بەرهەم و داهێنانەکانییەوە دەست و ڕوحەکەی گەشە دەکات و گەورە دەبێت. بەڵێ تەنیا بە ڕێگای (مینێرڤا)وە(٢) کە لە مێشکەکەیەوە هەڵدەقوڵێت. ئەو (مینێرڤا)یەی داری زەیتوون دەچێنێ، خوری دەڕێسێ و بەپێی سەردەم کانزاکان دادەڕێژێ و دەبێتە ئەندازیار و فیزیازان و یاساناس و هونەرمەند و شاعیر، هەروەها بە چەخماخەی ڕمەکەی پەلاماری دڕندە بەربەرییەکان دەدات. با لە نزیکەوە سەیری هونەرە جوانەکان بکەین و لێیان وردبینەوە، ئەوانە بە پڕۆسەی تەواوکاری بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە دایک دەبن، لە خراپترینیاندا باشترین لە دایک دەبێ. سەبارەت بە هونەر، زانست ئاسا، سرووشەکانیان کە خوشکی یەکترن، ئەستێرەناسی و مۆسیقایان لێ پەیدابوو..

پەیوەست بە تۆلستۆی، دوژمنی هەرە گەورەی شەڕ، چۆن دژی تێدەکۆشا نەک وەکو فەیلەسووفێکی سەردەمی ئەمڕۆ، بەڵکو زیاتر وەکو مەسیحییەکانی سەرەتاکان، من ئەوە بۆ مامۆستای لێهاتوو فریدریک پاسی بەجێ دەهێڵم، بەڵام بە پێویستی دەزانم زیاتر وتەیەک بڵێم، چونکە هەر یەکێک لە ئێمە دەبێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرینگە کە لە سەرووی هەموو پرسیارەکانەوە

دێت، هەستی بەرپرسیاریەتی هەبێ.

ئاشتی جیهانی، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن هەڵۆی ڕۆمانەکانەوە دوای شەش سەدەی جەنگی جیهانی ئەوسا دامەزرا، ئەو خوداوەندی ئاشتییەش کە سەکۆیە پیرۆزەکەی لەلایەن ئۆغستۆسی ئیمپراتۆر و قەشەی ڕۆمانەکانەوە بنیادنرا، هێشتا هەر بە پارچە مەڕ مەڕە جوانەکانی دەناسرێتەوە، ئەو ئاشتییەی لە دواییدا لەسەر دەستی داگیرکەران و گەلانی تازە پێکهاتوو لە ئەوروپا و تەواوی جیهانەوە ڕووخێنراوە. با هەوڵ نەدەین ئەو ئاشتییەی هەموومان بە پەرۆشەوە خوازیارینە، تەنیا بە ئاهوناڵە هەڵکێشان بهێنینە کایەوە، چونکە ئاشتی گوێڕایەڵی شیوەن و پاڕانەوەی کەسانی بێ هێز و خەفەتبار نابێ. با خەباتی نەپچڕاوەی هەموو هێزەکان هاتنەوەی ئاشتی بە تێگەیشتنێکی ڕوون لە یاساکانی گەردوون دابین بکەین. با لەچوارچێوەی هێزەکانمان، هەرچەندە دەشێ بێ هێزیش بین، کار بکەین بۆ نزیک کردنەوەی ڕۆژانی خۆشتر کە تۆلستۆی بەو هەستە بەرز و تەمومژاوییەی نێو ڕوحە گەورەکەی پێشبینی دەکرد.

## خوێندنەوەیەکی وتارەکە

به پێنووسی مۆریس فاکس ماخەر

ئەناتۆلی فرانس لە قسەکانیدا (زارەکی و نووسراو) بابەتی تۆلستۆی تاووتوو کرد. ئاکاری ناڕەزایی نێو ڕیالیزمی تۆلستۆیی و ڕەقی و دوور لە نەرمونیانی نێو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی، ئەوانە هەمووی ئەو لایەنانەی کارەکانی تۆلستۆی بوون کە سەرنج ڕاکێشی نووسەری مرۆڤایەتی و گاڵتەجاڕی فەرەنسی بوون. تۆلستۆیش، لەلای خۆیەوە، بایەخێکی زۆری بە نووسینەکانی فرانس دابوو، هەرچەندە بیروڕاکانی ئەو فەڕەنسییە لە زۆر ڕووەوە بەلای ئەوەوە نامۆ بوون.

تۆلستۆی بە تایبەتی چیرۆکەکەی (فرانس)ی بەناو (کرێنکوبیبیلی سەوزەفرۆش)ی بە دڵ بوو، کە ڕەنگدانەوەی سۆزی نووسەری میهرەبانی فەڕەنسی بوو بۆ ئەو پیاوە بچکۆلە چەوسێنراوەوە کە بەرەنگاری پڕوپووچی و ناعەدالەتی نێو خەسڵەتەکانی بۆرژوازی دەبووەوە. وتەکانی فرانس بەخۆشویستنی تۆلستۆی موتوربە کرابوو. لە ناخی نووسەری ڕووسیدا نموونەیەکی بەرچاوی ڕەوشت بەرزی و پاکی تێبینی دەکرد، نموونەی بوێری شارستانی و خۆ بەختکردن.

تێگەیشتنێکی قووڵی تۆلستۆی لەنێو بابەتێکی فرانسدا بەدی دەکرا، ئەویش بەناوی «لیڤ تۆلستۆی» بوو لە گۆڤاری «هیومانیتێ، واتە مرۆڤایەتی»دا بە بۆنەی یادی (٨٠)یەمین ساڵی لە دایکبوونی، لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٠٨ەوە: «نووسەری (تابلۆکانی داستان)، تۆلستۆی، مامۆستای هەر هەموومانە لە هەموو شتێکدا کە پوختەی وەسفی نیشانەکانی لایەنی دەرەوەی کەسایەتییەکان و وزە شاراوەکانی ڕوح ڕوون دەکاتەوە، ئەو بە سامانی ئەندێشە داهێنراوەکانی فێرمان دەکات، بە هەڵبژاردنی بارودۆخە ڕاستەقینە و بێگەردەکانی فێرمان دەکات بە هەموو لایەنە ئاڵۆزەکانیشییەوە هەست بە ژیان بکەین. هەروەها تۆلستۆی نموونەیەکی بەرچاوی ڕەوشتی بەرز و ئازایەتی و ڕوحی مەزنیشە. بە هێمنییەکی قارەمانانە و باشییەکی لە ڕادەبەدەر تۆلستۆی پەردە لەسەر سەرجەم ئەو تاوانانەی کۆمەڵ ڕادەماڵێ، ئەو کۆمەڵەی کە تەنیا یەک شت داوا دەکات لە یاساکان، پشتگیریکردن لە ناعەدالەتی و توندوتیژی. جا بەو شێوەیە بووە بە باشترینی باشەکان (شازی شازان)».

فرانس ڕەخنە لە شرۆڤەکارانی لاواز و بێ بنەمای بیروبۆچوونی تۆلستۆی دەگرێ و دووپاتی دەکاتەوە کە «تۆلستۆی دوژمنی هونەر نەبوو»، فرانس هیچ هۆکارێکی کۆمەڵایەتیمان بە هیچ شێوەیەک بۆ شی ناکاتەوە کە وای لە تۆلستۆی کردبێ نکوڵی لە هونەری هاوچەرخ بکات وەکو هونەری چینی سەردەستە، بەڵام بۆچوونەکەی کە (تەنانەت بە نکوڵی کردنیش دانی پێدا دەنێت) گەواهی دانە بەو تێگەیشتنە قووڵەی ئەو نووسەرە فەرەنسییە لە کۆششە جوانخوازییەکەی تۆلستۆی، هەروەها گرنگە دووپاتی بکەینەوە کە وەک نووسەرە پێشکەوتووخوازەکانی فەرەنسی، ئەناتۆلی فرانس بە تایبەتی جەختی لەسەر چالاکی تۆلستۆی کردووەتەوە دژ بە جەنگ بۆ هاوچەرخەکان و نەوەکانی دواڕۆژی.

**پەراوێز:**

**(١) ئەفرۆدێت: خوداوەندی خۆشەویستی و جوانی بوو لای یۆنانییەکان.**

**(٢) مینێرڤا: خوداوەندی دانایی بوو لای ڕۆمانەکان.**

**سەرچاوە: گۆڤاری Soviet Literature، (ئەدەبی سۆڤییەتی) ژمارە (٨)، ١٩٧٨.**

# وێنەی ئەمریکا لە خولی سی و چوارەمی فیستیڤاڵی قاهیرەی سینەماییدا

موحسین محەمەد

ئەمریکا وەکو زلهێزێکی جیهان لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، تایبەتمەندییەکی بۆ خۆی دروست کردووە و لە هەر شوێنێک بە چەشنێک ئەو وێنەی ئەمریکایە ڕاڤە دەکرێ. هەر لەناو عێراقدا، وێنەی ئەمریکا سێ ڕاڤەی بۆ کراوە، لە کوردستان، ئەمریکا داهێنەری ئازادییە ،لەناوەڕاستی عێراق، داگیرکەر و وێرانکارە، لە باشووری عێراق، داهێنەری ئازادی و داگیرکەرە. لەناو خودی ئەمریکاشدا هزر و سیاسەتی ئەو وڵاتە، ڕاڤە و بۆچوونی جیاجیای بۆ کراوە، لەخولی سی و چوارەمی فیستیڤاڵی سینەمایی قاهیرەدا، هەندێ لەو بۆچوونانە، وێنەی ئەمریکای لە سێ فیلمدا بەرجەستە کردبوو. فیلمەکانیش دابەش ببوونە سەر: بەشی دیجیتاڵ، بەشی فیستیڤاڵی فیستیڤاڵەکان، بەشی داهێنەرانمان لە دەرەوە. دوو لەو سێ فیلمە، بەرهەمی ئەمریکا بوون، فیلمی سێیەم بەرهەمی کۆریای باشوور بوو، ئەویش دەوڵەتێکی کراوەیە و هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکایە. بە دیدی من، خوێندنەوەی وێنەی ئەمریکا لە ڕێگای سینەما بۆ کوردستان زۆر پێویستە، بۆیە بەباشم زانی ئەو خوێندنەوەیە بگەیەنمە خوێنەر و بینەری سینەما لە کوردستان، لە ئاکامدا ئەو هۆشیارییە سوودی بۆ هۆشیاری کولتووری و سیاسی دەبێت، ڕەنگە هەندێ لەو وێنانە لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان ببنەوە.

### فیلمی زۆنگاوێکی بچووک

ئەوەی لەم فیلمەدا بینرا، نەچاو بڕوا دەکا، نە هەستی مرۆڤایەتی. هەر دوای کۆچ پێکردنی گوندێکی بچووکی ناوچەیەکی شاخاوی سەوز و جوان لە کۆریای باشوور، کارەساتێکی زۆر گەورە ڕوودەدا، ئەوەی هەستی هەبێ

ناتوانێ، نەگریێ. گوندێک لە کەشێکی جوان و ئارامدا دەژیا، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو، جەنگێکی مەزن لە دەڤەری نیمچە دوورگەی کۆریا لە ئارادا بوو، وەک ڕەشەبا لە ناکاو جەنگەکە جوان و پیری گوندەکەی ڕامالّی. لە تەمووزی ساڵی ١٩٥٠ ئەمریکا لە کۆریا ڕووبەڕووی جەنگێکی گەورە و ترسناک و یەکلاکەرەوە ببۆوە، بۆیە وەک حکومەتی خاوەن ماڵ، ژەنەڕاڵەکانی سوپا بە بلّنگۆ داوا لە خەڵکی گوندەکە دەکەن ناوچەکە بەجێ بهێڵن و بەرەو باشوور بڕۆن، لەبەر ئەوەی جەنگێکی گەورەی لەناکاو لە گوندەکەیان ڕوودەدا. سوپا بەڵێنی بە خەڵکی گوندەکەدا لە ماوەیەکی کەمدا تراکتۆریان بۆ ئامادە دەکا بۆ ئەوەی بە ئاسانی خۆیان و کەلوپەلەکانیان بگوازنەوە. بەداخەوە ئەوەی ئەوسا ڕووی دا زۆر ئەستەمە بڕوای پێ بکرێ، بەڵام ئەمە لە تایتلی فیلمەکەدا هاتبوو، ئەو ڕووداوە ماوەی سێ ڕۆژی لە خەرمانانی ساڵی ١٩٥٠دا خایاند.

بەشی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکە هەر بەدەستی سوپای ئەمریکا کوژران. دوای ئەوەی گوندنشینەکان لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە و بەرەو باشوور دەڕۆن، ڕووبەڕووی سوپای ئەمریکا دەبنەوە و وەکو ئەوەی ئاگایان لە هیچ نەبێ، سەرکردەی مەیدانیی ئاراستەی خەڵکی گوندەکە بەرەو سەر چیاکە دەگۆڕێ، کە دەگەنە سەر چیاکە دووبارە ئاراستەی خەڵکەکە دەگۆڕن. لە گێژاوی ئەو چوون و گەڕانەوەیەدا گوللەباران و تۆپباران لە هەموو لایەکەوە ڕوو لەناوچەکە دەکا. هیچ شتێک دیار نییە، تەنیا تەقینەوە و کوژرانی خەڵک نەبێ.

خەڵکەکە دەکەونە ژێر بەرداشی پێکدادانەکەوە و ناچار دەکرێن بچنە ژێر پردی شەمەندەفەرەکە، هەر لەو شوێنەدا سوپای پارێزەر، سوپای هاوپەیمان، بە هەواڵی نادروست گوایە سوپای کۆریای باکوور خۆیان لەنێو خەڵکی ئاوارە حەشارداوە، گوللەبارانیان دەکەن. جگە لە کارەساتی کوژران و سووتان و ڕاکردنی بەردەوام، ئەوان سەرسامن بەوەی کە بە گوللەی هاوپەیمانەکەیان دەکوژرێن، ئەوان نازانن بۆچی دەکوژرێن. ئەو هەستە بوو من و برادەرەکەمی گریاند.

کوشتاری بە مەبەست لەو ڕووداوەدا دەگاتە لووتکە، کاتێک سەرکردەی سوپاکە لەگەڵ سەرکردایەتی خۆی بە هەناسەی پڕ لە ئازار دەڵێ: گەورەم تاکەی ئێمە خەڵکی سڤیل بکوژین، ئەو گرتەیە دەپچڕێ، کوژرانی خەڵکی




**فیلمی زۆنگاوێکی بچووک**

سڤیل بەردەوام دەبێ، تەنانەت بواریان نادەن خۆیان ڕزگار بکەن. باوک لەبەردەم منداڵەکانی، منداڵ لەبەردەم دایک و باوک، هەموویان بەیەکەوە بەدەستڕێژی بەردەوام، وەکو گەڵای دار خەڵکی ئەو گوندە جوانە هەڵدەوەرێن. فیلمی زۆنگاوێکی بچووک وێنەی هەڵەیەکی مەزنی سوپای ئەمریکایە بۆ دۆستەکانی لەکاتی جەنگدا، ئەمەش جۆرە ئاماژەیەکە بۆ هاوکارانی سوپای ئەمریکا، لەو هێرشانەی بۆ سەر پێگەکانی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتدا دەیکەن. فیلمەکە ماوەی هەشتاوشەش خولەک بوو، بە کوالیتییەکی زۆر بەرز کار کرابوو. بە دیدی من ئەم فیلمە لە ڕووی کوالیتییەوە لە دوای فیلمی The Rowan Waltz دێت، کە بەرهەمێکی مەزنی سینەمای ڕووسی بوو، لەو فیستیڤاڵەدا. (لی سانگ وو) دەرهێنەرێکی شانۆیی بەناوبانگی کۆریای باشوورە، هەر خۆیشی سیناریۆی بۆ فیلمی زۆنگاوێکی بچووک نووسیبوو. ئەم بەرهەمەشی یەکەمین فیلمی سینەمایی داستانیی درێژە، زۆریش بەلامەوە سەیرە، چیرۆکەکە بەچاوێکی سینەمایی زۆر جوان بنیادنرابوو. ڕەنگە ئەوەی سی ڤی ئەو دەرهێنەرە نەخوێنێتەوە و فیلمەکە ببینێ زۆر ئەستەمە بڕوا بەوە بکا، کە دەرهێنەرەکەی شانۆکارە نەک سینەماکار.

## فیلمی موسڵمان


فیلمێکی داستانیی ڕەنگاوڕەنگ بوو، ماوەکەی نەوەد و پێنج خولەک بوو، لە بەشی پێشبڕکێی فیلمی دیجیتاڵی بەشداری کردبوو، (قاسم بەسیر) سیناریۆکەی نووسیوە و دەری هێناوە. فیلمەکە باسی کەسایەتی تاریق



**پۆستەری فیلمی موسڵمان**

مەهدی دەکات کە مرۆڤێکی موسڵمانە و بە هۆی کاریگەری باوکی پابەندی شەریعەتی ئیسلام بووە، تاریق بەهۆی ئەو پەروەردەکردنەی، تووشی جۆرێک لە ململانێ هاتووە، لەلایەک پابەندی شەریعەتی ئیسلامە و لەلایەکی دیکەوە هیوای ئەوە دەخوازێ، ژیانێکی سروشتی لەناو کۆمەڵگای ئەمریکادا بژی، ئەو دەیەوێ لە زانکۆ تێکەڵ بەخەڵکی موسڵمان و ناموسڵمان ببێت و وەک کەسێکی ئەمریکایی ئاسایی بژی و لاسایی ئەوان دەکاتەوە، بە کورتییەکەی بۆ ڕزگاربوون، لە کاریگەری پەروەردەکردنەکەی هەوڵ دەدا جۆرێک لە خۆشاردنەوە نیشان بدات، لەبەر ئەوەی بە نەریتی سەپاندن پەروەردەکراوە، بۆیە کاریگەری ئەو نەریتە لە دەروونیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. تاریق دەیەوێ ژیانێکی تر بژی، بەڵام کاریگەری پەروەردەکردنی خانەوادەکەی، بەتایبەتی باوکی زۆر بە قووڵی پێوە دیارە لەناو ئەو ململانێ دەروونی و کۆمەڵایەتییەدا، لەناکاو ڕووداوی یازدەی سێپتێمبەر ڕوودەدا، قوتابییە موسڵمانەکان دووچاری شالاوی ڕق و کینەی کریستانەکان دەبنەوە، لێرەوە تاریق جارێکی تر ناچار دەبێ، ڕەسەنایەتی خۆی وەکو موسڵمانێک ئاشکرا بکات.

فیلمی موسڵمان وەکو چەندین فیلمی دیکە باسی کێشەی جیاوازی کولتوورەکان لە ناوەوەی ئەمریکا دەکات. بێ گومان لە ئەمریکا زۆرینەی خەڵکەکەی کریستیانن و ئیسلام تێیدا کەمینەیە، بۆیە تاریق دووچاری ئەو ململانێیە دەبێتەوە، ئەو لە بنەڕەتدا وەکو موسڵمانێکی ولاتێکی موسڵمان ناژی، لەبەر ئەوە ئەو پێکدادانەی فیلمەکە بۆ خۆی دۆخێکی زۆر سروشتییە بۆ ڕۆژگارێک، ڕووداوی یازدەی سێپتێمبەری تێیدا ڕووی دابێت. ئەمریکای ئەو ڕۆژگارە، شالاوێکی زۆر گەورەی لە دژی ئیسلام لە ناوەوەڕا لە ڕاگەیاندنەکان بەرپا کردبوو. لەو ڕۆژگارەدا ئەو شڵەژانەی ناوەوەی ئەمریکا زۆر ئاسایی بوو، لەبەر ئەوەی کاردانەوەکەشی لەسەر تاکی ئەمریکی ئەوەی موسڵمان بێت ئاسایی دەکەوێتەوە، تاریقی موسڵمان کە لەناو ئەمریکا بە شەریعەتی ئیسلامی پەروەردە کراوە، زۆر ئاساییە دوچاری ئەو ڕکابەری و ململانێیە ببێتەوە، ئەوەی گرینگە دۆزینەوەی چۆنیەتی بەیەکەوە ژیان و چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی بارودۆخەکەیە لەسەر تاکی موسڵمان و ئایینزاکانی تری ئەمریکی. زۆر ئەستەمە لە ڕووداوێکی ئەوها گەورەدا بتوانرێ وێنای دۆزینەوەی ئەو چارەسەرییانە بکرێ، بۆیە تێکڕای گەلی ئەمریکا دەکەونە شڵەژانی پێکدادانی نەتەوە و ئایینزاکان. پرسیاری گرینگ لێرەیە، زۆرجار باس لە ئەگەری هێرشی لە ناکاوی چەکی کۆکوژ بۆ سەر ڕۆژئاوا دەکرێ، باشە چی ڕوودەدا ئەگەر لە ئەنجامی ململانێی توندی ئایدیۆلۆژی خۆرئاوا، هێرشێک بکرێتە سەر شارێکی گەورەی ئەو کیشوەرە و زیانێکی گەورە ڕووبدات، ئاکامەکەی چۆن دەبێ و کێ تاوانبار دەکرێ؟ بێ گومان هەر فیلمێک بە دیدی دەرهێنەرەکەی جۆرە چارەسەرییەکی هەیە، لە فیلمی خان کە هەمان کێشەی ناوەوەی ئەمریکایە، ئامانجی خان، کە کەسێکی موسڵمانی هیندۆسییە، سووربوونە لەسەر ئەوەی ئیسلام تیرۆریست نییە، پێویستە سەرۆکی ئەمریکا ببینێ و ئەوەی پێرابگەیەنێ. خان لە بەشە زەکاتی خۆی بەشداری لە هاوکاریکردنی ئەو خانەوادانەدا دەکات کە لە تەلاری بازرگانی جیهانی بوونە قوربانی ئەو ڕووداوە. لە ئیسلامەکەی قاسم بەسیردا، تاریق بۆ ڕزگاربوون لە کاریگەرییەکانی پەروەردەکردنی ڕابردووی بڕیاری چارەنووساز دەدات. باشە، هەموو ئەو بۆچوون و تێڕوانینانە بەلایەک، تێڕوانین و بۆچوونی خۆرئاوا بۆ




**فیلمی ناوچەی سەوز**

خـۆی لەلایەکی دیکە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگــەری دووبارەبوونەوەی کارەساتێکی گەورەتری چەشنی یازدەی سـێپـتـێـمـبـەر. ئەوان چیــان لە بواری ڕاگـەیاندن و پەروەردەکردندا کردووە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکان گەورەتر نەبن و زیانی پتر بەدوای خۆیاندا نەهێنن، ئەو فیلمە و دەیان فیلمی تر هۆشی ئێمە و ئەوان ئامادە دەکا بۆ ئەو ڕووداوەی کە ئومێد ناخوازین ڕووبدات.

**فیلمی ناوچەی سەوز**

پاش هێرشی ئاسمـانی یازدەی سێـپـتێـمـبەر بۆ سـەر سـەنتـەری بازرگـانی جـیـهـانی، ئەمـریکا بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵگرییـەکانی ڕاسـتـەوخۆ (ڕێکخراوی قـاعـیـدە)ی تاوانبـارکـرد بە دانانی نەخـشـە و جـێـبـەجـێکردنی ئەو هێـرشـە، ئەوەبوو داوا لە حکومـەتی تالیـبـان کـرا ئەو تەنزیمە لە ئەفـغـانسـتـان بەدەر بنێن، ئەو داوایە لەلایەن حکومەتی تالیبانی ئەوسای ئەفغانستان ڕەت کرایەوە. ئەمـریکا بە هێـزێکی گـەورە و هاوکـاری ئۆردوگـاکـەی، حکومەتی تالیبانیان ڕووخاند و تاوەکو ئێستا ئەو شەڕە

هەر بەردەوامە. پاش دەرپەڕاندنی تالیبان، کێشەی چەکە کۆکوژەکـانی عـێـراق زیندووبووەوە، ئەو کـێـشـەیەش لە قەیرانی یاسایی نێودەوڵەتیدا ماوەیەکی خایاند، دواجار ئەمریکا بڕیاری دا، بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو چەکـە، پێـویسـتـە عـێـراق ئازاد بکات. بە گـەلەکـۆییـەکی نێـودەوڵەتی، بەشـەرێکی زۆر بچـووک ئەمـریکا ڕژێمی سـەدامی ڕووخاند، تاوەکـو ئێـسـتـا جـەنگی دژە تـیـرۆر هەروەک چۆن لە ئەفغانستان بەردەوامە، لە عێراقیش بە شـێـوەیەکی دیکە بەردەوامـە. فـیـلمی ناوچەی سـەوز بەرهەمـێکی دیکۆداستـانی کـۆمپـانیـای یونیـڤێـرسـاڵی ئەمەریکییە، (براین هێلگلاند) سیناریۆکەی نووسیوە، (باری ئاکرۆید) وێنەی فـیلمـەکەی گرتووە، (پۆل گـرین گـراسـیش) دەری هێناوە. ئەم فـیلمە چەندین تێـڕوانینی جیـاواز لە ناوە و دەرەوەی ئەمـریکا هەڵدەگـرێ، دەکـرێ بڵـێین، هەمـوو لایەنە پێـوەندەدارەکـان پشـکی خـۆیان لە تەمـاشاکردنی بابەتەکەدا هەیە. چیرۆکەکە باسی ڕاپۆرتی مـێلەر دەکـا، لەکـاتی ئازادکـردنی عـێـراق بۆ دۆزینەوەی چەکی کـۆکـوژ. هێـزەکـەی مـێلەر بەدوای ئەو چەکـەدا دەگـەڕێن، بەڵام نایدۆزنەوە، ئەمەش جـۆرە ململانێیـەک لەناو دەسـەڵاتدارانی سـەربازی و هەواڵگری ئەمــریکا دروست دەکـا. گـرێی دۆزینەوەی چەکـەکـە، دۆزینەوەی (مــحـەمـەد ڕاوی) سـەرکـردەی هێـزەکـانی پاسـەوانی سـەدامـە. لە ئاکـامی ئەو ڕاوەدوونانە، مـحـەمـەد ڕاوی بەدەستی فەرید دەکوژرێ، کە سەربازێکی عێراقییە و لە جەنگی عێراق- ئێراندا قاچێکی پەڕیوە، بەرێکەوت لە ڕووداوێکی پەلبەستکردنی، مێلەر ئازادی دەکا، ئەویش نیـازی خـۆی بۆ هاوکـاریکردنی سوپای ئەمریکا لە دژی سـەدام ئاشکرا دەکـا، لەبەر ئەوەی ئینگلیــزی دەزانێ، مـێلەر، فـەرید دەکـاتە وەرگـێـڕی خـۆی. لە کـۆتایی ڕاوەدوونانی مـحـەمـەد ڕاوی، فـەرید لە پەنایەک دێتـە دەرەوە و بە دەمانچەکەی محەمەد ڕاوی دەکوژێ. دوای گەڕانەوەی مێلەر بۆ ئەمریکا ڕاپۆرتەکەی بڵاودەکاتەوە و فـیلمـەکـە تەواو دەبێ، لە دابەزینی تایتـڵی کـۆتایی فیلمەکە لەناو ئەمریکا بەهۆی ئەو ڕاپۆرتەوە کێشەیەکی نوێ سـەرهەڵدەدا، ئەویش کـێـشـەی نەدۆزینەوەی چەکـە کۆکوژەکانی عـێراقە، تاوەکو ئێستاش ئەو بابەتە لەناو ئەمـریکا و لە دەرەوەی ئەمـریکا گـفـتـوگـۆی لەسـەرە. دەرهێنەر (گرین گراس) کە دەرهێنەرێکی بەریتانییە، لە کۆمپانیای (یونیڤێرساڵی) ئەمریکی کاری تێدا کردووە،

(مـات دیمۆن) ڕۆڵـی (ڕووی مـێلەر) دەبینێ، (کـلارک باوستوون) ئەفسەرە هەواڵگرییەکەیە، لە سی ئای ئەی، لایەنی شەڕخوازە، وەکو ڕاستییەک لە فیلمەکەدا کلارک زۆر بە بریمەر دەچوو، هەر کەسێک لە عـێراق ئەو فیـلمە ببـــینێ دەڵـی: ئەوە بریمەوە. (مـــارتن براون) ئەویش ئەفســـەرێکی هەواڵگریــــە لە سی ئای ئەی، لایەنی خێرخوازییە، مارتن براون بە (جەی گارنەر) دەچێ، کە یەکـەمین حـاکم بووە لە جەنگی ئازادی عـێـراقـدا (پۆل بریمەر) لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێگەی گارنەری گرتەوە و وەکـو سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی حوکـومـڕانی ئینتـیـڤالی هات. لەو کـۆڕە ڕەخنەییـەی دوای نمایشکردنەکە، کـە بۆ فـیلمەکـە سازکـرا، (خالـید عـەبدوڵلا) کە ئەکتـەرێکی ئەمریکیە بە ڕەگەز میسرییە ئامادەبوو، لەو فیستیڤاڵەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدرا. فیلمی ناوچەی سەوز چەندین لایەنی تێدایە، هەندێ لایەن لە بەرژەوەندی عارەبەکانە، هەندێ لایەن لەبەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکایە.

هۆلیوود وەکو دەزگایەکی گەورەی جیهـانی، هونەری، پیشەسازی، بازرگانی سینەمایی، بێ گومان هەوڵ دەدا هەرچی لە توانایدا هەیە هەمـوو ئەو ڕوانینە جیـهـانیـانە کۆبکاتەوە کە کاریگەری لەسەر پەنجەرەی بلیت فرۆشتن دەبێت. ئەوان نایانەوێ تـەنیـا ئەمـریـکیــیـەکـان بچنە سینەما، بەڵکو هەوڵ دەدەن بینەرانی ناوچە جیاوازەکانی جیهانیش بۆ تەماشاکردنی فیلمەکانیان بەرن. ئەوان زۆر باش دەزانن، ئەورووپیـــیـەکـان، ڕۆژهەڵاتیــیـەکـان، عــارەبەکــان، دیدی زۆر جــیــاوازیان لەســەر بابەتی خوێندنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە جیهاندا هەیە، بۆیە زۆر ئاســایـیــە فــیـلمی ناوچەی ســەوز ئەو هەمـــوو لێکدانەوەیەی بۆ بکرێ. من بۆ خــۆم کـــە تەمـــاشـای فــیلمـەکـەم دەکـرد، زۆر نیگەران بووم، ترسم لەوە بوو، دەرهێنەر لە فـیلمـەکەدا کورد وەکو ڕێنیـشاندەر پیـشان بدات، کە ئەوە کـاریگەری زۆر خـراپی لەسەر بەشداری ئێـمە دەبوو کە بە سێ فیلم لە پێشبـڕکێدا بووین. کە فـیلمـەکـە تەواو بوو ئارام بوومـەوە. کـورد لە جـەنگی ئازادکــردنی عــێـــراق بەشــداربووە، بەڵام نەک وەکــو ڕێنیـشـاندەر، کە عـارەبە شۆڤـینییـەکـان دەیانەوێ وەک دەستەواژەی سیاسی بەکاری بهێنن. نکوڵی لەوە ناکرێ، عـارەبە شۆڤـینیـیـەکـان کـە بوونیـان لە مـیـسـر هەیە و ژمارەیەکی زۆری میسرییەکانیش کە سوودمەند بووینە لە ڕژێمی سەدام، ئەمریکا بە داگیرکەر و وێرانکار دەزانن و بەرگـری لە ڕژێمی ڕووخـاو دەکـەن، ئەمـەش لەناو کـۆڕە ڕەخنەییـەکـاندا بە زەقی بوونی هەبوو. لەبەر ئەم هۆیانە، بە دیدی من ئامادەیی کـورد زۆر پێویسـتـە لە چالاکـیـە کولتوورییەکانی ناو میسر، چونکە ئەو وڵاتە ناوەندێکی کــاریگەرە لەســـەر وڵاتانی عـــەرەبی و دەوروبەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**تێبینی:**

فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی قاهیرە خولی سی و چوارەمین لە ٢٠١٠/١٠/٣٠ تاوەکو ٢٠١٠/١١/٩ی خایاند، عێراق بە چوار فیلم بەشداری کردبوو، دوو فیلم بەرهەمی هەرێمی کـوردسـتـان بوو، گـەڕەکی داهۆڵەکـان سیناریۆی شێرزاد حەسەن و دەرهێنانی حەسەن عـەلی، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سـینەمـای هەولێـر، لە بەشی سینەمای عەرەبی بەشدار بوو.

فــیلمی شــوێنێک بۆ یاری، ســیناریۆ و دەرهێنانی شـــەوکـــەت ئەمین بەرهەمی تەلەڤـــزیۆنی یابانی، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی، نارین فیلم لە بەشی سینەمـای عـەرەبی نوێ بەشداربوو. فـیلمی کـوڕی بابل فیلمێکی کوردی بوو، محەمەد دەڕاجی دەری هێنابوو. لە بەشی سـینەمـای عـەرەبی بەشداربوو، خەڵاتی بە نیـوەیی لەگەڵ فیلمی لبنانی فیشەکی وێڵ بەدەست هێنا.

فیلمی تێکئالان لەگەڵ شین، زمانەکەی ئینگلیزی بوو، بەرهەمی هاوبەشی عـێـراقی، ئیـتـاڵـیـا، بەریتـانیـا، ئیـمـارات بوو. بەشدارانی فیـسـتـیـڤـاڵەکە لە شاندی کـوردی: حـەســەن عـەلی، عـەبدال شـەکـەوت، وەلیـد مـەعـرووف، مـوحـسین مـحـەمـەد بە فـیلمی گـەڕەکی داهۆڵەکان. شوان عەتوف، نێچیرڤان سەنعان بە فیلمی شـوێنێک بۆ یاری. بەشـدارانی عـێـراقی، مـحـەمـەد دەڕاجی، فـیلمی کوڕی بابل، حەیدەر ڕەشید بە فیلمی تێکئـالان بە شین. سێ کـۆڕی ڕەخنەیی بۆ فـیلمـەکـان سـازکـرا، کـۆڕێکیش بۆ شـاندی کـوردی لە کـۆمـەڵەی لایەنگرانی نواندن و سینەمـای مـیـسـری سـازکـرا کـە لە ساڵی ١٩١٣ دامەزراوە،

# هۆرامان لە گۆرانی هۆرامیدا

نەبەز هۆرامی
(سلێمانی)


(١ - ٢)

مەبەستی ئەم نووسینە باسی جۆرەکانی گۆرانی ناوچەی هۆرامان نییە (لەم بارەیەوە هەندێک شت گوتراوە و نووسراوە)، بەڵکو - وەک لە ناوونیشانەکەدا دیارە مەبەست لێی ئەو لایەنەی گۆرانی هۆرامییە کە پێوەندی بە هۆرامانەوە هەیە وەک (خاک و زێد)(١).

ئەم بابەتە وەڵامی ئەو پرسیارەیە: «هۆرامان وەک خاک و سروشت، چ وێنە و ڕووبەرێکی لەنێو گۆرانی هۆرامیدا هەیە» ؟. من لە دوورترین شوێنەوە لە هۆرامان، کاتێک لەسەر نەوارێ گوێم لە دەنگی هونەرمەندانی ناودار (عوسمان و جەمیل و حەمەحسێن) و گۆرانیبێژانی دیکەی هۆرامان دەبێت، لەگەڵ ئەو دەنگانەدا قاسپەی ژەرەژی سەر بەردێکی (کۆسالان)، یان خوڕەی (بەنگا یاسەمەن) دەرژێتە ناخمەوە و بۆنی چنووری (بزازەرا) و شەوبۆی (دالانیی) لە کەللەم دەدات و دێتە دەماخمەوە، ئیدی وا دەزانم لەو ئانوساتەدا لە هۆرامانم.

کە جاروباریش بۆ هۆرامان دەچمەوە، بەتایبەت ئەگەر ڕێم لە باخ و شاخ و هەوارگە و نشینگەکان بکەوێ، وا هەست دەکەم لەگەڵ شنەشنی شەماڵ و پەرشبوونی بۆنی گڵ و بەرامەی گوڵاندا، چریکەی گۆرانیش بە دەورمدا شەپۆل دەدات، وا هەست دەکەم لە سنگی ماهـ و لە زاری ڕەوەزەکانەوە ئاوازی بەرزەچڕ دەرژێت و بە سەرما دەپژێت.

بەم شێوەیە لە بینینی هۆرامـاندا، دەنگی گۆرانی هۆرامی دەرژێتە دەروونمەوە و لە بیستنی دەنگی گۆرانیشدا ڕەنگی هۆرامان دەپژێتە بیناییمەوە. وا دەزانم ئەم هەستەش لای بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی هۆرامان ئامادەیی هەبێت، بە تایبەت لای هونەردۆستان، کە باس لە ئاوێتەبوونی گۆرانی هۆرامی بە خاکی هۆرامان دەکەم، مەبەستم یەک پێگە و جێگەی هۆرامان نییە، بەڵکو من



**عوسمان کەیمنەیی**

وای دەبینم: بست بە بستی خاکی هۆرامان، بە چەم و کانی و باخ و شاخ و گوڵ و چڵ و چریکەیەوە، هەمووی لەنێو ئاواز و دەنگی گۆرانی هۆرامیدا، ڕەنگ و بۆنی خۆی هەیە.

(کاکە مۆمن نۆدشی) شاعیری میللی هۆرامان لە نەوارێکی گۆرانی (عوسمان و جەمیل)دا لە ستایشی عوسمان کێمنەییدا دەڵێت:

**کام کۆ، کام هانە، کام بەرزیی وەڵات**
**بەزمو تازە و تۆش نەکریان خەڵات**
**یا کام گوڵی باخ، یا گوڵی کۆسار**
**نەبەردەبۆت نام، مەنەبۆ خەمبار**

هۆی ئاوێتەبوونی گۆرانی هۆرامی بە خاک و سروشتی هۆرامان بەو فرەوانی و قووڵییە، بۆ سیحری جوانییەکانی دەڤەرەکە و قووڵی عیشقی هۆرامییەکان بۆ زێدەکەیان دەگەڕێتەوە، هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە هۆرامییەکان بە – گشتی – ژیان و گوزەرانیان زۆر بە خاکەکەیانەوە پێوەست بووە:

**نزیک و دوور**
**لە ئەفسانەی (بەرد و زیندەگی) حاڵی بوون،**
**لە بەرد تەڕایی ژیان و**
**لە بەرد سەوزایی تەلان و**
**لە بەرد ڕۆشنایی قەڵەم و**
**تروسکایی خەونی نوێمان هەڵکۆڵیوە/** (نەبەز هۆرامی /ئاوابوون/شیعری گەڕانەوە)

لای هونەرمەندەکانیش- بە تایبەتی- ئەم عیشق و پێوەستبوونە قووڵتر بۆتەوە، ئەگەر دەریای عیشق نەبێ، جیلوەی هونەر بەگشتی و شەپۆلی گۆرانی و میوزیک بە تایبەتی، بەرکەنارەکانی ژیان ناکەون.

لە سەرەتای باسەکەوە پێویستە ئەوە بڵێم، کە (هۆرامان)- وەک جوگرافیا و شوێن- لەنێو گۆرانی هۆرامیدا، دوو وێنەی گشتی هەیە:

**وێنەی یەکەم:** هۆرامانێکی ئاوەدان بە هەموو جوانییەکانییەوە (واتە هۆرامانی پێش ڕاگواستن و وێرانبوون).

**وێنەی دووەم:** هۆرامانێکی وێرانی پاش ڕاگواستن و دوور لە بینایی چاو، بەڵام نزیک لە نیگاکانی دڵ.

من بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەهەندەی گۆرانی هۆرامی، زێتر پشت بە گۆرانییەکانی گەورە هونەرمەند «عوسمان کێمنەیی» دەبەستم پاشان ئەوانی دی، لەبەر تایبەتمەندیی پایە و پێگەی هونەری و ژیانی گشتی ئەو کە باشتر بۆ باسەکەی ئێمە دەگونجێت، ئەگەر کەمێ بە وردی لە وێستگەکانی تەمەن و چەند لایەنێکی ژیانی هونەریشی ڕامێنین، هەست دەکەین ئاوێنەی دەرخستنی وێنەی هۆرامانە لە چەند قۆناغێکی جیاجیادا (٢).

### لە کێمنەوە بۆ گەچێنە:

عوسمان لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە، باخ و شاخ و هەوارگە و نشینگەکانی دەوروبەری (کێمنە)ی لانکی لە دایکبوونی دەبنە خەڵوەتگەی گۆرانی گوتنی، یەکەم جار دەنگی خۆی بەگوێی (هەیات و نوەیجەڕو دالانی و بزازەرا)دا دەدات و... ڕازی دڵی بۆ جوانییەکانی ئەوان و...، ڕازی جوانییەکانی ئەوان بۆ دڵی دەگێڕێتەوە.

ڕەنگدانەوەی جوانییە سروشتییەکانی (کێمنە)ی زێدی عوسمان و دەوروبەری، لە سەرەتای گۆرانی گوتنییەوە تا ئەوکاتەی دێتە هەڵەبجە و تا ئەو دەمەیش لە چریکە و چرین دەکەوێت، هەر باس و ئامادەیی هەیە وەک دوایی ئاماژەی پێدەکەین.

عوسمان لە جەنگەی بەهاری تەمەنیدا – بە ماڵ و خێزانەوە و بە یەکجاری لە (کێمنە)وە بۆ گوندی (گەچێنە)ی دیوی عێراق کۆچێکی ناچاری دەکات، هەرچەند ئەم دوو گوندە زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵاممامۆستا هێمنی شاعیر گوتەنی «ئەو بستۆکەی

دوژمن ناوی نا سنوور» دەکـەوێتـە نێـوانەوە، ئەمـە بۆ عـوسـمـان دەبێـتـە یەکـەم دوورکـەوتنەوە و دابڕان لە گوندەکەی خۆی، ئەڵبەت دوورکەوتنەوەیەکی جەستەیی نەک ڕوحی، ئیـدی ئەو دووری و فـیـراقـە لە ئەوێ و دۆسـتـانی و هاوڕێیـانی، دەبێـتـە ویردی هەندێ لە گۆرانییەکانی:

**ئارۆ ڕامکۆتۆ، ئۆ (بزازەرا)**
**یار جە دۆس بڕیا خەیلێ ماجەرا**
**کوەکی (سەرکاو)ی مدیا ڕووخانە**
**تۆ(عەجەم) من (ڕۆم) پابەندیانە**

لە قۆناغی ژیانی کێمنە و گەچێنەدا، گوتنی گۆرانی بۆ سـروشـتی هۆرامـان چ لای عـوسـمـان و چ لای هاوڕێ هونەرمـەندەکـانی، سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، وێنەی یەکـەمی هۆرامـان واتە «هۆرامـانی پێش وێرانبـوون و ڕاگواستن» لە گۆرانی ئەو قۆناغەدا جیلوە دەکات.

لە گۆرانییـەکانی ئەو قۆناغ و ڕۆژگارەدا کە بێ گومان دواتر و بەردەوامیش گوتراونەتەوە:

**- وە یادی سالاّن وە یادی سالاّن**
**دڵە تۆ وەیاد ویردەی سالاّن**
**وەس نیشە خەمناک چەنی خەیالاّن**
**بابشمی وە سەیر (بارگەی عەودالاّن)**
**سا با ڕاگەی چۆڵ بگیرمینەوەر**
**تەی کـەرمی هەردان، کـەژو کـۆو کـەمـەر** «لە شـیـعـری سەیدی هۆرامی».

یان گۆرانی:

**- ئارۆ ڕام کۆتۆ (کۆنە هەواران)**
**دمای بالاّو تۆ، وەشیم نەویاران**

یان ئەم چەند بەیتـە کـە لە چەند گـۆرانیـیـەکـدا گوتراونەتەوە:

**(خوڕخوڕە و هەیات) تەختش (مارانی)**
**سەیران لوێنە (کوا شروانی)**
**بدیە (هەیات)ی، (سوورە هەراڵە)**
**(کەما)کەش پڕان، (چنوور)ەکەش کاڵە**

یان:

**بدیە پیچ پیچا ڕاو (هەزارانی)**
**دماگەلە بینێ جە (باخوسانی)**

گوندی گەچێنەش هەر هۆرامانە، عوسمان هەر توانای بینینی هۆرامانی ئەودیوبشی هەیە، واتە دەتوانین بڵێین عوسـمـان هێشتـا لە زێدی خۆیدایە و «لە نیـزیکەوە» بۆ وێنەی یەکەمی هۆرامان و جوانییەکانی دەچریکێنێت:

**(تاقەتە شامبی) مەدیۆرە بیلۆ**
**داخۆ ساڵێ تەر،چەرخ چەنی گیلۆ؟!**

**لە گەچێنەوە بۆ هەڵەبجە:**

بەداخـەوە (چەرخ باش نەگـەڕا) و کـردەی نەگـریسی (ڕاگواستن - ترحیل) لەسەر دەستی ڕژێمی بە پەندبووی بەعس بە هۆرامـان گـەیشت و گـوندی گـەچێنەی عوسمانیش - وەک چەندین گوندی دی ڕاگوێزرا، ئەوسا ئەو نەک هەر لە کـێـمنە و گـەچێنە، بەڵکو لەهەمـوو هۆرامـان دوور دەکـەوێتـەوە، ئەم جـار دەکـەوێتـە نێـو ژینگەیەکەوە جیاواز لە سروشت و تایبەتمەندیی ژینگەی خـۆی، گـۆرانی گـوتنیـشی بۆ هۆرامـان، پێ دەنێـتـە قۆناغێکی تازە و جیاوازەوە.

لەم قـۆناغـەدا عـوسـمـان «لە دوورەوە» و بۆ وێنەی دووەمی هۆرامـان گـۆرانی دەڵێت، بۆ هۆرامـانێک کـە بەشێکی زۆری بۆتە وێرانە و جیلوەی جوانییەکانی وەک یادکردنەوە دێتە نێو گۆرانییەوە.

پاش کێمنە و گەچێنە، عوسمان لە هەڵەبجە نیشتەجێ دەبێ، بەڵام بەرە بەرە ئاگری دووری لە هۆرامان خەریکە دەیسووتێنێت، بەرهەمی ئەم سووتان و هەڵقرچانە، ناڵە و نەوای چەند گـۆرانیـیـەکی تایبـەت و چەندین بەیتـە شیعرە کە لە زۆر گۆرانی دیکەدا دەیانڵێتەوە، یەکێک لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی بۆ ئەو کۆست و کارەساتە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**دیسان بەزمەکەی من جارانم ڕۆ**
**پەی چۆڵمەنەکەی هۆرامانم ڕۆ،**
**مەوانۆ ژەرەژ جە پاینی دۆڵە**
**داخی داخانم هۆرامان چۆڵە**
**با گوریسەکەی خەم بدەو بە شانا**
**کیشەی خەم کەرو وە هۆرامانا**
**دەردم ئا دەردەن، داخم ئا داخەن**
**ئیسە هۆرامان پەیا یاساخەن**

پاشـان لە گۆرانیـیـەکەدا بۆ قـووڵتر دەربڕینی هەست و تاسـەی خۆی، پەنا دەباتە بەر هەناسەی شـیـعـری گـەورە شاعیران (مەولەوی) و (سەیدی هۆرامی):

**فەلەک ئەو شادیە ستانا چەنەم**
**دووریی ئازیزان نیشان دا پەنەم**
**ئیسە نەپام هەن بلووشان وەشۆن**

**نە وێم مزانوو ماواشان جە کۆن**

بەم بەیتەش کۆتایی بە گۆرانییەکە دێنێت:

**باقی وەسەلام قیبلەی میحرابم**

**بڵێسەش بەرزەن جەرگ کەبابم**

چڕینی ئەم گـۆرانیـیـە لە سـەروبەندی وێرانکردنی هۆرامان و ئاوارەکردنی خەڵکەکەیدا، چڕینی گۆرانییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو دەربڕینی هەستی غوربەتی و خەم و تاسەی خەڵکی هۆرامان بوو. ئیـدی خـەڵکی ئاوارەی هۆرامـان لە هەڵەبجە و دەوروبەری، یان لە سلێـمـانی و شـوێنەکـانی دی لەگـەڵ ئەم جـۆرە گـۆرانیـیـانە و سیاچەمانەی عوسمان و هاوڕێکانیدا خەمیان بە با دەدا و بەخەیاڵ بۆ هۆرامان دەگەڕانەوە:

**هەمیشە سیاچەمانە دەیبردینەوە لای ڕان و**

**دەیبردینەوە سای دامگا**

**دەیبردینەوە لای جۆگەو**

**دەیبردینەوە لای بەنگا**

**هەمیشە سیاچەمانە**

**سلاوی نێو چەم و دۆڵ و**

**بۆن و بەرامەی (چنوور) و (وەرکەمەر)ی بۆ ئەهێناین**

**هەمیشە سیاچەمانە**

**مەحرەمی خەم،**

**زمانی عیشقی ئێمە بوو**

**سوپاس سەدای ئاهوورایی ئاسمانیی**

**سەرسەختانە**

**دەبوویتــە تروسکەی تووڵەڕێی گـەڕانەوە...** (نەبەز هۆرامی/ئاوابوون/شیعری گەڕانەوە)

هۆرامـیـیـەکـان هەمـیـشـە لەگـەڵ چریکەی گـۆرانی هۆرامیدا، بە یادی جارانەوە دەیانگوت:

**فرە گیلایی چا کاوە کاوا**

**فرە دەما نیا چاڵە وەرواوا**

**فرە گیلایی (قەڵەخانی)رە**

**(سەروەزەنەنە، هەزارانی)رە**

یان هەریەکە لە گۆشە و کەنارێکی ژیانی ئاوارەییەوە دەیگوتەوە:

**نە تۆ کەردت خێر، نەمن خێراتێ**

**پەوکی کۆتیمی هەر یۆ وەڵاتێ**

لە ڕوویەکی دیکەوە، گـوتنی ئەم گـۆرانیـیـە و چەند گـۆرانیـیـەکی لەم جۆرە لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی ستەمکاری بەعسدا، دیوی ئەو دیو، بەڵکو قووڵایی ئەو ستـەمەی دەردەخست کە ئەو ڕژێمە دەرهەق بە ناوچەکە کردی. بەمەش دەنگی گـۆرانی هۆرامی پاش وێرانبـوونی هۆرامـان نەک هەر لە هۆرامـان دانەبڕا، بەڵکو وەک ئەو چەمـە ئاوانەی کـە (ڕاگـواستن) نەیتـوانی بێ دەنگیـان بکات، گۆرانیش لە ناڵە و هاژەی خۆی نەکەوت و بوو بە پەرژینی ڕوحی هۆرامـان. لەو ڕۆژگـارەدا دەیان کـۆپلە شیعری جوان و چەندین بەزمی بەرز و دیار بۆ خەمەکانی هۆرامـان گـوتران و چریکەیان گـەیشـتـەوە کـۆسـارەکـان و ئاوێتەی قاقبەی ژەرەژان بوونەوە.

عـوسمـان لە هەڵەبجەش کـەشوهەوای گـۆرانی گـوتنی لەبارە، ئەو لەوێشەوە بەرزاییەکانی هۆرامانی لێوە دیارە، بەشێکی بەرچاوی خەڵکی هۆرامانیش دەبنە دانیشـتـووی ئەو شـارە - کـە لەو سـەردەمـەدا ببـووە مـاوا و پەنای چەندین گـوندی وێرانکراو و خـەڵکی هەڵاتوو لە سـتـەمی ڕژێم- بێجگە لەوەی کە هەڵەبجە شارێکی هونەرپەروەرە و لە کۆنیشەوە بە گۆرانی هۆرامی ئاشنایە، ئیدی سەدای ئـەو لـە نـزیـکـەوە تـێـکـەڵ بـە شـنـەی (مـــــــۆردانـە) و (شنروێ)ش دەبێت، بەڵام بە نێو چەمی (هاوار)دا بەرەو چەمی (ئاوێسـەر)و..تاد، لەوێشـەوە بۆ بەرزاییـەکـانی چیـای سـەرسـەخـتی (تەخت)، سنووری ئاسنینی بەرەو هۆرامــانی ئەودیو دەبڕێ. ئەو دەنگە وەک چۆن بە بۆن و بەرامــەی هۆرامــانـەوە هاتـە خــوارێ، هەر بەو بۆن و بەرامەیەی خۆیەوە بەرەو هۆرامان هەڵدەکشایەوە.

عـوسمـان لە هەڵەبجەوە هەمـیشـە چاوی دڵی بڕیوەتە هۆرامان و زوو زوو لە چەند ئاوازێکی جیـاوازدا تاسەی خۆی بۆ دووری لە شاخ و باخ و هەوارگەکانی دەردەبڕێت و یادیان دەکات:

**ئینە خەیلێوەن دڵ نە گیجاوەن**

**ئارەزووش وەتەن پایینی وەرواوەن**

**ئینە چن ساڵێن بی زیاد و بی کەم**

**هەڵای وەتەنم نەدیەنم بە چەم**

**با ژەرەژ وانۆ بەرزو (دەربەن)ی**

**نمازا کەرمی سەیرو وەتەنی**

ئەو جــۆرە بەیتـــانە و چەندینی دی، دەبنە تانوپۆی گـۆرانیـیـەکـانی ئەم قـۆناغـەی ژیانی عـوسـمـان و گۆرانیبێژەکانی دیکە و دەبنە «مەحرەمی ڕازی» خەڵکی کۆچپێکراوی هۆرامان. عـوسمان بە هەڵەبجە شوکرە، لە بارودۆخـێکی وەهادا بە بەیتـێکی مـەولەوی تاوەگـۆزی شوکرانە بژێری دەردەبڕێت:

**تا فەلەک چەنیم نە بەهانە بۆ**

**تا هەڵەبجەیچ بۆ با شوکرانە بۆ..** (مەولەوی دەڵێت:

ئەر سەد بانەیچ بۆ باز شوکرانە بۆ)

ئەگەرچی جاروبار لەژێر سێبەری ئەو شوکرانە بژێریەشدا بە دەنگێکی هێواش هەر دەیگوت:

**تەرسو مروونە داخ جە دڵم بۆ**

**خاکی غەریبی ئاوو گڵم بۆ**

وەک چۆن ستەم نەیهێشت لە زێدی خۆیدا درێژە بە ژیانی بدات، ترسی ئەوەشی هەیە ئەو ستەمە هێندە درێژە بکێشێت، بە مردوویش نەچێتەوە باوەشی هۆرامان.

ئاگری فیراق لە دەروونی عوسماندا هەمیشە بە کڵپەبوو، یەکێکی دی لەو بەزمانەی بۆ هۆرامان، سیاچەمانەیە کە بۆ کێمنەی ماوای ژیانی سەردەمی منداڵی و تافی گەنجێتی، کە چەند جارێکی گوتووەتەوە:

**من وەتەنم بیەن لا کوەکا (کێمنە)ی**

**جار جارێ دینێ پەی (هانە گەرمڵە)ی**

**ئارۆ لوانی ئێ (باخ و میرا)**

**بدیە پەی کێمنەی چندە دڵگیرا**

**(شرام)ی چریش (کاوو دەروێشی)**

**من دماو کێمنەی عەمرم پەی چێشی**

**زیام ئێ (شرام) گیلام دماوە**

**کوەکا کێمنەی جوابشا داوە:**

**واتشا خوکەسما نەمەنەن لاوە**

**منیچ دڵزویر ئامانێ دماوە.....**

شایانی باسە هونەرمەند (حەمەحسێن کێمنەیی)ش هەمان بەزم و ئاوازی بە هەمان هەناسە و تاسەوە گوتووە.

لە هەموو ناوچەی هۆرامانی ئەم دیودا، شارۆچکەی (تەوێڵە) و شارەدێی (بیارە)، تاساڵی دەستپێکردنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەر کردەی نەگریسی ڕاگواستن ناکەون، بۆ عوسمان مانەوەی ئەو دوو شوێنە جۆرە سەبوورییەکە، خۆی و هاوڕێیانی گۆرانیبێژی زووزوو تەوێڵە لە ئامێزیان دەگرێت و لەوێوە بە گۆرانی تاسەی دوورییان بۆ شوێنەکانی دیکەی هۆرامان دەشکێنن، عوسمان لە کاتی شیوەنەکەی بۆ چۆڵبوونی هۆرامان دەڵێت:

**لەو ناوە ناوە هەر دوو دێ دیارە**

**دوور بێ لە گیانیان: (تەوێڵە و بیارە).**

پاش هەڵگیرسانی جەنگی وێرانکەری نێوان عێراق و ئێران، تەوێڵە و بیارەش چۆڵ و وێران دەبن، لە دیوی ئێرانیشەوە چەندین ئاوایی هۆرامان بە چۆڵی و وێرانەیی دەمێننەوە. لەم کاتەدا گۆرانیبێژەکانی هەردوو دیوی هۆرامان و دۆستان و هۆگرانی دەنگیشیان، زێتر لە یەکدی دادەبڕێن، ئەم لێکهەڵبڕان و پەرتەوازەییەش دەبێتە هەوێنی چەندین گۆرانی، لەو دەمانەدا زوو زوو گۆرانی دەبوو بە ترووسکەی تووڵەڕێی ژوان و چریکەی سیاچەمانەیەک، یان بەزمێکی(خاو) تەمی ئەو ئیشتیاق و دووری و دابڕانەی کەمێ دەڕەواندەوە:

**ملە بە ملە، دیارەو دیار**

**مەر بە مەفرەزە بەیێ (پاوە)شار**

**کەوتەن بەینما حەو کەژ و حەو کۆ**

**مەر بارۆ شەماڵ بۆی هەناسەی تۆ**

**ئێراق و ئێران تیخەشانێوەن**

**من جەتۆ بڕیام عەجەب ژانێوەن**

**واچدی پا یارا، پا دوور وەڵاتا**

**کاواتر وەباڵ مەیاوۆ لاتا**

**جار جار چوون دەلیل سەردە وەلاما**

**فەریحێ بوزە دڵەی تەنیاما**

**(هەر ساتێ نەمەن قەدەغە و سنوور**

**(بەیدێ وەلاما) بە کەیف و سروور)** «لە شیعری دانای هۆرامی»

**خواکەی بانی سەر کارسازی کاران**

**یەکمانخەیتەوە چوون جاری جاران**

پاش تەنینەوەی ئاگری وێرانکاری بۆ ڕووبەرێکی دیکەی هۆرامان، «جەمیل ئەحمەدی» هونەرمەندی هاوڕێ و هاودەنگی عوسمان، بە ئاوارەیی و نیمچە ژیانێکی پیشمەرگایەتی لەو دیوەوە دێتە ئەم دیوی سنوور، ئیدی زوو زوو لە هەڵەبجە پێکەوە خەمەکانیان بۆ وێرانبوونی هۆرامان لە چەندین نەواری گۆرانیدا ئاوێتە دەکەن، دەنگ و هەناسەی ئەحمەدی هەر خۆی لە خۆیدا هەمیشە ئەشکی خەمی لێدەتکا، خەمێک کە لە برینێکی قووڵی فیراقەوە، یان لە جۆرێک لە هەستکردن بە بەشمەینەتییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوجا خەمی وێرانبوونی هۆرامانیشی بووە سەربار:

**(هەرکەس خەمبارا بەیۆوە لاو من**

**خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن)** «لە شیعری سەیدی هۆرامی»

**من و (دەماوەند)، مەرجێوما کەردەن**
**ئاد تەم و من خەم، تا وەڕۆی مەردەن**
**من کوڕە هۆرامی پەروەردەی چنوور**
**ئیسە گیروەردەی گەرمای شارەزوور**
**کەلەکەو (شەمشی) دیاوەن دیا**
**ئاییچ وەرمێ بی دیا و نەدیا**
**هەوای (ملەندو) شنەی (هانە کوڵ)**
**با ژەرەژ وانۆ، وەڵات چۆڵ و هوڵ**

پاش چۆڵبوونی تەوێڵە و بیارە، عوسمان و بەشێک لە تەوێڵەییەکان لە هەڵەبجە یەک دەگرنەوە، زوو زوو کۆڕی گۆرانی گوتن بۆ ئەو و جەمیلی هاوڕێی- بە یادی جارانەوە- سازدەکەن و هەموان پێکەوە هاودەردی خۆیان بۆ دووری و فیراق دەردەبڕن و دەبنە خەمڕەوێن بۆ یەکدی:

**ئەگەر حاڵو وێم وستەبۆ خەتەر**
**ئیساڵ هەر ملوۆ چەمەی (ئاویسەر)**
**چەمانم کۆر بۆ گڵ بدۆش پیدا**
**ئیسە (ئاویسەر) کی گیلۆش پیدا**
**(نەڵکمێن) چڕیش (سێمارەوار)ی**
**کوونی نازاری (دەرەو چناری) ؟**
**(نسارە)ی چڕیش (سەرکەلوخاڵا)**
**(ماوەزاسان)ی شاییش بە تاڵا**
**بدیە (مالیدەر) ڕەشتێنیش خەمی**
**(چلانە) گرەوۆ بە هەردووی چەمی**

بەم بەیتانە و چەندینی دی، گۆرانی هۆرامی خەمەکانی تەوێڵەش- وەک یەکێک لە شارۆچکە دیارەکانی هۆرامان- دەلاوێنێتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێین، تەوێڵە بەر لە ڕاگواستن بە چەندین بەیتی جوان جوان لە گۆرانی هۆرامیدا و لەسەر زاری چەند گۆرانیبێژێکی تەوێڵەیی وەک: (داود و نەسکۆڵ و حەمەی ئەلیمحەمەد و عەلی حاجی خدر و...تاد) هونەرمەندانی دیکەش وەسف و سەنای جوانییەکانی کراوە:

**ئانە کێن ماچۆ تەوێڵە وەڵات**
**خاکش نوقڵێنی کەشو کۆش نەبات**
**ئاخ من (گەریاتە) گوزرەێم کەردێ**
**سەرەم دیارو تەویڵی بەردێ**
**کەرام بە حاکم وەڵاتی (یەمەن)**
**(بیمەکۆ) وەشا (بەنگا یاسەمەن)**

(ئاوێسەر) ئەو هەوارگە دڵگرەی جارانی تەوێڵە، پاش (هەیات)و (نوەیجەڕ) کەمێ تەسکینی بە دڵی عوسمان دەدا و لەوێوە بە (کویلە) و (بزازەرا)دا دەنگی خۆی بە باڵای ئەواندا دەئاڵاند، بەڵام ئەوەتا ئاوێسەریش نامێنێت:

**کەشی چوڵێنی دەگێچ گرد ماتی**
**من جە ئاویسەر گورانیم واتی**

بۆیە عوسمان حەقیەتی بە تایبەت بۆ ئاوێسەر و چەم و باخی تەوێڵە بگری.

**کۆچێکی گەورەترو... نوێبوونەوەی شیوەن:**
**هەر کوچ کوچت بی، کوچ نەبڕایەوە**
**کوچ بی بە ئایر، نەکوژایەوە!**

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دە ساڵ بەسەر ڕاگواستنی هۆرامـاندا، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨دا و دیسان لە ئەنجامی جەنگی ستەمکارانەی نێوان عێراق و ئێران و زێتر کڵپەستاندنی ئاگری قەهری بەعس لە کورد، کار دەگاتە ئەوەی شاری قوربانیدەری هەڵەبجە و دەوروبەری کیمیایی باران دەکرێت، عوسمانیش وەک ئەو خەڵکەی دی کە لە مەرگی ژەهر ڕزگاری ببوو، بە ئاوارەیی لە ئۆردووگای (سەریاس) نیشتەجێ دەبێت، هەرچەند لەوێ لە ماوای لە دایکبوونی خۆی کەمێ نیزیک دەبێتەوە و بە هاوڕێ و دۆستان و هۆگرانێکی دیکەی دەنگی شاد دەبێتەوە، بەڵام هەرخۆی بە ئاوارە و غەریب دەزانێت و وەک بۆ لە دەستدانی هۆرامان و وێرانبوونی داخدار دەبێت، بۆ هەڵەبجەش هەروەها، با بڵێین ئەگەر خۆشی بە ئاوارە و غەریب نەزانێت، بەڵام چونکە ئەو وەک هونەرمەندێک زمانی خەم و خۆشییەکانی خەڵکە؛ لە گۆرانییەکی ناسراویدا بۆ ئەو کارەساتە، هەست و تاسەی دانیشتووانی هەڵەبجە و هۆرامان و دەوروبەریان دەردەبڕێت:

**کەژەکەی (شاهۆ) وا بەرانبەرم**
**تیری غەریبیی داشۆ جگەرم**
**(سەریاس) غەریبم قەدرم بزانە**
**قەدری غەریبان تەمام گرانە**
**سەرم چادرەن، چیرم بەتانی**
**مگیلۆ دەورم قەزای ڕەببانی**

ئەو کە جاران دەیگوت «تا هەڵەبجەیچ بۆ، با شوکرانە بۆ» ئەوەتا (ئەو قەڵاو پەنایە)ش، بە دووکەڵی کینەی دڵی داگیرکەران دەخنکێنرێت..

# شیعر «پۆیەتیکا»

هاشم سەڕاج

کتێبی شیعر «پۆیەتیکا» بریتییە لە دەقی ئەو وانانەی ئەرستۆ دەربارەی شیعر و هونەری شیعرنووسین پێشکەشی کردوون وانەکان لەلایەن قوتابییەکانی ئەرستۆوە نووسراون و کۆکرانەتەوە، دکتۆر محەمەد کەمال ئەم کتێبەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دەقی وەرگێڕانەکەیدا متمانەی کردووەتە سەر دەقە ئینگلیزییەکەی «بەیوەتەر» و هاوکات لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەی «ماڵکۆم هیس»دا بەراوردی کردووە. لە هەمان کاتدا پێشەکییەکی کورت و تێروتەسەلی بۆ کتێبەکە نووسیوە، لەم نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەم هەندێک لایەنی بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ لەبارەی شیعرەوە بخەمەڕوو و چەمکی «پۆیەتیکا»ش لە هەمان ڕوانگەی ئەرستۆوە شی دەکەمەوە، چونکە «Poetica» ، یان «Poetique» لای «هۆراس- ٦٥ پ.ز» بە مانای ڕێساکانی پێکهێنانی شیعر دێت، دواتر ئەم چەمکە بەپێی تێپەڕینی زەمەن چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بە تایبەتی لە فەرهەنگی فەرەنسی و لای فۆرمالیستەکانی ڕووس و تۆدۆرۆف و ڕۆمان یاکوبسن و جان کوهین..تاد کە بە زانستی ئەدەب و ئەدەبگەرایی و ڕێکخستن و سیستماتیزەکردنی شیعری لای دانەر نێوزەدکراوە، بەڵام دەتوانم بڵێم پۆیەتیکا بەشێوەیەکی گشتی پێوەندی بە شیعرگەرایی و زمانەوە هەیە، بەتایبەتی لای جان کوهین شیعرگەرایی لە ڕێگەی ترازان و خزانی زمانییەوە دێنەکایەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە هەوڵ دەدەم بۆچوونەکانی ئەرستۆ لەمەڕ ئەم بابەتەوە بخەمەڕوو، ئەرستۆ لەم کتێبەدا پێی وایە «شیعر زادەی ئەو مرۆڤەیە بە سروشت بەهرەدارە، یان جۆرە شێتییەکی تێدایە» دواتر ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ لەلایەن کۆمەڵێک بیرمەندەوە جەختی لەسەر دەکرێت، بە تایبەتی «میشێل فووکۆ» کە پێداگرتن لەسەر شیعر و توخمی شێتی دەکات، هەروەها «ژۆرژ باتای» پێی وایە شاعیر چرکەکانی شێتی دەنووسێتەوە، یان بۆ ئەوە دەنووسێت، هەتا شێت نەبێت، بەڵام دکتۆر محەمەد کەمال لە پێشەکییەکەدا چەمکی «پۆیەتیکا»



لای ئەرستۆ بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو، پۆیەتیکا لەم کتێبەدا بە دوو شێوە بەکارهاتووە [بەشێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی هونەر، وەکو هونەری شێوەکاری و مۆسیقا و شانۆگەری و سەما دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش واتای شیعر دەبەخشێت]، هاوکات ئەرستۆ وای بۆ دەچێت کە پارمەندیس و ئیمبادۆکیس کە لە ڕێگەی شیعرەوە بۆچوونە فەلسەفییەکانیان دەربڕیوە، بەڵام وەک هۆمیرۆس و هیزیۆد و پیندارۆس بە شاعیر دانانرێن، بەڵکو وەک بیرمەند حیسابیان بۆ دەکرێت، هۆی ئەم پۆلینکردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ هونەر و شیعر بەلاسایی کردنەوەی واقیع لە قەڵەم دەدەن، واتە هونەرمەند و شاعیر لاسایی بابەتەکانی نێو واقیع دەکەنەوە، ئەم دوو فەیلەسووفەش بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکانیان نووسیوەتەوە، بەڵام لە هەندێک خاڵدا ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتوون دیدوبۆچوونەکانی دەخاتەڕوو، بە تایبەتی کاتێ بەراوردی شیعر و مێژوو دەکات، یان جیاوازی شاعیر و مێژوونووس.. واتە شاعیر چەشنی مێژوونووس ڕووداوەکانی واقیع دەقاودەق وەک خۆی ناگوێزێتەوە، هەروەها دکتۆر محەمەد کەمال لەم پێشەکییە و لە کتێبەکانی تریشیدا وەک بیرمەندێک بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دەخاتە ڕوو و لە ڕوانینە فەلسەفییەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام بە دیدی ئەرستۆ، شاعیر لەو ڕووداوە دەدوێت هێشتا ڕووی نەداوە، یان دەبوایە ڕووی بدایە، ئەرستۆ لەم کتێبەدا لە شیعری «قارەمانێتی» و «تراژیدیا» دەدوێت و خەسڵەت و بنەما و جیاوازییەکانی هەریەک لەم شیعرانە دەخاتەڕوو، هەروەها پێی وایە کە دەقی شانۆگەری بە هەردوو جۆری تراژیدی و کۆمیدییەوە لە هونەری شیعرەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کتێبی شیعر «پۆیەتیکا» توێژینەوەیەکە دەربارەی شانۆگەری و شیعر، زۆرتریش سەرقاڵی خستنەڕووی جیاوازی و تایبەتمەندی دەقی قارەمانێتی و تراژیدییە لە ڕووی خەسڵەت و بنەما و ڕێسای ئەدەبییەوە، ئەرستۆ لەو باوەڕەدایە کە کاریگەرێتی شیعری تراژیدی بەسەر دڵ و دەروون و سۆزی بیسەرانەوە لە شیعری قارەمانێتی بەهێزترە، لێرەدا دکتۆر محەمەد کەمال لە پێشەکییەکەدا لەکۆی ئەو خەسڵەتانە دەدوێت کە لە دەقی تراژیدیدا بوونیان هەیە و لە دەقی قارەمانێتیدا بوونیان نییە، دوو خەسڵەتی گرنگ دەخاتەڕوو، **یەکەم:** تراژیدیا لە شیعری قارەمانێتی بەرزتر و کاریگەرترە، چونکە ڕووداوەکان بە «نواندن» نیشان دەدات، ئەمەش پێوەندی بە ڕۆڵی نواندن و شانۆگەرییەوە هەیە کە لە یۆنانەوە دەست پێ دەکات، **خاڵی دووەم:** پێوەندی بە ڕوانینی ئەرستۆوە هەیە بۆ تراژیدیا، چونکە ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە، تراژیدیا بە هونەرێکی نزم دانانێت، هەڵبەتە لای ئەفلاتوون هەر هونەرێک مامەڵە لەگەڵ سۆزدا بکات نەک «هۆش»، بە هونەرێکی نزم لە قەڵەم دەدرێت، تراژیدیاش کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر سۆزەوە هەیە، کەچی لای ئەرستۆ بە پێچەوانەوە تراژیدیا خەمڕەوێنە. [بۆ نموونە کاتێک تەماشای شانۆگەری ئۆدیبی پاشا دەکەین، ئەو تراژیدیایە کاردەکاتە سەر سۆزمان و خەم و پەژارەی خۆمان لەبیر دەباتەوە]..

دواتر دکتۆر محەمەد کەمال لە بواری تراژیدیادا لای ئەرستۆ لە ڕەگەزی سەرسوڕمان دەدوێت کە چۆن لە ڕێگەی وەرگەڕان و دۆزینەوەی ڕاستییەکانەوە بینەران سەرسام دەبن و تووشی جۆرێک لەسەرسوڕمان دێن، هەروەها ئەرستۆ لەم کتێبەدا باسی شیعر و چۆنیەتی بەکاربردنی جۆرەکانی وشە دەکات و زۆرتر لە ڕۆڵی میتافۆر «لێکچواندن، شوبهاندن» و وشەی داهێنراو دەدوێت، یان بەشێوەیەکی تر دەقی سەرکەوتوو بەم جۆرە هۆنینەوەیە دەبەستێتەوە، هاوکات ئاماژە بە چەندین دەقی یۆنانی دەدات کە شاعیرەکان میتافۆریان تێدا بەکارهێناوە، لەلایەکی دیکەوە ئەرستۆ لە کتێبی «پۆیەتیکا»دا سەرجەم شیعری قارەمانێتی و تراژیدی و کۆمیدی و لیریکی بە شێوازی لاسایی کردنەوە دادەنێت، بەڵام لە ڕووی ناوەندی لاسایی کردنەوە و بابەت و فۆرمەوە لێکیان جیا دەکاتەوە.

وانەکانی ئەرستۆ لەم کتێبەدا کە لەلایەن قوتابییەکانییەوە کۆکراونەتەوە و لە ٢٣ خاڵدا چڕ کراونەتەوە، بەشێکی زۆری ئەم وانانە لە بەشەکانی پێکهاتەی دەق و هونەری شیعر و چۆنیەتی هۆنینەوە و پلان و نەخشە و ڕێکخستنی تێکستەوە دەدوێن، بە تایبەتی دەقی تراژیدی و توخمەکانی ترس و بەزەیی، هەروەها سروشتی لاسایی

کردنەوە لای مرۆڤ، ئەرستۆ وای بۆ دەچێت کە [لاسایی کردنەوە لە بوونی مرۆڤدا سروشتییە و لە منداڵییەوە پەیدا دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتە تایبەتمەندییانەی مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی دیکە جیادەکاتەوە، مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە، کە لەلاسایی کردنەوەدا چاکترینە. بە لاسایی کردنەوەش خۆی فێر دەکات].

پاشان پێکهاتەکانی دەق بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو پیت، بڕگە، پێکەوە بەستن، ئامراز، ناو، فەرمان، کێشە و گوتە.. لێرەدا پێم باشە بەرلەوەی کۆتایی بە نمایشکردنی ئەم کتێبە بێنم لە کتێبی «نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە»ی «دکتۆر محەمەد کەمال»ەوە چەند خاڵێک لە بیروبۆچوون و ڕوانینەکانی ئەفلاتوون دەربارەی شیعر بخەمەڕوو.

لەوانە ئەفلاتوون پێی وایە:

(١) شیعر لە ڕاستییەوە دوورە، باسی «ئایدیا»کانمان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە «جیهان» بۆ ناکات و مامەڵە لەگەڵ شتەکان و ڕووداوەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەکات، کە ئەوانیش ساختەن و کۆپی ئایدیاکانن.

(٢) شیعرنووسین و وروژاندنی عاتیفە، شیعر لای ئەفلاتوون لە فەلسەفە جیا دەکرێتەوە و دەکەوێتە خانەیەکی نزمتر، چونکە پەنا بۆ زانینی هۆشەکی نابات و زادەی سۆز و عاتیفەیە، عاتیفەش ناتوانێت ڕاستی دەربخات.

(٣) مادامەکی عاتیفە سەرچاوەی شیعرە، بە پێچەوانەی فەلسەفەوە شیعر زانینمان سەبارەت بە ڕاستی ناداتێ!

(٤) دۆگمای ئەشکەوت و خۆبەستنەوە بە عاتیفەوە ڕێگە بە شیعر نادات دەستەواژەیەکی هەمەکی وەکو دەستەواژەیەکی ماتماتیکی پێکبهێنێ، هەڵبەتە دواتر بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە شیعر لەلایەن چەندین فەیلەسووف و بیرمەندەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێ و دەخرێتە ژێر ڕاڤە و لێکۆڵینەوەوە، کردەی شیعر هێدی هێدی لە هزر و تێفکرین و ڕوانینی مەعریفی و چێژ نزیک دەکەوێتەوە.

بۆ نموونە «هیگڵ» پێوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە دەخاتە ڕوو، لە کتێبی نیتشە پاش تازەگەری دکتۆر (محەمەد کەمال)دا هاتووە بەدیدی نیتشە فەیلەسووف دەبێت هونەرمەندانە، یان شاعیرانە بە خەیاڵ و لە بەرگێکی میتافۆردا ناوەرۆکی ڕاستی دەربڕێت، لێرەدا [میتافۆر ناونانە بۆ شتێک، کە ئەو ناوە لە شتێکی دیکەوە وەرگیرابێت]، بۆ نموونە.. پیری بۆ تەمەن ئێوارەیە بۆ ڕۆژ، یان ئیمادۆکلیس دەڵێ: پیری خۆرئاوابوونی ئێوارەیە، بەڵام هایدیگەر لە شیعرەکانی «هۆڵدەرلن»دا، پێوەندییەکانی زمان و خەیاڵی شیعری بە فەلسەفەوە دەبەستێتەوە، لە ڕوویەکی دیکەوە پێی وایە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەفلاتووندا گیرۆدەی نامۆیی بووە، چونکە هایدیگەر لە چەمکی بیرکردنەوەی شیعری دەکۆڵێتەوە، دەشڵێ [شاعیرەکان فێرمان دەکەن کە چۆن لەسەر زەویندا نیشتەجێ بین، یان چۆن لە زەمینە و سروشت و لۆگۆس «وشە» نزیک بکەوینەوە، یان لە حەقیقەتی شتگەل و بوونەوەر و پاشان لە بوون خۆی نزیک بینەوە کە لەنێو ئەو شتگەل و بوونەوەرانەدا دەردەکەوێت و تەجەللی دەکات..

بڕوانە.. (في ماهية اللغة و فلسفة التأويل. د. سعيد توفيق، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت» الطبعة الاولى، ٢٠٠٢م).

ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە خوێندنەوەیەکی، یان نمایشێکی بە پەلە و خێرایە بۆ خستنەڕووی هەندێک بابەتی کتێبی شیعر «پۆیەتیکا»ی ئەرەستۆ و هاوکات لە میانی ئەم نووسینەوە، بە هەمان مۆرکی خێرایی و برووسکەیی ئاماژەم بە چەند سەرچاوەیەکی دیکە داوە کە تارادەیەک پێوەندییان بە هەمان بابەتەوە هەیە..حەزم دەکرد لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە لە پێوەندی نێوان شیعر و هزر بدوێم و ئاماژە بەو لێکۆڵینەوانەی هایدیگەر بدەم کە لەمەڕ دەقەکانی هۆڵدەرلن و ریلکە و شتیفان جیۆرغ نووسیویەتی، بەڵام هەستم کرد درێژە بە بابەتەکە دەدرێت و تارادەیەک لەچەمکی «پۆیەتیکا» دوور دەکەمەوە، بۆیە لێرەدا کۆتاییم بە نووسینەکە هێنا.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب= شیعر، پۆیەتیکا**

**نووسینی= ئەرستۆ**

**وەرگێڕانی= د. محەمەد کەمال**


**بابەت= لێکۆڵینەوە**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٠ کوردستان- سلێمانی.**

# بەدواداچوونێک بۆ
# کتێبی ئاسۆیەکی تری زمانەوانی

تاریق ساڵح

"ئاسۆیەکی تری زمانەوانی" ناوونیشانی کۆمەڵێ بابەتی زمانەوانی لەوەوپێش بڵاوکراوەی (پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین)ە، کە دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس چاپی کردووە. لێکۆڵەر لەمیانی وتار و لێکۆڵینەوەکانیدا کۆمەڵێ وردەکاری زمانەوانی ڕوونکردۆتەوە، لەوانە: (ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک، لایەنێکی جیاواز، لقەکانی زانستی زمان، ئاستەکانی زمان، کرمانجی خواروو و سەروو، پاشبەندەکان، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجی ژووروودا، مەرج و یاساکانی لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆفۆنێمی، چەند تێبینییەک لەبارەی (نەرێ)وە، پەیوەندی ڕاناو و فرمان لە کرمانجی ژووروودا، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، فۆنۆلۆجی، مردنی وشە، نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا، کات و ڕەگی فرمان، یاساییێکی فۆنۆلۆجی، ئامرازەکانی بەستن، ڕێزمان چییە، کەی (ات) و کەی (ێت)، یاسای دەرکەوتنی (ڕ)، زانستی زمان، ڕێککەوتن لە زماندا، خزمایەتی لە زماندا، ڕستەی بکەر نادیار، زمان و ماتماتیک، چەند یاساییێکی مۆرفۆلۆجی دارشتنی فرمان، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، بیرکاری لەزمانا، ڕێزمانی ڕاناو و هەندێ شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی، لێکدانی وشەکان، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، ئەلەمۆرفی ڕێزمانی، شەپۆلەکانی شیعری کوردی، لەپەیوەندییەکانی بکەر نادیار، هێز و ئاواز، لێڵی لە زمانی کوردیدا، لەیاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، ڕەخنەی نا ڕەخنە، ڕێزمانی هەیی لە زمانی کوردیدا، پاشبەندی(ێ) لە ڕەخنەی نا ڕەخنەدا، بەراوردییەک، سیستەمی کاراکردنی ڕاناو لە کوردیی ژووروودا، ڕوونکردنەوەیەک، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، وشە، (ێت)ی شێوێنەر، ئینسکلۆپیدیای کوردستان ئاواتێکە، ڕەگی داهاتوو بەیەک یاسا)*،... . دیارە ئەو باسانەی پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین هەموویان ناکەونە بەر باسی زمانەوانی، ئەمەش لەپای ئەوەی لەبنچینەدا کتێبەکە کۆی هەندێ وتار و لێکۆڵینەوەیە کە کاتی خۆی لەسەر ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە،



لێرەدا جارێکی تر لە شێوەی کتێبێک کۆکراونەتەوە، کە ئێمە سەرنج و تێبینی تایبەتی خۆمان لەبارەی بابەتەکانی نێو کتێبەکە هەیە، لێرەوە بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری بواری زمانەوانی دەیانخەینەڕوو:

لەبارەی ئیملای کوردی پرۆفیسۆر د. وریا هەندێ بیروڕای زمانەوانانی تری خستۆتەڕوو، لەوانە: ئاماژەی بەو ڕایە داوە، کە هەندێ کەس پێیان وایە "دەنگی (ص- ط) لەنێو وشەکانی زمانی کوردیدا دەبیسرێن، وەک : لە وشەکانیساڵ و سەگ، بۆیە دەبێ ئەم دوو پیتە بخرێنە نێو ئەلفوبێی کوردی".

هەندێکیش لەسەر ئەو ڕایەن کە"(ق) و (ع) و (ح) لە نژادا کوردی نین و لەئەنجامی کارتێکردنی زمانی عارەبی کە زمانێکی سامییە، کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆیە دەبێ ئەو پیتانەی ئەم دەنگانە دەنوێنن لە ئەلفوبێی زمانی کوردی لابرێن". ڕای واش هەیە "بەهۆی ئەوەی کە هەموو (ڕ)ێک لەسەرەتای وشەی کوردی قەڵەوە، بۆیە پێویست ناکات نیشانەی قەڵەوی بۆ دابنرێت... " و گەلێ بیروڕای تر.

د. وریا سەبارەت بە بیروڕاکان، دەڵێ: "هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆجی ڕای تایبەتی خۆی دەربارەی چەمکی فۆنیم هەیە، باسکردنی ئەم هەموو ڕایە جیاوازانە کەڵکی ئێمەی نییە لەم باسەدا".

دیارە ئێمە لەگەڵ بیروڕایەکەی د. وریا نین، چونکە پێویستبوو بیروڕای ئەمیشمان لەبارەی ئەم ڕایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە بزانیبایە، لەکاتێکا خۆی نموونەی بیروڕایەکانی هێناوەتەوە و هیچ سەرنجێکیشی لەبارەیانەوە نەداوە، بۆیە ئەمە لە سیستمی لێکۆڵینەوەدا بە کێماسی هەژماردەکرێ، نابێ تۆ بیروڕایەک ئاماژە پێبدەی و خۆشت قسەت لەبارەیەوە نەبێ، ئەی بۆچی لەبنەڕەتدا ئاماژەی پێدراوە، بۆیە ئێمە لێرەوە ڕاشکاوانە ئاماژە بە بیروڕاکانی خۆمان دەدەین. لەبارەی ئەو بیروڕایەی کە دەڵێ: «پێویستە (ص-ط) لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێی کوردی بنووسرێ، لەبەرئەوەی لە (ص) وشەی ساڵ و سەگدا و (ط) لە وشەی (تاڵ)دا هەیە». دیارە ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز نییە بۆ ئەوەی ئەم دوو فۆنیمە بۆ ئەلفوبێی کوردی زیاد بکرێ، چونکە دەکرێ هەردوو وشەی (ساڵ و سەگ) بە (س) و (طاڵ) بە (تاڵ) گۆ بکەین نەک (ص - ط) و هیچیش لە واتای وشەکەش ناگۆڕێ، دواتر سیستمێک هەیە پێویستە لەبەرچاوی بگرین، ئەویش ئەوەیە: ئەوکاتەی فۆنیم واتای وشەی بگۆڕێ، ئەوکات دەتوانین بەپیتی هەژمار بکەین، پێچەوانەی ئەمە ناتوانین و دروست نییە. سەیری وشەکانی (ذلک و زلک و ثروة و سەڕوە و ضاری و زاری و طال و تاڵ و صەگ و سەگ ... بکەین ئەوە دەبینین هیچ لە واتاکانیان ناگۆڕێ، بۆیە ناتوانین (ذ / ض / ص/ ط/ بە فۆنیم لەنێو ئەلفوبێی کوردی هەژمار بکەین، ئەگەر بە وتەی بیروڕاکان بێ کە د. وریا عومەر ئەمین ئاماژەی پێیان داوە، کە (ص / ط) لەبەر بوونی وشەی ساڵ و سەگ و تاڵ بۆ کوردی زیاد بکەین، ئەوە دەبێ (ض/ ظ/ ذ /) لەبەر وشەکانی زاهیر و ئوستاز و ... بە فۆنیمی نێو ئەلفوبێی کوردی دابنێین، کە ئەمەش نابێ، لەبەرئەوەی کە بە کوردی دەیاننووسین واتایان ناگۆڕێ، بۆیە پێویست بەمە ناکات. دواتر پێویستە ئەمە بزانین لە وشەی کوردی کاتێ (ڵ) بەدوای (ا)دا هات، ئەوە قورسایی (ڵ) دەکەوێتە سەر تەواوی وشەکە، وەک: کاڵ / خاڵ / باڵ / تاڵ / چاڵ ئیتر مەسەلەی (ط/ ت)یش هەر ئەوەیە ناکرێ (ط) بۆ فۆنیمەکانی زمانی کوردی زیاد بکەین.

لەبارەی بیروڕای دووەم بۆ پیتەکانی (ق- ع- ح) کە گوایە ئەمانە کوردی نین و پێویستە لەنێو ئەلفوبێی کوردی لابرێن، بەدیدی ئێمە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە کۆمەڵێ وشەمان هەیە ئەم پیتانەیان تێدایە، کە واتایان هەیە، ناکرێ ئەم پیتانە بە پیتی تر بگۆڕین، لەبەرئەوەی واتای وشەکە دەگۆڕێ، دواتر لە بەکارهێناندا هیچ کێشەیەکیان نییە، جگە لە پیتی (ع) کە لە هەندێ وشە دەگۆڕێ بۆ دەنگ و پیتی (ھ/ ئـ) (عومەر - هۆمەر - ئۆمەر).

عەرد - هەرد- ئەرد.

کە ئەمەش کێشەیەک نییە، بەڵام سەبارەت بە (ق و ح) ئەوە بەهیچ شێوەیەک شتی وانابێ، لەبەرئەوەی ئێمە جگە لە پیتەکانی: (گ / ڤ / ژ / ڕ/ ڵ/ پ / ێ/ چ) ئەوە تەواوی پیتەکانی ترمان لەو ئەلفوبێیە وەرگرتووە کە گوایە عارەبییە، بەپێی ئەم بۆچوونە بێ ئەوە پیتەکانی وەک: غ /ج / ئـ ... یش دەکەونە بەر ئەم جۆرە بیروبۆچوونە، کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵە و مەحاڵە.

د. وریا ئامـاژە بە بیرورایەک دەکات سەبارەت بە مەسەلەی پیتی (ڕ) بەوەی کە هەموو پیتێکی سەرەتای وشەی کوردی لە بنەڕەتدا خۆی قەڵەوە و پێویست ناکات نیشانەی قەڵەوی بۆ دابنرێ. دیارە ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونە نین، چونکە هەموومان دەزانین (ڕ/ر) دوو فۆنیمی جیان، واتای وشە دەگۆڕن، بۆیە هیچ شیاو نییە، (ڕ) کە نیشانەی قەڵەوی خۆی هەیە، لە سەرەتاوە نیشانەکەی لێبکەینەوە و لە شوێنی تر بیدەینەوە، دەبێ ئەم پیتە لەهەر شوێنێکی وشە بێ، ئەگەر قەڵەو بوو بە نیشانەکەی خۆیەوە بنووسرێ، د. وریاش لەلاپەڕە (١٤) ئاماژەی بەوە داوە (ر/ڕ) لەهەر شوێنێکدا دەرکەون شێوەیان چۆن بێ دەبێ وابنووسرێن. لەبارەی ئەوەی کە دەرنەکەوتنی (ر) سووک، یان لاواز لەسەرەتای وشەی کوردی یاسایەکی فۆنۆلۆجییە و پێوەندی بە (ڕ) قەڵەو، یان نیشانەدارەوە نییە، ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە هەر (ڕ) لە سەرەتای وشەی کوردی دەرکەوێ قەڵەوە، بۆیە پێویست ناکات نیشانەی بۆ دابنرێ، ئەمە ڕایەکی پووچە و بەپێی بیردۆزی فۆنیم ڕەش دەبێتەوە.

لە لاپەڕەی (١٢) کتێبەکەی د. وریا خشتەیەکی کردووە تێیدا (جووتۆکە/ فۆنیمەکان/ فۆنیمی تازە/ ژمارە)ی پیتەکانی دەستنیشانکردووە، لەمەیاندا کارێکی باشی کردووە، بەڵام لە خانەی وشەکانی (ژان و ژین) هێمای ( i)ی لەنێوان (ژ – ن) لە وشەی (ژین) داناوە، کە ئەمە پێویست ناکات، چونکە لەبنچینەدا پیتە بزوێنەکە ( i) نییە، بەڵکو (I)ی لاتینییە، کە بەلاتینی بیانووسین دەنووسرێ، jîn / jan، کەواتە بزرۆکە دروست نابێ، ئەوکاتە نەبێ کە بڕگەیەک، یان وشەیەک هیچ بزوێنی تێدا نەبێ، وەک: ژن / دڵ / مل ..... کە بەلاتینی ئەوکات بزرۆکە دەردەکەوێ، وەک / - jin - dil milì.. لە کۆتایی خشتەکەشدا نووسیویەتی: «هەرچەند کۆمەڵێ تر زیاد کەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە، (مەبەستی ئەو جووتە وشانەن کە نووسیویەتی)، بۆیە نووسیویەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥)ن» لا١٢.

ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی بەڕێزیاندا نین و ناتوانین (i) بە فۆنیم هەژمار بکەین، لەبەرئەوەی ئێمە بە ئەلفوبێی لاتینی نانووسین تا ئەم بزرۆکەیە بە فۆنیم دابنێین، ئەمە لەنێو ئەو ئەلفوبێیە باوەی کە بەکاری دەهێنین وێنەی نییە و نایەتە نووسین، بۆیە ژمارەی فۆنیمەکانی ئەلفوبێی کوردی، ئێستا کە لەنووسیندا بەکار دێن (٣٤)ە، نەک (٣٥).

دواتر نووسەر هەر لەهەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی: «گەلێ وشەی عارەبیش کە دەنگی (ع)ی تێدایە لە زمانی کوردی ئیمڕۆماندا بەکار دەهێنرێن، وەک (عیسا – لەعنەت – عومەر)....تاد. دەشێ (ع)یش بەفۆنیمێکی زمانی کوردی بژمێردرێ. بەم جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، زمانی کوردی شێوەی خواروو (٣٦) فۆنیمی هەیە»١٢.

دیارە د. وریا ئەمە بۆچوونی خۆیەتی، ئەو ئازادە چۆن گوزارشت لەبۆچوونی خۆی دەکات، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەم وشانەی بەڕێزیان وەک نموونە هێناویەتەوە، هیچیان کوردی نین، بۆیە بەپێی ئەم نموونانەی بەڕێزیان بێ ناتوانین (ع) بە فۆنیمێکی کوردی دابنێین، چونکە لەبنەڕەتدا کوردی نییە و هاتۆتە نێو زمانی کوردی و زۆر بەکەمی لە هەندێ وشەدا بەکاردەهێنرێ، بەڵام ئێمە ئەگەر ئەویش هەژمار بکەین ئینجا ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی دەبنە (٣٤) نەک (٣٥)، یان (٣٦) وەک ئەوەی بەڕێزیان ئاماژەی پێداوە. دیارە ئەم بۆچوونەی بەڕێزیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم هاتووە لەنێو ڕیزبەند و خانە و خشتەی پیتەکان دووجار فۆنیمی (و – ی) دووبارە کردۆتەوە، کە ئەم دوو فۆنیمە لەئاستی وشەسازیدا جارێک بزوێن و جارێک نەبزوێنن، بەڵام ئەوە پێویست ناکات دووبارە بیانووسینەوە، چونکە خۆمان لەئاستی مۆرفۆلۆژی دەزانین کەی دەبنە بزوێن و کەی دەبنە نەبزوێن، لەبەرئەوەی شێوەی فۆنیمەکە بۆ باری بزوێن و نەبزوێن هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایە و یەک وێنەیان هەیە، بۆیە نابێ لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێ دووجار بیانووسین و بەمەش ژمارەی فۆنیمەکانی پێ زیاد بکەین و بیکەینە (٣٦) کە لەبنچینەدا تەنیا (٣٤) پیت و وێنەیان هەیە. زمانەوانی ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ وێنە و دەنگ دەکات، ئیتر هەر ئەو (٣٤) دەنگەی زمانی کوردی بە شێوەی فۆنیم وێنەیان بۆ کێشراوە، بۆیە ناتوانین بە زیاتر هەژماریان بکەین، هەروەک خۆیشی دەڵێ: «ئەلفوبێی هەر زمانێ لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت، هەر فۆنیمەی بۆ مەبەستی نووسین

نیشانەیەکی بۆ دادەنرێت پێی دەوترێ پیت Letter». بەپێی ئەم وتەیەی بەرێزیان بێ ناتوانین بۆ بزوێن و نەبزوێنی (و–ی) دوو شێوە دابنێین، چونکە شێوازی نووسینی دەنگە بزوێن و نەبزوێنیان لەنێو ئەو ئەلفوبێیە باوەی کە بەکاری دەهێنین، هەروەکو یەکە، ڕاستە لەنێو ئەلفوبێی لاتینی وێنەیان دەگۆڕێ، (و) بزوێن دەبێتە (u) و نەبزوێنەکەی دەبێتە (w) و (ی) بزوێن دەبێتە (î) و نەبزوێنەکەشی دەبێتە (y) کە لێرەدا شێوەیان گۆڕا و دەتوانین بیانووسین و بەساناییش لێکیان بکەینەوە، بەڵام ئێمە بەو ئەلفوبێیە نانووسین تا دووجار بیانووسین، بۆیە ناکرێ ئەمە بکەینە بنەما و بەهۆیەوە بڕیار لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی ئەلفوبێی کوردی بدەین. بەپێی ئەم بۆچوونەی بەرێزیان بێ، ئەگەربێتو ژمارەی فۆنیمەکانی کوردی بە بزوێن و نەبزوێنەوە هەموویان بنووسین، ئەوە دەبێ دووجار (و) و دووجار (ی) بنووسین، بەبێ ئەوەی بزانین کامەی بزوێنە، یان نەبزوێنە، چونکە لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێدا نیشانەیەک نییە (و–ی) لێک جیا بکاتەوە، بۆیە پێویست ناکات دووجار بنووسرێن، چونکە ئەوکاتەی چوونە ئاستی وشەسازی و لە وشەدا بەکارهێنران، ئەوکات بەپێی یاسا و سیستمی ڕێزمانی و وشەسازی دەزانین کامەی بزوێنە و کامەی نەبزوێنە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بزوێن و نەبزوێنەکان لەیەکدی جیابکەینەوە، ئەوە بەپێی وتەی د. وریا بێ دەبێ (و–ی)لەنێو هەردوو کۆمەڵەی بزوێن و نەبزوێنەکاندا بنووسین و بەبێ ئەوەی هێمایەک، یان نیشانەیەک بۆ لێک جیا کردنەوەیان هەبێ، خۆ ئەگەر بێت و تەنیا لەگەڵ بزوێن، بیانووسین ئەوە نابێ، چونکە ئەمان نەبزوێنیشن و ئەگەر لەگەڵ نەبزوێنەکانیش بیانووسین دیسان نابێ، چونکە ئەمان بزوێنیشن، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە یەکجار بیانووسین، لەکاتی ڕاڤەکردندا ئاماژە بە بزوێن و نەبزوێنەکانی بدەین، بەمەش کۆی ژمارەی فۆنیمەکانی ئەلفوبێی کوردی دەبێتە (٣٤). چارەسەرێکی دیکەیش ئەوەیە کە بەنیشانە و هێمایەک بزوێن و نەبزوێنەکان لەیەکدی جیا بکەینەوە، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێ، چونکە پێویستی بە کۆنفراس و بڕیارێکی زانستی هەیە، لەبەرئەوەی دەستکاری کردنی شێوەی هەرپیتێک کاتێکی زۆری دەوێ تا لەلای خەڵکی دەناسرێ و بەکاری دەهێنن.

د. وریا هەندێ ڕوونکردنەوەی لەبارەی فۆنیمەکانی (ڕ / ڵ)... چەند پیتێکی دیکە داوە کە بیروراکانی دروستە، بەڵام پێویستە زیادەیەک بخەمە سەر وتەکانی بەڕێزیان لەبارەی ئەم فۆنیمانە و ئەوانی دیکەیش بەتایبەتی (س– ص)، ئێمە دەڵێین: هەر فۆنیمێک لەنێو وشەدا کار لەواتای وشەکە بکات و بیگۆڕێ، ئەوە بە فۆنیمێکی سەربەخۆ دادەنرێ و دەبێتە فۆنیمێک لەنێو ڕیزبەندی فۆنیمەکانی ئەو زمانە، کە نموونەشمان بۆ ئەم بارە زۆرە، وەک : ل – ڵ (گەل / گەڵ) یان (برین / بڕین) .... تاد. بەڵام سەبارەت بە (س– ص) لەنێو ئەلفوبێی کوردی ناتوانین بە دوو فۆنیمی جیایان دابنێین، لەبەرئەوەی لەنێو زمانی کوردی تەنیا پیتی (س)مان هەیە، خۆ ئەگەر بشڵێین : پیتی (ص) لەهەندێ وشەی وەک : (صەد و صەگ) هەیە، ئەوە ئەگەر ئەم دوو وشەیە بە پیتی (س) بنووسین، ئەوە هیچ واتایان ناگۆڕێ، وەک: (سەد – سەگ)، بۆیە هەر فۆنیمێک لەبەکارهێنانی لەنێو وشەدا نەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئەوە ناتوانین لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێیەکان بە فۆنیمێک هەژماری بکەین.

لەلاپەڕە پازدەدا نووسەر دەڵێ: «ئێستە هیچ زمانەوانێک نییە لە جیهاندا دان بەوەدا نەنێ کە (ژ) و (ڤ) دوو فۆنیمی زمانی ئینگلیزی نین، کەچی بەڵگەی مێژوویی هەیە، کە ئەم دوو دەنگە سەردەمێک لەزمانی ئینگلیزیدا نەبوون و لەئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەرەنسییەوە کەوتوونەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە. هیچ زمانەوانێکیش نییە، بڵێ دەنگی (خ) لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە، چونکە لە نژادا ئەم دەنگەی هەبووە». سەیرێکی ئەو وتەیەی سەرەوەی نووسەر بکەین، ئەوە هەست بەوە دەکەین کە جۆرە نەنگییەک و دژ یەکییەک لە وتەکەدا هەیە، بەتایبەتی ئێمە مەبەستمان ئەو وتەیەیە کە دەڵێ: «هیچ زمانەوانێکیش نییە، بڵێ دەنگی (خ) لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە، چونکە لە نژادا ئەم دەنگەی هەبووە». چۆن دەبێ نەتوانین بڵێین: دەنگی (خ) لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە، کاتێ ئەم دەنگەی لە نژادا هەبووبێ» بۆیە بە بۆچوونی ئێمە وتەکەی د. وریا هەڵەی تێدایە و نابێ وابنووسرێ، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە: «هیچ

زمانەوانێکیش نییە بڵێ دەنگی (خ) لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە، چونکە لە نژادا ئەم دەنگەی نەبووە». واتە تەواوی وتەکە وەک خۆی دەنووسینەوە، بەڵام تەنیا کاری (هەبووە دەکەینە نەبووە، یان بەپێچەوانەوە دەبێ کاری هەیە بکەینە نییە»، واتە وتەکە بەم شێوەیە بوترێ: «هیچ زمانەوانێکیش نییە بڵێ دەنگی (خ) لەزمانی ئینگلیزیدا نییە، چونکە لە نژادا ئەم دەنگەی هەبووە» کە ئەمەش تەواوی واتای مەبەستەکەی گۆڕیوە و بەهەڵە گەیشتۆتە خوێنەر، چونکە زمانێک لە نژاددا دەنگی (خ)ی نەبووبێ ناتوانین بڵێین ئەو دەنگە هی ئەو زمانەیە، یان بەپێچەوانەوە کە زمانێک لە نژاددا ئەو دەنگەی هەبووبێ لەنووسیندا نەیبێ، ئەوە ناتوانین بڵێین ئەو دەنگەی نییە، چونکە لە نژاددا هەیبووە. ئیتر ئەمە دەبێ ڕاست بکرێتەوە، لەبەرئەوەی کارەکانی نێو ڕستەکە واتا و مەبەستی باسەکەیان گۆڕیوە.

لەلاپەڕە (١٦ - ١٧ - ١٨ - ١٩) د. وریا قسەی لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرینگی زمانەوانی کردووە، بەڵام هەقی باسەکەی نەداوە، یان ڕوونتر بڵێین: جۆرە ناڕوونی و تێکەڵییەک لەبیروڕایەکانیدا هەیە، ئەنجامەکەی بەڕوونی نەداوینەتە دەست، بۆیە لێرەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەیەوە دەدەین و بیروڕای خۆمان لەبارەی باسەکانەوە دەخەینەڕوو.

لەلاپەڕە(١٦)دا نووسەر دەڵێ: «هەندێ زمانەوان هەن ئەو (وێ)یەی لە وشەی وەکو: (شوێن - خوێن - سوێند) دەردەکەوێ بەیەک فۆنیم لەقەڵەمی دەدەن، وای بەڕاست دەزانن کە دەبێ یەک نیشانەیان بۆ دابنرێت. نووسەر بە پەنا بردنە بەر شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی هەوڵی داوە ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکات، بەڵام بەدیدی ئێمە هیچ چارەسەرێکی نەداوینەتە دەست، هێندە نەبێ لەلاپەڕە ١٨نووسیویەتی: «نووسین کار لەجۆری قسەکردن ناکات، بۆیە بە (وێ) بنووسرێ ڕاستترە» دیارە ئەم وتەیەی د. وریا بە چارەسەر دانانرێ، لەبەرئەوەی ئەم سەرەتا ئاماژەی بە بیروڕای هەندێ لە زمانەوانان داوە، کە گوایە هەندێکیان، (وێ) بە فۆنیم دادەنێن و ئاماژەی بە نموونەی وشەکانیش داوە. بیروڕاکەی د. وریا دەڵێ : (لەنووسینا بە (وێ) بنووسرێ، چونکە نووسین کار لە جۆری قسەکردن ناکات). ئەمە وەڵامی بیروڕای زمانەوانەکان نییە کە خۆی ئاماژەی پێیانداوە، چونکە ئەمان (وێ) بە فۆنیم دابنێن ئەوە بەگوتەی ئەمان بێ دەبێ لەنێو ڕیزی فۆنیمەکانی کوردی زیاد بکرێن و بنووسرێن، واتە ئەمان (وێ) وەک فۆنیم دەناسن، نەک تەنیا شێوازی نووسین کە د. وریا باسی دەکات، بۆیە بیروڕاکەی ئەم هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر مەسەلەکە، بەڵکو پێویست بوو ڕاستەوخۆ لەبارەی ڕاکەی ئەوانەوە دوابا، کە ئایە ئەمیش وەک فۆنیم دەیناسێ، یان هەر بنووسرێ و بە فۆنیم دانەنرێ. ئێمە ڕاشکاوانە بیروڕای خۆمان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو، بەوەی کە ناتوانین وێ لەنێو فۆنیمەکانی زمانی کوردی بە پیت هەژمار بکەین، لەبەرئەوەی ئەمە لەئەنجامی یەکگرتنی دوو دەنگەوە دروست بووە، بەلایەکی تریش کاتێ ئەم وشانە بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسین، وەک: swênid، یان xwên ئەوە بزوێن و نەبزوێنی پیتەکانمان بۆ دەردەکەوێ و ژمارەی بڕگەی وشەکانیش دەردەکەوێ.

لەلاپەڕە (١٩)دا نووسەر دەڵێ: «ئەو فۆنیمەی لە ئەلفوبێی عارەبیدا وێنەی بۆ نییە (i)، ئەوە چەند ساڵە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی عارەبی دەنووسرێ، کەچی هیچ خوێندەوارێک هەستی بەگیروگرفتێکی وا نەکردووە باس بکرێ، لەبەر نەبوونی ئەم فۆنیمە». ڕێزمان بۆ وتەکانی بەڕێزیان هەیە، بەڵام دیارە ئەم وتارەی بەڕێزیان ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە، ئەوکات دیارە نووسین لەو بارەیەوە کەم بووە، بەڵام ئێستا کە دووبارە ئەم کتێبەی چاپکردۆتەوە هەق وابوو پێداچوونەوەیەکی بۆ ئەم وتانەی خۆی کردبا، لەبەرئەوەی زمانەوانێکی زۆر لەم ساڵانەی دوایی لەسەر گرفتەکانی زمانی کوردییان نووسیوە، دیارە من باس لە نووسینەکانی خۆم دەکەم کە زیاتر لە (١١٠) وتاری زمانەوانیم هەیە، زۆر بەڕوونی هەموو گرفتەکانی ڕێنووسی کوردیم بەو ئەلفوبێیە باوە نووسیوە، کە ناکرێ بڵێین عارەبییە لەبەرئەوەی زیاتر لە بیست نەتەوە بەکاری دەهێنن، هەرچەند د. وریا بە ئەلفوبێی عارەبی ناوی بردووە.

لە هەمان لاپەڕەی ناوبراو دەڵێ: «سەرو بۆر و ژێر (الفتحة و الضمة و الكسرة) سێ فۆنیمن لە سیستمی زمانی عارەبی، کەچی لەزۆربەی زۆری چاپکراوەکان هیچ سیمایەکیان لە نووسینا بۆ نییە، کەچی هیچ

گیروگرفتێ بەدی ناکرێ». ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی بەڕێزیان نین، لەبەرئەوەی زمانی عارەبی خاوەن یاساوڕێسا و تایبەتمەندی خۆیەتی و زمانی کوردیش بەهەمان شێوە خاوەن یاساوڕێسا و تایبەتمەندی خۆیەتی، ئیتر بۆ دەبێ زمانی کوردی کێشەی سەر و بۆر و ژێری هەبێ، ئەمە چ پێوەندی بە زمانی کوردییەوە نییە، ئێمە کە بەم ئەلفوبێیە باوەی بە عارەبی ناونراوە دەنووسین، مانای ئەوە نییە هەموو یاساوڕێسا ڕێزمانییەکانی زمانی عارەبی بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنین، یان بەپێچەوانەوە.

نووسەر لەهەمان لاپەڕەدا لەبارەی پیتی (ئـ) دەڵێ: «دەربارەی (ئـ) بەلای منەوە سروشتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عارەبی ئەم ئایەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە، هەروەک چۆن (i)ی لە نووسینا لەناو بردووە». دیارە ناتوانین ئەم بۆچوونە بسەلمێنین لەبەرئەوەی ئێمە لەنێو وشەی کوردیدا وشەمان هەیە بەم پیتە دەنووسرێ، گۆڕانی ئەم پیتە گۆڕان لەواتای وشەکە دروست دەکات، کەواتە مادام زمانەکەی ئێمە وشەی تێدایە کە ئەم پیتەی تێدایە و بەم پیتەش واتای دەگۆڕێ، کەواتە ئەمە سەپاندن نییە، چونکە ئەگەر ئەم پیتەمان نەبایە ئەوکات ناچار دەبووین وێنەیەک بۆ پیتێکی تر دەستنیشان بکەین و ئەو ناوەی لێ بنێین. دواتر لەنێو ڕیزبەندی ئەلفوبێی عارەبی ئەم هەمزەیە (ء) وێنەی نییە، کەچی لەنووسینیشدا هەیە، لەزمانی کوردیدا خراوەتە سەرکورسی و بۆ پیتێک بەکاردێ، کە پێی دەڵێین: (ئـ / ئئـ).

نووسەر لەهەمان لاپەڕەدا لەبارەی دەنگی (د) نووسیویەتی: «یەکێ لەو گۆڕینانەی لەئاستی فۆنۆلۆجیدا بەسەر زمانی کوردی (خواروو) هاتبێ، توانەوەی دەنگی(د)یە، لە هەندێ بیئەدا، وەک (د)ی نیشانەی هەمیشەیی، ئەم دەنگە تواوەتەوە و نەبۆتە دەنگێکی تر. نووسیویەتی:

daxomììaxom

damxwardììamxward

کە ئەمە بەئەلفوبێی عارەبی بنووسرێ:

دەکەم = (ەکەم) و (ە) لەسەرەتای وشە دەرناکەوێ و نانووسرێ لەسیستمی ئەلفوبێی عارەبی، بۆیە (ئـ)ی پێوە لکێنراوە، ڕای گرێ و بووە بە (ئە).

هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لەهیچ وشەیەکی تری کوردی و بوونی بە (ی)، یان (و) لەو وشانەی لە (عارەبی)یەوە وەرئەگیرێن ئەمە ئەسەلمێنێ».

سوال .... سواڵ

بئر..... بیر.

ئێمە ئەم بۆچوونانەی د. وریا بەهەڵە دەبینین، لەبەر ئەوەی کاتێ دەنگی (د) تواوەتەوە بووە بە (ئـ) نەک (ە)، لەلایەکی دیکەوە کاتێ هەردوو وشەی دەخۆم و دەمخوارد، بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسین ئەوە (ە) نابێتە (a) لەبەرئەوەی (a) لە ئەلفوبێی لاتینیدا بەرانبەر بە (ا) ئەلفە، لە ئەلفوبێی باو نەک (ە)،چونکە ئەمە دەبێتە (e) نەک (a)، واتە وشەکان بەلاتینی بەم شێوەیە دەنووسرێن:

Dexom ì.. Exom

Demxward.. Emxward

وێڕای ئەمانە ئەوە سەبارەت بەم وتەیەی کە نووسیویەتی : «هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لەهیچ وشەیەکی تری کوردی و بوونی بە (ی)، یان (و) لەو وشانەی لە (عارەبی)یەوە وەرئەگیرێن ئەمە ئەسەلمێنێ».

سؤال .... سواڵ

بئر..... بیر.

ناکرێ ئەمە بکەینە بنەما لەبەرئەوەی لەم وشانە (و) نەگۆڕاوە بۆ (و- ی)، چونکە ئێمە کاتێ بمانەوێ بنووسین، بەکوردی دەنووسین، سؤال وشەیەکی عارەبییە دەنووسین: (پرسین، یان پرسیار، یان پرسکردن)، چونکە کاتێ بۆ وشەی سؤال بنووسین سواڵ، ئەوە (سواڵ) هەمان واتای وشەی سؤال ناگەیەنێ، دەبێ بە شتێکی تر کە مانای (دەرۆزەکردن، یان سواڵکردن) دەگەیەنێ، بەهەمان شێوە لەوشەی (بئر و بیر)دا ئەمانە هاوواتای یەکتر نین، چونکە بیر لای ئێمە هزر و خەیاڵ و ئەندێشە و بیرۆکەش دەگرێتەوە نەک تەنیا قووڵایی و چاڵایی ئەو قۆرتەی کە بەشێوەی بیر لێدەدرێ. وێڕای ئەمانە (ئـ) لەنێو وشەی کوردیدا هەیە، وەک: ئەندێشە : ئاڵۆز : تێکئاڵان : تێکئاڵاو : پشت ئێشان : پشت ئاشان : ئاشنا ... بەڵام ئەگەر بڵێین: لەکۆتایی وشەی کوردیدا نییە، ئەوە دەڵێین: لەنووسیندا بەڵێ دەرناکەوێ، بەڵام زۆرجار لە گوتندا بمانەوێ بڵێین: نا دەڵێین (نەء).واتە (ء) دەڵێین، بەڵام نایینووسین.

نووسەر لەمەسەلەی ڕستەسازیدا ڕەچاوی بواری ئاستی ڕستەسازی کوردی نەکردووە، پاش و پێشی کارا و بەرکار و کار لەنێو ڕستەکاندا زۆر بەرچاو دەکەوێ، وێڕای بەکارهێنانی وشەی عارەبی، وەک : ئیملا / شەخسی / بیئە / نەزەریە /

موجەڕەد .... کە بۆ هەریەکێکیان وشەی کوردی شیاو و پڕ بەپێستمان هەیە، وەک: ڕێنووس / کەسی / ژینگە .... تاد.

تا ئێرە ئەم وتارەی کە ئێمە خستوومانەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە لەلاپەڕە (٢٠) کتێبەکەدا نووسراوە: ئەم وتارە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد- بەغدا، ژ٩، س١٩٨٢دا بلاوکراوەتەوە.

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین لەلاپەڕە ٢٥ خشتەیەکی پێشکەش کردووە، کە تێیدا سێتی جێناوە جودا و لکاوەکانی لە کرمانجی خواروو و ژووروو پیشانداوە.

کەس و کرمانجی خواروو کرمانجی ژووروو

ژمارە ڕاناوی جودا ڕاناوی لکاو ڕاناوی جودا ڕاناوی لکاو

A B A B

١ت من م م من ئەز م

٢ت تۆ ت یت تە تو ی

٣ت ئەو ی /Øات/ یێت وی/ ویٚ ئەو /Øات/ یێت

١ک ئێمە مان ین مە ئەم ین

٢ک ئێوە تان ن وە هون ن

٣ک ئەوان یان ن وان ئەو ن

دیارە ئێمە سەرنجمان لەبارەی ئەم دابەشکردنەی سێتە جێناوە کەسی و لکاوەکانی کرمانجی سەروو و خوارووە هەیە، لەبەرئەوەی دەبینین د. وریا کاتێ باس لە کۆمەڵەی سێتە جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکان دەکات، ئەوە دەڵێ: «لە کرمانجی خواروو یەک سێت کۆمەڵەی جێناوی جودا و دوو سێت جێناوی لکاومان هەیە، کەچی لە کرمانجی ژووروو پێچەوانەی ئەمەیە دوو سێت کۆمەڵەی جێناوی جودا و یەک سێت کۆمەڵەی جێناوی سەربەخۆمان هەیە، کە لەخشتەکە ئاماژەمان پێیانداوە»لا٢٥. دیارە ئەمەش هەڵەیە، چونکە لە کرمانجی ژووروودا تەنیا دوو سێت کۆمەڵەی جێناوی سەربەخۆ واتە جودامان هەیە، بەڵام هیچ کۆمەڵەیەک، یان سێتێک جێناوی لکاومان نییە، بەڵکو ئەو کۆمەڵە جێناوە لکاوەی کە لەکرمانجی ژووروو بەکاردێ، ئەوە هەمان ئەو کۆمەڵە جێناوە لکاوەیە کە لە کرمانجی خوارووودا بەکاردێ، ناکرێ بڵێین ئەمە هی کرمانجی ژوورووە، وەک ئەوەی لە کۆمەڵەی جێناوە سەربەخۆیەکان هەمانە، لەوێدا ئاساییە، چونکە (من بۆتە ئەز / تۆ بۆتە تە، یان تو/ ئەو بۆتە (وی -ویٚ)، یان ئەو/ ئێمە بۆتە مە، یان ئەم/ ئێوە بۆتە وە، یان هون/ ئەوان بۆتە وان، یان ئەو... بەڵام لەکۆمەڵەی سێتی جێناوە لکاوەکان هیچ گۆڕانێک جگە لە جێناوی (ات)ی کەسی سێیەمی تاک بۆتە (ەت)، ئەوە هیچی تر ڕووی نەداوە کە ئەمەش مۆرفیمی ڕێکەوتنە (م/ یت/ Øات/ یێت / ین / ن/ ن) لە هەردوو شێوەزار وەکو خۆیەتی، بۆیە ناکرێ بڵێین: لەکرمانجی ژووروو سێت و کۆمەڵەی جێناوی لکاومان هەیە، چونکە هەمان کۆمەڵەی کرمانجی خوارووە کە لە کرمانجی سەروو بەکاردێ، بۆیە بەدیدی ئێمە، ئەمە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە نییە، هەروەک نووسەر ئاماژەی پێداوە، بەڵکو درێژەپێدەری هەمان هەڵەی پێشووترە، چونکە نابێ لای زمانەوانی کورد ئەم بابەتانە تێکەڵی یەکتر بکرێن، لەبەرئەوەی کاتێ باس لە شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو دەکەین و دان بە بوونی ئەم دوو شێوەزارە گەورەیەدا دەنێین، ئەوە لەئەنجامی بوونی وشە و پەیڤ و زاراوەی جیاوازە لەنێوان هەردوو شێوەزاردا، هەرچەند کە هەردووکیان لەبنچینەدا یەک زمانن، بەڵام دوو شێوەزارن لەناو یەک زماندا، خاڵی زەقی جیاوازیشیان گۆڕانی (و بۆ ڤ)و بوونی هێمای نێر و مێیە لەنووسین و ئاخاوتن و بوونی چەند تایبەتمەندییەکی ترە، کە مەسەلەی جێناوەکانیش خاڵێکە وێڕای هاوەڵناوە ژمارەییەکان کە لەکرمانجی سەروودا لە هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن ژمارەکە هیچ گۆڕانی بەسەردا نایە، بەڵکو ناوە تەواوکراوەکە، یان ناوە دەستنیشانکراوەکە نیشانەکە وەردەگرێ، بەڵام لەکرمانجی خوارووودا وا نییە، بەهۆی (ەم / ەمین - یەم - یەمین / هەم /هەمین)وەک ئەم نموونانەی خوارەوە دەیانکەینە هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن.

هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن لە کرمانجی سەروو خواروو

قوتابییا چارێ هەڤالا منە (بۆ مێ) قوتابی چوارەم هاوڕێی منە

چوارەمین قوتابی هاوڕێی منە

قوتابیێ چارێ هەڤالێ منە (بۆ نێر) وەک دەبینین ژمارەکە لە هەردوو باردا وەک خۆیەتی، بەڵام ناوە دەستنیشانکراوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

شایانی وتنە کتێبەکەی پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین کۆمەڵێ وتاری لەخۆ گرتووە کە ساڵانی هەشتاکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بلاوکراونەتەوە، نووسەر لە دووتوێی

کتێبێک چاپی کردوونەتەوە، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام لێرەوە پرسیارێک دێتە ئاراوە کە بۆچی د. وریا لەم چاپە تازەیەدا هیچ گۆڕانکارییەکی لە ناوەڕۆکی هەندێ لە نووسینەکانی نەکردووە؟ وەک دەزانین زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەندێ وشە و دەستەواژە هەن کە پێویست بوو لەچاپی تازەیدا بەلایەنی کەم گۆڕانکاری تێدا بکرابایە، وەک زاراوەی (پریپۆزیشن) کە لەبەرانبەردا ئێمە ئامرازی پێوەندی بۆ بەکار دەهێنین، یان ئەو وشە و دەستەواژە بیانییانەی کە لەنێو وشەی کوردیدا بەکوردی هەن، پێویست بوو بەکاری هێنابان.

سەبارەت بەنیشانەکانی کات لەزمانی کوردیدا نووسەر لەلاپەڕە (١٢٢)دا نووسیویەتی: «ڕێزمانی لاسایی کەرەوەی کوردی چاووگی بە بناغە و سەرچاوە داناوە، لێیەوە ڕەگی فرمان بەم پێڕەوە وەردەگیرێ. بەلابردنی (ن)ی چاووگ ڕەگی ڕابردووی فەرمان وەردەگیرێ، وەک:

هێنان – هێنا
کڕین – کڕی
بوون – بوو
کەوتن – کەوت
ناردن – نارد

بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوو، فەرمانەکە دەخرێتە سەر کاتی داهاتوو و (دە)ی ئامرازی هەمیشەیی و ڕاناوی لکاو لادەبرێن، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی داهاتووی فەرمانەکەیە، وەک: دەخۆم بەلابردنی (دە / م) (خۆ) دەمێنێتەوە کە ئەمە ڕەگی داهاتووی چاوگی خواردنە. لەشیکردنەوەی ئەم ڕستانەیدا د. وریا (ی) بە نیشانەی کاتی ڕابردوو داناوە.

ئەم بۆچوونەی بەڕێزیان باسی لێوە دەکات پێچەوانەی ئەو سیستەم و پرۆگرامەی فێرکردنە کە لەنێو پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندن قوتابی لێیەوە فێردەکرێ، چونکە لەوێدا چاووگ کاتێ نوونی چاووگی لێبکرێتەوە، ئەوە دەبێ بە قەد، یان کارێکی ڕابردووی سادە، یان نزیک و ئەگەر بیکەینە ڕانەبردوو، ئەوە دەبێ ڕەگی چاوگەکە وەربگرین کە ئەمیش بەچەند شێوازێک دەبێ، یەک لەوانە ئەوەیە کە نووسەر باسی کردووە ئەویش خستنەسەری دە + – + م)ە، دواتر لێکردنەوەیەتی، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە ڕەگی کارەکە، یان چاووگەکە، ئیتر قوتابی بەم شێوەیە فێرکراوە، تەنانەت تا کۆلێژیش تەواو دەکات هەر ئەمە دەخوێنێ و ئەم سیستەمە فێردەکرێ و پەیڕەوی دەکات، واتە بۆ هەردوو باری ڕابردوو و ڕانەبردوو ڕەفتار لەگەڵ ڕەگ ناکات، بەڵکو بۆ کاتی ڕابردوو مامەڵە لەگەڵ قەد دەکات و دەمەکانی کاتی ڕابردووی لێ دروست دەکات و بۆ ڕانەبردووش مامەڵە لەگەڵ ڕەگی چاووگەکە دەکات، بۆیە ئەوەی د. وریا باسی دەکات ئەمیش بەجۆرێک لەجۆرەکان دروستە، چونکە ئەمە جۆرە شیکردنەوەیەکی دیکەیە، بەڵام ئێمە وای دەبینین کە ئەمە ئاڵۆزی و سەرلێشێوان لای قوتابی دروست دەکات، چونکە ناکرێ تۆ بۆ هەردوو باری ڕابردوو و ڕانەبردوو مامەڵە لەگەڵ ڕەگ بکەی و تەنیا پشت بە نیشانەکانی چاووگ ببەستی و بە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لەقەڵەمیان بدەی، چونکە کاتی ڕابردوو زۆر دەمی هەیە، وەک: سادە و تەواو و دوور و بەردەوام ئەگەر تەنیا نیشانەکانی چاووگ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو بن، ئەوە دەبێ خۆشیان دەمەکان دیاری بکەن و پێویستیان بە نیشانەکانی کاتی ڕابردووی تەواو و دوور و بەردەوام نەبێ، کە ئەمەش مەحاڵە، بۆیە ئەو شێوازەی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا پەیڕەو کراوە دروستە و بۆ قوتابییش ساناترە لەم شیکردنەوەی ناوبراو، کە ئەم بوونی قەد ڕەتدەکاتەوە و هەمووی هەر بە ڕەگ ناو دەبات. دیارە ئەمە تا ڕادەیەک پەیڕەو دەکرێ، بەڵام ناکرێ ئێمە لە فێرکردندا دوو شێواز پەیڕەو بکەین، جارێک دان بە بوونی قەددا بنێین و جارێکیش ڕەتی بکەینەوە، ئەمە شتێکی مەحاڵە. ڕاستە د. وریا لە باسەکەیدا باسی قەدی نەکردووە، بەڵام باس نەکردنەکەی خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەیەتی. ئەگەر وا دابنێین ڕێزمانی نوێ باسی ئەمە دەکات، ئەوە ئەم باسەی بەڕێزیان ساڵی (١٩٩٢) لە گۆڤاری کاروان بڵاوکراوەتەوە و زۆر پێش ئەم ساڵەش لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم بابەتە بە شێوازێکی دیکە دەخوێنرێ، ئەمە بۆخۆی پرسیارێکە و پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە؟

لەباسی هێز وەک نیشانەی کات نووسەر زۆر جوان بابەتەکەی ڕاڤەکردووە، بەڵام هێندە هەیە ئێمە لە ڕاڤەکردندا ناتوانین هێز وەک کاتی ڕابردوو، یان ڕانەبردوو شرۆڤە بکەین، چونکە لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن هیچ ڕاڤەکردنێکی بۆ نەکراوە.

لەبارەی کات و ڕەگی فرمان لاپەڕە (١٣٢) نووسەر باسی ئەوە دەکات

کە پێویستە کات لە ڕێزماندا لە کاتی فیزیاوی جیا بکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەپێی شیکردنەوەی ڕێزمانی گەلێک جار ڕستەی وا ڕوودەدات کە کارەکەی لەکاتی ڕابردوودایە، کەچی ڕووداوەکە هێشتا ڕووی نەداوە ئاماژەی بە نموونەی:

بەیانی کە هاتم کتێبەکەت بۆ ئەهێنم. کاری هات لەڕووی دارشتنی ڕێزمانییەوە کاتەکەی ڕابردووە، بەڵام ڕووداوەکە هێشتا ڕووی نەداوە.

هەر لەهەمان لاپەڕەدا نووسەر باسی بارێکی دیکە دەکات وەک ئەوەی ڕستەی وا هەیە کارەکەی بە ڕەگی داهاتوو دادەڕێژرێ، کەچی ڕووداوەکە لەکاتێکی ڕابردوودا ڕووی داوە، وەک لە ڕستەی بکەر نادیارا، بۆ نموونە:

- پیاوەکە دوێنێ کوژرا.

دیارە ئەم نموونەیە ناچێتە پاڵ نموونەکەی سەرەوە لەبەرئەوەی ئەمە حالەتێکە بۆ دروستکردنی ڕستەی کارا نادیارە، کە هەموومان دەزانین بۆ گۆڕینی ڕستەی کارا دیار بۆ کارا نادیار، ئەوە پێویستە چەند هەنگاوێک جێبەجێ بکەین، یەک لەم هەنگاوانە ئەوەیە، کە ڕەگی کارەکە وەربگرین بۆ ڕابردوو (را) و بۆ ڕانەبردووی (دە+ ڕەگ+ ڕێ) بەکار دەهێنرێ، کەواتە ئەم باسەی ناوبراو جیایە لەوەی سەرووتر، لەبەرئەوەی لێرەدا مامەڵە لەگەڵ ڕستەی کارا نادیار دەکرێ کە ئەمەش یاسای تایبەت بەخۆی هەیە.

سەبارەت بە لێک جودا کردنەوەی چاووگ و کار لەلاپەڕە ١٣٢ تا ١٣٥ نووسەر کە باسی شێوازەکانی چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕەگی کار دەکات کەلای ئەم قەد و ڕەگ وەک یەک دانراوە، لەهەمان کاتدا (چاووگ و فەرمان)یشی وەکو یەک ناوبردووە، بۆ نموونە لەلاپەڕە ١٣٥ لقی (ب) باسی یاسای دۆزینەوەی ڕەگی کار دەکات، دەڵی: «فەرمانی "خواردن" ناوێزەیە بەر ئەم یاسایانەی کە باسی کردووە ناکەوێ.... تاد. دیارە ئێمە مەبەستمان خودی چاووگی (خواردن)ە، کە ئەم بە فەرمانی ناو بردووە، لەکاتێکدا خۆی کە یاسای دۆزینەوەی ڕەگی کاری ڕابردوو و داهاتوو دەدۆزێتەوە، ئەوە نووسیویەتی: (چاووگ ڕەگی ڕابردوو ڕەگی داهاتوو)، بۆیە (خواردن و مردن ...) چاووگن، کەچی ئەم بە کاری ناوبردوون، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین وشە ئەگەر نوونی چاووگی پێوە لکابوو، ئەوە چاووگە و کاتێ نوونەکە لابەرین دەبێتە (کار - فەرمان) واتە تا وشەکە نوونی چاووگی پێوەبێ ناتوانین پێی بڵێین کار، ئەمەش لەبەرئەوەی: چاووگ کات و شوێنی تێدا نییە و گەردان ناکرێ، بەڵام کاتێک بوو بەکار ئەوکات زەمەنەکەی دەردەکەوێ و کاتەکەی دیار دەبێ کە ڕابردووە و تێپەڕە، یان تێنەپەڕە و دەتوانین گەردانی بکەین و بیخەینە پاڵ جێناوە لکاوەکان، بۆیە بەهیچ جۆرێک ناتوانین بە چاووگ بڵێین: کار، یان بەپێچەوانەوە بەکار بڵێین چاووگ، وەک ئەوەی پرۆفیسۆر د. وریا لە کتێبەکەی لە لاپەڕە ١٣٥دا وای کردووە و لە لاپەڕە ١٣٧دا چاووگی دەنگە سرووشتییەکانی بە فەرمانی دەنگە سرووشتییەکان ناوبردووە کە ئەمەش نابێ، بۆیە کتێبێکی لەم جۆرە کە لەبارەی زمان بێ و نووسەرەکەی پرۆفیسۆر بێ نابێ لێکچوواندن و تێکەڵکردنی لەم جۆرەی تێدابێ، لەبەرئەوەی کاتێک قوتابییەک، یان کەسێک دەیخوێنێتەوە، بابەتەکە وەک خۆی بەهەڵە وەردەگرێ.

لێرەوە ئەوە دەڵێین کە پێویست بوو نووسەر لەکاتی دووبارە چاپکردنەوەی وتارەکانی لەدووتوێی کتێبێکی لەم جۆرە پێویست بوو پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ کرابا، لەبەرئەوەی وردەکاری زۆری تێدایە، پێویستە لەبەرچاو بگیرێ و ئەوەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کردووە تەواوی کتێبەکە نییە، بەڵکو تا لاپەڕە (١٣٦)ە. بۆ ئەوەی زیاتر تووشی درێژدادڕی نەبین پەنا بەخوا لە هەلێکی دیکەدا تەواوی وردەکارییەکانی نێو کتێبەکە دەخەینەڕوو. دواپەیڤمان ئەوەیە دەستخۆشی لە د. وریا دەکەین، هیواداریین سەرنجەکانمان بە سینگێکی فراوان و خزمەت بە بواری زمانەوانی وەربگرێ.

*** ئەو پەرەگرافەی لە لاپەڕە یەکی ئەم بابەتەدا ناوونیشانی بابەتەکانی کتێبەکەی د. وریا عومەری تێدایە لە ڕووی ڕێنووسەوە دەستکاریمان نەکرد، چونکە لە کتێبەکەدا بەو شێوەیە نووسراوە کە لە هەندێک شوێندا لەگەڵ ڕێنووسی (ڕامان)دا یەک ناگرێتەوە و نووسەر بەخۆی لێی بەرپرسیارە. (ڕامان)**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# شازدە ساڵ ڕامان لە (ڕامان)

**جەلیلی عەباسی**

سەرەتا وشە بوو، وشە لە سەرچاوەیەکی زوڵاڵەوە هەڵدەقوولا کە پێی دەڵێن هزر. هزر بەشێک بوو لە گەوهەری خیلقەت، پرشەیەکی گەوهەری خیلقەت لە مێشک کەوت و هزری ئەفراند.. هزریش، لە ڕێگەی وشەوە مرۆڤایەتی سەلماند، کەواتە، وشە پیرۆزە.. وشە پاکە.. وشە مەزنە.. وشە هەمان بوونی مرۆڤ و ژیان و ژیارە.. وشە، کانگایەکە، زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی مرۆڤی تێدا پەیدا بوو، بۆیە زمان و ئەدەب و شارستانیەت بەشێکن لە ژیان و لە (بوون)ی مرۆڤ، چونکە لە هزرەوە سەرچاوە دەگرن و ژیان و مرۆڤیش ئەگەر هزری لێ داماڵرێت، ئەوە هەبوون و مانەوەی هیچ واتایەکی نابێت. هزر، هۆکار و هاوکارێکی پێویستە گیانی وەبەردا بکات و زیندووی بهێڵێتەوە و گەشەی پێ ببەخشێت، ئەم هۆکار و هاوکارە، وشەیە.. دەربڕینە.. گۆکردنە.. گەیاندنە. ئەمیش هۆکار و ئامرازێکی گەرەکە، تۆماری بکات و بیچەسپێنێت و نەمریی پێ ببەخشێت. کە ئەم ئامرازەش قەڵەم و ڕووپەڕی پاک و سپی کاغەزە. بەم پێیەش، قەڵەم و ڕووپەڕی سپی و پاکی و کاغەز بەرز و پیرۆز و بەڕێزە، ئەوە نییە بۆتە ئاوێنەیەک و بەرهەمی هزری مرۆیی، واتە وشەکانمان لەناو خۆی و لەسەر سنگی خۆی دەنەخشێنێت؟!

لەبەرەبەری هەڵاوسانی تۆز و گەردی خنکێنەری شەڕ و ناکۆکی و ناتەباییدا، کۆمەڵێک قەڵەم و پەڕەی سپی کاغەز یەکیان گرت و زەماوەندی وشەیان گێڕا.. گۆرانیبێژانی ئەم زەماوەندەی وشە، دەیانزانی پێشتر (ڕابوون)ێکی جەماوەری بینراوە، کەچی خەریکە بەلاڕێدا دەبرێت، بۆیە (ڕامان)ێکی ورد و قووڵ لەسەر ئەو ڕابوونە پێویستە، هەربۆیەش ناوی سەردێری گۆرانییەکەیان نا (ڕامان)، ئیتر زەماوەند درێژەی هەبووە و ڕامان بووە (زەماونگا) و قەڵەمەکانیش بوونە گۆرانیبێژ و وشەش سەرچۆپی هەڵپەڕکێی گرتە دەستەوە. سەمای عەشق، بە دوور لە دووبەرەکی و ناتەبایی.. شیعری ئەوین، بە دوور لە نەیاری و جیایی.. ئاوازی ژیان، بەدوور لە تاریکی و دابڕان. ئەمە بوو زەماوەندی وشە لە (زەماونگا)ی (ڕامان)دا و سەرەنجام، بووکی ڕازاوەی یەکبوون و ئاشتی و ئاوەدانی گەیشتە بەرەوە و ژیانی خۆشەویستانە و ڕەنگین و تەبا دەستی پێکرد.. ئەوەتا ئاوازی ئەم ژیانە تەبایە (١٥)یەمین (نۆتە)ی دەسپێکی پیرۆزی خۆی دەژەنێت، ژەنینێک، لە هەر ژێیەکیدا عەشق و خۆشەویستی دەنگ دەداتەوە و بەردەوام و هێشتاش خزمەتی سەمای عاشقانەی وشە دەکات و هەرچی دەگوزەرێت، فەڕ و شکۆی زیاتر دەبەخشێتە بەرز و باڵاترین خاڵی مێژووی مرۆیی.. ژەنینێک، لە هەر ژێیەکیدا هاواری ژیانی ئینسانی و کۆمەڵگەی ئاوەدان و مرۆڤایەتی پێشەنگ و گەشەسەندوو بەرز و بەرزتر دەبێتەوە تا بگاتە کەشکەڵانی ئاسمانی ژیاری ئینسانی، بۆیە جێی خۆیەتی گوێی دڵ بسپێرینە ئەو ئاوازە و بەچاوی دڵ، ئەو سەما عاشقانەیە ببینین و لەناخی دڵەوە وەڵامی شایستەی بدەینەوە و پڕ بە گەرووی خۆشەویستی و ئەمەکناسی، ڕووی زارمانی لێبکەین و بە زیادکردنی وشەیەک بە ڕیزی سەما عاشقانەکەی، پێی بڵێین: ڕامان، ئەی خنجیلەترین زەماونگای عەشق و ژیان، پازدەمین نۆتەی ئاوازی ڕەسەنی سەما و شاییەکەت پیرۆز.. هەر ئاوەدان بەو، وشەی نوێ و پاکتر بخەرە ناو سەمای ژیانەوە، تا ئێمەش ئاوازی (زیندەگی) و نۆتەی عەشقیان بۆ دابنێین، تا بە هەموومانەوە کاروانی نەمریی وشە درێژە پێ بدەین و بیگەیەنینە کەنار و لووتکەی حەوانەوە و بەختەوەریی مرۆیی.






# گەڕانەوە بۆ کورتە چیرۆک

کاکەمەم بۆتانی



مرۆڤی شەکەتی (نیاندرتاڵ)ی ڕیزە شاخی (زاگرۆس) بە بەرهەمی ڕەنجی شان و ئارەقە گوزەرانیان دەکرد، هەرچی پەیدایان نەکردایە نەبوو بیخۆن. بووڵێڵیان لە شەفەق ئاوێتە دەکرد، ڕاویان دەکرد، یان ڕاو دەکران. کە فێری ئاماژەی دەست و ڕوو بوون، لە پشوویاندا، باس و ڕووداوی پچڕپچڕیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە و مەبەستیان لە یەکتری دەگەیاند. لە دووتوێیدا حەکایەتیان لە ئامێز دەگرت. کە ئاماژە لە تەک دەربڕینی وشە تێکەڵ بوو، بە ڕستە کورتەکان، زادەی بیر و ژانەڕێیەکانیان بۆ یەکتری دەور دەکردەوە. بیر و هزر و خەیاڵی هەندێ، گێڕانەوەکەی بەپێزتر و ترسناکتر و خۆشتر دەکرد. ڕستەی قسە، گەشتر و ڕوونتر دەبوون، زمانی هونەری گێڕانەوە، جوانتر خۆی دەنواند و تێکەڵ بە ژیانی ئەو سەردەمەی تاکی ئەشکەوتنشینەکان و گوندییەکانی پێدەشت دەبوو.

مرۆیەکانی ئەو سەردەمە کە بە زامداری و زیندوویی، کفت و ماندوو، گیانی پڕ ترس و ئازار، بە شادی و لێو بەخەندە... دەگەڕانەوە، تا خەو بەلایدا دەبردن، بە وشە و ڕستەی کورت و ئاماژە یەکتریان دەدواند و ڕووداویان دەگێڕایەوە. لە نووستنیشدا، خەون و وڕێنە گوزارشتی لە ژیانی ڕۆژانەیان دەکرد. ئەو جۆرە گێڕانەوەیە موڵکی دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆسە و لە ئامێزیدا گەشەی کردووە، کە ڕەنگە بتوانین ئەو باسانە بە دەستپێکی دروستبوونی چیرۆک و کورتیلە چیرۆکی دابنێین.

دروستبوونی حەکایەتی کورت، هاوتەریبی ژیانی ئەو مرۆڤە سەرەتاییانە بووە، جگە لەوەی زمان پاراو، سەرنجی گوێگرانی بۆ بەسەرهاتەکە ڕاکێشاوە و تاموچێژێکی خۆشتر، یان ناخۆشتری پێداون. بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە، خەون و خەیاڵیان تێهەڵکێش کردووە، بەرەو هونەرە سەرەتاییەکانی چیرۆکی کورتی بردووە، کە بۆ ئەو سەردەمە، جۆرە تازەگەرییەک بووە.

ئەشکەوتنشین و گوندییەکانی کەناری دوو ڕووباری (میزۆپۆتامیا) کە کوردستانیان لەخۆ گرتووە، هەوێنی سەرەتای بوونی مرۆڤن و مرۆڤایەتی سەری تێدا هەڵداوە و لە هزر و بیرکردنەوە دانەبڕاون، کە ئێستا زاراوەی فۆلکلۆر و کەلەپووریان بە باڵادا بڕیون. خووڕەوشتی مرۆڤ، قسە و باس و گێڕانەوەی ڕتووشکراو هەڵدەگرێ و خەیاڵی پێوە دەلکێ. هەندێ جاریش، سیمای گێڕانەوەی ڕووداو بە: پلار، گاڵتە، تەوس، تانە، توانج، ئیتر... جوان کراوە. حەکایەتخوان ئەفسانە و سیحری تێکردووە. من وای بۆ دەچم، پەند و ڕستە جوانەکان و بیرە فەلسەفییە سەرەتاییەکانیش دەرئەنجامی ئەوەن.

لێرەدا کە نامەوێ سەرەتای چیرۆک و کورتیلە چیرۆکی کوردستان، بەرگی ئەورووپی لەبەر بکەم، ناشمەوێ چیرۆکی هونەری سەردەم لە: مۆنۆلۆج، زمانی چڕ، ڕستەی کورت (کە هەندێ جار لە پەخشانە هۆنراوە نزیک دەبێتەوە) کورتەک و شەڕواڵی بە باڵادا ببڕم.

هەر ئەو گێڕانەوەیەش بووە هۆی پەیدابوونی چیرۆکی درێژ کە بە داستان ناوبراو، شەوانی زستانی: دیوەخان، هۆڵی تەکیە و مزگەوتی پاش زیکر و پاڕانەوە، کۆڕی پێ گەرم دەکرا و بووە بناغەی نۆڤڵ و ڕۆمان و ڕۆماننووسی زیرەکی تێدا هەڵکەوت.

پاش پەرەسەندنی پیشەسازی و ڕەنجی زۆری ڕەنجدەرانی ئەم سەدەیە، پەیدابوونی تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت و کاری قورسی ڕۆژانە، خوێنەری کورتەچیرۆک زۆر بووە، بۆیە من وای بۆ دەچم کە چیرۆک و کورتە چیرۆک دەبووژێتەوە و دنیای ئەدەب گڕ دەداتەوە. ڕۆمانەکان لە شانۆنامە و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و بەرهەمەکانی دیتن گیر دەخوات.